# کۆمەڵناسی گوندەواری

هەواڵنامەی کتێب

بەرگی دووەم

نووسینی :

**د. حوسێنی خەلیقی**

١٩٩٢

# دەوری زمـان

مرۆڤ کە لەگەڵ شتەکانی دەوروبەری بەرەورووو دەبێ ، بەپێی نیـازی بەوان لە سەرەتادا ، هێندێك لـە پەسنەکانیان دەناسێ • وەك ڕەنگ ، بۆن ، تاڵی ، شیرینی ، نەرمی ، زبری و بارستایی لەڕووی قـە بڵاندنەوە • پاشان بەهۆی زۆر خـەریك بوون لەگەڵ هێندێك لەو شتانە ، کـەم یان زۆر لە ناوەڕۆکیان دەگا • بۆئەوەی ئەو ئەزموونو زانیاریانە ڕاگوێزێ بۆ کەسانیتر و فێریان بـکا ، نیازی بە ڕاگەیاندن هەیەو لـەم کاتەدایە کـە زمـان وەك ئامرازی ڕاگەیاندن ، دەوری خۆی دەگێڕێ • کەوابوو زمان و لەپاشان نووسین بۆ ڕاگەیاندنی ڕووداوەکان ، ناوەڕۆكو ڕاستییەکانی دەرەوەی زەینو ئەسپاردنیان بە رووپەڕی کاغـەز ، لـە پەرەسەندنی زانستی ئینسانی و ڕاگوێستنی مێژووی خـەباتی زانستیو کۆمەلایەتیدا ، نەخشی سەرەکیو بەرچاویان هەبووە •

زمـان کـە وەرگێڕی چەمکە زەینییەکانە و بەپێی کـێشی ئەدەبیاتی زمـانی هەرگەلێك وشەی پاراو ، ڕستەی پڕواتاو پڕاوپڕ ڕاگـەیەنەرو مەبەستوێژ ، دێنە مەیدانو زمـان دەوڵەمەند دەکەن • ئاکـامی دۆزینەوەکان بە زمـان ڕادەگەیندرێو خوڵقاوەکانی ناودێر دەکرێو پێوەندییەکانیانو شێوەی کارەکەیان ، خوڵقێنەری وشەو ڕستەو چەمکە تایبەتیو گشتییەکانو بەهۆی پەرەسەندنی پێوەندییەدوولاینەکـانو

گەشەکردنی کۆمەڵو فراوانبوونی ئامرازی ژیان ، زمان ، دەوڵەمەندتر دەبێ • دەبێتــە خــاوەن مێژوو پێناسی خۆی وەردەگرێو کەســایەتی پەیدادەکاو لەئاکامدا زمانی لەوچەشنە دەبێتە زمانی زانستو لە سنووری ئاخاوتنی گەلێك تێپەڕ دەبێ • گەل سەربەرزدەکاو چەمـــکە زانستی ، کومــەڵایەتی ، ئابووری ، سیاسیو فەرهەنگییەکان ، شیدەکاتەوەو بە گــەلانی دیــکەی پێشکەش دەکا •

بەمجۆرە فەرهەنــگی دەوڵەمەندو سەربەخۆیی فەرهەنــگیو زمان و ئەدەبیات ، دەخوڵقی • زمانی پوختو پاراو بۆ خاوەنەکەی ماکـــەی سەربەرزییەو کەسایەتی زیاتر دەکا • کــە کێشی زۆر بوو ، پوختــەی بیروبروای خـــاوەنبیرو زاناکـــان بە ڕێكوپێـــکی ڕادەگەیەنێ • مەبەستزووتر دەپێکیو گرێوگۆڵ ناهێڵێو بە ئاسنی نوكتێژی ، زەوی واتا دەکێڵێ •

بێجگە لەمــانە ، یەکێك لە کۆڵەکەکانی سەربەستیو سەربەخۆیییە• ئەوەی بە زمــانی خــۆی دەخوێنێو پێدەنووسێ ، هەست بە سەربەستی دەکــا • مرۆڤ تێدەگەیەنێ کــە خــــاوەن فەرهەنگو دابونەریتو پێشینەیە • باسی خۆشیو ناخۆشیو خەمو شــادی باوباپیران دەگێڕێتەوە • باری ژیانیـــان ئەخــاتە پێش چاو • لــە قارەمانیو خەباتیان دەدوێو لاینە جۆراوجۆرەکانی هونەرو ئەدەبیاتو فۆلکلۆری گـــەل ، شیدەکاتەوە • سروودو هۆنراوەو پەخشانی جـــوانی ، پێێ دەنووسرێ • هـــەستی نەتەوایەتی و هێزی پیاوەتی ، دەبزوێنێ • گۆرانی پێی دەچڕنێ هۆرەی پێدەکەنو بالۆرەی پێ ئەێژن • دایك بۆ زارۆکانی لایلای پێ دەڵێو زارۆیش گڕوگاڵی پێ دەکـا • شۆڕشگێڕ بە زمانە پڕ لە هەستەکــەی ، فەرمانی بە بەچۆکداهێنانی پەلاماردەرانی پێ دەداو زراوی داگیرکەرانی،

پێی دەتۆقێنی • لاوك‌و حەیرانبێژ ، کارەساتی دڵداری‌و حەماسەی ڕابوردووانی پێی‌دەگێڕنەوەو ئەویندارانیش بە هەستی نازك هەوێنی خۆشەویستی ، وشەی ڕیشەداری پێ دەردەبڕن • دڵی دڵداری پێی خۆش‌دەکەن • خاوەن ئایین پێی دەپاڕێتەوە ، تا یەزدانەکەی لە تاوانەکەی خۆش‌بێ‌و سووچی ببەخشێ • مامۆستا وانەکانی پێی دەڵێتەوەو قوتابی وانەکانی پێی دووپات دەکاتەوە • زمان ئاڵای گەلە ، مۆرکی باری نەتەوایەتی‌یەو ڕەنگی تایبەتەو گەلانی پێی دەناسرێ • ناسێنەری گەل‌و خولقێنەری هەلە • زمان سیستەمی نیشانەکانە کە وەك ئامرازی وەدەست‌هێنانی ناسین‌و تێکەڵبوون‌و لێك تێگەیشتنی ئەندامەکانی کۆمەڵ، گەلکی لێ وەردە گیردری و لە جەرەیانی کارو کوششی مرۆڤدا سەری هەڵداوە بیر کردنەوەش خاوەنی ئەو پەسنەیە •

بەکورتی بەرهەمی کردەوەی هۆش‌و وزەی گەلەو گەلان بە زمان و مێژووی ئەدەبیان ، بناخەی یەکیەتی‌و شەرەف‌و شانازی خۆیان دادەمەزرێنن •

مامۆستا سەجادی دەڵێ : ئەگەر نەتەوەیەکت لەو ئەدەب‌و زانستانەی کە لە باوباپیرانەوە وەك میرات بۆی ماوەتەوە ، بێبەش کردو لە پەیڕەوی کردنی پشتاوپشتی یان بە واتای ئەو عەنعەنانی گەلی‌و ئەدەبی خۆی ، ناهومێدت کرد ، بە واتای ئەوەیە هەوسارت کردوە و ڕای‌ئەکێشی بۆلای کۆیلەتی و دیلی‌یەتی هۆش‌و بیروبڕوا کە ئەمە گەلێك لە دیلی‌یەتی سیاسی خراپترە • چوونکە نەخۆش کەوتن‌و بەسوخرەگرتنی لەش ، دوور نیە بە داودەرمان چارەسەر بکرێ بەلام هی بیرو هۆش بە واتای مردنە بۆ ئەو گەلە کە هیچ دوکتۆرێکی

پزیشك ناتوانی دەرمانی بكا[1] •

بێگومان ئەمە دەورە باشەكەیەتیو ئەگەر زۆردارو داگیركەرو ملهۆر ، بییەوی دەتوانی هەر لەو زمانە پڕ پیتوپاراوە ، كەڵكی خراپ وەربگرێ ، دژ بە گەلانی بندەست پڕوپاگەندی پێی بكاو بوختان هەڵبەستێو بێتاوانی پێی بخنكێنێو زمانی نەتەوەیەكی تر لەكاربخاو بە وشەو ڕستەیەك ، ڕابووردوو و كەسایەتی چینو نەتەوەیەك لەنێوبەرێو پێش بە ئاخاوتنی گەلێك بگرێ • بێجگە لەوە دەكرێ جنێوی پیبدرێو ئاوڕووی كەسێكی پێ ببرێو خاوەن ویژدانێكی پێی لە بەند بكرێ •

وەك وتمان زمان لە ڕاگوێستنی زانیاری پێشینیان بۆداهاتوواندا ، دەوری سەرەكی بووە • پێویستە ئەوەش بڵێین : ئەدەبیش هەر بەهۆی زمانەوە پێكهاتووە • چوونكە بناخەی ئەدەب ، گێڕانەوەی زانیاریو شێوە كردەوەی باوباپیرانە ، بۆ بەرەی نوێ • ئەمە نەك هەر بناخەی ئەدەبە ، بەڵكوو بناخەی یاساو ڕەوشتو ئایینیشە • مامۆستا سەجادی دەڵێ كە بۆمان دەركەوت ، ئەدەب لە گێڕانەوەی كارەساتو چیرۆكی پڕ لە ئامۆژگاری باوباپیرانەوە ، سەری هەڵداوە ، ئەوەشمان بۆ دەس نیشان دەكا كە ماوەیەكی زۆر لەسەر زمانەوە بووەو نەنووسراوە • (چوونكە نووسین پاش ئاخاوتن سەری هەڵداوە) • بێجگە لەوە هێشتا ئەدەبی چیرۆكیو خەیاڵی كورد ، نەنووسراوە • ئەمەش بەڵگەیە بۆئەوەی ئەدەب لە نەتەوەیەكەوە سەری هەڵداوە ، كە ئاگایان لە نووسین نەبووە • كەوابوو ژیانی مرۆڤ (لەوكاتەوە هاتووەتە قسەكردن) هیچ دەورەیەكی نەبووە كە ئەدەبی تێدانەبێ • چوونكە شیعر زمانی ویژدانو زانین ، هی هۆشە • مرۆڤ هەست بە ویژدانی خۆی دەكا ،

---

(١) مێژووی ئەدەبی كوردی ، پێشوو ، لاپەڕی ٧١ •

پێش ئەوەی هۆش بـکا بە ئامرازی بیر کردنەوە • شیعر یەکەمین پایەی ئەدەبەو بەم جۆرە مرۆڤ لـە وێژدانەوە هەڵیکوتایە سەر هۆش کـە بەخشانی هونەری یە • یەکەم جار پیاوە ئایینی یەکان ، درگای ئەدەبیـان خستووەتە سـەرپشت • بە پێشـکەوتنی کۆمەڵ ئەدەبیش باری خـۆی گۆڕیوە[1] •

گومـانی تێدا نیە زمان وەرگێڕی هەستو بیرو دیلماجی تێگەیشتن‌و بۆچوونەکانەو لە ڕەنـگدانەوەی چەمکی فەرهەنگ‌و فۆلکلۆرو چیرۆک‌و ڕەفتـاری پەسندو ناپەسندو جادوو و خۆرافاتی‌تردا ، دەوری هەیەو هەر ئەندازەکێشی زورتر بێ ، کەڵـکی زۆرترەو چـەمک‌و ڕستەو وشـەو مەبەست پاراوتر دەکاو ئەبێتـە هـۆی دەوڵەمەندی ئەدەب‌و داب‌و نەریت‌و زانست‌و هونەرو لـە پتەوتر کردنی بناخـەکانی فەرهەنـگی مـادی‌و مەعنەوی‌دا ، دەوری کاریگەری بەرچاوە •

## زانست‌و هونەر :

مرۆڤ بەشێکە لە سروشت،پێکەوە هاوئاهەنگیان هەیە ، شوێن لەسەر یەکتر دادەنێن‌و هەمیشە کارلێکیان پێکەوە هەیە • کاتێک پێـوەندی نێوان مرۆڤ‌و مەڵبەندی ژیان لـە جەستەی مرۆڤ‌دا ڕەنگ بداتەوە پێیدەڵێن : ( زەین = Mind ) جـەستەی گیانلەبەری مرۆڤ لـە سەرەتاوە تەنیادەتوانێ چـەند کردەوەی ساکـاری هەبێ وەک دژی کردەوەی زکماکی یـان کردەوە غەریزی یەکان کـە بەنیسبەتی ژیانی تاقەکـەسی خۆیان بـە نەگۆڕدراوی ، نیشان‌دەدەن • **بەڵام بەپێی هەل‌ومـەرجی** پێش‌هـاتوو و شوێن دانانی لـەش‌و مـەڵبەندی ژیان لەسەر یەکتر ،

---

(١) مێژووی ئەدەبی کوردی ، پێشوو ، لاپەڕی ٧٤ـ٧٣ •

ئاڵوگۆریان بەسەردا دێ • بە هاندانی مەڵبەندی ژیان ، مرۆڤ بەرەو پێش دەچێو دەتوانێ ڕەنگ دانەوە سروشتییەکان ، بەشێوەی ڕەنگدانەوەی شەرتی (Reflex Condidtion) یان کردەوەی جیا لە غەریزە ، خۆیان بنوێنن‌و زانیاری (Consciousness) یان ناسین (Congnition) ئاکامی ئەم کردەوەیە •

لە قامووس‌دا ئەوزانی • واتا کابرا ڕاستی زانستی دەسکەوت • ئەو شتەی زانی‌لەو شتە ئاگادار بوو • زانست بە واتای تێگەیشتن لە ڕاستی شتێکە یان جێ متمانەو ناسین‌و لە زاراوەدا ، بە واتای ناسینی وردی نەزمە جۆراوجۆرەکانی بوونەوەرو چەند جۆرە : وەك زانستی مەتماتیك ، ئەستێرەناسی ، هەندەسە ، شیمی ، فیزیك‌و گیانلەبەر ناسین •
ناسین بە واتا یەك لە دوو پلەوە تێپەڕدەبێ • یەکەم ناسینی هەستەکان • دووەم ــ ناسینی ژیربێژی • بە واتایەکی‌تر ناسینی ڕووماییو ناسینی زانستی • ناسین خاوەنی سێ پلەیە : بەرەورووبوونی مرۆڤ لەگەڵ دیاردەکان ، ڕەنگدانەوەی دیاردەکان لە زەین‌داو شوێن دانانی زەین لەسەر دیاردەکان •

هەر ناسینێك خاوەنی دوو توخم (عنصر)ی ئیدراکی‌و عاتیفی‌یە • وتمان ناسین بەهۆی بەرەوڕووبوونی جەستەی گیانلەبەر لەگەڵ مەڵبەندی ژیان ، پێك‌دێ ، کەوابوو لە هەردووکیان شوێن هەڵدەگرێ • واتا هەم زەین‌و هەم عەین ، کار لەسەر ناسین دەکەن‌و شوێنی لەسەر دادەنێن • واتا ناسین لە عەین‌و لە زەین هەواڵ بڵاو دەکاتەوە ، چوونکە بەرهەمی لێکدانی ئەوانە • ئیدراك بریتی‌یە لە ڕەنگدانەوەی ڕاستی‌یەکانی دەرەوەی زەین‌و عاتیفە بەهۆی دژکردەوەی مرۆڤ ، لە بەرابەر ئیدراکەوە ، دەخوڵقێو نیشانەی زیندووبوون‌و تێکۆشەربوونی

جەستەیە • عاتیفەکـان دژکردەوەی زەین نیشان‌دەدەن‌و پێوەندی‌یەکانی مرۆڤ لە وێنە مردووەکانی ماشێن‌و دەسکرد ، پێك‌دێنن • ئەو عاتیفە یان سۆزە کـە شوێن لەسەر ئێمـە دادەنێ ، بێ ئەم‌لاو ئەولا ، لەگـەڵ تێگەیشتن یان ئیدراکێك‌دایە • واتا هـەر ناسینێك هەم عاتیفی و هـەم ئیدراکی‌یە • بەگشتی ناسینی هەستی ، پتر لە ناسینی ژیربێژی لەگـەڵ عاتیفەدا تێکەڵاوەو چەمکە داماڵراوە گشتی‌یەکان ، بەدژواری دەتوانن بنە بابەتی عاتیفەکانی مرۆڤ •

ناسینی خـاوەن نەزمو چوارچێوە لـە مێژووی ژیانی مرۆڤدا ، بە دوو شێوەی بنەڕەتی خۆی نواندوە : ١ ــ ناسینی زانستی • ٢ ناسینی هـونەری • ئەم دوو ناسینە ، سەرئەکێشنە لای ناسینی فەلسەفی‌یەوە• هونەر تێکۆشانێکی خولقێنەرە کـە سـەر ئەکێشێتە لای خوڵقاندنی وێنە هونەری‌یەکانەوە • شتەکانی دەرەوەی زەین ، بەشێوەی ڕەنـگدانەوە نیشان دەداو بیروڕای جوانی پەسندی مرۆڤ ، بۆلای ئەو ڕاسـتیانە ، ڕادەکێشێ •

زانست واتا ناسینی یاساکانی ڕاستی ، ئەو هێزو توانایە بـە مرۆڤ دەدا کـە بتوانێ بەرنامـەو نەخشە دابنێ‌و لەپێش‌دا ببینێ‌و بەسـەر ڕاستی‌دا ، زاڵ بێ • زانا تێدەکۆشێ تا ئەوڕادەیە کە دەتوانێ دوور لـە چلۆنایەتی دەروونی چوارچێوەی لەش ، مەڵبەندی ژیان‌و دەوروبـەری خۆی ، هەڵسەنگێنێ • بە واتایەکی‌تر زانست پێ لەسەر لایەنی ڕاسـتی دادەگرێ • کەوابوو دەتوانین لـە ناسینی زانست‌دا ، بڵێین : ناسـینی ڕاستی لە ڕێـگای ئەزموون‌و بـە پاڵپشت‌دان بە فەلسەفەیەکەوەو بـە پێ‌داگرتن لەسەر چەندی ، بەدی دێ(١) بەوپێیە هونەر بریتی‌یە لـە

(١) فەلسەفەو کۆمەڵ ، نووسەر ، بەغدا ١٩٩٠ لاپەڕی ٧٦ ــ ٦٤ •

ڕەنگدانەوەی ڕاستی‌یەکن لە ڕێگای ئەزموونەوە بە پاڵپشتدان بە فەلسەفەیەکەوەو بە پێدارگرتن لەسەر چلۆنایەتی •

سەبارەت بە ناسینی هونەری ئەگەر لە پلەی یەکەمی ناسین‌دا واتا ناسینی هەستی ، هێندێك ڕاوەستین‌و پێ لەسەر لایەنی عاتیفی‌و دەروونی دابگرین ، بە ناسینی هونەری دەگەین • هەروەك زانا بە پاڵپشتدان بە چەمکە گشتی‌و داماڵراوەکانەوە ، بەپێی توانا ، ڕاستی دەرەوەی زەین لە بارەکانی جەستەی لەشی گیانلەبەر (ئۆرگانیسم) دادەماڵێ‌و جیای دەکانەوەو بە زمانی چەندایەتی دەیڵێتەوە ، هونەرمەندو خاوەن‌هونەریش بە پاڵپشتدان بە وێنە جوزئیە زەینی‌یەکانەوە ، تا ئەندازەیەك ڕاستی دەروونی لە ڕاستی دەرەوەیی ، هەڵدەماڵێ‌و جیای دەکاتەوەو بە زمانی چلۆنی ڕایدەگەیەنێ • هەربۆیە لە کاروباری هونەری‌دا ، چوارچێوەی ڕاستی دەروونی ، پتر لە یاساکانی ڕاستی دەرەوەیی ، سەرنجی دەدرێتی و بەپێچەوانەی ئەو لە کاروباری زانستی‌دا ، ڕاستی دەرەوەیی ، پێی لەسەر دادەگیردرێ • لەم‌بارەش‌دا خاوەن‌هونەر وەك زانا بۆ ناسینی یەك‌گرتوو لەگەڵ ڕاستی تێدەکۆشێ • هەروەها بێجگە لە زاڵبوون بەسەر ڕاستی‌دا ، ئامانجێکی نی‌یە •

ناسینی هونەری وەك ناسینی زانستی ، پێویستی بە ئەزموون هەیە • هەروەها ئەزموونەکانی خاوەن هونەر ، لە ماکەو زەمینەی فەلسەفی ئەو ڕەنگ دەگرن • لەئاکام‌دا وەك وتمان دەتوانین بەم‌جۆرە ، هونەر بناسێنین : هونەر بریتی‌یە لە جۆرێك لە ناسینی ڕاستی لە ڕێگای ئەزموونەوە بە پاڵپشتدان بە فەلسەفەیەك‌و بە پێداگرتن لەسەر چلۆنی • ڕێژەی عاتیفەو سۆز سەبارەت بە ئیدراك لە تەواوی هونەرەکان‌دا ، وەك یەکە • هەروەك لایەنی عاتیفی مۆسیقا لە هونەرەکانی‌تر ، زۆرترە •

بەڵام بێگومان هونەری وا لەئاراد نیە کە بەتەواوی لە ڕاستی دەرەوەیی نامۆ بێ • هەروەها هیچ زانستێکیش نیە کە لە ڕاستی دەرەوەیی ، هیچ هەواڵێك بڵاو نەکاتەوە • تەنانەت مۆسیقا کە لە گشت هونەرەکان عاتیفی‌ترە ، خۆی نیسبەت بە چوارچێوەی لەش هۆیەکی دەرەوەیی‌یەو بێ‌ئەملاوئەولا پێوەندی بە ڕاستی دەرەوەیی‌یەوە ، هەیە • هونەری سەد لەسەدا قووڵو دەروونی ( Subjective ) (ئەگەر هەبێ) فرمۆلێکە لە تێکۆشانی لەشی ، لە دەرەوەی چوارچێوەی لەش‌دا ، بەدی‌دێو خۆی دەنوێنێو هیچ‌کات بۆ ئێمە دیاری نابێو نەناسێندرێ •

هونەریش وەك زانست بەپێی بارو دۆخی ژیانی مرۆڤ ، ئاڵوگۆڕی بەسەرداد‌ێو لە هەر کاتێك‌دا ناسینێکی تازە بەدەستەوە دەدا • ئەم ناسینەش دەبێتە هۆی پێك‌هاتنی بارودۆخێکی کردەوەیی تازەو لەئاکام‌دا سەر ئەکێشێتە لای گۆڕانی ژیانی کۆمەڵایەتی‌یەوە • زانا لەژێر تیشکی ڕاستی دەروونی‌دا ، بەڕاستی دەرەوەیی زەین ، دەگا • خاوەن هونەر ، لەژێر سێبەری ڕاستی دەرەوەی زەین‌دا ، ڕاستی دەروونی دەناسێ ، هەر هەردووکیان پەردە لەسەر راستی هەڵدەدەنەوە : یەکیان بەدوای ڕاستی کردەوەیی‌دا دەگەڕێو ئەوی‌تریان خوازیاری ڕاستی هونەری یان جوانی‌یە • مرۆڤ لە کردەوەدا بە گۆڕینی مەڵبەندی ژیان ، بە ناسینی دەگاتو بەهۆی ناسینی خۆیشی ، ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ • ئەو کات کە خۆی گۆڕا بە بۆچوونێکی تازە دەچێتە بەرەوپیری مەڵبەندی ژیانەوەو لەئاکام‌دا لەودا چەند ئاڵوگۆڕی تازە پێك‌دێنێو بە چەند ناسینی تازە دەگاو جارێکی‌تر ، خۆی ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ •

زانا بۆ ناسینی چلۆنایەتی ئەو ئاڵوگۆڕە تازانەی کە بەهۆی کردەوەی مرۆڤەوە لە ڕاستی‌یەکان‌دا خۆیان نواندووە ، هەنگاو هەڵدەگرێو

خـاوەن هونەریش بۆ ناسینی هومێدو ئارەزووەکان ، یان ئەو وێچوونە تازانەی کـە ئەبنە هـۆی چـەند ئاڵوگۆڕی تازە لە مرۆڤدا ، دێتـە گۆڕەپانی تێکۆشان • زانا بەهـۆی ئەو ڕاستی‌یەی کـە هەیەو لـە بەردەستی‌دایە ، مرۆڤ بۆ بەرەوڕووبوون لەگەڵ ڕووداوەکانی دواڕۆژدا، ئامـادە دەکا • خـاوەن هونەر بە هۆی ناسینی بەتوانا ، ڕێـگا دەس‌نیشان دەکـاو لەپێش‌دا دواڕۆژ دەبینێ • مرۆڤ بە ناسینی سروشت بەسەری‌دا زاڵ دەبێو دەیگۆڕی • کاری مرۆڤ بناخـەی ناسینە ، خـۆی هـۆی بەدەست‌هێنانی ئازادی‌یە • کاری زانستی دەبێتە هۆی ئەوە کـە مرۆڤ بەسـەر زۆر تەوژمی دەرەوەیی‌دا ، زاڵ بێو کاری هونەری دەبێتە هۆی ئەوە کـە مرۆڤ لەگـەڵ پێداویستی دەروونی هاوئاهەنگی بکاو لەئاکام‌دا بەسەری‌دا زاڵی دەکا •

لەم‌بارەوە زانست بریتی‌یە لـە ڕاگەیاندنو شی‌کردنەوەی ئـازادی مرۆڤ لـە جیهـانی ئیدارەکان‌داو هونـەر بریتی‌یە لە گۆڕانی ئازادی مرۆڤ لـە جیهـاتی عاتیفەکان‌دا • هونەر لەباری بیروبۆچـوون‌دا ، کەسایەتی ناسێنەر لـە پابەرجاییو ڕاوەستانی تێـکۆشەرانە ، لـە چوارچێوەیەکی پتەودا ، ئەکاتە خاوەن‌بەشو لە جیهانی کردەوەدا بابەتی ناسین ، ڕێك‌وپێك دەکا • زانست لـە جیهانی بیروبۆچوون‌دا کەسایەتی کارکـەر ئەباتە ژێر چوارچێوەیەکی تێگەیشتنو ئیدراکیو لـە جیهانی کردەوەدا ، چـوارچێوەیەکی ئیدراکی بەسـەر بابەتی کردەوەدا، دادەسەپێنێ • هاوئاهەنـگی یان پێـکەوەژیانی زانست و هونـەر ، لێردەدایە کـە کارکـەر ، هەر ئەو ناسێنەرەیەو بابەتی کردەوە هـەر ئەو بابەتی ناسینەیە • ئەم هاوئاهەنـگی یان هاوژیانی‌یەی زانستو هونەرە کە دەرەتانی خۆنواندن بە فەلسەفە دەدا •

لەپێش‌دا فیلسۆف هــەم لە بەشە جۆراوجۆرەکانی زانستو هونەردا تێکۆشانی هــەبوو و هەم ئاکامەکانی لێکۆڵینەوەی خۆی ، بەشێوەیەکی گشتی ڕادەگــەیاندو فەلسەفەی دروست دەکــرد • پاشــ لەدایك‌بوونی زانست کاری فیلسۆف هاتەســــەر پەرەپێدانو گشتی کردنی هــونەرو زانستەکان (١) •

بێگومان هونەر لەگەڵ سروشتە تایبەتی‌یەکانی کۆمەڵ ، پێوەندی‌یەکی لێك‌نەپچڕاوی هــەیە • ئەو سروشتانە هێندێك پێوانە پێك‌دێنن کــە هونەر لــەوان پەیڕەوی دەکــا • لــە ڕەوتی مێژوودا ، هــونەریش وەك دیاردەکانی‌تری کۆمەڵایەتی ، باری جۆراوجۆر ، بەخۆیەوە دەگرێ • هونەر خـــاوەنی سروشتە تایبەتی‌یەکانی خۆیەتی‌و لە هەر چاخێك‌دا ، شتی تایبــەتی خۆی دەخوڵقێنێ • هەست پێکردن بە پێویستی مێژوویی لە ریشەکـــانی زیندووی بەرەوپێش‌چوونی هونەرە • چونکە هــــەر بەرهەمێکی هونەری لــە چاخی خۆی‌دا ، خوڵقاوە ، دەبێ بزانین هەست پێکردن بە پێویستی مێژوویی چواتایەکی هەیە ؟

لە قۆناخی کاتی‌دا ، دەتوانین سێ جۆر هونەر ناوبەرین :

١ ــ هونەری هەڵــکەوتووەکان •

٢ ــ هونەری گشتی •

٣ ــ هونەری نەتەوایەتی •

هونەری هەڵکەوتووەکان هی ئەو هونەرمەندانەیە کە زانستی هونەر فێربوونو بــە هۆی‌ئەزموونەوە ، بەدەسکەوتی نوێ گــەیشتوون • وەك وتمان ئەمــانە بۆناسینی ڕاستی واز لــــە چۆنیــەتی دیاردەکــان دێنن‌و

(١) فەلسەفەو کۆمەڵ ، پێشوو ، لاپەڕی ٨٠ــ٧٦ •

بەخوڵقاندنی شوێنەوارەکانیان ، دیانهەوێ وێنەیەك لە جیهان نیشان بدەن کــە پەنجەرەیەك بۆسەر جیهانی تێگەیشتن‌و زانست بــکاتەوە • تەنیــا شوێنەواری ئەم جۆرە هونەرانە ، دەمێنێتەوەو هەرکام بەجۆرێك سروشتی تایبــەتی سەردەمی خۆیان دەنوێنن • ئەم هونەرە ، توانیوێتی پێوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکانی سەردەمی خۆی نیشان بدا • بۆنموونە ئێستا کــــەمن ئەوکەسانەی دەتوانن نووسراوەکانی خانی ، سەعدی‌و حافز بزانن • بەڵام لایەنی هونەری خۆیان لەدەست نەداوە • لەو کۆمەڵانەدا کە فەرهەنگ لە خزمەت چەوسانەوەدایە ، هونەری تایبەتی سێ باری هەیە :

١ ـ بەشێکی ڕەسمی‌یەو بەئاشکرا لە خزمەت چەوساندنەوەدایە •

٢ ـ بەشێــکی هــــونەری بێسوودو بێ‌لایەن‌و بێ‌چینە • وەك لاسایی‌کەرەوانی بەشی یەکەم‌و دژ بە کۆنەپەرستی بێ‌دەسەڵات •

٣ ـ بەشی سێهەمی ئەوەیە ئەرکی کۆمەڵایەتی وەئەستۆدەگرێ‌و وا لە خزمەت چەوساوەکان‌دا •نەوەد لەسەدی شاعیرە کۆنە ئێرانی‌یەکان لە دەستەی یەکەمن • لــە چەرخی ئێمــەدا پەسن‌وێژەکانی دەسەڵات‌داران‌و ئەدەب‌فرۆش‌و کڕنووش‌بەرەکان ، لەم دەستەن •

دەستەی دووەم زانستگەدیتوی نیگارکێشی خۆبەزلزانن کە هەموو خزمەتێکیان دروستکردنی نومایشگاو وت‌ووێژی تەلەویزیونی‌یەو خۆیان بەخەڵکەوە نزیك ناکەنەوە ، قسە وادەکەن بەدەگمەن خەڵـکی ئاســایی تێیان دەگا ! هونەریان بۆ هونەرەو هونەر ئەوەیە کەم کس لێ‌یان تێ‌بگا • لاسایی هونەری ڕۆژئاوا دەکەنەوەو خۆیان بە قارەمانی هونەر دەناسێنن‌و بــەو ئیمکانەتەوە دەسەڵاتداران ئەیخەنە ژێردەستیان ، زیاتر بایی هــەوا دەبن‌و بەڕەسمی لــە ئیدارەی فەرهەنگ‌و هونەردا ، دەبنــە دەخــوو !

کاریشیان بەزۆربەیی بلاوکردنەوەی پروپاگەندە بۆ دەسەڵاتداران • ئەرکی بنەرەتی لەسەر شانی دەستەی سێهەمە • ئەمانە ڕووناکبیری ئەرك وەخۆگرن • ئەمانە جیهان دەناسن و تێدەکۆشن بیگۆڕن • هەروەك زانا ئەرکی ناسین و گۆڕینی جیهانەو بەهۆی بەرهەمی زانستی و دۆزینەوەو خوڵقاندنەکانی هەردووك ئەرکەکەی بەئەنجام دەگەیەنێ ، هونەرمەندیش لە چوارچێوەی کاری خۆی ، چلۆنایەتی مەڵبەندی ژیانی ، نیشان‌دەداو بە پاڵپشت‌دان بە مەبەست و فەلسەفەیەکەوە ، تێدەکۆشی کۆمەڵ بگۆڕێ •

ئەمانە خوڵقێنەری بەرهەمی نوێن و لەنێوان ڕابوردوو و داهاتودا پردێك دەبەستن و ڕوویان لە دوارۆژەو بۆ باشتربوونی ئەوەی هەیە ، تێدەکۆشن • خوڵقاندن دەبێ هەمیشە لەگەڵ کەڵك وەرگرتن لە هونەری نەتەوایەتی و ئەزموون‌دا بێ ، تا وەك خەزێنەی لەبڕان‌نەهاتوو ، چۆڕاوی نەبێ • ئەم هونەرە لە بەرامبەر ستەمدا ڕادەوەستێ و چارەڕەشی خەڵك دەناسێ ، بە ڕەنجی خەڵکەوە دەتلێتەوە • دیارە بەرهەمی هونەری ئەم هونەرمەندانە ، تەنیاپاش گۆڕکردنی چەوسێنەران یان بەنهێنی ، دێتە مەیدان • لەبەرئەوە ڕێك‌وپێکە ، وەك سەنعەت وایە(١) •

لە کوردستان دەتوانین قانع ، حاجی قادری کۆیی ، هەژار ، گۆران، بێکەس، پیرەمێردو پەشێو ، لەو خێڵە ناوبەرین • هۆنراوەی «زیندانی ئەژدەهاك»ی مامۆستا گۆران لەوبەر هەمانەیە • دوازدە وانەی پەشێوو دەیان هۆنراوەو پەخشانی هەژار ، لەوانەن •

هونەری بازاڕی ، بێ‌چێژو پڕ لە هەست و بێ‌ناوەڕۆك و بەرامبەر بە ژیانی کۆمەڵایەتی ، بێ‌لایەنەو زوولەنێودەچێ • وەك گۆرانی‌یەکانی

---

(١) بۆ ئاشنایی زۆرتر لەوبارەوە ، سەرنجی وتارێك سەبارەت بە هونەر ، نووسەر نەناسراو . بدەن کە لە ١٣٦١دا، بلاو بووەتەوە •

سووسەن قەسرشیرینیو ڕەسوولّی نادری مەهابادی • ئەمانە دەتوانن لـە ڕۆژێكدا ، چـەند ئاهەنگ بۆ چـەند گۆرانی بخوڵقێنن ! ئێستا بــاوە نێگاركێشەكان منداڵێكی گوپنو خەپۆ لەو قەڵەو كە لەبەر زۆر خواردنو ژیان خۆشی ، پێستی لەبەر گۆشتی خەریكە لێك‌پێچڕێ ، دەكێشنەوە و دوودڵۆپی فرمێسك لەســـەر كوڵمە گۆشتاوی‌یەكـانی دادەنێنو وەك نموونەی بێ‌بەشیو برسی‌یەتی بە دیواردا ، هـەڵیدەواسن ! سینەماكـان فیلمی ڕامبۆ ، هەڵپەڕكێ بـــە مۆسیقای برێك ، گۆرانی ئەویندارانەی عەرەبیو هیندیو ئامریكایی ودڕندەو شلكە ڕێحانەی ئامریكا ، نیشـــان دەدەن • بە گۆرانی باردۆخ ، خۆ دەگۆڕنو لـە خزمەتی نانو ناودان ! بەمە دەڵێن هونەری كوتاڵیو بازاڕی • خـەڵك چی پێ باش بوو یـان فرۆشی هەبوو ، ئەوە دێتە بازاڕ !

بەم‌پێیە هەركەسێك هێندێك وریایی هەبێ ، لەم‌بازاڕەدا ، دەتـوانێ ببێتــە هونەرمەرندو خۆیو خەڵك فریو بدا ! بەداخەوە زۆربەی خەڵك هونەرناس نیین •دوێنی بەرەو هونەری بارەگای شا ، ملیان كەچ بوو ، ئەوڕۆ ئاهەنـگی ئایینی ڕووگەیانە ! دوێنی فیلمی ڕووت‌وپووتی بـەناو ئەستێرەكانی سینەمایان پەسند دەكرد ، ئەورۆ بۆ فیلمی ژنی پەچـەدارو پیاوی‌ڕیشداری چڵكن ، سـەرو دەست دەشكێنن ! ئێستا لەمەی دواویی تێریان خواردوەو بایانداوەتەوە سەر شریتی وێژەرانی دەورانی شاو بە ویدئۆ كرێ‌گرتن پاشەوپاش ، ملی ڕێگایان گرتووە !

هــەر هونەرێك كڕیاری خۆی هەیەو بە زۆریان كەم‌بوونی كڕیارو باری تێگەیشتوویان ، هونەرەكە ، هەڵدەسەنگێندرێ•زۆربەی لاینگرانی هونەرە بێ‌لایەنەكان ، لـە چەوساوەكان پێك‌هاتوون ! كەوابوو دیمـەنی هونەرو هونەرمەندی ڕاستەقینە لەم‌بازارە بێ‌سەرەوبەرەدا ، بـــە باشی

تاناسێندرین • لەلایەك هونەری کونەپەرستانو لەلایەك هونەری گشتی یان کۆمەلانی خەلْك ، لە بەرامبەر هونەری ڕاستەقینەدا ، ڕادەوستنو بە هاسانی مەیدان چۆڵ ناکەن • هونەری چەوساوە تێکەێنەر ، لە فەرهەنگی نەتەوەکاندا ، ئێستاش شوێنی خۆی هەیە • شین گێڕانی شیعە بە شێوەی تایبەتی بۆ پێشەواکانیان ، باری چەوساندنەوەو زوڵمی چەوسێنەر، نیشان‌دەدەن لەئاکامی درێژەدان بەو هونەرەدا ، لەم دووایی‌یانەدا ئاخوندەکانی ئێران بە ڕووخانی کۆشکی‌شا ، دەسکەوتی بەنرخیان دەسکەوت ! هونەری گەڕۆکەکانی کۆلانو بازاڕ کە بەکورتی بە شێوەی ساکار پەردە لەسەر لایەنێکی باری کۆمەلایەتی هەڵدەدەنەوە و وەك حاجی فیروزو ڕوورەشکردنی ئەو لە نەوروزی ئێرانی‌یەکان کە لە کاتی کایەدا هێندێك دیمەنی کۆمەڵ ئەخاتە بەرچاوو بە دەسەلاتدارەکان گاڵتە دەکا ، چوونکە ڕەسەنی هونەری گەلی تێدایە ، ماوەتەوە • ئەم هونەرە بێجگە لەوەتایبەتمەندی فەرهەنگی نەتەوەیشی تێدایە ، چوونکە لەو فەرهەنگە هەڵقوڵاوەو لە تایبەتمەندی‌یە کۆمەلایەتی‌یەکانی‌یەتی • هونەر یا فۆلکلۆری قەومی ، سینگ بەسینگ خۆی گەیاندوەتە لای ئێمە ، لە کتێبدا نیەو لە شتە ئاسایی‌یەکانی سروشتو ئامرازی نێومالدا ، خۆدەنوێنیو هەڵپەڕکێو شانۆکەی لە جێژنەکاندا ، خۆ نیشان‌دەدەن • ئەم هونەرە چرای دۆزینەوەی مێژووی نەتەوەکەیەتی •

ماکسیم گورگی دەڵێ : هونەر وەك ئەڵماسێکە کە لەنێو دەستی خەلْکدا پێك‌دێو خاوەن هونەر دەبێ بیناسێ ، تا نرخەکەی وەدەرخا • لە کوردستاندا ، مۆسیقای نەتەوایەتی یەکجار بەهێزە • لەهۆرەی باشوورەوە بگرە تا حەیرانی باکوور ، لەشمشاڵی قالەمەڕەو بگرە تا شمشاڵی شوانو لەو گۆرانیانەوە کە ژنان لە کاتی مەشکەژەندندا ،

دەیلێن تا گۆرانی یەکانی جێــژنو شادی ، کشمتیان دەنوانن زەمینــەی هونەرێــکی بەرینو ڕەنــگاورەنگ بن • قاڵی یەکانی کوردســـتان ، تابلۆی نەقاشین ، کە بەدەستی کچانی لادێ دەخوڵقێن •

کــە خــاوەن هونەری بەرپرسیار پاش دەرخستنی بارە لاوازەکانی ژیانی کۆمەلایەتی گەلەکــەی ، بۆی دەرکــەوت ، بەتەنیایی ناتوانێ گیروگرفتی کۆمەڵ چارەسەر بــکاو کۆمەڵ بخـــاتە سەر باری گۆڕانی قووڵ ، پەنا بۆ شۆڕش دەبا ، کــە ئەو ئەرکەی لەسەرشانە ، هونەرەکەی بۆ خزمەت بە شۆڕش تەرخان دەکا • بەشدار دەبێو لە بەرەوپێش چوونی قۆناخەکانی شۆڕشدا ، شوێن دادەنێو پاش سەرکەوتن بە پتــەوکردنی دەسکەوتەکانی شۆڕش ، یارمەتی دەگەیەنی •

کــە دەنــگی ناڕەزامەندی هونــەرو هونەرمەندی بەرپرسیار • بەرزبووەوە ، لــەرزە وە ئەندامی زۆرداران دەکــەوێو بۆ بێدەنــگ کردنیان ، دێنە مەیدان • وەك ئەوە هێرش دەکەن ، هونەری خزمەتکاری خۆیان لــە جێگای ئەو هونەرە دادەنێن • پاش وەتالانچوونی شـــۆڕشی ئێـــران ، هونەری شین گێــڕان ، جێــگای هـــەموو هونەرێـــکی دنەدەرو خوڵقێنەرێــکی گرتووە• بـــەلام سروشت ئارام وبوو ژێنـــەر پەروەردەمان دەکــا • گوڵەکەم ! جوانی یەکانی ئێمە دەژاکێنو یا ••• تۆیش و منیش پەرپەرە دەکا • بەلام هەرجارە چوونی ئێمە دەبووژێنەوە ، دووبارە(١) •

### گۆرانیو مۆسیقا :

ئەمانە بەری بەهرەو بیری ئادەمیزادن ، زادەی قۆرگو پەنجـەی

(١) تەماشـــای سەرچاوەی پێشوو بکەن . تا لاپەڕی دوایی واتــا لاپەڕی ١٩ •

مرۆڤن ، کۆنترین هونەری دەروونی خەڵکن • هۆنراوە کۆنترین لقی ئەدەبەو گۆرانیش کۆنترین بەشی فۆلکلۆرە • بەهرەی دەنگ خۆشیو مۆسیقایی بەتایبەت دەنــگ ، خواکردەو (بەشی زۆری مۆسیقــایی خۆکردە )و دەنــگ‌خۆشی وزەیەکی شاراوەیە لـــە کیـــانو مێشكو قورگ‌داو بە خوێندن نیە (هێندێك ڕێكوپێك کردنی دەوێ ) • گۆرانیو مۆسیقا لەگـەڵ مرۆڤدا جووتەزاو جمکەن • ئادەمیزاد لەپێش‌دا گۆرانی گوتووە • منال دەتوانی لاسایی گۆرانی بـکاتەوە ، بەلام توانای دانـانی مۆسیقـا یان لێـدانی نیـەو هۆنراوەشی بۆ داناندرێ • گۆرانی ڕێنوێنی دانانی هۆنراوەو دروستکردنی ئامرازەکانی مۆسیقایە ، تا لۆرەی فورکی کۆ بـکاتەوەو ئاوازەکەی پێی برازێنێتەوە •

کورت‌زاکس دەڵی : گۆرانی کۆنترەو ئەو گەلانەی لـە نزمترین پلەی شارستانی‌یەت‌دان ، خاوەنی گۆرانی خۆیانن ، بێ‌ئەوەی شـــتێك سەبارەت بە ئامێری مۆسیقا بزانن •

چریکە ، قاسپە ، جریوە ، هاڕە ، هاژە ، بانگ ، قریوە ، حیلە ، حیلکە ، خرنــگە ، تریقە ، هـــاوار ، خشپە ، خـوڕە ، لرە ، لۆرەو هی‌تر ، مۆسیقای سروشتین و لەمـــانەوە گۆرانیو مۆسیقا ســـەریان هەڵداوە • زۆر لـە زیندەوەرەکان ، ئاوازو چریکەی خۆیان هـەیە • بولبولو کەوو پڕشۆلە ، نموونەن • کرینۆس شاعیری لاتینی دەڵێ : مرۆڤ حەزی لـە لاسایی کردنەوەی ئەو دەنگانەیە ، لـە سروشت‌دایە • لەبەرئەوە کورد، لقێکە لە کۆمەڵەی ئاریاییو بەپێی شێوەو زمان،کوردو فارس هاوژینو هاوسنوورنو لەکۆنەوە پێوەندیان پێکەوە بووەو لـــە هێندێك وشـەدا ، لێك‌چوونیان هـەیەو زۆر لە ناوی مەقامو ئاهەنگەکان ئێستا لـە ولاتی عەرەباندا ، باون ، بە زمانی فارسی ماون • (راســت ،

دووگـا ، سێگا ، چوارگا ، پێنج گا ، دەشت ، نەوا ، ناز ، مەقامی کوردو هی‌تر) مەقامی کورد لە ڕەسەن‌دا ، مەقامێکی فارس‌و یەکێکە لـــە مەقامە ناسراوەکانی مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی‌و لـە داهێنانی خودی کورد • کەوابوو ناوی مەقامەکان لەو بەشەن کە کوردو فارس تێیدا ، هاوبەشن یان ڕاست کوردین‌و بەهرەش بـە هەزاری نیە • چوونـکە گۆرانی‌و فۆلکلۆرو هۆنراوە ، زیاتر لای گەلە نەخوێندەوارە دواکەوتووەکانن(١) •

من لێرەدا نامهەوێ لەســەر گشت گۆرانی‌و بەستەو مەقام‌و مۆسیقای کوردی‌و شایەرو بەیت‌و بەندو بالۆرەکانی ، قسە بـکەم‌و لەباری ڕیشەو بنچینەوە ، لێیان بکۆڵمەوە • تەنیا دەمهەوێ پەرەسەندنی ئەوانەو دەوریان لەســەر گۆڕانی کۆمەڵ ، بخەمە بەر باس ، کـە دیارە لەبەرئەوە لـە تورکیــە ناهێڵن تەنانەت بە کوردی قسە بـکەن‌و لە ئێران یوولێك بــۆ پەرەسەندنی هونــەری کوردەواری نادرێ ، دەتوانین بڵێین : هــونەر بەشێوەیەکی ڕێك‌وپێك لـــە کوردستانی سووریە ، تورکیەو ئێران‌دا • بەرەوپێش نەچووەو تەنیــا هونەری نەتەوایەتی‌و ڕەسنی کوردی بەشێوەی ساکار ، ژیانی خۆی تێپەڕ دەکا • لە کوردستانی عێراق بەشی گۆرانی‌و مۆسیقاو شانۆو تەنانەت ، لــەم دوایانەدا سینەمایش ، پەرەی گرتووەو من لەوانەدا پسپۆڕ نیم تا بڵێم چــەندە شوێنی باشیان لەسەر گۆڕانی کۆمــەڵ داناوە • تەنیـــا ئەوە دەتوانم بڵێم کـــە هێندێك شوێنەواری هونەری بەنرخیان لە بابەتەکانی مۆسیقا ، شانۆ ، گۆرانی‌و نووسین‌و ئەدەبیاتی‌و شیعری‌دا ، خوڵقاندووەو لە هێندێك بوارو بابەتیش‌دا ، لـــە هونــەری نەتەوایەتی لایان‌داوەو تەنیا خــۆیان ڕاناوەو پێشانگایان داناوە ! بوونــە کارگێڕی ئیدارەی فەرهەنــگ‌و هونەرو وێنەی نامۆی‌وایان بۆ گـــەل

(١) گەنجینەی گۆرانی کوردی ، عوسمان شارباژێڕی ، بەغــــدا ١٩٨٥ لاپەری ١٤ـ٣ •

خوڵقاندووە کە بۆنی تایبەتمەندی نەتەوایەتی ، نادەن !

هۆنراوە یان شیعر لە گۆڕانی کۆمەڵ ووەدەرخستنی ناتەبایی یەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی‌دا ، دەوری هەیە • کاری تەواوی شاعێر ، گێڕانەوەی ڕووداوو ڕەنگدانەوەی گشت ئەو شتانە کەڕوویان‌داو ، نی یە ، بەڵکوو گێڕانەوەی ئەوەی دەلوێو دەگونجێ و دەبێ ڕووبدا • ئەوشتانەی کە دەبێ ودەتوانێ یان بەپێی ڕەنگە ببێ یان بە پێویست دەبێ ببێ ، دەخاتە ڕووپەڕی قافەز ، چوونکە لەنێوان مێژوونووس و شاعێردا ، جیاوازی لەوەدا نیە کە یەکێکیان پەخشان دەنووسێ‌و ئەوی‌تریان بە هۆنراوە • بەڵکوو لەبەر ئەوەیە ، شیعر لە فەلسەفە ، بەختیارترەو لە مێژووش بڵیندترەو گشت بەسەردەکاتەوە ، بەڵام مێژوو باسی کەمایەتی دەکا(١) •

سینەما دیمەنێك لە دۆخی ژیانی چەرخ‌و چاخێك نیشان دەدا • ئەگەر بەرپرسیار بێ ، باری کۆمەڵایەتی‌و ناتەبایی یەکان نیشان‌دەداو لە بەرامبەر ڕووداوەکان ، بەرپرسەو تێدەکۆشێ دنەدەرو هاندەری گۆڕان بێ • بەپێی زانیاری من بێجگە لە چەند فیلم لەسەر ژیان‌و خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ، ئامادەی کردوە ،لەو بەشە لە کوردستان ، هەتا ئێستا ئەو بەشە لە هونەر، هیچ تێکۆشانێکی نەبووە ! بێجگە لە فیلمی‌خەوخۆش کە لەمدوایانەدا لە کوردستانی عێراق ئامادەکراوەو هێندێك لایەنی خەیاڵی بەرچاوە‌و هێندێك شانۆو گێڕانەوەی بەسەرهاتی ڕابوردووانی خان‌و میرانی‌کورد لەم بەشە لە کوردستانیش‌دا کارێکی بەرچاو لەو بابەتەدا نەکراوە ! لە کوردستانی تورکیە یوڵماز گوێنەی چەند فیلمی دروست کردوە کە

(١) ڕێبازە سەرەکی‌یەکانی ئەدەب‌و هونەر ، ئەحمەد سالار ، بەغداد ١٩٨٨ لاپەڕی ١٩ •

بەشێکی زۆری بەسەرهاتەکەیان لەسەر ژیانی کوردی تورکیە هەڵگیراوەو تەنیا دوو جار لە فیلمی یۆڵدا، چەند ڕستە بە کوردی قسـه کراوە ! وەك وتمان یوڵماز گوێنەی فیلمسازو خاوەن هونەرێـکی بەرعۆدەو بەر پرسیار بوو کە ژیانی خۆی لەسەری داناو دوور لە زێدو نیشتمانی ، لە پاریس سەری نایەوە !

دیارە هۆی بنەڕەتی لـە نەبوونی بەرهەمیوا لـە کوردستان ، نەبوونی دەسەڵاتی سیاسیو فەرهەنگی‌یە • بێ ئازادیو بێ تەرخان کردنی پووڵ بۆ پەرەسەندنی هونەر ، کەمتر ،خوڵقاوێکی لەو چەشنەمان دەبێ •

کـارو تێکۆشانو خوڵقاندنی بەرهەمو ئامرازی ژیان پڕە لە جوانی و هونەرو ڕێكوپێکیو تێکۆشانی مرۆڤ ، هونەری لێ‌دەبارێ • هێنـدێك پێیان وایە کار سەرچاوەی جوانی مرۆڤە•کار دەستەوملانی ژیانەو ژیانیش هەمیشە نێوەرۆکی هونەر ، دیاری دەکاو هەتا هەتایە هەر واش‌دەبێ • لەکاتێکدا مرۆڤ لـە کاری مـادی‌دا ، بە شتێك شێواز دەبەخشێ یـان وێنەگرو پەیکەرتاشو نووسەرێك ، بەرهەمەکەیان بە ڕێكوپێکی ئەخەنە بەرچـاو ، هـەست بە چێژێـکی تایبەتی دەکەن • مرۆڤ ئامرازی ئـەم هەستەی هەیە • پێش ئەوە ئاهەنـگی مۆسیقا بێتـە مـەیدان ، مرۆڤ گوێی بیستنی هەبوو ، هەروەها پێش ئەوە هونەر جـوانی بخوڵقێنێ ، مرۆڤ چـاوی دیتنی هـەبوو • لەڕاستی‌دا بوونی چێژی جوانی لە کاردا پێوەندی بە هـەلو مەرجی عەینیو زەینی‌یەوە هەیە • هـەلومەرجی عەینی لـە جێگای‌ڕێوشوێنی بەرهەمهێنان دانراوە کە بێ ئەملاو ئەولا ، لەسـەر جوانی‌ناسی کار ، شوێن‌دادەنێ • تامو چێژ بردن لە کارو خۆڕانان بەوەوە ، لەتایبەتمەندی‌یە دەروونی‌یەکانە • هەست کردن بـە جوانی ناسین ، تەنیـا دەتوانێ لە چاوێکەوتن‌و تێگەیشتنی ڕاستەوخۆی شێوازێکی

ڕاستەقینەو خاوەن چەملەدا ، سەرچاوە بگرێ • بۆنموونە لە یاری شەترەنجدا ، شێوازی هەستپێکراوی عەینیو بەجەستەکردنی (تجسم) چاویی بیرو هۆش ، بەئاشکرا پەیدادەبێو شوێنەواری جوانی دەخولقێنێ • کاری دڵخواز کە پێداویستییەکان دابین دەکا ، نە تەنیا تامو چێژی هەیە ، بەڵکوو نرخ بە ژیانیش دەدا • بەمپێیە ئەگەر هەژاریو دەسکورتی دنەدەری کار بن ، بێجگە لەوە تامو چێژی نابێو هەست نابزوێنێ ، لەشیش شەکەت دەکا(١) •

ئانتوان چوخۆف دەڵێ : هەستکردن بە جوانی لە مرۆڤدا ، سنوورو سەراوەرد ، ناناسێ • دەمێك بوو جوانی سروشت دنەدەرێکی بەهێزی خاوەن هونەرەکان بوو ، بەڵام ئەوە کە ئەم جوانییە بۆ خەریكبوون بە کارە زانستییەکانەوە ، سەرچاوەیەو بۆچوونی ئێمە سەبارەت بە شتە جوانەکان بەگشتی بە گەشەکردنی زانستە سروشتییەکانەوە پێوەندی هەیە ، شتێکی تازەیەو بۆمان ناسەلمێندرێ • ئەوەندە هەیە خولقێنەرو دۆزێنەرەوەکان ، لەلایەن گەورە زانایانەوە ، بەسنی شاعیرو خاوەن هونەریان پێدراوە • ئەنیشتەین بە «پیوتر لیدف» فیزیکزانی ڕووسی ، بەسنی گەورەترین شاعیری داوە ، چوونکە توانیویەتی ، تیشکی نووری خۆر ، بگرێو کێشانەی بکا • واتا تەوژمی نووری ئەندازە گرتووە(٢) •

وەك باسمانکرد دەنگی باڵندەو گرمەو زرمەی شتە سروشتییەکانو خوڕەی ئاوو هیتر ، دنەدەری مرۆڤ بۆ فێربوونی ئاهەنگی مۆسیقا

---

(١) ڕەنگدانەوەی کارو سروشت لە هونەردا ، وەرگێڕانی محەممەد تەقی فەرامەرزی ، تاران ، ١٣٥٧ لاپەڕی ١٥ ـ ١٠ •
(٢) سەرچاوەی پێشوو . لاپەڕی ٣٥ ـ ٣٢ .

بوون • بۆنموونه لـه بەسەرهاتی ژیانی سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی دەنگ‌خۆش‌و خـاوەن هونەری بەناوبانگی کورددا ، نووسراوە : سەید بێ مامۆستا وبه کەڵك وەرگرتن له دەنگەکانی سروشتی ، مۆسیقا فێـر بووەو بووەته بولبولی کوردستان‌و داوودی دووەم(١)

**شـانۆ :**

هـــەموو لەسەر ئەو بڕوایەن کـه شانۆ بەرهەمی ڕێوڕەسمه مەزهەبی‌و کۆمەڵایەتی‌یەکانەو سەرچاوەی ئەو ڕێورەسمانە ، مـــەیلی مرۆڤه ، به بەشداری لـه هەست پێکردنەکانی خودایاندا ، تا لەمڕێگایەوە خۆی بـکاته بەشـداری هێزی ئەوان • ئەمەش ڕوونه کە نوێژو دوعا بریتی‌یه لـه خۆدەرباز کردنی مرۆڤ له لاوازی خۆی‌و مەیلی به زاڵ بوون بەسەر ئەو ڕووداوانەدا کە دوور له ئیرادەی ئەو ڕوودەدەن •

بەڵام ئەمه هەموو شتەکه ناگەیەنی کـه چـۆن ویردو دوعـــا ، لەنەکاو دەگەنه پلەی وتووێژ • لەبەرئەوە لـــه بیروبڕوای کۆندا ، خوداکان به دوو دەستەی خەیرخوازوشەڕخواز دابەشکراون ، وتووێژی نومایشی لەم دژایەتی‌یەوە ، سەرچاوە دەگرێ • لەمشێوەدا ، یەکێك قسه دەکاو ئەوی‌تر وەڵام دەداتەوە یەکێك دەڵێ نەء ئەوی‌تر دەڵی: ئەری• بەرهەمی ئەم وتووێژە پێك‌هێنانی دووڵی و بێ‌متمانەیی ، به داهاتووی‌ەوە• ئەو شتەی کە گەوهەری قووڵی هەر درامێکه (درام تێك‌هەڵچوونه) • واتا نیشاندانی شـەڕی خودایان‌و جندۆکەکان‌و تەقەو لێکدانیان • شانۆ ئەو هونەرەیه کـــه نیشاندەری تێك‌هەڵچوون‌و ڕزگاری‌یه ، نیشانـــەی

---

(١) ڕێنوینی پێداویستی‌یەکـانی ئوستـــانی کوردستان ٦٨ ٣ ١ی هـەتاوی ، لاپەڕی ٦١ •

دڵەخوریێ‌و خاوێن کردنەوەی گیانیشمە • کۆنترین هۆنراوەی دراماتیك کە ئێستا دەیناسین ، ڕاگەیەنەری خەباتی مرۆڤ و ڕزگاری لە ناپاکی‌یەکانە (١) •

وا بەرچاو ئەکەوێ کە شانۆ لە ڕۆژئاوادا ، بەهێواشی ملی ڕێگای چەمکەکانی ئەوینی ساکاری مرۆڤی گرتووەتەبەرو وێدەچێ ، ڕۆژهەلات لەوبارەوە لەپێش بێ (٢) •

**دەوری کۆمەڵایەتی شانۆ :**

شانۆ ئامرازێکی بەهێزە بۆ شوێن‌دانان لەسەر خەڵك • بوونی هۆڵی باش‌و شانۆکەری لێوەشاوە ، سەرنجی خەڵك بۆلای ئەو شتەی پێوایە ڕاستە ، ڕادەکێشێ‌و ئەمەش وەسوەسەی گەورەی شانۆیە • بەم‌هۆیە لەنێوان تراژیدی بێخەوش و کۆمێدی بێخەوش‌دا ، خاوەنی کۆڵێك ئەدەبیاتی نومایشین کە هەرکامەیان بەش‌بەحاڵی خۆیان ، بەجۆرێك بۆ شوێن دانان لەسەر بینەرو تماشاچی یان بەپێکەنین‌خستنی ، پێك‌هاتوون‌و هەموویان ئامانجێکی ڕاگەیەندراویان هەیە ، ئەویش بریتی‌یە لە : توندکردنی ئاڵوگۆڕ لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی‌دا • ئەمەش ڕاستە چوونکە وەڵامدەری خوازیاریی ئەو خەڵکەیە کە تینووی دادگەری‌و رزگارین • دەکرێ بڵێین هیچ شوێنەوارێکی نومایشی نیە کە لەسەر ئەخلاق‌و ئاکاری کۆمەڵایەتی ، شوێن دانەنێ • تراژێدی لە هەمان کات‌دا کە سۆزو نەفسانیاتی تماشاچی خاوێن دەکاتەوە ، شوێنێکی ئاشکرا لەسەر ڕەفتاری مرۆڤ لە کۆمەڵ ، دادەنێ • ئەم تایبەتمەندی‌یەی شانۆ

---

(١) شانۆو دڵەخوریەی مرۆڤ (فارسی) وەرگێرانی ئەفزەلی وسووق ١٣٥٣ی هەتاوی ، تاران ، لاپەڕی ٦ ـ ٤ •

(٢) ئەم سەرچاوە لاپەڕی ١٧ •

ئەوەندە ڕاستە کە خاوەن بیروڕاکـــان یەك لەوان بیرتولد برێشت ، ڕەخنە دەگرێو دەڵێ : « ترازێدی تریاکی کۆمەڵە » • بەڵام کۆمیدی بە نیشاندانی بێدادگەرییە کۆمەڵایەتییەکان ، یاریدە بە خەڵك دەدا ، تالە بێسەرەوبەرەییەکان ، ئاگادار بن • دیکتاتۆرەکان بەجۆرێك لەم جۆرە شانۆیە ، ترسیان هەیە کە هەمیشە چەند دەزگای پانوپۆڕ ، بۆ چاوەدێری کردن بەسەریدا ، پێكدێنن • باسکردن لەبەر پرسایەتی کۆمەلایەتی شانۆ ، پێش ئەوە مەسەلەیەکی چلۆ نایەتی بێ ، چەندایەتی یە • زۆر جار دیتراوە کە زیاد ڕۆیشتن لە پێڕەوی کردن لە ڕاستی، لە گۆڕەپانی شانۆدا ، شوێنی زیان هێنەری لەسەر تماشاچی داناوە و ئاکام بەپێچەوانەی مەبەستی دانەرەکە ، دەرکەوتووە !

گەورەترین کۆمیدی‌نووسەکانی مێژووی شانۆ واتا ئەریستوفان ( Aristophane ) و مۆلێر ، هەردووکیان چەند شوێنەواریان ، خوڵقاندووە کە ئەرکو بەرپرسایەتی‌یان ڕیسواکردنی بێسەرەیی‌یەکانی کۆمەڵایەتی‌و خەبات لەگەڵ ئەواندا بووە[1] •

بەداخەوە لەبەر ئەو هۆیانەی تائێستا چەند جار هێنامان پێکرد ، بێجگە لە کوردستانی عێراق کە لەم بەشەدا تائەندازەیەك کارکراوە بەڕەسمی وبەپێی بەرنامەی داڕێژراوی حکوومەتی ، لە بەشەکانی‌تری کوردستاندا ، لەمبارەوە ، چالاکیان نەبووە ! واتا بەشێکی زۆر لە کوردستان لە لقێکی بەکەڵکی هونەری خاوەن پەیامو بەرپرس،بێبەشە ! ئەوەی خەڵکی ئەو بەشە لە کوردستان لە ڕاگەیەنەرە گشتی‌یەکانەوە دەیبیسن یان دەی‌بینن ، زۆربەیان دەوڵەتینو وەدوای ئامانجی دەسەڵاتداران کەوتوونو کەمتریان تەنانەت بە هێماش ، دەردێکی

(١) سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕی ١٤٩ ـ ١٤٧ ·

کۆمەڵایەتی ، ئەخەنە سەر پەردەی شانۆ !

وتمان زۆربەیان بەرپرسایەتی ئەوەیان نیە کە زانیاری خەڵك سەربارەت بە بێدادگەری کۆمەڵایەتی بەرنەسەر ، چوونکە ئەوەی ئەو ئەرکەی لەسەر شان بێ ، ناهێڵن بڵاوبێتەوەو ئەگەریش پە ردەکانی لە پەردەدا بنو ئیزن بدرێن ، کەمتر خەڵك لێیان تێدەگەنو پەیامی خۆیان ڕاناگەیەنن • لەم دوایانەدا لە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی خەباتی گەلی کورد لە ئێراندا ، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە کۆڕی هونەریدا ، بەشی شانۆی داناو چەند شوێنەوارو بەرهەمی ساکارو تائەندازەیەك بەکەڵك لە شانۆدا ، خرایە بەرچاوی بینەران • بێگومان بەهۆی بێدەرەتانیو نەبوونی جێگاو ئامرازی پێویستو خوەن هونەری کارامە ، ناتەباییو کەموکوڕی ئەو شانۆوانەش ، بەرچاوە • بێجگە لەوە مەیدانی تێکۆشانی ئەم بەشە لەو شوێنانەدایە کە تەنیا شۆڕشگێران کەڵکی لێ وەردەگرنو خەڵکی کوردستان بەزۆربەیی ، لەوە بێبەشن !

دەرکەوت کە هونەر بەرهەمی پێداویستی مرۆڤە • هونەر بەشێکی جیانەکراوەی باری ژیانی مرۆڤە ، مرۆڤ بێئەوەی لە هونەر ئاگادار بێ ، وەك بووکەشووشەیەکە لەخۆیەوە ئیرادەو خوڵقاندنێکی نیە • هونەرناسەکان بە شێوەیەکیتر هونەریان بە دوو بەش دابەشکردووە : هونەری ڕاوەستاو هونەری لە جموجۆڵدا • بیروڕادەربڕینی خاوەن هونەر لەسەر شتەکان لەگەڵ خەڵکیتر ، جیاوازەو باری هەڵماڵراویی و تایبەتی نیە کە باشە یان خراپ • ئەو لایەنە فەلسەفی ، ئەخلاقیو کۆمەڵایەتیانەی ئەخاتە بەر لێکۆڵینەوە کە بناخەی هونەر بۆ خەڵك لەودا، لە بەرچاو گیرابێ •

ئەم هونەرمەندە مرۆڤ دۆست ، زاناو تەڕدەستانە ، بەهـــۆی بناخەدارترین بۆچوونە فەلسەفیو کۆمـەڵایەتی یەکانەوە ، سـەرنجی دیاردەکان دەدەنو لـە دیتنو شی کردنەوەکانی خۆیاندا ، جـــۆرە نوێ خوڵقانو تێکۆشانێکی فیکری ، بە کردەوە نیشان دەدەن کە بەرهەمەکەی خوڵقاندنو نواندنە •

بەمجۆرە هونەری بە جموجۆڵ ، ڕێـگای لەوی‌تر جیایە • ئــەم بەرەوپێش دەچـێو ئەو لەجێدا لێدەدا • هونەرێکی‌تر جیا لەمانە هــەیەو پێیدەڵێن «خامۆش» کــە خاوەنەکەی مەیلە سەرکوتکراوەکانی خــۆی دەنوێنێ • ئەویش ئەکەوێتــە ژێرڕکێفی چەمکی «هونەربۆ هونەر»(١) •

نەتەوەیەك لــە سەربەخۆیی سیاسی بێ‌بەش بێ ، فەرهەنــگی لەژێر ڕکێفی فەرهەنـــگی نەتەوەیەکی‌تردا ، وەناڵە خرابێو سەرئەنجـــام فەرهەنگەکەی کاکڵەی بەجێ‌هێشتبێو خەریـــکی پێستەکەی بـــێ ، ڕوودەکاتە پێوانەکانی هونەرو ئەدەبیاتی میوانو لەدەرەوە هاتوو !

گوڵسورخی دەڵێ لــەو کۆمەڵگایانەدا کــە خاوەنی فەرهەنـگی هاوخوێن نینو لەواندا فەرهەنگ بە چەمکی پێستیو بێ‌بناخە و توێکڵی بۆ ڕاگرتنی باری مەوجوود لە مەیداندا بێ ، زۆرتر زەینە خوازیارەکان کــە لەگەڵ هونەردا پێوەندییان هـــەیە ، بەرەو پێوانەکانی هونەرو ئەدەبیاتی بێگانە ، دەڕۆن • ئـــەو کات کــە ئەم سەرنجدانە زۆرتر بوو توێکڵێکی بەدەڵیو دروستکراو وەك پێوانە هونەری‌یەکان دێتە کایەوە • کاتێك هونەری بەرهەمی پێوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان و چینایەتی‌یەکانی ئەم کۆمەڵانە ، بەم پێوانانە هەڵسەنگێندرێن ، مەرگی هەر شێوە خوڵقاندنی

---

(١) چـــەند نامیلکەو وتووێژێك ، داریوش عیبادەڵلاهی ١٣٥٦ی هەتاوی تاران ، لاپەڕی ٨ ــ ٥ •

هونەری ، ڕادەگەیندرێ •

لێرەدایە کە ئەم نەخۆشییە ئەبێتە چەکی دەستی ئەو کەسانە لەگەڵ هەرچەشنە ئاڵوگۆڕێکی کۆمەڵایەتی ، دژایەتییان هەیەو پێیانوایە ئاڵوگۆڕ ، مان مەوجوودییەتیان ، دەخاتە مەترسییەوە • ئەو هونەرە بێگانە بە فەرهەنگە ، بەزۆربەیی لەلایەن خوێندەوارانی ڕۆژئاواییی دیتووە ، دەگاتە ئەم کۆمەڵگایانەو دەستەو تاقمێکی بێبەش لە ژیانو زانیاری وەدووی دەکەونو تەپڵی سەرکەوتنی بۆ لێدەدەن • بەمجۆرە دەیانهەوێ لەم دەلاقەوە سەرنجی جیهانی بچووکی خۆیان بدەن ! سیاسەتی هونەری خولقاوی ئەم جۆرە خاوەن هونەرانە ، دەبێتە لەمپەری سەرهەڵدانی هونەری خەڵکیو هونەر لە توێکڵی مرۆڤایەتی بێبەش دەکاو لەگەڵ ئەو هونەرە دژایەتی دەکاو بۆ پێوەندییەکانی هونەر ، لەگەڵ مێژووی چینایەتی مرۆڤی ئاوو خاکێك و پێوەندی کۆمەڵایەتی ئەو ، مل دانانوێنێ (١) •

ئێمەی کورد کە هەرچەند میلیۆنمان لەژێر ڕکێفی فەرهەنگی گەلێکی دەسەڵاتداردا دەژین ، لە خەڵکی ئەو نەتەوانەی لەگەڵیان دەژین ، باری هونەریمان خراپترە • چوونکە زۆرتر هێنەرانی ئەو جۆرە هونەرە لە دەرەوە ، خوێندەوارانی گەلی خاوەن دەسەڵاتنو پەرەدان بەو هونەرەش لەلایەن دەسەڵاتەوە ، پڕوپاگەندی بۆ دەکرێ • پووڵو هەوڵو ئامرازی پێویست لەوێڕا ، بەوان دەدرێو ئەگەر بەشێکیش وەبەر بنکە هونەریەکانی ئێمە بکەوێ ، لاوەکیو کەمبایەخە • بەوپێیە ئێمەدەبێ ببینە ڕێزەوڵ یان وردکەنان خۆری

(١) سیاسەتی شیعر سیاسەتی هونەر ، خوسرەو گوڵسورخی ، تاران لاپەڕی ٥ ـ ٣ •

ئەوانەی پەرەیان بەو هونەرە داوەو ئێستا بوونەتە هونەرمەندی وڵات بەمجۆرە ئەو هونەرەی دەگاتە لای ئێمە ، بە زۆربەیی ، توێکڵی ئینسانی یان کەمە • مەگەر هونەری ڕەسەنی خۆمان بێو دەردی خۆماڵیمان ڕابگەیێنێ • ڕومەن ڕوڵان دەڵێ : ئەگەر هونەرو ئینسانی یەت نەتوانن لەگەڵ یەکتر بژین ، لێگەڕێ با هونەر بمرێ •

## داب‌و نەریت :

داب فەرهەنگ‌و فۆلکلۆرەو نەریت هەڵسوکەوت‌و ڕەفتاری چاک‌و خراپ ، نووشتە نووسین‌و ترساندن‌و شتی لەوچەشنەیە •

داب : (Tradition) شێوەیەکی نەریتی کۆمەڵایەتی یە • لاینەکانی بیروباوەڕی نەگرێتەوە • لە ڕووناکبیری دا کۆن‌و چەسپاودو زۆر ئەمێنێتەوە • پاشماوەی پێشینیانەو ڕەفتاری ئامادە کراوە ، ئاسان‌و بەردەستەو ئاراستەی خەڵکی ئەکات • بەسەر مرۆڤدا زاڵەو ناتوانێ بەهاسانی خۆی لێ ڕزگار بکا • پەیڕەو نەکردنی بە کەمتەرخەمی‌و لادان ئەژمێردرێت • جاری وایە لادان ئاوا • دروشم‌و شێوەکارەی یە ئایینی یەکان ، ئاهەنگە گشتی یەکان ، مردوو ناشتن ، پرسە دانان‌و ئەم بابەتانە ، نموونەی دابن • باری خراپی ئابووری ، دواکەوتوویی پێکهاتنی کۆمەڵایەتی ، نزمی پلەی ڕووناکبیری ، لاڕێ‌و لاچەپی کۆمەڵ‌و کەمی گەشت‌و گەڕان‌و تێکەڵی ، نەبوونی ڕێگاو گوێزەرەوەی چاک ، لەناوبردنی سەربەستی بیر ، هۆکاری زۆرمانەوەی ، دابێ بێکەڵکن •

شتێکی ئاشکرایە کە هۆشیاری‌و ڕووناکبیری ، سەربەستی ، زۆری پێوەندیی‌و تێکەڵی ناوخۆو دەرەوە ، بیروبڕوای پێشکەوتوو ، کراوەیی‌و کەم بەتوندی خۆبەستنەوە بە دابەوە، هۆی گۆڕینی یان لابردنی دابی

خراپو دواکەوتوون • دابی سوودبەخشو بەکەڵکو دابی پووچو زیانبەخش هەیە • لەبەرئەوە بەشێکە لە چالاکی یەکانی مرۆڤ ، خراپەکانی هۆی پەیداکردنی ڕەفتاری بێجێو دەروونی ، هەڵوێستی نادروستو وەرەشێواون • داب لە ڕای کشتی یەوە هێز وەردەگرێ • دانەوەی نرخو بایەخەکانی پێشینیانە • چەند ببینی ئەفسانەو بیری دواکەوتوو و نەریتو دابی خراپ درێژە بکێشێت ، لەئەنجامدا هەر تازە بەسەر کۆندا سەرئەکەوێ • زانیاری بەسەر نەزانیندازاڵ ئەبێ • ڕووناکی ، تاریکی ڕادەماڵێ ، زانست ئەفسانەو تێگەیشتنی خراپ ناهێڵێ • هەروەها نرخو نەریتو دابی بەجێو دروست ، ئەمێنێنەوەو خراپەکانیش نامێنن • ئەبێ نرخو نەریتو داب ، هۆی پێشکەوتن بن (۱) .

نەریت (Custom) باری ئابووری و پێرەوی ڕامیاری ، پێکهاتن و پێوەندی کۆمەڵایەتی ، جۆرو ئاستی زانیاری ، کار لە پێکهێنانی بابەتی نەریتەکانی کۆمەڵ ئەکەن • چ ئەندازە کە لەبوورو بیرو بڕوای زانیاری یەکەی ، پێشکەوتوو بێ ، ئەوەندە شێوەی نەریتەکانی جوانترو باشتر ئەبن • نەریتیش پاشماوەی ڕەفتاری پێشینیانە • بەپێچەوانەی گۆڕان و پێشکەوتنی ئامرازی ، درەنگ ئەگۆڕدرێن و پێش ئەخرێن ، لەلاین بەرەکانی دوایی یەوە وەردەگیردرێن • بەشێکن لە ژیانی کۆمەڵایەتی و هەمیشە بەکارئەهێرێن • نەریتو نرخە کۆمەڵایەتی یەکان ، ناونانو زاراوەی ڕووت نین ، لە دەروون و بیروبارەڕەوە ، دەس پێدەکەن و ئەبنە کردەو شێوەی دیارو هەڵس وکەوت • کار هەیە ئاسانە و بەئارەزوو ئەکرێ • دووبارە بوونەوەی و درێژەدانی لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵەوە ، ئەبێتە «نەریت» • ئەوەی پێویست بێ ، هەردەم

---

(۱) ڕۆشنبیری ، فؤاد تاهیر سادق ، بەغداد ۱۹۸۹ لاپەڕی ۹۶ـ۹۵ .

بوتریّو بکریّ ، خۆی بسەپێنیّو بسەلمێنریّ ، ئەبێتە « نەریت » •

شوێنەواری نەریت لەسەر ڕێکخستنی کۆمەڵ ، لە یاسا کەمتر نیە • مرۆڤ بە حەزی کۆمەڵەکەی بەرگ لەبەردەکا ، جۆری خواردن ئەخوا ، کار هەڵئەبژێریّتو ئەرك بەجیّئەگەیێنیّ • نەریت هەنو ئەندامان ملی بۆ دادەنوێنن ، چوونکە ئەگەر وانەکەن ، کۆمەڵ پەسندی ناکا •

نەریت لە جەستەکردنی نرخە کۆمەڵایەتی یەکاندا ، بەشداری دەکاو مۆرکی تایبەتی ڕووناکبیری نەتەوایەتی یە • نەریت بەپێی ژیری و پێویستی تێکڕایی کۆمەڵ ، پێکدیّ • تۆڵەسەندنەوە ، تەمەڵی ، فێڵ ، درۆ ، چرا هەڵکردن بۆ دوورخستنەوەی جندۆکە ، بەرد چەسپاندن بەکێلی گۆڕبۆ تاقی کردنەوەی بەخت ، ناڵ هەڵواسین لەسەر درگا بۆ چاوەزار ، پەنابردنی هێندێك لە ئافرەتان بۆ نووشتەو جادو بۆ سك پڕبوون ، ئاوڕشتن بەدوای بووکدا کە بەختەوەر بیّ ، دانانی چەقۆ لەسەر سکی مردوو بۆئەوەی نەئاوسیّ و هی تر ، لەو نەریتانەن کە بەهۆی نەزانینەوە پەیڕەوی دەکرێن •

لە لایەکی ترەوە ، دڵچاکی ، بەزەیی ، ڕێزگرتن لە گەورە ، مرۆڤایەتی ، پیاوەتی و هی تر ، لە نەریتە چاکەکانن •

کۆمەڵەکان لە پەیڕەوی کردنی نەریتەکاندا ، هێندیّ جیاوازی یان هەیە • ئێمە لەگەڵ خواردن ئاودەخۆینەوە ، فەرانسەیی لەگەڵی مەی دەخواتەوە • هەروەها سەبارەت بە چاکەو خراپەش جیاوازی هەیە • بەهۆی ڕاهاتنەوە ، کۆمەڵ «نەریت» بە باش دادەنیّو ڕۆڵەکانی پێکەوە دەگونجێنیّ • تاك بە کۆمەڵەوە ئەبەستێتەوەو کاروبارەکانی ڕێکدەخا •

چەند کۆمەڵ دواکەوتووتر بێ ، ئەوەندە پەیڕەو کردنی نرخ‌و نەریتی کۆمەڵایەتی ، بەتین‌تر دەبێ • هەر نەتەوە هی خۆی لەوانی‌تر چاکترو بە سەرچاوی شارستانی‌یەتی دەزانێ • ئەم بڕوایە ، جاری وایە لە ڕادەی ئاسایی ، تێپەڕ دەبێ‌و مافی زاڵیی خۆیان بەسەر نەتەوەکانی‌تردا ، بە خۆیان دەدەن • ئەمەش یەکێك لە هۆکارەکانی ناکۆکی نەتەوایەتی یە •

نەریتە کۆمەڵایەتی‌یەکـان ، کاروباری کۆمەڵ ئاسان دەکەن و ئاراستەی ڕەفتارو کرداری مرۆڤی دەکـەن • بە دیارخستنی ئەرك‌و کرداری پێویست‌و ناپێویست ، شیاو ، نەشیاو ، ڕێدراو ، ڕێنەدراو ، بەجێ ، نابەجێ ، پێوەندی مرۆڤ لەگەڵ یەکتر ، ڕێك‌دەخەن(١) •

تاکەکەس مـل بۆ دوو شێوە ئاکاری خۆ‌وپێگرتوو ، دادەنوێنێ : یەکەم تاکەکەسی‌و دووەم بەکۆیی • ئەوەی کۆیی بریتی‌یە لە کۆیەك لە کردەوەو چـەند جۆر ڕەفتـار کە دەس‌بەجی بۆ بەدی‌هێنانی چـەند مەبەست‌و ئامانج کـە پێوەندی بە ڕواڵەتەکانیانەوەیە ، لـە دەروونی کۆمەڵەوە ، سەرچاوە دەگرێ • ئەم وتارو ڕەفتارانە نوێنـەری پێویستی کۆمەڵایەتین‌و هێزی خۆیان لـەم پێویستی‌یە وەردەگرن • هـەر بۆیە تاقەکەس ناتوانی لەژێر ڕێیان دەرچێ • ئەم ئاکارە خۆو پێگرتووانە لـە هەڵس‌وکەوت‌و داب‌و نەریتی گشتی‌و دابی تازەو چوارچێوەکانی ڕەفتاری گشتی‌و بەرەوپیری‌چوونی غەریبان‌و چـوونە سەر گۆڕ ، لەبەرکردنی جل‌وبەرگی نوێ لە جێژنەکان‌داو هی‌تر ، خۆ دەنوێنن•ئەمانەن کە تاکە کەسەکان ناچارن ملیان بۆ دانوێنن • چونکە تێگەیشتوون کە بوونەتە بەشێك لـە سروشتی وان • وەك گوترا هێندێکیان بەکەڵك‌و هێندێکیان بێ‌کەڵك‌و زیان هێنەرن(٢) •

---

(١) ڕۆشنبیری ، پێشوو ، لاپەڕی ٩٢ ــ ٩٠ •

(٢) لێکۆڵینەوەی کۆمەڵ ، دوکتۆر مستەفا خەشاب ، قاهرە ١٩٧٧ لاپەڕی ١١٠ ــ ٩٩ •

لـــه مەڵبەندی ژیان (Cocoiosphere) مرۆڤ چدەستەیەکی بچووك بێو چ گەورە ، یەکجۆر سەقامگیر نیە ، تاکەکەسەکـــان لـــە گۆڕاندان • چەندکەس دەڕۆنو چـەند کەس لەدایکدەبنو جێـگایان دگرنەوە • هەر بۆیە گرۆی ئینسانی بۆئەوەی بتوانێ ڕێکذراوی خۆی بپارێزێ و بە ژیانی خۆی درێژە بدا ، ناچارە تازەهاتووەکان لەگـــەڵ خۆیدا ، سازگار بـکاو بۆ ژیانی تێکڕاییی ، ئامادەیان بـکا • هاریکاری گرویی ئاکامی ئەم سازگارییەیەو خاوەنی چەند پلەیە کە دەکرێ لـە دوو پلەی گرنگدا ، ڕایانبگەیەنین : پلەی ساکارو ڕواڵەتیو پلـەی قووڵو گرێوگۆلدار • یەکەمیان پێـــدەڵێن خۆوگرتن بە کۆمـــەڵ (Cocializition) و دووەمیان پێدەڵێن خۆوگرتن بە فەرهەنگەوە (Aeeulturtion) •

خۆوگرتن بە کۆمەڵ ، بریتییە لە خۆڕێکخستنی تاکەکەس لەگەڵ هەڵسوکەوتە بەکەڵکەکانی دەستەوکۆ • ئەو ڕەفتـارە بە کۆمــــەڵە ڕەفتارێکی دیاریکراوە کە لەسەر چەند نرخی گرۆیی (Croupnorm) دانراوە • ئەم نرخەبە هــەر دیاردەیەك دەڵێن کـــە ( Croupvalue ) کـــەم یان زۆر ، ســـەرنجی جەماوەری ڕاکێشابێو لەڕاستیدا جێی ڕێزو پاراستنەو بەشێکە لـــە وێنەکانی ژیان • ئـــەو شتە نرخاو و بەکەڵـکانە ، بۆنموونە بریتین لـــە : ڕێوڕەسمە کۆمەڵایەتییەکـــان ، پەیمـــــانە کۆمەڵایەتییەکان ، دابـــە کۆمەڵایەتییەکان ، دروشمە کۆمەڵایەتییەکان، تەشریفاتە کۆمەڵایەتییەکان ، ڕێوڕەسمە گەلییەکـــان ، ســــــونەتە کۆمەڵایەتییەکان ، ئاکـــاری کۆمەڵایەتی ، یاســـا کۆمەڵایەتییەکـــان ، بڕیاراتی کۆمەڵایەتیو هیتر •

## ڕێوڕەسمە گەلی یەکان :

هێندێك لـە ڕەسمە کۆمەڵایەتی یە کۆنەکان کـە بە دەستەیەکی فەرهەنگی یەوە پێوەندی هـەیە ، ئەندامەکانی زۆر پێکەوە سازگارن واتا بەقەومێکەوە (Folk) پێـوەندی هـــەیەو بەهـۆی گشت خەڵـــکەوە ڕێزیان لێ دەگیردرێ، پێدەڵێن ( شێوە گەلی یەکان = Folkways) زوو هەستانی بەیانی ، لە شێوە قەومی یەکانی کشتوکاڵی یە(١) .

ڕەسموباو (عرف) بریتی یە لـە کۆیەك لـە بیروبڕوا کـــە لـــە بارودۆخی ژیانی کۆمـــەڵ ، سەرچاوە دەگرێو لـە ڕەفتارو جموجۆڵی تاکەکەسەکاندا ، خۆدەنوێنن . وەك وتمان تاکەس ، ناچارە ملیـان بۆ دانوێنێ . لاســایی کردنەوەکان (تقالید) بریتین لە کۆیەك ڕەفتــاری تایبـەت بە چینێکی دیاریکراو یان تایفـە یان مەڵبەندێـکی ناوچـــەیی بەرتەسکەوە . ئـەم چوارچێوە لـە یەکگرتوویی و مەیلی جەماوەری یەوە لەســەر جێبەجێ کردن یان باری تایبــەتی بەکۆمەڵێکی بەرتەسك کـە لەوە هەڵدەقوڵێ ، سەرچــاوە دەگرێ . هەربۆیە ئەمەیان هێزی خـۆی لە جەماوەر یان چینو کۆڕ ، وەردەگرێ . پلەو پایەی لاسایی کردنەوەکان وەك هی باوو عورف وایە کـە بریتی یە لـەو زاراوە کۆمەڵایەتی یانە کە پەسنی زۆرەملییان هەیە(١) . بۆئەوەی تاقەکەسەکان ، مـــل بۆ دابو نەریتو بڕیاراتی کۆمـــەڵ ، دابنوێنن ، چاوەدێری پێویستە . ئەویش بریتی یە لەو ڕێگاو شوێنانەی کە دژ بە لادەرانوئەو ئەندامە بەدەگمەنانە کـە مـــــل بۆ بڕیاراتو دابو نـەریت ، داناوێنن ، کەڵـــکیان لێ

---

(١) زەمینەی کۆمەڵناسی ، پێشوو ، لاپەڕی ١٥٧ ــ ١٥٤ .
(٢) لێکۆڵینەوەی کۆمەڵ ، پێشوو ، لاپەڕی ١٠٦ ــ ١٠٣ . هەروەها سەرنجی قضایا علم الاجتماع ، قباری محمد اسماعیل ، مصر ، لاپەڕی ٣٧ ــ ٣٢ بدەن .

وەردەگیردرێ • بەم جۆرە سەرپێچیکەر ، دەبێ خۆی لەگەڵ پێوانە ئاکارییەکانی کۆمەڵگای گەورە ، بگونجێنێ ، دەنا بەپێی یاسای کۆمەڵ دەخرێتە بەندیخانە • لە هێندێك لە وڵاتانی جیهاندا وەك بریتانیا ، دادگا بۆخۆی ماوەی چاوەدێری دیاری دەکا • ئەو ماوەش بەوجۆرە دەقەبڵێندرێ کە بکرێ لاری لەودا ، خۆی لەگەڵ رەفتاری کۆمەڵ بپۆرێنێ • دیارە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا ، مرۆڤێکی تێگەیشتووی بۆ دیاری دەکرێ ، کە ناوەناوە ، رێنوێنی بکا • ئەم بیرە ، بۆ یەکەم جار لە بریتانیاو ئەمریکا لە سەرەتای چەرخی ١٩دا ، پەیدا بوو[1] •

دووركەیم پێیوایە زەمیری جەماوەری سەرچاوەی نرخو بەها کۆمەڵایەتییەکانەو هەر ئەوە کە ، گشتیو پێویست بوونیان پێدەدا ، چوونکە نرخ تا ئەو کات کە لە زاتی خۆدی جەماوەرەوە سەرچاوە نەگرێ ، ناتوانێ بابەتیو گشتی بێ • واتا دەکرێ پێوانەکانی نرخەکان گشتی بکرێنو ئەم پێوانە گشتییە ببێتە پێوانەی ( Sceale of Values ) کردەوە ئاکارییەکانی تاکەکەس • هەر بۆیە نرخاندنی گشتی ، سەرچاوەی هەر نرخاندنێکە ، چونکە لە ئاکامی گشت ئاڵوگۆرە تاکەکەسیو زاتییەکان ، وەدەستهاتووە •

لای دووركەیم کۆمەڵ تاقە سەرچاوەی نرخە • چوونکە ئەو خوڵقێنەرو پارێزەریەتیو هەر ئەو پێوانەو ترازووی قەبڵاندنی ئاکارییە • جاری وایە بابەتی نرخێك بێنرخو پووچە ، بەڵام جێیرێزو پیرۆزە ! وەك بوتپەرستی چەرخە کۆنەکان ، گیانلەبەرپەرستیو شتی لەوچەشنە • هیچ شتێك بە زاتی خۆی نرخی نیە • بەڵکوو لە پێوەندی لەگەڵ نرخاندنی کۆمەڵدا ، ئەبێتە خاوەننرخو بەها •

---

(١) معجم علم الاجتماع ، پێشوو ، لاپەری ٢٣٧ ـ ٢٣٦ •

هێندێك لە ئابووری‌ناسەکان دەڵێن : نرخ لە زاتی شت‌وو دیاردەکان‌دایە، نەك قەبلاندنی کۆمەڵو جەماوەر(١) •

گومان لەوەدانیە کە هەر کۆمەڵگایەکی ئینسانی ، خاوەنی بناخەیەکی پێك‌هاتوو لە چەند کۆڵەکەو ڕێکخراوە کە هەرکامەیان لەگەڵ ئەوی‌تردا ، پێوەندی هەیەو پلەی ئەم پێوەندی‌یە پاڵی بە چەند شت و دیاردەی بەجم‌وجۆڵو ئاڵو گۆڕ بەسەرداهاتووە ، داوەتەوە :

١ ـ دەرەوەیی وەك مەڵبەندی سروشتی‌و سروشتی بەرەوڕووبوونی هۆیە دەرەوەیی‌یەکان لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایانەدا کە گەمارۆی بناخەی کۆمەڵایەتیان داوە •

٢ ـ دەروونی وەك نیازە ئینسانی‌یەکان‌و ئەوانەی دادێن‌و مێژووین‌و بۆ هەر چوارچێوەیەك لەنێو ڕیشەو بناخەی کۆمەڵایەتی‌دا هەن • هەروەها ئەو ڕووداوانەی نێوان بنچینەی کۆمەڵ کە بە شێوەی زۆرانبازی ڕوودەدەن‌و کێ‌بەرکێیان تێدایە • شوێنەوارو لێکدانی ئەم لاینە دەروونی‌و دەرەوەیی‌یە ، سەرئەکێشنە لای پێك‌هاتنی بناخەیەکی خاوەن قەبارەیەکی دیاریکراو کە ئەم هەڵس‌وکەوتە ، ئەداتەوە یان لەودا ڕەنگ‌ئەداتەوە • ئەم قەبارە لەسەرەتادا واوێدەچێ بەهۆی پێوەندی خۆیەوە ، ڕێك‌وپێکە ، کەچی وانیە ، چوونکە بە لە بەرچاو گرتنی کات‌و شوێنەواری ئەو دوو هۆیە سەرەکی‌یەو بارو دۆخ‌و ئاڵو گۆڕی بێ‌پسانەوە،چوارچێوەی باری کۆمەڵایەتی لە مێژووی ژیانی کۆمەڵگادا ، بە قوولایی‌دا ڕۆچووە • دیارە تێکۆشانی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی‌یەکان وەك یەك نیەو کەمتر لە یەك دەچێ‌و لە چوارچێوەی

(١) علم الاجتماع والفلسفة . محمد اسماعيل مصر جلدی ٢ لاپەڕی ٦٢ ـ ٦٦ •

کۆمەڵدا ، بەخەتێکدا ناچن • بەڵکوو چوارچێوەیەکی هەیەو خاوەنی نەقش‌و دەوری جۆراوجۆرەو خاوەن ئاڵوگۆڕە(١) •

بەوپێیە کۆمەڵی کوردەواریش لەو تایبەتمەندی‌یانە بەدورو نیەو لەو یاسایانە بێبەش نابێ • کەوابوو باس لەسەر داب‌و نەریت ، خۆوڕەوشت‌و ئاڵوگۆڕو یاسا کۆمەڵایەتی‌یەکان ، لە کۆمەڵی کوردەواری‌دا ، هەم باری گشتی دەگرێتەوەو هەم باری تایبەتی • تائێستا بەکورتی سەبارەت بە بارە گشتی‌یەکانی بارە کۆمەڵایەتی‌یەکان ، هێمامان کردو بەنۆرەش بێ ئێستا نۆرەی باسکردن لە تایبەتمەندی‌یەکانی بارە کۆمەڵایەتی‌یەکانی گەلەکەمانە • کە بەپێی دەرەتان پێیان‌دا دەچینەوەو بارە حەزو ناحەزەکانیان دەس‌نیشان دەکەین :

### داب‌ونەریتی باوی کوردەواری :

هەر گەلێك بۆ خۆی خاوەنی داب‌و نەریتێکی تایبەتەو بەهۆی هاوبەشی شوێنی ژیان ، نزیك‌بوونی مەڵبەندی ژیان ، ئەم یان ئەو گەل لە یەکتر شت فێردەبن‌و زۆر جار داب‌ونەریتەکان وەك یەك دێنەوە • بۆنموونە گەلانی دانیشتووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەهۆی نزیکی لە یەکترەوە،هێندێك داب‌ونەریتیان وەك هەڵپەرکێ‌و ڕێ‌وڕەسمی شیوەن‌و ئەسپ‌سواری،ژن‌گواستنەوەو هی‌تر وەك یەکن • بێجگە لەوە ئەو گەلانە کە تائێستا نەیانتوانیوە مۆری نەتەوایەتی خۆیان لە چوارچێوەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانیان بدەن ، زۆر جار لەو نەتەوانەی کە دەسەڵاتیان بەسەریانەوەیە ، خۆو خەدەی تایبەتی فێر دەبن‌و لە هێندێك ئاخاوتن‌و

---

(١) بەرەو زانستی کۆمەڵناسی عەرەبی ، د. معن خلیل عمر ، بەغداد، ١٩٨٤ لاپەڕی ١٧ ـ ١٦ .

هەڵس وکەوتدا ، لاسایی ئەوان دەکەنەوە • بۆنموونە لە بەشی کوردستانی ئێراقدا ، کوردەکان لە عەرەبەکان شت وەردەگرن • لە تورکیە لە تورکەکانو لە ئێران لە فارس و تورکەکان • دیارە ئەوبارە یەکلاینە نیەو ئەو گەلانەش هێندێك شت لە داب ونەریتە جۆراوجۆرەکانی نەتەوەکەمان ، فێر دەبن •

چوونکە زۆربەی خەڵکی کوردستان تا نزیکەی ٣٠ ساڵ لەمەوبەر لە گوندەکان ژیانیان بەسەردەبرد ، هەڵگری داب ونەریتی قۆناخە جۆراوجۆرەکانی ڕابوردوو ، دەورەکانی کۆیلەتی و دەرەبەگایەتین • ئەو داب ونەریتانەی لە گەلانی دیکەیانەوە گرتبێ یان مۆری گەلی کوردیان پێوە بووبێ ، دەکرێ بڵێین لێرەو لەوێ ، ڕایان گرتووە ، دەقەکە ماوەو ڕەسەنی خۆیان پاراستووە •

باوی ژنهێنانو سواری و سێوو هەنار خستن بۆ بووك ، داپۆشینی سەری بووکی کچ بە تارای سوورو هی بێوەژن بە سپی و گرتنی جڵەوی ئەسپ یان ماین لەلایەن خزمی نزیکی بووکەوە بۆ وەرگرتنی جڵەودارانەو کۆڕی گەرمی برازاواو مۆڵەتدان بە زاوا تا لەکاتێکی دیاریکراوادا ، بێتە «زاوا»و گرەوکردن لەسەر بردن یان نەبردنی مەرجەکەی ، هەڵپەرکێی ڕەش بەڵەكو سازو دەهۆڵو گیانلەبەر سەربرینو دەیان وردە باوی تر لە زۆربەی زۆری ناوچەکانی کوردستان ، هەر ماوەو وەك میراتی باوباپیران ڕێزیان لێ دەگیردرێ •

تائێستاش وەك ڕابوردوو لە ناشتنی مردوودا لە شارو دێ هاریکاری بێ چاوەڕوانی پاداشتو هەقدەست ، بەرچاو دەکەوێ • چ بە دنەی ئایینی چ لەبەر بوونی داب ونەریتی پەسندی نەتەوایەتی ، بێ ئەوەی خاوەن مردوو بزانێ ، گۆڕ ئامادە دەکرێ و شوتن و بردن بۆ

مزگەوت و بەرپاکردنی ڕێوڕەسمی تازیە ، بەڕێکوپێکی بەڕێوەدەچێ •
دیارە هێندێك دابی ناحەز لەو پێیەدا هەیە • وەك ئەوە پاش مردنی کەسێك بەتایبەت لە گوندەکاندا ، بێئەوەی خاوەنماڵ ئاگادار بێ ، چەقۆ بەدەس ڕوو لە مۆڵگەی مەڕوماڵات دەکەن کامەیان گوشتی زۆر بێ دریژەی دەکاتەوە تا میراتگر بجوڵێ ، نیوەی میراتی دەکەوێتە نێو مەنجەڵ ! و گۆڕکەن و باوك نەمردوان تێیدەهاروو ژێن و ئەیخەنە سەر ساجی عەلی !

لە هێندێك جێگادا ، خەڵکی گوند یان گەڕەکێکی شار تا سێ ڕۆژ هەرکەسە لە ماڵی خۆی ، چێشت دروستدەکەن و دەیبانە مزگەوت و لەگەڵ بەشداران لە پرسە و سەرەخۆشیدا ، دەیخوا و زیانێك لە خاوەن مردوو ناکەوێ کە ئەمەیان دابێکی پەسندە • گەلی کورد بەهۆی ئاکاری ساکاری و ژیانی گوند نشینی ، لەو گەلانەیە کە ڕێزی زۆر لە میوان دەگرێ و لە هەرکاتێکدا میوانی ناسراو و نەناسراو ، ڕوو لە ماڵی بکا ، ئامێزی بۆ دەگرێتەوە بەرەوڕووی دەچێ و چی هەبێ بۆی دادەنێ و ئەرکی خاوەن ماڵی خۆی بەجێدێنێ •

لەبەر ژێرچەپۆك بوونی نەتەوەکەمان ، بەدرێژایی مێژوو ، خەبات بۆ ئازادی هەمیشە و بەشێوەی جۆراوجۆر ، درێژەی کێشاوە • لە سەدەی ١٩ بەملاوە لە شۆڕشە گەلییەکانی ئەم نەتەوەدا ، هەم زۆربەی شۆڕشگێڕان لە گوندەکاندا ژیاون و هەم گوندییەکان زۆربەی باری قورسی مادی خەباتیان لەسەر شان بووە • بەخێوکردنی پێشمەرگەو خستنی درگا لەسەر پشت بە شەوو بە ڕۆژ بۆ شۆڕشگێڕان ، پەسنی پەسندی گەلی کوردە و ڕۆڵە گوندنشینەکان لەم مەیدانەدا ، گرەویان بردۆتەوە • دیارە بەپێی بارودۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی و پلەی گەشەکردنی

ئابووریو ژیان بەسەربردن لە گوندەکان ، لـە ژیانی هەر نەتەوەیەکدا، ئەو میوانداریو میـوان دۆستی‌یە ، کـەم یان زۆر هـەبووەو هـەیە • حەشیمەتی کەم‌زۆرتر ئاگایان لـــە یەکترە ، باشتر یەکتر دەناسن‌و ، سەبارەت بەکە یەکتر ، سۆزیان زۆرەو پتر بە دەردو خۆشی یەکترەوە ، خـەریك دەبن •

لـە زۆر لـە ناوچەکانی کوردستاندا ، گوندی‌یەکان ئێـــواران بێ‌ئەوەی شێو بـکەن ، دەچنە ماڵی خـــزم‌و دۆستو براو دراوسێو پێشوازی‌یان لە دەکرێو چی لەئارادا هـەبێ ، بۆیان دادەنێن‌و پێکەوە یان جیا لە یەکتر ، شێوی خۆیان دەکەن • دیارە هەر ئەندازە شارنشینی پەرە بـگرێ ، ئەو دابە ، لاوازتر دەبێ •

ئێستا زۆربەی دانیشتوانی کوردستان لـە شاردا دەژین ، هــەر بۆیە چاوەڕوانێ دەکرێ بەهـۆی تایبەتمەندی‌یەکانی ژیانی شـارنشینی هێندێك دابو نەریتی کوردەواری ، جێی خـۆیان بە هی نوێ بـدەن • لێرەدا نابێ پێمـانوابێ هـەر شتێکی نوێ باشـە • ڕەنگە دیاردەیەك نوێ بێو نەدیتراوبێو لاسایی لـە دابو نەریتی ئـەم گـەلو ئەو نەتەوە بکاو خۆماڵی نەبێو لـە هەڵس‌وکەوتی ژیانی خۆمانەوە ، بەرهـەم نەهاتبێ ، ئەوجـــار دەبێ ، هەڵیسەنـگێنین‌و پێیـــدا بچینـەوەو چاکی خۆمانی پێی‌نەگۆڕینەوە • بۆنموونە لـە شارەکاندا لەجیـاتی تارای سـوورو بووکی گوندەکان ، بۆ کچو بێوەژن لە جل‌و بەرگو سەرپۆشی سـپی کەڵك وەردەگرن‌و لـە ئێران پێیدەڵێن : «بەهار نارنج» • دیـارە لـــە شارەکان بەی‌و هەرمێو سێوو هەنار فڕێدان ، بۆ بووك نەماوەو باسێك لە ئەسپ سواری نیـەو ئۆتۆمبیل جێگای سواری ئەسپی گرتۆتەوە • شێوەی پرسـەو سەرەخۆشی گوندی‌یەکانیش گۆڕاوەو لە مزگەوتەکـان بـــە

خواردنەوەی چای ، ڕێوڕەسمەکە جێبەجێ دەکـەن • ئامێرەکانی مۆسیقاش گۆڕاون‌و سـازو دەهۆڵی گوندی‌یەکان ، لە شار جێـگای خۆیان بە تارو دومبەڵ‌و جازو شتی‌وا داوە ، خاوەن دەسەڵاتەکانیش بۆ تێکەوە پێچانی داب‌و نەریتی کوردەواری ، شێوە ئاکاری خـۆیان هەیەو تێدەکۆشن هەرنەبێ ، بەرەی لاو لـە هی خۆماڵی ، بێگانە بکەن •

دیارە ئاڵوگۆرە جۆراوجۆرەکان ، لـە کۆمەڵدا ، دێنـە پێش‌و گەشەکردنی کۆمەڵیش لـە باشترکردن‌و ئاڵوگۆڕیاندا ، شوێن دادەنێن • بەڵام ئەوانەیان کـە باش‌و بەکەڵـکن ، پێویستە وەك میراتی نەتەوایەتی بیان‌پارێزین •

لـە چـوارچێوەی داب‌و نەریتدا ، زۆر شتی حەزو ناحـەز دەگونجێ • شێوەی بەرەوڕووبوون لەگـەڵ ژن‌و کچ‌و ئەو ستەمانەی پیـاو یان دۆخی کۆمەڵ ، لـە ژن دەیـکا ، میوانداری ، دوژمنی ، جوامێری‌و دەیان ئاکـارو ڕەفتارو چوارچێوەی باوی کۆمـەڵایەتی ، داب‌ونەریتن‌و بەپێی دۆخـی ئابووری‌و کـۆمەڵایەتی‌و فەرهەنـگی ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێ • هێندێك لەمانە تەمەنیان درێژەو لە زۆر کۆنەوە سـەریان هەڵداوەو هێشتا لـە هێندێك لـە مەڵبەندەکانی کوردستاندا ، دەوری خۆیان دەگێڕن • لەمانە هـەم باشمان هـەیەو هەم‌ناحـەز • بۆنموونە لـە باکوورو ناوەندی کوردستانی ئێران‌و کوردستانی تورکیەو سـووریەو ، هێندێـك لـە ناوچەکـانی کوردسـتانی عێـراق ڕەدووکەوتنی ژن یان ژن هەڵـگرتن باوە ! ژنی بەمێردو بەمنـداڵ وەدوای مل‌ئەستوورێك دەکـەوێ‌و ئەگـەر لە چوارچێوەی گوندو شار (لـەمەیاندا کـەمتر ماوە) خۆی دەربازکرد ، باسی ئاشتی‌و فرۆشتن‌و کڕین ، خۆدەنوێنێ !

ڕەدووکەوتن لـە بارێـکەوە ئەگـەر کچ ڕەدووکەوێ ، ئاکـامی سەرگرتنی خۆشـەویستیو بەرزبوونەوەی پلەی ئارەزووی نهێنی ، دوو دڵداری کوڕو کچە • چوونـکە لایەنێك لـە ماڵەباوان بەیەکگرتنیـان ، پێشدەگرنو ئەو کـارە وەك دواجار بەئەنجام دەگـا • هـۆی پێشگیری یەکە جـاری وایە هەژاریو دەسکورتی کوڕەکەیە • جـاری وایە ماڵەکە لەباری ئاکارو ڕەفتارەوە لە کوڕەکە نکوولی دەکەن •

جـاری وایە کچەکە خوازیاری پووڵداری هەیە یان بەپێی دابێکی ناحەزی تر ، ژن‌بەژنەی پێـدەکەن ! پاش دڵنیابوون لەوە کەلەبەربوونی لەمپـەری لەوچەشنە بەیەك‌ناگەن ، هەردووك ماڵەباوان بەجێ‌دێڵن‌و پاش ئـەوە گـەیشتنە گوندێك ، دەس‌بەجێ مەلا ، کچەکـە لە کوڕەکـە مارەدەکا •

لـە پێوەندی لەگـەڵ ئاشتی‌کردندا ، جـاری وایە پاش مـاوەیەك دوو ماڵەباوان لەسەر سامانێك ڕێك‌دەکەونو دوو دڵدار دەگەڕێنـەوە زێدی خـۆیان • ئەگـەر کچە دەرەبەگێك ڕەدووی کوڕە جووتیارێك بـکەوێ ، ئەگەر لە ڕێـگادا تووشی بن ، باسی سەرە ! دەنا ئـەو کـارە ئەبێتـە هـۆی ئازاری بنەماڵەی کـوڕەو دوو دڵدارەکەش ناوێـرن بگەڕێنەوە •

شیربایی گوندەکـانو جل‌وبەرگی ئالاووالا لـە شـارەکان ، جێـگای خـۆیان داوە بە خشڵی زێڕ کـە پشتی زاوای لێقەومـاو دەچەمێنێتەوە • لـە ڕاستی‌دا بارمتەی بەنرخی کچانەیە کە ماڵـەباوانی کچە ، داوای دەکەن • زۆر جار ئەو بڕوبیانووەیە ، دەبێتـە هـۆی سەرنەگرتنی کارەکەو هەڵوەشاندنەوەی بڕیارکە • جاری‌وایشە کوڕو کچ ، ڕێك‌دەکەون تا پەیمانەکەیان دەبسترێ‌و پاشـان خشڵەکـان

دەفرۆشنەوەو دەیدەن بە پێداویستی یەکانی ژیانیان • جـــاری وایشـە خشڵی کەسێکی تر دەخوازن و پاش جێبەجێبوونی پەیمانەکە ، ئەیدەنەوە بە خاوەنەکەی • دیارە ئەم دووبەشەی نیشانەی ڕووناکبیری بـــووك و زاوایە • بۆ جل و بەرگ هێنـــدێك جار ماڵی بووك هەڵیدەگرن و لـــە هێندێك جێگا ، دەس نیشانی ئەکەن و ماڵی زاوا ئەیکڕن • لـە هـەندێك ناوچەدا ، لـە کچەش دەپرسن چت دەوێ ؟! لەژن بەژنەدا ، جل و بەرگ پێویستە وەك یەك بن (١) •

ئەمـە یەکێك لـەو نەریتانەیە کە ناحەزەکەی لادێ بە ناحەزتری شـار گۆڕاوە • کـە پەیمـانی پیرۆزی هاوسەری لەنێوان دوو مرۆڤـی ئەوینـداردا بەسـەراو باری گرانی ئەو پەیمانە خرایە سەر شـانی پیاو ، ئەو کات بێجگە لـەوە ئەو خەرجـە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ، ژیانی هـەردووك لایان تاڵ دەکـا ، برەو بە فرۆشتنی ئینسان دەدا • ئەو کات کـە کـەسێك بە پووڵ و پارە بکڕدرێ وەك کۆیلەو کوتاڵ جـــاوی لێدەکرێ و لە دەستێوەردانەکاندا وەك مـــرۆڤ ڕێزی لێ ناگیردرێ و ئەبێتە هـۆی پێشێل کردنی مافی • بۆ وایە لـە کچ خوازبێنی دەکرێ ، ئەگـەر ڕێك کەوتن ، شیرینی و میوە دەخورێ و دەستی خەزوور یـــان گـەورەی ماڵ ماچ دەکرێ • نوقڵ بەسەر میوانەکاندا ، دابەش دەکرێ ئەگەر دەسەڵات هەبێ ، بەم لاو بەولاش دا دابەش دەکرێ • ئێستا ئـەو شیرینی خواردنە ، خەرجی زۆر گرانە !

پاش ئـەوە بەرگی دەزگیرانی لە بەربووك دەکرێ ، لە شارەکان ئاڵقـە گۆڕینـەوە دەکرێ • لـە گوندەکان ئەو شەوەی بەیانی یەکەی بە

---

(١) بنچینـــە کۆمەلایەتی یەکانی ئافرەتی لادێ نشینی کوردەواری • بورهان قانع ، بەغدا ١٩٧٩ لاپەڕی ٣٧ ــ ٣٥ •

دوای بووکدا دەنێرن ، لـە ماڵی بووك ژنان کۆدەبنەوەو ئاهەنگێکی ژنانەو خەنەبەندان دەگێڕنو دەستو قاچی خۆیانو بووکسوور دەکەنو جلی بووکێنێ لەبەر بووك دەکـەن • بەیانی پێخەسوو یان بەربووك لەگـەڵ برازاواکان بەرەو ماڵی زاوا وەڕێ دەکـەون • ڕمبـازێنی سوارچاکانو شریخەی، تفەنگو زایەڵەی شـایی، دەس پێدەکا • خەڵـکی کوندەکانی تر بەشـداری ئاهەنـگەکە دەبنو جاری وایە سێ ڕۆژپێش هـاتنی بـووك شـاییو هەڵپەڕکێ درێژەی هەیەو دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا و خشـپەی لا سەرەو بێنی سمڵو مێخدك ، دەکاتە قوژبنی دڵی دڵداران • لـە هێندێك ناوچـەی کوردستان وەك سوورسوورو ژاوەرۆ وبیلەوارو چەم شاری سنە ، لە کوردستانی ئێران بەنهێنی کەوچـکیماڵی باوانی بـووك ، هەڵدەگرنو لە ڕێـگا برساق بەسـەر حەشیمەتەکەدا ، دابەش دەکەن • جلەودارانە وەردەگیردرا بـۆ ئەوەی بووك ئیزنی هـەبێ ، دابەزێ • شیرانەکڕین بۆ دایـکی بووك لـەو مەڵبەندانە باوە • لەڕاستیدا ئـەم ڕووداوە باشترین ڕووداوەکانی ژیانی دوو دڵدارە **کە** کەبەیەكدەگەنو دوور لـە چـاوی پیس ، یەکتر لە ئامێز دەگرنوتەنجا می چاوەڕوانی پڕ لەخۆ شەویستییە • بەمەرجێك خەرجی زۆر ، شایی نەکاتە شین بۆ زاوا • لێرەدایە کـــە ژیانی ڕاستەقینەی هـاوبەشیدەس پێدە کـــارو گرفتەکانی ژیان بەرەبەرە ، خۆدەنوێنن •

ڕووداوەکانی پاشـــ ئـەم ئاهەنـگە پیرۆزە ، جـــاری وایـە سەردەکێشێتە لای جیاییو دوورکەوتنەوە • هـەر بۆیە دیاردەی ناحەزی تەلاق ، بەشێکیتر لـە نەریتی کۆمەلایەتییەو ڕاست بەپێچەوانەی ئـەو گشت شاییو هەڵپەڕکێیە ، بڕیاردەدا • هۆی تەلاق دەتوانی زۆر شت بێ : یەکتر نەناسین ، پەسند نەکردنی بیروڕای یەکتر ، داخوازی زۆری

یەکیـان لەویتر ، ئاژاوەگێڕی بنەماڵەکان ، بەدخـــوازی نـەیاران ، دەسـکورتیو پێشهاتنی ڕووداوی نەخوازراوو پێش‌بینی نەکـــراو ، خۆوگرتن بە هۆش‌ڕفێنەکان ، بەندکردنی یەك لە هاوسەران بەهـــۆی تاوانە جۆراوجۆرە کۆمەلایەتی‌یەکانەوە ، دوورخستنەوەی یەکێکیان لـە وڵات ، قاچاخ‌بوونی یەك لەوان لـە دەسەلاتداران ، لاڕێی لـــە دابو نەریتی باوی کۆمەڵو دۆڕاندنی گەوهەری نامووس‌و هی‌تر • جیـــایی دوژمنی دەخولقێنێو داهاتووی دووهاوسەر ، دەخاتە مەترسی‌یەوەو منداڵ تووشی ڕۆژڕەشی دەکـاو کۆمـــەڵ شپرزە دەبێو ئاکـامە ناحەزەکانی بنەماڵەکانو کۆمـەڵ ، تووشی زیان دەکا • لـە کوردستانی ئێمـــەدا ، بەزۆربەیی پیـاو خاوەنی دەسەلاتی جیابوونەوەیەو کەمتر وایە ژن لـــە کاتی بەستنی پەیمانی هاوسەریدا ، **ئەو دەسەلاتە** وەربگرێ • هـەربۆیە بەپێی نەریتو یاسـاو ئایین ، ژن لـە کۆمەڵی ئێمـەدا ، ستەم‌لێـکراوە • وا دەردەکەوێ لـــە ڕەوتی بەرەوپێش‌چوونو ئاڵوگۆڕەکانی ژیـــانی گەلەکەماندا ، هەنگاوێك بە قازانجی ژن هەڵنەگیراوە !

**تەلاقدان** دوا هەناسەی ژیانی هاوبەشەو بەتایبەت ژن زیانی زۆرتری وێدەکەوێ • با قسەیەکیش بۆ دز بـکەین ، جاری‌وایە ژن‌وا مـەیدانی ژیان بە مێرد بەرتەسك ئەکـاو لێ دەکاتە ژان ، کە تەنیـــا ڕێـگای چارەسەری ئـــەو دەردە ، جیابوونەوەیە ! تەلاق ناحەزە ، بەلام کـــە هاوسەرەکان چاریان نەبوو ، بۆئەوەی ناحەزتری بەدواودا نەیێ ، دوا دەرمانە • لـە ژن‌بەژنەدا ، تەلاق خۆ دەنوێنێ • ژنی ناڕازی دەچـووە حاڵی مـەلا یان ماڵی باوکی‌و پاوەحاشا دەوەستا • جاری وایە تا ٣٠ ساڵ ناچێتەوەو هیـــچ نەریتو یاسایەك بڕیار لەسەر جیاییان ناداو بـــەو بەندوباوەوە ، تەمەنی لاوی‌و هەڕەتی گەنجی فیدا دەبێ !

دەرەبەگەکان لە بەمێرددانی کچی جووتیارەکاندا ، سوورانەیان وەردەگرت • دەبوو هەردووك ماڵەباوان ، بە دانی پارەو سامانێك ، ئاغایان ڕازی کردبایە • باری ئابووری نرخی سوورانەی دیاری دەکرد • جاری وا بوو ئەوەندە زۆر بوو ، ئەبووە هۆی تێکچوونی پەیمانەکەیان ماڵە باوان لەبەر ئەو زۆرەملی‌یە ، دەستی لە زەوی‌وزاری هەڵدەگرتو زێدی خۆی بەجێ‌دەهێشت !

لەوبارەش‌دا تەنیا جێگا گۆڕینەوە بوو ، دەنا دۆخەکە لەو گوندیش هەروا بوو[1] • دیارە بە تێکەوپێچانی سڕوسیپاڵی سیستەمی دەرەبەگایەتی ، سوورانەو دەیان باوی ناحەزی لەوچەشنە ، چوونە زبڵدانی مێژووەوە • هەر قۆناخێك لە قۆناخە جۆراوجۆرەکانی بەرەوپێش‌چوونو گەشەکردنی کۆمەڵ ، هەڵگری باری ئابووری‌و فەرهەنگی تایبەتی خۆیەتی‌و بەوپێیە ، دابونەریتی کۆنو نوێ ئەو قۆناخە ، بەسەر ڕەفتارو ئاکاری خەڵك‌دا ، زاڵن‌و بە گەشەکردنی زیاتری ئەو بارانەو باری کۆمەلایەتی یان بە تەمەنیان درێژە دەدەن‌و هێندێك ئاڵوگۆڕ قبووڵ دەکەن یان جێی خۆیان بە دابونەریتی گونجاو لەگەڵ دۆخی تازەدا ، دەدەن •

## دابەشکردنی دابونەریت :

بە چەند شێوە دابونەریت دابەش دەکرێن کە یەك لەوان بەمجۆرەیە :

١ ــ ئەو دابونەریتانەی پێوەندی‌یان بە ژیانی ئابووری‌یەوە هەیە ، وەك کاری هەرەوەزی بۆ باخ‌بڕین ، برنج‌کوتان ، دروێنەکردن ،

(١) سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕی ٤٤ــ٤٣ •

خەرمان هەڵگرتن‌و جووت‌کردن کە لەگەڵ بەزم‌و گۆرانی تێکەڵاوەو بەشێوەی تێکڕایی یان یەك‌یەك‌و دوو‌دوو ، گۆڕەیانی تێکۆشانەکـە ، پڕدەکەن لە شادی •

٢ ـ جێژنەکەلی‌و ئایینی‌و ئاهەنگە تایبەتی‌یەکان کە پڕن لە بەزم‌و هەڵپەڕکێ‌و گەردەن‌ئازادی‌و گەڕان‌و جل‌و بەرگی ئالاووالا لەبەرکردن • لە یەکتر خۆش‌بوون‌و لابردنی کێشەی لاوەکی‌و بێ‌ئاکام‌و سڕینەوەی دوژمنایەتی کە ئەگەر ئاورێك بۆ ناسینی دوژمنی سەرەکی بدەنەوەو یەکگرتوویی پێك‌بێنن ، ئەو جێژنانە بەکەڵك‌ترین داب‌و نەریتی کۆمەلایەتین •

داب‌و نەریتی بەشی یەکەم لە پێش سەرهەڵدانی ئایینەکاندا ، بەپێی دۆخی ژیان ، سەریان هەڵداوە •

٣ ـ ئەو داب‌و نەریتانەی پێوەندییان بە کات‌و شوێنی تایبەتی‌یەوە نیە ، وەك داب‌و نەریتی خوازبێنی ، ژن‌هێنان‌و شایی‌و ئاهەنگی تایبەتی ، ئەو دیاردە کۆمەلایەتی‌یە • ئەوانە هێندێکیان ، کات‌و شوێنیان هەیەو هێندێکیان نیانە • وەك خێرو خێرات ، قوربانی‌کردن‌و دابەش‌کردنی گۆشت بۆ گێڕانەوەی بەلاو لێ‌خۆش‌بوونی مردووان • منداڵ‌بوون گوێزەبانەو ئاهەنگ‌گێڕانی ناونان‌و پێشگیری لە شەوەو ئاڵ بۆ ئەوەی دایکی منداڵەکە نەخنکێنێ !

٤ ـ داب‌و نەریتی مردوو ناشتن ، سەرەخۆشی‌و شین‌گێڕان‌و بەیت‌و بالۆرە پێداهەڵگوتن •

٥ ـ ئاشتی‌کردن لەسەر ماڵ‌و سامان‌و لە خوێن خۆش‌بوون • ئەمانە پاشماوەی ئایینی کۆن‌و لەگەڵ ئایینی تازەو یاساکانی تێکەڵبوون‌و

هێشتا هەر ماونو هۆیەکن بۆ خۆشیو دڵدانەوەو زیادکردنی بەرهەمی کشتوکاڵ(١) ئەمە بۆخۆی نیشانەدەری هاریکاریو پێکەوە ژیانی ئەندامانی کۆمەڵی کوردەوارینو ئەمانەو هیتر ، هێندێکیان مۆرکی نەتەوایەتییان پێوەیەو هێندێکیشیان بە چەند جیاوازییەوە لای ئەو نەتەوانە کە دۆخی ژیانیان وەك ئێمەیە ، هەن ٠ بێجگە لە زمان کە ناسێنەری نەتەوەکانەو پەسنی تایبەبەتی هەر نەتەوەیەکە ، ئەمانەش لە ناساندنی نەتەوەکاندا ، شوێنیان هەیە ٠

٦ ـ هێندێك نەریت پێوەندی بە ژیانەوەیە ٠ وەك قورپێوان ، شینو شیوەنو بالۆرەو پێداهەڵگوتن ، پەروەردەکردنی منداڵو جلوبەرگ شوتنو نانکردنو گەلێك شتی لەوچەشنە ٠

٧ ـ تایبەت بە پیاوان ٠ وەك بارهێنانو کوتاڵ ڕاکویستن ، لە خوێن خۆشبوون ، بەزمو گرەلاوژی دیوەخانانو شتی لەوجۆرە ٠

٨ ـ دابونەریتی هاوبەش ٠ وەك ژنهێنان ، بەزمو گۆرانی شاییو هەڵپەڕکێ ، نەریتی پرسەو سەرەخۆشیو مردوو بەڕێکردن ، ساوارکوتانو ئامۆشۆکردنو ڕێز لە میوان گرتنو جێژنەپیرۆزە کردنو گەردەنئازاییو هەروەزی کشتوکاڵو هیتر ٠

بەکورتیو بەوردی ، بەشەکان بەمجۆرەن :

١ ـ ژنوژنخوازی ٠

٢ ـ شاییو هەڵپەڕکێ ٠

٣ ـ منداڵبوونو جۆنیەتی پەروەردەکردنی ٠

---

(١) هەندێ دابونەریتی باوی کوردەواری ، عومەر ئیبراهیم عەزیز ، بەغدا ١٩٨٨ پێشەکی یەکەم ، لاپەڕی ١٠ ـ ٨ ٠

٤ ـ کاسەدراوسێتی یان کۆتکەجیرانە • هەورامی دەڵێن : سنەیی مەکەران ئاشتی ، چاشتیمەدەن بە چاشتی •

٥ ـ نان کردنو گێڕانی بەزمەکانی •

٦ ـ ساوارکوڵاندنو پێویستی‌یەکانی •

٧ ـ ساوارکوتانو بەزمو گۆرانی‌یەکانی •

٨ ـ دەستارلێکردنو گۆرانیەکانی • (زمهەڕکردن یان ئامادەکردنی ئاردی یەکجارەکی ساڵو ئاهەنگەکانی ) •

٩ ـ هاتووچۆو ئاموشەوکردنو گۆرانی‌یەکانی •

١٠ ـ لێقەوماوی‌و یارمەتی گشتی •

١١ ـ ڕێز لــە مرۆڤ گرتنو بەزەیی هاتنەوە بە بێدەسەلاتو گچکە لاواندنەوە •

١٢ ـ نیشانکردنی منداڵی کیژ بۆ کوڕی منداڵ ! (بنپشك) یــان مارەکردنی سەرلانك !

١٣ ـ باوی ژنوژنخوازی لەنێو هەندێك خێزانو هۆزو تیرەدا •

١٤ ـ جلشوتن (کوڵۆ کانی) •

١٥ ـ نۆماستانە ، فرۆی ئاژەڵ •

١٦ ـ گۆشت بەخشینەوە یان خێرکردن •

١٧ ـ ئاهەنگ‌و بەزمو گرەلاوژی دیوەخانان •

١٨ ـ هــەرەوەزی کشتوکاڵ (گەلـکردن)و دەستەوایی‌و شتی لەوچەشنە •

١٩ ـ جێژنو گەردەنئازادی‌و ئاهەنگەکانی •

٢٠ لە خوێن خۆش‌بوونو چارەسەرکردنی مرۆڤ کوژی •

## ٢١ – پرسەو سەرەخۆشی کردنو تازیەباری(١) •

خـــواردنی تایبـــەتی ئافرەتی زەیســـان ، ناوكبڕین ، خـــاو دروست کردن ، ناونان ، خەتەنەسووران ، خوازبێنی ، بووك گواستنەوە ، بەزاوابوون ، پاشاپاشایی ، گورزگورزانێ ، یەری تۆپقاڕ ، ڕاوەژووژك ، گـەنم لەچاڵ کردن ، خەرمانپێوانو زۆر دیاردەی‌تر هـــەن کـــە هەرکامەیان بەپێی نیازێكو هەرچەند دانەیان بەپێی دۆخێکی کۆمەڵایەتی ، ســـەریان هەڵداوە • لـــە کوردستاندا بەپێی دابی نامووس‌پەرستی ، کچ بەتوندی وا لەژێر چاوەدێری‌داهەر بۆیە بە فرەگەنجی بەمێردی دەدەنو کوڕیش بەناچـــار بە گەنجی ژندێنێو بەمجۆرە دەورەی هەرزەکـــاری زۆر کورتـــە •

ئێستا بەتایبـــەت لـــە شارەکاندا بەهۆی خوێندنو بەرزبوونەوەی پلـــەی داواو خـــوازیاری‌یەکانی ژن ، تەمـــەنی خێزان پێکەوەنانیان وەدواخستووە •

وەك وتمـــان بـــە گەشەکردنی کۆمـــەڵو بەرەوپێش‌چوونی بـــاری ژیان ، هێندێك باوی گوندنشینیو کون لـــە شارەکاندا ، ڕەنگی خۆی ، لەدەستدەدا • لـــە کۆندا ، بێجـــگە مـــارەیی‌و شیربایی وەرگرتنو باج‌وپیتاکی‌تر کـــە زاوا دەبێ بیدا ، زاواش لەسەر مانی کچێنەی کچ‌و نەدۆرانی گەوهەری نامووسی ، سوور بوو ، ئەگـــەر نەیبایە ، پەلـــکەی دەبڕی‌و بەرەو باوانی وەڕێ‌دەکردەوە • کێشەی دو بنەماڵەو ئاژاوەی پاش ئەو ڕووداوە ، ئاکـــامی باشی وەدواوە نابێ •

---

(١) سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕی ١٦ – ١٥ ، هەروەها بۆ ئاگاداربوون لەم بابەتانەو هێندێك داب‌ونەریتی‌تر ، سەرنجی ژیانی دێهـــاتی نووسینی محمد رشدی دزەیی ، چاپی بەغداد بدەن •

ئامادەکردنی خانووی هاوسەران لە گوندو شاردا ، جیاوازە ، کچی شار بە زۆربەیی خانووی شەخسی دەوێ‌و کچی گوندیش ، بەپێی پلەی چینایەتی‌و پلەی ژیانی ، ئەو شتەی بۆ مەبەستە ٠

**خۆو ڕەوشت :**

ڕەوشت ئاکاری بەکارهێنانی بیروبڕواو نرخە کۆمەڵایەتی‌یەکانە کە ئاراستەی ڕەفتاری‌و هەڵوێستی دەکا ٠ کۆکراوەی ڕێبازو پێوانەکانیەتی‌و شێوەیەکی ڕووناکبیری‌یە ٠٠٠

بەرهەمی جۆری پێڕەوی ئابووری‌و ڕامیاری‌و کۆمەڵایەتی‌یە ٠ تەنیا ڕێبازو پێوانەو بنچینەکانی ڕەفتار نیە ٠ خۆوی تایبەتی پێکهاتنی بیروبڕواو دەروونی کۆمەڵیکیشە ٠٠٠

پێکهاتنی سەرخانەو شوێن لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی دادەنێ ٠ لە ڕێگای هەڵوێست‌و ڕای کۆمەڵەوە سەبارەت بە کارو هەبوونی ، شوێن لەسەر پێکهاتنی ئاست‌و جۆری ئابووری دادەنێ ٠ ڕاستەوخۆ پێوەندی بە ڕامیاری‌یەوەیە ٠ کارە ڕامیاری‌یەکان نرخی ڕەوشتی وەردەگرن ٠ پەسندکردن‌و بیرلێکردنەوەو بوونی ورە ، هۆکارێکی هەر سەرکەوتنێکە ٠ لە کۆمەڵی سەرتایی‌دا ، بنچینەکانی ڕەوشت یەکبابەتین‌و هەموو پەیڕەوی دەکەن ٠ بە گۆڕانی کۆمەڵ‌و سەرهەڵدانی چین‌و توێژو جیاوازی بەرژەوەندی‌یەکان ، ڕەوشتی جیاواز دروست‌دەبن ٠

چینی دەسەڵاتداریش هەمیشە تێکۆشاوەڕەوشتی خۆی بەسەر ئەوانی‌تردا زاڵ‌بکا ٠ لە ئەنجامی ڕووداوو پێوەندی‌یە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی‌یەکان ، بەهۆی کارو بەرهەم هێنانەوە ، ڕەوشت‌و شێوەی

ڕەفتاری جیاواز بەپێی بەرژەوەندی ، پێکهاتووە ...

مرۆڤ هێندێك لـە ڕەوشتەکان بە چـاك دائەنێ‌و پەسندیان ئەکا . بابەتیش هەیە هەر بە خراپ ئەژمێردرێ . بەتێکڕایی ڕەوشت بریتی‌یە لە کۆمەڵێك ڕاو هەڵوێست ، بـکەو مەکەو ڕێدراو ڕێ‌نەدراون ، ڕەواو ناڕەواو بەهۆی پەروەردەو داب‌ونەریتەوە ، پەیرەو دەکرێن ، ڕەوشت لـە حەزو بڕوای کۆمەڵەوە ، هێزو دەسـەڵات وەردەگرێ . پێـوەندی مرۆڤ بە هاوولاتیانی‌و ڕۆڵانی نەتەوەی‌تر ، دیاری دەکا . چاکـە ، خـۆش‌ویستن ، پیاوەتی ، داوەری ، بەزەیی ، بەخشین ، گیـانی یارمـەتی ، هاریـکاری ، ئارامی ، سەربەرزی ، تۆڵەسەندنەوە ، مـاف زەوت‌کردن ، هـەڵەشەیی ، خۆخوازی پـەتی ، لەخۆبایی‌بوون ، و خۆبەزلزانین ، کڕنۆش‌بردن‌و مل‌کەچی خراپە ، ناجوانمێری‌و هی‌ترە.

لەگـەڵ پێکهاتنی کۆمەڵ سەری‌هەڵداوە ، بەهۆی تێـکۆشان ، کـارکردن ، پێویستی ڕێـکخستنی پێوەندی‌یـە کۆمەڵایەتی‌یەکان ، دیاریکردنی ماف‌و ئەرك ، بنچینەو ڕێبـازی ڕەفتارکردن لەگەڵ ئەندامانی کۆمـەڵدا ، دانراوە . کۆمـەڵ هەمیشە خـوازیاری جێ‌بەجێ‌کردنی پێوانەکانی ڕەوشت لـە ئەندامی خۆیەتی . بێگومان بنچینەکانی ڕەوشت ، چەسپاو نین وەك وتمـان ڕەوشتەکان ، بەپێی باری ئابووری‌و گۆڕانـی ئاست‌و شێوەی‌و هـەندێ کـارو بەرهەم ، جۆری پێرەوی ڕامیـاری‌و بابەتی پێوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکانەوە ، دەگۆڕدرێن(١) .

بەم‌جـۆرە دەکرێ بەکورتی ڕابـگەیەنین کـــە داب‌ونەریت‌و خۆوڕەوشتی هـەر نەتەوەو کۆمەڵێك باش یان خراپ ، پێـوەندی بە

---

(١) ڕۆشنبیری ، پێشوو ، لاپەڕی ٩٨ ـ ٩٧ . هەروەها سـەرنجی لاپەڕەکانی ٤٠ ـ ٣٩ی هۆشیاری ، بەغدا ١٩٨٧ی ئەم نووسەرە بدەن .

ڕووناکبیریو گۆڕانی باری ئابووریو کۆمەلایەتیو فەرھەنگی یەوە ھەیەو ھەر ئەو ھۆیانەش لە ئالوگۆڕەکانی دواییدا ، شوێن لەسەریان دادەنێن • نەتەوەیەکی ڕووناکبیرو خوێندەوارو پێش کەوتوو ، دەتوانێ خاوەنی ئاکارو ڕەوشتو ھەلسوکەوتی پەسندکراو بێ •

**سۆزو عاتیفە :**

خەلکی کوردستان بەپێی بارودۆخی ژیانیان ھەروەھا لەبەرئەوە بەرەوپێش چوونی وەك ولاتە پێشکەوتووەکان ، بەھۆی جۆراوجۆر ، توند نیە ، ھێشتا بەئەوینەوە ، پێخۆشحالە لە بناری شاخو کەژو کێوو چەمو دۆل ، بژیی • حەزی لە چیاو قاسپەی کەوو لووتکەی بەرزو نەمامی سەدتەرزە • خۆوی گوندنشینیو جوامێری کۆمەلێکی ساکاری تێدا ماوە • زۆر بەسۆزو عاتیفەیەو لە بەرامبەر خەمو کەسەری ھاوگوندیو خزمو کەسوکارو تەنانەت خەلکی نەناسراویشدا ، تێك دەچێ و ھەلدەقرچێو تێدەکۆشێ ، ھاودەردی بکاو باریان سووك بکا • جاری وایە بە دیتنی گریانی نەناسراوێك لە قولپەی گریان دەدا •

مەنشوورە دەلێن لە ھەورامان کابرایەك بوو ، پێیان گوتووە «خەمەخۆرە» ھەوالی چارەڕەشی ھەرکەسێك دەبیسێ ، لە قولپەی گریان دەداو نانی پێناخورێ ! ڕۆژێك کەسێك بە گالتە لە کاتی نانخواردندا ، پێدەلێ : خالۆ کەرێك زاوەو جاشوولکەکەی کلکی نیە ! پارۆ لە دەستی دادەکەوێو بە چەپۆك دەمالی بە سەریداو ئەلێ : **خوا کوێر بم** ، چۆن مێش لە خۆی دوور بخاتەوە !

ئەم سۆزە بەجۆرێکە ، تەنانەت لێقەومای خەلکی تر لە ولاتی تر داو لەوبەری سۆزیشدا ، لێقەومای دوژمنی خوێنێ ، شوێن لەسەر

هەستی دادەنێو بۆ چارەڕەشییان دەگری‌و بەسۆزی دەروون ئەبێتــە شەریـکی خەمیان • ئەو شێوە سۆزە لە شـادی‌و شێوەن‌و میوانداری‌و داشداری‌دا ، خۆی دەنوێنێ •

جـاری‌وا بووە چوومەتەوە ماڵ ، سەرنجم‌داوە دایـکم لـە خۆی دەداو دەگری ! دڵم دادەخورپا کەسێکمان مردووە • لێم دەپرسی چی‌یە ؟ دەیوت چـی نیـە ؟! ڕادیو گوتی لــەو ولاتە نازانم نوی چـی‌یە ؟ بۆمەلەرزە هـاتووە ژنێك‌و سێ منداڵی کوشتووە • دایە ئەوە جیهانێـکی پان‌وبەرینەو لـە هەر گۆشەیەکی لە ڕۆژدا ، دەیان کـەس دەمرێ • ئەگـەر وابێ دەبێ‌تەواوی تەمەنت خەریکی گریان بی ! دەیگوت ڕۆڵە ئێستادایکیان هەڵدەقرچێ !

هـەر لەبەر ئـەو بارەیە کـە خەڵـکی کوردستان زۆر بەڕێزەوە ، مردوو بەڕێ‌دەکـا • لانی کـەم سێ ڕۆژ تازیەی بۆ دادەنێ • خـەڵك خاوەن‌مردوو بەجێ‌ناهێڵن ، هاودەردی لەگـەڵ دەکـەن‌و ئەرکی بەجێ‌دەگەێنن‌و تەمی خەمی ئەڕەوێننەوەو خەمەکە بەسەر خۆیاندا دابەش دەکـەن • پاش سێ ڕۆژ سـەرو ڕیشی لەگـەڵ دەتاشن‌و ژنان باری خەم لەســەر ژنی تازیەبار هـەڵدەگرەن‌و جـل‌وبەرگی ماتەمینی لـەبەر دەردێنن •

ئەو سـۆزە بووەتە هۆی ڕێزگرتنی تایبـەتی لـە میوانی نزیك‌و دوورو بەوپەڕی کڕنووشـەوە ، خزمـەتی پێدەکا • لـە دەورەی هەڵوەدابوونمدا ، لەگـەڵ دوو هاوڕێی نێوەی ڕێـگا ! لـە ژاوەرۆی مەریوان لە گوندی ژانچووینـە کەویلێ یان کۆخێکی باخی گوندنشینێك! لای ئێوارە بوو کەوڵێکی شڕو چـەند مووچـە نانیـان بۆ دانایین • دەوری‌یەکی فافۆن‌و بەرمەشکەیەکی ڕۆنی کـەرە کـە دیار بوو زۆر

لەمێژ بوو بۆ ڕۆژێکیوا ڕایانگرتبوو لەسەر سفرە دانرا • دوو منـداڵی دەرەڵنگ‌دڕاو هاتنە دەوروبەری سفرکەو بەتەوسەوە چـاویان بڕیبـە سفرەکەو باوکی دەنگیدان • دیار بوو تاسـۆخ بوونو پێیان نەدابوونو حەزیان‌دەکرد ، لـەو دەرفەتە کـەڵك وەربگرنو لەگەڵ ئێمە بخون • لـە کابرام پرسی : مـەڕو بزنتان هەیە ؟ گوتی : تەنیا مانگایەکمان هەیەو ٦ کەسینو دەبێ شیرو ماستەکەی ، دۆی منـداڵو خەرجی قـەندو جلوبەرگمان دابین بـکەن ! مێشکم هاتە کوڵ فرمێسك بەر هانای چاوی گرتم ، ئیشتیام بەسـراو چوومە نێو گێژاوی خەیاڵو لـە تاریکخانەی مێشکمدا ، دەمگوت : ئەوە حاڵمانەو دوژمنیش ناهێڵێ تەنانەت ئەو ژیانـە تاڵە ، بێ‌گوللە تۆپو قەڵاچۆکردن ، بەسەربەرین ! لە بن‌دەستیان دامو سەرنجم دا ، دوو هاوڕێیەکەم ملیان بە خواردنەوە ناوەو بەرمەشـکە ، مێشکی تیـا نەمـاوە ! ئەم خۆوڕەوشتەی خەڵـکی کوردستان دوو لایەنی هەیە : یەکەمیان سوودی فراوان بۆ میوانداری لـە شۆڕشگێڕانی گەلو خزمـەت بەجووڵانەوە ڕزگاریخوازەکانو دووەهەمیان بێخـەمی ئـەو کەسانەی بێ‌پارەو جلوبەرگ ، لە کوردستاندا لێیان دەقەومێ •

لـە کوردستاندا هیچ سـەیر نییە لە هەرکاتێکی شـەودا لـە دەرکەی ماڵە کوردێك بدەیو وەك میوانێك خۆت بناسێنی ، بێگومان زۆربەی نزیك بە تەواوی ماڵەکان ، بەپیرتەوە دێنو ڕێزت لێدەگرن • ئەوانەی فەرهەنـگی کورد ناناسن یان چـاوی سەریان نییە ، کـورد ببینن ، پەسنی جوانی میوان دۆستیو خزمەت بە ماندوو و پەك‌کەوتە ، لەلایەن گەلەکەمانەوە بە ساکاربوونی کورد ، دادەنێنو پێیانوایە ئـەوە بەخشینو پیـاوەتیو پەسنی پیـاوانە نییە ! بەڵـکوو چوونکە لـە بارو دۆخی جیهـان ناگـەنو لەگـەڵ باری گرانی ژیانی خەڵـکی شـاردا ،

ئاشنانین ، مل پێوەدەنێن‌و خواردەمەنی ماڵو منداڵیان ، بە بارەگای ئەوان، پێشکەش دەکەن !

بۆنموونە موجاهیدینی خەڵك کاتێك لــە بــەر تەوژمی دامو دەزگای دەسەڵاتی ئاخوندی لە ئێران ، ڕوویان کردە کوردستان ، لــەو پەسـنە ئەوپەڕی سوودیان برد ، کاتێك پشتیان لـــە قازانجی گەل هەڵـکردو دژ بە بەرژەوەندی خەڵـکی کوردستان هەڵوێستیان گرت ، پیانیـــان وت : ئەوە بۆ نان‌و نمەکی ئەو خەڵکەتان لەبەرچاو نەماوە ؟! گوتیــان : ئــەو خەڵــکە ژیانی ساکارەو نازانی باری ئابووری‌و دوور لە شارستانی‌یەت دنەی‌داون‌و گۆترەو دوور لە پەسنی جوامێری ، میوانداری‌یان لە ئێمــە کردووە !

ڕەنـــگە ئەم بۆچوونە بەشێکی ڕاست بێ ، چوونـــکە شارنشینی مەودای میوانداری بەرتەسك دەکاتەوەو کەمتر لە شارەکان خەڵك خۆیان بە ماڵاندا دەکەن ، تا پێویستیان بە نان‌و ئاوو خزمەت هەبێ • لانی کــەم لە هێندێك شارداوایە ، بەڵام لە کوردستاندا ، نەك وەك گوندەکان لـــە شارەکانیش‌دا پاشماوی ئەو پەسنە جوامێرانە ، هەر ماوە •

بەم‌جۆرە دەڵین زۆربەی ئەو بۆچوونە ناڕاستە ، چوونـکە خەڵکی تریش هەن‌و بارو دۆخی ژیانیشیان وەك بارو دۆخی ژیانی گەلی کوردەو کەچی بە کەمی لەو پەسنەیان تێدایە ! ئێمە ئەم خۆوڕەوشتە بە پەسنێکی پیاوانە دەزانین‌و لەوە کە خاوەنی ئەو ڕەوشتەین ، شانازی دەکەین •

مرۆڤ بۆیە مرۆڤە ، کــە خاوەنی سۆزو هــاودڵی بێ‌و لــە ژیان‌دا تەنیا مەبەستی بەڕێوەچوونی ژیانی خــۆی نەبێ ، بەڵـــکوو پێویستە تێبکۆشێ ، دەردو ژانی گــەل‌و خەڵـکی‌تر بزانی‌و کەمی‌بکاتەوە • برینی

برینداران سارێژ بکا . له لەگەڵ بن‌دەستو چەوساوە ، وا بژی کە ئەندامێکی لەش لەگەڵ ئەندامەکانی تر دەژی . شێوەی ژیانی دانیشتمن له شار بەهۆی گەشکردنی کۆمەڵو تێکنیکو بەرەوپێش‌چوونی باری زانست ، خەریکە مێشکی بەشێك له مرۆڤ له سۆزو هاریکاری ، سەبارەت به بەشێکی تر ، بەتاڵ دەکا ! به بڕوای من ئەم ڕووداوە ، زیانێکی گەورە به هاریکاریو هاودڵی پێویست ، به جیهانی مرۆڤایەتی دەگەیەنێو مرۆڤایەتی بۆ بەرەوپێش‌چوونو گەشەکردنو دابین‌کردنی هێمنایەتی جیهان ، بەم سۆزو هاودڵی‌یە ، نیازی بێ‌ئەملاو ئەولای هەیە .

## پێوەندی بنەماڵەیی :

سەرەڕای سۆزو هەستی خاوێنی ئەندامانی نەتەوەکە بەگشتیو سەلماندنی ئەو ڕاستی‌یە بە کردەوە ، هێندێك پێوەندی بنەماڵەیی باو هەن کە له سەرەتای بەرەوڕووبوونمان لەگەڵیاندا ، وا بیردەکەینەوە ، سۆزو روحمو هاوریکاری له کوردستاندا ، نامۆیە ! لەکۆنەوە سەرۆکی بنەماڵە یان بنچینەی کۆمەڵ ، مێرد یان ژنی گەورەی ماڵ بووە . لە دەورەی دەرەبەگایەتی‌دا ، پیاو گەورەی ماڵ بووەو ئێستاش بێجگە لەوە لە شارەکان هێندێك ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە ، بەگشتی پیاو دەمڕاستی ماڵە . هەڵوێستی پیاو سەبارەت بە ژنو منداڵو براو خوشکی بچووك لە پێوەندی لەگەڵ هەڵسووڕاندنی کاروباری ڕۆژانەدا ، سەختگیرانەو بێ‌بەزەییانەیە . کەمتەرخەمی یەك لەوان لەئەنجامدانی ئەرکەکانی‌دا ، سزای توندی بەدواوەیە . هەڵەی پێوەندی‌دار بە حەزلێکردوویی‌و خۆخەریك‌کردن بە ئەوینو ئەوینداری‌یەوە ، سزای توندتری بەدواوەیە . باری گرانی ژیان دنەی گەورەی ماڵ دەدا کە

تەوژم بخاتە سـەر ئەندامانی بنەمـاڵەو کاری دژواریان پێ بـکاو کەمتەرخەمی سزای توندی بەدواوە بێ ! کوڕو کچی ساوا بە فەرمـانی باوکیـان کاری‌وا دەکەن کە مرۆڤ سەری سوڕدەمێنێ‌و شوێنەوارێك لە بەزەیی‌و ڕوحمـەوە لەلایەن باوکـەوە نابینرێ • لەکـاتی لێـدان‌و تەنبێ‌کردندا ، دەنگ دەگاتە بارەگای خـوداو تەقەی گۆپاڵ لە سـەرو گوێلاك ، نارەوێتـەوە !

هێنی هەروڵد هەنسی دانمارکی لـە گەشتێکی خۆی لـە کوردستانی عێراق سەبارەت بە کچێك نووسیویەتی : زۆربەی ئیشی مـاڵ لەسـەر شـانی کارەکەرەکەو ئەجێ بوو • ئەجێ زۆر چوست‌و چـالاك بوو • کچە گەنجەکە لەبەر ئیشی زۆرو ماندوویەتی ، بە سستی دەبزووت ! لە بەیانی‌یەوە تا نیوەشەو کـاری دەکرد • دەستی وەك پیرەژن ڕەق‌بوو (دیارە زڕکچ زۆرترو زووتر دەچەوسێنەوە) ئیش‌وکـاری ئەجی زۆر بوو • گـەنمی قەرەخـەرمانیان ئەبرژاند ، باوکی فەرمانی پێی‌دەدا ، برژاوەکان لـە ئاورەکـە دەربێنێ • بە دەستی ئەو کارەی دەکـردو هەڵدەقرچاو باوکی پەیتا پەیتا پێی‌ئەوت : زوو بە با نەسووتێن • ئەیخستە ناو تەشتێك‌و پووشە سووتاوەکانی لائەبرد • دووکەڵ سەروچاوی ڕەش کردبوو ! سەرەڕای ئەوە باوکی پێی ڕازی نەبوو ! پەلەی لێ دەکرد • بەهۆی کارەوە ، دەستەکانی زۆر ڕەق بوون ، دەنا دەسووتان • باوکـە دڵڕەقەکەی لەو دەستسووتانە باکی نەبوو ! (وا باوبوو) کە کچەکە ئەم تەوژمەی بە بێدادگـەری نەدەزانی[1] • ئەرکی کچـی لادێ بەپێی هەل‌ومەرجی ژیان زۆرە • بێجگە لە قاپ‌و قاچاخ‌و جل‌وبەرگ شوشتن‌و

---

(١) کچانی کورد ، هێنی هەروڵد هەنسن وەرگێڕانی د • ناجی عەبباس ئەحمەد ، بەغداد ١٩٨٠ لاپەڕی ٧٩ – ٧٦ •

ئاوهێنانو گەسك‌دانو جێوبان ڕاخستنو هەڵگرتنیانو هێندێك کاری تری نێومالّ ، لـە زۆر جێـگادا ئەرکی گێرەکردن ، شەغرەکێشان ، ئاژەڵ لەوەڕاندن ، نان‌بردنە سـەر دەشت ، بار بارکردن ، دەسکەنەکـردن ، گەڵبڕین ، توتن چەقاندنو پێوەکردن ، سێوك چەقاندنو بنکۆڵ کردنیو پاراوکردنی ، مەڕدۆشینو جاریوایە خشت‌بڕینو درمەغکردنو تەنانەت دروێنەکردنیش ، لەسەر شانی کچانەو بێ لـە پێش بنرازێنن ، لەگـەڵ کوتەکی باوكو برا گەورەیان بەرەوڕوو دەبن •

کچی شاریش دوو بەشن : کە بەشی ساماندارییان ئاسایشیان زۆرە • دیارە لەکاتی باس لەسەر مافی ژن شیدەکەینەوە •

لەگـەڵ گشت ئەمانەدا ، خەڵکی کوردستان دڵو نیـاز پاکنو سەرچاوەی سۆزو عاتیفەی گەرمی مرۆڤایەتینو ئەم ڕەوشتانەش هـەتا باری شارستانییەتی نوێ ، تووشی ، تووشییان نەکا ، وەك پەسنێـکی پیاوانە هەر دەمێنێن •

**دوژمنایەتی عەشیرەتی :**

پاشکەوتوویی فەرهەنـگیو باری تایبـەتی ژیانی خـەڵكو هەڵکەوتوویی جۆغرافیاییو ئاژەڵداریو دۆخی کشتوکاڵو تێـکۆشان بۆ بەسەربردنی ژیان ، دەبنە هۆی کێشەو تەقەو لێکدان • کێشـە لەسـەر ئالفجارو ئەو چـاو لێرەوارانەی جێی بەخێوکردنی ئاژەڵن • دابی تۆڵە ئەستاندنەوە ، بە کوشتنو تالانی مەڕومالاتی لایەنی ترو درێژەکێشانی ئـەم بەستوباوە ، بەتایبەت لەنێوان ئەو عەشیرەتانەدا کە هەتا ئێستا بـە شێوەی کۆچـەر دەژین ، زیانیان زۆرە • لەکـاتی چوون بۆ کوێستانی بـەپیت ، عـەشیرەتی سەررێـگا داوای باجو پیتاك دەکاو لە کـەمیندا

مەڕومالاتی یەکتریان تالان دەکرد • ئەم بارە وەك وتمان هـــەم مانەوەی پاشماوەی دابو نەریتی کۆنەو هەم باری ئابووری هەیە •

بۆنموونە عەشیرەتەکانی دەشتی سلۆپی کوردستانی تورکیـە وەك تەیان ، کچان ، زێوکـــانو سۆرانو هیتر کـە بەزۆربەیی لەسـەر بەخێوکردنی مەڕومـالاتانو ڕۆیشتن بـــۆ کوێستان ، بەشەر دێـــنو دەکوژرێنو تالان دەکرێنو تۆڵە دەستێننەوە • شوانەشەرتی‌یەکان ، باج نادەنو عەشیرەتە خاوەنزەوی‌یەکان ، لەجیاتی باج تالانیان دەکەن • لە شیمالی کوردستانی تورکیـە ،عەشیرەتگەری نەماوە • لـــە سنووری کوردستانی عێراقو جنووبی کوردستانی تورکیە ، لەنێوان عەشیرەتەکانی ئەرتووشی کە ١٢ عەشیرەتن ، ئەم باوە خراوە هـــەر مـــاوە ! دیارە حکوومەتیش بـەم کێشەیە پەرەدەداو سزای تاوانبار ناداو باجو پیتـاکی خۆی وەردەگرێو مافی چـــەوساوە پێشێل دەکا • لەکاتی چـــالاکی پێشمەرگەدا ، ئەم جۆرە عەشیرەتانە ، لەلایەن حکوومەتەوە ، بەهێـــز دەکرێن تا ببنە قوڵەچۆماخی دەسەلاتی فەرمانڕەوا •

بەو توندی‌یە نەء • بەلام بە هێندێك جیاوازتر لە کوردستانی ئێران دوژمنایەتی عەشیرەتی‌و دابونەریتی کۆنو تۆڵە ئەستاندنەوە ، هەر ماوەو لە پێوندی لەگەڵ جوولانەوەی گەلیش‌دا ، دەس‌کەمی‌ان لە عەشیرەتەکانی تورکیـە نی‌یە • لەم بەشـدا بەداخەوە گەشەکردنی کۆمـــەڵ بەتوندی نەچووتە پێش‌و هێشتا بەندوباوو پێوەندی‌یە کۆمـەلایەتی‌کانی دەورانی دەرەبەگایەتی، جێگایان پێی‌تەنگ نەکراوەو بەباشی بۆ هاتنی پێـــوەندی تازە ، دەرگـا لەسەر پشت ، نەخراوە ! خەڵـکی کوردی ئەم ناوچـە لـــە مانی ئەم پێوەندی‌یە زیان هێنەرانە ، زیانی زۆریان وێ‌کەوتووە • هێشا هۆی هۆشیاری کۆمەلایەتی‌و نەتەوایەتییان ، خەوتووە !

لـه کوردستانی ئێران تیره یان عەشیرەت بەشێوەی کۆن نەماوە • بەلاّم هێندێك خۆوڕەوشتی عەشیرەتی هـەر مـاون • لەگـەڵ ئەوەدا لـەم دوایانەدا لە شیمالی کوردستانی ئێرانو ناوچەی مەنگوری مەهاباد ، بەندوباوی لەکەمیندا نووستووی عەشیرەتی ، لە ڕواڵەتی دژی گەلیدا ، خۆی نواندو چـەند سەرۆك عەشیرەت ، دژ بە بەر ژەوەندی گـەل ، ڕاپەرینو بەیارمەتی دەسەلاّتداران ، باوی کۆنیان تازە کردەوە ، باجو پیتاکیان لە جووتیاران وەرگرت ! کە لەم سەرهەڵدانەوەدا ، کۆنەپەرستی دەسەلاّتدار بەوپێیە کـە لە ۳۰۰ ساڵ لەمەوبەردا دەژی ، فەرهەنـگی عەشیرەتـگەری بەهێز کردو بنـکەو بنیاتی عەشیرەتی ، پێكهێناو گیانی تازەی خستەوە بەر لـەشی مردووی ئـەو لەباودا نەماوە ! جموجۆڵی ئازادیخوازی بەشی شیمالی ، تووشی شپرزەیی کردو گومانی تێدا نیە لـە داهاتوودا ئەم بەشەشی بە توونی نەماندا دەچـێ • بەکورتی دەتوانین پاشماوەی هۆزایەتیو دەرەبەگایەتی لە کوردستاندا بـکەین بـە سێ ناوچـە :

١ ـ شیمالی کوردستان بەشی جنووبی کوردستانی تورکیەو شیمالی کوردستانی عێراقو ڕۆژناوای ئێران •

٢ ـ ناوەندی کوردستانی ئێران لە شنۆوە تا سەقز •

٣ ـ باشووری کوردستان لە سەقزەوە تا دوا بەشەکانی ئوسـتانی ئیلام بەرەو جنووبو تەواوی لوڕستان • کوردستانی عێراقیش بـەشی بادینی نشینی لەگەڵ بەشـی لای ڕۆژهەلاّتی وەك پارێزگەی سلێمانیو خانەقینو دەوروبەر لەگەڵ پشدەرو باڵەکـایەتیو دیانانو ڕەواندوز ، دەکرێتە سێ بەش :

ئـەوە شیمالی کوردستانی ئێران ، لەگـەڵ سووریەو تورکیـە

پاشماوی هۆزاریەتی‌یان بەرچـاوە ! تائێستاش سەرۆك عەشیرەت بەسەر خەڵـکی ناوچـەی خۆیدا زاڵەو خەڵـکەکەش وەدوای دەکـەونو بەتەواوی ملکەچی فەرمـانی ئەون ! و هەموو بریارێك لەلایەن ئـەوەوە دەردەچێ ! شتی سـەرنج ڕاکێش ئەوەیە ! ە سیستەمی عـەشیرەتی‌دا خەڵکەکە خۆیان بە خزمی سەرۆك دەزانن‌و پێوەندی خوێنی لەنێوانیاندا هـەیە • هەر بۆیە ئەگـەر جەنابی سەرۆك بەرەو خزمەت بە بەرژەوەندی گەڵ ، ملی ڕێـگای گرت ، خەڵکەکە ، هەموو دەبنە گەل‌ زیستو ئەگەر باری بەپێچەوانە لەباردا بوو ، خەڵـکەکە دەبنە دژی گەل ! بەخۆشی‌یەوە ڕزگاری‌خوازی گەل ، ئەو بارەی کەم‌ڕەنگ کردوە • زۆر پێـوەندی عەشیرەتی زیان‌هێنەری پساندووەو ئەوانەی هەستی نەتەوایەتی‌و هۆشیاری کۆمەڵایەتییان ، هـەیە ، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو پێوەندی‌یانە ، دێنـە مەیدانی تێکۆشان‌و دەبنە هۆی دانانی بناخەیەکی نوێی کۆمـەڵایەتی‌و بە کردەوە لەدژی پاشماوەی داب‌ونەریتی کۆن‌و بێ‌کەڵکی هۆزایەتی ، خەبات دەکەن • لە داهاتوودا ، ئەو هۆشیاری‌و تێکۆشانە جێـگا بـە دەرەبەگ‌و سـەرۆك عەشرەتەکان ، تەنگەبەر دەکاو مەیدان بەجێ‌دێلن‌و لـە بەرامبەر نوێ‌هێنان‌و ئاڵ‌وگۆڕی تازەو ڕەوتی بەرەو گەشـەکردنی کۆمـەڵەوە ، خۆ ڕاناگرن • هـەر ئێستـا پاش سەرکەوتنی شۆڕشـە دزراوەکەی گەلانی ئێران ، هێندێکیان بەتایبەت لـە شیمالی کوردستان ، پەتایان بردوەتە بەر هەندەران‌و بەداخەوە هێندێکیشیان دەستیان لەگەڵ دەستی کۆنەپەرستان تێکەڵ‌کردەوەو وەك وتمـان بە نۆکەری‌کردن خەریکن ، ئەو دیاردە کۆن‌و ژەنگاوی‌یانە زینـدوو بکەنەوە ! دیارە بـە بەڕێوەبردنی سیاسەتی وردبینانەی ڕێبەرایەتی جووڵانەوە گەلی‌یەکـان‌و ناسینی بارو دۆخی ئابووری‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی خەڵـکی کوردستان‌و هەنـگاو هەڵگرتن بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بارانە ، شـوێنی

کاریگەر لەسەر تێکدانی ئەو پیلانەو بێشوێن کردنی ئەو دیاردە کۆنانە ، دادەنێو بەرەبەرە شتی نوێو بەکەڵك دەخاتە بەرچـاوو پەیرەوی کردنی ئـەو باوە ناباوانە ، جێی خۆیان بـــە نیشتمانپەروەری‌و هـــەست بە بەرپرسایەتی ، دەدەن •

بەگشتی لـە کوردستان هێنــدێك پاشماوەی داب‌و نـەریت‌و خۆوڕەوشتی کۆن مـاون‌و لە کوردستانی ئێران بەگشتی بەرەو نەمـــان دەچێ • دیارە لـە شارە گەورەکاندا وەك کرماشان ، سلێمانی ، ورمێ ، هەولێرو دەهوك‌و زاخۆو ماردین‌و ئەرزڕۆم‌و هی‌تر ، کەم‌ڕەنگن • لەم مەڵبەندانەدا ، چوارچێوەیەکی فەرهەنگی‌و ئابووری‌و کۆمەلایەتی باری سەرمایەداری ، خەریکە جێگیر دەبێ‌و جم‌وجـــۆڵ بـۆ گواستنەوەی فەرهەنــگی دەرەبەگایەتی ، بەرەو ئەو فەرهەنگە بەرچاوە • کۆچـــی جۆراوجۆری گوندنشینەکان بۆ شارەکان‌و ئۆردووگاکان ، بەتایبەت لـە کوردستانی عێراقدا ، بێگومان لەوبارەوە ، شوێنی خۆی دادەنێ‌و خەڵك ئاڵوگۆڕی بەسەردادێ • ئەوە سروشتی یەکە مەڵبەندی بچووك بچووك‌و دوور لـە یەکتر ، لەباری بیرو بۆچوون‌و زانست‌و هونەرو پێگەیشتن‌و تێگەیشتنەوە ، ناتوانی ، گەشەی بەرچاو بـکا • بێگومان هـەر ئەندازە ژیانی‌پڕ لـە ژانیش لـە ئۆردووگاکان‌و شوێنە گشتی‌یەکان بەسەربەرن ، لـە دواڕۆژدا ، بەرەوپێش‌چوونیان زۆرترو ئاستی ڕووناکبیریـــان ، پێگەیشتن‌و سەرکەوتنی کۆمەلایەتی‌و خۆڕێك‌خستنیان لەگـــەڵ دیاردە کۆمەلایەتی‌یەکانی شارستانی‌یەت ، بەرچاوتر دەبێ ، چوونکە لـــە یەك جێدان • بەمەرجی یەکگرتوویی، شوێنیان لەسەر رزگاری‌و گەشەکردن زۆرترە • گیروگرفتی ژیان‌و سەرکوتـــکردنی ئارەزووە گـــەلی‌و کۆمەلایەتی‌و فەرهەنگی‌یەکان ، ڕەنگە بۆ ماوەیەك کۆمەڵێك ، تووشـــی

چارەڕەشیو تێکچوونی بیرو بۆچوونی پێشکەوتنخوازانە بکا • بەڵام لە داهاتوو و دەرفەتی لەباردا ، ئەو بارە تێکدەچێو یاسا حاشا هەڵنەگرەکانی کۆمەڵی ئەوتۆ ، بارەکە دەگۆڕنو شوێنی گونجاوی خۆیان بە باری باشدا ، دادەنێن • ئێستا خەڵکی ئەم جیهانە ، خەریکن لێک نزیک دەبنەوەو ویستو ئامانجیان دەبێتە یەکێ بێگومان لە داهاتوویەکی نزیکدا ، هەر ئاڵوگۆڕێکی باش یان خراپ پێشکەوتوو یان پاشکەوتوو ، لە ناو چەپەکی ئەم ئەستێرەدا ، شوێن لەسەر ناوچەکانیتر دادەنێ • هەر بۆیە لەبەرئەوە ئێمەش بەشێکین لە بنەماڵەی گەورەی جیهانی مرۆڤایەتی ، ژیانی سەربەستانەو مەرگی بەکۆمەڵمان : شوێن لەسەر ژیانی بەشە گەورەکە دادەنێ • ئەو هاوکاریو هاوئاهەنگییەیە ، دەگاتە ئەو رادەیە کە ببینە شەریکی خەمی یەکترو لە ژیانی خۆشو ناخۆشی یەکتردا ، بەشداری بکەین •

ئێستا ئاڵوگۆڕەکان بەتوندی خۆ دەنوێنن • ئامرازی نوێ پێوەندی نوێی پێکهێناوە ، ئەگەر بەرژەوەندی تایبەتی ، نەبێتە ئاڕمانیو بەرچاوی هێندێک دەسەڵاتداری بەڕواڵەت ئازادیخواز نەگری ، گشت ڕووداوێکی تاڵو شیرین دەبیندرێو دەرەتان بۆ چارەسەرکردنی داکەوتوویی یە ئابووریو فەرهەنگیو کۆمەڵایەتیو کێشەگەلییەکان ، هەیە • من لەسەر ئەو بڕوایەم ، جیهان بەرەو دامەزراندنی چوارچێوەیەکی دێموکراتیانەو ژیانی هاوبەش ، دەچێو لە داهاتوویەکی نزیکدا هەنگاوی بەگەڵێ بۆ دابین کردنی ئەو ئاواتانە ، هەڵدەگیردرێ • ناوچەی ئێمە (ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست) تووشی گۆڕان دەبێو چوارچێوە ناسراوەکانی ئێستا ، گۆڕانیان بەسەردا دێو هاوژیانیو گیانی هاوکاری لەنێوان نەتەوەکاندا ، دەبووژێتەوە •

**خۆرافات :**

مرۆڤی سەرەتایی بەپێی بڕیاری ژیان ، ناچارە دیاردەکانی بوونەوەر ، بناسێ‌و ڕووداوەکانی جیهان بۆ خۆی ، شیبکاتەوەو واتایان بۆ دابنێ • هەر بۆیە بە بیرو بۆچوونو بە کردەوە ، بۆ گەیشتن بەم ئامانجە تێدەکۆشێ • بەڵام لەبەرئەوە خاوەن ئەزموون نی یەو لەتوانای‌دا نی یە ، بە دیتن‌و ئەزموونو تێفکردنەوە ، زۆر لە شتەکان‌و ڕووداوەکانی دەوروبەری بناسێ ، ناچار بۆ دامرکاندنی دڵەخورپێ و چارەسەر کردنی بێسەروبەرەیی خۆی ، پەنا دەباتە بەر خەیاڵ و بەخەیاڵی سەرەتایی خۆی ، بوونەوەر ، شیدەکاتەوەو بەمجۆرە چەند وڵام بۆ هێندێك لە شتە بێ‌ئەژمارەکانی ژیانی پەیدا دەکاو بەپێی ئەوان بۆ زاڵبوون بەسەر ڕووداوەکانی دەوروبەری خۆی‌دا ، هەوڵدانێك دەس‌پێدەکا • ئەمجۆرە تێکۆشانانە کە بەرهەمی خەیاڵ‌و ئومێدن‌و لەگەڵ کارە بەکەڵکەکانی بەرهەم هێنان‌دا دەچنە پێش ، پێیان‌ئەڵێن « جادوو » •

ئەگەر بناخەی خۆرافات ، جادوو بێ ، دەکرێ بڵێین لە تەواوی ڕواڵەتەکانی ژیان‌و مردن‌دا ، جێی خۆی کردوەتەوە ، چونکە لە هەمان‌کات‌دا کە مرۆڤ کشتوکاڵ دەکا ، ڕێوڕەسمی جادوویی‌و کرداری خۆرافاتی لە خۆ نیشان‌دەداو پێی‌وایە بۆ زیادکردنی بەرهەم ، بەکەڵکەو بەمجۆرە لە جیهانی زەبن‌دا ، ئاڵوگۆڕێك دێنێ‌و هۆمێدیشی زیاد دەبێ • بەڵام وێدەچێ زەك چەمکی کۆمەڵایەتی وردە جیاوازێکیان هەبێ • بەمجۆرە کە جادوو لە ڕێگای گەشەکردنی خۆی‌دا ، دەگاتە گەڵاڵە کردنی مەسەلەی ڕۆح‌و گیان‌و هاوخوڵقاو (Anima) و جم‌وجۆڵ‌و هێمنایەتی‌و بوون‌و نەبوونی ، پێوەندی بەوانەوەی هەیە •

دەیهەوێ گیانی شتەکان لەگەڵ خۆ سازگار بکاو بەرەبەرە ئەم گیانە سەربەخۆ دەبێ ، چوونکە خەون دیتن و مەرگ کە شتێکی نادیارن بۆ مرۆڤی سەرەتایی بە پێك هاتنی چەمکی گیان ، یاریدە دەدەن و چەمکی بەرەو هاوخولقاو چوون ، دەبێتە بناخەی ئایینی سەرەتایی(١) لە حاڵێکدا پاش گەشەکردنی کۆمەڵ و سەرهەڵدانی دەسکەوتە زانستییە سەرسووڕهێنەرەکان و تەنانەت لە کۆتاییەکانی چەرخی بیستەمیش دا ، لەنێو زۆر لە گەلانی پاشکەوتوو و تەنانەت پێشکەوتوویش دا ، خورافات برەوەی هەیە ! دەکرێ بڵێین خورافاتیش وەك جادوو ، بەرهەمی نەزانین و بێتوانیی مرۆڤەو بۆ خۆڕازی کردن و هومێد بە مانەوە ، بەکەڵکە !

مرۆڤ لە سەرتای ژیانی بەرەو تێڕامان و بیرکردنەوەو بەرەو ڕووبوونی دا لەگەڵ دیاردە جۆراوجۆرەکانی دەوروبەری ، بە چەند هۆی لێك جیاواز ، بەگشتی بە دوو جۆرو شێوە لەوانە ، گەیشتوزە :
یەکەم ڕێگاو ئامرازی تێگەیشتنی دۆزیوەتەوەو بەپێی توانا هێندێك بەسنی هیندی دیاردەی ناسیوەو بۆ دابین کردنی داخوازەکانی لەوان دا ، ئاڵوگۆڕی پێك هێناوە • بە تێپەڕبوونی کات و گۆڕانی باری ژیانی ، ئامرازی نوێی خولقاندووەو زیاتر بە ناخی ئەو بەشە لە دیاردەکان کە بەرەو زیادبوونیش چوون ، چووەتە خوارو تێکۆشاوە پێوەندییە بەردەوامەکانی نێوان دیاردەکان بناسێ و لە یاساکانی سروشت بگا •

دووەم – بەهۆی بێهێزی خۆی و ئامرازی کاری بۆ دۆزینەوەی و خولقاندن و چڕبوونی بابەت یان دیاردەکانی بەشی دووەم ، لەلایەك مرۆڤ لێیان نەگەیشتووەو لە لایەکی تر بۆ ڕازی کردنی کەسایەتی و ویژدانی زانستی ! خۆی بەگۆترەکاری باسی لێوەکردوون و بەسنی بۆ

---

(١) زەمینەی کۆمەڵناسی ، پێشوو لاپەڕی ٢٢٧ – ٢٢٥ •

داناون‌و شوێنی باش‌و خراپی لەسەر ئاکاری ئێمـەو ژیانمان بۆ داناون •
بە شانوباهوو یانیاندا گوتووە ،لاڕێیانەو چەپاوچەپانە بەشێوەی بەراوەژووە،
ناساندوویانی !

بەشی هەڵەوتن‌و هەڵەچوون‌و هەڵە ناساندنی مرۆڤ ، بە بڕوای من
لەو دیاردانەدا خۆ دەنوێنن کە پێیان‌دەگوتری «خۆرافات» •

مامۆستا امەسعوود محەمەد دەڵێ : لە مرۆڤ‌دا هێزی هۆش بە واتای
بەرفراوانیەوە کـە ئامرازی تێگەیشتن‌و هەموو چالاکی‌یە فیکری‌یەکانی
مرۆڤە ، زۆر بەسەیری ، هـــەر خـــۆی سەرچاوەی بەهەڵەداچوون‌و
لێکدانەوەی بەراوەژووکردن‌و بۆچـــوونی چەوت‌و هەڵەیەو تەنیا لـــە
مرۆڤدایە ••• ئەم دەور یان تێڕوانینەی هۆش ، بەربڵاوەو لەسەر ئـــەم
لاینـــە زێدە وێرانکەرە ، کەس نەدواوەو بەشێوەی سەربەخۆ ، کـەس
خۆی لێنەداوەو تائێستا هۆی ڕاستەقینەی ئەم نەزانین‌و کردەوە دژ بـــە
بەرژەوەندیانەی ، دەس‌نیشان نەکردوە ، یاسای گشتی بۆ دانەندراوە ،
بارەکانی شی‌نەکراوەتەوە • بە بڕوای مامۆستا هۆش واز لـەو شتانەش
ناهێنی کە تێیان‌نەگاو درێژە بە شی‌کردنەوەی نەڕاستیان دەدا •

مامۆستا درێژە بە باسەکـــەی دەداو دەڵێ : هۆش دوو ڕووی‌پەڕی
بەپێچەوانەی یەکتری هەیە • یەکیان ڕووی بەرەو تێگەیشتن‌و دروست
بینین‌و دۆزینەوەی ڕاستی‌یە کە ڕووە پەسندەکەیەتی‌و دووەمین کـــە
بەپێچەوانەی یەکەمە ، لاینە خراپ‌و ناپەسندەکەیەتی • لەڕاستیدا زانین‌و
نەزانین‌و ڕاســـتی‌و وڕێنـــە ، بەچکەی هـــۆشن‌و باشەکەی لاینـــە
شەرعی‌یەکەی‌و ئەوی‌تری زۆڵەکـەیەتی ••• ئەو بیروبڕوا چـەوتانەی
کـە ئادەمیزاد دەخاتە سەر (ڕێگای) خۆ بەقور بانکردنی مرۆڤی فێڵبازو
درۆزن ، بەراستی بێچوە ناشەرعی‌یەکەی هۆش‌و گۆشیەتی‌و بەدرێژایی

مێژووی کۆنیش کە بۆتیپەرستووە ، هەر بەم ڕچەدا چووە !

ئێستا ئەو پرسیارە دێتە پێش کە ئاخۆ مرۆڤ لە هەڵس و کەوتی کۆمەڵایەتیدا ، هەستی بە چاکەو خراپەو چەوتی و ڕاستی ئەو شتانە کردوە کە باوڕی پێی‌هیناون و وەك ئامراز پاڵی پێوەداون یان پاڵی پێوە نراوە ؟ دزو پیاوکوژ ، لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکانیاندا ، هۆشیان ئاگادارەو لە سزای کردەوەکەش ، ئاگادارن ، کەچی لە بەرامبەر مانگ گیراندا ، کە مرۆڤ تەنەکە لێدەدا ، دەردەکەوێ ، هەڵەی کردەو راستی نەپێکاوە . یەکەمیان با ڕاستیش بێ ، زیانی هەیەو دووەمیان هەرچەند زیانی نیە ، پاکنە بۆ هۆش ناکا . چوونکە لێرەدا مەبەست دەرخستنی پێکان و نەپێکانی هۆشە .

بۆنموونە بۆ باری هەڵەی هۆش ، دەکرێ ئەو بڵێین کە مرۆڤ پێی‌وابوو ، فەرتەنەی دەریا لە هەناسەی عەزیای جەهەندەمەوە سەری هەڵدەدا ! هەرچەند ئەم لێکدانەوە شیکانەوە ، بە هیچ ئاکامێك ناگا . بۆئەوەی شەپۆلی دەریا زیانی پێنەگەیەنی ، ڕۆڵەکانی خۆی بۆی ئەکردە قوربانی ! تەنیا ئاڵ و گۆر لەم بۆچوونەیدا ، گۆڕانی شێوەی قوربانی‌یەکەیەتی (١) .

بەم‌پێیە تەنیا ڕێگای ڕزگاربوونی مرۆڤ ، لەم هەڵەیە ، ڕەتکردنەوەی بوونی عەزیاو وەرگێڕانی بۆچوونەکە بۆلای ڕاستی‌یە . قوربانی‌کردن بۆ بوت بۆئەوەی باری بەزەیی پێداهاتنی بەهێز بێ ، سەدان ساڵ لە فەلسەفەکەی بکۆڵیتەوەو پێیدا بچیتەوە ، بە ڕاستی ناگات و تەنیا دەبێ و لە باری چاکی هۆش و پێکانەکەی ، کەڵك

---

(١) مرۆڤ و دەوروبەر ، بەشی دووەم ، مەسعوود محەمەد ، بەغدا ١٩٨٤ لاپەڕی ٨ ـ ٣ .

وەربگیرێو دەس لەو هەڵەکاری‌یە بکێشی • سەیر ئەوەیە ئامرازی ئەم جۆرە ناسینانە ، هۆشە • واتا هۆش لێرەدا ڕاستی دەپێکیو لــەوێدا نای‌پێکی ! لــە ڕابووردوودا ، ژمارەی زۆری خەڵك درگای نەپێــکانی هۆشیان لەسەرپشت بوو و ئەوانەی هۆشیان ڕاستی هێنــدێك دیاردەیان دەپێکا ، کەم‌بوون • تاکات تێپەڕ دەبێو مرۆڤ بــەرەو ناسینی ســروشتو زاڵ‌بوون بەسەر سروشت‌دا ملی ڕێــگا دەگرێ ، لە خێڵی هۆش‌نەپێکانو هەڵەکاران ، کەمتر دەبێتەوە • لەگەڵ ئەوەدا ئێستا جیهــانی تێگەیشتنو پێگەیشتنە ، ژمارەی خۆرافەپەرستانو هەڵەکاران کەم نی‌یە !

کاتێك ئەوەمان سەلماند ، ئەوە هۆشە کە دەم ئەپێکێو هەم بەراوژوو دیاردەکان ، شی‌دەکاتەوە ، ناتوانین خەتێك لەنێوان ئەم دوو بەرەی هۆش‌دا بکێشین • هۆشی تاکەکەسێك دەتوانێ خــاوەنی هەردووك پەسنەکە بێ • تاکەکەسی وایش‌هەیە ، هۆشەکەی، بەلای هەڵەدا دەڕواێ ســەیر ئەوەیە هۆشی ئەفسانەپەرست ، هەست بە لاڕێی خۆی ناکاو جاری‌وایشە پێی‌وایە خەڵــکی‌تر ڕێــگایان لێ ون‌بووە ! هەربۆیە یان بە زەبی بەوان‌دا دێتەوە یان بەشێوەیەکی سامناك لێیان تووڕە دەبێ ! کــە پێی‌دەڵێی پێڵاوی شێخی درۆزن ماچ مەکەو ئاوی لەش‌شوتنی شێخ مەخۆرەوەو **لە چاوی مەکە ،** لای گێلی ئەوتۆ کافرو ڕێ‌لێ‌ون‌بوویو ئــەگەر بتوانێ ســەرت پان دەکاتەوە ! زاتی مرۆڤیش بەم‌پەسنانە ، دەرناکــەوێ • هی وایە زاتێك خــاوەن هۆشێــکی بپێکەو زاتی ناپاکەو هۆشەکــەی بۆ خراپەکردن وەگەڕدەخا • هی‌وایشە هۆشی نەپێــکەو خاوەنی زاتێــکی ناپاك نی‌یە • لێرەدا خۆمان تووشی ئەو باســە ڕژدەی فەلسەفی ناکەین کــە هۆش ئاکامی کــارو تێکۆشانو گەشەکردنی دەمارەکانی مێشکە یان مــرۆڤ زاتی هــەیەو هۆشی پێدراوە ؟ تەنیا ئەوە دەڵێین زاتی خــــاوەن‌هۆش

چەپێدراوو چووەدەستهاتوو ، خاوەنی هەر لایێکی هۆش بێ ، دەتوانێ باش یان خراپ بێو بە کردەوە مەیلەکەی ، نیشان بدا •

لێکۆڵینەوە لە باری نەپێکانی هۆشی مرۆڤ ، بەشێکە لە شیکردنەوەو ڕەوتی فێربوون و ئەزموونەکانی ڕابوردووی ئەو • لەم تێکۆشانەش پێویستە سنووری پێکان و نەپێکان ، لێک جیابکەینەوە ، تێکەڵبوونەکەشمان باسکرد • لایەنی نەپێکانی ڕاستی لە بابەتێکی تردا ، سەرهەڵدەدا ، ئەویش بریتییە لەو بابەتە کە لە کاتی خۆیدا ، هەڵقوڵاو لە لایەنە چاکەو بێکییەکەی هۆشەو بەرهەمی دۆزینەوەو ناسینی ڕاستییە • بەڵام دەورەی بڕەوی بەسەرچووە ، شتی نوێو نوێتر هاتووەتە بازاڕو نرخی ئەو بەپێی دۆخی تازە یان نەماوە یان زۆر کەمبووەتەوە • بەڵام زاناو خاوەنهونەرەکان ، ئەو ڕاستییە ، ناسەلمێنن و پێ لەسەر نرخ و بەهای دادەگرن و لە بەرامبەر ڕاستییە نوێکاندا ڕادەوەستن • ئەمەیان بێچوی نەزانین نییەو کارەساتی تاڵ و گۆڕ و نوێهێنان ، تووشی ئەوەی کردوە کەچی لایەنگرانی دەبنە کۆنەپەرست و لایەنگری نەزانین؟ نەمەلایەنگری گەشەکردن و ڕاوەستان و دۆژمنی بەرەوپێشچوون •

یاسا کۆمەڵایەتییەکانی جیهانی مرۆڤایەتیش لەو چەشنەن • ڕۆژێک ڕۆژگارێک بلیسەت و زانایان دایانناون یان لە ئاکامی هەڵس و کەوتەوە ، سەریان هەڵداوەو لە کاتی خۆیدا ، ڕەنگدانەوەی ڕاستییەکان بوون و دەردو گیروگرفتی کۆمەڵیان پێ چارەسەر کراوەو ئێستا بە بەرەوپێشچوونی کۆمەڵ و گرێ و گۆڵدارتر بوونی پێوەندییە دوولایەکانی کۆمەڵایەتی ، لە پێوەندی لەگەڵ سەرهەڵدانی بنکەو بنیاتی نوێو ئەرکەکانیاندا ، برەویان نەماوە ، کێشیان نایەو ناتوانن

گیروگرفتەکان چارەسەر بکەن ، کەچی هێندێك نە کەم بەڵکوو جەماوەرێکی بەرچاو ، پێیان لەسەر داگرتوون و بە هیچ هێزێك دەس لە یەخەیان ناکەنەوە !

## چەند وێنە بۆچوونی خورافی و تێکەڵ لە کۆمەڵی کوردەواریدا :

کوردستانی بەشی تورکیە ، کە پەپوولەی گەورە هاتەماڵەوە ، پێیان وایە هەواڵی خێری پێیە • لەدایكبوونی کچ دەبێتە هۆی خێرو بەرەکەت بۆ ئەو ماڵە • خدر ئیلیاس لە مانگی دووی بەهاردا لەنێو مەڕو ماڵات دەگەڕێ ، ئەگەر بەشی هەژارو دەسکورتیان لێ دابێ ، دەستێ بەسەریاندا دێنێ و بەرەکەتیان زیاد دەبێ • کۆندەبوو : لە هەر جێگایەکدا کوندەبوو بخوێنێ وێران دەبێ • **شەوی** « ليلة القدر » مەلایکەتەکان لە ماڵاندا دەگەڕێن و هەرکەس خەریکی بەندەگی بێ گوناحەکانی دەبەخشرێ و خێری بۆ دەنووسرێ • مەلایکەتی سەر شانی ڕاست خێرو هی چەپ شەڕ ، دەنووسێ • هەر مرۆڤێك درۆ بکا ، نەتوانێ وەڵامی خەڵك بداتەوە ، پێی دەڵێن : چۆن وەڵامی نەکیرو مونکەر دەدەیتەوە ؟! ئاوی گەرم ڕژاندن لە شەودا ، گوناحە چوونکە منداڵی جندۆکە دەگەڕێنەوە ، ئەگەر بسووتێن ، بنەماڵەکە تووشی چەرمەسەر دەبێ • مرۆڤ نابێ لە گۆڕستان بترسێ ، ئەگەر شەو لە جێگایەك تەنیا مایەوە ، باشترین جێگا بۆمانەوە ، گۆڕستانە ، چوونکە کۆمەڵە • تەنیابوون کاری خوایەو مرۆڤ نابێ تەنیا بێ •

گورگ دەستی بە هەر شتێك گەیشت بەپەلە دەیخوا ، لە بیری دواڕۆژدا نی‌یە (ئەمەیان ئەزموونە) • (دەڵێن وەك گورگ خواردوویەتی وەك سەگ ریاوە) • بوونی ماین دەوڵەمەندی‌یەو هەرکەس هەیبێ ، سامان‌دار دەبێ • جوانی و گەنجی نیعمەتی خوایەئەمە باشە ، ئەگەر

پیاوێك پیر بێو دەستی بلەرزێ دەڵێن : دزی زۆری کردەوە دەس پیس بووە ! خـوا خۆشی لـــە تەماحکارو درۆزن نایە ئەمەراستە • دوژمنیش میوانت بوو لـە ماڵی خۆتو لەسـەر جلی خۆت خەیانەتی بێ مەکـە • میوان میوانی خوایەو ڕێزی لێ بـگرە • بە بڕوای من ئەمــــەیان لـــە بەشی پەسنە جوانەکەی میوانداری کوردانە ، نەك خۆرافات • زکی تێـر ئاگـای لـە زکی برسی نی‌یە • ئەمـەش باری ئابووریو بیروبۆچوونی چینایەتی هـەیە ، نەك خۆرافات • شێر شێرە چ مێیەو چ نێـــرە • ئەمـەشیان مەتەڵۆکی دلێربوونی شێرە کە نێرو مێ نـاناسێ • بە شـەوان بەسەر جۆگە یان ئاوێك‌دا هەنـگاوت هەڵـگرت بسم الله بڵێ ، ئەمەیان باری ئایینی‌یە • پیـاوی کورت چـەندەی لەسەر زەوی‌یە ، ئەوەندەشی لەژێر زەوی‌یە • بە بێ‌هۆش دەڵێن : کاتێك هۆش دابەش کرا ، لەکوێ بووی ؟ کەسێك زۆر بخوا ، هۆشی کەمە • کەسێك‌ڕقی لە کەسێك هەبێ پێی‌دەڵێ نەمرێو ئازار ببینی • سەبری چووکەی خـوا ( بۆ تۆڵــە ) چل ساڵە • هـەر ماڵێك سەگی لێ بێ مەلایەکەت نایێتە ئـەو مـاڵە • پەلەکردن کاری ڕەحمان نی‌یە • خاوەنی سـەبر بوو بە پاشـای میسر (یوسف) • میوان خواردەمەنی بەدڵ بێ ، دەڵێ : سفرەکەت وەك سفرەی ئیبراهیمی خەلیل‌الله بێ • ژن هەیەو ژنۆکە هەیە • بە منداڵی ڕوودار دەڵێن : بە ئاوی نۆك چـاوی شوتوە • کەللە ماڵات لەسەر درگای ماڵان هەڵاوەسن ، تا لە بەلا بپارێزرێن • بێوەژنی چاوپیس سەرنجی هــەر شتێك بدا ، وێران دەبێو دیواران دەڕوخێنێو گوندان چۆڵ دەکـــا ! ئەگـەر دەستی ڕاست بخورێ پارەی بۆ دێو ژێر لاقی بخورێ سەفـەر دەکـا • کەسێك بەرهەنسك بداو پێش بە کارەکەی بگرێ دەڵێ لەعنەت لە ••• کێ باسم دەکا ؟ خـوا بدا نالی لەکوێراو چوون پێت‌دەدەم • شـەوی شایی مێرد لاق لەسـەر لاقی ژن دادەنێ ، با دواڕۆژ بەسەریدا

زاڵ بێ ، ئەو کۆمەڵەی بابو برای گەورەی تێدابێ بچووکەکان نابێ ئەمە بەسەر قسەیاندا بکەن . خەڵک دەستی حاجی ماچ دەکەن ، چونکە بە بەردە رەشەکەی دا ساوە . پیاوی ماچەکان چونکە کۆرەی دیوە . ئاوی زەمزەم بۆ منداڵ بەخشەک دەدا . ... و شێخان بۆ دەستی هەموو دەردو بەلایەک ، نووشتە دەنووسن . سۆڵی دەرزی ئوڕ ، تاڵە رەقەو شتی لەوچەشنە ، لە خانەقاو ماڵی شێخان وەردەگیرێن وەک مەتەڵۆکەو بۆ لابردنی دەردو بەلا کەڵکی لێ وەردەگرن و پێیانوایە پیتەو پیرەکەتی پێوەیە . بۆ بەستنی تازیی مردوو ، حەوتوو و چلەو ساڵی مردوو لەسەر گۆڕستان ، خێر دەکەن و شت دابەش دەکەن . بۆ لەسەر قەبران دادەنێ مردووەکە قاڵی دەبێ ، خوایشی بە زات دەدا . لە هێندێک جێگا بووک تا مردنی لەگەڵ خەزووروو برای مێردا قسە ناکاو شەرمەشکانی دەوێ . کوڕ کە ژنی دەوێ بە بابی نالێ و بە دایکی دەڵێ و لە ماڵەوە بەدەنەوی دەکاو بەهۆی دۆستەکەیەوە ، ئامانجەکەی دەگەیەنێ . شیرکردنەوەی منداڵ بەئەستۆی مەلایە . کچە ئامۆزا بۆ ئامۆزا دەبێ . ئەگەر ئەو نەیویست ، کەسێکی تر دەتوانێ داوای بکا . بە نەخۆش دەڵێن : لوقمانی حەکیم میوانت بێ . ژنی برای مردوو ، بەشی برای زیندووە . مردنی دوژمن مایەی شادییە . ناڵگرتن هەیەو زۆر کەس بڕوای پێیەتی . لە کام جێ هەیە کچ میرات وەربگرێ . وانا وەک مرۆڤی خاوەنماف ، سەیری ناکرێ[1] .

---

(١) لە برایەکی خەڵکی کوردستانی تورکیەم وەرگرتە بە ناوی : نوسرەت بادینی سوپاسی دەکەم .

**بیروبروای پڕو پووچ و تێکەڵی دیکە :**

فریشتەکــان بەزۆری وان لەسەر کانییەکانی نێوچیاکـــاندا • جنۆکەی خێرو هی شــەر ، هــەیە ، جنۆکەی خێر جار جار کڵاوێــکی سوور لەســەر دەکـا بۆئەوە نەبیندرێو لـــە دۆڵە تووڵەکـانیش‌دا ، دەگەڕێ(١) جنۆکەی شــەڕ لــە چاڵو کۆنەبەردو بن‌ئەشکەوتدا ، خـۆی ئەشارێتــەوە • ئەوانەی وێراویانە بچنــە ئەو ئەشکەوتانە ، شێت بوون • جنۆکــە پێی خۆشە لەنێو درگادا بێ ، هەر بۆیە ئاوی گــەرم بەوشوێنەدا بـکەن بۆ ئازاردانیان • شێخێکی سنجـــار جنۆکــەیەکی ڕاهێناو بە کــەیفی خۆی لەگەڵیایە • شێخی ئاسووریش ئــەو کــارەی کردوەو کاری ژنەکەشی دەکــا ! لای یەزیدی‌یەکان کەڵەشێر کـــــە ڕۆژئەکاتەوە ، بەختیاری بۆ بووکو زاوای تازە ئەهێنێ• ڕووەکی‌وا هەیە کــە کەسێك دەستی بێ بــگرێ ، ڕەگەکانی دەنگێکیان لێ بەرزئەبێتەوە وەك هاژەی با وایە • هەرکەس ڕەگەکانی هەڵکەنێ ئەمرێ ! زەوی لەســەر پشتی گایەکی سوور وەستاوە ، جــار جــار گوێیان کلـــکی دەجووڵێنەوە ، بوومەلەرزە پەیدا دەبێ • زەوی لەســەر پشتی گاڕەش‌و گاڕەش لەسەر پشتی مـاســـیو ماسیش لە ئاودایەو ماسی ئەجـــووڵێو بوومەلەرزە پەیدادەبێ • خوا بەهۆی سلێمانی داناوە ، باران ئەبارێنێ • ئەوبە «هوما» کەباڵندەیەکە فەرمــان دەداو ئەویش بە گشت باڵندەکــان دەڵێو ئاو لــە دەریا هەڵدەگرنو بەرزدەبنەوەو بەســـەر ناوچـــەی دیاریکراودا ، ئەیڕێژن • مانگو ڕۆژ خوشكو براو هەمیشە شـــــان بەشوێن یەکــەوە • مانگ برای ڕۆژە • بۆیە ڕۆژ ئەگیری ، چونـــکە ئەم خوشکە نازپێدراوە ، ڕووی خۆی لە برا خۆشەویستەکە ئەشارێتەوە،

---

**(١) بەم کڵاوە دەڵێن : کڵاوی سەخری جن • هەرکەس لەسەری بکا نابیندرێ !**

بۆئەوەی ئامەزرۆیی خۆی بۆ بینینی بسەلمێنێ • هەروو پیاوێك لە ئاسماندا ئەستێرەیەکی درەوشاوەی هەیەو لەگەڵیشیدا دەمرێ • ڕۆژگیرانو مانگگیرانو ئەستێرەکشان ، نیشانەی ڕووداوی نالەبارە • چاوی زەرد پیسە ! چاوی پیس زۆرتر لە ئافرەتی سلك بوو منداڵ کاردەدکا ، ئافرەت کە منالی بوو تا چل ڕۆژ نەچێتە لای چاوپیس ، دوو ئافرەت کە منداڵیان بوو پێش چلەیان ئەگەر یەکتریان چاوپێکەوت ، دەرزی منالەکانیان بگۆڕنەوەو لە یەك کاتدا ، بچنەوە ماڵەوە • بۆ لاچوونی دەردو بەڵاو گەیشتن بە خێرو بەرەکەت ، لای شێخو مەلا نووشتەی جۆراوجۆر وەردەگرن • ئافرەتیوا هەیە پێیوایە بە نووشتە دەتوانێ مێردەکەی بە هەوەسی خۆی لێخوڕێ یان بەومەرجە نەزانێو مێشکی کەری دەرخوارد بدا (دیارە مێشکی وەها لە مێشکەدا ، کوێلە خولقێنە) • ئەمەی دوایان لە کوردستاندا بەدەگمەنە(١) •

شەوە هاتن بۆ ژنی زەیسان کە جندۆکەیەو لە قەڵافەتی ژنێکی دراوسێ یان گیانلەبەرێکیتردا ، دەچێتە لای ژنەو قوڕگی منداڵەکەی بە دەستڕێ دەگوشێو لێوی شینو مۆر دەبێو کەفی لە لێوی دەمێنێ و منداڵەکەشی دەمرێ • هەر بۆیە لای ئەو ژنو منداڵە چۆڵ نەدەکرا(٢) دیارە ئەوە هەر بۆچوونەچەوتەکەیەو هەزاران جاریش کەس بەلایانەوە نەبووەو تەنانەت دایکی منداڵەکش بەلای کارییەوە چووەو هیچیش نەقەوماوە •

بووکەبارانە : بەکۆمەڵ دەچنە لای چاکێکو جلوبەرگی جوان ئەکەنە بەر پارۆیەکدا ، لەو دەشتو چۆڵەدا دەیگێڕنو داوای هاتنی

(١) ژیانی کوردەواری ، پێشوو ، پەڕی ٢٢٦ ــ ٢١٨ •
(٢) هەندێ دابونەریتی باوی کوردەواری ، پێشوو ، لاپەڕی ٢٢ــ٢١ •

باران دەکەنو دەڵێن : هەژاران و مەژاران یاخوا داکاتە باران ، بۆ فەقیرو هەژاران • نوێژەبارانەش هەیە کە باری ئاینیی هەیەو ژەمێك لە نوێژەکان بە کۆ ، لە سارا دەخوێنن •

بەردی پیرۆز هەیە کە تەنیا کەس یان بنەماڵەیەك دەتوانن لەسەری دانیشن • هەرکەس بیجمێنێ ئەیجمێنن ! جێگایوا هەیە پیاوێکی گەورە تیایدا نوێژی کردوە ، بۆ هەمیشە دوای مردنی پیاوەکە نابێ کەس لەوێ دانیشێ ! ئەم دوو دیاردە لە گوندی ماسانی جێی ژیانی من لە ناوچەی بێلەواری سەر بە سنە تاقیستاهەن • شەخس هەیەو داری چاکەو پارچە قوماشی پیدا هەڵاوەسنو داوای خێرو چاکەی لێ دەکەن • کانیاوێکی پیرۆز لەنزیك شارۆچکەی کامیارانی سنە بە ناوی بایس پەڕنە هەیە کە خەڵك ڕێزی لێدەگرنو بۆ ژانو با ، لەئاوەکەی کەڵك وەردەگرن • بەڵام زۆر دڵسۆزەو قەت تووڕ نابێ ، چوونکە بەکۆمەڵو بەشێوەی ڕەش بەڵەکێ بەسازو دەهۆڵەوە لەتەنیشتی هەڵدەپەڕنو گوێ لە خشەی لاسەردو گوارەو تەقیزدر دەبێ ، بێنیسمڵو مێخەکی بەرۆکی ژنان هەڵدەمێژێ بە گوناحیشی نازانێ • بێمژایە ئاوەکەو ئەو شاییو هەڵپەرکێیە ، ئەبنە هۆی خۆشبوونەوەی نەخۆشییەکان • بۆ ئاگاداریتان ئەو بەزمە زۆرتر لە بەهاراندا ، بەرپا دەبێ • بەشی منو تویشی تێدابێ •

نێوی دەس بخورێ پووڵی وەدەس دەکەوێ • ئەگەر چاوی بفرێ چاکەی دێتە پێش • جاریوایشە دەڵێن : خراپەی بۆ دەگا • چۆلەکەی ڕەنگاوڕەنگ لەسەر گوێسەبان بخوێنێ ، هەواڵێك خۆش یان ناخۆش دەگا • کوندەبوو بخوێنێ ، وێرانی دێنێ • تووكو دوعای شەڕ خراپە • دوعای خێر چاکە • ئەگەر لە خەونـدا ، ئوتۆمبیل ببینی نیشانەی

دیتنی دوژمنه • ئەگەر لە خەوندا باسی ماربکرێ ئەوە نیشانەی ئەوەیە دوژمن باست دەکا • کۆلکەزێڕینە (کەسکەسوور) ئەگەر کچ بەسەریدا بازبدا ، دەبێتە کوڕ ! ئەگەر کوڕ بەسەریدا باز بدا ، دەبێتە کچ ! نابێ قژی کچ بتاشی چوونکە ناخۆشی دێتە ڕێت •

کاتێك باران باری نابێ لەژێر پەیکەری دەرگا ڕاوەستی • بەشەو نابێ گسك بدەی چوونکە دەبێتە هۆی وەدەرنانی منداڵی جندۆکەو پەری • ئەندامانی بنەماڵە سەفەر بکەن ئاو بەدوایاندا دەڕێژن بۆ ئەوەی پێیان وایە ڕێگایان روون دەبێ • نووشتە ئەکەنە قۆڵیان بۆ نەمانی دەردو کەسەر • حەڵەبی یەکی خڕ بە دەمەداس کون دەکەن لە پشت سەر منداڵی قایم دەکەن با نەخۆشی مانگانە وەك تاوو لەرز نەبینێ • مووروویی شین بە جل و بەرگی منداڵدا هەڵاوەسن ، بۆ ئەوەی وەك چاوەزار بێ • تەنانەت مرۆڤی گەورەش ، دیمەنی دەرەوەی ماڵەکەی بە ڕەنگی شین ڕەنگ دەکا تا چاو لە داموو دەزگای نەدەن ! نابێ پشیلەی ڕەش بەخێو بکەن چوونکە نیشانەی نەخۆشی یە • ئەگەر سەگ بە شەو بلورێنێ ئەوە نیشانەی هاتنی بەڵایەو پێویستە کەوشەکان بەراوەژوو بکرێن • ئەگەر بتەوێ کارێك ئەنجام بدەی و بپژمی ، دەڵێن : نەهاتەو دەس ڕابگرە •

دیارە ئەمانەو سەدانی تریش بەپێی دۆخی زانستی کۆمەڵ و باری چەپی هۆش پێکی ، هاتوون و بە گەشەکردنی کۆمەڵ و پەرەسەندنی خوێندەواری و زانست ، هێندێکیان باویان نامێنێ هێندی تریان بەپێی دۆخ تا ماوەیەکی تر بە تەمەنی خۆیان درێژە دەدەن و تا لایەنی چەپ پێکی هۆش هەبێ ، ئەمانەش دەبن و دەشخوڵقێن !

وتەی ئاقلانەو هۆشیارانە :

ئێمەی کوردیش وەك هەموو نەتەوەیەکی تر خاوەنی پێشینەی ئەدەبی ، مێژووی ئەدەبیو مێژووی جموجۆڵی کۆمەڵایەتی و ... فەرهەنگیو زانستیو هونەرییو بەشی بەحالی خۆمان لە بارەیەوە هۆشیارەکانمانەوە ، وشەو وتەی جوانیان پێبەیوەو پەندی ئاییمان پێی ناساندووین . من لێرەدا تەنیا لە بەرامبەر بارە ... هۆش دا و ئەوێکانە سەرسوڕهێنەرەکەیدا دیتمان ... بێلای هۆشی هۆشمەندانە ، بخەمە سەر ڕووپەری کاغەز :

بێدەنگیو وەڵامنەدانەوە ، نیشانەی پەسندکردنە . بکرڕێ ... مەبارێنە . هۆش لە مێشکدایە ، نەك لە بەژن و باڵا . دوژمنی ... مێر بێ ، بیاریش بکوژێ دەیشارێتەوە . قەول قەولی مێرانەو ... پیاوان یەکە . قسەی ڕاست هەمیشە تاڵە . دۆست ئەو نەڵی ، ڕاست دەڵی . لەگەڵ هەرکەس بەپێی ئابارو هۆشی بدوێ . بەرز ... نزم کەوت . ئەدیب بەدیب بەسەر ... دا دێ ( خۆی تووشی ... دەکا ) . خودا دەڵێ لە تۆ حەرکەت لە من بەرەکەت . مێری ... (پێبکەنێ) بە کوندێکیو ژنی ئەدیبارێك (خاوەن شەرم) بە کوندێکی . خۆدان بکە بە نانی خۆو بەردە بە جانی خۆ ! بۆ مرۆڤی ... لەمبارەشدا هاتووە : نانی خواردو سفرەی دڕی . لە بەرە ... خۆت لاقدرێژ مەکە . مافی جیران لەسەر جیرانە . بگرە ... دز مەکە جیرانی خۆ .

پەندی پێشینیان :

دەتوانین ئەم وتانە لە ژێر ئەم چەمکەدا جێبکەینەوە کە بریتین لە چەند وتەیەکی کورتی کوردی پێکەوەلکاو کە واتایەکی ب...

هەبێ • لە چاخێـکی زۆر کۆنەوە کەوتوونەتە سەر زمـانی کوردی • چۆنیەتی ژیانو ڕەوشتو بیروبڕوایان چ لـە باری سیاسیو کۆمەلایەتی و چ لەباری ڕەوشتی خێزانیو کەینوبەینی ژیانی تێکڕاییو چ لـــە باری ساماندارىو هەژارىدا ، نیشان‌دەدەن • لای ئێمـە زانایی لـــە چوارچێوەیەکی گشتیدا ، دانەڕێژراوەو باسی واناکاتا پاشان بـــکاتە بەش‌بەشەکانی • شتێکی بچووك دەڵێو مرۆڤ دەتوانێ شتێکی گەورەو بەرزی لێ هەڵکرێنێ • وەك : ڕۆژان ڕۆژی لەدوایە • هــەزار قسە ، یەکی بەکارە • دەستێك نەتوانم بیبرم ، مـاچی دەکەم • بە قسەی خۆش مـار لــە کون دێتە دەر • بانێکەو دوو هەوا • کوتەك ئەزانێ قــۆناخ لەکوێیە • کــە زۆر بوو قەواڵە بەتاڵە • بۆ ڕیش چوو سمێڵیشی نایــە ســەری • زۆرەملێ مل‌شکانی لەدوایە • گیا ئەوەیە بە دەمی بزن خۆش بێ • شوێنی شێرەو ڕێوی گیرەی تێدا دەگا • دار هۆرەی لــە خۆی نەبێ ناقەڵشێ • گیـا لەســەر بنچی خۆی ئەڕوێتەوە • قــەدر مانـگ نییە تانەگاتە شەو • چی بچێنی ئەوە ئەدروێتەوە • نان بۆ نانەواو گۆشت بۆ قەساب • کــە شیرت وەشان دەبێ قەڵغانت پێ بێ • سوار هــــەتا نەگلێ نابێتە سوار • شەڕ لــە شێف (شێوەرد)و ئاشتی لە خەرمان • چەپڵە بە دەستێك لێنادرێ • ئاسنی سارد بە فوو گــەرم نابێ • کێویێك دەڕووخێو کەنداڵێك پڕئەبێتەوە • هــەر دەوەنە ئەبێ بە دار • لــە حیزیی جووتیارە ، گــا کاوێژ دەکا • بۆیە پێت دەڵێم کاکە چۆلەکــەم بۆ بگری ، ســاڵ بە ساڵ خۆزگــەم بە پار • قسە کــــەوتە زارێ ، ئەکەوێتە شــارێ • سواری ئەسپی خەڵك بی هەر پیادە دەبیت • قــەل بە قــەلی ئەوت ڕووڕەش • بەرخ هــەر لەناو کۆزدا نامێنێ • ئەوەی لە مشك بێ ، جواڵ ئەدڕێ •

وەك لەپێش‌دا باسمان‌کرد ، کورد وەك گشت نەتەوەو کۆمەڵێك وتەی بناخەداری هەیەو شتی‌وای گوتووە کە لە قاپۆڕی فەلسەفەدا، خۆی نواندووە . کابرا کە وتی : گیا لەسەر بنچی خۆی ئەڕوێتەوە ، بەواتای ئەوەیە لە دەشتو چۆڵ‌دا ، چاوی پێکەوتووە بەم‌جۆرە ڕوازەتەوە . بەوپێیە دەبێ بڵێین : هەر کەس‌و هەر شت ، وەك خۆی دەخولقێنێ . واتا تا شتێك لەپێش‌دا نەبێ ، سەرهەڵدان‌و خولقانێکی نوێ لەئارادا نی‌یە و لەڕاستی‌دا ، مادە کۆنە . دەڵێ : ئەوەی گەنج لەئاوێنەدا دەیبینێ پیر لە خشتی کاڵ (خام)دا ئەیبینێ . واتا پیر خاوەن ئەزموونە و شت شی‌دەکاتەوەو بەئاکام دەگاو گەنج لەبەر بێ‌ئەزموونی تا هەستی پێنەکا ، نایزانێ . کوردێك لەکاتی ئامۆژگاری کورەکەی‌دا پێدەڵی : ڕوڵە قسە بگێڕە ، بی‌بێژە ، بی‌وێژە . واتا گێژەبای کە لە بێژنگی بدەو پاشان بیڵێ(۱) یان دەڵێ : قسە وەك گوللە وایە تا دەرنەچووە ، جڵەوی لەدەستدایە . واتا ئەگەر بە ناپوختەیی لە زارت دەرچوو ، ناگەڕێتەوە . ئەویش ناگەڕێتەوە . کەوابوو لەپێش‌دا ، ڕێك‌وپێکی بکە . ئەم وتە کورت‌و پڕواتانەو دەیان‌و سەدانی‌تری لەم‌چەشنە ، بەرهەمی هەڵس‌وکەوت‌و تێکۆشان‌و بەرهەم‌هێنان‌و چارەسەرکردنی گیروگرفتە ئابووری‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌یەکان‌و هەرکامەیان لە زارێك‌و هەر چەندەیان لە گوندو شارێك ، لەدایك‌بوون . ئێمە تەنیا بۆ نموونە چەند قسەمان گێڕایەوەو خوازیارەکان دەتوانن بەرهەمی ئەوکەسانە کە ئەم قسە بەپیتانەیان کۆکردوەتەوە ، بخوێننەوە . وەك قسەی پێشینیان گوستاو لوبوون ، مامۆستا ئیسماعیل حەقی شاوەیس لەچاپی‌داوە ، پەندی پێشینیانی پیرەمێرد .

(۱) مێژووی ئەدەبی کوردی ، پێشوو ، لاپەڕی ۱۱۹ ـ ۱۰٦ .

وەك باس کراوە ، هەر کۆڕو کۆمەڵو نەتەوەیك بەپێی ڕێی مەڵبەندی ژیانو دۆخی کۆمەڵایەتیو ئاستی ڕووناکبیری ، خاوەنی شێوە بیروبۆچوونی جۆراوجۆرە • ئەفسانەو خۆرافاتی هەیە • خاوەنی قسەی نەستەقو بەناوڕۆکە ، گۆرانی کوتوژە ، بەخەیاڵدا چووەو ئارەزووەکانی لە شیعرو پەخشاندا ، نیشانداوە • هەر نەبێ لە گۆرانیو فۆلکلۆرو حیکایەتو بەسەرهاتە جۆراوجۆرەکاندا ، نیازی خۆی دەربریوە • دەلاقەیەکی بۆ خۆی خولقاندووەو لەو دەلاقەوە ، سەیری بوونەوەری کردوەو جیهانی بینیوەو دیاردەکانی شیکردوەتەوە •

لەوێیەدا بەپێی تواناو لە هێندێك بابەتدا ، بە ناخی شتەکان گەیشتووە • ناسیونیو کەڵکی لەو ناسینە وەرگرتووە • لە هێندێك جێگاو بابەتیشدا ، زۆری پێنەشکاوەو لە هەمانکاتدا ویستوویەتی تێبگا • هەر بۆیە بۆ دامرکاندنی کۆڵی دڵی زانست ویستی خۆی ، لە دەلاقەکەیەوە ، سەرنجی داوەو چوارچێوەی بۆ داناوەو بە بەژنوباڵایدا هەڵگوتووە •

لەئاکامی ئەم هەڵسوکەوتەدا کە لەباری ئابووریشەوە ، پێداویستییەکانی دابین کردوە ، ئەو بابەتانە خۆڵقاونو ئێستا بە بێكو نەپێکیانەوە ، بوونەتە میراتی مرۆڤ • لە هێندێك جێگادا ، بە باشی گەشەیان کردوەو بێکەکان زیاتر بوونو لە هێندێك جێگا ، هۆشنەپێکەکان هەر ماونو لایەنگریان هەیەو لە هێندی هەرێمی جیهانیشدا ، بەشێکی زۆری هۆشنەپێکەکان ، چوونەتە گەنجینەی مێژووەوە •

### لەشساغیو ڕێگاوبان :

مرۆڤ وەك بەشێك لە سروشت هەروەها وەك بەشێك لە

گیانلەبەران ، خاوەنی جەستەی گیانلەبەرەو لەچەند ئەندام پێکهاتووە. هاریکاری ئەندامەکانی ئەبێتە هۆی درێژەدان بە ژیانو ناسازگاری یان پێکەوە دوو باری هەیە : یەکەم باری زۆر تێکچوونو لەکارکەوتنی ئەندامی سەرەکیێ وەك دڵو مێشك کە ئەبێتە هۆی مردنو ئەو ئاڵوگۆڕە قووڵە کە وەك تاکەکەس ناتوانێ بە ژیانی ئۆرگانیکی خۆی درێژەبداو بەرەوباوان (مادەی بێگیان) ملی ڕێگادەگرێ . دووەم تێکچوونی ئەو هاریکاری یە بەشێوەی کاتی یان کەمکارکردن یان باش کارنەکردنی ئەندامێ یان چەند ئەندامی لەش کە دەبێتە هۆی نەخۆشی. کەوابوو نەخۆشی بریتی یە لە تێکچوونی ئەو هاریکاری یەو کەمکارکردن یان کارنەکردنی یەکێك لە ئەندامانی لەش یان تێکەڵاوبوونی شتێکی وردیلە لەگەڵ خوێن کە پێیدەڵێن « میکرۆب » لە لەشدا .

مرۆڤ بەپێی بناخەی گشتی گەشەکردن چون لەگەڵ کۆمەڵدا وا لە گۆڕاندا ، لەشی گیانلەبەریش هەمیشە لە گۆڕاندایە . گەورە دەبێ قەبەو درێژ دەبێ . ئەندامەکانی ئەرکەکانیان بەڕێوەدەبەن . تووشی بێکاری‌و کەمکاری دەبن‌و بەکورتی لەو ئاڵوگۆڕو بەرەوپێش‌چوون‌و گەشەکردنەدا ، مەڵبەندی ژیان ، خواردنەوەو خواردەمەنی یەکان ، ڕووداوە چاوەڕوان‌کراوو نەکراوەکان‌و هی‌تر ، لەسەر ئەو ڕەوتە شوێن دادەنێن . ئەگەر مەڵبەندی ژیان تەیارو پاك‌و خاوێن بێ ، خواردەمەنی باش هەبێ‌و هەوای بێ‌خەوش بۆ هەڵمژین هەبێ‌و باری ژیان قورس نەبێ ، نەخۆشی کەمتر ڕوودەکاتە ئەو مەڵبەندەو ئەگەر ئازادی‌و سەربەستیش هەبێ ، تەمەن درێژو لەش‌ساغ‌و دەروون سووك دەبێ .

دیاره بەپێچەوانەکەی لەش ناساغ‌و ڕوح نیوەمردوو ، تەمەن کورت دەبێ • ژیانی سەرەتایی‌و کوندنشینی‌و هەڵکەوتوویی کوردستان لە باری سروشتەوە ، شێوەی ژیان‌و دەوری کشتوکاڵ‌و ئاژەڵ ، نە وەگەڕخستنی ژیاندا ، مەڵبەندی ژیان شپرزە دەکاو هۆیە نەخۆشی‌هێنەرەکان ، دێنە مەیدان‌و دەستێوەردانی مرۆڤی دەوێ کە لە بەرامبەریاندا ڕاپەڕێ‌و بەدەرمانی دەسکرد ،بەربەرەکانێ‌یان لەگەڵ بکا•

ئێران‌و عێراق‌و تورکیەو سووریە کە کوردیان تێدا دەژی ، لە باری دەرمان‌و پزیشک‌و لەش‌ساغی‌یەوە لەو وڵاتانەن کە دواکەوتوون‌و مایەو سەرمایەی باشیان چ لەباری دەرمانی چ لەباری ئینسانی‌یەوە بۆ تەرخان نەکردووە • ئەگەر کرابێتیش وەك گشت بارەکانی ئابووری‌و فەرهەنگی‌و هی‌تر ، لەو بەشەش بەشی کورد ، هەر بێ‌بەشی بووە •

لەبەر پلەی نزمی خوێندەواری لە کوردستاندا ، هەروەها لەبەر نەبوون یان کەم‌بوونی بنکەو بنیاتی فەرهەنگی بەرز ، وەك زانستگەی پزیشکی‌و دەرمانناسی‌و چاوەدێری لەش‌ساغی ، باری لەش‌ساغی ، پێشکەوتوو نی‌یە • خەڵکی کوردستانیش بەداخەوە کەمتر بەم بەشە بایەخیان داوەو لە جێدا ئەگەر لێرەو لەوێ چەند خوێندکارێك خۆیان گیاندبێتە زانستگەکانی ئەو وڵاتانەو لەمپەرەکانیان هەڵگرتبێ یان بۆ خزمەت بەنەتەوەکەیان نەگەڕاونەتەوە کوردستان یان ئەگەر هاتبێتنەوە، زۆربەیان لەجیاتی خۆخەریك‌کردن بە باری لەش‌ساغی‌یەوە ، دووکانی پارە وەرگرتنیان داناوە ! هۆی ئەو دیاردە ناحەزەش،لاسایی کردنەوەی دوکتۆرەکانی گەلی باڵادەستە •

زۆربەی خەڵکی لادێ لەبەر ئاگادارنەبوون لە بارەکانی

لەش‌ساغی‌و بێدەرەتانی ، تووشی جۆرەها نەخۆشی بوون‌و زۆر جاریش بە چەند نەخۆشی‌یەوە ئەرکەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیان ، بەڕێوەدەبەن‌و بۆ وەدەس‌هێنانی پارووە نانێك ، خۆیان بەیرەو بەوێدا دەدەن تا دەمرن !

بە سەرهەڵدانی سەرەتاکانی سەرمایەداری‌و لاوازبوونی باری ئابووری دەرەبەگایەتی ، لە باری لەش‌ساغی‌یەوە ، هێندێك هەنگاوی بەکەڵك لە شارە کوردنشینەکان ، هەڵگیراوە ، بەڵام لە گوندەکان کەمتر لەوبارەوە هەنگاو هەڵگیراوە ، هێندێك گوندی گەورە ، ، کوردستانی تورکیەو ئێران ، دەرمانگایان تێدایەو بەشی دەرمانی سەرەتایی وەگەڕ ، کەوتووە ، جاری‌وایە ناوەندێکی دەرمانی لەنێوان چەند گونددا دروست‌کراوە ، بەڵام زۆر جار لەبەر نەبوونی دوکتۆرو دەرمانی پێویست ، خەڵك پەنادەبەنە بەر دەرمانی ناوچەیی‌و گیاو گوڵ ، بۆنموونە لە دەورەی شایەتی لە ئێراندا بەهۆی ناردنی ئەو خوێندەوارانەی دەورەی زانستگەی پزیشکییان کۆتایی پێهێنابوو بە ناوی «سوپای بهداشت» بۆ گوندەکان ، چەند دەرمانگایان دروست کردەوە ، لەبەرئەوە ئەزموونیان کەم بوو ، تەنیا دەیانتوانی دەرمانە سەرەتایی‌یەکان بە نەخۆش بدەن‌و لەڕاستی‌دا بۆ دەرمانکردنی تەواو ، دەبوو نەخۆشەکانیان بەڕێ‌بکەن بۆ شارەکانی کوردستان ، زۆر جاریان ئەو نەخۆشی‌یە لە شارەکانیش‌دا چارەسەر نەدەکراو نەخۆش دەبوو بچێتە شارە گەورەکان وەك تاران‌و تەورێز یان ئەگەر کراباش ، نەخۆش نە پارەی چارەسەری ئەو نەخۆشی‌یەی هەبوو ، نە لە توانای‌دا بوو پارەی هاتوچۆوی دابین بکا ، لە عێراق‌و تورکیەش کەم‌وزۆر دۆخەکە لەو چەشنەیەو نەخۆشخانەی تەیار بەپێی دۆخی

ئەو وڵاتانە ، هەر لـە شارە گەورەکانەو خەڵـکی کوردستانی ئەم دوو
وڵاتەش بۆ چارەسەر کردنی نەخۆشی خـۆیان تووشی ئەو گیــرەو
کێشـە بـــوون •

لەبەرئەوە لـەم وڵاتانەدا بۆ بەشی لەش‌ساغی پارەی کەم تەرخان
کراوە، ڕێژەو نیسبەتی ئەوکەسانەی کە دوکتۆرێکیان بۆ تەرخان‌کراوە،
یەکجار زۆرەو تەنانەت بـە دەلەسـەدی ئەوکەسانەش ، ڕاناگـــا •
لەبەرئەو بارو دۆخـە دوکتۆر بە شێوەی سەرسەرەکی ، چـاو لـە
زۆربەی خەڵکەکەدەکاو کاتی لێکۆڵینەوەی وردی لەسەریان نی‌یەو. ئەگەر
بیشیەوێ ناتوانێ چونـکە جاری‌وایە لە ڕۆژدا نزیـکەی ١٥٠ کـــەس
دەبینێ !!

گشت دەزانین ژیانی ئاژەڵـداری ئەبێتە هـــۆی بڵاوبوونەوەی
نەخۆشی‌و درمی باو • هـەر بۆیە هـەمیشە ژن‌و منداڵو مێرمنداڵ کـە
زۆرتر لەگـەڵ ئاژەلەکان خەریـکن ، لەبەر نەخۆشی هاواریان دەگاتە
بارەگـای خـودا • بەم‌جۆرە دەکرێ بڵێین بە نەبوون یان کـەبوونی
دەرەتانی‌دەرمانی‌و چارەسەرکردنی نەخۆشی‌یەکان ، خێرا ژنی لادێ‌نشینی
کورد ، تووشی جۆرەها نەخۆشی دەبێ •خۆ هێشتا شێوەی بەخێوکردنی
ئاژەڵداری نوێ لـــە کوردستاندا ، دانەمەزراوەدو سـەرەتا کـــانی
تازە خۆی نیشان‌داوە •

هەرچەند ئاوو هـەوای کوردستان لەچـاو مەڵبەندەکانی دراوسێ،
زۆر سازگارەو ناو چەکان کانیاوی خاوێنیان هـەیە ، لەگەڵ ئەوەش‌دا
نەخۆشی مێیل ، تەراخۆم ، زەردەبرین‌و مالاڕیاو هی‌تر ، زۆرە !

دوکتۆر قاسملو نووسیویەتی لـە کوردستان زۆر بەکەمی پزیشك

هـەیەو کەمتر ڕوودەکاتە دێیەکان • تەنانەت لە شارەکانیش‌دا بەکەمی چنـگ دەکەوێ • ئائێستا (١٩٦٢ی زایینی) پزیشك‌و دەرمـــان بۆ زەحمەتکێشانی کوردستان ، ئاواتێکی دووردەستە • باری نەخۆشخانەکان شپرزەتریشە • لە هـەمو کوردستانی ئێران تەنیا ٢٥٠ ـ ٣٠٠ تەخت لە نەخۆشخانەکان‌دا ، هـەیە • واتا بۆ هـەر دەهەزار کەس تەختێك •
لـە گشت لادێیەکانی ناوچەی سەقز لـە ئێران کە ٧٤/١١٢ کـەسیان تێـدا دەژی ، بۆنموونە تەنیا لـە دوو دێ نەبێ کە دەستیان بـە پزیشك ڕادەگا ، لـە هیچ کوێیەکی‌تر تەنانەت دەرمانگایەکیش نی‌یە • ئەویش ئەو ڕاستی‌یەی لـە سەرژماری گشتی حەشیمەت‌و جێی دانیشتن جلدی ٢٤ ساڵی ١٩٦٢ی زایینی شاری ســـەقز ، وەرگرتووە • ئـەوە بەباشی دەری‌دەخا کە لـە ماوەی ١٠ تا ١٥ ساڵی ڕابوردوودا ، هیچ کارێك بۆ باشترکردنی وەزعی لەش‌ساغی دانیشتـــوانی کوردستن نەکراوە •
دوکتۆر پاش ئەم باسـە چـــوار قوژبنێك بـۆ ڕادەی خوێنـدەواری لەکوردستانی تورکیە نیشان دەدا وپلەی‌نزمی ئەوبەشەکە دەگاتە نزیکەی سەدی حەفتاوپێنج تا هەشتای نەخوێندەوارە ، بەباشی ڕووندەکاتەوە • لە حاڵێك‌دا ٥٠٪ خەڵـکی بەشەکانی‌تری تورکیە نەخوێندەوارن(١) •

دیارە نیسبەتی نەخوێندەواری نەتەوەیەك لەسەر باری لەشی‌ساغی شوێن دادەنێ‌و دەیسەلمێنێ کـە ئەگـەر کۆمەڵێك پلەی خوێنـدەواری نزم بێ ، کـەمتر خۆی لـە پاك‌و خاوێنی دەداو لـە ئاکام‌دا پزیشـکی هەڵکەوتوو و خوێنـدەواری بەرزی نابێ‌و ناتوانێ لە خۆی کـــادری دەرمانی هـەبێ‌و ئەگەریش هەیبێ ، هـەر بەوپێیەش بـــە لاسـایی کردنەوەی پزیشـکی گـەلی بالادەست کەمتر ئامادە دەبێ لە مەڵبەندی

(١) کوردستان‌و کورد . پەشو . لاپەڕی ٣٧ ـ ٣٦ .

خـۆی خزمەت بـکا • لەنێـو چەند ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی کورددا ، کە تائێستا دەیان هـەزار شەهیدیان بۆ گەیشتن بە ئازادی داوە ، تاقـە دوکتۆرێـکی لەش‌ساغی کورد نابیندرێ !!

سـە بارەت بە ڕێـگاوبان پێویستە بڵێین : بوونی ڕێگاوبانی بـاش پێوەندی بە بەرەوپێش‌چوونی باری ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و شارنشینی‌و پێویست‌بوونی ئاڵوویرەوە ، هەیە • لـە هەموو کۆمەڵێك‌دا بۆ کـەژو چیـا دەشت‌و دۆڵ‌و ئاوەدانی‌و چۆڵ ، ڕێـگا دەکرێتەوە • کۆمـەڵی بەرەوپێش‌چوو ، بەپێـی بەرەوپێش‌چوونی بارە جۆراوجۆرەکانی‌و گۆڕانی ئامرازی ڕاگوێستنی پان‌وبەرین‌و چڕو هەمواربوونی ڕێگاکەی ئاڵوگۆری بەسـەردا دێ • ئەگـەر بزن بە ڕێگایەك‌دا بەری ڕاوازی بارێك و ڕێـگای چـڕیشمت بێ ، نیازت بە گۆڕین نی‌یە • ئەگـەر بارەبەری گیـاندار وەك کـەرو ئێستر ، ئامرازی ڕاگوێستنت بـێ ، ڕێـگا چڕەکـە ، خۆش‌دەکەی‌و پانیەکەشی زیاد دەکەی • کـەشتی زۆرو زیاد لـە مەسرەف بەرهـەم هـات‌و بازاڕی بوو و بـەو دوو بەستەزمانە نەکـرا ، ڕای‌گوێزی ، پەنا بۆ کـەڵ‌و عەڕابەو شتی‌وا دەبەی • ئەگـەر چـەرخی ئوتۆمبیل‌و تێکنێك خۆی گـەیاند ، ئـەوا جادەی‌پان‌و هەموارت دەوێ • بۆ دروست‌کردنی ئەمەیان پووڵ‌و پسپۆر پێویستەو لـە توانای خەڵـکی گوندو شـاردا نی‌یە • ئەگـەر باری حکوومەت بێ ئەم جادە لەبار بێ‌و ئاشی بێ ئەم‌ڕێـگابگە ڕێ ، ئەوابۆ کێشانی ئەم‌ڕێـگا ، هەنگاو هەڵناگرێ •

کوردستانیش جیـا لەم چوارچێوە نی‌یەو تاکاتێك دەرەبەگایەتی لە سەرکـاربووە ، دۆخـی‌ژیان لەلایەك ڕێـگای نەداوەو لەلایەکی‌تر حکوومەتەکان هەوڵیان نەداوە ، ڕێـگای باش بکێشن • دەربەگەکـان

ئەگەر توانایان بایە ، تەنیـا بۆ ئوتۆمبیلی شەخسی خۆیان بۆ گوندەکەیان ڕێــگایان دەکێشا • پاش تێکچوونی دۆخی دەرەبەگایەتیو هاتنە بازاری بەرهەمەکانی مەکینەکانی سەرمایەداریو دیاری کردنی کوردسـتان وەك بازاڕی مەسرەف ، بەرەبەرە لــە شارو شارۆچکەکانەوە ، بەرەو هێندێك لــەو گوندانەی خەرجی ڕێگاکێشانیان زۆر نەبوو ، جادەیان کێشــا • تا ئــەم دوایانە ڕێــگای نێوان شارەکانی کوردستانو تەنانەت شەقامەکانی ئەو شــارانە ، خــاکی بوون ! ئەو بەشانەی کوردستان کە دەشتن یان ڕێــگای بازرگانین ، حکوومەتەکان نە لەبەر کوردستان بەڵــکوو لــەبەر ڕاگوێستنی شتومەکی بازرگانیو ناردنو هێنانی کوتاڵو چارەسەرکردنی کاروباری دامودەزگای خۆی ، ئەو ڕێگایانەیان کێشاوە • بەرەبەرە کە بەرهەمی بنــکەو بنیاتە سەنعەتی یەکانی وڵات ، ملی ڕێگای کوردستانیان گــــرتو سەرمایەدارەکان ناچــار بوون کوتاڵەکەیان بەگەیێنە ئــــەو مەڵبەندە ، ناچاریش بوون ڕێــگای ڕاگوێستنیان بۆ بکێشن • هــەر بۆیە لەم چاخەدا لــە لابەلای کــەژە گەردەنکەشەکانی کوردستانو لێواری ڕووبارەکانیەوە ، جــادەی قیلەتاو وەك ڕەشمار داکشاوەو پێچی لەخۆی داوەو ڕێ گای نزیك کردوەتەوە • جــادەی دوولاینە یان «ئوتوبان» لە کوردستانات زۆر کەمەو وەك وتم نیــازی ژیانی نوێ دنەی حکوومەتە سەرمایەدارەکانی زاڵ بەســەر کوردستاندا داوە ، کــە هــەم جــادەی نێوان شارەکان قیلەتاو بــکەنو هــــەم خیابانو شەقام لــە شارەکــان سازبــکەن • چوونــکە شارەکانی کوردستان بەگشتی سەنعەتی نین ، ڕێگاو شەقامەکانیش پانو بەرین نین •

لەمدوایانەدا حکوومەتەکان بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشە ڕەواکانی گەلەکەمان ، بودجەیان بۆ ڕێــگاوبان لە کوردستان تەرخان کردووە •

لـه شـاخ‌و دەوەن‌و دەشت‌و دۆڵ‌و چیاو چـۆڵ ، ڕێـگایان کێشاوەو کەژیان ڕمـاندوە • نەگونجیان گونجـاو کردوەو بە گرمـەگرم‌و تەقەتفەنگ وەدووی پێ‌وشوێنی شۆڕشگێڕانی گـەل کـەوتوون • بۆنموونە لە هەورامانی کوردستانی ئێران ، جادەی سـەیر کێشراون : لـە دەربەندی کەڵەوێ بۆ دزلی ، لـە دزلی بۆ ژاڵانە لـە ژاڵانـەوە بۆ نەوسوودو بۆ هەورامانی تەخت ، لـە حەوت‌کەشانەوە بۆ نۆدشە • لـە نۆدشەوە بۆ هەجیج‌و ئەسپەڕێزو بەشێـکی دەچێتەوە گوندەکـانی نوێن‌و ناو • لـە نوێنەوە بەرەو هەورامانی تەخت • ئەمەو دەیان ڕێـگای لەم‌چەشنە کـە ئوتۆمبیل‌و بن‌دوزەرو چەرخی گەورەیان پێـدا دەچێ ، هۆشیان تووشی سەرسووڕمان کردوەو ئەگـەر خەباتی نەتەوەکەمـان ، نەبایە ، بۆ سـەدان ساڵی‌تریش ڕێـگای‌وا ، ڕێـگای لەو چیاوچڕە ، نەدەکەوت • هەرچەند مەبەستی حکوومەت لـە کێشانی ئەم ڕێگایانەدا ، شتێکی‌ترە ، بەڵام زەحمەتکێشانی خاوەن باخ‌و زەوی‌و ئاژەڵ ، بەرهەمی زیادی خۆیان لەم‌ڕێگایانەوە دەگەیەننە بازاڕو ئەگەر خـاوەن‌هۆش بن لەبنـەوە سوپاسی شۆڕش دەکەن •

### دەوری وەرزش‌و ڕابواردن لە کۆمەڵەکەماندا :

لەش‌ساغی ئاکامی دوو شتی سەرەکی‌یە : یەکەم ئاوو هەوای لەبارو ڕاستنی پاک‌و خاوێنی‌و بوونی ئامرازی دەرمانکردن • دووەم : کـارو تێکۆشان‌و بارهێنان‌و پەروەردەکردنی لەش‌و ڕاهێنانی بۆ وەئەستۆگرتنی ئەرکـە کۆمەڵایەتی‌یەکان‌و نیشان‌دانی چالاکی بەرهەم‌هێنان ، دەوری کاریگەریان لەسـەر تەندروستی مرۆڤ هەیە • لەش کە ڕاهات‌و هێزو توانای زۆر بوو ، لە مەیدانی کردەوەدا بەعـەشقەو ، هەڵدەسووڕێ‌و شادو ساغەو بێوازی‌و کەمتەرخەمی نیشان‌نادا •

بەشــە جۆراوجۆرەکانی وەرزش لــە تۆپی پێو تۆپی سەبەتە یان ســـەلەو والیباڵ یان تۆ پی بالـــەو ژیمناستیكو خزانی سەرسەهۆڵو ڕاکردنو شتهەڵگرتنو گورزانو قۆلانو دووکلەپایێو کێلوبەردی کوردیو دەیان جۆریتری یاری ، بێجگە لەوە لە بەهێزکردنی لەشدا، دەوریان هـــەیە لــە باری ڕابواردنو سەرگەرمیو سەرنجدانەوە ، بەکەڵکنو ئامرازن بۆ سەرگەرمی سەدان میلیۆن مرۆڤی ســـەرانسەری جیهان • بێجگە لەمـــانە وەرزش لە جیهانی ئەوڕۆدا ، هۆی ناسـاندنی گــەلانی جیهـــان بەیەکترەو مەیدانێــکە بــۆ کێبرکێو نیشـــاندانی لێوەشاوەیەکانی گەلانو لە هاریــکاری گەلان بۆ گەیشتن بە ئامــانجی ئینسانیو پێــکەوەژیانی پــڕ لـــە ئاشتیو ئازادیو برایەتی ، دەوری بەرچـــاوی هــەیە •

لــە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا ، بۆ ئــــەم بەشە لە ژیانی مرۆڤو هــاندانی لاوان بۆ بەشداری لــە بەشە جۆراوجۆرەکانی وەرزشدا ، بودجــەی بەرچــاو تەرخان کراوەو مەیدانی گەورەو ڕازاوە خوڵقاوەو بایەخێکی یەکجار زۆری پێدراوە • ئەگــەر وەرزش وەك لە هێندێك لە وڵاتانی جیهــاندا باوە ، نەبێتە هـــۆ بۆ گرەوکردنو کێبرکێ پوڕل پەیداکردنو دوکــان بۆ هێندێك دەستەو تاقمی ساختەچی ، یەکێك لـــەو هونەرانەیە کــە بۆ پەروەردەکردنی لــەشو دەروونو گیانی مرۆڤ ، ئامرازێـــکی بەکەڵـکە • دەتوانین بڵێین : ئێستــا بنــکەو بنیـــاتە کۆمەڵایەتییەکانی بەشی وەرزش ،ئەرکی زۆریان لەسەر شـانەو لـــە وەرزی جۆراوجۆردا لــە گــەڕ ناکەونو بازاڕیان گــەرمە • وەك وتم ئەگــەر وەدوای مەبەستی خۆیان بــکەونو تووشی لاڕێی نەبن ، دەوری ڕاستەقینەی خۆیان دەگێڕنو هــەر ئەندازە تێکنیك جێــگای هێزی قۆڵی

مرۆف ، بگرێتەوە ، نرخی ئـەوان زیاتر دەبێ • لە داهاتوودا مەکینـە ئەرکی مرۆف بەڕێوە دەباو بەسـەر گەرمکردنی کۆمەڵانی خـەڵك ، پێویستی سەرنجدان بە وەرزش ، زۆرتر دەبێ •

★ ★ ★

دەدرا کــە سەرما کاری لێنەکا • پاش ئەوە ، چنین و دروومان بوونــە پیشەی ئافرەت • پاش ئەوە دابەشکردنی کارهاتە پێش و بەرەبەرە ژیانی خاووخێزان خۆی داسەپاند کــە بازێــکی گەورە بەرەو پێش بوو • لەم دۆخەش دا ، ئافرەت دەسەڵاتی خۆی نەدۆڕاند • منداڵ بە ناوی دایك و خاڵوان پشت و پەنا بوون و هــۆز لە دایــکەوە دەستی پێدەکرد • باوی گواستنەوەی ئافرەت نەبوو ، بووك یان زاوا دەچوونە لای ئەوی تریان • جیــا بوونەوە بە دەستی ژن بوو • لــە چین ماڵ و نێوماڵ هی ژن بوو • پیــاو بەدەگمەن خۆی دەکرد بەماڵدا • چــەند مێردە باو بوو • ئێستاش چــەند هۆز لە ئاسیاو ئەفریقا هــەن بەوجۆرەن • لە مالیزی هۆزی ئەوتۆ هەیە کچ مێرد بە چەند برا دەکاو براکان دەبنە هەوێی ! بە گەشەکردنی زیاتری کۆمەڵ ، ئەم باوەش پووچایەوە • بــە دەستەمۆ کردنی ئاژەڵ ، پیــاو زۆرتر کــەوتە ماڵ و دەستی لە ڕاو کێشا مەگەر بۆ گۆشتێــکی نازك • بۆئەوەی پیــاو منداڵی خۆی بناسێتەوە ، ڕێــگا بۆ باوی تاکــە مێردی خۆش کرا • دیارە لــە باری سروشتەوە ، منداڵی دەوری خێزان بەپێزتر بوون • بەپێی نەریت ، ژن لــەم بارەش دا تا ماوەیەك دەسەڵاتدار بوو • ئەم دەسەڵاتە لــە ئاینیش دا ، ڕەنگی دایەوە ، چوونکە بەشێــکی زۆر لــە پەیکەری خودایان لــە قاپۆری ژن دا بوو • پێش عیسا لە ئیتالیا بوت پەرستی وابوون ، کێری خۆیان دەبڕی تا وەك ئافرەت بنوێنن[1] •

تەمەنی ئەم دەورە ڕووناکە کورت بوو ، پاشان بوو بە فەرمانبەرو جێی خۆشگوزەرانی پیاو • باری کۆنی نزیکی کردنی دۆستان و خزمانی زاوا بە بووك ، ماوەیەك ، مایەوە • هۆزی دواکەوتووی وا هــەبوون ،

---

(١) ئافرەت لە مێژوودا ، د • کەماڵ مەزهەر ، بەغــــدا ، ١٩٨١ لاپەڕی ١٠ ــ ٥ •

بە باشیان دەزانیو لە دەورەی دەرەبەگایەتیدا ، شوێنەوارەکانی لـــە هێندێك جێـگا خـۆی دەنواند • بۆ پاراستنی مـاڵ ئافرەت دڵسۆزتر بوو • داوێنپیسی لـە پیـاودا ، زۆرتر بوو و هی پیاو هـەتا ئێستـاش ئاسایییەو هی ژن سزای توندی بەدواوەیە • داوێنپیسی ژنان جارجار لەبەر نیـازی مـادی بووە • تائێستاش بـەزۆربەیی ژن بە ئارەزووی خـۆی مێرد ناکـا • ڕێـگا بە مێرد دراوە ، ژنی داوێنپیسی بکوژێو پێچەوانەکەی باسی سـەر بووە ! لـە زۆر کۆنەوە تا ئەم نزیکانە ، لـە زۆر جێگای ئەم سەرزەوییەدا ، ژنی داوێنپیسیان سوار گوێدرێــژ کردووەو سـەریان تا شیوەو گوندو شاریان پێکردوە ! لای میسری کۆن سزای ژنی وا لـەم جیهانەو هی پیاوی وەها لەو جیهان ، دەدرا •

زۆر پیـاوی گـەورە تا پێست کـەندنی ئافرەت لەسزاداندا ، چوونەتە پێش • ئـەم بۆچوونانە وای لێکرد ، ژن ئەو ستەمـــە بـە دیاردەیەکی سروشتی بزانێ • ئاکادییەکان پەچـەو سـەرپۆشو جلوبەرگی شۆڕیان لەبەر ژن کرد ، تا ئافرەتەکان لێك جیابکرێنەوە • بەرزەوەبوونی پلەی دەسـەڵاتی پیاو ، نرخی کوڕیشی بەرز کردەوە • پێش ئەو بارە لەنێـوان کچو کوڕدا ، جیـاوازی نەبوو • بابلییەکان لەسەر لەباربردنی منالی کوڕ ، ژنیان دەکوشتو بەرتیاندەکرد ! دەورەی نەزانی بەر لـە ئیسلام ، لـە نیمچەی دوورگـــەی عەرەبدا ، کچ زیندەبەگۆ دەکرا •

لـــە هیندوستان پیـاوی بێکوڕ ، کچەکەی دەکردە کوڕی خۆی • پیاوێك کچی نەبوایە ، ژنەکەی ڕێـگای بە برا یان خزمی نزیك دەدا لەگـەڵی نزیـکی بکەن • لە ڕۆمی کۆندا ، ژنی بێکوڕیان جیادەکردەوە • یونانییەکان کوریان پەروەدەدە کـردو کچیــان

فڕێدەدا • پیـاو هـەر ئێستاش بۆ کوڕ ژنی دیـکەش دێنێ • لـەوێ لەبەر کوڕ ، ژنیان دەهێنا • زۆر جـار لە ژنان لەبەر جیاوازی خوازی پیاوەکانیـان کوشتووە • بێجگە لەدانیمافی جیابوونەوەی تایـەت بـە پیاو ، بێوەپیـاو دەیتوانی ژنیتر بێنێو بێوەژن نەیدەتوانی مێردیتر بکا ! لــە هیندوستان ژن لەگەڵ لاشـەی مێردەکەی دەسووتێندرا • کـچ بوون بە سامانو لە کۆشکەکاندا ، بەند کران •

ژن فێڵبازیو نازونووزو گریانو درۆی کردە قەڵغان ، کـــەچی دادیشی نەدا • هەربۆیە ، لـە ئوورووپادا ، بەهیـــوای ژیانی باشی جیهانێکیتر ، دەچوونە کلیساو لەوێش جاریوابوو پەیمانیان دەشکاند !و پاپاکانیش نەیانتوانی پێشیان پێبگرن • تازە دایە گەورەی ژن واتا حەوا لای کلیسا ، تاوانبـار بوو ، چوونکە یەکـەم هەڵە ئەو کردی ، هـەر بۆیە دنەی پیاوەکانی دەدا ، ژن نەهێنن • پیـاو بە گۆپاڵ ژنی تەنبـێ دەکردو ژن بەو زەبرە کرایە کۆیلەو بایەخ نەدان بە ژن بـــە واتای پێ اوەتی پیـاو بوو • ئەم بارە پیاوی بەئەزموونتر کرد • چوونـکە ژن پەتکراوو پیـاو بەرەڵا بوو ، شت فێردەبوو • جێگای ڕابواردن بۆ پیـاو هەبوو نەك ژن ! ژن تەنیـا دەیتوانی بۆ کڕینی پێداویستی مــاڵ ، بچێتە بازاڕو لەمەشدا پشووی لێ هەڵکێشاو دژپەسندی کردە بیـانووی مانەوەی لە دەرەوەی ماڵ •قسەی گەرماوی ژنان بەناوبانگەو هۆیەکەشی، بێدەرەتانی بۆ دەربڕینی قسەکانی بووە • پیاو کاری قورسی هەڵبژاردو ئەگـەر نەشبوایە وەك لـە ڕۆمی کۆندا باوبوو ، بۆ پارە داڵیشی گسك دەدا • لـە چین بەهۆی زۆربوونی پیاو ، کـاروەبەر ژنان نەدەکـەوت کـە بوو بەهۆی نزمبوونی پلەی ئینسانی ژن • هەزارانیان خنکێنراونو زۆریان لەبرساندا ، مردوون ، کەچی کوڕ دەبووە هێلکەی زێڕین !

پیری بوو بە بەڵای ژن ، بۆیە هەر هەمیشە پەرۆشی لابردنی لۆچی دەموچاوی بوو • بەمجۆرە ، دەرمانی خۆجوان کردن نرخی پەیداکردو سمڵو مێخەك ، کرا بە بەرقەدداو هەمیشە تەمەنی خۆیان کەمنیشان دەدا • وەك باوی کۆمەڵ کوڕی نەتراشراو کچێ بالابەرزو ئاسك چاو ، مارە دەکاو کەمتر لاوێکی قۆز ، کچێکی ناحەز مارەدەکا ، (مەگەر لە قاتوقڕی دا)و لەکاتی دەوڵەمەندی کچەدا • عیبرانی یەکێ لە بازار، کچیان دەفرۆشت یان کچێنییەکەیان بە بارە دەداو لەسەر بێشکە بەشوویان دەدا (ئێستاش لە هێندێك ناوچەی کوردەواری ئەو باوە خراوە ماوە ! ) شاعێرێکی یونانی : ژن بەلایەو بۆ گەیشتن بە قەلای کوڕ ، بەملەوەیە • ئەگەر وانەبێ ، وا باشە ئافرەت بکڕیو کەی ویستت جووتی پێبکەی • دارکاری ئافرەت بوو بە پیشەیەکی بەرزی پیاو ! بە سەرهەڵدانی دۆخی سەرمایەداریو نیاز بەهێزی کار ، ژن لە کاری نوێدا ، هاتە مەیدان • بەلام لەژێر ڕکێفی چەوسێنەراندا نالەیان دەگەیشتە ئاسمان • سەرەڕای ئەوە ژیانی ژنیش گۆڕانی بەسەردا هات • پاش شۆڕشی پیشەسازی ، ژن زیاتر لە بەرهەمهێناندا بەشداری کرد • بەلام لە بواری ئازادیدا ، دەسکەوتیوای نەبوو • دابونەریتی دەربەگایەتی لەو ولاتانەش دا ، هۆی زیاتر چەوسانەوەی ژنان بوون لەلایەن سەرمایەدارانەوە • لەوێش کرێو مووچەی لە پیاوەکە کەمتر بوو ، ئەرکی جێبەجێ کردنی ماڵیشی لەسەرشان بوو • بنکە سەنعەتییەکان پڕبوون لە کرێکاری ئافرەتو بە لانی کەمەوە لە ڕۆژدا ١٢ سەعات کاریان دەکرد • بۆنموونە لە ساڵی ١٨٣١ لە فەرانسە ١٧ سعات لە شەوڕۆژدا ، کاریان دەکرد • لە ئینگلیس بۆ وەرگرتنی پارەی زۆر ، دەچوونە کانە خەڵووزە بەردینەکانەوەو شەش سەدە بەو کارە درێژەیانداو جاری وابوو

دەدرا کـە سەرما کاری لێنەکا • پاش ئەوە ، چنین و دروومان بوونـە پیشەی ئافرەت • پاش ئەوە دابەشکردنی کارهاتە پێش و بەرەبەرە ژیانی خاووخێزان خۆی داسەپاند کـە بازێـکی گەورە بەرەو پێش بوو • لەم دۆخەش‌دا ، ئافرەت دەسەڵاتی خۆی نەدۆڕاند • منداڵ بە ناوی دایک و خاڵوان پشت‌وپەنا بوون و هـــۆز لە دایـکەوە دەستی پێدەکرد • باوی گواستنەوەی ئافرەت نەبوو ، بووک یان زاوا دەچوونە لای ئەوی‌تریان • جیـا بوونەوە بە دەستی ژن بوو • لـە چین ماڵ و نێوماڵ هی ژن بوو • پیـاو بەدەگمەن خۆی دەکرد بەماڵدا • چــەند مێردە باو بوو • ئێستاش چــەند هۆز لە ئاسیاو ئەفریقا هــەن بەوجۆرەن • لە مالیزی هۆزی ئەوتۆ هەیە کچ مێرد بە چەند برا دەکاو براکان دەبنە هەوێی ! بە گەشەکردنی زیاتری کۆمەڵ ، ئەم باوەش پووچایەوە • بــە دەستەمۆ کردنی ئاژەڵ ، پیـاو زۆرتر کـەوتە ماڵ و دەستی لە ڕاو کێشا مەگەر بۆ گۆشتێـکی نازک • بۆئەوەی پیـاو منداڵی خۆی بناسێتەوە ، ڕێـگا بۆ باوی تاکـە مێردی خۆش‌کرا • دیارە لـە باری سروشتەوە ، منداڵی دەوری خێزان بەپێزتر بوون • بەپێی نەریت ، ژن لـەم بارەش‌دا تا ماوەیەک دەسەڵاتدار بوو • ئەم دەسەڵاتە لـە ئایینیش‌دا ، ڕەنگی دایەوە ، چوونکە بەشێـکی زۆر لـە پەیکەری خودایان لـە قاپۆری ژندا بوو • پێش عیسا لە ئیتالیا بوت‌پەرستی وابوون ، کێری خۆیان دەبڕی تا وەک‌ئافرەت بنوێنن(١) •

تەمەنی ئەم دەورە ڕووناکە کورت بوو ، پاشان بوو بە فەرمانبەرو جێی خۆشگوزەرانی پیاو • باری کۆنی نزیکی کردنی دۆستان و خزمانی زاوا بە بووک ، ماوەیەک ، مایەوە • هۆزی دواکەوتوویوا هــەبوون ،

---

(١) ئافرەت لە مێژوودا ، د • کەماڵ مەزهەر ، بەغـــدا ، ١٩٨١ لاپەڕی ١٠ ـ ٥ •

به باشیان دەزانیو لە دەورەی دەرەبەگایەتیدا ، شوێنەوارەکانی لە هێندێك جێگا خۆی دەنواند • بۆ پاراستنی ماڵ ئافرەت دڵسۆزتر بوو • داوێنپیسی لە پیاودا ، زۆرتر بوو و هی پیاو هەتا ئێستاش ئاسایییەو هی ژن سزای توندی بەدواوەیە • داوێنپیسی ژنان جارجار لەبەر نیازی مادی بووە • تائێستاش بەزۆربەیی ژن بە ئارەزووی خۆی مێرد ناکا • ڕێگا بە مێرد دراوە ، ژنی داوێنپیسی بکوژێو پێچەوانەکەی باسی سەر بووە ! لە زۆر کۆنەوە تا ئەم نزیکانە ، لە زۆر جێگای ئەم سەرزەوییەدا ، ژنی داوێنپیسیان سوار گوێدرێژ کردووەو سەریان تا شیوەو گوندو شاریان پێکردوە ! لای میسری کۆن سزای ژنی وا لەم جیهانەو هی پیاوی وەها لەو جیهان ، دەدرا •

زۆر پیاوی گەورە تا پێست کەندنی ئافرەت لەسزادانەدا ، چوونەتە پێش • ئەم بۆچوونانە وای لێکرد ، ژن ئەو ستەمە بە دیاردەیەکی سروشتی بزانێ • ئاکادییەکان پەچەو سەرپۆشو جلوبەرگی شۆڕیان لەبەر ژن کرد ، تا ئافرەتەکان لێك جیابکرێنەوە • بەرزەوەبوونی پلەی دەسەڵاتی پیاو ، نرخی کوڕیشی بەرز کردەوە • پێش ئەو بارە لەنێوان کچو کوڕدا ، جیاوازی نەبوو • بابلییەکان لەسەر لەباربردنی منالی کوڕ ، ژنیان دەکوشتو بەرتیاندەکرد ! دەورەی نەزانی بەر لە ئیسلام ، لە نیمچەی دوورگەی عەرەبدا ، کچ زیندەبەگۆ دەکرا •

لە هیندوستان پیاوی بێکوڕ ، کچەکەی دەکردە کوڕی خۆی • پیاوێك کچی نەبوایە ، ژنەکەی ڕێگای بە برا یان خزمی نزیك دەدا لەگەڵی نزیکی بکەن • لە ڕۆمی کۆندا ، ژنی بێکوڕیان جیادەکردەوە • یونانییەکان کوریان پەروەدەدە کردو کچیان

لەگەرمان ناچـار بوون بەرِووتی کاربکەن • لەبەرئەوە لە بنکەکان کاریان پێبدەن ، ژمارەیەکیان خۆیان دەکردە پیاو ! ئەمـە گۆڕاو ڕۆژانـــەی کەمی ژنان چێگای بـە کرێـکاری پیاو لـەق کرد •هەر بۆیە پیاوەکان دەبوونە لەمپەری چوونیان بۆ بنکە سەنعەتی‌یەکان •

مـافی خوێندنی نەبوو (هەر ئێستا لە کویت مافی دەنەگدانی نی‌یە)• وابوو لـە قاپۆڕی پیـاودا ، دەچوونە قوتابخانەو فێرگەکان ، کە پێیـان زانی‌بایە ، وەدەریان دەنان ! لـە زۆر شوێن مافی وەرگرتنی میـــراتی نەبوو ( لە ژاوەروی کوردستانی ئێران باسی میراتی ژن ، باسی سەرە !) دیارە ڕاپەڕینی ئافرەت بۆ وەرگرتنی مافی،ەنەپساوەتەوە • یەکەم جار ژن لـە ڕۆژگاری شـــەڕی سەربەخۆیی گەلی ئامریـکا لە سالّی ١٧٧٥ ـ ١٧٧٣ ، دەنگی بەرزکردەوەو داوای مافی هەلّبژاردنیان کرد • لـــە شۆڕشی ١٨٨٩ی فەرانسە ، ئالاّی سەربەرزی لەسەر قـــەلاّی باستیل داکوتا • ٨ هەزار ئافرەت هێرشیان بردە سـەر کۆشکی وێرسا • لـەو ڕۆژگارەدا ، یەکەم ڕیکخراوو یەکـەم گۆڤاریان پێك‌هێناو داواکـانی خۆیان بە ڕاشکاوی ، باسکرد • ئەو دەرفەتە لەوێش پتر لـە پێنج سالّی نەخایاند • لـە بریتانیاش دەنگیان بەرزبووەوە ، داوای مـافی خـۆیان کردو یەکسانی ئامانجیان بوو کـە پتر بەرەو باری خوێندن دەچـوو • بە بەرەوپێش‌چوونی سەنعەت ، ئامانجەکانی ژن بەرفراوانتر بوو و زیاتر لەگـەلّ ژیانی سیاسی تێـکەلّ دەبوو و لـە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا ، لە ئامریـکا نزیـکەی ١٠٠ ڕێکخراوەی تایبەت بە ژنان دامـــەزراو ئافرەتانی بریتانیاش لـەو سەردەمـــەدا دژ بە چەوسانەوە ڕاپەڕین • شۆڕشی ١٨٤٩ ـ ١٨٤٨ی ئوروویا ، زیاتر ئافرەتی وەجموجۆلّ خست• یەکـەم کۆنگرەی ئافرەتان پێك‌هات • لە ١٨٦٢ ، ژنانی بریتانیا داوای

مافی یەکسانیان کرد . لە ١٨٦٩ ژنانی نیویۆرك ڕێکخراوەی سەربەخۆیان دامەزراند . زۆری پێنەچوو لە وڵاتانی‌تری ئورووپاش ئەو بزووتنەوە پەرەی‌سەند . لە ١٨٨٨ ئەنجوومەنی ژنانی ئامریکا پێك‌هات لە ١٩٠٤ ، یەکیەتی ژنانی جیهان بۆ خەبات لەپێناوی یەکسانی هەڵبژاردندا ، دامەزرا .

بەوحاڵەش پارەو خەرجەکەی لەژێر دەسەڵاتی پیاو بوو . لە ئامریکاو بریتانیا خەباتی ژنان هەر درێژەی هەبوو تا پەرەسەندنی بۆچوونی سۆسیالیستی کە یەکسانی ژن‌و پیاوی ڕادەگەیاند ، سەرنجی ژنی بۆ لای خۆی ڕاکێشاو بزووتنەوەکەیانی بەهێزتر کرد . دەسەڵاتداران لەژێر تیشکی ئەم خەباتەدا ، ناچاربوون دان بە هێندێك لە مافەکانی ژن‌دا بنێن . لە بریتانیاو فەرانسەو ئامریکا تا ساڵی ١٨٩٢ بەپێی یاسا ، کاری ڕۆژانەی ئافرەت کرایە ١٠ سعات‌و ڕێکخراوەیان سەندیکای سەربەخۆیان پێك‌هێناو مافی خوێندن وەرگیرا ! زانکۆیەکان بۆ ژنان دەرگایان خستە سەرپشت . لە ١٨٥٨ لە بریتانیان ژن مافی جیابوونەوەی لە مێردو لە ١٨٦٩ مافی هەڵبژاردنیان بۆ ئەندامەتی شارەوانی وەرگرت‌و لە ١٩١٨ لە بریتانیاو ١٩١٩ لە ئاڵمان ، ژنان مافی هەڵبژاردنیان وەرگرت . لە ١٨٤٨ مافی خاوەن ملکی لە ئمریکا درا بە ژنی خاوەن مێرد . لە ١٩٠٨ لە فەرانسەمافی خەرجکردنی مووچەی خۆی ، پێدرا . خەباتی ژنان ڕانەوەستاو لە فەرانسە ١٩٤٤ مافی هەڵبژاردنیان وەرگرت . لەبەرئەوە پاش دەرچوونی ئافرەتان لە زانستگەکان بەزەحمەت کاریان پێدەدرا ، چەوسانەوە بەرچاو بوو . لە ١٨٧٥دا یەکەم ژن دوکتۆرای پزیشکی وەرگرت . بەڵام پاش ١٧ ساڵ کاریان پێدا ! بەوحاڵەش تاکۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانیش لە

زۆر ولاتاندا لـه مافی هەڵبژاردن ، بێبەش‌بوون • لە ساڵی ۱۹۱۷ تەنیا لـە شەش ولاتی ئورووپایی‌دا ، ئەو مافەیان هەبوو • لــە مــاوەی چوارساڵدا گەیشتە ۱۷ ولاتو لە ساڵی ۱۹۷۰دا لە ۱۲۱و لاتدا ، ئەو مافـە پەسند کرا • لە ۱۹۷۰ بەم لاوە لـە بریتانیاو ئامریـکا ، هێشتا مووچەی ژنو پیـاو وەك یەك نەبوو • بەوپێیەش ژنی بێکار هەمیشە لـە پیـاو زۆرتر بووە • ۸۵٪ی نەخوێندەوارانی جیهان ژن بوون • لــە ۱۹٦۰و هـەتا ئێستاش ، ئەندامانی پارلەمانو مامۆستای فێرگەو دوکتۆرو ئەندامانی بەرزی حکوومەتەکان ، زۆر کەمیان لە ژنان بوون • لە ژاپۆن لە ۱۹٤٦ مافی هەڵبژاردنیان پێدراوەو لە سەرەتاوە ۳۹ کەسیان چــوو پەرلەمان ، بەڵام پاش چـەند ساڵ گەیشتە ۱۲ کەس •

لــە مەیدانی زانستو بەشەکانی‌تری ئەرکە کۆمەڵایەتی‌یەکـان ، ژمارەی ژنان یەکجار کەمەو بەهۆی بێدەرەتانی‌و باری جەستەیی تایبەتی لەبۆ ژنان ، ئەو هەڵدانە لاوازە •

لەســەدا هەشتا بەرەو ژوور ، ئافرەتە خراپەکــانی ولاتان ، نەخوێندەوار بوونو باری ژیانیـان وابووە کە ۵۵٪ ئافرەتە خراپەکانی ئامریـکا ویستوویانە خۆیان بکوژن • لە ۱۸۹۰وە تا ۱۹٤۰ لە هەزاران داخوازی جیابوونەوەی ژنان ، لـە هەرێمە یەکگرتووەکانی ئامریکا لــە ۵۵ جارەوە لە ساڵدا گەیشتووەتە ۲۵۰ جار جیایی ! پاشــان هێمـای پێدەکەین کە هێندێك یەکسان نەبوونی مافی ژنو پیاو ، بە بەرهــەمی جیاوازی لەشی ئەوان دەزانن • ئۆگۆست کونتی کۆمەڵناسی فـەرانسەیی لەوباوەڕەدایە(۱) لــە کۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای ســەدەی بیستەمدا ، لە ئاڵمان دەیانگوت : ژن پێویستە لە کلیسا ، چێشتخانەو لــە

---

(۱) ئافرەت لە مێژوودا ، پێشوو ، لاپەڕی ٤۹ •

ماڵ کار بکاو خەریکی بەندەگیو مناڵ پەورەوردەکردن بێ • هیتلر لە ١٩٣٣وە کەوتە وەرگرتنەوەی ئەو مافانە کە تا ئەو کات بە ژن درابوو • ڕوسوو دەیگوت ئەرکی ژن ئەوەیە دڵی پیاو وەدەست بێنێو نابێ گوێ بداتە هەڵەکانی مێردەکەی • لە سەدەکانی نێوەنجیدا یوحەنای دمزێرین دەیگوت : هیچ دڕندەیەکی سەرزەوی لە ئافرەت دڕندەتر نییە • یەکێك لە نەوەکانی یوحەنا لە سەدەی بیستەمدا دەڵێ : درۆو فریو بەشێکن لە سروشتی ژن • لێرەدا پێویستە بە چەند بیرو بۆچوون سەبارەت بە لێوەشاوەیی ژنو یەکسانیو یەکسان نەبوونیان لەگەڵ پیاو هێما بکەین :

١ ـ وەك وتمان ئۆگۆست گۆنت پێیوایە نایەکسانی ژن لە کۆمەڵدا ڕەوایە چونکە سروشت لەشی لاواز دروستکردوە • ئەم بۆچوونە لاینگریتری هەیەو بەڵگەشیان نیشانداوە •

٢ ـ درێژەدان بە دەسەڵاتی سەرکەوتووانەی هێندێك ئافرەتی بەناوبانگ لە کۆنو نوێدا وەك شامورامات ( میراس ) دووهەزارو هەشسەد ساڵ (٢٨٠٠) لەمەوبەر لە ئاشوور ، کۆلۆپاترای حەوتەمی میسر ، بلقیس لە یەمەن ، زەنووبیای تەدمووری سووریە ، جاندارك لە فەرانسە ، ئەلزابیتی یەکەم لە بریتانیاو هێندێك ئافرەتی شەڕکەر لە وڵاتانیتر داو خانسی گاندی ، تاچر ، ئاکینۆوهیتر لەم چەرخەدا ،کردوەتە بەڵگەی یەکسانی ژنو پیاو • لە مەیدانی زانستیشدا چەند بەڵگە هێناوەتەوە • لە مەیدانی ئاخاوتنو قسەزانیدا ، مادام ڕۆڵان لە دەورەی شۆڕشی فەرانسەداو ماری کوری وەك زانای گەورە بۆنموونە دێننەوە • هەروەها دەڵێن تاقیکردنەوەی ئەو وڵاتانەی تەواوی مافی ئافرەتیان داوە، نیشاندەدا کە جیاوازی لەنێوان ژنو پیاودانییە • چوونکە لە یەکیەتی

سۆڤیەت بەشداری ژنان لە کێڵگەوە تا ئاسمانگەڕی ، بەرچــــاوە • لــە سۆڤیەت لە ١٩٢٨دا ، ٢/٥ میلیۆن ژن کاری دەکردو لە ١٩٧٠ گەیشتە ١٦ میلیون • ئەم بەڵگانەو هی‌تر دەسەلمێنن جیاوازی نی‌یە(١) •

بەرەبەرە کــە خەتە فیکرو بیرو بۆچوونە ناسراوەکان ، لایەنگرانی خۆیان لەژێر پەروباڵ گرت ، ژنان کەوتنە هەڵبژاردن‌و وەدوای ئــەو خــەتە دەکەوتن بە قسەش بێ ، مافی یەکسانی ئەوان پەسند بــکا • هەر بۆیە سۆسیالیزم سەرنجیانی ڕاکێشا • هەر بۆیە بە بیرو ڕای گــــەورە زانایاندا چوونەوەو تێگەیشتن کە ئەفلاتوون دەیگوت لەنێوان نێرو مێدا، جیاوازی نی‌یەو ئەگــەر هەشبێ لەڕادەی زیرەکی‌دایە • وەك یەك کاریان پێ بسپێردرێ‌و لــەژێر فەرمــانی پیــاوە گەورەکان‌دا بن • ئیبن‌ڕوشد پێی‌وابوو ئاوابوونی خۆری شارستانی‌یەتی ئیسلام بەوبارەوە بەسراوەتەوە کــە ژنی تێدایە • لە ڕونیسانس‌دا ، دانتــە پێی‌وابوو خاوەن‌هونەرێــکی ژن‌و خاوەن هونەرێــکی پیاو ، جیاوازی‌یان نی‌یە • هێندێك ڕوناکبیری ئــەو سەردەمە لەســەر شێوە ڕەفتاری پیاو ، سەبارەت بە ژن ، ڕەخنەیان گرت‌و پیــاویان سەرکۆنە کرد • بۆ یەکەم جار لــەو ڕاپەڕینەدا بیری سۆسیالیزم ، سەری‌هەڵدا • هۆشی تۆماس مۆری بریتانیایی یەکەمجــار ئەو ڕێبازەی پێــکاو کۆمەڵی بێ‌چەوسانەوەی (ئوتوپیا)ی لــە گۆڕەپانی زەوین‌دا ، کێشاو خستی‌یە ســەر قاقــەز • لەو کۆمەڵەدا پیاوو ژن لــــە وەئەستۆگرتنی ئەرك‌دا ، وەك یەك بوون • کاری ئافرەتان درا بە بنــکە گشتی‌یەکان‌و لــــە باری پەروەردەو فێرکردن‌و پلــــە کۆمــەلایەتی‌و زانستی‌یەکانی‌ترەوە ، جیــاوازی‌یان نەبوو • ژنان لەبەر بەکەڵك‌بوونی جوانی سروشت ، ئارایشت ناکــەن‌و پیاویش جوانی ڕەوشتی لــــە هی

(١) هەر ئەم سەرچاوە ، لاپەڕە ، ٦٠ — ٥٢ .

دەموچاو ، پێ باشترە • ئەو زانا لە چەرخی ١٦ی زایینیدا ، دەژیا •

زانایتر بەو بۆچوونە پەرەیانداو گەیشتنە ئەو ڕادە کە هێندێکیان بڵێن : بێئازادبوونی ئافرەت ، هیچ کۆمەڵگایەك ناتوانی لافی ئازادی لێبدا • ئۆگۆستبیبلی ئاڵمانی ئاڵای خەبات بۆ یەکسانی مافی ژنو پیاوی هەڵگرتو ئەو بیرە لە ساڵی ١٨٧٩ شوێنی لەسەر بۆچوونی چەند ژنی تێکۆشەر دانا • دژ بە بیری جیاوازی ڕاپەڕینو خەباتی خۆیان بە خەباتی کۆمەڵانی خەڵکەوە گرێدا • لە کۆمۆنی پاریسدا، دەوریان گێڕاو لەگەڵ نەیاران کەوتنە بەربەرەکانێو لە کارە گشتییەکاندا ، چالاکییان نیشانداو زۆریشمان بوون بە قوربانی • لە ١٨٩١ لە ئاڵمان ، ڕێکخراوی خۆیان دانا • لە ١٩٠٧ یەکەم کۆنگرەی ئافرەتانی سۆسیالیست ، گیرا • دووەم کۆنگرە لە ١٩١٠ لە دانمارك گیراو ٨ی مارس وەك ڕۆژی ئافرەتانی جیهان ، دیاریکرا • ئەم هەنگاوە جووڵانەوەی وەگەڕخست • ژنانی پتروگرادی یەکیەتی سۆڤیەت لە ٨ی مارسی ١٩١٧دا ، دژی شەڕو برسییەتی ڕاپەڕینو تێکەڵاوی ڕاپەڕینی گەورەتری کۆمەڵانی خەڵك بوون[١] •

ڕووداوی گەورەی جیهانی ، ڕەوتی ئاسایی هەر تێکۆشانێك تێكدەدا • هەر بۆ یە جەنگی یەکەمی جیهانی تەگەرەی خستە سەر ڕێگای خەباتی ژنانی ئورووپاو ئامریکا • لە ١٩١٩ یەکیەتی فیدراڵی ژنە زانکوییەکان پێكهات • بەرەبەرە ئەو خەباتە گەیشتە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ، چینو ئامریکای لاتین • لە ١٩٣٤ ژنانی ئورووپاو ئامریکا

---

(١) بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر سەرنجی سەرچاوەی پێشوو بدەن لە لاپەڕی ٦٩ ــ ٦٠ •

دژی شـەڕو فاشیزم ، کۆنگرەیەکیان پێکهێناو ٤ ساڵی‌تر دووپاتیـان کردەوە • جەنگی دووەم لانەو بانەی زۆر لە ژنانی جیهانی تێکڕماندو بە میلیون بێوەژنو کچی هەتیو ، بەجێ‌مـان • بەوبارەش لە **١٩٤٥**دا « یەکیەتی ژنانی جیهـان پێکهات » • لە **١٩٦٩** ئەنجوومەنی نەتـەوە یەکگرتووەکان ، بڕیاری نەهێشتنی جیاوازی نێوان ژنو پیاوی ڕاگەیاند • لە **١٩٨٠** لە سوئد ، کۆنگرەی یەکیەتی ئافرەتان ، **گیراو** ڕاگەیەندرا • تائێستا هەنگاوێکی بەکەڵك لەوبارەوە هەڵنەگیراوە •

هێشتا پلەی خوێندەواری ئافرەتان نزمـەو لـە ئافریقا **٨٥٪** ژنان نەخوێندەوارنو لـە زۆر وڵاتیش‌دا ، ئێستاش ئەو باوە پاشکەوتوویە ماوە • لەڕاستیش‌دا خۆیان هـەوڵی بۆنادەن • لـە وڵاتانی سۆسیالیستیش‌دا ، لەبەر نەبوونی بنکەوبنیاتی بەخێوکەری منداڵان ، ژنان گیرۆدەی ئـەوانو وەك پیـاو ناتوانن تەواو وەخت ئەرکی خـۆیان بەجێ‌بگەیەنن • ئەم پەسنەو دەورەی سکپڕیو مناڵبوونیش کۆسپن لەسـەر ڕێـگای یەکسانی ئەوان • بۆ لابردنی جیاوازی لـە دەورەی سەرمایەداری‌دا ، ئافرەتان ڕێکخراوی تایبەتی خۆیان پێکهێناوە • لـە ناوی هێندێکیان‌دا ، دەردەکەوێ کـە لە پیـاوان بێزارنو دژ بەوان شت دەنووسن(١) بەمجۆرە تێگەیشتین کە سەرەڕای دەربڕینی بیرورا لـە لایەن فەیلسۆفو خاوەن بیرانەوە سەبارەت بە کێشەی ئافرەتو خەباتی بێوچـانی ژنان لـە زۆر لە وڵاتە پێشکەوتووەکان‌دا ، **نە** بیروڕای گشتی ئەو یەکسانی‌یەی پەسند کردووەو نە ژنان لەو مەیدانەدا ، بـەو پلـە گەیشتوون !

---

(١) هەر ئەوسەرچاوە ، لاپەڕی ٧٤ ـ ٧٠ •

## ئایا یەکسانی نێرو مێ مرۆڤ ، گونجاوە :

پێش ئەوەی بچینە سەر باسی ژیانی ژنانی کورد ، پێویستە ڕای خۆمان لەم باسەدا دەربڕین •

لەم پێیەدا هێما بە دوو ڕای جیاواز دەکەین : یەکەم – بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی ژن ، نایەکسانی ژن بە ڕەوا دەزانیو دووەم بە لەبەرچاوگرتنی هەلو مەرجی یەکسانو ڕەخساندنی دەرەتان بۆ نیشاندانی چالاکی بێجیاوازی ، ئەم جیاوازی‌یە بە ناڕەوا دەزانیو خوازیاری یەکسانی‌یە •

نێرو مێ بوون نە تاوانەونە بەڵگەی جیاوازی • نێر بێ مێو مێ بێ نێر ، ناتوانن درێژە بە ژیان بدەنو زاوزێو گەشەکردنو بەرەوپێش‌چوونی مرۆڤ لە کۆمەڵدا ، بە بوونی هەردووك جۆرەکانەوە بەستراونەتەوە • ئەوەی هەستی پێدەکرێو لەئاکامی تێپەڕ کردنی پلەکانی ناسینەدا ، دەگا بە شعورو تێگەیشتن لە شتە گشتی‌یەکانو ناسینی پێوەندی سەقامگیربوونی نێوان دیاردە سروشتیو کۆمەڵایەتی‌یەکانە ، لە ژنو پیاودا وەك یەك هەیە • هەستە ڕواڵەتی‌یەکانو تێکۆشانی مێشك و قەبارەی کەللەسەرو کردەوەو دژی کردەوەو ڕەنگدانەوەی دیاردەکان لە جیهانی زەینو دانەوەیان بە جیهانی دەرەوەی زەینو شی‌کردنەوەی چەمکەکانو پێوەنددانیان پێکەوەو گەیشتن بە ناوەڕۆکی بابەتەکان ، لە هەردووك مێشکدا ، هەن • لە هەڵس‌وکەوتی کۆمەڵو باری یاساو توانو بەرەوڕووبوونی مرۆڤ لەگەڵ یەکتردا ، ژنو پیاو وەك ئەندامی کۆمەڵنو جیاوازیان نی‌یەو پێویستە وەك یەك چاویان لێ بکرێ •

ئەی باشە کێشە لەسەر چی‌یە ؟ وەك ئاگادارین ئەندامانی کۆمەڵ

هەرکامە بەپێی باردودۆخی ژیان ، ئەرکێکیان لەسەرشانەو بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی هاوبەش ، پێویستە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوە کێ نێرەو کێ مێیە ، هاریکاری بکەن • وادابنێین ژنێك و پیاوێك لە ساڵێك‌دا وەك یەك و هەرکامەیان ٥٠ ئۆتۆمبیل بخەنە بازاڕ ، بەشەکانیان لە کارگەو کارخانە بخوڵقێنن و تێکیان بخەن و بۆ کار ئامادەیان بکەن • یان هەرکامەیان لە ساڵدا ، دە چاوە خانووی دوو هۆدەیی و یەکنۆهمی سازبکەن • سعاتی کار ٨ سعاتەو ڕۆژی پشوودان ، لە حەوتوودا یەك ڕۆژە • کەسیان ئەرکی ئەویان وەئەستۆناگرێ و هەرکەسە کاری خۆی دەکا •

زۆربەی زۆری کچانی گەنج پەیمانی هاوسەری دەبەستن • ئەگەر نەزۆك نەبن پاش نۆ مانگ منالیان دەبێ • لەکاتی سك‌پڕی‌یان‌دا ، بێجگە لە پێویژی مانگانە کە شوێن لەسەر تێکۆشانیان دادەنێ و خۆی جۆرە نەخۆشی‌یەکە ، هێزی کاریان کەم دەبێتەوە تا دەگاتە سیفرو کاتی زایین و نزیکەی ٤٠ شەو پاش ئەو ڕووداوەش ناتوانن بچنە شوێنی کاریان • بەم‌پێیە بێجگە لە کوێرەوەری پەروەردەکردنی منالێ و جێبەجێکردنی کاروباری خاوخێزان ، هەر مانگ لانی کەم چوار ڕۆژی بۆ بێنوێژی کە دەکاتە ٤٨ ڕۆژ لە ساڵداو هەر ساڵ ٢ مانگ بۆ منال‌بوون کە دەکرێ بڵێین بەپێچەوانەی ویستی خۆی نزیکەی چوار مانگ لە ساڵدایە ، ناتوانێ بە کردەوە لە کارکردن‌دا شان‌لەشانی پیاو بدا • ئەگەر هەر مێردیش‌نەکا نزیکەی ٥٠ ڕۆژ لە مەیدانی تێکۆشان‌دا نی‌یە • ئەوە باری بەدەگمەنەو بەگشتی ژن دەبێتە خازەن خاوخێزان • ئەمە لایەك لەڕاستی‌یەکەیەو لایەکی تری ئەوەیە کە ژن بەهۆی سك‌پڕی و کارەساتی منداڵبوون و بێنوێژی،لەشی تووشی بێ‌هێزی دەبێ و

جۆرەها نەخۆشی ڕووی تێدەکا • بەتایبەت ئەگـــەر باری دەرمانو پاكو خاوێنی نەبوو یان کەمو کوڕی بەرچاو بوو ، ژن پاش چەند منالْ ، بـــە یەکجاری کەلەلا دەبێو هیلاکی داوێنێ دەگرێ • ئەوکات کە کـەنفت بوو ، لـە مەیدانی کارو جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیدا ، وەدوادەکەوێ •

بەمجۆرە بڕیاری سروشتو دۆخی لەشی ژنو ئەرکی سـروشتی ئەو ، دەبێتـــە هۆی نایەکسانی ژنو پیاوو لە مـەیدانی جێبەجێ کردنی ئەرکە کۆمەلآیەتیو ئابووری‌یەکاندا ، ناتوانن وەك یەك بنو لـــەباری کـاتو هێزەوە ، پیـاو لەپێشترە • شتی بەدەگمەنی وەك بوونی دەیـان ژنی بەهێزتر لـە پیـاوو بەرپرسیارانی ژن لە مەیدانی سیاسەتدا ، ئـەو ڕاستی‌یە بەراوەژوو ناکـاتەوە • بە لەبەرچاوگرتنی ئەوبارە لــەشیو جەستەیەی ژن ، لـە بوارەکانیتری ژیانو لـە بواری ئەنجامدانی ئەركو بەرهەمهێنانیشدا ، ژن وەك مرۆڤ وەك نیوەی کۆمەلْ وەك دایکی خاوەن سۆزی پیـاو ، وەك خوشکی ئەمەگناسی ئەو ، مافی یەکسانی هــەیەو کۆڕو کۆمەڵی مرۆڤایەتی دەبێو ئەرکی سـەرشانیەتی پێی لەســـەر دابگرێو بە کردەوەش جێبەجێی بـکا •

دیارە بەپێی باری چالاکی کۆمەڵ ، پێویستە هەرکەس بەپێی توانای لـــەباری هێزو کاتەوە ، حەقدەستی تەواوی پێـدرێ • ئەوە مرۆڤی کەمهێزی ژن و پیـاو دەگرێتەوەو پیاویوایش هـــەیە لە چـــالاکی بەرهـــەمهێنانو تەنانەت کـاری زەینیو پەروەردەییشدا ،ناتوانێ وەك هاوڕێو هاوکارەکەی بێتەوەو پێویستە ئەو جیاوازی‌یە لەبەرچاو بـگرێو ئەوەش بە واتای نەپاراستنی یەکسانی نی‌یە • کەوابوو بەگشتی ژنو پیاو لەباری مافـەوە وەك یەکنو ئـــەو جیاوازیانەی باســـکرا ، تاوانی دادپەروەری کۆمەلآیەتی نی‌یەو پێویستە دایكو خوشکەکان لـە خەباتی

خۆیاندا بۆ وەرگرتنی مافی یەکسان ، ئەو ڕاستییانەش لەبەرچاو بگرن .
بێجگە لەمانە ، منداڵبوون ، خۆی جورە بەرهەمهێنانێکە بۆ کۆمەڵو لەڕاستیدا هێزی دواڕۆژی کۆمەڵ بەتواناتر دەکا . واتا خۆی لە خۆیدا ، بەرهەمهێنانی کومەلایەتییە .

## ژن لە ڕوانگەی ئایینەوە :

ئایین کە لە هەموو کۆڕو کۆمەڵێکدا هەیەو چ دیاردەیەکی کۆمەلایەتی بێو چ بەرنامەیەکی ئاسمانی بێ ، بیرو ڕای خۆی سەبارەت بە مرۆڤ بەگشتیو مافی ژن لە یاساو هەڵسوکەوتی کۆمەلایەتیدا ، دەربڕیوە . لە بەشی مێژووی خەباتی ژندا بۆچوونی کلیساو هەڵوێستی ئایینی مەسیحم باس کردو ئەوەندە دەڵێم چوارچێوەی چەند ژنەیان تێدا نییە . لێرەدا بەپێی ئیمکانو بەکورتی گەوهەری ڕای ئایینەکانی تر لەمبارەوە باس دەکەم . لە ئایینی جوولەکەشدا پیاوێك توانیویە چەند ژن بێنێ . سلێمانی پەیامبەر ٧٠٠ ژنی ئازادو ٣٠٠ کەنیزی هەبووە .
ئەمە بۆخۆی بۆچوونی ئەو ئایینە سەبارەت بە ژن نیشاندەدا . وەك وتمان ئەفلاتوون کە لافی پەیامبەربوونیشی لێداوە لە ٢٣٠٠ ساڵ لەمەوپێش ڕای گەیاند : کە هیچ جیاوازییەك لەنێوان نێزینەو مێینەدا نییە .

بوودا پێیوابوو ژن بوونەوەرێکی سامناکەو نابێ پیاو وەك هاوڕێو هاوسەر ، هەڵیبژێرێ . نابێ قسەی لەگەڵ بکاو سەرنجی بداو ئەگەر چاری نەبوو پێویستە ئاگای لە فرتوفێڵی بێ ! وێدەچێ زەردەشت بێجیاوازی دانان لەنێوان ژنو پیاودا ، داشداری هەزارنو خوازیاری وەدەستهێنانی مافو پاراستنی بەرژەوەندی گشت ئەندامانی

کۆمەڵ بووەو بێگومان کۆمەڵی ئەو کات چینایەتی بووەو باسی ئەوە کراوە لایەنگری ژێردەستان بووە(١) •

لــە پێش سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلامدا لە نیوەی دوورگەی عەرەب کە لانکی ئیسلامە ، بەپێی داب‌ونەریت‌و یاسا داسەپێندراوەکانی کۆمەڵی ئەو هەرێمە ، ژن لەوپەڕی بێ‌بەزەیی‌یەوە ، دەچەوسایەوەو خـــاوەنی مافێــکی‌وا نەبوو ، باسی بکرێ •

ژنی دەورەی نەزانی کە زۆربەی زۆریان کۆیلەی کڕدراو بوون، لــە سەرچــاڵەیەك دادەنیشت‌و منالی دەبوو و دەکەوتە نێو چاڵەکــەوە • ئەگەر کچ بوایە ، گڵیان بەسەردا دەکردو دەیانکوشت‌و ئەگــەر کوڕ بایە ، بە ڕووخۆشی‌یەوە ، دەگەڕایەوەو خۆی‌و مێردەکەی ئەکەوتنــە شای‌لۆغان ، کە پاش سەرهەڵدانی ئیسلام لە قورئان‌دا گوتراوە : ئەوکات لەو منالە پرسیارد دەکرێ بە چ‌تاوانێك کوژرا(٢) •

تەنیا ژنانی سەرۆك‌هۆزو ساماندارەکان ، ڕێزیان هەبوو و ئەوانی‌تر کوتاڵی کڕین‌و فرۆشتن بوون • ئیسلام وەك ئایینێکی گــەورە بــەپێی هەل‌ومەرجی ئەو چاخــەو بارودۆخی کۆمەلایەتی ئاوڕی‌دایەوە ســـەر گیروگرفتەکان ، یەك لــەوان مافی ژن • چوارچێوەیەکی بۆ پێــوەندی نێوان پیــاوو ژن داناو لانی کــەم نیوەی بارەکەی لەسەر شانی هەڵگرت• لــە دادپەروەری‌دا وەك نەفسێك دانراو لــە بەرامبەری‌دا چ پیاو چ ژن ئەگــەر بکوژرێ نەفسێك دەکوژرێ(١) سەبارەت بە میرات نیوەمیراتی پیــاوی بۆ داناو(٢) لەبەر دۆخی لەشی‌و نەخۆشی منال‌بوون‌و بێنوێژی ،

(١) میدیا ، پێشوو ، لاپەڕی ٣٥٦ ــ ٥٣٤ •
(٢) واذا الموؤدة سئلت بای ذنب قتلت • ٨١ (٩ ــ ٨ ) •
(١) النفس بالنس ••• والجرح قصاص ، سورەتی ٥ ئایەتی ٤٥ •
(٢) اوصیکم الله في اولادکم للذکر مثل حظ الانثیین ٤ (١١) •

لـە بەندەگیدا ، هێندێك چاوپۆشی لێکرا • نوێژی ئەوکاتانە کــەوتە کاتێکی‌تر و ڕۆژوویش لەوچەشنە ئەگــەر شیری منڵ بدا ، بەخشراوە ە لەجیـــاتی سەدانیـــان بۆ پیاوێك بەشێوەی بەستنی پەیمانی هاوســەری بەمەرجێ بەجێهانتنی شەرتێکی نەکونجاو ٤ ژەن ڕەواکراوە کە لەبـەر کەسێك یاسا بەڕێوەبەرێو خۆی بە خاوەن ئایین بزانی ، دەزانی دوو ژنو زیاتر ئەبێتە هۆی کێشەو ئاژاوەو دادپەروەریش لە بەرەوڕووبوون لەگەڵیاندا ، ناکرێ(١) •

سەبارەت بە مافی خوێندن جیا لە داب‌ونەریتی باو ، ژنو پیاو وەك یەك دەتوانن بخوێنن • لـە پێوەندی لەگەڵ بەستنی پەیمانی هاوســەریو جیابوونەوەدا ، ڕووی ئاخـــاوتنی لەپیاوکراوەو لەبەرامبەر کــردەوەو دژکردەوەکانی ژندا ، پیـاو ڕێنوێنی کراوە کە چلۆن لەگــەڵ ژندا هەڵس‌وکەوتی هــەبێ • لەباری بەدەگمەنو هەل‌ومەرجی تایبەتیدا ، بە ژن ڕێـــگا دراوە بە کەسێك مێرد نەکاو لە مێردەکەی جیابێتەوە • ئەگەر مێرد تووشی تەوژمی هۆش‌ڕفێنەکان بوو ، یان لەبەر تووش‌بوون بـــە تاوانێـــکی ئابڕووبەرانەوە ، خرایە قوژبنی بەندیخانە یان بۆ ماوەیەکی درێژ ون‌بوو کەس هەواڵی نەزانێ یان خەرجی‌ژنەکەی‌نەداو هــــی‌تر ، ژن مافی ئەوەی هــەیە داوای تەڵاق بکاو دادگەریش بەپێی چوارچێوەی دیاریکراو ، درگــای جیابوونەوە ، ئەمـــانە سەرپشت(٢) لــە باسی سەرپێچی‌کردنی ژن لە فــەرمانی پیـــاوو ئاژاوەنانەوەدا ، دەتی ئایین بەمجۆرە پیاو بەرپرسیار دەکا :

---

(١) فانكحوا ما طـاب لكم من النساء مثنى وثلاث ورباع وان خفتم الا تعدلوا فواحدة ٤ (٣) •

(٢) مـــەودای دەسەڵاتی ئیرادە لە تەڵاقدا ، دوکتۆر مستەفا ئیبراهیم زەڵمی ، بەغدا ، لاپەڕی ٢٠٨ ــ ١٨١ •

١ ـ ئامۆژگاری ژنەکەی بکاو ناڕەوابوونی ئاکارەکەی شی بکاتەوە ( واللاتی تخافون نشوزهن فعظوهن ) •

٢ ـ ئەگەر کاریگەر نەبوو ، لەگەڵیدا نەخەوێ ( واهجروهن في المضاجع ) •

٣ ـ ئەگەر ئەوەش شوێنی دانەنا لێیبدا (واضربوهن) پاشان ئەگەر ملیان بۆ فەرمانی پیاو دانواند ، ڕێگایان پێمەگرن‌و تەوژم مەخەنە سەریان (١) •

٤ ـ ئاشتی کردن باشترە (٢) •

٥ ـ پتەوکردنەوەی پەیمان‌و بناخەی پێکەوەژیان بەهۆی دیاری کردنی داوەرێك لە خزمی ژن‌و داوەرێك لە خزمی پیاو بۆئەوەی کێشەکە چارەسەر بکەن‌و تاوانبار ، سزا بدرێ •

٦ ـ ئەگەر ئەم گشت هەوڵدانە بە ئاکام نەگەیشت ، جیابوونەوە دوایین دەرمانە ، کە لەودا مافی هەرکەسە لە بەرچاو گیراوەو دوو جار بۆ پەشیمانی ڕێگا ئاوەڵایە •

٧ ـ جیابوونەوەی جاری دووەم •

٨ ـ جیابوونەوەی جاری سێیەم‌و دوایین (٣) • سەبارەت بە پەچەو ڕووسەری‌و هەڵس‌وکەوت لەگەڵ پیاوی نامۆو بێگانە ، چوارچێوەیەکی بۆ ژن دیاریکردووەو ڕێگانادا زینەتی ژنان بێجگە بۆ مێرد ، بخرێتە بەرچاوێکی‌تر • لە قورئاندا پیاو ئامۆژگاری کراوە ،

---

(١) سوورەتی نیسا ٣٤٠ •
(٢) هەر ئەم سوورەتە ١٢٨ •
(٣) مەودای دەسەڵاتی ••• ئەم سەرچاوە ، لاپەڕی ٢٠٢ ـ ١٩١ •

تەوژم نەخاتە سەر ژنو ئەگەر نەیویست بەشێوەیکی جوانو بێ‌ئەزەی ماف‌و بەرعۆدەبوونەکانی خۆی بۆ ژن پێ‌شێل بکا ، بڕیار لەسەر جیابوونەوەی بدا • ( فمتعوهن وسرحوهن سراحا جميلا ) ( احزاب ٢٨ و ٤٩ ) •

لێرەدا دەسەڵاتی پیاو زۆرەو بڕیاردانو بەرپرسایەتی بەشی پیاو زۆرەو ڕووی قسە لە ژن نەکراوەو بەپێی گەشەکردنی کۆمەڵیش ئەو بڕیارە نەگۆڕدراوە •

دەتوانم ئەوە بەڕاشکاوی بڵێم لەم‌بابەتانەوەو بابەتی‌تری خاوەن پێوەندی بە ژنەوە ، بەتایبەت لە کوردستانی ئێمەدا ، پیاو لە سنوورە دیاریکراوەکان ، تێدەپەڕێو چوارچێوە ناپارێزێ • بۆنموونە پیاو دەبێ لە تەڵاقدانەدا ، دانانی کات لەنێوان دوو جار هەڵوەشاندنەوەی پەیمان (تەڵاق)و جاری دوایی چوارچێوەی دیاری‌کراو ، بپارێزێ کەچی هەر سێ ! تەڵاقەیە وەك فیشەکەشێتە لە زاری پیاو دەردەپەڕێ ! ( الطلاق مرتان فأمساك بمعروف او تسريح باحسان) •تەڵاق دان لە ماوەو کات‌دا، کاتی بۆ دیاریکراوە ، ناپپارێزێ ، پێی‌گوتراوە لە چاخی تێپەڕکردنی کات‌دا ، ژنی لەوچەشنە نابێ لە ماڵ وەدەربندرێ ( واتقوا ربكم لا تخرجوهن من بيوتهن ولا يخرجن الا ان يأتين بفاحشة مبينة ) • تەلاق(١) • مەگەر ئەوە تووشی تاوانی ئاشکرای نامووسی بن • کەچی پیاوی کورد ، ناهێڵێ چاوبکاتەوەو بەرەو باوانی دەنێرێتەوە • شاهید گرتن لەسەر تەڵاق یان هێنانەوەی بە بوونی دوو شاهید ( فاذا بلغ اجلهن فامسكوهن بمعروف او فارقوهن بمعروف واشهدوا ذوى عدل منكم ••• تەڵاق(٢) • لێرەش‌دا فەرمان بە بەرەوڕووبوونی بەچاکە بەپیاو دراوەکە نای‌پارێزێ !

نابێ پیــاو بەزۆرەملی ، ژن ناچار بــکا لە مارەیی‌و مــافی‌تری چاوپۆشی بــکا کەچی لــە هەرێمە ئیسلامی‌یەکان ، بەتایبــەت لــە کوردستاندا ، ئەو باوە خراوەو نەك هەر چەسپاوە ، بەڵــکوو برەوی پێــدراوە !

( ولا يحل لكم ان تأخذوا مما اتيتموهن شيئا الا ان يخافا الا يقيما حدود الله ••• بەقەرە (٢٢٩) ) • لێرەدایە کــە ئایین لایەنی ژنــی گرتووەو بە پیــاو فەرمان دەدا ، ملهوڕی نەکا •

ژیانی هاوسەری‌و پەیمــانی لەوچەشنەی دوو ئینسان ، نیازی بــە دانانی یاســای تایبــەتی‌یە • هــەر رێبازێك وەك وتمان یاسای تایبــەتی خۆی هەیەو ئێمــە لێرەدا بە بەشێك لــەم یاسا لــە ئایینی ئیســلامدا هێمامــان کرد ، بەپێی توانا بەکورتی پاشماوەی یاساکە دەخەینە بەرچاو • لــە ئیسلامدا دانراوە :

١ ـ ژن‌و پیــاو بۆئەوەی بەخۆشی بژین : پێویستە گوێڕایەڵی یەکتر بن • بەتایبەت ئافرەت دەبێ زیاتر بەرپرس بێ •

٢ ـ هیچ نامۆیەك نەیەتە ماڵی هاوسەریی کــە مێردەکە بە هــاتنی ڕازی نەبێ •

٣ لەکــاتی دیارنەبوونی مێردەکە ، ژن پێویستە ئاگاداری مــاڵ‌و منداڵی بێ‌و زیان بە خێزانەکە نەگەیەنێت(١) •

٤ ـ ژن نابێ لە مێردی خۆی بدا ، چوونــکە هیچ ڕێزێکی لای منداڵەکانی نامێنێ •

---

(١) ئافرەت لە کۆمەڵگای ئیسلامدا ، عەلی سالح کەریم ، بەغــــدا ، لاپەڕی ٤٦ •

٥  ئەوەی ژن دەبێ لــە بەرامبەر مێردەوە بیپارێزی ، لەگــەڵ سەلماندنی بەرفراوانی مــەودای دەسەڵاتی مێرد ، ئەویش ســـ ەبارەت بە ژنەکەی پێویستە بیپارێزیێو لێرەدا پیاو بەرپرسیاری ماڵـــەو گشت ئەمانە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی ئافرەتیشە •

٦  ژن لە بەرامبەر دەسەڵاتی پیاودا ، مافی بـــەر پەرچدانەوەی هەیە • بڕیاری خۆی لە دەستی خۆیدایە • هەرکاتێك تێگەیشت ناتوانێ لەگــەڵ مێردەکەی بژیو خۆشی ناوێ ، بۆی هەیە لیێ جیابێتــ ەوە • بەڵام ئەم کارە هاسە ان نییەو دادگاکان پشتگوێ ، ئەخەنو مێردیش لەبەرئەوە هــەر ئەو دەسەڵاتی تەڵاقدانی هەیە ،مل کــەچ نابێ ! بۆئەوەی ئافرەت بە ئاواتی بــگا ، پێویستە واز لە باوانیو سامانێك بێنێ کــــە هی ئەوەو لای مێردەکەیەتی !

٧ ــ ئەگــەر مێرد بێ هۆی رەوا ، ویستی لە ژن جیابێتەوە ، ئــەوا ژن مافی وەرگرتنی بەشی خۆی لە ماڵی هاوبەشدا هەیەو تا مێردێ کیتر بـکاو پیــاو دەبێ بیژێنێ(١) •

٨ ــ ئیسلام سەرۆکایەتی حکوومەتی لە ژن قەدەغە کردوە چوونکە نایەوێ بە هیچ جۆرێك ئافرەت تووشی باری ڕامیاری سەرگەردانی ئەم جیهانە بێو ببێتە بنێشتەخۆشکەی سەر زمانان (٢) ڕەنــگە لەبەرئەوە بێ ئەرکی سروشتی فرامۆش دەکاو بە ڕاسوڕێس کردنی کاروباری ماڵدا، ناگــاو بنەماڵە تووشی بێسەرەو بەرەیی دەبێ • لە ڕوانگەی ئیسلامەوە ، بەخێوکردنی بەرەی داهاتوو و هێزی بەرهەمهێنــەرو ژنو مێـــردی دواڕۆژ ، لــە کارکردنی ژن لــە دەرەوەی ماڵو لە بنــکەو بنیـــاتە

---

(١) هەر ئەم سەرچاوە ، لاپەڕی ٥٨ ــ ٥٧ •
(٢) ئافرەت لە کۆمەڵگای ئیسلامدا ، پێشوو ، لاپەڕی ١١٠ •

سەنعەتی یەکاندا ، گرنگترە ، تازە پەچەو ڕووسەری ئافرەتی موسڵمان و چوارچێوەی هەڵس و کەوتی ژن لەگەڵ پیاوی بێگانە ، دەرەتانی کارکردنی ژنان لە بنکەو بنیاتی کشتوکاڵی و سەنعەتیدا ، بەرتەسک دەکاو دژواری دەخوڵقێنێ •

٩ ـ ژن لە مرۆڤایەتیدا وەك پیاو وایەو لە یەك نەفس خوڵقاون ( یا ایها الناس اتقوا ربکم الذی خلقکم من نفس واحدة وخلق منها زوجها وبث منهما رجالا کثیرا ونساء ••• نیسا (١) •

١٠ ـ ئیسلام بەپێچەوانەی ئایینە پێشووەکان دەرچوونی ئادەمی لە بەهەشتی نەخستە ئەستۆی ژن ، بەڵکو ئەو تاوانە بە هی هەردووکیان ئەزانی : فاز لهما الشیطان عنها فأخرجهما مما کانا فیه (اعراف ، بیست)•

١١ ـ وەك وتمان لەلایەن خواوە ، چاکەو خراپەی پیاوو ژن وەك یەك سزاو پاداشتیان هەیە • (من عمل صالحا من ذکر وانثی وهو مؤمن فلنحیینه حیاة طیبة ولنجزینهم اجرهم باحسن ماکانوا یعملون ••• النحل (٩٧) وەك وتمان کە ئیسلام زیندەبەگۆڕی کچانی هەڵگرت و دژی ئەو ڕەوشتە ناحەزە وەستا کە بە بیستنی هەواڵی لەدایکبوونی کچ ، تێکدەچوون و ڕەش هەڵدەگەڕان و داوای کرد ڕێز لە ئافرەت بگرن و وەك پیاو ڕێگایان بدەن ، فێر بن •

١٢ ـ لە سەرۆکایەتی ماڵدا ، پیاو خاوەن دەسەڵاتەو پیاو پلەی لە ژن زیاترە (وللرجال علیهن درجة • بەقەرە ٢٢٨) پاش گەورەبوونی کچ خۆی دەبێتە خاوەن ماڵ و سامانی خۆی(١) •

١٣ ـ کچ کە گەورە بوو خۆی ناسی ، سەربەستە کاروباری خۆی

(١) ئافرەت لە کۆمەڵگای ئیسلامدا ، پێشوو ، لاپەڕی ١٥٨ـ١٥٣ •

بەڕێوەبەریێو بێڕێگادانی خۆی کەس ناتوانێ ، بڕیاری بۆ بداو خــۆی لێپرسراوی کردەوەی خۆیەتیو خاوەنی شتی تایبەتی‌یەو بەنابەدڵی خۆی کەس ناتوانێ بیباتە لای خۆی • خاوەنی بڕیارەو هەرکەسەی بیـــەوێ دەتوانێ هەڵیبژێرێو کەس ناتوانێ بە زۆرەملی بە مێردی بدا(١) ڕەنگە خوێنەری کورد کە دابو نەریتی کوردەواریو هی گەلانی‌تریشی دیوەو فتــوای مەلاکانیشی بیستووە ، بە کردەوە بە پێچەوانەی ئەم چوارچێــوە ببینی کــە دیویەتی ، بەڵام ئەم چوارچێوە لەگـــەڵ ڕەفتاری بەرواڵەت موسڵمانی لەوچەشنەدا ، جیاوازەو ئەگەر خۆ بە موسڵمان زانێك ئەمــەی نەپاراست ، هیچ ڕەخنەیەك نایتــەوە ســەر ڕێبازەکە • ئەمڕاستی‌یە لــە گشت ڕێبازەکانی‌تریش‌دا هــەیەو تیئووریو کردەوە ، زۆر جـــار یەکناگرنەوە •

## ئاکـــام :

زۆر لــە زاناو کۆمەڵناسانی جیهــان لە لەمێژە لەسەر مافی ژنو وەك‌یەك‌بوونی ژنو پیــاو لەکۆمەڵدا باس‌دەکەنو بیروڕای خـــۆیان دەردەبڕن • لەم پێی‌یەدا هەرکامە لایەنێکی ژیانی کۆمەڵ شی‌دەکەنەوە • وەك وتمان هەرکامەیان لــە ڕوانگەی ڕێبازی پەسندکراوی خۆیانەوە ، سەرنجی ئەم دیاردەدە دەنو ڕای خۆیان دەردەبڕن • ئێمـــە لێرەدانە دەمانەوێ ئــەو گشت شی‌کردنەوە بخەینە بەر باس‌و نــە بــە پێویستی دەزانین • ئەوەندە هــەیە پێویستە ئەو ڕاستی‌یە بخەینە بەرچاو کــە ژن وەك هێمامان پێکرد ، لەباری سروشتەوە لەگەڵ پیاو جیاوازی هـــەیە • سروشت وەك گشت مێیەك، وەك نێر نەیخوڵقاندوە • هەر بۆیە ئەرکە

(١) هەر ئەم سەرچاوە ١٣٤ ـ ١٣١ •

سروشتیو کۆمەلایەتییەکانی لەگەڵ ئەرکەکانی پیاو جیاوازە •
کاکڵەی باسەکە ئەوەیە ، ژن وەك پیاو لە هەموو بەرهەمێکی مادی
ومەعنەوی کۆمەڵ ، کەڵك وەربگرێ • لە کاری وەك یەكدا حەقدەستی
وەك یەك وەربگرنو هەلومەرجێك پێكبێ هەردووکیان وەك یەك لە
هەموو چالاکییە فەرهەنگیو ئابووریو رامیاریو کۆمەلایەتییەکاندا ،
بەشداری بکەنو ژن لە جوولانەوە رزگاریخوازەکاندا ، لە پیاو
نەمێنێتەوە • بەکورتی ئەو کارەی پیاو دەیکا ژنیش بیکاو ئەو مافەی
پیاو هەیەتی ژنیش هەیبێ •

بەلام با بزانین پیاوو ژن وەك یەك بۆ ئەنجامدانی هەموو کارێك
لێوەشاوییان هەیە ؟ وەك باسمانکرد بێجگە لەوە گشت پیاوەکانیش لەو
پێوەندییەدا وەك یەك نین ، سروشتی ژن جۆرێکە ناتوانێ وەك پیاو
کار بکا • سروشتی پیاویش جۆرێکە ئەو ئەرکەی خراوەتە سەرشانی
ژن ، پیاو لەتواناىدا نییە جێبەجێ بکا • ژنی ساغ لە ساڵێکدا جارێك
منداڵی دەوێ لە ٧ مانگە بەرەو سەر ، باری قورسەو توانای ئەنجامدانی
هێندێك کاری نامێنێ • دەورەی منداڵبوون تا لانی کەم تێپەرکردنی
مانگێك ، بەدوای منداڵبوونیشدا هەر درێژەی هەیە • پاش ئەوە ئەگەر
شیرخورگەو جێگای بەخێوکردنی منداڵ لەو ناوچەدا نەبێ ، نیوەی
زیاتری کاتی ژن بە بەخێوکردنی منداڵەوە تێپەر دەبێ • بێجگە لەوە
لە هێندێك جێگادا وەك رۆژهەلاتی نێوەراست ، ژن ئەرکی چێشتلێنانو
شتکرینو پاراستنی پاكو خاوێنیو جلوبەرگ شوتنی لەسەرە •
بەکورتی کۆلەکەی ماڵەو بنەمای راگرتنی باری ئابووری بنەماڵەیە •

لێرەدا پرسیار ئەوەیە پیاو دەتوانێ گشت ئەو ئەرکانە بەرێوەبەرێو
سروشت مەودای دەدا بە ژانی منداڵبوونەوە بتلێتەوە ؟! بێگومان نەء •

کەوابوو ئەگەر پیاو نەتوانێ ئەم ئەرکانە ئەنجامبدا ، بە کامە پێوانە دەڵێن کاری ئەوانە وەك یەکە ؟ تازە ڕادەی حەقدەستی ئەو کارانە بە چشتێك دەقەبڵێندرێ ؟ • حەقدەستی زگ‌پڕی و منداڵبوون‌و پەروشوتن‌و شیردان‌و بێ‌خەوی‌و بەخێوکردنی منداڵ ، کە پیاو گوێی خۆی لێ ئاخنیوە ، چەندە ؟

ئەمە بۆخۆی دەگەڕێتەوە سەر سەعاتی کارو دەس‌حەقی کرێکارو چەوسانەوەی پیاوی لاسارو زوڵم‌و زۆری هەزار بەهەزار • بادای‌بنێین هەموو لەمپەرێکی سروشتی‌و کۆمەڵایەتی لەسەر ڕێگای بەشداری ژنان نەما • میرات دابەش‌کردنی ئایینی ، داب‌ونەریتی کۆن لاچوو بە لەبەرچاوگرتنی دواکەوتوویی چەند هەزار ساڵەی ژنان ، چەند سەد ساڵی دەوێ بۆشایی جیاوازی ئەوان پڕبێتەوەو ئیمکاناتی وەك یەك بۆ بەرەوپێش‌چوون‌و بەشداری ژن‌و پیاو لە هە هەموو بوارەکانی ژیان‌دا، چۆن فەراهەم دەبێ ؟ بێجگە لەمانە ئەم لاچوونانە لایەنی خەیاڵی زۆرەو لەڕاستی بەدوورە • لە سیستەمی سەرمایەداری‌دا ، ژن وەك کوتاڵ چاوی لێ دەکرێ‌و بۆتە ئامرازی سەرگەرمی‌و تام‌و چێژوەرگرتنی پیاوان • کوتاڵی ئاڵ‌و والای بەرهەمی بنکە سەنعەتی‌یەکان ، بەشێوەی جل‌وبەرگ لەبەر ژنان دەکرێ • هەم کوتاڵ وەك باوی ڕۆژو هەم ژنان وەك کۆتاڵ لە بازاڕی‌وادا ، هاندەری کڕیارن !

تائێستا نە لەو شێوە حکوومەتە کە پێی‌دەڵێن : سۆسیالیستی‌و نە لەوی‌دی کە پێی‌دەڵێن : سەرمایەداری ، لەگەڵ ئەوەدا زانست ڕێگایەکی دوورو درێژی پێواوەو پێشکەوتنی زۆر هەبووەو دەسکەوتی زانستی سەرسورهێنەرە ، پێوەندی کۆمەڵایەتی سەبارەت بە مافی ژن بەوجۆرە کە پێویستە ، نەچووەتە پێش‌و کۆڵەکەکانی بنەماڵە ، هەر لەرزۆکەو

مافی ژن هەر وشەی بێنێوەڕۆکە !

لـە زۆر لە جێگاکانی جیهانی پڕ لە شارستانی‌یەتدا ، زۆر منـداڵ هـەن کـە بەرهەمی تەموچێژ لێوەرگرتنی پیاوەکانن‌و ئێستا ژنەکـــان ئەرکی بەخێوکردنیان گرتۆتە ئەستۆو منداڵی بێ‌بابن ! ئەگـــەر ئەرکی بەخێوکردنی منـــداڵ لـە ئەستۆی دایك‌و باوکە ، بۆ لێرەدا باوکی نەناسراو ئەو ئەرکەی نی‌یەو کامە باری ئەخلاقی ئەو نەخۆشی‌و دیاردە ناحـەزە ، پەسند دەکـــا ؟!

### ژن لە کۆمەڵی کوردەواری‌دا :

کورد پێش سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام لەم ناوچەی ئێستا ژیـاوەو بەپێی داب‌و نەریت‌و باوە کۆمەلایەتی‌یەکان‌و ئامۆژگاری‌یە ئایینی‌یەکانی زەردەشت‌و چـەند وردە ئایینی‌تر کـە لە جێگای خۆی‌دا باسی دەکەین ، لەگـەڵ ژن بەرەوڕوو بووە • شتێکی گشتی کـــە هیچ گومانی تێدا نی‌یە ، ئەوەیە کـە ژنی کورد بەپێی بارو دۆخی ژیان ، هەمیشە یاری بەوەفای پیـاو بووە • بە ژانیوە تلاوەتەوە، لە شادی‌دا لەگەڵیا بەشـداد بوو ، کۆڵی بۆ هەڵگرتووەو نان‌و ئاوی بۆ ئامادە کردووە ، لە کاروباری کشتوکاڵ‌و قوڕەکاری‌و سەرو سامان‌دان بە کاروباری خاوخێـــزان ، هاوپشتی پیـاو بووە •

پاش هـاتنی ئیسلام‌و زیادبوونی یاساو چوارچێوەی تازەی ئایین لەگەڵ فەرهەنـگی مەوجوودی کورد ، هـەتا ئێستاش ژنی کورد وەك سـەردانواندنی تەواو ، ڕەنـگی گشتی ئایینی بەخـۆوە نەگرتووەو جل‌وبەرگی باوی خـۆی پاراستووە کـە بەزۆربەیی دژایەتی لەگـەڵ چـەپەو کەچـەی دیاریکراوی ئیسلام‌دا ، بۆ ژن نی‌یە •

له پێڕەوی کردن لە هێندێك‌داب‌و نەریتی کۆن‌دا ، یاساکانی ئیسلام لە بەرچاو ناگیردرێ‌و خەڵکی موسڵمانیش خۆ لەوانە لانادەن‌و تووشی ڕەخنەی ئایینیش نابن ! بەکورتی یاساکانی ئایین‌و خۆوخەدەو داب‌ونەریتی نەتەوایەتی‌و کۆمەڵایەتی ، وا تێکەڵاو بوون کەزۆر لە زانا ئایینی‌یەکان ، جاجارە لێکیان جیاناکەنەوە !

با پاش‌و ردەباسێك لەوە بگەین ، ژنی دایکی شۆڕشگێڕان‌و هەڵمەتبەران بۆ سەر دوژمن‌و کچی باڵا بەرزو شۆخ‌و شەنگ‌و هەست بزوێنی شێرەکوڕانی نەتەوەکەمان ، لە بوارە ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و ڕامیاری‌و فەرهنگی‌یەکان‌دا ، چ‌دەورێکیان هەیەو پلەی کەسایەتییان چلۆنەو چلۆن ئەرکە بێ‌ئەسپێردراوەکانیان ، بەئەنجام دەگەیەنن‌و چ‌هەوڵێکیان بۆ پساندنی زنجیری یەخسیری خۆیان داوە ؟ گۆڕانی دۆخی ئابووری‌و ڕامیاری کۆمەڵ‌و سەرهەڵدانی سەنعەت چ‌ئاڵ‌وگۆڕێکی لە ژیانی ژنانی کوردەواری‌دا ، پێك‌هێناوە ؟

واهاتینەوە سەر مافی ژن لە بەشێك لەم سەرزەوی‌یەدا کە پێی‌دەگوترێ « کوردستان » • بەگشتی کۆمەڵەکەمان لە سەرەتایی‌ترین مافی مرۆڤ بێ‌بەشە • ژن‌و پیاو لەو بێ‌بەشی‌و چاوڕەشی‌و بن‌دەستی‌یەدا ، مافیان وەك یەکە • وەك یەك لە ئازادی بێ‌بەشن‌و بە یەك‌جۆر چاویان لێ دەکرێ • بەڵام لێرەش‌دا وەك یەك لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی‌دا ، بەشداری ناکەن ! پیاو بەرخی نێرەو ئامادەی سەربڕینە • بەڵام کە سێڵاوی ڕق‌و تووڕەیی دوژمنانی ئازادی جمی‌و شاڵاویان هێنایە سەر ئازادیخوازان ، ژنیش وەك پیاو بەدیلی دەبەن‌و بەیەخسیری تووشی جۆرەها چەرمەسەری دەکەن ! سەرەرای ئەم جیاوازی‌و وەك‌یەك‌بوونانە لە کۆمەڵی کوردەواری‌دا ، ژن مافی پێشێل

دەکرێ ! لێرەدا داستانی خلـــەوبلە دووپات دەبێتـــەوە ! داب‌ونەریتی کۆن‌و باری ئابووری قۆناخە جۆراوجۆرەکـانی کۆمــەڵ‌و ڕاددەی پێشکەوتن‌و دواکــەوتن ، شوێن لــە سەرسەربەستی ژن دادەنێن • هەر ئەندازەباری ژیان‌و هــەڵس‌وکەوتی کۆمەڵایەتی بچێتە پێش‌و دەسکەوتە زانستی‌یەکان بەپێچەوانەی ویستی دیکتاتۆرەکـان ، بـکەوێتە باری خزمــەتی کۆمەڵـگای مرۆڤایەتی‌و هێمنـایەتی یەکـانەوەو ئاسـایش بۆ خەڵـکی جیهـان بەدیاری بێنن ، مـافی مرۆڤ دەسکاری دەکرێ‌و لەوپێوەندی‌یەدا ، باری ژیان‌و بەشداری ژنیش لەچالاکی‌یە کۆمەڵایەتی‌و بەرهەم هێنانەکاندا ، گۆڕانی بەســەردادێ •

هەرچەند لەکۆنەوە ژنی کورد لەگەڵ دەس‌بەس‌ردا گیراوی یەکەیدا لـــە باری لەبەرکردنی جل‌وبەرگ‌و سیاڵی ئالاولا‌و فڕی‌دانی چـادرو عەباوە ، سەربەست بووە ، هەرچەند لــە شادی‌و ڕەشبەڵەکدا بە نیــوە سەربەستیش بووە ، بەشــداری کردوە ، هەرچەند لـــە کــاروباری بەرهەم‌هێنان لــە گوندەکان بەشــدار بووە ، هەرچەند لێرەو لـــەوێ دەسەڵاتی بەسەر کاروباری ماڵ‌و خێزاندا بووە ، بەگشتی لە کۆمــەڵی ئێمــەدا لەژێر چەمبــەری ستــەمدا ، پشتی چەماوەتەوە ! لـــە باری ئایینی‌یەوە ، ژن نیــوەی میراتی پیـاو وەردەگرێ ، لە بەستنی پەیمـانی هاوسەری‌دا ، خـاوەنی سەربەستی‌یەکی ئەوتۆ نی‌یە ، لەژێر زەبــری گۆپاڵی دێوەزمەی « ولی مجبر » سەرپەرستی زۆردار ، بـــە دڵخوازی خۆی بە مێردی نادەن • گــەورەو چووکـەو ژن‌بەژنەی پێدەکـەن‌و نابێ جیکەشی لێوە بێ !

لـە هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی هاوســەری‌دا ، بێجگە لـــە باری بەدەگمەنی وەك نەخۆش‌بوونی مێـرد یان ون‌بوونی پیـــاوو بێ‌جـلو

بەرگ‌و نان‌و ئاو هێشتنەوەی ژن ، لەلایەن مێردەوە ، هیچ دەسەلاتێکی نی‌یە • تازە پاش تەلاقدان ئەگەر ٣٠ ساڵیش رەنجی کێشابێ ، بێجگە لە مارەیی‌و مافی تام‌وچێژ لێ‌بردن‌و خەرجی سێ مانگ‌و دەرۆژی پاش تەلاقدان ، هیچ مافێکی بەسەر ئەو سامانەوە نی‌یە کە ئەو کۆڵەکەی بنەرەتی پێکەوەنان‌و ڕاگرتنی بووە !!

ژنی تەلاقدراو یان بێوەژن نرخی لە کچ کەمترەو کەسایەتی کۆمەلایەتیشی نزمە ! وەك باس‌کرا ، ئەمە لەکاتێك‌دایە کەژن هەرەتی لاوی‌و بەهێزو توانایی خۆی ، بە بەخێوکردنی منداڵ‌و سەروسامان‌دان بە ئابووری ماڵ‌و کۆکردنەوەی ئامرازی ژیان لەگەڵ ئەو پیاوەی ، لەدەس‌داوە ، نە پسپۆری‌یەکی هەیەو نە هێزی کارکردنی ماوەو نە جوانی‌و سەرنج‌ڕاکێشی لەئارادایە ، دەبێ بچێ‌و خەریکی دروستکردنی ژیانێکی‌تر بێ ! سەرمایەی نی‌یەو جوانی لەدەس‌داوەو هێزی باڵ‌و باهوی لاواز بووەو بێوەژنێکی پەککەوتەو سەرلێ‌شێواوە ! لەوکاتەدا پیاو خاوەن سامانە ، کوڕو کچی لەکاردان ، باری کۆمەلایەتی لاواز نی‌یەو شوورەیی ژن تەلاقدانی کەمەو لە ژیان‌دا بێ‌خەمە !

لە باری قۆناخی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵ‌و پلەی ئابووری ولات‌و نەریتی کۆمەلایەتی‌یەوە وەك وتمان ژن مافی کارکردنی لە بەرهەم‌هێنان‌دا هەیە • بەلام نابێ ئاڵووێر بکاو خاوەنی بەرهەمەکەی نی‌یەو لە کاری بنەماڵەکەی‌دا ، هەق‌دەسی پێ‌نادرێ ، ئاکامی کاری دەچێتەوە گیرفانی پیاوو بۆ دواڕۆژێکی نادیاری ژیانیش ، پاشەکەوتی نی‌یە ! وەك وتمان لەوەبارەش‌دا مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی لە پێك‌هێنانی ژیانی هاوبەش‌دا نی‌یە وەك ناوچە ئێستاش لە کوردستانی عێراق بەگشتی‌و ناوەندو شیمالی کوردستانی ئێران‌و گشت کوردستانی

تورکیـه ، ژنهەڵگرتن ، لەسـەر لانک مارەکردن ، لـەبری خـوێن دانو گەورەو بچووكو ژنبەژنە ، هـەیەو لـە گشت ئەم بارانەدا ، ژن تەنیا لـە رەدووکەوتندا ، سەربەستە ! دیارە ئەو ئاکارانە پتر لـە گوندەکاندا ، باون • ژن کاتێك ئەبێتـە شاریی ، هێندێك بەکـەمی لەو بەندوباوە ، ڕزگـار دەبێ • بەڵام لـە دەرفەت کەڵك وەرناگرێو بەر لە هەمووشتێك ، لەجیـاتی ئەوە لـە فراوانترکردنی ئاستی ڕۆشنبیریو شارستانیەتو سەربەستی هۆشیارانەی خۆیڕاناوەستی ، لە هێندێك باردا، دەچێتـە ژێر چـادرو پەچەو لـە هێندێك باری دیکەدا ، تووشی ئارایشتی بێزهێنەر دەبێ ! ئەمـەش هۆی ئەوەیە نەك هەر باری کۆمـەڵایەتی ئافرەتی لادێ دواکـەوتووە ، بەڵـکوو باری شارستانیەتەکـەشمان شارستانییەتێکی بێبنچینەی زانستییانەیە کە بناخەی لەسەر چاولێکەریو لاساییکردنەوەی کوێرانە ، دانراوە(١) •

لە کوردستان هەڵسوکەوتی ژنان لـەژێر چاوەدێری پیاواندایە • پاش تێپەڕبوونی دایكسالاری ( مێوەجاخی )و هاتنـەسەر کـاری باوكسالاری ( نێروەجاخی ) پیشەی سووك لە دابەشکردنی کـاری کۆمەڵایەتیدا ، درا بە ژن کـە هـەتا ئێستا لە کوردستاندا هەر درێژەی هـەیە • بۆنموونە پیـاو گسكدان بە شووردەیی دەزانێو پێیوایە ئـەوە ئەرکی ژنە • تەونکردن کارێـکی دژوارەو تەنیـا لەمدواییيانەدا ، ئەویش بەدەگمەن دەنا لـە کوردستاندا بەسەر شانی ژنانەوەیە • ژنیوا هـەیە دەسڕەنگینەو فـەرشیوا دروستدەکا دەیانو بـگرە سـەدان هـەزار تمەن نرخیـەتی ، کـەچی پاش فرۆشتنی مافی ئەوەی نییە ئاڵقەیەکی زێو لە پارەکەی بـکڕێ ! ئافرەتان لـە خـوڵقاندنی ئـەو

(١) بنچینە ••• بورهان قانع ، پێشوو ، لاپەڕی ١٥ •

کەرەسانەدا ، مووچــەو مانــگانەیان نی‌یە • وەك وتمان بێ‌یاداشت ئەرکی ڕۆژانەیان بەڕێوەدەبەن • بێجگە لــەوە ئافرەتی لادێ زۆر کەم دەتوانێ لە کێڵگەو زەوی‌و باخ‌و خانووبەرەو ئاژەڵ‌و کەل‌وپەلی نێومال‌و پــارەو زێڕو هی‌تر ، کەڵك وەربگرێ‌و پێی‌نادرێ ! ئەگــەر لەو بارەکەمەش‌دا پێیــان بدرێ ، مافی ڕاستەقینەی خۆیانیان بێ‌نادرێ (١) کــەوابوو ، نابنــە خــاوەنی ئامرازی بەرهەمهێنان‌و لـــە پێوەندی لەگەڵ باری ئابووری‌و بەرهەمهێناندا ، چوونــکە لە ماڵی باوك‌و مێردیش دەس‌حەق وەرناگرن ، نــە وەرزێرن‌و نە کرێــکار !

ئەمە بێجگە ئەو بارە یە کــە ژن لــە بنــکەو بنیاتــە سەنعــەتی‌و خزمەتی‌یەکاندا ، کاردەکاو بەپێی بڕیاری پێشکەوتوویی کۆمــــەڵ ، حەق‌دەست وەردەگرێ • بێجگە لــەوە ناتوانێ پیاوەتی بەســەر سامــانی ماڵدا بــکا یان نرخی کڕین‌و فرۆشتنی کووتاڵێك دیاری بکا • هەرکات ئەو بارە بێتــە پێش دەڵێ پیاومان لە ماڵ نی‌یە !

هــەم ئایین‌و هــەم داب‌و نەریتی کۆمــەلایەتی کۆن ، پێشیان بەوە گرتووە کە ئافرەت لــە کۆبوونەوەی پیاواندا بەشداری بــکاو فێر بێ‌و فێر بکاو لە ڕووداوەکاندا ، ڕای خۆی دەربڕێ • تەنیــا لــە بۆنەی سەرەخۆشی‌و شادی‌یەکاندا ، بەشداری دەکا کـــە ئەویش بارێــکی بەکجووری هەیەو سەدان ساڵە هیچ زانیاری‌یەکی تێدا ، زیاد نەبووە •

لێرەش‌دا لــە زۆر جێــگا ئافرەتەکان تێــکەڵی پیاوەکان نابن • لــە گوندەکاندا ئافرەتان جێی گــەشتی شارەکانیان نی‌یە ، لە شارەکانیش‌دا مەگــەر بەدەگمــەن دەنا دوویان پتر لــە دوو ئافرەت (یەك هەرنەگونجە)

---

(١) بنچینە ... بورهان قانع ، لاپەڕی ٢١ .

بــۆ ســــەیران بــۆ رابواردن ، بۆ جێگا گشتی‌یەکانی شارو خواردنەوە، نەچوونو مــافی ئەوەیان نی‌یە تەنانەت باسی ئەوەش بکەن ! بــە بڕوای من دانی سەربەستی تەنانەت بــە گەلێكو رادەی ئەو سەربەستی‌یەش ، پێوەندی بــە ئاستی‌ڕۆشنبیری‌و تێگەیشتوویی ئەندامەکانی ئەو گەلــەو ئەو خەڵکەوەیە • هەربۆیە لــە فەرهەنگێکی وەك فەرهەنگی کوردەواری ئێمــەدا ، لــە چوارچێوەی ئەم سەرخانو ژێرخانەدا ، دانی سەربەستی بە ژنانو تەنانەت بە لاوانی کەم‌ئەزموون بۆ گەشتو گەڕانو خواردنو خواردنەوەو سەیران ، ئەبێتە هۆی بێ‌سەرەوبەرەیی‌و پەراوێزی کارەکان هەڵدەوەشێنێتەوەو بێ‌بەندوباوی زیاد دەکا • هەر کۆمەڵێكو هەر تاقــە کەسێکیش ، پێویستە بەپێی لێوەشاوەیی ، سەربەستی پێ بدرێ •

لــە باری چالاکی هونەری‌یەوە ، ئافرەت کەمتر ئەو مافەی هــەیە کە لە مۆسیقاو شانۆگەری‌و هونەرە گەلی‌یەکانی‌تردا ، بەشداری بــکا • ئەو کەمەش تازە لە شارەکانی کوردستانی عێراقدا خۆی نواندووە • ئەمــە بێجگە لەوە ، ئافرەت لــە کاری هونەری بێ‌بەش ئەکــا ، بــۆ بەرەوپێش‌بردنی کــاروباری هونەری میللیش ، زیانی هەیە • زۆر جارو بــگرە هەموو جارێك لــە شانۆیەکدا ، ئافرەت دەوری هەیە • جاری‌وایە بە ناچــار هونەرمەندەکان لە پیاو ، بۆ گێرانی دەوری تایبەتی ئافرت ، کەڵکیان وەرگرتووە کــە قەت ناتوانێ جێی ئافرەت بگرێتەوە •

هەروەها زۆر کــەم ئافرەتی گۆرانی‌بێژ هــەبووە کــە ئێستا لەم بەشەی کوردستانو تاکوتراك لــە کوردستانی ئێرانو تورکیــەش ، ئافرەتی گۆرانی‌بێژ هەڵــکەوتووە • ژن نەیتوانیوە لە داستان بێــژی‌و کارەساتە مێژوویی‌یەکان لــە کۆبۆونەوە گشتی‌یەکاندا ، جی پیــاوان بگرێتەوە • زۆربەی گۆرانی ژنان کە لــە چۆڵــگەدا دەگوترێ ،

خەمناکەو باسی ڕۆژڕەشیو بێبەشی خۆی دەکا • بەمپێیە وتنی گۆرانی فۆلکلۆری کوردی ، تەنیـا ئەکەوێتە سەرشانی پیاوانو ئەو بەشە لـە هونەر ، لـە چالاکی ژنان کە گۆرانی زۆر بەسۆز دەڵێن ، بێبەشـە ! لـە گۆرانیشدا ستەم لە ژن کراوە ،چوونکە پیاوی کورد سەربەستە ، سـەدان گۆرانی بە بەژنو باڵای ژندا بڵێ • بەڵام ئەگەر کچ خۆی لەو گۆرانی‌یانە بداو بە بەژنو باڵای کوڕدا بڵێ ، لێ لەچەپڵەدەدەنو ئەیکەنە پەنو لێرەو لەوێ باسی خراپەی دەکرێ !!

گۆرانی بە دەسگیرانەکەیدا ناتوانێ بڵێو لە گوندەکانیش دەبـێ بەدزی‌یەوە ، چـاوی پێبکەوێ • ئەگەر حەقدارەکانی پێی بزانن سزای دەدەنو خەڵـکیش بە ناشیرینبۆی ئەژمێرن ! ئێستا ڕەنـگە ئەو دابـە نەمابێ ، بەڵام لـە کۆندا کچ تا شـەوی شادی‌یەکە ، ڕوومەتی زاوای نەدەدی ! هەروەها بەپێچەوانەکەشی بووە ! جاری‌وایە پیاوی لاســار ئەوەنـدە کچ ڕادەگرێو بەمێردی نادا ، تا پەلـکەی ڕەش‌وسپـی ئەهۆنێتەوەو دیانی دەسکرد لـە دەمێ دەنێ ! چوونـکە نیازی پێی‌یەو کـاری پێدەکـاو هەتا شیربایەکی زۆر وەرنەگرێ یان نەیدا بـە ژنێك بۆ خۆی ! یان کوڕو براکـەی ، بەمێردی نادا ! بۆنموونە حاجی خدری شێخـەپووڕ خەڵـکی بێوران لەو کـەسانەیە • ئـەم ستەمە تەنیاڵە چـەرخەکانی کۆیلەداریدا بۆ مرۆڤ قووت دەدراو ئێستا شــەرمو شووره‌یی‌یە • چوونـکە کچ لـــە بەرهەمهێناندا ، دەوری هـــەیە ، جاری‌وایە زەلامێکی تێسمێر یاگ‌و ئێسك‌قورس‌و نەپێژیاگ دێننە ماڵەوەو ئەیـکەنە «زاواڕە» • واتا چـەند ساڵ کاری پێدەکەنو لـە جیـــاتی دەس‌حەقەکەی ، کچێکی لێ مارەدەکەن • ئەویش لەوبارەدایە کـــە پارەی نی‌یەو ناتوانێ خەرجی گرانی ژنهێنان دابین بـکا ، هەر بۆیە ئەو

کۆیلەتی‌یە پەسند دەکاو خەڵەی خەرمانی دەورەی جوانی خۆی بەجارێك ئەسووتێنێ‌و هەڕەتی لاوەتی خۆی ئەفرۆشێ ! جاری‌وایە پاش تەواوکردنی ماوەی ڕێك‌کەوتنەکە ، گیروگرفت ئەکەوێتە کارەکەو هەڵدەوەشێتەوەو زاواڕە یان زاوا ، ڕەنج بەخەسار دەبێ‌و کێشە لەو کۆمەڵە بچووکەدا سازدەبێ (١) •

ئەم دیاردە ناحەزە لەوبارەشەوە جێی سەرنجە کە کچە هیچ سەربەستی‌یەکی لە هەڵبژاردنی کوڕەدانی‌یە • جوان بێ یان ناحەز ، بەوپێ‌ودانەوە بەسراوەتەوەو ناتوانێ ڕەخنە بگرێ ! بەپێی داب‌و نەریت، پیاو ئەو مافەی هەیە ژنێك تا ٣ ژن بەڕەسمی بەسەر ژنەکەی‌دا بێنێ‌و بیانکاتە چوارو ژن مافی ڕخنەی نی‌یە • ئەمەچەند باری هەیە ، یەکەم باری ئابووری هەیە کە پیاو بۆ بەڕێوەچوونی ژیانی‌و بەرهەم‌هێنان ، ئەو کارە دەکا • دووەم باری تام‌چێژی‌و ڕابواردنی هەیە کە پیاو لە نزیکی‌پێ‌کردنی ژنەکەی ماندووبووەو نوێ‌خوازی هانی‌دەدا ، ژنی جوان‌و تازە بێنێ • ئەمە لەکاتێك‌دایە هەروەك وتم ژن نە مافی ڕەخنەی هەیەو نە دادگایەك ، پێش بە کردەوەی مێردەکەی دەگرێ‌و نە خویشی ئەو مافەی هەیە ، پیاوەکەی بگۆڕێ • ئێستا وردەوردە هێندێك یاسا دانراون‌و پێش بەو بێ‌بەندوباوی‌یە دەگرن‌و بۆ هێنانی ژنێکی‌تر ، بەڵگەی دادگا پەسندیان دەوێ • لەگەڵ ئەوەش‌دا، دادگەرەکانی ئێمە زۆر بەڵگە پەسند دەکەن‌و ئەوانیش کەمتر بەفریای چارەڕەشی ژنە ئەکەون • باری سامان‌و دەوڵەمەند بوون لە هەڵبژاردن یان بەزۆر بەمێرددانی کچان‌دا ، دەوری هەیە • ئەگەر کوڕە هەژارو دەس‌کورتێك ، حەز لە کچی دەوڵەمەندێك بکاو کچەش خاکی

(١) بنچینە کۆمەڵایەتی‌یەکانی ... بورهان قانع لاپەڕی ٣٠ •

غەوس بکاتە دەمی ، لەبەر جیاوازی سامانو دەسەڵاتی باوکی کچە ، داخوازەکە لە بەرچاو ناگیردرێ ! ئەوەی داخوازو سەربەستی دیاری دەکا ، سامانە ! دیارە ئێستا کەم کەم ئەم دیاردە دزێوە لە شارەکاندا لاواز بووەو کچو کوڕ خاوەنی هێندێك سەربەستین کە بە بڕوای من ناتوانن وەك پێویستە کەڵکی لێ وەربگرنو جاری‌وایە ، تووشی بێسەروبەرەیی دەبن !

ژن بە ژنە گەورەو چووکە ، چەند ژنهێنان ، زاوڕە ، لەسەر لانك مارەکردن ، لە بەرچاو نەگرتنی تەلاقەتو ناکاری زاوا ، لە بەرچاو گرتنی هەژاریو دەوڵەمەندی ، ڕەدوو کەوتن ، خوێن خۆش کردن بە ژن ، شیروایی زۆر زەوکردن ، زێڕو خشڵ بە زاوا کرین ، تەلاقدان ، تەلاق بەتەلاق لە باری ژن بەژنەدا کە یەکیان ژنەکەی تەلاقدا ، دەس بەجێی ئەوی‌تریان لەسەریەتی ژنەکەی تەلاق بداو دەیان دابو نەریتی‌تری کۆیلەداری ، هەموویان هۆی سەرەکی بێماف کردنی ژن لە سەربەستینو لە کۆمەڵی پاش کەوتووی ئێمەدا ، لەمبەری پێشکەوتنو ناهێلن بەشێك لە کۆمەڵ سەربەستانە بێنە گۆڕەپانی ژیانەوەو ، باری تێکۆشانی پیاو لە بەرهەمهێنانو هەڵسووڕانی کاروباری دیکەی کۆمەڵایەتیو نەرمەنگیدا سووکتر بکەن • تازە لەئاکامی ئەم گشت ژێردەستیو ستەمە دڵتەزێنەدا ، جاری‌وایە ژن تەواوی تەمەنی هەڕەتی جوانی لە حاشا لە مێرد کردندا ، تێپەڕ دەبێو هیچ یاساو دادگایەك پشتیوانی لێ ناکا ! چوونکە بەپێی هەر ئەم دابەکەو یاسایانەی نێوکۆمەڵ ، بێ لەبەرچاوگرتنی سەربەستی ، ژن ، بەمێرد دراوە(١) •

(١) ژنێك لە دێی «تەختە»ی ژاوەرۆی سنە ٢٠ ساڵ پاوەحاشا

کاتێك زۆر لەو نەریتە کۆنانە ، سروسیپاڵیان تێکەوە دەپێچن ، کەپلەی زانیاری خەڵك بچێتە سەرو ئاستی ڕووناکبیری گەشەبکاو مەبەستو ئامانجی بەستنی پەیمانی هاوسەری ، ببێتە دنەدەری پیاووژنو مرۆڤی پێگەیشتووو تێگەیشتوو لەبەر پاراستنی مافی ڕۆڵەکانیان ، لەوە زیاتر ستەمیان لێناکەن • هۆشیاری یە جۆراوجۆرەکان کە لە درێژایی مێژوودا دەس دەکەون ، ئەبنە هۆی بەرەوپێش چوونی شارستانی یەتو دانانی نەریتی هۆش پەسندانە لە جێگای نەریتی پاش کەوتووانە •

## ئافرەتی کورد لە ڕوانگەی ڕۆژهەلات ناسەکانەوە :

ژنو پیاو لە دوو لقی دا ڕێکنو نەژادێکنو پێکەوە پێیان دەڵێن مرۆڤ • وەك دەبینین بۆ دوو کاری بەنیسبەت جیاواز ، خوڵقاون ، کاری یەکجۆر نیازی بە دوو جۆر خولقاندن نی یە • وەك وتمان ئەودوو لقە لە هەڵبژاردنی بیربۆچوونو ڕێبازی سیاسیو هاوسەرو مەڵبەندی کارکردن ، بەگشتی ئازادنو بەپێی دۆخی ژیانو هۆشیاری ، کەڵکی لێ وەردەگرنو لە ژیاندا تەواوکەری یەکن • وەك دەزانن ، مێژووی هەڵس وکەوتی ژیانی مرۆڤ ، قۆناخی جۆراوجۆری بڕیوەو لە

---

=

وەستابوو ، هیچ هاوارێکی بەگوێی دادگاکان نەگەیشتبوو •
نووسەر بە کەڵك وەرگرتن لە هێزی شۆڕش ، ڕزگاری کرد •
هەروەها ژنێك لە «تەنگیسەر»ی هەر ئەو ناوچە ، بەهۆی بێ توانایی مێردەکەی کە سەلمێندرابوو، داوای تەلاقی کرد ، مەلاکان ڕێگایان پێ نەدا ، بە شەرع وعورف ، ڕزگارم کرد • ژنێکی تر ١٣ ساڵ مەلای مێردی تەلاقی نەداو ڕزکارم کرد • مالا بە شێوەی «شرط ضمن عقد » لە تەلاقنامەکەیدا نووسی نابێ بە فلانەکەس مێرد بکا ، پاشان پێم سەلماند ئەو مەرجە بێهودەیەو هەر بەو فلانەکەسە مێردی کرد •

هەر کامەیان‌دا ، بجۆرێك ژن‌و پیاو دەسەڵاتیان هەبووە • دیارە لەو پێی‌یەدا ، پێشکەوتنی شارستانیەت‌و زانست ، لەو پێگەیشتن‌و دەستێوەردانانەدا ، دەوریان هەبووە • لە قۆناخەکانی ژیان‌دا وەك دەورەی کۆیلەداری‌و دەرەبەگایەتی‌و سەرمایەداری ، بەهۆی باری ژیانی ئابووری‌و سیاسی‌و بەگشتی باری فەرهەنگی نەتەوەکەمان ، هەڵوێستی ئێمە سەبارەت بە ژن جۆری تایبەتی خۆی بووەو تەنیا لە ڕێیە گشتی‌یەکانی ئەو دەورەدا ، شێوازی وەك هی نەتەوەکانی‌ترە • بەگشتی بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بارانە ، کورد بە چاوی ڕێزەوە ، سەرنجی ئافرەتی داوەو بەپێچەوانەی ڕەفتاری پیاوی نەتەوەکانی‌تر ، لەگەڵ ئافرەت ، ژن لە کوردستان‌دا تا ئەندازەیەك سەربەست بووە •

زۆر لە گەڕۆك‌و نووسەرانی باری ژیانی کۆمەڵایەتی ئەوەیان پەسند کردوە کە کورد لەچاو گەلانی دراوسێ ، ڕێزی زیاتری بۆ ژن داناوە• بۆنموونە مینۆرسکی دەنووسێ : بۆ دیاریکردنی ڕەوشتی هەر گەلێك باسکردنی باری ئافرەتیان شتێکی گرنگ‌و پێویستە • کورد لەچاو گەلانی‌تری ئیسلامی‌یەوە ، زۆر لەگەڵ ژنەکانیان‌دا هێمنن • ژن کارە گرانەکانی ماڵەوە دەکەن ئافرەت لای کوردان خاوەن کەسایەتین • گەلێك کوڕ بە ناوی دایکیانەوە ناوبانگیان دەرکردوە •

کلودیوس ڕیچی گەڕۆك ، نووسیویەتی : باری ئافرەت لە کوردستان‌دا لە ئافرەتی تورکیەو ئێران چاکترە • ژن‌و مێرد وەك یەکن‌و جیاوازیان نی‌یە[1] • سۆن ( Soane ) دەڵێ : ئافرەتی کورد سەربەستی‌یەکی فراوانی هەیە • نموونەی چاکی ئافرەتی ئازان • بە هۆی

(١) ئافرەت لە چیرۆکی کوردی‌دا ، سەباح غالب ، بەغدا ١٩٧٩ لاپەڕی ١٨ •

پاکەو کاری ماڵەوەو جوانی بەسروشتی یەکانیانەوە ، خاوەنی گەورەیین ، زۆریان سوارچاکیو تفەنگ هەڵگرتن ، دەزانن . لە کۆچەری دا ئافرەت ، بەشداری شەڕیش دەکا[1] دیارە ناوبراو ئەو دیمەنەی دیوەو چاوی پێکەوتووە کە ژن ئەگەر پیاوی لە ماڵ نەبووە ، بە پیری میوانەوە چووە ، بەدیاریەوە دانیشتوونو خزمەتیان کردووە . روبرت پۆرتەر ( Proter ) دەڵێ : کورد بەپێچەوانەی فارسو تورك لە ئافرەت گومان ناکا . بۆیە ژنو کچی کورد بە سەربەستیو بێ چارشێو لەدەرەوەی ماڵەوە دەگەڕێنو لە بەردەم ڕەش ماڵو خانوو ، بێ هیچ پەردەیەك دەردەکەونو وەك هەموو ئافرەتێکی لادێی ئینگلیسی ، ئامادەن کاری ئاسایی و ئاسان لە بەرانبەر میواندا بکەن . کچیان بەشەرمو شکۆن ، ژنیان بۆ ئەوەی لە ڕەچەڵەکیان منداڵی لەش ساغو ئازایان بێ ، پاكو بێ باکن .

شیل ( Shiel ) لەگەڵ پورتردا یەکدەنگەو دەڵێ : ئافرەتی کوردستان وەك ئافرەتی دراوسێ کانیان لە فارسو تورك ، پابەند نین . لە لادێدا چارشێو لەسەر ناکەنو لەنێو کۆچەری دا ، هەر نایبینن .

مارك سایکس ( Svkes ) دەنووسێ : ئافرەتی کورد توانیوەتی خۆی سەربەست بکاو بەتەواوی ئازادی گەڕانی لە دەرەوەی ماڵەو هەیە . کەڵك لە کاتی بۆشایی وەردەگرێو ئەگەر پێویست بوو ، لە دەستەتاقی مێردەکەیدا ، وەك تێکڕای ئافرەتە ئینگلیزی یەکان ، هاوبەشی دەکا . ئەو سەربەستی یە ، یاسایەکی سروشتی جەسپاوەو بە خاوێنی دەپارێزێو ڕەوشتی ناشیرین زۆر بەکەمی ، لەنێو تیرەکاندا ، دروست دەبێ[2] .

ئەوە کە دۆخی ژیانو دابونەریت ، ژنی کوردی لە هەڵسووڕانی

(1) ئەم سەرچاوە ، لاپەڕی ١٩ .
(2) هەر ئەو سەرچاوە ، لاپەڕی ٢٠ــ١٩ .

کاروباردا ، کردوەتە هاوبەشی ژیانی پیاو ، حاشا هەڵنەگرەو ئەو بارەش لەگەڵ پەچەو چادرو لە بنماڵ خزینو وەدەرنەکەوتن دا ، نانەبایە . هەر بۆیە لەو ڕوانگەوە ئافرەتی کورد سەربەستی پێدراوە . بێجگە لەوە حەیرانو گۆرانیو لاوکی کورد ، ڕووبۆشرازی ژنی کورد ، ڕاناگەیەنو زیاتر ئەوە نیشاندەدەن ژن بەکارامەیی ، بەشداری لە کاروباری ژیاندا کردوەو لەگەڵ پیاودا ، هەڵسووراوە . ئەم ڕوانگە گەشە ئەو بارانە ناکرێتەوە کە ژنی کورد دەکەوێتە ژێر ماهوری پیاوو داب‌ونەریت . ژیانی لادێو دوور لە ژیان لە شاری گەورەدا ، باشتر ئەو بارانە نیشاندەداو ژیانی شاری گەورە ، هەلوەرجێکی‌تر بۆ ئازادیو شێوەکانی دەخولقێنێ .

## ژنهێنانو خێزان پیگەوەنان :

بەستنی پەیمانی هاوسەری شتێکی سروشتی‌یەو بەرەوپێش‌چوونو گەشەکردنی کۆمەڵو زۆربوونی حەشیمەت لە گرەوی ئەم پەیمانەدایە . لە گشت گۆشەیەکی ئەم جیهانەدا ، ئەم ڕەوتە درێژەی هەیەو دابو نەریتو ئایین و باری ئابووری لە چلۆنایەتی ژنهێناندا ، شوێنیان هەیە . لە درێژایی مێژوودا کوردیش وەك نەتەوەکانی‌تر ، بە لەبەر چاوگرتنی هەلومەرجی ئەوتۆ ، ئەو ڕێوڕەسمەی بەڕێوەبردوە .

ژنهێنانی کۆچەرو گوندنشین ، لەگەڵ یەکتر ، هێندێك جیاوازی‌یان هەیە . ژنهێنانی گوندنشینەکانی سەرسنوورەکانو دوور لە شارستانیەت لەگەڵ ژنهێنانی گوندە گەورەو بەشارەوە نزیکەکان ، جیاوازی هەیەو شێوەی جێبەجێکردنو دڵداریو مارەبیو گواستنەوەو جلوبەرگو زێڕو زێو کرینو ڕێوڕەسمی شاییو هەڵپەرکێ ، تائەندازەیەك

جۆراوجۆریان هەیە • بەڵام بە گشتی دەتوانین بیکەینە دوو بەشەوە :

١ ـ ژنهێنانی گوندنشینەکان ، کە وەك وتم بەپێی قۆناخەکانی مێژووی ژیانیان و نزیك و دووربوونیان لە ناوەندی شارستانی یەت و فەرهەنگ و ڕێ و ڕەسمەکانی شایی ، گۆڕانی بەسەرداهاتووە و ئێستاش بەپێی باری گەشەکردنی کۆمەڵ لە گشت بارەکاندا ، ئاڵوگۆریان بەسەردادێ •

٢ ـ ژنهێنانی خەڵکی شاو ، کە هەرچەند بە بێ جیاوازی باری چینایەتی و داهات و سامان لێرەشدا ، چەند ڕواڵەت خۆ دەنوێنن ، بەڵام لە یەك دەستەدا دادەندرێ • لە گوندەکاندا پاش ئەوە کچ و کوڕ لە مووچەو مەزراو کۆڵانانددا ، سەدان جار تووشی یەك بوون و پێکەوە یاری یان کردووە و مەڕومالاتیان لەوەڕاندووە و نان و دۆیان بۆ سەردەشت و مەزرا بردووە ، لە هەڕەتی لاوی و هەست بە ئەشق و ئەوین کردندا ، سەرنجدانەکان دەگۆڕن • بە قسەی ساکارو پڕواتا ، لەدوورەوە ، دوور لە چاوی گەورەکانی بنەماڵە ، یەکتر دەدوێنن و بە چاو ڕووداوەکانی ڕابۆردوو دەگێڕنەوە و سەدان ڕازو نیاز ئەخەنە مێشکی یەکترەوە • لە هەڵپەڕکێ و ڕەشبەڵەكدا ، بە ترس و لەرز دەستی یەکتر دەگرن و بە گوشانی دەستە پڕ لە هەستەکانیان ، نیازی دەروونی خۆیان دەردەبڕن • پاش تێگەیاندن و وەرگرتنی بەڵێن ، زۆر جار لە ڕێگای دایکەکانەوە ، مەبەستەکە دەگەیەنن • ئەگەر پاشای ماڵ ، واتا باوك رازی بوو ، ئەوا پیاوماقووڵانی دێ دەچنە خوازبێنی • بە پەسندکردنی بنەماڵەی کچ ، دەستان ماچ دەکرێ • کارنیت Carnett نووسیویەتی : لەم کۆبوونەوەدا ، شەربەت دەخورێ و ئەمە نیشانەی داواکردنی کچەیە • ئامادەبوونی زاوا ، مەرج نی یە • بەزۆربەیی باوك و برای گەورە یان

گەورەیەکی تری بنەماڵە ، کاروبارەکە جێبەجێ دەکـــا(١) • وەك ڕامگەیاند بەپێی داب‌ونەریت‌و توانایی سامانۆ داهات لەسـەر خـەرجی ئەو پەیمانە ، بڕیار دەدرێ • بەداخەوە شیروایی کە هێشتا هەر ماوە ، بەندێـکی هەرە گرنـگی ئەو خەرجەیە ! زۆر لادێ‌نشین هەن کـــە ڕەخنەیان لێدەگرن ، ئەو کچ‌فرۆشتنە واتای چی‌یە ؟ دەڵێ : هـەزاران تمـەن هـەر خوێم بە کچەکەم داوە ! ! چـەند دەست لیباس‌و خشڵی ژنانەو ڕۆن‌و برنج‌و گۆشتی زەماوەند وەك مەڕو بزن ، دوو بەندی‌تری ئەو خەرجەیە • زۆرتر پاییزان گۆوەند دەگێڕن ، چوونکە هـەم لـــە کاروباری کشتوکاڵ دەبنەوەو هەم داهاتی ساڵیان لە گیرفانیان دەئاخنن‌و بەرهەمیان گلێر کردۆتەوە • لـە لادێدا ژن‌گواستنەوە لەگەڵ بـەزمی هەڵپەڕکێ ڕەشبەڵەك‌و سازو دەهۆڵۆ خشپەی تاقی زەروبینی سـمڵۆ مێخەك ، تێکەڵاوە کە لەو گوەندانەدا ، لاوەکان بنچینەی چەند زەماوەندی تر دادەمەزرێنن • هـــەڵپەڕکێ‌و چۆپی گـــرتن‌و شـــاباش کردن‌و بزەی‌پێکەنین‌و گۆڕینەوەی پەیامی ئەویندارى لەوگۆوەندەدا ، لە داب‌و نەریتـە گـەلی یەکانن‌و زۆر لە مێژە دەستەو ملانی‌بەستنی پەیمـــانی هاوسەری کێژوکوڕی کوردانن • لەم‌شایەدا بانگێشتن کراوو نەکراو ، دێنـە مـەیدان‌و بەدانی شاباش بەبووك‌و زاواو هونەرمەندانی بـەزم خولقێنی شایەکە ، هاریـکاری خۆیان هەم لەشادی‌و هەم لە سووك کردنی باری‌خەرجی زەماوەند ، ڕادەگەیەنن •

لەهێند یك‌جێگا باری‌ئایینی بەسەر باوی کۆمەڵا یەتی دازاڵ‌دەبێ‌و ژن بەجیـاو پیـاو بەجیا ، هەڵپەڕکێ دەکەن • لەکۆندا بەبلوێر شـایان

---

(١) ئافرەتی کورد ، لە تورکیا ، گارنیت ، وەرگێڕانی عەزیز گەردی، ١٩٨٣ بەغدا ، لاپەڕی ٢٥ •

دەگێڕاو ئێستا بەسازودەهۆڵو دومەكو تارو جووزەلەو ئامێری تر ، شایەکە گەرم دەکەن • ئاهەنگەکان سۆزێکی وایان تێدایە کە هێزی لەش بۆ هەڵپەڕکێ زیاتر دەکەن •

میستەرڕیچ دەڵێ : لەسەرەتاوەپیاو هەڵپەڕکێ دەس پێدەکا ، پاشان بەرە بەرە کچو ژن خۆیان تێدەخزێنن •• من دیتم ۳۰ کچ بەریزو دەست لە ناودەست ، بەهەنگاوی ناسك بەشێنەیی چوونەپێش ، بێ هیچ پێچەوپۆشی یەك لەناوبەرگی ئارموشی (ئاورێشم) ڕەنگاو ڕەنگدا ، دەدرەو شانەوە • بەراستی ئەمەبۆمن دیمەنێکی جوانو دیاردەیەکی نوێ بوو کەدەگەڵ لە ڕۆژهەلات ئافرەتم نەدیبوو بەتایبەت هێندە بەسەربەستی لەگەڵ پیاوان تێکەڵ بنو خۆیان دانەپۆشن • لەم ڕوانگەوە ژنە خێلەکی عارەبیش ، پێیان ناگەن • ریزی کچەکان بەهێواشی وەك شەپۆل لەدەوری ئاڵقەیەك دەسوورایەوە • هەندێك جار هەنگاوێك بۆ پێش دەچوونو هەندێك بۆ پاشەوە دەکشانەوە •

زۆر بەڕێكوپێکی لەنگەری لەشو سەریان ڕادەگرت(۱) •

مەلا بەپێی یاسای ئیسلام ، ژن لە پیاو مارەدەکاو پاشان بە ئەسپو ماین ، بووكو پێخەسوو و برازاوا ، بەرەو گوندی ماڵی زاوا ، وەرێدەکەون • ئەگەر لە گوندی خۆیشیدا بێ ، سواری هەر هەیە • لە شارەکاندا بەگشتی وەك وتمان دابەکە گۆڕاوەو بەبەرهەمهێنانی ئامرازی نوێو گۆڕانی ژیانو گەشەکردنی کۆمەڵ ، دیاردەی نوێ لەم باوەدا ، خۆدەنوێنن •

وەك باسکرا لەجیاتی تارای سوور ، بەهار نارنجی سپی لەبەر

(۱) ئافرەتی کورد لە تورکیا ، پێشوو ، لاپەڕی ۲۷ •

بووك دەكەن ، شیربایی لە شارەكانی كوردستانی ئێران بەكەمی ماوەو لە شارەكانی كوردستانی عێراقدا ، بەزۆری ! گیسكو كاوڕ كوشتنەوەو ئەسپسواریو تەقەتفەنگو گرەوكردن لەسەر كاتی دیاریكراوی بەزاوابوون، گۆڕاون ، ئوتۆمبیل جێگای ئەسپو چەپڵە جێگای تەقەتفەنگی گرتووەتەوە • گرەو نەماوەو جاریوایە زاوا پێش ڕێورەسمی شایی ، لەگەڵ بووك خۆیان دەكەن بەشاراندا و ئەچن بەپیری مانگی عەسەلەوە ! خەرجی خشڵی زێرو زیو جاریوایە كەمەری زاوا دەچەمێنێتەوە • كچی شار ئوتۆمبیلو ماڵو كۆشكی دەوێو كەمتر بە هەژاری هەڵكەوتوو و كەنجی بێپارە مێرد دەكا •

بەهۆی خەرجوبەرجی گرانو پارەی گواستنەوەی بووكو نەبوونی ئەوشتانە ، كەنجی شارنشین ، درەنگ ژندێنن و زۆر لاوی بێژنمان هەن وەك بۆخچەی نەكراوە لەبنەوە سەد پینەیان تێدایەو لەبەر بێتووكی سەریان وێنەی ئەستێرەی ئاسمان هەڵدەگرنەوە ! بەهۆی بارو دۆخی پاشكەوتووی ژیانی كۆمەڵایەتیو كەمبوونی كارگەو بنكەو بنیاتی سەنعەتی لە گشت كوردستاندا، بێكاری زۆرە ، بەتایبەت لە كوردستانی عێراقدا كە زۆربەری گوندەنشینەكان بەزۆرەملی ڕاگوێزراون بۆ ئۆردووگا دەسكردەكان ، بێكاری بێداد دەكا ! جاران لەسەدا هەشتای ئەو خەڵكە ، بە كاری كشتوكاڵەوە خەریكبوو ، بەڵام ئێستا نە كارگەیەك هەیەو نە سەرمایە تا بتوانی نانو پێڵاوی پەیدا بكا • بەمجۆرە بەرهەمو داهاتیش كەمەو شتومەكو خواردەمەنی گرانەو خەرجی ژیان ، سەربای لاوانە • هەر بۆیە ژنهێنانو خێزان پێكهێنان ، دژوارە •

ئەگەر شۆڕشە پیرۆزەكەی نەتەوە قارەمانەكەم ، لەم بەشەی

کوردستاندا ئەو بارو دۆخە خولقێندراوە ، چارەسەر نەکـــا ، دواڕۆژ زیانێکی گەورە وەباری کۆمەڵایەتیو گەشەکردنی کۆمەڵگاکەمان ، دەگا•

باری ئابووری شوێنی کاریگەر لەسەر پێکەوەنانی خـــاوخێزان دادەنێ • تومـــا بو دەڵێ : ئەم بارە بووەتە هۆی ئەوە کە پیـــاو لـــە گوندەکاندا ، کـــەمتر دوو ژن بێنێو ٢٪ی پیـــاوان لە ژنێك زیاتریان هـــەیە • کورد وتەنی : ئەوەی دوو ژن بێنێ ، ئەبێتە درگاوان • ئێستا لە شارەکان مەگەر لەبەر هۆی تایبەتی ، دەنا ڕووناکبیران خۆ لـــە دوو ژنە نادەن • تەڵاقدانو ژنی تازە هێنان ، تائەندازەیەك زیاتر لـــە گوندەکاندا باوە • ( لەم فەرهەنگەشدا ژنیش بۆی بچەلێ ، مێردی زۆر دەکـــا ، ژنێك بە ناوی ئاسیەیە خەڵـکی سەرەمێرگی سەڵماس تا ساڵی ١٣٥٤ی هـــەتاوی ٣٢ مێردی کردبوو • هێشتا بەبەریشیەوە مابوو ! ) • جـــاری وایە بەپێچەوانەی فەلەکانی ڕۆژئاوا ، پیـــاوی کوردەواری دەیـــان ژن دێنن ! وەك شێخی شەدەڵە لە کوردستانی عێراق کە ١٩ ژنی هێناوە[1]• خەزووری خوشکی گـــەورەی نووسەر بە ناوی میرزا تەقی میانگروانی لـــە دەوروبەری سنە تا مرد ٣٦ ژنی هێنا • دیارە کوڕو کچو نـــەوەو نەبیرەکان ، قـــەت مافی وەك یەکیـــان وەرنەگرتو لەبەر جیـــابوونی دایکیان لـــە یەکتـــر قەت لە نازی باوکیان کەڵـکی باشیان وەك یـــەك وەرنەگرت •

لـــە نزیك مەهاباد گوندێك بەناوی حاجیئالیکەند هەیە کـــــە ئاغاکەی عەلیخانی حەیدەری نزیـــکەی سەدوشەش ژنی لـــــە خـــۆی مارەکردوە ! گۆیا یەکێکیان پاشئەوە دوو مانگ ژنی بووە ، تەڵاقیداوە، تا مردن مێردی نەکردووە ، بۆئەوەی شەرەفی ! ئاغاژنی خۆی بپارێزێ •

(١) ژیانی کوردەواری ، پێشوو . لاپەڕی ١٠٥ •

دەڵێن هەرکەس سلاوی کردبایە ، دەیگوت : سەرچاوی ئاغاژن ئایشێ • دواینەکەی کچێکی ١٤ ساڵە بووە ، بەپیری چی پێکراوە ؟ دەڵێن : بۆ ٢٥ ژنی دوایش وابووە !

لە هەڵبژاردنی ژندا ، کورد دەڵێ : مەڕوانە بۆ ژن بڕوانە بۆ کەس‌وکاری ، ژن مەهێنە تاخاڵۆی تاقی‌نەکەیتەوە • بەپێی باو کچی مام یەکە نەچیری مامۆزایە • کورد دەڵێ : ژن کۆڵەکەی ماڵە • ژنی باش دیاری‌یەکی باشەو خراپیش زیندانە • ژن قەلاّیەو پیاو پیاوزیش بەندەیەتی • پیاو چەمەو ژنیش دەریایە(١) گەیشتن بە هاوسەری دڵخوازو هەستبزوێن‌و خاوەن هۆش ، هاسان نی‌یە • کورد دەڵێ : ئەوەی ئەیەوێ ژن بێنێ پێویستە توورەکەیەك وردە پارەو باقەیەك دراوی پێ‌بێ • ناتوانی بە سامانی شوانی گاگەلێك ، شازادەیەك مارە بکەی • جاری وایە کچ بە گۆرانی‌و بێ لەبەرچاوگرتنی سامانی ئەویندارەکەی ، ئامادەیی خۆی بۆ گەیشتن بە ژیانی هاوبەش ، دەردەبڕێ : لە گوارەکەم پێلاو دروست دەکەم بازنەکانم ئەکەم بە بزمار ، بە نینۆکەکانم پشتێنت بۆ ئەچنم ، پەلکەکانم ئەکەم بە ڕەشمەوەی ئەسپەکەت(٢) •

**ژیانی ئافرەتی کورد :**

هەروەك لەپێش‌دا باسمانکرد ، لێرەش‌دا دەبێ ژن بەگشتی بکەین بە دوو دەستە : شارنشین‌و گوندنشین • دیارە جیاوازی لەنێوان ژنانی شاریش‌دا حاشا هەڵنەگرەو لە گوندەکانیش‌دا ژنی‌وا هەیە لەو شێوە ژیانەی باسی‌دەکەین ، بەدوورە •

---

(١) هەر ئەم سەرچاوە لاپەڕی ١١٩ •
(٢) هەر ئەم سەرچاوە لاپەڕی ١٠٨ ـ ١٠٧ •

ژنی لادێ وەك وتسان هاوڕێو هاودەردو هاوكاری پیاوە . لە بەرھەمهێنانـدا ، بەشداری دەكـا . كاروباری نێومال هەڵدەسوورێنی ، منال پەروەردە دەكـاو میوانداری دەكـاو ئاگای لە داهاتی بنەماڵەیە . مەڕومالات بەخێودەكاو پالێو خاوێنی مۆلگەی ئاژەل دەپارێزێ شیرەكەی ڕەنێو دێنێ . ئەوە لەكاتێكدا یە كە لە گوندەكان ، جێـگای پیاسـەو حەسانەوەو شوێنی گشتی لەئارادا نییەو ژن لـە ترۆپـكی بەیانییەوە ، هـەتا نیوەیشەو خەریكەو چوونـكە ئامرازی كارو مەڵبەندی ژیان یەكجۆرن ، ئاسینی تازەی كەمەو لەو هەڵسووكەوتانە ، تێـگەیشتن و پێگەیشتنی بەرچاوی نییە ! لە دەورەی دەرەبەگایەتیدا ، زۆربەی زۆری ئافرەتان نەخوێندەوار بوون .

لـە زۆربەی زۆری گوندەكان قوتابخانە نەبوو . وەك وتمان لـە قوتابخانە ئایینییەكانیشدا ، ژنان ڕێگایان نەبوو ! بەمێیەو لەبەر نەبوونی ئامـــرازی ڕاگەیەنەر وەك ڕادیۆ ، ڕۆژنامـــە ، گۆڤارو هیتر ژنان نەیاندەتوانی لـە ڕووداوەكانی جیهـــانی دەوروپشتیان ئاگـادار بن ! لەبەرئەوە گەرمـاوو خانووی باری تەندروستیو كۆلانی خـاوێنو ئاوی پالاوتراو ، ڕوویان لـە گوندەكان نەكردبوو ، ژیانی بەتایبەت ژنـــان لەگـەل ئاژەل تێـكەل بوو ، باری لەشساغی ئافرەتان دەردهێنـــەر بوو . دەرمانـگاو دوكتۆرو نەخۆشخانەو مەڵبەندی خاوێنی ژیـان ، هـەر بە خەیالی كەسدا ، نەدەهات . هەواڵیان لە سابوونو ئەو شتە پاككەرەوەكانیتر ، لـەئارادا نـــەبوو . مۆرینو جـــۆرها گیانلەبەری تری نەخۆشیهێنەرو ئازاردەر ، لـە تەواوی كونو قوژبنو لێولەوچـەی جـلوبەرگو لەشیانەوە ، جریتەیان دەهـاتو هیچ ڕێگایارەیەكیان نەدەزانی !

بە سەرهەڵدانی سەرەتاکانی سیستەمی سەرمایەداریو هێرش هێنانی کۆتایی بەرهەمی بنکەو بنیاتە سامنەتی یەکان بۆ گوندەکانی کوردەواری ، بەرەبەرە ، شێوەوازی ئامرازی پاک و خاوێنی و راکێشانەوە لەشتییەکان ، پەیدابوو ، قوتابخانەی نوێ دامەزراو بزانی نەزانی بەدزی نەیارەکانی زانینو ئەهریمەنانی تاریکی پەرستەوە ئەستێرەی زانست کەوتە ئاسمانی کوردەوارییەوە ، بە گەیشتنی ئۆتۆمبێلو رێگاوبان ، زۆربەی خەڵک لە دەوروبەری مەڵبەندی ژیانی دوورکەوتنەوەو تازە زانیان عەلی تواویش شارە !

ئەگەر بەرهەمی رەنجی ئادیسۆنیش بگەیشتبایە ئەو هەرێمانە ، ئەوە نوور لەسەر نوورو خێر لەسەر بێر بوو ، بەمجۆرە لوڕای کۆمەڵی پێشکەوتوو ، ژیانی خستە بەر لەشی نیوەمردووی خەڵکی لادێ نشینی کوردەواریو وەک ئەوەمابێ ، چاوی هەڵهێنا ، دەوروبەری خۆی بینیو هۆشی هاتەوە مێشکیو بە سەر سوڕمانەوە ، سەرنجی دەوروبەری خۆی دا ٠

هەرچەند دابونەریتو چوارچێوەی ئایینی خەڵکی کوردستان بێجگە لە زەبری زۆردار ، رێگایان نەدەدا بە چوونی کچان بۆ قوتابخانە،لەگەڵ ئەوەشدا دەلاقەیەک بەردوجیهانی بەختەوەرەکان، بۆ ژنان کرایەوە ٠ بەرەبەرە بە تێپەڕبوونی کاتو ڕۆژخانی کۆمەڵگایەتی پێشڕەوی خوێندەواری کەوتە ناوی کوڕو کچی کوردەواری ٠ بەڵام زۆربەی کورەکان لەبەر بەشداریین لە هەڵسووڕانی کاروباری ژیانو بەرهەمهێناندا ، نەیاندەتوانی تا پلەی بەرز ، درێژە بە خوێندن بدەنو بەداخەوە کچەکانیش لە کۆتایی دەورەی سەرەتایی خوێندندا ، بۆ بەشداری لە کارەساتی بڕ لە هەورازو

نشێوی ژیانی هاوسەریی ، ئامادە دەکران ! باری گرانی دایکایەتیو هەڵسووڕانی کاروباری بنەماڵەیەکی سەربەخۆ ، لەکاتێکدا ئەکەوتە سەر شانی کە هێشتا دەبوو لەگەڵ هاویاری یەکانیو دوور لە هەستکردن بە بەرپرسایەتی ، خەریکی یاری بایە •

سكپڕیو منداڵبوونو نەخۆشی یە جۆراوجۆرەکانو بێدەرەتانی بڕستی لە تازەلاوی بێئەزموونی وە بنباری ژیان کەوتوو ، دەبڕی • بەوحاڵەش ژیانی کۆیلەتیو بندەستی ئافرەت لە پێوەندی لەگەڵ پیاوداو لە چوارچێوەی داب ونەریتی کۆمەڵدا ، بۆ باس نابێ • لە شارەکاندا هەرچەند پێوەندی یە کۆمەلایەتیو ئابووریو ڕامیاری یەکان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتو گیروگرفتی ژیانیو سەرهەڵدانی بنکەو بنیاتە سەنعەتی ، فەرهەنگیو حکوومەتی یەکان ، ئافرەتیان وەگەڕخستو هاتە مەیدانی ژیانو شانیدایە بەر کارو تێکۆشان ، بەلام هێشتا باری گرانی هەڵسووڕانی کاروباری نێوماڵو پەروەردەکردنی منداڵ ، لەسەر شانی ماوەو تا بنکەو بنیاتە کۆمەلایەتی یەکان ئەو ئەرکانە وەئەستۆنەگرن، ئەرکی ژنان قورس ترە •

باسکرا کە سەرهەڵدانی شوێنەوارەکانی شارستانیەتی نوێو ئامرازی نوێ ، لە ولاتی ئێمەدا ، بوو بە هۆی زنجیرە لاسایی کردنەوەیەکی خراوو ناپەسندو وەك پێویستە ، کەڵکیان لێ وەرنەگیردرێ ! بەتایبەت ژنی شار نەیتوانی لە بەرامبەر هێرشی فەرهەنگی ڕۆژئاواو ئامرازی جوانی هێنەری!دا ، خۆڕابگرێو بەداخەوە زۆربەیان سنووریان شکاند کەوتنە ژێر شوێنەواری ئەو فەرهەنگە نامۆیە کە هێشتا لەم ولاتە جێیپێی خۆی نەکردبووە ! قژی ڕووتو لێوو نینۆکی سوورو جلی تەنگو سینەو بەرۆکی ئاوەلاو کەوشی

پاژنەبەرز ، جێگای سووراوو سپیاوو سمڵو مێخەکو جلی جوانی کوردی یان گرتووەتەوەو لە زۆر جێگا لەبەرکردنی جلوبەرگی کوردی ، نیشانەی دواکەوتوویی یە !!

ژیانی پڕگرێوگۆڵی شار بۆ بەشێك لە ژنان هەم هێندێك ئازادی هێناو هەم سەرگەرمی ۰ بەشداری لە هەڵسووڕانی کاروباری دەوڵەتیو مامۆستاییو مووچەخۆریو هونەریداو کارکردن لە بنکەو بنیاتە سەنعەتی یەکاندا وەك کرێکار ، بووەتە بەشێك لە ژیانی هێندێك لە ژنانی شار ۰ سەرەڕای ئەوە گیروگرفتی ماڵو هەڵسووڕانی کاروباری ڕۆژانەی بنەماڵە ، لەسەرشانیانە ۰

بەشێکی تر تائەندازەیەك بەشتر لە ژیانی ژنانی لادێ هەمان ئەرکیان لەسەر شانەو هێشتا لەژێر باری داب‌ونەریتی خراوی باوی کۆمەڵایەتی، دەرنەهاتوونو لەو چوارچێوەدا ، لە ژیاندا بەشدارن ۰ کاری ئەم بەشە لە زۆر لە شارەکانی کوردستاندا چێشت‌لێنان ، منال بەخێوکردنو شت‌کڕینی پێویستی ڕۆژانەو ڕاگرتنی پاکو خاوێنی ماڵو هی‌تری ، لەسەرە ۰ بەیانی تا ئێوارە بەو وردە کارانەوە خەریکەو شەو شەکەتو ماندوو ، بێ‌ئاگا لە دەورووبەری ، سەری لێ دەنێتەوە ۰

کڕینو فرۆشتنی ژنو کچو مارەییو ژن‌بەژنەو گەورەو چووکەو ڕەنجو کوێرەوەری‌تر ، لەسەر شانی‌یەتیو لەڕاستیدا بووە تەپردەبازی نێوان بەرەی کۆنو بەرەی نوێ ۰ بارو دۆخی نوێی کۆمەڵ ڕێگانادا بچنە ڕیزی‌لاسایی‌کەران یان خۆرێکخەران لەگەڵ چاخی ئێستاو تێش‌دەکۆشن ، خۆ لە ڕابووردوو جیابکەنەوەو دۆخی کۆن ، بەجێ‌بێڵن ۰

ئەمەی باسمانکرد ، هێشتا باسی ژنی خێڵە کۆچەرەکانی تێدا نەهاتووە کە باری ژیانیان زۆر لە ژیانی ژنی لادێنشین دژوارترەو بەدەگمەن مانگێك لە جێگایەك سەقامگیر دەبن • شێوەی ژیانی کۆچەری و گەڕان بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵو شاخو دۆڵ کردنی بێپسانەوەو لەکۆڵکردنی بەروبووی ژیانو کەلوپەلی پێویست بەتایبەت ، ژیان لە ژنان دەکاتە ژان !

زۆربەی کۆچەرەکان لەژێر دەواردا دەژینو جاریوایە نسزمو بچووکو بەرتەسکنو بە پەتی کورت کورت بەسراونەتەوە بە زەوییەوەو لەگەڵ دەواری عەرەبەکان ، جیاوازن • ئەمە دیوارە خانوی دانیشتنو میوانو پەردەی ژوورەوەی ژنانەو جاریوایە ئەوەندە شەمە لەدوورەوە مرۆڤی تێدا دیارە(١) •

لەباری دەرمانو لەشساغیو کەلوپەلی خاوێنو مەڵبەندی ڕێکوپێکی ژیانەوە ، یەکجار شپرزنو شێوەی پەروەردەکردنی منداڵ ، لەوپەری شڕیدایە ! جاریوایە پاش لەدایكبوونی منداڵ ، کۆچوبار تێکەوە دەپێچنو ژنی زەیسان منداڵی تازە لەکۆڵدەکاو بە ئەنجامدانی هێندێك ئەرکی ترەوە ، لەبەروەوپێش بردنی کارەکاندا ، بەشداری دەکا • نەخۆشی پاش ئەو ڕووداوە گرنگەو چاودێریو پاراستنی لە میکرۆبو ڕاگرتنی باری لەشی ، ژیانی منداڵو خواردەمەنی تایبەت کە هەر بۆ باس نابێو ژنی کۆچەر لەوشتانە بێبەشە • دیارە لەوبارەشدا باخچەی منداڵانو قوتابخانەو بنکەو بنیاتی وەرزشیو پەروەردەیی لەشو هۆش هەر باسیان ناکرێو منداڵ لەگەڵ کەژو کێو ، دارو بەرد ، هاوڕێیەو چەند بنەماڵە دەناسێو لەگەڵ ئاژەڵ تێکەڵە ! بەوحاڵەش

(١) ژیانی کوردەواری ، پێشوو ، لاپەڕی ٥ ـ ٥٣ •

ژن لەسەرشانی‌یەتی کـە نان‌و چێشتی ئەندامانی بنەماڵە ئامادە بـکاو بە کاری ماڵە گەرۆکەکەدا بـگاو ئاگای لە کۆرپەکانی بێ‌و خـەمی شیرو مـاستی ئاژەڵ بخواو ژنێکی فەرمانبەرو بێ‌پرتەوبۆڵەی مێردەکەشی بێ •
دیارە باری هۆشیاری ڕووناکبیری‌و کۆمەڵایەتی ، گەشەناکاو ژیان لەو حاڵەدا ، زۆر دژوارە •

بەهـۆی نزم‌بوونی پلەی خوێندەواری ئافرەت لـە کوردستاندا ، زۆربەی بیرو بۆچوونی چـەوت‌و هۆش‌نەپێك‌و پڕوپووچ ، لـە باخەڵی ژناندایەو ئەوان زۆرتر بۆ گەیشتن بە ئارەزووەکانیان ، پەنا بۆ خۆراوت دەبەن • هەرچەند زۆربەی زۆری گەلی کورد موسڵمانن ، بەلام کورد بە پێرەوکەری بێباك‌و کەمتەرخەمی پەیامبەری ئیسلام ناسراون ! لەگەڵ ئەوەشدا وەك وتم ژن بە دوعـاو جادوو باوەڕی هەیەو زۆر جـــار بەپێچەوانە کەمتەرخەمی‌یەکە دەبێتە نیشاندانی تەرخەم بە پڕوپووچ •

کوردناسەکان پێیان‌وایە ئافرەتی کورد پتر لە ژنی تورك ، بڕوای بە شێخ‌و متفەرك هەیەو زۆرتر پێیانەوە ماندووە ! بەرامبەر بـە بـڕوای ئایینی کەمتەرخەمە ، ئەوەندەش وەك گشت چیایی‌یەك زیاد لـە پێویست ئەفسانەیین‌و بڕوای پتـەویان بە گشت هێزە ڕوحی‌و سیحری‌یەك هەیە کـە شێخە خاون. دەروێش‌و سۆفی‌یەکان داوای دەکـەن • ئافرەتی کورد بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی بەدەن‌و دەروون ، دەچنـە ســەر گۆڕی شێخی مردوو یان تەکیەی شێخی زیندوو • ئەگـــەر مناڵێك نەخۆش بــکەوێ ، دایـکی هەراسان دەیباتە لای نزیـکترین شێخی بەناوبانگ ، ئەویش نەك هـەر دەستی پێدا دێنێ ، بەڵکوو پێی‌لێ‌دەنێ‌و فووی لێدەکـا یان هـەندێ نووشتەو کشتەکی پیـرۆز دەکــاتە ملی

بچووکەکە • پێ لێنانەکە لە هەمووی ترسناکترە[١] • دیارە ئەم بەسەرهاتە پێوەندی بە کوردستانی تورکیەوە هەیەو لە گشت کوردستاندا ، بەشێوەی جۆراوجۆر ئەو پووچ پەرستی یە هەبووەو ماوە کە ئێمە لەباس لەسەر تەریقەت و سۆفیزم لە کوردستاندا ، بەپێی توانا شی دەکەینەوە • گەڕیدە ئوروویایی یەکان گەلێکیان بە شان و باهوی ژنی کوردا گوتووە کە جاری وایە خۆمانمان لەبیردەچێتەوە • باسی پێلاوو جل و بەرگی ژنی کورد دەکەن دەڵێن لە ئافرەتانی جێگاکانی تر ، پۆشتەترن و حەزیان لە ئالاو والا زۆرە ، عەباو پەچە لەبەرناکەو ئەمە راستە ، بەلام ئەوە سروشتە ، ئەو بارەی پێداون[٢] •

### ئەرکو مافی ژنان لە بەڕێوەبردنی ژیانی کۆمەڵدا :

لە کوردستاندا ژن وەك مرۆڤێك کاردەکاو بەپێی باری چینایەتی و داب و نەریت و فەرهەنگی کوردەواری ، لەلایەن پیاوەوە ، دەچەوسێتەوە • لە هەموو شادی و ئێش و ئازارێکی کۆمەڵایەتی دا بەشدارە بەلام وەك ئینسانێك سەربەست نی یەو خاوەنی بەرهەمی ژیانی خۆی نی یەو ناتوانێ چارەنووسی ژیانی هاوسەریشی ( مەگەر بەدەگمەن ) دیاری بکا[٣] • هەرچەند خەڵکی کوردستان بەگشتی لەباری نەتەوایەتی و چینایەتی یەوە ، دەچەوسێنەوە ، ستەمی ژنی کوردەواری لەپیاوی ستەم لێکراوی کورد ، زۆرترە • پیاوی ستەم لێکراوی کورد زۆر لاسارانە ژن دەچەوسێنێتەوە ! بەتایبەت لە گوندەکاندا هێشتا ژن لەژێر چەمەری داب و نەریتی باری دەرەبەگایەتی دا پشتی چەماوەو هاناى

---

(١) ئافرەتی کورد لە تورکیا ، پێشوو ، لاپەڕی ٣٦ ــ ٣٥ •
(٢) ئافرەت لە مێژوودا ، پێشوو ، لاپەڕی ٧٥ ــ ٧٤ •
(٣) بنچینە ••• پێشوو لاپەڕی ٥ •

براوه ! وەك وتمان هەرچەند ئافرەتی كورد بەتایبەت ژنی لادێ لەژێر باری كارو تێكۆشاندا ، هەناسەی براوه ، بەڵام تەنانەت دەسەڵاتی هەڵبژاردنی ژیانی خۆی نییه •

بێ‌ڕێدانی پیاوان ، مافی هاتووچۆكردنی ماڵانو كۆڵانو گوندو شارانیان نییەو گیرۆدەی مەینەتی نەخوێندەوارین • له بەرهەمهێنانو كارو تێكۆشاندا ، چالاكەو له دانانو دامەزراندنی بنكەو بنیاتە كۆمەڵایەتییەكان و كۆبوونەوەكانو بڕیاردانەكاندا ، دەوری نییەو وەك نەبێ وایه ! هەر بۆیه ناتوانێ خاوەن ڕاو بۆچوون بێو له كێشانی پلانی ژیانو خەباتدا ، شوێنی دیار نییه ! گیرۆدەی بەندوباو داب‌ونەریتەو مەودای گەشەكردنی كۆمەڵایەتی بەرتەسكه ! بەشداری ژن له كاروباری هەڵسووڕانی ژیانی ڕۆژانەو بەرهەمهێناندا ، بە واتای سەربەستی ئەو نییەو ناتوانێ وەك پیاو بە سەربەستی له خەبات بۆ ئازادیو هەڵسووڕانی كاروباری كۆمەڵایەتیو ئاڵوویرو هاتووچۆی شاراندا ، وەك نیوەی كۆمەڵ ، چالاكی هەبێ • تەنیا له میوانداریو گەلویستیدا ، دەوری هەیەو ئەویش بەتەواوی تیایدا سەربەست نەبووەو نییه !

دێوەزمەی یاسای نیوەكۆیلەتی ، لەسەر سەری زاڵ بووەو هێشتا نه دۆخی كۆمەڵ ڕێگای پێداوەو نه خۆی ئەو لێوەشاوەییەی نیشانداوه ، بەرەو سەربەستی هەنگاوی بەكەڵك هەڵبگرێ ! وەك هێمای پێكرا ، له دواكەوتوویی ژناندا ، بێجگه له باری فەرهەنگی دەرەبەگایەتییەوە ، خورافاتو پەرەسەندنی بیروبڕوای جۆراوجۆری پڕوپووچ كه دەكرێ بڵێین ، تایبەتی ئەو دەورەو پێش ئەو دەورەیە ، نەخشی بەرچاوی هەبووەو هەیەتی •

له هەر چوار هەرێمەکەی کوردستاندا ، کچ بەگوێرەی تەمەن باریدەدەری بنەماڵەیەو مەشقی ڕاپەڕاندنی کارەکان لە دایکی فێردەبێ ، کچی مێرمنداڵ، منداڵی ساوا بەخێودەکاو بەمجۆرە ئێری جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکەش دەبێ • کوڕ لەگەڵ پیاو دەچێتە دەرەوەی ماڵو فێری ئەنجامدانی ئەرکی ئەوان دەبێ(١) •

بەپێـــی دابی کۆنی کوردەواری ، کچ لـــە ١١ و ١٢ساڵیدا ، مارەدەکراو هەرچەند کەمتەمەنو نەوەدەچوو کەمئەزموون بێ ، لەگەڵ ئەوەدا لە ماڵی باوان ، وا فێرکرابوو ، کـــە دەیتوانی ئەرکەکانی ژیانی هاوسەری‌و کاروباری ماڵ بەڕێوەبەرێ • ئەوە لـــە بارێکدایە کـــە کچی شار ، بەتایبەت ئەگەر دەرس‌بخوێنێ ، لە تەمەنی ٢٠ ساڵیشدا کـــەمتر دەتوانێ ، ئەو ئەرکانە ئەنجام بدا • گشت ئەم ڕاستی‌یانە بەردەمی ژیانی پڕ لـــە کوێرەوەری ژیانی نەتەوەکـــەمانە • باری گرانی ئابووری‌و بەرهەمهێنان ، بەرپرسی بنەماڵە دنەدەدا ڕۆڵەکانی بکێشێتە ژێر کـــارو فەرمان ، گێرەوکێشەیان پێ بـــکاو بۆ زیاد کردنی بەرهەمی ساڵی ، لـــە خۆشی‌و یاری‌و تەنانەت دەرس‌خوێندن بێبەشیان دەکا !

ئەمـــەیە باری ژیانو دۆخی کۆمـــەڵو هۆیەکانی پاشکەوتوویی‌و کەمتر گەشەکردن • هەربۆیە پێویستە بناخەی ڕاپەڕینێکی کۆمـــەڵایەتی دابندرێ‌و بە هـــەوڵو تێکۆشانو دڵسۆزی‌و بـــە هەست‌کردن بـــە بەرپرسایەتی ، بچینە هاواری کۆمەڵەکەمانەوەو ڕێکوپێکی بـــکەین‌و جارێکی‌تر بەشێوەیەکی‌تر ، بناخەکەی دامەزرێنین‌و سەرلەنوێ بـــەرەو ئاسۆی سەربەرزی‌و سەرکەوتن ، وەڕێبخەین • لەســـەر بناخـــەی داب‌ونەریتی پەسندمان ، کۆشکێکی ڕازاوە دابنێین •

---

(١) ژیانی ئافرەتی‌کورد ، هێنری هارۆلد هانس ، وەرگێرانی عـــەزیز گەردی ، بەغدا ١٩٨٣ لاپەڕی ٢٦٠ •

باسمان کرد کـە ژنی کورد ، لە سەرەتای بەرەبەیانەوە تا دوایین چورتکەکانی ڕۆژو شـەو ، خەریکی کارەو خۆی بە دارو بەرددا دەداو ساتێ ناسرەوێ . هێنی هارۆلد هانسن ، یازدە ئەرکی بۆ ژنی کـوردی لادی داناوە:نان کردن ، ڕنێوهێنانی شیرەمەنی ، چالێنان ، چێشت لێنان ، ئاوهێنان ، کۆکردنەوەی دارو ئاوردوو ، ڕنێوهێنانی دانەوێڵە ، ڕسـرە (قلبداڕشتن و) پێزەشوشتن و (ئەگەر هەبێ) تونووکردنی جل و بەرگ ، هەڵبژاردن و خاوێن کردنەوەی ماڵو جێڕاخستن (١) .

دیارە ئەم ئەرکانە لـە شارو شارۆچکەکاندا ، یان کەم دەبنەوە یان جێگای خۆیان بە ئەرکی تازەتر دەدەن . ئێستا دەستارکردن نەمـــاوەو ئاشی مەکینـە ، ئاردی وردی دابێژراو ، دەگەیەنێتە ماڵان . بێجگە لەمانە ژن لـە لادێ و هێندێك جـار ، لە شاردا ، تەشی دەڕێسێ ، ئـــەویش لەراستی دا لـە کاتی حەسانەوەدا ، خەریك دەبێ . لــە هـــاتوچۆی ڕانەبێری و نێوباخ و مووچـەو مەزرا تەشیڕستن ، بەردەوامـەو ئەویش بێگومان ، تەوژمی بێدەرەتانی ژیانە کـە لە گشت کـات و ساتێکی تەمەن بۆ بەرهەم هێنان ، کەڵك وەردەگرن ! چوونکە بەرهەمی ئـەو کـارە بەکەڵـکە لە ئامادەکردنی جل و بەرگی خەلکەکە لەوکاتەدا کە مەکینەی جل و بەرگ و کۆتاڵڕستن لەئارادا نەبوو ، دەوری تایبەتی هـــەبوو . جولا دەیچنێ و دەکرا بە جل و بەرگ . لە هەوراماندا ئامادەکردنی پەڕۆێ کلاش و تەنانەت هێندێك جار چنینی کلاشیش ، وەئەستۆی ژنانە . گوریس هۆنینەوە ، ئەرکێکی تری ژنانە کە وەك ئامرازی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ، بەکەڵـکە . گلێنـەو کاسـەو کوزە لەجیـاتی دەفری مس و هی تر ، دەسکردی ژنانی لادێ نشینن . مەشکە خۆشەکردن ، خێگە سازکردن ،

---

(١) ژیانی ئافرەتی کورد ، هێنی هـــارۆلد هـــانسن ، پێشوو ، لاپەڕی ٩٩ .

ژەندنی مەشکەو هەڵگرتنی ڕۆن ، بۆ زستانی بنەماڵەو پینەوپەڕۆ کردنی جلوبەرگیانو زۆر وردەکاریتر ، ئەرکی ژنی کوردنو بێبڕوبیانوو ، بۆ ڕاپەڕاندنیان ، هەنگو هەڵدەگرێ •

وەك گوترا ، ئەم ئەرکانە لە شارەکاندا ، ئاڵوگۆڕیان ، بەسەردا دێو ئەرکی ژنی ساماندارو بێسامانیش ، جیاوازە •

وەك وتم دەبێ بۆ دانانی بناخەیەکی نوێ هەوڵبدەین ، کەوابوو پێویستە ئافرەت ببێتە پارسەنگو لایەنێکی گرنگی مەسەلەی ئەو رزگاربوونەی تێکڕایی کۆمەڵ لە باری سیاسی ، ئابووری ، فەرهەنگیو کۆمەلایەتییەوە • زۆربەی ئافرەتی کوردەواری ئێستا بەداخەوە ، لە زەلکاوی ڕێبازی کۆنو دواکەوتوویی وەمیراتهاتووی دەورانی کۆیلەتیو دەرەبەگایەتیدا ، خنکاونو بە زۆربەیی لە گیانی نەتەوەپەرستیو ئەنجامی ئەرکی رزگاریخوازانەو بەشداری چالاکانە لە کاروانی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵدا ، دوورن(۱) • هەرچەند لە کۆمەڵی ئێمەدا ، ژنی دانیشتووی شارەکان لە بارێکەوە هێندێك ئازادی هەیەو لەراستیدا ئەرکی ئافرەتی لادێ لەسەرشان نییەو ئەوپەڕەکەی ، لە چێشتخانە ئەرکی کەیبانوویەکی لەسەرشانەو هێندێکیان مووچەخۆرو دەسنەخشینو شتی دەسکرد دەخەنە بازاڕو بەمجۆرە بەشداری بەڕێوەبردنی ژیانی بنەماڵەن • بەلام بەداخێکی گرانەوە بەم هۆیانەی خوارەوە وەك هێنامان پێکرد لەو ئازادییە ، خراپ کەڵك وەردەگرن :

۱ ـ کۆمەڵی کوردەواری بۆخۆی بەهۆی پێوەندیو نیازی بە بۆرژوازی گەلی بالادەست ، لە زۆربەی دیاردە ناحەزەکانی فەرهەنگیو

---

(۱) بنچینە کۆمەلایەتییەکانی ... پێشوو . لاپەڕی ٦ •

ئاڵوگۆڕێ ژیانی سەرمایەداری کەڵك وەردەگرێ • تازە ئەو بەشە لـە سەرمایەداری خۆی مشەخۆری سەرمایەداری جیهانی یەو لـە گوفتارو ئاکاردا ، لاسایی ئیمپریالیستەکان ، دەکاتەوە •

٢ ـ بـەگشتی پلەی خوێنـدەواری لە کوردستاندا ، نزمـــەو لـەمبەشەشدا پاشـەرۆکی فەرهەنـگی سەرمایەداری گـەلی میللەتی باڵادەست ، دەگاتە لامان • بێجگە لەوە بەهۆی داب‌ونەریت‌و بیروبڕوای کۆن‌و زاڵبوونی بەسەر کۆمەڵەکەماندا ، ئەگەر لەسەدا حەفتا لـــە پیاوەکان نەخوێندەوار بن ، ژنەکان دەگەنە ٩٥٪ی !!

هەربۆیە ژنی ڕووناکبیرو زاناو بەشدار لە بەرەپێش‌چوونی زانست‌و کاروباری فەرهەنگی‌و ئابووری‌و ڕامیاری‌و کۆمەڵایەتی‌دا ، زۆر کەمە •

٣ ـ کـــە زانیاری کـــەمو پلـەی زانست نزم بوو ، شێوەی کەڵك‌وەرگرتن لـە ئازادی ، باری ناحـــەز بەخۆوە دەگرێ‌و دەبێتـــە هۆی بێ‌سەرەوبەرەیی‌و پسانی زنجیری یەکیەتی بنەماڵەکان ! هەر بۆیە لاسایی کردنەوەکەی ژنانی کوردەواری لـە داب‌و نەریتی بۆرژوازی کە ژن وەك کووتاڵی بازاڕ چـــاولێدەکـا ، ئەیـکاتە بووکـەشووشەی خۆشگوزەرانی پیــاو ، لاسایەکی ناڕێك‌وپێکەو دیمەنێکی ناحـــەزی بەخۆوە گرتووە !

لەبەرکردنی جل‌وبەرگ ، ئارایشتی ژنانەو شێوەی هەڵس‌وکەوتی ژنان لـە جێگا گشتی یەکاندا ، بەپێی پلەی تێگەیشتوویی فەرهەنـــگی سەرمایەداری ، لە هەر مەڵبەندێکی کوردستان ، بەجۆرێك خۆ دەنوێنێ •

لـە کوردستانی ئێران‌و تورکیـەو عێراق‌و سووری‌یە ، پەل‌وپۆ هـــاویشتنی سەرمایەداری وەك یـەك نی‌یە • هـەربۆیە بۆنموونە لـــە کوردستانی عێراق ، ئەو دیاردە کۆمەڵایەتی‌یانەی لـە ژیانی ئافرەتـــی

شاردا خۆ نیشان‌دەدەن وەك ٣٠ ساڵ لەمەوبەری کوردستانی ئێرانن •
تازە ئەو ئازادی‌یە ڕواڵەتی‌یەی ژنانی شارەکان ، ئاکامی خەباتی خودی ژنان نی‌یەو بەرهەمی بەرەوپێش‌چوونی گشت کۆمەڵگای مرۆڤایەتی‌یە •
لەم بوارەدا ، ژنان ئەوەندە پشوویان لێهەڵکێشاوە کە لەگەڵ ، گەشەکردنی سروشتی کۆمەڵی کوردەواری ، تووشی نانەبایی‌بوون ! هۆی ئەو سەرەڕۆیی‌یە ، تێنەگەیشتن‌و پێنەگەیشتنی ئافرەت بە گشتی‌یەو لەڕاستی‌دا ، لە باری ئابووری نیشتمانی‌و فەرهەنگی نەتەوایەتی‌و گەشەکردنی سەرمایەداری لە کوردستاندا ، ئەو زەمینەیان بۆ رەخساوە(١) ئەو وڵاتانەی کوردستان کراوەتە بەشێك لەوان ، وەك وتمان خۆیان مشەخۆری سیستەمی گشتی سەرمایەداری جیهانین‌و لەڕاستی‌دا ، بازاری مەسرەفی کووتاڵە هەڵخەڵەتێنەرەکانی ئەو چوارچێوەن‌و تا ئامرازێك لە مەڵبەندی لەدایك‌بوونی‌دا ، لەمۆد ، نەکەوێ ، بەرەو لای ئێمە ، ملی ڕێگا ناگرێ ! و کوردستان لە هەموو بەشێکی ئەو وڵاتانە بۆ فرۆشتنی ئەو دەسکردانەی سیستەمی سەرمایەداری ، بازارێکی رێك‌وپێك‌و بەنرخە !

هەرچۆنێك بێ ژن بەشێکی گرنگی ئەو کۆمەڵەیەو لێی جیاناکرێتەوەو لەگەڵ شادی‌و ژیانی‌دا تێکەڵە • هەربۆیە پێویستە هەم‌خودی ئافرەت‌و هەم بەرپرسیارانی گەل ، هەل‌ومەرجی لەبار بۆ بەشداری ژنان لە گشت بەشەکانی ژیان‌دا ، بڕەخسێنن‌و تا هێزی بەتەواوی کەڵك لێ وەرنەگیراوی ئەوان ، بێتە مەیدان‌و لە گشت بوارەکانی تێکۆشانی کۆمەڵدا ، لەگەڵ پیاو هاریکاری بکەن‌و بەوشێوە کە شیاوی پلەی بەرزی ژنە ، لە ئازادیش کەڵك وەربگرن •

---

(١) زۆر لە گەنجە بەلەنجە تێنەگەیشتووە سەرەڕۆکانیش ، لەپیاودا، گرەویان لەوبارەوە ، لە ئافرەت بردووەتەوە •

گەیشتن بەمڕاستی یە ، ئەوەمان بۆ دەس نیشمان دەکا کە شارستانی یەتی ئەورۆمان تائێستا نەیتوانیوە لـە گشت باریـکەوە مەسەلەی سـەربەستی هـەموو ئەندامانی کۆمەڵ ، بە تایبەتی سەربەستی راستەقینەی ئافرەت ، بەدیاری بێنێ‌و ئافرەت بتوانێ، لایەنەکانی ژیانی بـکاتە هەوێنی پێشکەوتن‌و ژیانی سەربەستانە • تەنیا هاریـکاری ژنان لە بەرێوەبردنی کـاروباری ژیاندا ، ناتوانێ ببێتە هۆی سەربەستی‌و پێگەیشتنیان •

پێویستە ژنی کوردەواری ، لەفێربوون‌و فێرکردن‌و بابەتە سەرەکی‌و بنەڕەتی یەکانی بەرەوپێش‌چوون ، لە گەشەکردنی کۆمەڵدا ، بەشـداری بکا ، لەئەنجامدانی هیچ ئەرکێکی کۆمەلایەتی نەسڵەمێتەوە • بەتایبـەت باری زانستی‌و ئاکـاری خۆی بەهێز بـکاو شان‌بەشانی پیاوان ، لـە پەرەپێدانی باری ئابووری‌و کۆمەلایەتی‌و فەرهەنگی‌دا ، چالاکانە لـە مێشك‌و هێزی لەش کەڵك وەربگرێ •

سـەد مخابن ئێستا لـە سەرانسەری کوردستاندا ئەو بایەخـەی بە نێرینە دەدرێ بە مێینە نادرێ ! هۆیەکشی زیاتر چالاك‌بوونی پیـاوە لە هەڵسووڕانی ئەرکە جۆراوجۆرەکاندا • لە زۆر جێگای وڵاتەکەماندا ، وەك دەورەی چەرخەکانی تاریـکی‌و نەزانین ، ئەگەر مزگێنی بە ژن یان مێرد بدەن کە کـوڕتان بووە ، دەگەشێنەوەو گوێزەبانە دەکـەن‌و شادی دەگێڕن • کەچی ئەگـەر ئەو منداڵە بەخت ڕەشە ! کچ بوو ، تـەنانەت پێشـکەوتووترین مرۆڤ ، لـە کۆمەڵەکـەماندا نێوچاوانی تێك‌دەداو لەدڵەوە پێی‌ناخۆشە ، مناڵەکەی کچە !

هـەر بەپێی ئەو فەرهەنگە ، جاری‌وایە کوڕیش لەدایك‌دەبێ‌و پاش گەورەبوون پیـاو دەڵێ : بریا ئەو شەوەیان لە ئاش بوومایە یان تا بەیانی کەبی مەرگم لێ‌بنایەتەوەو وەخەبەر نەهاتبام !

**بەکورتی :**

ژنی کورد وەك گشت ژنانی جیهـان بەدرێژایی مێژوو ، گیرۆدەی بێبەشیو ستەمی زۆری کۆمەڵ بووە • هێندێك دابو نەریتی دەسکردو ناحەزو کۆن ، ریشەی لـە فەرهەنگی گەلەکەماندا ، داکوتاوە • ئـەم دابونەریتانە ، پێشیان بە سەربەستی ژنان بۆ هەڵبژاردنی هاوبەشی ژیانیان گرتووە • دەیانـگۆڕنەوەو دەیانفرۆشن • بەڵپو بیانوی زۆر بۆ بەمێرددانیان وەك لەمپەر هەر ماوە • هێشتا باسی زمانی خەسوو دەکرێ، هێشتا لـە ناردنی کچان بۆ خوێندن ، سڵەمینەوە هەیە • نەخوێندەواری باڵی رەشی کێشاوەتە سەر زۆربەی هەرەزۆری ژناندا •

لـە کوردستانی ئێران لە ساڵی ۱۹٦۲دا باسی پلەی خوێندەواریو رادەی قوتابیانی کورو کچمان لە مەڵبەندی مەهاباد کرد(۱) لـە ساڵی ۱۹٥۲ لە هەموو پارێزگەیان ئوستانی هەولێر تەنیا ۷٥۹و لـە گشت پارێزگای سلێمانی تەنیا ۱۱۳۲ کچ دەچوونە قوتابخانەی سـەرەتایی • ئەوانەی هەولێر بەسەریەکەوە ۳۹و ئەوانەی سلێمانیش ٤۹ مامۆسـتای ژن دەرسیان پێدەگوتەوە • هـەر ئەو ساڵە لە پارێزگای هـەولێر ۱۳۱۲۸۸ ئافرەتی نیشتەجێ بوون • ژمـارەی ئەوانەیان کە لە ٥ سـاڵ زیاترو نەخوێندەوار بوون گەیشتبووە ۱۰۷۹٤۰ کـەس • ئەوساڵە ، ژمارەی ئافرەتی پارێزگـای سلێمانی بێکۆچەرەکانی، خـۆی دەدا لـە ۱۲٤۷۳۳ کـەس • ژمارەی ئەوانەیان کە لە پێنج سـاڵ زیاتـرو نەخوێندەوار بوون گەیشتبووە ۱۰۱۸۸٦ کەس(۲) •

بەداخـەوە ئێستاش کەمتر لە بەرپرسیارانو فەرهەنگدۆستان ،

---

(۱) کوردستانو کورد ، پێشوو ، لاپەڕی ۳٦ ـ ۳٥ •
(۲) ئافرەت لە مێژوودا ، پێشوو ، لاپەڕی ۷۷ •

قەرەیـــان لە قــەرەی دنەدانی راپەڕینی ئافرەت و بەشــداری یان لـــە بەرەوپێش بردنی کۆمــەڵ و دۆزینەوەو خولقاندن دەدەن • هێندێك شاعێر وەك حاجی قادری کۆیی مەلای گەورەو بێکەس و شاعێری نوێ ، هــانی ئافرەتیان داوە ، تا لە گشت بەشەکانی چالاکی و هەڵسووڕانی کاروباری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و هی تردا ، بەشدار بن • ژنی کورد بەپێی توانا بەشێوەی گونجاوو لەژێر تەوژمی پیاودا ، لــە خەباتی ڕزگاریخوازانەدا، بەشداری یان کردووەو دڵسۆزی شۆڕشگێڕان بووە • بێجگە لەوە باری بێوەژنی و باری دەربەدەری و ماڵوێرانی لەسەر شان بووەو ئەو کات کــە دوژمن هێرشی کردوەتە سەر شارو گوندی کوردستان ، ئەویش تووشی ڕۆژڕەشی و مەینەت بەشی بووەو لە هێندێك جێگاش دا تاقە گەوهـــەری ژیانی واتا ناموسیشی پێـــوە سووتاوە ! کــــەوابوو چ ڕاستەوخۆ چ ناڕاستەوخۆ چ بەشێوەی چالاك و لە قاپوری ئەنجامدانی ئەرکی لاوەکی دا، لە گشت بوارەکانی هەڵس وکەوتی ئەندامانی کۆمەڵەکەماندا ، بەشــدار بووە • نموونەی راپەڕین و بەشداری یان لە بەرەورووبوونیان لەگـــە دوژمن دا ، هەیەو وانەبێ بەتەواوی دووربوو بێتن لەو مەیدانە •

لەســەر نووسەران ، هونەرمـــەندان ، داهێنـــەران و شاعێران و کۆمەڵناسان و فیلسۆفانی کورد ، پێویستە ســەبارەت بە ژیان و بەسەرهاتی ژنانی کورد بنووسن و هانیــان بدەن ، ئەرکی خۆیان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا وەك نیوەی کــۆمەڵ ، بەئەنجام بــگەیەنن • ئەم بەرپرســیاری یە کاتێك پێویست تر دەبێ کــە ئەو راستی یە زەقە حاشا هەڵنەگرە ، دەبێین کــە لە سەدەکانی پێش زایینی و ناوەنجی دا ، باوی کۆمەڵ وەك لەســەر لانك مارەکردنی کچان و باری چەوسانەوەی سامناکی ژنان ، وەك ڕەخنە لــەو چەرخانەدا باسدەکرێ ، کــەچی لە کۆمەڵی ئێمەدا ، ئەو میراتە بە

چەندین و چەندانی یەوە گەیشتووەتە دەورەی دەرەبەگایەتی و ئێستاش وەك میرات لە کۆمەڵی ئێمە لە کۆتایی یەکانی چەرخی بیستەمدا ، بەمان و مەوجوودی یەتی خۆی درێژەدەدا ! هەروەها ئەو بارە گرانەی ئافرەتی ئێمە لە کاتێکدایە کە تاقی کردنەوەکانی ئەو وڵاتانەی گشت مافی ژنیان داوە ، ئەوە دەسەلمێنێ کە سەبارەت بە فەرهەنگ و تێنیسمانی لەنێوان ژن و پیاودا ، هیچ جیاوازی یەك لەئارادا نی یە •

ئەوە بۆ فەرهەنگی نەتەوەیەکی خاوەن مێژووی شارستانی یەت با سەربەخۆیی سیاسیشی نەبێ ، زۆر شوورەیی یە کە لەم چەرخەدا لە شارێکی گەورەی وەك کرماشاندا ، جل و بەرگی جوان و بەنرخ لە کچان حەرام کراوەو تا مێرد نەکا نایبینێ ! پارێزەرانی داب و نەریتی کۆن لەو شارەو دەوروبەری وەك گوندەکان ، بەئەنقەست جلی رەش و کۆن لەبەر کچان دەکەن ! لە کوردستان هێشتا هەڵخستنی جل و بەرگی ژنان، لەجێگا گشتی یەکان، شوورەیی یە کەچی هەر جل و بەرگێکی پیاو لە هەر جێگایەك هەبێ ، کۆمەڵ پەسندی دەکا ! کۆڕان دەتوانن لە یاری یە سوونەتی و نوێیەکاندا ، بەشداری بکەن و کچان ئەو مافەیان نی یە ، مەگەر لە هێندێك شارەکاندا ، ئەویش کەم و لەم بوارەدا جیاوازی یەکجار زۆرە • کچ و ژن کە تاریکایی داهات ، مافی گەڕانیان نی یە ، هەر بۆیە بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکە کۆمەڵایەتی یەکان لەم چاخەدا پیاو چالاکترە •

تا ئەو کات لەژێر تیشکی ڕاپەڕینی بەرینی کۆمەڵایەتی و بەدیهاتنی ئاڵوگۆڕی بناخەیی لە کۆمەڵدا ، ئەو داب و نەریتە زیانهێنەرانە ، هەڵنەگیردرێن و هێندێك شەرم و شوورەیی دەسکردی فەرهەنگی کۆن بەهۆی فێربوون و فێرکردن و گەشەکردنی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و

سیاسی ، سەروسیمالیان نەپچرێتەوە ، ئافرەت ناتوانێ لە بەڕێوەبردنی گشت ئەرکەکانی ژیانی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیدا ، بەشداری بکا .

ئەگەر لە دوارۆژدا تێکنیكو سەنعەت جێگای هێزی ئینسانی لە بەرهەمهێناندا ، نەگرێتەوە کە چاوەڕوان دەکرێ ، خەریك بوونی نیوەی کۆمەڵ واتا پیاو ، بۆ بەرهەمهێنان ، ژیانی تەواوی کۆمەڵ دابین ناکا . پێویستەو دەبێ ژن بێتە مەیدانو لە مەینەتی پیاو کەمبکاتەوەو بەشێك لە ئەرکی گرانی ژیان زیادلەوەی دەیکا ، بخاتە سەر شانیو بە هاریکاری کردن لەگەڵ پیاو ، دوو بەدوو دەست لەناو دەست ، چەرخی ژیان وەگەربخەنو ژانی گەل کەمبکەنەوەو پێکەوە ، لە بەرهەمی کاری هاوبەشیان وەك یەك ، کەڵك وەربگرن .

* * *

## بەشــی پێنجەم

# ئایینو مەزهــەب

دین یان ئایین لە قامووس‌دا بە واتای بەندەگی‌و ملکەچی‌یە لـە بەرامبەر سەرەڕۆیی‌و نافەرمانی‌و تاوانەوە ، دانراوە • پەرهێزکاری‌یە ، ناوە بۆ گشت ئەو بارانەی بەندەگی خوای پێدەکرێ • بە واتای میللەت‌و مەزهەب ، رەوشت‌و خۆوخەدە ، حاڵەت ، پلە ، زۆرەملی‌و زاڵبوونە • دەگوترێ گەلێکی بەدینن بە واتای ملکەچن(١) •

دین شێوازێـکە لـە شێوازەکـانی هۆشیاری کۆمــەلایەتی • رەنــگدانەوەی ئوستوورەی نادیــار ( غیبی )ی ئەو هێزە سروشتی‌و کۆمەلایەتیانەیە کـە بەسەر مرۆڤ‌دا زاڵن • هێزە جیهانی‌یەکان لــەودا قەبارەی هێزە نادیارەکان وەدەستدێنن • بریتی‌یە لە زنجیرەیەك لــە وێنەهەڵگرتنەوەکـــانو بیرو بۆچوونەکـــانی ئایینی • واتا عونسوری رێ‌وشوێن ناسینی ئایین •

بە بڕوای ماتریالیستەکان ، ئایین بریتی‌یە لە کۆیەك لــە ئوستورە تایبەتی‌یەکان بە خواکانو جنۆکەوەو پێوەندیان بە جیهانو بە مرۆڤەوە• پێیان‌وایە ئایین لەلایەك ئاکـامی لاوازی ئینسانەو لەلایەك هەستکردن بە

---

(١) المنجـد •

ئارەزووو پاڵپشت ، کــە جاری‌وایە ســەرئەکێشێتە لای سەرهەڵــدان‌و دەمارگیری ئایینی‌یەوە • لە بەندەگی ئایین‌دا، کردەوە ئایینی‌یەکان جۆرەها ڕێ‌وڕەسمی ئایینی خۆ دەنوێنن • ئەو بەندەگی‌یانەی کە چەندین جۆر ڕێ‌و ڕەسمی ئایینی وەبەردەگرن • وەك پێشکەش‌کردنی قوربانی‌و نوێژەکان‌و شتی‌تر • بڕوا بەنادیاری تەوەرەو گەوهەری هەر ئایینێکە • وەك گوترا ئەوان پێیان‌وایە ئایین ئاکامی بێ‌توانایی ئینسان لە بەرەوڕووبوون لەگەڵ هێز زاڵە سروشتی‌و کۆمەڵایەتی‌یەکانە • ئایین ریشەی ناسین‌و کۆمەڵایەتی‌هەیە • ریشەی ناسینەکەی ئەو توانایە هەیە کەبەخەیاڵ لە ڕاستی دووربکەوێتەوە، بەجۆرێك لە جەرەیانی ناسینی‌دا ، پەردەیەك ئەکەوێتە سەر ناسینەکــەو ڕاستی‌یەکە ناپێکی • ڕیشەی کۆمەڵایەتی ئایین ، دۆخی بابەتی ژیــانی کۆمەڵایەتی‌یە • ئەوەی کــە ڕاستی دەرەوەی زەین بــــە شێوەیەکی نەپێکانەو خۆرافی ، شی‌دەکاتەوە •

لــە کۆمەڵگا سەرەتایی‌یەکان‌دا ، ریشەی کۆمەڵایەتی ئایین بـــە نزمی پلەی باری ئابووری‌یەوە ، پێوەندی هەبوو • بەشێوەیەك مــرۆڤ هــەستی بــەوە دەکرد وا لەژێر رکێفی هێزە سروشتی‌یەکان‌دا • لــە کۆمەڵــگای چینایەتی‌دا ریشەی کۆمەڵایەتی ئایین لە پلەی یەکەم‌دا ، بە هەنــگاوی هێزە کۆمەڵایەتی‌یە بێ‌دنەدانەکانەوە ، پێوەندی هـــــەیە • قەتڵ‌وبڕی جەماوەری کۆمەڵ‌و بێ‌متمانە بوون بە دواڕۆژو دەســــکورتی لەنەکاو بۆ هێندێك لــە ئەندامانی کۆمــــەڵ‌و سامــانداربوونی بەپەلەی هێندێکی‌تر ، بڕوا بە هێزەکانی دوور لە باوو ئاسایی هەم دەخولقێنێ‌و هــەم پتەوی دەکاتەوەو ئەو گومانە دێتە پێش کــە ئەو هێزانە بەســــەر خەڵك‌دا زاڵن • پاشان سیستەمی هاوبەش (سۆسیالیزم) دێ‌و ریشەکـانی کۆمــــەڵایەتی ئایین لەبن‌دەردێنێ • بەڵام لــە بارو دۆخی سۆسیالیزم‌دا

مانەوەی بیروبڕوای ئایینی ، ئەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆ : هێندێك لـــە عونسوورەکانی هۆشیاری کۆمەڵایەتی لەگەڵ بوونی کۆمەڵایەتیو هێزی ئایینی بۆ خۆڕێكخستنو گۆڕانی چلۆنی ئایین لەگەڵ ئەو راستییانەی کـە لـە ئاڵوگۆڕدانو کەڵك وەرگرتن لە بیروبۆچوونی ئایینی بـــۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانو شوێندانانی جیهانی سەرمایەداری لـە کەڵك وەرگرتنی بەرفرواوان لـە دینو لایەنگری ئەو لە ئایینو چـالاکی پیـاوانی ئایین ، جیاوازی هەیە ٠ لـە سیستەمی کۆمۆنیستیدا چ لـــە پێوەندی لەگـەڵ سروشتو چ لە پێوەندی لەگەڵ یەکتردا ، شـێوازی ئایینی لە هۆشیاری کۆمەڵایەتی ونده‌بێ(١) ٠

لای مارکس چوارچێوە ئاکـاریو ئەخلاقییەکان بەشێکن لـــەو بۆچوونانەی کـە هەڵـگری چەند عونسووری ئیدوئۆلۆژین ٠ بەجۆرێك زۆر لـــەو بیروبۆچوونە ئەفسووناویو خـــەیاڵیانە بەدەورو بەری چوارچێوە ئەخلاقییەکاندا ، دەسووڕێنو ئەبنە هۆی بەهەڵە تێگەیشتنی خەڵك لـــە سەرچاوەکانیـانو لەئاکـامدا سەرلێشێوایو پڕوپووچی ، دەخوڵقێنن ٠ هـەر بۆیە بارە ئەخلاقییەکانو بیروبڕوا ئایینییەکـانو ئایینەکان وەك بەشێك لـە ئیدوئۆژی ، دادەندرێن ٠ بەجۆرێك نرخ ـــە ئەخلاقییەکانو بیروبۆچوونە ئایینییەکان بریتی دەبن لە چەند بۆچوونی دوورو جیا لـە راستیو زانستی ئەزموونی ناتوانێ لەسەر راستو ناڕاست بوونیان ، بەڵـگەبێننەو ٠ هـەر بۆیە مارکس بە خەیاڵو وەهیمـــان ناودەبا ٠

مارکس لەنێوان هۆشیاری لەلایەكو مەرجە کۆمەڵایەتییەکان یان وجوودی کۆمەڵایەتی لەلایەکیتر ، جیـاوازی دادەنێ ، بەمجۆرە کـە

---

(١) المعجم الفلسفي المختصر ، پێشوو ، لاپەڕی ٢٢٨ ـ ٢٢٧ ٠

وجوودی کۆمەڵایەتی‌و خوڵقێنەری هۆشیاری‌یە • بەو واتایە کە هۆشیاری ( Conciousness ) بەرهەمی ڕاستەوخۆی ڕاستی کۆمەڵایەتی‌یە ••• بیرو هۆشــ لە نەبوون ، سەرهــەڵناداو لــە مەیدانی هەوادا کارناکــا ، بەڵــکوو لــە زەمینەی کۆمەڵایەتی کە زەمینەی هــەر فیکرو بۆچوونی مەزهەبێکە ، سەرهەڵدەدا •

مرۆڤ بوونەوەرێــکی هەڵماڵراو ( Abstract ) و دوور لــــە ڕاستی نیــە ، بەڵــکوو لە خوێن‌و گۆشت خوڵقاوەو وەك خــوای ئیپی کورناژی‌و بەپێی مەیلی خۆی‌و بە لەبەرچاوگرتنی ڕۆحی ، چەرخەکەی دەژی(١) •

لەســەر بناخــەی ئەم بۆچوونە ، کۆمەڵناسی مارکسی گشت ڕێبازە فەلسەفی‌یەکان بەرەو بناخــەو سەرچاوە مەوجوودە مادی‌یەکان ئەبانەوە • چوونــکە سەرهەڵدانی چــەند بیروبۆچوونی فەلسەفی لە زاتی خۆیاندا، تەنیــا بریتین لەو پلە کۆمەڵایەتی‌یانە کــە مێژوو پێی لەسەر داگرتوون • بیر لە تاریکایی‌و بەشێوەی گۆترە ، سەرهەڵنادا ، بەڵکوو لە بناخــەدا لــە وجــوودی مێژوویی‌یەوە ســەر هەڵدەدا • لەوکاتەوە مرۆڤ هێمای بە هێندێك پرسیارو بابەت کــــرد ، بیروبۆچونی ئایینی بە پلەکــــانی گەشکردنی سەرکەوتنەکانی مرۆڤدا ، تێپەریوەو پاشان هێندێك وەڵام‌و شی‌کردنەوەی بۆ داناون یان بۆی خوڵقاندوون‌و لێرەوە ، شــێوازی ســـەرەتایی ژیانی ئایینی بە گشت ڕێ‌وڕەسم‌و بیروبۆچوونەکانی‌یەوە ، دەستی پێکردوە • لە ئاکامدا مرۆڤ پەنای بردۆتە هێندێك بیروبۆچوونی توتمی‌و شی‌کردنەوەی سەرەتایی • ئەو لەمکاتەدا ، نەیتوانیوە لەنێــوان

---

(1) Cuviuiev, A. ' Introdudtion . Laso Ciologie, Collee , A. Colin Paris. 1949 P. 9,

ماددەو ڕۆح یان مردوو زیندوودا ، جیاوازی دابنێ • ئایین بــه واتای کۆنی خۆی ، نوێژێك بووە کــه مرۆڤ کردویەتی ، تا شەڕی ڕۆحەکانو خواکان لــه خۆی دووربخاتەوە • ئەو کــات کــه زانین زۆرتر بوو و زانستەکان سەریانهەڵداوە ، مرۆڤ فێری ئەوە بووە چۆن پرســیاری گرێوگۆڵدار بــکا • ئەوجار مرۆڤ پەنای بەو وەڵامدانەوانە بردوە ، کە سەرلێشێواوی زیاتریان تێــدایە • پاشان لــه دوایین پلەدا ئایین ، لایەنی شیکردنەوەی هــۆشی بەخۆوەگرتووە • لــەم دوایانــەدا شیکردنەوەی ئایینییەکان ، لایەنی گیانلەبەرناسیان لە بەرچاو گرتووەو پەنایان بردۆتە بەر بناخە زانستییەکان(١) •

**سەرەتای ئایین :**

مرۆڤی خــاوەن ئایینی ســەرەتایی پێیوایە ، لەش بە ڕۆحــەوە ڕاوەستاوەو کاتێك مەرگ دێ کــه ڕۆحی ناو لەشی لە جەستە بچێتەدەرو بەرەو بنچو بناوانی خــۆی ملی ڕێــگا بگرێ • لە پلە دوواینەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤدا ، ڕۆحەکان بەپێی بەرژەوەندی ژیانی مرۆڤ ، بوون بە دوو بەشەوە : بەشێك خێــرخوازو خێرهێنەرو هێندێك خراپــکارو بەدئاکارو بەوپێیە پێویستە سەرنجی بەشی یەکەم ڕابکێشرێو هــەوڵ بدرێ شەڕی بەشی دووەم ، دووربخرێتەوە •

بەپێی ئەم بیروبۆچوونە هەرکام لە قەومە سەرەتاییەکان بەپێی بارو دۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیان ، چــەند خوداو شەیتان بۆ خۆیان ئەخولقێننو پێیانوایە گشت ڕواڵەتە خــۆشو ناخۆشەکانی بوونەوەر لەوانەوە ، سەرچــاوە دەگرێ • بەمجۆرە خواو شەیتانەکانی گشت

(١) قضايا علم الاجتماع ، پێشوو ، لاپەڕی ٤٢٦ ـ ٤٢٤ •

قەومەکـــان ناتوانن شێوەی کـــارو خولْقاندنەکانیان وەك یەك بن • لای هێندێك کۆمــەڵ هەزاران خواو شەیتان ، سەرانسەری ئاسمان‌و زەویان داگیرکردوەو لای هێندێك تەنیــا چــەند خــوداو شەیتان هـــەیەو لای هۆزی کاگـــابا ( Kagaba ) لە ئامریـــکای جنوبی‌و هـــۆزی ئامــــازلو ( Amazulu ) لـــە ئافریقای باشووری تەنیا یەك خودا هەیە • خـــوداو شەیتانەکان لە هێندێك جێگا نێرو لە هێندێك جێگا مێ‌و لە هێندێك جێگا تێکەڵاون • لە کۆمەڵە سەرەتایی‌یەکاندا ، نێرو مێیان زۆرە •

بەپێی ئەم بۆچــوونە لە چوارچێوەی ناسین‌و هــەستی ناسیندا ، یەکبوونی مرۆڤ‌و سروشت نامێنێ‌و بوونەوەر دەبێتە دوو بەش : بـــەشی جەستەیی یان زوینی‌و بەشی ڕوحانی یان ئاسمانی • بەپێی ئەم شی‌کردنەوە، هـــەر دەستەیەکی کۆمەڵایەتی کـــە پێش ئەم بۆچوونە پێی‌وابوو لە بنجی هێزەکانی سروشت‌و گیانلەبەران یان گیاکانی دەوروبەری سەری‌هەڵداوە، ئێستا بناخەیەکی ئاسمانی بۆخۆی دادەنێ‌و لـــە جێگای دروست‌کردنی پەیکەری گیانلەبەران (توتم) کـــە وەك بناخەی دەستە ، چاوی لێ‌دەکرا، تێدەکۆشێ لە قاپۆڕی بوتدا ، خوای فەرزی خۆی دابنێ‌و بەم‌جۆرە ، توتم‌پەرستی دێتە شێوازی ئایینەوە •

بە لەبەرچاوگرتنی لایــە هاوبەشەکانی ئایینی سەرەتایی‌و خـــاوەن شارستانی‌یەت ، ئایین بەکردەوە ، دوو واتای هەیە :

١ ــ لـــە واتای تاقەکەسیدا ، بریتی‌یە لە رایڵەیەك لە چەند بیرو بڕوای گرێ‌وگۆڵدار بە هێزەکانی سەرەوەی سروشت • مەبەست لـــە بیروبـــڕوا ( Belief ) لاینگری‌یەکی توندو بێ‌بەڵــگەیەو مـــەبەست لەهێزەکـــانی سەرەوەی ســـروشت ( Forces Supernatural ) ئەو هێزانەیە کە لە جیهانی هەست‌پێکراودا نین •

٢ ـ لـه واتای کۆمەڵایەتیدا ، بریتییە لـە رایڵەیەك لـە چـەند ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی کە لەسەر بناخەی ئەو بیروبڕوایانە پێکهاتوون • ئایین لەم واتایەدا ، لەسەر سێ هۆ دانراوە :

١ ـ چـەند چەمك سەبارەت بە چۆنیو چەندی هێزەکانی سەرەوەی سـروشت •

٢ ـ چـەند بڕیارو یاسا سەبارەت بە پێوەندیو ئەرکـە دوولایەنـە ئینسانییەکانو هێزەکانی سەرەوەی سروشت •

٣ ـ ئەو دروشمو ڕێوڕەسمانە کـە بەپێی ئەو چەمكو بڕیارانە پێکهاتوون • بەپێی ڕیبی ئەم ڕوانـگە بەڕێوەبەرانی بنـکە ئایینییەکان بەپێی چـەمكو بڕیارەکانی خۆیان ، هێندێك شتو کردەوە ، بە پیرۆزو هێندێك بە ناپیرۆز ، ناودەبەن ، پێیانوایە جـادووگەرو خـاوەنئایین هەردووکیان دەیانهـەوێ بوونەوەر بخـەنە ژێر رکێفی خۆیانەوەو بـە ئارەزووەکانیان بـگەن • بەو جیـاوازییە کـە جادووگەر هێـزە یاریدەدەرەکان لە سروشتدا دەدۆزێتەوەو پێیوایە لەودانو خاوەنئایین پێیوایە وان لـە دەرەوەی سروشت • یەکەمیان هـەم لـە سـروشتدا دەستێوردانی هەیەو هـەم دەستوورو فەرمانیان پێدەدا کـە بێنە ژێر رکێفییەوەو ئەویتر بۆ ڕاکێشانی سـەرنجی ئەو هێـزە دوورەدەستە ناسروشتیانە تەنیـا دەگرێو دەپاڕێتەوە • جـادوگەر داوا لە هێزەکـانی سروشت دەکـا هاوکـاری لەگـەڵ بکەنو ئەویتر لەو هێزانەی خۆی داوا دەکا لـە هێزەکانی سروشت بیپارێزن ••• سەرەتاییترین یاوەرانی ئایین یان بەرپرسیارانی کاروباری ئایینی کۆمـەڵ ، بەپێی گەشـەکردنی ڕۆژ لەدوای ڕۆژو بەرەوپێشچـوونی بـاری کۆمـەڵایەتی ، بۆ ڕێكوپێككردنی چـەمكو بڕیارو ڕێو ڕەسمە ئایینییەکان ، هەنگاوێن

هەڵگرتو چەند ڕێکخراویان پێکهێنا • بۆ ڕاکێشانی بەزەیی ڕۆحە چاکەکانو خواکان ، چەند جێی پارانەوەو چەند ڕێوڕەسمی نهێنییان پێکهێناو بۆ لابردنی شەڕی ڕۆحە پیسەکانو شەیتانەکان ، کەوتنە مشوورخواردن • لەبەرئەوە لەم دەورەدا پسپۆڕی بەباشی نەچووبووە پێش ، ڕێکخراوە ئایینییەکان بەرعۆدەی چەند ئەرکی جۆراوجۆر بوونو کاری وەك پزیشکیو ئەستێرەناسیو مێژوونووسینو پەروەردەو فێرکردنیان ، وەئەستۆ گرتووە •

بەپێی لێکۆڵینەوە ئایینییەکان ، یەکێك لە کۆنترین ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانەو چەملو ڕێوڕەسمی هەر ئایینێك بەبارو دۆخی ئەو کۆمەڵەوە پێوەندی هەیە کە تێیدا لەدایكبووە(١) • دووركاریم دەڵێ :

ئایین شتێکی کۆمەڵایەتییەو سەرچاوەی زانستو فەلسەفەیە • هەروەها پێوایە سەرچاوەی بنەرەتی بۆ چوونە فیکرییەکانی تر لە ئایینە هاوچەرخەکاندایە(٢) •

## چوارچێوەکی ئایینی :

یەکێك لە سروشتی بیروبۆچوونی ئایینی لای مرۆڤ چ بوتپەرستی چ ئایینی ئاسمانی بریتییە لە باسکردن لە متمانە لە سروشتو هۆیەکانی بوونی مرۆڤو ناسینی نهێنی یەگرێوگۆڵدارەکانی ژیان بەنیسبەت ئینسانەوە • مرۆڤ ئەو توانایەی نییە ڕاستەوخۆ لەو شتانە بگا ، بەڵکوو بەپێی دۆخی ژیانی کۆمەڵایەتیو مەڵبەندی ژینی خۆی

---

(١) زەمینەی کۆمەڵناسی ، پێشوو لاپەڕی ٤٣٠ ـ ٤٢٥ •
(٢) علم الاجتماع والفلسفة ، پێشوو ، لاپەڕی ٣٣ •

سەبارەت بەوان ، زانیاری پەیدا دەکا . مرۆڤ ملی بۆ هێندێك شــتی نهێنیی‌و رەمزی دیاریکراو ، دانواندووەو پەسنی پیرۆزی پێــداون تا وەك متفەرِك لای بن یان لــە مەترسی‌یەکانی سروشت بیپارێزن‌و هەروەها ئەو ملکەچی‌یەش لەبەرئەوەیە کــە سەرچاوەی بژیوی ئەون لە کشتوکاڵ‌و لە مەترســی هاوجۆرەکانی بپارێزەرین . هێندێك پێیان‌وایە ئــەم ملکەچی‌یە لــەبەر دوو شتە :

یەکەم هێما بە ملدانواندنی مرۆڤ لــە بەرامبــەر پەرستراوو گەورەیی‌و دەسەڵاتی ئەو دەکا،مرۆڤ بە دڵخوازی خۆی‌و بۆ خۆپاراستن لــە شەڕو خراپەکانی ، ملدادەنوێنێ ، هــەر بۆیە لەکــاتی پێش‌هاتنی ڕودوای دڵتەزێن‌دا ، دەبینین پەنای بۆ دەبا .

دووەم ــ بەوە گەیشتووە کە پەرستراوەکەی خــاوەن نەفسێکی گەورەیە ، چوونــکە کــــاری زۆر گــەورەی لەدەستدێ . ئــەو وا بیردەکاتەوە کــــە ئەو هێزەی پەرستراوەکەی کـــە بەسەر رووداوە سەختەکان‌دا زاڵ دەبێ ، تەنیــا لەژێر تیشکی هاریکاری تایبەتی ئەو زاتە بەتوانایەدا کــە بەســەر هەموو شتێك‌دا زاڵە ، دەگونجێ . کــەوابوو بەتەواوی ئەویندارییەتی لــەو بوارەدایە کە بەندەی ملکەچ ، ئــــەم هاریــکاری‌یە دەکاتە ئامرازی بەندەگی خۆی‌و لە جیهانی پان‌و بەرین‌دا، چاوەروانی لێ دەکاتە . ئەگــەر زیندوو بوو ئەمە ئامرازو ئەگــەر ئــەو پەرستراوەش مرد ، ئەوا گۆڕەکەی لەجێی خۆی‌دا دەنێ یان وێنــەیەك کــە لاسایی ئەو بــکاتەوە پەیدا دەکا . جاری‌وایە ئەو وێنە لــە بەرد یان مسەو لە بەرامبەری‌دا ملکەچی ئەوتۆ نیشان دەدا کــە لەکــاتی ژیانی خاوەنەکەی‌دا ، نیشانی دەدا . جاری‌وایە ئەم کرنۆشە بۆ گیانلەبەرێــکی بە قازانج یان زیان هێنەرە یان بۆ بەردو خاکێکی خاوەن قازانج یان زیان

هێنەرە • چوونکە ئەو هێزەی کە بە پەرستراوەکەی داوەو زیـــان یان قازانجی هەیە ، لەراستیدا شوێنەوارێکە لە شوێنەوارەکانی خولقێنـەری گـەورە •

جاریوایە وێنە لەو گیانلەبەرو خولقێنەری هێزەکە ، هەڵدەگـرن‌و لە وێنەی مرۆڤ لە بەرد یان زێڕو زیو هەڵکەوتووەو پێیدەڵێن بوت •

محەممەدی کورد عەلی دەڵێ : ئاینەکانی عەرەب کە بەپێی دۆحی ئەو وڵاتانەی جیرانیان بوون ، جۆراوجۆرن •

بەشی حومس‌و بەشی حیللە • قورەیش هەموویان سەر بە حومس بوون‌و خەزاعـە سـەر بە حیللە کـە جیرانی مەکەو قورەیش بوون‌و لە ئایین‌دا تەوژمیان ئەخستە سـەر خۆیان • هەرکات نـە بەندەگیدا باین نە داوای رۆنیان دەکردو نە شیعریان دەخوێندەوەو نە نینۆکیان دەگـرت • نزیـکیان بە ژن نەدەکردو بۆنی خۆشیان لـــە خۆ نەدەداو گۆشـتیان نەدەخوارد • بەڵام بەشی حیلە بەپێچەوانەی ئەوان لەوکاتەدا شتی خۆشیان دەخواردو بۆنی خۆشیان لـە خۆ دەداو ئاگایان لـە کرداری خـــۆیان نەبوو • پاشان قەومێك یان دەستەیەك ئایینی جوویان پەسند کـــــردو هێندێکیتر بوونە نەسرانی‌و تاقمێك بوونە سائبی • بەشێك لـــە عەرەب بە خولقێنەر بڕوایان هەبوو لـە زیندووبوونەوە نکوولیان کـــرد • دەستەیەك بوتیان دەپەرست‌و بوتەکـانیان تایبەت بوون بـــە هۆزەکانی خۆیانەوە • هێندێکیان جنۆکە یان مەلایەکەتیان دەپەرست(١) •

**ئایینە بەربلاوەکان :**

لە چەرخەکانی شارستانیەت ، کۆمەڵە بەرفراوانەکان ســـەریان

---

حـ ـــ ‌الحضارة العربی . پێشوو ، لاپەڕی ٣٧ـ٣٦ •

هەڵداوە هەر بۆیە چەند چوارچێوەی پتەو بەرفراوانی ئایینی لەدایکبوون و تەنانەت هێندێکیان بەرەو هەرێمەکانی تر لق و پۆپیان هاویشت • ئەم ئایینانە بە ناچار لە کۆمەڵگاکاندا ، تووشی یەك بوون • بۆنموونە لە هیندوستاندا ئایینی هیندو بوودایی و ئیسلام لە تەنیشت یەکترەوە پێکەوە بە ژیانی خۆیان درێژەیان دا • لە چیندا ئایینی کۆنفۆسیوس و ئایینی تائۆیی و ئایینی بوودایی پێکەوە ژیان • لە ژاپۆن (یابان) ئایینی شین تو ( Shinto ) لەگەڵ ئایینی بودایی دراوسێیە •

هەرچەند ئایینەکانی دەورەی شارستانییەت بە کردەوە لە هەرێمی لەدایکبوونی خۆیان ، تێپەر بوون ، بەلام هیچکات رەنگی ئەو هەرێمەی خۆیان لەدەستنەداوە • بۆنموونە ئایینی کۆنفۆسیوس بەپێی دۆخی کۆمەڵی چین کە بە رێزدانان بە باوباپیرانەوە پاڵی داوەتەوە ، بە ئایینی بنەماڵەیی ناودێر دەکرێ و ئامانجی پشتیوانی کردن و پتەوکردنی پێوەندییەکانی بنەمایەو ئایینی هیندۆ وەك کۆمەڵی هێندی لەسەر کێشەی چینایەتی جیا لە یەکتر ( Castes ) پێ دادەگرێ •

ئەم ئایینە هەرچەند بە لەبەرچاوگرتنی ئایینە سەرەتاییەکان گەشەیان کردووە ، بەلام بەیەکجاری لەگەڵ ئەو ئایینانە نامۆ نەبوون و هەروەها بۆ خۆیان خاوەنی رایەڵەیەکی بەرفراوان لە بڕوا بەوبەری سنووری سروشت و «لاهوت» و رێورەسم و بنکەی تایبەتی پارانەوەن • تەنیا پسپۆری ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بووەتە هۆی ئەوە کە بەرەبەرە ئەرکەکانی ئایینی کەمبێتەوەو هێندێك لە ئەرکە لەمێژینەکانی بە رێکخراوە پەروەردەیی و زانستی و هونەری و حکوومەتییەکان ، سپێردراوە •

لە جیهاندا ئەو ٨ ئایینە بەرفراوانە هەیەکە ناومان بردن و ئەگەر ئەو

ئاینه سەرەتاییی‌یانەی کە هێشتا ماون وەك یەك دەستە دایان‌بنێن ، ژمارەیان دەگاتە ٩ ئایین (١) .

## ئایینی کۆنی کوردان :

ئاین لە ولاتی میدیاکاندا کە پێی‌دەڵێن : «کوردستان» مەجوسی بووە . نەخش‌و نیگارەکانی سەر گۆڕی داریوش لە بێستوون کە فارسەکانی ئەورۆ پێیدەڵێن : «نەخش‌و نیگاری ڕۆستەم» دیارەەوائەزانن هێزێك بووە لەسەر خوای گەورە یان «ئەهوارا ـ مەزدا» یان خۆدزانای گەورەکە کە بەهۆی چاکەی ئەوەوە ، داریوش توانی بەسەر ئەو نەتەوانەدا کە شەڕی لەگەڵ کردوون ، سەرکەوێ . ئەم خوا گەورەیە تەنیا نەبووەو خوای‌تر وەك «میترا» خوای ڕۆژو پەیمان‌و ڕزگاربوون ، ئاناهیتاو خوای ئاوەکان‌و خوای بەپیتی‌و منداڵبوون ، هەبوون . هەموو هێزەکانی سروشتیان ئەپەرست‌و لەرێگای قوربانی‌دانی خوێناوی یەوە ، ڕێزی خواکانیان ئەگرت‌و بە بێ‌بەرمەتی مەجوس نەیاندەتوانی ئەم قوربانی‌یە بدەن . کۆمەڵە ئایینی یەکان کە لەوانەیە بگەڕێنەوە بۆ بنەرەتێکی میدی ، هێندێك دەسەلاتی سیاسی تایبەتی ئایینیان ، پاراستووە . مەجوسی‌یەکان بڕوایان بە سەرچاوەی چاکەو خراپە هەبوو ( ئەهوارا ـ مەزداو ئەهریمەن )(٢) .

ئەوان پێیان‌وابوو هەر شتێکی باش‌و سودبەخش لەم جیهانە هەیەو هەبێ ، خوڵقاوی ئەهورا ـ مەزدایەو بەپێچەوانە ئەوەی زیان هێنەرو خراپ بێ ، خوڵقاوی ئەهریمەنە . کەوابوو بەندەگی کردن بۆ خوای چاکە بۆئەوەی چاکە زیاد بکا ، پێویستەو ڕاپەڕین دژی

(١) زەمینەی کۆمەڵناسی ٤٣٢ ـ ٤٣١ .
(٢) ژیانی کوردەواری ، پێشوو ، لاپەی ١٩٢ .

خوای خراپەخوڵقێن‌و پەیرەوانی ، پێوست‌ترە • ئـــەم بۆچوونە کـــە زەردەشت ڕێك‌وپێکی کردووە ، لایەنی خەباتی کۆمەڵایەتی زۆر بەهێزەو دنەدەری راپەڕین‌و دژ بەوانەیە کـە لـە کۆمەڵدا ستەمکارن‌و پەلاماری داهات‌و دەسکەوتەکانی زەحمەتـــکێشان دەدەن‌و هێمنایەتی‌و ئاسایش ناهێڵن‌و چەوسێنەرن •

ئایین لە رۆژهەڵاتی کۆندا لە بیروبۆچوون‌و ئیدئۆلۆژی خەڵکدا ، شوێنی زۆری هەبووە •لە هەزارەی یەکەمی پێش زایینی‌دا ، سەرچاوەکان باسی خواکانی ماناو هی‌ترو باسی بتەکان دەکەن • بوتی زێو لـە لوڕستان لـە وێنەی مانـا دۆزراوەتەوەو بەگشتی ئەم سەرچاوانە وا نیشان‌دەدەن باسای سەرزەوی‌یەکانی رۆژئاوای مـادی کۆن ، زۆرتر لەگـەڵ ئایینی هۆریەکان‌و تارادەیەك ئاشووری‌یەکان ، یەکجۆر بوون • لەم‌ئایینە وەك وتمـان ئەهۆرا ( Ahura ) بە واتای چاك ، خواوەند ، پاشان بەواتای‌باش، ڕەوان‌و مـەزدا بە واتای ئەندێشەو هۆش یان بەفارسی (خێرەد)و پێـکەوە دەبێتە ئەهۆرامەزدا بەم‌جۆرە لەنێو ئێرانی‌یە مادەکانی سەدەی نۆیەم تا حەوتامی پێش زایینی ، نیشانەی بڕوا کردنی خەڵك بە مەزدا ـ ئەهۆرا هـــەبووەو تارادەیەك هۆشیـاری ئایینی لـەنێو هۆزە ئێرانی‌یەکان‌دا ، بەنرخ بووە •

پێویستە ئەوەش رابگەیەنین کـە سەرزەوی ماد لـە سەدەکـــانی حەوتەم‌و شەشەمی پێش زایینی‌دا ، سەرچاوەی بلاوبوونەوەی هۆشیاری ئایینی‌و فەلسەفی بووە[١] •

لە ئایینی زەردەشت‌دا گەلاڵەیەك لە بارەگای ئەهۆرامەزدا دارێژراوە کـــە وێنەی بارەگای پاشایەکی بەهێزو وەزیرەکانی کە هەرکامەیان لـە

(١) میدیا پێشوو ، لاپەڕی ٥١٩ ـ ٥١٥ •

حکوومەتدا ، ئەرکێکیان پێ سپێردراوە نیشان دەدا • لـــەم کەڵاڵەدا ئەهورامەزدا خوای خێرۆچاکە لە سەرەوەی بارەگاکەیە•دوازدە وەزیری کـــە لەناوی ١٢ مانـــگەی فارسی وەرگیراوە لەدەوری‌دانو هەرکامەیان لە گۆڕەپانی سروشتدا، خاوەن دەسەڵاتێکی تایبەتینو دەسەڵاتی ئەو بەسەر سەرانسەری بوونەوەردا ، نیشان‌دەدەن • ئەو ناوانە بریتین لە :

فەروەردین ، ئوردیبەهیشت ، خورداد ، تیر ، مورداد ، شـــەهریوەر مێهر ، ئابان ، ئازەر ، دەی ، بەهەنو ئەسفەند • کە بەپێی دۆخی ڕەزو مانگەکان هەرکامە خاوەنی خێرێکنو لەکاتی خۆیاندا بەپێی ئەرکی پـــێ ئەسپێردراویان ، فەرمانبەری ئەهو رامەزدان(١) •

دەڵێن زەردەشت لـــە وڵاتـــی موکری لـــــە ٥٨٣ پێش زایینـــی لەدایک‌بووە • ئامۆژگاری‌یەکانی لـــە گاتو ئاوێستا کە پەڕاوی پیرۆزە ، هاتووە ، زۆرتر لەوبارەدایە کـــە روو لە رووناکی بکەنو پشت لە تاریکی، چاکە هەڵبژێرنو خراپە مەکەن ، لەگـــەڵ گیانلەبەرەکاندا بەبەزەیی بن • بیر کردنەوەی چاك ، کرداری چاكو ئاخاوتنی چـــاك ، سێ کۆڵەکەی پەندەکانیەتی • بیروبڕوای زەردەشت بوو بە ئایینی رەسمی فارسەکـــان لەژێر فەرمانڕەوایی ساسانی‌یەکاندا (٦٥٢ ـ ٢٢٤ ) هـــەتا ئەورۆژەی ئیسلام شوێنێ تێـــدا کردەوە • دیارە ئـــەم بـــەرەوڕووبوونە بێ‌ناکۆکی نەبوو • لەراستی‌دا هەر لە ساڵی ٦٣٧ و لەکاتی داگیر کردنی تکریتو حەلوانەوە ، ئیسلام بە کوردستانەوە پێوەندی گرت • ســـەعدی کوڕی وەقاس مووسڵو ناوچەکانی‌تری کوردستانی لای عێراقی،داگیر کردوە•

ئەم پەلامارو داگیرکردنە ( کـــە لەوکاتەوە تائێستا هـــــەر درێژەی

---

(١) ئافەرینش‌و نەزەری فیلسوفانی ئیسلامی سەبارەت بەو ، تەورێز ، ١٣٥٤ی هەتاوی ، نووسەر ، بەشی یەکەم ، لاپەری ٣٨ـ٣٥ •

هەیە ) ، نە بووە هۆی ئەوە کە وڵاتەکە هەمووی ڕوو لە ئیسلام بکا •
هێزەکانی عومەری کوڕی خەتتاب لەگەڵ کوردەکاندا ، دەستیان کرد بە تەقەو لێکدانو لە ساڵی ٦٤٣دا کاتێك شارەزووریان داگیرکرد ، خوێنڕێژی زۆر کرا • رووخانی میری میران (ساسانییەکان) زەمینەی بۆ ڕاگوێستنی ئاگرپەرستی بەردو یەزدان پەرستیو ملدانەواندن بۆ ئیسلام ، خۆش کرد !

ئێستا لە هێندێك جێگای کوردستان ، هێندێك دۆز هەن کە هێشتا ملیان بۆ ئەو ئایینە دانەنواندووەو ئێمە لەم بەشەدا هێماین پێی دەکەین •

زۆربەی کوردەکان پەیڕەوی ئایینی ئیسلامنو زۆرتری کوردە موسڵمانەکان سونین • بەشی زۆر لە مەڵبەندی کرماشانو گشت لۆرستان لە جنوبو درسیم لە شیمالی رۆژئاوای کوردستانی تورکیەو بەشی قوروەو بیجار ، لە سنە ، شیعەن • لەتورکیە ئێستا نزیکەی ٥٠ هەزار کورد یەزیدینو پەیامبەرەکەیان نازی مەلەکە تاوسە • لە بنەڕەتدا ئایینی ئەوان زەردەشتییە • بەلام لەئەنجامی کاریگەری ئایینەکانی مەسیحو ئیسلامدا ، هێندێك لە بناخەکانی ئەو دوو ئایینە تێکەڵی بووە •
هێندێك ئایینیتر لەنێو کوردان هەن ، وەك مەسیحیوعەلی اللهی یان ئەهلی حەق ( کە وێدەچێ لەگەڵ ئایینی یەزیدییەکان جیاوازیێکی وای نەبێ )(١) چەند ڕێبازی عیرفانی یان سۆفیگەریتر وەك تەریقەتی قادریو نەقشبەندی هەن ، هەرچەند خۆیان دەڵێن لە ئیسلامەوە سەریان هەڵداوە ، بەلام ریشەیان زۆر لە سەرهەڵدانی ئیسلام کۆنترە کە پاشان بەپێی توانا شیاندەکەینەوە • دیارە لە کاتی خۆیدا ، هێما بە دوو ڕێبازی

---

(١) کوردستانو کورد ، پێشوو ، لاپەڕی ٢٩ ـ ٢٧ •

شیعەو سوونی دەکەین و هۆی جیاوازی یان لە یەکترو پەل و پۆیەکانی تری ئەوان بەکورتی ، باس دەکەین •

### کاکڵەی ئیسلام :

ئایین کۆیەك لە بیروبڕوا بە نادیارو ئەنجامدانی هێندێك ئەرك و بەڕێوەبردنی هێندێك ڕێورەسمە • ئەم چوارچێوە دووبەشە : بەشی یەکەم بناخەو بەشی دووەم لق وپۆپ • لە ئیسلامدا کە بەناخەوە لە سەرتاوە بووەتە دوو ڕێباز ، بناخەکە تا ئەندازەیەك جیاوازە ! لە ڕێبازی سوننی دا کە زۆربەی زۆری موسوڵمانەکان دەگرێتەوە بناخەی ئایین بریتی یە لە:

١ ــ تەوحید یان تاقانەپەرستی • وەك باسکرا زۆر لە قەوم و نەتەوەکانی پێش ئایینە گەورەکان ، چەند خودا یان لانی کەم دوو خودای خوڵقێنەری خێرو شەریان دەپەرست و لە دۆخی تێپەڕ بوونی کات بەسەر ئەم دیاردەدا ، چەند پەرستی جێگای خۆی بە یەكپەرستی داوەو لە ئیسلامدا هاوبەش دانان لە خوڵقاندن و دەستێوەردانەکان ، یەزدان،بە دەرچوون لە چوارچێوەی تاکەپەرستی ، دانراوە•خوڵقێنەری هەموو بوونەوەرێکە چ ئەوانەی ئێمە پێیان دەڵێین خێرو چ ئەوانەی لای ئێمە بە شەڕ ناسێندراون ، دەسکردی ئەون و پێویستە بە هی ئەو بزاندرێن • ئەم خوایە سەدان و بگرە هەزاران پەسنی هەیە کە هێندێکیان بریتین لە : خوڵقێنەری ، داپۆشەری خراپەکانە ، زانایە ، بەخشندەو میهرەبانە ، بەتواناترینە ، گشت شتێك بەدەستی ئەوە ، هەموو شتێك پەسنی ئەو دەکا ، بە هەرشتێك بڵێ ببە دەس بەجێ دەبێ • خاوەنی زەوی و ئاسمانە ، بڕبەزەیی یە ، لە شێوەکارەکانی پرسیا ناکرێ، هەرشتێکی پێ خۆش بێ دەیکاو هەر بڕیارێکی پێ باش بێ دەیدا ، کەس هاوتای

نی‌یەو خـەوی لێ ناکـەوێو وەنەوەز نایباتەوە ، بێ‌نیازە ، بێجگە ئـەو کەس بۆ پەرستش نابێو بەندەگی هەر بۆ ئەو دەکرێو داوای هەرچەشنە یارمەتی‌یەك کـە لە توانای مرۆڤدا نەبێ ، تەنیا لەورەوایەو هتـــد • • با ئەوەش بڵێین کـە ڕەوتی جموجۆڵی چـەند خودایی بەرەو تاقـــە خودایی لــە ئایینی مەسیحدا ، شێوازی سێ لەسەر سێی پەیداکـــرد ! روح القدس‌و باوك‌و کوڕ بوونە سێ‌کوچکی کوانووی یەك‌پەرستـی ! کـە لە ڕاستی‌دا وەك زۆر لـە ئایینەکان ،پەیڕەوەکانی ، کۆنی دوعایان لێ ون بووە ! دەنا لـە ئایینە ئاسمانی‌یەکـان چ یەهوەی جوولەکـەو چ رۆح القدسی فەلەو چ ئەلهەی بەئەڵلابووی‌یەکەو تەنیای موسوڵمان ، لە پەسنەکانیاندا ، هێندێك جیاوازی هەیە • بۆنموونە خوای مەسیح دەڵێ : ئەگـەر لەگۆپی چەپیـان دای لای ڕاستیشیان بۆ بگرە با لێیدەن‌و نەبـێ تەنانەت تاوانباریش سزابدرێ ! کەچی خوای ئیسلام دەڵێ : گۆررو قاوە، دیان بە دیان‌و چـاو بە چاووبرین بە برین‌و نەفس بـە نەفس‌و تەنانەت شـەق بەشەق‌و خواخوای تۆڵەو پاراستنی دادگـەری‌و تەنبێ‌کـــەری تاوانبارانە • لە ئایینی زەردەشتدا ، دەبینین خودا دووانە:ئەهۆرمەزدا ، خودای خوڵقێنەری خێرو شتە بەکەڵکەکان‌و شیاوی بەندەگی‌و ئەهریمەنی خوای خوڵقێنەری شەڕو شتە زیانهێنەرەکان‌و نەشیاو بۆ بەندەگی •

بەداخەوە بە یەك جیاوازی‌و لەباری واتاوە ، ورد لە ئیسلامیش‌دا ، ڕەنگێکی کاڵی دووئالیستی یان دوو هێـزی دەبیندرێ کـــە وێدەچی بیروبڕوای مرۆڤ نەیتوانیوە لەداوی دەربچێ ! ئەویش ئەو خوایەیە کە باسمـان لێوەکردو بوونەوەرێك بـە ناوی شەیتان کـــە لـە بوونەوەرە کۆنەکانەو کۆنە ملکەچی درگای یەزدانەو خوڵقێنـەر نی‌یەو ناتوانێ درۆیەك بخوڵقێنێ • بەڵام لە هێزو توانای دەستێوەردان‌و گێرەشێوێنی‌دا ،

لــه بەرامبەر خوای خوڵقێنەرو خاوەن‌دەسەڵاتەوە ، دانراوە ! باوك‌و دایكی ئادەمیزادی فریو داوە ، مرۆڤ بۆ كــاری خراپ‌و تاوانباارنە دنــەدەداو بڕواڕفێن‌و تۆڵــەئەستێنەو پێویستە چون زەردشتی دوژمنایەتی لەگـــەڵ ئەهریمەنەكەی دەكـا ، موسڵمانیش دژی شەیتانی كۆنە ئەهریمـــــەن ڕاوەستێ‌و وەك ئەو چــۆن پاڵپشتی سوپای ئەهۆرایەو دژ بە ســـوپای ئەهریمەن ، ئەمیش وادەكـــاو لە ترسی شەڕی ئەو پەنا بۆ یەزدان دەباو خۆدی یەزدانیش ئامۆژگاری بەندەكانی كردووە بە ئامان‌و زامانەوە قەرە لە قەرەی نەدەن!كەوابوو لەگەڵ ئەوەی زەردەشت یەك جیاوازی هەیە، ئەویش ئەوەیە كــە شەیتان وەك یەزدان خوڵقێنەر ، نی‌یە • دەنا لە باری چەمكی دووئالیستی‌یەوە لە بەرامبەر یەكتردا ، دانراون !! هیــوام ئەوەیە موسوڵمانی ناتێگەیشتوو لــەم شی‌كردنەوە لەپێش‌دا ڕەگی ملی ئەســتوور نەكــاو بە دەردی سەڵمان روشدیم نەبا ! نەمگوتووە : دوو خودامان هەیە • گوتوومە لە چوارچێوەی چەمكی فەلسەفەدا ، دوو دژ دوو واتای دوژمن ، لــە یەكتر جیاواز ، لــە زەینی موسوڵماندا ، كێڵدراوەو بەروبووی داوەو هێشتا ڕزگار نەبووین لــەو چەمكە خراوە ! شەیتانی قورئان‌و شەیتــانی زەینی ئێمە یەك نین‌و بەباشی لێی تێنەگەیشتووین •

٢ ـ پەیامبەر یان «نبوت» كــە بەپێی ڕێپی چەمكەكانی ئەم ئاینــە خوای میهرەبان بۆ ڕێك‌وپێك‌كردنی كاروباری كۆمەڵگای مرۆڤــایەتی لە بەرەی ئادەمیزاد نەفەرێك هەڵدەبژێرێ‌و یاســای پێویستی پێدا دەنێرێ‌و ئەیــكا بە مامۆستای وانەكان‌و تەنیا لەگەڵ ئەوپێوەندی دەگرێ‌و وەحــی بۆ دەكاو تێدەگەیەنی‌و ئەویش ئەركی پێ‌ئەسپێردراو ڕادەگـــەیەنی • بڕوا بەم مامۆستاو ڕێبــەرو تێكۆشەرە دیاریكراوە كە ئەوەی دەڵێ لــە هەوا نایڵێ‌و پێی‌گوتراوە، دووەم كۆڵەكەی بناخەی ئاینە • ئەمیش بەستی

تایبەتی خۆی هەیە:ئەمینە،ئاکار پەسندکراوە ، ڕاستگۆیە ، مزگێنیدەرە، ترسێنەرە ، فێرکەری کتێبی خواییو فەلسەفەی بریارەکانە ، مرۆڤ لـە ئاکاری ناپەسند دووردەکاتەوەو رۆحی خاوێن دەکا ، تەنیا ڕاگەیەنەرەو گەیاندنی یاران بە ئاسۆی ئامانج لەسەر ئەو نییە • وەك هەموو مرۆڤێك وایەو خـاوەنی گشت پەسنەکانیانەو تەنیا راسپێردراوە بۆ ئەنجامــدانی ئـەو ئەرکـە •

٣ ـ بڕوا بە ڕۆژی دواییو دواڕۆژێـکی ئەوتۆ کـە مـافی بزنی کۆڵ لـە بزنی شاخدار دەستێندرێ • لەبەرئەوە ئەو وێچوونە هەیە کە بەندەی خوا یان کەسانیتر ، لــەو ئەرکـەی لەم جیهــانەدا پێیان ئەسپێردراوە ، نکوولی بـکەن یان لە بەشێکیدا کەمتەرخەمی بـکەن یان بەئەنقەست تووشی تاوان بن ، مل بۆ یاسا دانراوەکان دانەنوێننو داکەرو فەرامانبەرانی حکوومەتی پێیان نەزانن ، ڕۆژی قیامـەت دیاریکراوە کـە مرۆڤ ئەو متمانەی هــەبێ داد گەریی هەیەو ئەگەر لێرەش بیشارێتەوە، بەترازووو مسقاڵ بۆی دەکێشنو ئاکاری لای خوا وننابێو لــە قوڕگی دێننەوەو نامەی ئاکاری پێشاندەدرێو لە دادگایەکدا کە لەوڕۆژەدا ، بەرپا دەگرێ ، موو لە ماس ئەکێشرێتەوە •

ئەو ڕۆژە گشت مرۆڤ بە نامەی کرداریانەوە ، دێنە بارەگاو سزاو پاداشتی خۆیان دەبینن • تاوانباری رووڕەشی سەرکێش ، بەرەو دۆزەخ دەخزێو ئاکـار پەسندی بەختەوەری خاوەن بڕوا ، بە باخـە پڕ لــە نیعمەتەکەی بەهەشت شـاد دەبێو کـە لەودا شتی بیهوودە نییەو ئەوەی چـاو تامی لێ بچێژێو نەفس کەڵکەڵەی بـکا ، هــەیە• ئەمانەو دەیـان شتی بەکەڵـکیترو دەسکەوتی ڕێكوپێكو دەسکردی خوای بەخشندە ، پاداشتی پیاوچاکانو مرۆڤ پاکانە • لە ڕێبـازی شیعەدا ئەم سێ کوچکەی

ئایین گراوه به چوار کۆڵه‌که‌و چواره‌میان ئیمامه‌ت یان ڕێبه‌رایه‌تی‌یه • به بڕوای شیعه خوای گـه‌وره هه‌ر له کاتی ژیانی په‌یامبه‌ری ئیسلام‌دا (د•خ) عـه‌لی کوڕی ئه‌بوو تالیب ، ئامۆزاو زاوای په‌یامبه‌ری وه‌ك جێگری ئه‌و دیاریکردو خودی په‌یامبه‌ریش که له هه‌واوه قسه‌ناکا ، کوڕه‌کـانی ئه‌وی تا دوازده کوڕی وه‌ك ئیمـام دیاریکرد کــه ئه‌رکی جێـگریی به‌ڕێوه‌به‌رن که بریتین له :

پێشـه‌وا عه‌لی ، حه‌سه‌ن ، حوسێن زه‌ینولعابێدین ، باقر ، جه‌عفه‌ر ، موسا ، ڕه‌زا ، ته‌قی ، نه‌قی حه‌سـه‌ن عه‌سکه‌ری ، **محه‌ممه‌دی** مێهدی که ماوه‌و سه‌رهه‌ڵده‌داو جیهان پڕده‌کا له دادگه‌رێ • دیاره ئه‌مـــه بڕوای زۆربه‌ی شیعه‌یه‌و ٢٦ ڕێبازی‌تریان هه‌یه کـه لـه شه‌ش‌و حـــه‌وت‌و هی‌تردا ، کورتی ده‌که‌نه‌وه • سه‌رچاوه‌ی کێشه‌ی شیعه‌و سوننی ئا لێره‌داو لێره‌وه ، په‌ل‌وپۆ داوێ •

به‌شی دووه‌م ـ دیاریکردنی ئه‌رکه‌کان‌و ئه‌نجامدانیان • له‌م به‌شه‌دا ده‌توانین به پێنج جۆر ئه‌رك هێما بکه‌ین :

١ ـ ئه‌رکی به‌ند گی کـه یه‌که‌میان نوێژه‌و مه‌به‌ست له‌و بێجگه له پاراستنی پاك‌و خاوێنی کـه قازانجی زۆره ، په‌یمـــان نوێ کردنه‌وه‌ی به‌نده‌یه له‌گـه‌ڵ خـــوا له چوارچێوه‌ی تاقانه‌په‌رستی‌داو داوای چـــاکه پێکردنی‌و ڕێنوێنی بۆ ئه‌نجامدانی کاری چاکه‌و دوورخستنه‌وه له کـاری خراپ • له‌و ڕێ‌وره‌سمه‌دا ، هێندێك له په‌سنه‌کانی خوا بۆ دیاریکردنی چوارچێوه‌ی داخوازه‌کان‌و شێوه‌کانی دووپات ده‌بێته‌وه • خوا خـــوای هه‌موو جیهانه‌کانه ، خاوه‌ن‌ملکی ڕۆژی ئایین یان دواڕۆژه • تاقه که‌سێك کـه ته‌نیا ئه‌و شیاوی به‌نده‌گی‌کردن‌و ته‌نیا له‌و یارمه‌تی داوا ده‌کرێ • له به‌شێکی‌تردا ، یه‌ك‌په‌رستی دووپات ده‌بێته‌وه‌و بێ‌نیازی‌و بێ‌هاوتایی ئـه‌و

رادەگەیندرێ‌و دان بەوەدا دەنندرێ کە ئەدایك‌نەبووەو کەس لەو ســەر هەڵنادا • پاشــان پەسن کردن تا کۆتایی نوێژە کــــە ، درێژەی دەبێ • بەپێی ئــەم چوارچێــوە ، نوێژ ، مرۆڤ لە ئاکــــاری خراپ‌و ناپەسند دەگێرێتەوە • ( واقم الصلوة ان الصلوة تنهی عن الفحشاء والمنکر ولذکر الله اکبر والله یعلم ما تصنعون ) (٢٩-٤٥) • کەوابوو نوێژ بێجگە لــەو پەسنانەی کــە هەیەتی ، لەڕاستی‌دا ، بەرنامەی راهێنانی مرۆڤـــە بــۆ پاراستنی چوارچێوەی پەسندکراوی کۆمــەڵ‌و پاراستنی مـــاڵ‌و نامووسی خەڵك ، وە قەرەنەکەوتنی تاوانی کۆمەڵایەتی •

٢ ــ ڕۆژووگرتن کــــە بریتی‌یە لە خواردەمەنی نەخواردن لـــە کللەی بەرەبەیانەوە ، تا کۆچکردنی تاوو کۆتایی پێهاتنی ڕۆژ • بێجگە لــەوە زمــان‌و مێشك‌و چــاوو بیروبڕواش دەبێ خاوێن بێ‌و پلان‌و نەقشە بۆ خراپە دانارێژن‌و بەچڵێسی‌یەوە سەرنجی مــاڵ‌و نامووسی خــەڵك ، نەدرێ • ( یا ایها الذین آمنوا کتب علیکم الصیام کما کتب علی الذین من قبلکم لعلکم تتقون ٢ (١٨٣ ئەی ئەوانەی بڕواتان هەیە ، ڕۆژوو پێویست بوو لەسەرتان بەوجۆرە کە لەسەر ئەوانەی پێش ئێــوە بوون ، پێویست کرا ، بەڵــکوو پەرهیزکار بن[1] چــەند ڕۆژی دیاریکراوو ژمێردراو • ئەگــەر کەسێك نەخۆش بوو یان لــە سەفەردا بوو ، کاتێکی‌تر بەڕۆژوو دەبێ‌و ئەوانەی ناتوانن بیگرن ، خواردەمەنی هەژارێك بدەن ، ئەگــــەر زیاتری دا ، بۆی باشترەو ئەگەر ڕۆژووەکە بـ گرن باشترە بۆتان ، ئەوەش لەکاتێك‌دایە کە لەوە تێبگەن • مانگی رەمەزان ڕێنوێنی کەری خەڵکە••• خوا ئاسایشی ئێ وەی دەوێ‌و خوازیاری دردیسەری ئێوە نیە ، ماوەکە تەواو بــکەن‌و پەسنی گــەورەیی خوای تێدا بکەن • بەبۆنەی ئــەوەوە

---

(١) في ظلال القرآن سید قطب ، وەرگێرانی دوکتۆر مەستەفا خورەمدل ، سنه ١٣٦٢ی هەتاوی ، لاپەڕی ١٦٩ •

که ڕێگای ڕاستی پێشانداون ، هیوا وایه سوپاسبکەن • ئایەی ١٨٥ ـ ١٨٤ بەقەرە • هەروەك وتمـان نوێژ مرۆڤ لە ئاکاری خراپو تـاوان ئەگێڕێتەوەو لـە هەمانکات سەبارەت بە ڕاستییەکانی ژیان هۆشیارمـان دەکـا • مەبەست لـە نوێژئەو هەڵسوکەوتو جموجۆڵە نییە ، بەڵکوو بریتییە لـەو ڕێـگایە کە سەر ئەکێشێتە لای دانانی نەمامی بڕوا لـە دڵداو قووڵکردنی هەست بەو ، لە ویژدانو سەقامگیرکردنی ویژدان ، بەمتمانە • ئەم نوێژە پێوەندی نێـوان خوڵقێنەرو مرۆڤەو چاوی دەروون، بەرەو دیتنی گەورەیی خوڵقێنەرەوە جموجۆڵ دەکەوێو هێمنایەتیو متمانە لـە مرۆڤدا ، دەخوڵقێنێو لەئاکامدا ، لەگـەڵ دوروبـەری لـەوپەڕی سازگاریدا ، دەژی • لـە نوێژدا هەستکردن بە یەکسانی هـەیە ، چونکە لە پێشگای پەروەردگاردا ، لە ریزێکدا رادەوەستنو چینو توێژ لە بەرچاو ناگیردرێ • نوێژ ئەبێتە هۆی ڕێكوپێکی مرۆڤ لە کاروباری ڕۆژانەداو ڕاهێنانە بۆ پاكو خاوێنی لەشو گوندو شارو ماڵو جلوبەرگو ڕۆحو دڵو بیروبۆچوون •

ڕۆژوویش بەپێی ریبی ئەم ئاینە ، ئەبێتە هۆی تەندروستی لـەشو هەستکردن بە نیازی خەڵـکیترو خۆڕاگرىو بارهێنان • ڕۆژوو لـە بەندەگییە کۆنەکانەو پێش ئیسلامیش هەر بووە •

لەم بەشەدا بێجگە لە نەخواردن ، پێویستە هیچکام لە ئەندامانی لەش تووشی تاوان نەبن • دەست دەسدرێژینەکاو لاق بەرەو تاوان کـردن نەڕواو زمـان ئازار نەگەینێو نەبێتە هۆی زیانی تاقەکەسو کۆمـەڵ ، دڵ خـاوێن بێو جێـگای بیری خراپی تێدانەبێو دوژمنایەتیو چـاو نژێری نەتوانن لەودا خۆ مات بـکەن • خۆبەزلزانیو ناسازکاری لەگەڵ خەڵك نەمێنن • ڕۆحی کەسایەتیو گەورەیی بێتە بەرو پێشئەوەی دادگا

لێبپرسێتەوە ، خۆی بخاتە ژێر پرسیارو پێویستە ڕواڵەتی لەگەڵ دەروونیدا ، یەکبگرێتەوە(١) پەرهێزکاری‌یە چوونکە دڵو هۆش لە ئاکاری خراپ ئەگێڕێتەوەو فیداکاری بۆ وەدەستهێنانی ڕەزای خوایە(٢) •

٣ ـ حەج یان زیارەتی کاوە یان ماڵی خوا بە لەبەرچاو گرتنی هەلو مەرجی خۆی‌و ئەنجامدانی هێندێك کردەوەو لە کاتێکی دیاریکراو • لەورۆژانەدا ، نزیکی کردن بە ژن ، تاوانو گوناحو کێشە نابێ خۆبنوێنن‌و پێویستە بە نیازپاکی‌یەوە ، بەندەگی بکرێ • ئایەتەکانی ١٩٧ و ١٩٨ی سوورەی بەقەرەو ئایەتەکانی ٩٦ و ٩٧ی سوورەی چوارو هی‌تر باسی چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەو ڕێوڕەسمەیان کردوە(٣) •

بێجگە لە هەست بە یەکسانی کردن لەکاتی حەجدا کە هەموو لە یەك جل‌وبەرگدا پەنا دەبەنە بەر خولقێنەریان ، ئەنجامدانی ئەم ڕێوڕەسمە ، خاوەن هێزێکی سیاسی گرنگە کە پێویستە هەواڵنێرەکانی جیهان بچن باس‌وخواسی ئەم کۆبوونەوە گرنگ‌و بێ‌هاوتایە ، بە گشت خەڵکی جیهان ڕابگەیێنن • چوونکە زۆر لە سەرۆکەکانی وڵاتانو زاناو خاوەن بیروڕاکانی جیهانی ئیسلام ، تێدا بەشدارن • کەوابوو پێویستە چوارچێوەی ئیسلامی تێدا دیاری بکرێ‌و ڕۆحی هاریکاری لەنێوانیاندا، بەهێز بکا ، لە شێوەی ژیانی یەکتر ئاگادار بن‌و بڕیار بدەن پێکەوە هاریکاری بکەن‌و چەوساندنەوە نەهێڵن‌و تۆی برایەتی بکێڵن‌و بناخەی

---

(١) فلسفة الشريعة ، دوکتۆر مستەفا زەلمی ، بەغداد ١٩٧٩ لاپەڕی ٢٩ ـ ٢٥ •

(٢) في ظلال القرآن ، پێشوو لاپەڕی ١٦٩ •

(٣) هەر ئەم سەرچاوە ، لاپەڕی ٢٩٥ ـ ٢٦٣ •

کۆشکی یەکسانی دابرێژن (١) .

بەڵام زۆربەی زۆری خەڵکی موسوڵمانی ئێمە لەم روانگەوە سەرنجی ئەو بەندەگی‌یە نادەن . بەتایبەت کوردە نەخوێندەوارەکانی ئێمە چۆن ، چوون ئاوەها دەگەڕێنەوەو وەك سەفەرێکی گەشتو گوزاری،باسی خانووی چەند قاتو زۆربوونی حەشیمەت دەکەنو چاری‌وایە بەمسجد الاقصی دەڵێن مزگتە مەقەس ! لە تاران خوێندکار بوومو خەڵکی ناوچەی ژاوەرۆو بێلەواری لای ئێمە هاتبوون بچن بۆ حەجو منیش چووم بۆلایانو بە دیداریان شاد بووم . حاجی‌یەکی سنەیی مێرحاج یان چاوساغیان بوو . پاش گەرانەوەیان لە حاجی‌یەکی خەڵکی گوندی هەشمەمێزم پرسی سەفەرەکە چۆن بوو ؟ وتی زۆر خۆش بوو . وتم بیرەوەریەکی خۆشم بۆ بگێڕەوە . وتی لە ماڵی خواوە بۆ سەر کۆڕی حەزرەتی محەممەد ئەچووین . من ڕێگام نەبوو ئۆتۆمبیلەکە پڕ بوو ، لە حاجی ڕێنوێن پارامەوە بەجێم‌نەهێڵێ ، ئەویش چل ریاڵی سعوودی لێ وەرگرتم لە تەلیس یان گونی‌یەکی نامو لە ئۆتۆمبیل‌دا ، خزاندمیە ژێر کورسی‌یەکەی خۆیەوە ، وەك بار لەبەر چاوی گرتم ! هەرچەند گەرم بوو ، بەڵام چوونکە بەرەو لای ئەو بارەگا سەوزوجوانە ئەچووم ، قەت چاکەی‌ئەو حاجی‌یە ، لەبیرناکەم !

٤ ـ جیهاد . لە ئیسلامدا ، ئاشتی بناخەی گشت هەڵسوکەوتێکەو جەنگ باری بەدەگمەنە . جەنگ کوێرەوەری وەبەردێنێو دڵتەزێنو زیان هێنەرە . دەکوژێو کەم‌ئەندام دەکاو ئێش‌و زووخاو دەخولقێنێ . لەگەڵ گشت ئەمانەش‌دا ، ڕاستی‌یەکی تاڵەو تێکۆشان بۆ مانەوەو درێژەدان بە ژیانو غەریزەی دەسدرێژکەر ، بێ ئەم‌لاو ئەولای دەکا .

(١) فلسفة الشريعة پێشوو ، لاپەڕی ٣٠ـ٢٩ .

باری ئاسایش بەهۆی پاڵپێوەنەری خۆبەزلزانیو قازانجی شەخسی ، نامێنێ • هەرچەند تێکنیك و بنکەو بنیاتی سەنعەتی سامان خوڵقێنو ئاسایش بەریانە ، بەڵام خۆشەویستی پلەو خاوەن مڵکایەتی ، زاڵبوونی بێبەزەیی و دڵرەقێ ، دەخوڵقێنن ! هەر بۆیە دەسدرێژی بۆسەر مافی چینو توێژو نەتەوەکان لەلایەن داگیرکەرانو ملهۆرانەوە ، درێژەی هەیە • لەمپێیەدا ئیسلام فەرمانی جیهاد یان پارێزگاری لە ماڵو نامووسو ئاوو خاکی ، دەرکردوە •

پارێزگاری لە مافو نیشتمانو ئازادیو دەسەڵاتی ڕەوا ، مافی سروشتی هەر مرۆڤێ کە • شەڕ لە ئیسلامدا ، پێویستییەکە بەپێی هەڵومەرجو ئامرازی تایبەتی خۆیەوە ، دیاری دەکرێو ئەگەر هۆیەکەی نەمێنێ ، پێویستییەکەشی نامێنێ • لەراستیدا پارێزگارییەکە لەو ڕوانگەوە مەشروعو ڕەوایە •

« وقاتلوا في سبيل الله الذين يقاتلونكم ولا تعتدوا ان الله لا يحب المعتدين ۲ (۱۹۰ » • ئەوانەی شەڕتان لەگەڵ دەکەن ، لە ڕێگای خودادا شەڕیان لەگەڵ بکەنو لە سنوورو سەراوەرد تێمەپەڕن ، خوا ئەوکەسانەی خۆش ناوێ کە لە سنوورو سەراوەرد ، تێدەپەڕن •

ئەمە لایەنێکی رەوابوونی جیهادەو لایەنێکیتری ئەوەیە کە دوژمن ئێوە لە وڵاتو زێدو نیشتمانتان وەدەردەنێو ئەوکات فەرمان دەداو دەڵێ لە هەر جێگایەك وەچنگتان کەوتن بیانکوژن ، بەوشێوە دەریان کردوون ، دەریانبکەن ، ئاژاوەگێڕییەکەیان ، نەهێڵن ، لە کوشتنیان گەورەوترە • هەتا دەڕواو دەڵێ ئەگەر دوژمن لە شەڕکردن وەستا ، خوا بەخشندەو میهرەبانە • واتا بەخشین جێگای بەربەرەکانی ئەگرێتەوە • هەتا هاوتا دادەنێن بۆ خوا ، شەڕیان لەگەڵ بکەون با

مل کەچیو بەندەگی هەر بۆخوابێو ئەگەر شەڕیان ڕاگرت ، بێجگە لەگەڵ ستەمکاران ، کێشە نامێنێ • ئەوانەیشەڕ ناکەن دەسیان بۆ درێژ مەکەنەوە • ۱۹۳ – ۱۹۱ بەقەرە • لە ۱۳۳ ئایەتدا باسی ئاشتی هاتووە • سەلامی ڕۆژانەو سەلامی نوێژەکانیش لەوچەشنەن • لەگەڵ گشت ئەمانەدا ، خودی پارێزگاری چوارچێوەیەکی تایبەتی هەیە : وەفا بە پەیمانەکانو ناڕەوابوونی خەیانەت بەئاشکراو بەنهێنێ • ڕێزدانان بۆ مرۆڤو بانگێشتن بۆ برایەتی تەواو لەگەڵ لایەنیتردا • لە بەرچاو گرتنی پەرهێزگاریو گەورەییو پێوەندییەکانی نێوولاتان لە شەڕو ئاشتیدا • بەزەیی لە شەڕدا ، دادپەروەری بەربڵاو ، دژکردەوەی وەك یەك(۱) بەڵام سەد مخابن زۆربەی ئەوانەی لافی پارێزگاری لە ئیسلام دەدەنو خۆیان بە موسڵمان دەزانن و ئاڵای ئیسلام پەنایان هەڵگرتووە ، نەك ئەم چوارچێوەو هیتر کە لەم بەشەدا ناگونجێ بەدرێژ باسی لێبکەین ، ناپارێزن بەڵکوو بەپێچەوانەکەی ڕەفتار دەکەنو بە سەرەڕۆییو دەسدرێژی لە سنوورو سەراوەردی دیاریکراوی خوای گەورە ، تێپەریونو ستەمیان گەیاندۆتە ئەوپەڕی خۆی ! بۆنموونە هیوا هەن فتوای جیهاد دژ بە خەڵکی موسڵمانو حەقخوازی کورد دەردەکەن کە تەنیا تاوانی پارێزگاری لەماڵو شەرەفو ئاوو خاکی خۆی بووەو پەلاماری سەرزەویو ماڵی کەسی نەداوە • ئەو هەڵوێستانە بوون بەهۆی قەلاچۆکردنی خەڵکی چەند گوندی کوردستانی ئێرانو تائێستا کە ئەم دێرانە دەنووسم زیاتر لە ۵۰ هەزار نەفسی پاكو ئازادیخوازو منالی ئاولەمەو ٦ مانگەو یەکساڵەو هیترو ژنو پیاو پیرو پەککەوتە ، کوژراون • لە داوای ئاشتیدا خەیانەتی نهێنیو ئاشکراوەو سنوور نەپارێزراوە !

---

(۱) فلسفة الشريعة ، پێشوو ، لاپەڕی ۳٤ ــ ۳۲ •

بێجگە لەوانیش زۆر کەس بەناوی ئایینی ئیسلامەوە ، حکومەت دەکەن‌و موسوڵمانی حەقخوازو بێتاوان دەدەنە بەر بۆمبی جۆراوجۆرو وەك کافری شەڕکەر ، چاویان لێدەکەن‌و پەلاماری ناموسیان دەدەن‌و کچ‌و کوڕیان وەك دسکەوت بەسەر دوژمن‌دا ، دابەش‌دەکەن !

ئامانجەکانی پارێزگاری بریتین لە :

١ ـ دیفاع لە بیروبڕوا ٠ ٢ ـ بەربەرەکانی لەگەڵ دەسدرێژی بەردەوام بۆسەر گیان‌و ماڵ‌و درێژەدان بە تاوان ٠ ٣ ـ بەربەرەکانی لەگەڵ سەرەڕۆیی‌و پشتیوانی لە چەوساوەکان ٠ ٤ ـ مافی پارێزگاری ڕەوا لەبەر پەرچدانەوەی پەلاماری دوژمن‌و دەسدرێژی(١) ئەمانەو کردەوەکانی ریسواکەرانی ئایینی ئیسلام وەك خەڵکی سلیمانی ئەڵێن : کوجا مەرحەبا؟!٠
٥ ـ زەکات یان ماڵیات لە داهاتی ساڵ ٠ بەدوای ئەمرو فەرمان‌دان بۆ راپەراندنی ئەرکی نوێژ ، فەرمان بە دانی زەکات دراوە ٠ زەکاتدان چوارچێوەی تایبەتی خۆی هەیەو لە هەرجۆرە سامانێك‌و لە ماوەیەکی دیاریکراودا ، ئەندازەیەکی دیاریکراوی بۆ دانراوە ٠ ئەوانەی زەکات وەردەگرن دیاریکراوەو ئەوەی زەکات کۆدەکاتەوە ناسێندراوەو مەبەست لەم کۆکردنەوەش ، دەس‌نیشان کراوە ٠

لە هەر کۆمەڵێك‌دا مرۆڤ یان بنەماڵەی بێ‌تواناو دەسکورت هەیەو لەسەر حکومەت یان کۆمەڵە، ژیانی دابین بکاو وەرگرتنی زەکات دەتوانێ ئەگەر پەیێی چوارچێوەی دیاریکراوی بستێندرێ ، ئەو گیروگرفتە چارەسەر بکا ٠ بێجگە لە زەکاتی دیاریکراو ، موسوڵمان بۆ دەسگرویی‌و بەخشینی‌تر دنەدراوە ٠ دواڕۆژ هی ئەوکەسانەیە کە لەوەی

---

(١) هەر ئەم سەرچاوە ، لاپەڕی ٣٧ ـ ٣٦ ٠

ڕزقمان داون چ ئاشکراو چ نهێنی ، ئەبەخشن ... ١٣ (٢٢) . لە قورئان لـە چل‌وسێ ئایەت‌دا باسی زەکات کراوە لە پێنج جۆر ماڵ‌دا هەیە :

١ ـ ئاژەڵ . ٢ ـ نەختینە . ٣ ـ بەرهەمی کشتوکاڵ . ٤ ـ بەری داری خاوەن‌بەر ٥ ـ سامانی بازرگانی . مەرجە کە ئەمانە ملك بن نەك داگیرکراویان دزراو . ١٢ مانگ بەسەر بوونی سامانەکان‌دا تێپەڕبێ . لە بزن‌و مەڕدا لـە هەر چل سەر دانەیەك تا ١٢١ سەر هەر ئەوەیە . بـۆ دانەوێڵە بە ئاوی خۆی دەیەك‌و بە ئاوی دۆڵچە لە بیست‌دا یەك پێویستە . زێڕ کە گەیشتە ٢٠ مسقاڵ نیو مسقاڵ زەکاتیەتی(١) .

( واتی المال علی حبّه ذوی القربی والیتامی والمساکین وابن السّبیل والسّائلین والرقاب ) تا کۆتایی ئایەتی ١٧٧ی بەقەرە کە دەڵێ چاکە ئەوە نی‌یە ڕوو لە ڕۆژئاوا یان ڕۆژهەڵات بکەن ، بەڵکوو چاکە ئەوەیە کەسێك بە خواودوا ڕۆژو مەلایەکەت‌و کتێب‌و پەیامبەرەکان ، بڕوای هـەبێ‌و سەرەڕای خۆشەویستی لە ماڵی خۆی بە خـــزم‌و هەتیو ، دەسکورت‌و موسافیرو سواڵکەرو بەندە ، بداو نوێژ بخوێنێ‌و زەکات بدا . هەروەها ئەوانەی بە بەڵێنێ خۆیان وەفادەکەن ئەوکات کە بەڵێنی‌یان داوە ، واتە خێر بریتی لەمانەو لە خۆڕاگرتنی مرۆڤ لەکاتی دەسکورتی‌و نەخۆشی‌و کاتی شەڕو لێدان‌دا ، ئەو کەسانەی ئەم جۆرە ئاکارەیان هەیە ، ڕاست دەکەن‌و بەرهێزکارن .

وتمان لـە بناخەکانی ئایین‌دا ڕای‌شیعەو سوننی جیاوازەو ئەویش لـە مەسەلەی ڕێبەرایەتی یان ئیمامەت‌دا . ڕێبەرایەتی لای شیعە پلـەی چوارەمی بناخەکانەو پێی لەسەر دادەگرن . عەلامە دوکتۆر موسا موسەوی

---

(١) نووری ئیسلام ، مەلا عبدالکریم مدرس ، بەغدا ١٩٨٨ لاپـــەڕی ٨٠ ـ ٧٩ .

کــە خۆی شیعەو کۆری موجتەهیدێکی گەورەی شیعەیە لە ١٦ بابەتدا کێشەی ئەو دوو ڕێبازەی کورت کردوەتەوەو لەم باسەدا ئەمە ڕای ئەوە :

ڕێبەرایەتی بەردی بناخــەی ڕێبازی شیعەی ئیمــــامیو زەیدیو ئیسماعیلی‌یە • لە عەلی‌یەوە تا محەممەدی کوڕی حەسەنی عەسـکەری دەڕوا • شیعە هێما بە وتاری پەیامبەر (د•خ) لـە غەدیر دەکەن کە دەڵێن عـەلی لە جێـگای خۆی داناوەو سوننیش دەڵێن کەسی دیاری نەکردووەو بەپێی قورئان « وامرهم شوری بینهم » ٣٧ی شورا و شاورهم في الامــــر آل عمران ١٥٩ ، کەس دیاری نەکراوەو نیازێك لـــەو دیاریـکردنە نی‌یە ••• کێشەی دانانی جێـگر پاش مردنی پەیامبەر (د•خ) دەســــتی پێـکردو دەس‌بەجێ عەبباس بە عەلی وت : دەستت بدە مل‌کەچی خـۆم ڕابگەیێنم • پاشــان لـە سەقیفەدا پاش دمەتەقێو کێشە بـە مل‌کـەچی ئەبووبەکر هەڵبژێردرا • بەکورتی لـە سەرەتاکانی چـەرخی دووەمـی کۆچی‌دا ، بیری تەشەیوع لـــە قاپۆری ڕێبازێـکی فیقهی‌دا کــە ڕێبازی بنەماڵەی پەیامبەر (د•خ) بێ ، خۆی نواند • هەر لەو کاتەدا ، ڕێبازەکانی مالکی ، حەنەفی ، شافیعیو حەنبەلی سەریان‌هەڵدا • قوتابخانەی ئەو بنەماڵە بەقوتابخانەی ئیمــامی سادق‌دا ، بەرەوپێش چوو • ئەو بیرەی کە پارمەتی بە ڕێبــازی ئەتۆ دا ، ئەوەبوو کــە دەیگوت : ئەگەر عـەلی لـەوانی‌تر شیاوتر بووە بۆ جێگری ، دەبێ ڕۆڵەکانی بەتایبەت ئیمام سادق کـــە گــەورە شەرعزانی ئەم چەرخەیە ، شیاوتربن ، بۆئەوەی لـــە کاروباری ئاینی‌دا پەیڕەوی‌یان لێ بـکرێ • بەمجۆرە ئەم قوتابخانە ئەدایك‌بوو • لەڕاستی‌دا پاش شەهیدبوونی حوسێنی کوڕی عەلیو ڕووداوەکانی‌تر کــە بە ناوی تەشەیوع دەستیان پێکرا ، بیری ئیمامەت جێی خۆی گــرت[١]

(١) بۆ زانیاری زۆرتر سەرنجی : الشیعة والتصحیح ، نووسراوی ناوبراو ١٩٨٨ ، لاپەڕی ١٥ ـ ٨ بدەن •

ئەمــە کێشەی بیرو بۆچوونەو شەڕ لەســەر دەسەڵاتو لــەراستیدا ، بەربەرەکانی‌یە لەگــەڵ عەبباسیو ئەمەوی‌یەکانداو سەری کێشاوەتە لای سەقامگیربوونی ڕێبـازو ئاکامەکەی پاراستنی نیشتمانی ئێرانە بەتایبـەت لــە دەسەڵاتی عەرەب • بەڵام لــە شیکردنەوەی ئایەتەکانیشدا ، کێشــە زۆرە • لەئایەتی دەسنوێژدا سوونني لاقشوتنی لێ هەڵکراندووەو شیعە پووك‌لێنانی • لــە ئایەتێکی تۆڵەئەستاندندا کــە بۆ بابەتێکی تایبەتیو هەلو مەرجێــکی دیاریکراو هاتووە ، شیعە بەگشتی سەرنجی دەداو دەڵێ : ژن لەجیاتی ژنو بەندە لەجیاتی بەندەو ئازاد لەجیاتی‌ئازاد ، دەکوژرێنــەوە « یا ایها الذين آمنوا كتب عليكم القصاص في القتلى الحر بالحر والعبــد بالعبد والانثى بالانثى ، فمن عفى له من اخيه شيء فاتباع بالمعروف واداً اليه اليه باحسان ذلك تخفيف من ربــكم ورحمة فمن اعتدى بعــد ذلك فله عذاب اليم » : بەقەرە (١٧٨) • بەڵام ڕێبازەکانی سوننی دەڵێن : ئــەوە چــارەسەرکردنی ڕووداوێکی تایبەتی‌یەو ئەوە ناگەیێنی کــە ئازاد لــە تۆڵەی بەندەدا ، ناکوژرێتەوە یان پیــاو لە تۆڵەی ژندا ناکوژرێت • ئــەم بڕیارانە دراونەتە دەست پێشەوایانی ئایینیو چارەسەریان دەکەن • لــە ڕێبــازی شافیعیدا ، پیــاو لە خوێنی ژندا ، ئەکوژرێو ئەگەر دوو سێ پیــاو ، یەکێکیان کوشت ، هــەموو دەکوژرێنەوە(١) دیارە لێرەدا مــن نەدەمهەوێ خۆم تووشی ئــەم کێشەیە بــکەمو نە بە پێویشتی دەزانمو ئەوەش لەبەر ڕووکردنەوە بوو کە هێنام پێ‌کرد •

هێندێك پێیان‌وایە ئیسلام لەسەر حــەوت کۆڵەکە دانراوە : بروا بە خــوا ، بە مەلامەیەکەت ، بە کتێبەکانی خوا ، بە پەیامبەرەکانی ، بــە ڕۆژی دوایی ، بــە چارەنووسی خێرو شەڕیو زیندوو بوونەوەی پاش

(١) تەفسیری نامی ، مەلا عبدالکریم مدرس ١٩٨٠ ، بەغدا ، لاپەڕی ، ٢٩٢ ـ ٢٩٣ •

مـەرگ • ئەم حەوتە بەشی بیرووبڕوایەو وەك پلەیەك دادەندرێ‌و پلەی دووەم کردەوەیەکە کەنوێژە بەمەرجەکانیەوە • سێیەم زەکات ، چوارەم حەجەو ، پێنجەم جیهادەو لەو شتانەیە کە ئیسلام بەپێ‌داگرتنەوە ، سوورە لەسـەری(١) •

لەبەرئەوە کاکڵەی ئایین بە چەند توێکڵی داب‌ونەریتی کۆنی گەل‌و خۆتێخزاندنی هێندێك یاسـای ئاینە کۆنەکانی‌تر وەبن‌کەوتووەو زۆر لە مـەلا کوردەکانیش لـە چوارچێوەی چـەند کتێبی دیاریکراودا ، خۆیان بەندکردوە ، لەسەر هێندێکی‌تر لە یاسا جۆراوجۆرەکانی ئیسلام چـەند قسەیەك دەکـەین •

با ئەوەش لەپێش‌دا ڕابگەێنم کـە فیقهی ئیسلامی کە لە شەریعەت واتا دەقەکانی ئایین وەرگێڕاوەو بۆچوونی نووسەرانی تێدایە ، ڕەنگی بیروبڕوای ئەو ئەوی لێ نیشتووەو بارو دۆخی کۆمەڵایەتی کـاتی ڕێك‌وپێککردنی ، شوێنی لەسـەر داناوە ، ئەو فیقهـە فیقهی فیئۆدالی‌یەو لەراستی‌دا بە قازانجی گـەشەکردنی باری دەرەبەگایەتی نووسـراوە ! لەبەرئەوە زۆربەی خەڵـکی موسوڵمان لـە لق‌وپۆپی ئایین‌دا ، لـە پێشەواکـانی دەورەی ئـەمەوی‌و عەبباسی پەیرەوی دەکەن‌و ڕێبازەرێك‌و پێککراوەکان لـەو چەرخانەدا نووسراون ، ئێستا لە دابەزاندنی‌دا ، تووشی گیروگرفت دەبین • بەتایبەت لەباری کاروبارو بەرهەمهێنان‌و حەقدەست‌و کرێـکارەوە ، شی‌کردنەوە لەئارادا نی‌یەو خاوەن‌مڵك بەسـەر هـەموو شتێك‌دا ، زاڵە ! ئاوڕدانەوەیەك لەسەر کـێشە فیقهی‌یە باوەکان ، ئەم راستی‌یە دەسەلمێنێ •

---

(١) الاسلام والمسلمون في البلاد السوفيتية ، مفتى ضياءالدين خان ، تاشكەند ١٤٠٠ کۆچی ، لاپەڕی ٦٨ ـ ٤٧ •

با ئەوەش بڵێین لەگەڵ گشت ئــەو رەخنانەی لــە رێبازی شیعە دەگیردرێ ، ئەو درگای شی‌کردنەوەی خستۆتە سەرپشتو موجتەهێد ، دەتوانێ بڕیاری نوێ لــە دەقەکان دەربێنێ • ئینجا ئەگـــەر خــۆی کۆنەپەرست بوو ، بەلای نوێدا نەچوو ، ئەوە تاوانی یاساکان نی‌یە •

**کورتە باسێك لەسەر هێندێك یاسا :**

لــەم ئاینەدا گرنــگی زۆر بە پەرەسەندنی چاکەو فەرمانـدان بە ئەنجامدانی کاری پەسندو دووری‌کردن لە ئاکـــاری ناپەسند دراوە : « ولتكن منكم امة يدعون الى الخير ويأمرون بالمعروف وينهون عن المنكر واولئك هم المفلحون : ٣ (١٠٤) » کەوابوو شتێکی سروشتی‌یە ، لادەرو تاوانبار لەم ئاینەدا ، سزای بۆ دانرابێ • دیارە ئەو تاوانانەو سزاکانیشیان بەرهــەمی هەلومــەرجی تایبەتی کۆمەڵی کاتی دانانی یاساکانن‌و بەپێی سروشتی مرۆڤو ئاڵوگۆرەکــانی ، هێندێــکیان یان نامێنێن یان ئەو توندوتیژی‌یە یان نامێنێو هێندێکیان گیروگرفتی‌وان کە لەگەڵ ســروشتی مرۆڤدانو بە گۆڕانی بارودۆخو تەنانەت باری زانیاری مــرۆڤیش ، هەردەمێنن • بەپێی سروشتی سزا ، چــەند جــۆر تــاوانی خوایی یان کۆمەڵایەتی لە بەرچاو گیراوە :

١ ـ ئەوانەی پێیان دەڵێن تاوانی‌وا کــە ڕادەیکی دیاریکراو بــۆ سزایان دانراوەو کەم‌وزیاد نابێ • ئەوانەش حەوتن : ١ ـ ســزای دزی ٢ ـ زینا ، تاوانبارکردن ٣ ـ سەرکێشی ٤ ـ پاژگەشت بوونەوە لە ئایین • ٥ ـ خواردنەوەی هۆش‌ڕفێنەکان • ٦ ـ تاوان‌و خوێن‌سەندن • ٧ـ فەساد خوڵقاندن لە ئایین‌دا ، کــە ئەمانە سزای تەنبێ کردنیان تێدایەو بەخشینیان تێدا نی‌یە • دیارە لە گشت ئەمانەدا ، سەلماندنی تاوان بناخەیە •

هێندێك تاوان هەن کە تاوانبار بەئەنقەست یان بەهەڵە تووشیان دەبێ • هێندێك سزاکەیان بەهۆی ئەنجامنەدان دیاری دەکرێ، وەك ئەوە دایك شیر بەمناڵی نەدا • شاهێد زانیاری خۆی ڕانەگەێنێ•تەنانەت ئەگەر کەسێك بتوانێ بە سێلاو لێدراو یان لێقەوماوێك یارمەتی بداو نەیدا ، سزا دەدرێ •

« وتعاونوا على البر والتقوى » •هەرکام لەم سزایانە هۆو فەلسەفەی تایبەتی خۆی هەیە •

لە بەرامبەر ئەم پێشگرتن‌و سزادانەدا ، هاریکاری‌و سازگاری کۆمەڵایەتی بۆ گەیشتن بە ئامانجی گشتی ، کراوەتە بەرنامەو برایەتی گشت ئایین دارەکان ، ڕاگەیندراوە :

« انما المؤمنون اخوة : حجرات[1] بێجگە لەوە لە پێوەندی لەگەڵ کاری هاوبەش‌و هاریکاری لە گشت بەشەکانی ژیاندا ، لەم ئایینەدا ، دنەی ساماندارەکان دراوە لە سامانی نەقدی یا زەوی‌و دوکان‌و ملکی‌تر ، بۆ هەڵسووڕانی کاروباری لێقەماوو دەسکورتان‌و ڕاگەیشتن بە غەریب‌و میوانان‌و پەرەسدنی زانیاری‌یە ئایینی‌یەکان، بەشێك تەرخان بکەن‌و ناوی «وقف»ە • خەراج یان بەشێك لە داهات بۆ حکوومەت لە بۆ پێراگەیشتن بە نیازە گشتی‌یەکانی کۆمەڵ • وەك دەرمان ڕێگاوبان‌و هی تر • لێرەداتەنیا بەو دەقانە هێما دەکەین کە بناخەی ئابووری‌و باری بەرهەمهێنان‌و پێوەندی‌یەکانی بەگشتی دیاری کردووەو دەچینەوە سەر خراپ تێگەیشتن لە ئایین •

---

(١) فلسفة الشريعة ، پێشوو ، لاپەڕی ٩٤ ـ ٣٨ • کە بەدرێژە باسی لەسەر کردوون •

زۆر جار باسکراوە چوارچێوەی ئابووری ئیسلام لەسەر بناغـــەی ئابووری دەرەبەگایەتی ، دانراوەو چەوسانەوەو خاوەنملکایەتی تایبـەتی لـەو ئاینەدا باوەو تەنیا باری ئەخلاقیو ئاکاری بەهێزە کـە ئامۆژگاری دەکا کە زەکاتو سەرفیترەو خێرات بە دەسکورتو هەژاران ، بدەن !

هۆی ئەم بۆچوونە دوو شتە : یەکەم ــ کردەوەی زانا ئاینییەکانی خـاوەندەسەلاتو بێدەسەلات • دووەم ــ کێشی چەند ئایەت لە قورئاندا کـە باسی قبوولکردنی ئەو چوارچێوە دەکا • لە بەرپەرچدانەوەی رەخنەی قـەومی ئیبراهیم (د•خ) دەلێ ئایا ئەوان رەحمەتی خوای تۆ دابـەش دەکەن ؟! ( واتا ئەوان نایکەن ) • ئێمـە لە ژیانی ئەم جیهانەدا ئامرازی ژیانی ئەوانمـان لەنێواندا ، دابەش کردووەو بیروڕای ئەوەمـان پەوان نەداوەو لـە ڕزقو داهاتی بەرهەمهێناندا ، چەند پلەمان داناوە بە هێندێک لەوبارەوە بە چـەند پلە زیاترمان داوە تا هێندێکیان لە کاروباری ئەوانی تر کەڵک وەربگرنو لـە گەیشتن بەنیازەکانیاندا ، لە تێکۆشانیان بەهـرە بـگرن ( تا بەمجۆرە هەموویان لـە یەکتر کەڵک وەربگرنو جیهـــان رێکوپێک بێ )و رەحمـەتی خوای تو واتا بەهەشتو پەیامبەری بۆ تۆ لەو ماڵەی ئەوان کۆیان کردۆتەوە باشترە ٥ ( أهم يقسمون رحمت ربك نحن قسمنا بينهم معيشتهم في الحياة الدنيا ورفعنا بعضهم فوق بعض درجات ليتخذ بعضهم بعضا سخريا ورحمة ربك خير مما تجمعون : زخـــرف (٣٢) ٥ دیارە لـە قورئاندا ، ئایەتی جۆراوجۆر هـەیە • ئایەت سەبارەت بـە خولقاندنو سروشت ، سەبارەت بە بەسەرهاتی پێشینیان ، قسە ، بڕیاراتی هەڵوەشاوەو ئایەتی هەڵوەشێنەر ، پەند ، واتا روون ، ئایاتی وێچـــوو ، واتا نارۆونو هیتر هەنو دۆزینەوەی بڕیارو دانانی چوارچێوە بـە لـــە بەرچاوگرتنی دەقو سەرچاوەکانیتر ، دژوارەو لێرەدا ، پتر کردەوەی

موسوڵمانەکان ، بەڵگەی نەیاران‌و ڕەخنەگرانە .

من نامهەوێ خـۆم تووشی ئەو کێشمە بکەم‌و تەنیا دەڵێم دەقی‌وا سەبارەت بە چوارچێوەی باری ئابووری ، هەن کە دەکرێ بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونە ، کەڵکیان لێ وەربگیردرێ . بۆنموونە دەڵێ : ئەو کەسەی هێـزو توانا بۆ بەرهەم‌هێنان ناخاتەکار ، مافی کـەڵك وەرگرتنی لە بەرهەمەکان نی‌یەو پاداشتی تێکۆشانی تێکۆشەران ، پاش ئەنجامدانی کارەکەیان ، دەدرێ : « وان لیس للانسان الا ماسعی وان سعیه سـوف یری : ٥٣ » (٤٠ ـ ٣٩) . هەروەها دەقێکی‌تر ئـەوە ئەگەیێنێ کـە حەقدەستی هەرکەسە نێر یان مێ ، دەبێ بە ئەندازەی هێزو کارەکـەی بەتەواوی بدرێ‌و چەوسانەوەو زێدەبایی ،تێدانەبێ . « لکل درجات ممـا عملوا ولیوفیهم اعمالهم وهم لا یظلمون: ٤٦ » (١٩) . کە بەداخـەوە زۆربەی ڕاڤەکەرانی قورئان‌و فەقێیەکان ، ئەو کـارەیان کردووەتە بەندەیی‌و تاوان‌و پاداشتەکەشیان کردووەتە بەهەشت‌و سزاو پلەکانی[1].

سەبارەت بە ڕەواو ناڕەوابوونی کردەوەو خواردنەوەو خواردن یان حەڵاڵ‌و حەرامی ئیسلامی ، ئەوەندە دەڵێین کە ئایین هەموو ئەو شتانەی پێی‌وایە بۆ شەرەف‌و هۆش‌و لەش‌و لەش‌ساغی‌و کۆمەڵ‌و کەسایەتی ، زیانییان هـەیە ، حەرامی کردووەو بەپێچەوانەکەی ، حەڵاڵە . گومانی تێدا نی‌یە ئەو پێوانانە لە هێندیك لە فەرهەنگەکاندا ، پێکەوە جیـاوازیان هەیەو هێندێك داب‌و نەریت‌و هەڵس‌وکەوت لە کۆمەڵگای ئێمـەدا ، ناڕەواو هۆی ڕیسوایین‌و لە کۆمەڵگایەکی‌تردا ، وا نین .

بێجگە لەوانە هەروەك لە بەشی خۆرافات‌و پڕوپووچدا باسمان کرد،

(١) تفسیر القرآن الکریم ، علامه السید عبدالله شبر ، بیروت ١٩٧٧ لاپەڕی ٤٧٢ .

لایەنی نەپێکی هۆش هەروەك لە ناسینی دیاردەکاندا دەبیندرێو بووەتە هۆی کۆلێك بیروبۆچوونی پروپووچ ، لە شیکردنەوەی دەقەکانی ئایینیشدا ، بەرچاوەو شتیوا بەو ئایینەوە لکاوەو ئەوەندە خراوە خاوەن ئایین بەلگەو هێزی پێ نەماوە !

بۆنموونە مەلا عبدالکریمی مدرس کە پێموایە لە مەلای کورداندا کەس لەو زیاتر لە زانیاری‌یەکانی ئیسلام ، نازانێ ، لە باسی خولقاندنی ئادەمدا ، نووسیویەتی • جبەرەئیل هاتە زەوی هێندێك خاکی هەلگرتو بردی بۆ بەهەشتو لە ئاوی جۆگەی «تسنیم» تێکەلی کردو شێلای و کردیە مرۆڤ • پاشان لەوە سەیرتر دەلێ پاش ئەوە خوا ویستی هاورێیەکی بۆ بخولقێنێ ، لە کاتی خەوتندا ، پراسوویەکی لای چەپی دەرهێنا ، ژنێکی (حوا)ی لێ دروستکرد(١) •

ئەم زانا پایەبەرزە ئەوەندە زەحمەتی بە خۆی نەداوەو خۆی شەکەت نەکردووە کە سەرنجی قورئان بداو دەیان ئایەت بدۆزێتەوە کە شێوەی خولقاندنی مرۆڤ وا نی‌یە • هەروەها دەق هەیە بەئاشکرا دەلی خوا ئادەمی لە یەك نەفس خولقاندووەو ژنەکەشی هەر لە ئەو نەفسە خولقاندووە دەقیش هەیە تەنانەت پەیامبەریش (د•خ) نەیزانیوە نەفس چی‌بەو خوا پێیگوتووە لە رۆح یان نەفس پرسیارت لێدەکەن ، بلێ پێوەندی بە ئەمری خواوە هەیە • ئینجا نازانم چۆن مامۆستا لەو زاناترەو نەفسی بە پراسووی چەپ واتا لێکداوەتەوە ؟! « ویسئلونك عن الروح قل الروح من امر ربي وما اوتيتم من العلم الا قليلا : ١٧ »(٨٥) •

سەبارەت بەوە کە نێرو مێی مرۆڤ لە یەك نەفس خولقاون و باسی

---

(١) سەرچاوەی ئایین ، مەلا عبدالکریم مدرس ، بەغدا ١٩٨٣ لاپەری ٧٦ ــ ٧٥ •

پراسووی چەپنی‌یە : « یا ایها الناس اتقوا ربکم الذی خلقکم من نفس واحد وخلق منها زوجها وبث منهما رجالا ونساء : ٤ (١) سەبارەت بەو مادە کە مرۆفی لێخوڵقاوە دەڵێ : «خلق الانسان من صلصال کالفخار : ٥٥ »(١٥) • ئەم پلەیە پلەی دوایی دروستکردن یان خوڵقاندنی مرۆڤە : مرۆڤم لەو خاکەدا بێژراوو پێکەیشتووە کە وەك سواڵەت کاسەکەلی سوورەوکراو کە کاتێك دەستی لێدەدەی ، دەنگی لێوە دێ خوڵقاندووە • پلەکانی پێش ئەمە بریتین لە خاك یان «تراب» «طین لازب» بەشی تێکەڵاو بە ئاوکە باری چەسپاوی پەیداەکاو حمأ مەسنوون‌و ئەو گڵەی ئاوی کەم دەبێتەوەو بۆی لێ دێ‌و پلەی چوارەم وەك گۆزەویشك دەبێتەوەو بە دەست‌لێدان دەنگی لێوە دێ کە ئەو سەلسالەیە (١) ولقد خلقنا الانسان من سلالة من طین : ٢٣ (١٤) •

اکفرت بالذی خلقك من تراب ثم من نطفة ثم سویك رجلا : ١٨(٣٧) کە پاش ئەم پلە ، پلەکانی وەسەرگەڕ کەوتووی پەروەردەبوونی نوتفە لە سکی دایك هەتا گەیشتن بە قاپۆری مرۆڤ ، باس‌دەکا •

ثم خلقنا النطفة علقة فخلقنا العلقة مضغة فخلقنا المضغة عظاما فکسون العظام لحما ، ثم أنشأناه خلقا آخر فتبارك الله أحسن الخالقین:٢٣ (١٤) • نوتفەمان کرد بەلە تکە خوێن ، پارە خوێنمان کردە لەتکە گۆشت‌و ئەمیشمان کردە ئێسك‌و گۆشتمان لەبەر ئەو ئێسکە کرد ، پاشان وەك خوڵقاوێکی‌تر دامان‌ناو خوا باشترین خوڵقێنەرە •

نموونەی‌تری هەر ئەو مامۆستا خەڵکی هانداوە کە نامەی لەدایك‌بوون‌و نامەی سەرکەوتنی پەیامبەر (د•خ) بخوێنەوەو لەو

---

(١) فرهنگ لغات قرآن ، پرفسۆر عباس مهرین شوشتری ، تاران لاپەڕی ٣٢٢ •

پێوەندی‌یەدا خواردن دروست‌بکەن • خواردنەکە گرنگترین خـــەیراتەو خوێندنەوەی مەولوودنامەو میعراج‌نامەش لە شتە گرنـــگەکانی ئایینـــە[1] دیارە ناسینی پەیامبـــەر ( د•خ )و وتارو کردەوەکانی ، ئەرکی هـــەر موسوڵمانێکەو پێویستە بزانێ چ‌کەسێك ڕێبەری ئایینی‌یەتی • بەڵام بابزانین دەقی مەولوونامەو میعراج‌نامەکان لە چوارچێوەی دەقەکانی ئایین‌دا ، ڕێی لەسەر دادەگیردرێ ؟ بە دەق سەفەری پەیامبـــەر لـــە مەکەوە تا ئورشەلیم سەلمێندراوەو ئەوانی‌تری هەر باســـەو ئاکامی خوشەویستی • درۆەکانی نێو مەولوودنامە ، بە هیچ کـــەلامو کتێوێك ناسەلمێنرێن • تاقی کیســـرا شـــەق دەبێو بەحری ساوە بێ‌ئاو ! ئەو خواردنە بۆ کی سازدەکرێ ؟ داب‌ونەریتی کوردەواری وایە خـــاوەن سامانەکان بۆ خۆهەڵکێشان ، خزمو دەوڵەمەندو مەلاو مشەخۆر ، بانگێشتن دەکـــەنو پوڵو پارەیەکی زۆر خـــەرج دەکـــەنو لـــە هەمان‌کات‌دا زۆر لەوانە زەکاتیان لەســـەرەو لـــە دەوروبەریان دەیان هـــەتیوو دەسکورتو هەڵقرچاو هـــەیە کـــە بۆ جلی خـــەوو نانی شـــەو ، نیازیان هەیە کـــەچی قەت ئاوڕیان لێ نادەنەوە ! بێجگە لـــەوە زۆر ئەرکی کۆمەڵایەتی‌تر هـــەن خراونەتە سەرشانی ئـــەو ساماندارانە کـــە بەهوێ چەوسانەوەی هـــەر ئەو دڵ هەڵقرچاوانە ئـــەو سامانەیان پێکەوە ناوە ، ئەنجامیان نادەن‌وو ئەرکی خۆیان بەرێوەنابەن • بەڵام بەم پێدا هەڵـــگوتنانەی مامۆستا ، هەم خەڵك فریو دەدەن‌و هـــەم سەرنجی سەربارەکانی کۆمەڵ کـــە پڕوپا گەندەچی هەرێمەکانن ، بۆ لای خۆیان رادەکێشن ! تەپڵی خۆشناوی کابرای ناندەر وەلەرزین دەکەوێو کوچەو کۆڵانان پڕ دەبێ لە پەسنی کابرا !

بێجـــگە لـــەو سیغە یان ژن مارەکردنی شیعەو حەڵاڵو ڕەواکردنی

(1) نووری ئیسلام ، پێشوو ، لاپەڕی ١٤٢ ـ ١٣٦ •

«تحليل» کـه لـه زاراوەی کوردەواری‌دا ، ناوێـکی ناحەزی لەسەرە ، لەباری ئاکـــارو رەوشتەوە کـــەسایەتی موسوڵمان‌و ئیعتیباری ئیســلام کزدەکەنەوە • یەکەمیان : ژن پاش کۆتایی پێهاتنی ماوەی تام‌لێ‌چێژتنەکەی، هیچ مافێـکی بەســەر مێردەوە ! نامێنێ‌و منالێشی میرات لەو بەناو باوکە ، وەرناگرێ • هەرچـەند پاراستنی کـات یان عیـدە مەرجـە ، بەڵام بـە کردەوە زۆر لـەو ژنانەی گەرمکەری ئەو بازارەن ، ئەو چوارچێـــوە ناپارێزن • مـن بە چـاوی خۆم دیومە لـە ماوەی دوو سعات‌دا ، لــــە بارەگای ئیمام‌ڕەزا لـە مەشهەد ئاخوندێك ژنێکی لە دوو پیاو بـەو شێوە مارەکردووە کـە هەرکامە سعاتێك لە گەڵی بوون‌و ئەوە سەرچاوەی ژیانی جـەنابی ئاخوند بووە کە لە هەرکامەیان بەجیاواز مارەبڕانەی بۆ خـۆی وەرگرتووە !

ئەم مارەکردنە وەك زۆر لـەو داب‌ونەریتانەی ئیسلام لـە دەورەی نەزانینی پێش خـۆی (جـاهلیت) ، یـەکێك لەوانەیەو بریتی‌یە لـــە : مارەکردنێك کە لـەوا تەنیا مارەیی یان مافی تام‌چێژتن‌و نکوولێ نەکردنی ژنــە ، مەرجن کــە ماوەکەشی دیاری دەکرێ • ئەو پەیمـانە بەکۆتایی پێهاتنی ماوەکە هەڵدەوشێتەوە • وەك وتمـان ئەگــەر لــەو مـاوەش‌دا یەکێکیان بمرن ، ئەوی‌تر میراتی لێ وەرناگرێ ! مەگــەر ئەوە لەپێش‌دا ، بەشێك بێ لـە مەرجەکان • بەڵام منالْ‌و پێوەندی بنەماڵەیی‌و کـــات ، دەسەلمێنێ •

پەیامبەر (د•خ) لـە کاتی پێویست‌دا ، بە ڕەوای داناوەو پاشـــان بەپێی ڕای زانایانی ئیسلامی ( بەشی‌سوننی) هەڵیوەشاندووەتەوە شـیعەی ئیمـامی ئێستاش بە ڕەوای دەزانێ • کوڕی عەبباس پێی‌وایە ڕەوابوون ، پێوەندی بە پێویست بوونەوە هەیە • واتا ئەگەر مەرجەکە هـــەبوو ،

ڕەوایەو ئەگـــەر نەبوو ناڕەوایە(١) •

لـە مەسەلەی ژنوژنخوازیدا ، ئەمانە هی عەرەبی پێش ئیسلامن :
١ـ هەوساری تەلاق تەنیا بە پیاوە• ٢ـ باوی سێ‌تەلاقە کە بەشێوەی جیا پیـاو لەژێر رکێفیدا بوویان بە شێوەی کۆن • وەك زۆر لـــە کوردان ئەوانیش دەیانو سەدان جـار تەلاقیان دەداو ژنەیان پاش تێیەرکردنی کـات ، دەهێنایەوە • ٣ ـ تەحلیل یان حـەلاڵکردن • پاش ئـەوە سێ تەلاق تەواو دەبوو ، لـە پیاوێـکی‌تر مارەیان دەکردو وەك مەرج بۆیان دادەنا کـە پاش تاموچێژ لێ وەرگرتن ، تەلاقی بداو مێردی پێشـــووی مارەی دەکردەوە • وەك وتم ئەوە ئێستاش باوە ! مامۆستا دەڵێ پەیامبەر (د•خ) هەڵیوەشاندەوەو لەعنـەتی لە هەردووك مێرد کرد(٢) • بـــەلام مەلای کورد بە دەست‌وبرد ،، شەریعەتەو رای‌دەماڵێ ! دیارە زۆر لـە پیـاوە گەورەکـانی ئیسلام ئەمـــەیان راگەیاندووە • ٤ ـ خولع یا ن تالوقکردن لەسەر بەرعۆدەبوونی ژن بۆ پیاو بە ماڵو سامانێك یان چـاو لـە مافەکانی باوانیو مارەیی‌یەکـــەی بپۆشێ تا تەلاقی بداو ئازادی پێشـــووی وەدەست بێنێتەوە• ٥ ـ ئیـلا بریتی‌یە لـەوە کـە پیـاو سوێند بخـوا ماوەی ساڵێك یان دوو ساڵ نزیـکی بە ژنەکەی نەکـا • کە جاری‌وایە سـەری ئەکێشا لای جیایی‌یەوەو لای ئەو عەرەبانە بـە تەلاق دادەندرا • ٦ ـ زیهار بریتی‌یە لـەوە مێرد ژنەکـەی بە یەکێك لـە خوشکەکان یان دایكو پووری ئەشوبهێنێ • ئەمـە تەلاقو جیـایی بوو • لە ئیسلامدا ، بە ئازادکردنی کۆیلەیەك دەیتوانی بیبـــاتەوە : « والذين يظاهرون من نسائهم ثم يعودون لما قالوا ، فتحرير رقبة مـــن

---

(١) مەودای دەسەلاتی ئیرادە لە تەلاقدا ، جلدی ١ لاپەڕی ٩٧ـ٩٦ •
(٢) هەر ئەم سەرچاوە ، لاپەڕی ١٠٢ •

قبل ان يتماسا (١) ••• ٧ ـ ژنی کافری جەنگجۆکــە بەدیل گیــرا ، دەس بەجــێ دەبێتــە ژنی هەڵمەتبەر یان شەڕکــەری موسوڵمــانو بەدیلبوونی ، پێوەندی هاوسەریی ، پێشووی هەڵدەوشێتەوەو پێیدەڵێن « سەبیی » ٨٠ ـ هەرچەند هەوساری تەڵاق لای ەوان لەژێر رکێفی پیاودا بوو ، بەڵام ئەگــەر لە کاتی مارەکردندا ، ئەو مافــە بدرابایە بە ژن ، ژن پاشان دەیتوانی سەربەخۆ ، پەیمانەکە هەڵوەشێنێتەوە(٢) •

بەڵــگەی موسوڵمانەکان یان فرتوفێڵی بەناو زانایانی ئیسلام بۆ بەرەوادانانی تەحلیل ئەم ئایەتەیە : « فان طلقها فلا تحل له من بعد حتى تنكح زوجا غيره »(٣) : ئەگەر دووتەڵاقەکەی تەواو بوو ، جاری سێهەم ، پەیمانی هەڵوەشاندەوە ، ئیتر تا مێردێکیتر نەکــا ناتوانێ مارەی بکاتەوەو بۆی ڕەوانیيە • مــەلا هاتوون لەباتی ئەوە ژن بە شێوەی سروشتیو بە باوی کۆمەڵایەتی مێرد بــکاو ئەگەر لەو تەڵاقی وەرگرت یان مێردەکەی مرد ، بە رەزامەندی هەردووك لایەن لــە کابرای پێشووی مارە بکاتەوە ، بەوجۆرە کــە وتمان کوێرێ ، گێلی یان لێقەوماوو تامــەزۆریەکی بــۆ پەیدادەکاو بەشەرتی چەقۆ ، شووتی بێ دەفرۆشی ! جاریوایە کـــابرا تەڵاقی نــادا چوونکەمەرجی ناوئاخنی پەیمانبەستن ، بێهودەو بێنرخە ، کوێرە بەو هاسانیيە ، دەبێتە خاوەنشۆخو شەنگێك !

ئــــەم بریاراتە کــە لە سەر چارەنووسی ژن دەدرێ ، نیشانەی بایەخنەدان بە ژیانو چارەنووسی ژنەو ئەوە دەگەێنێ کــە دابو نــەریتی کۆمــەڵی پێش ئیسلام بەهۆی ئایینی ئیسلامەوە ، هەتا ئێستا بە تەمــەنی خۆی درێژەی داوەو لــە پەنای ئیسلامیشدا هیچ هۆو هەلو مــەرجێك

---

(١) سوورەی موجادەلە ٤ـ١ •

(٢) مەودای دەسەڵاتی ئیرادە لە تەڵاقدا ، پێشوو ، لاپەری ١٠٥ـ٩٨ •

(٣) بەقەرە ٢٣٠ •

نەیتوانیوە ، دەستیان بۆ درێش بکا • ئێستا کە من باسی خراپی مارەکردنی کـاتیو تەحلیل دەکەم ، ئامادەی هێرشی موسوڵمانی نەزانی نەزانو یست دەبمو مـل ئەستوورکردنەکان وەئەستۆئەگرم • هیـــوادارم گۆیاڵی تێگەیشتن وە سەرم بکەوێ نەك دەمارگیریو تیر لە تاریکی هاویشتن !

دیارە شیعە بێجگە لـــە کەڵکوەرگرتن لـە باوی دەورەی پێش ئیسلامی عـەرەب بۆ مارەبرینی کاتی لە چەمکی دەقی قورئان ، ئـەو کردەوەی هەڵـکراندووە : پاش ئەوە دەڵێ دایكو خوشكو هتـــدتان حەرامەو ئەوکات بەو بەشـە کە سەبیی واتا دیلی ناوچەی کوفر هەرچەند خاوەنمێردیش بێ حەلالە بۆتان ، هەروەها کەنیزەك بێجگە ئەوانەی بە ناڕەوامان دانا ، ئەوانیتر رەوایە بۆتان وەدەستی بخـــەنو لەوبارەدا ، سامان بدەن وەك مارەیی یان نرخ ! پاكداوێن بن ، نەك بەدکارو زیناکار • ئەگـەر لـە ژنێك لـە ژنان چێـژتان وەرگرت ، پاداشت یـان پارەی دیاریکراویان پێ بدەنو مارەیی یەکەیان پێبدەن • ئەوە دانراوی خوایە، هیچ تاوانێکتان نییە ئەگەر پاش ئەو دیاریکراوە لە یەکتر رازی بوون • خوا زاناو خاوەن فەلسەفەیە :

( والمحصنات من النساء الا ما ملكت ايمانكم كتب الله عليكم واحل لكم ما وراء ذلـكم أن تبتغوا باموالكم محصنين غير مسافحين فما أستمتعتم به منهن فئاتوهن أجورهن فريضة ولا جناح عليكم فيما تراضيتم به مـن بعد الفريضة • أن الله كان عليما حكيما )(٢) •

دیارە زۆر لە یاسا جۆراو جۆرەکانی ئیسلام کە لە کتێبە فیقهیەکاندا هـاتوونو پێوەندییان بە کاروباری کۆمەڵایەتییەوە هەیە ، نە لێـرەدا

(١) تفسير القرآن الكريم شبر پێشوو ١١٢ ــ ١١١ •
(٢) نيسا ٢٤ •

دەرەتانی ئەوەمان هەیە ، بیانخەینــە بەر لێکۆڵینەوەو نە بـــە پێویستی دەزانین • خوازیارانی ئەو باســانە سەرنجی فلسفة الشریعــەی مامۆستا زەڵمی بدەن • کتێبی فیقهیو یاسایی زۆرنو کێشەی ڕێبازەکان لەســەر بابەتی جۆراوجۆرەو کە سەرنجی ئەم ململانێیە دەدەین لەوە دەگەین کــە ۷۳ ڕێبازی سەرهەڵداو لەســەر ئیسلامو یەکنەگرتوویان لەسەر زۆر لە بڕیارەکـــانی ئیسلام ، زیانی زۆری بە خەڵکی موسوڵمان کەیاندووەو کاتو سەعاتی زۆر بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە ، تەرخـان کراوەو بێجگە لــە چــەند بەرەکی ئاکامی نەبووە ! لەجیاتی قۆڵ هەڵماڵین بۆ دروستکردنی بنکەو بنیاتی پڕسوودی کۆمــەڵایەتیو چــارەسەر کردنی ســەدان گیروگرفتی ئابووری ، ڕامیاری ، کۆمـــەڵایەتیو فەرهەنــگی ، دژی یەکتر راوەستاونو بەگژیەکــدا چوونو بوونــەتە کۆپاڵی دەستی نەیارانو کۆمەڵەکەمانیان تووشی شپرزەیی کردووە !

## بنکەو بنیاتی ئایینی :

سەرەتاییترین کۆمەڵ بەهۆی ئەو پێوەندییانەوە کە ئەندامــەکانی پێــکەوە هەیانە بنــکەو بنیاتی شیاوی جێبەجێکەری **ئەو کۆمەڵە** ، نیازی هاوبەشو هاریکاری ئەندامان ، ئەرکی تایبــەتی ئەخەنە سەرشانی بنکە کۆمەڵایەتییەکان • ئیسلام وەك ئایینو ڕێبازێك کە خاوەنی زنجیرەیەکە **لە** بیرو بڕواو کردەوەو نیــازی بە پێکهێنانی بنکەو بنیات پەیدا کردووەو بێجگە لــە ماڵی خوا لە مەکە ، یەکەم بنــکەی دانــراو دروست کــردنی مزگەوتێك بوو ، لە شاری مەدینە •

بناخەی مزگەوت بۆ کۆبوونەوەی گشتی ، ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی ئایینــی ، ڕێکخستنی هێــزی پارێزەرو شـــەڕکەر ، دابەش کردنی

دەسکەوتەکان ، پلاندانان بۆ کـــاروباری بازرگانی پەنادان بە ئاوارەو غەریبو موسافیرو بێدەرەتانو چارەسەر کردنی گیروگرفتی دەسکورتو هەژارەکان ، بەرەبەرە لـە سەرانسەری هەرێمـە ئیسلامی یەکـان‌دا ، دانرا • هـەر لـە سـەرەتاوە مزگەوت بوو بە سەرپەنای هـــەمیشەیی دەسکورتەکـانو تەنانەت لـە مزگـەوتی مەدینەدا ، ئەوەندە میـــوانی لەوچەشنە زۆر بوون کـە لەنێو مزگەوت‌دا ، سەکۆیەکیان دروست کردو دانیشتوانی مزگەوتیان بە اصحاب صفه یارانی سەکۆ » نێودێر ، کرد •

بەرەبەرە ساماندارەکان هاندران ، مڵكو زەویو سامانیان بۆ خەرجی مزگەوت تەرخان کردو سەرۆکە ئایینی‌یەکان دەستیان گرت بەسەریانداو هەم خۆیان بەسەریانەوە بە مشەخۆری ژیانو هەم نانێکیشیان بۆ میوانو هەژارو دەسکورتەکان ، چەورکرد •

پاش بەربڵاوکردنی قـــەڵەمڕەوی حکوومـــەتە ئیسلامی‌یەکانو پێویستبوونی فێرکردنی زانیاری‌یە ئیسلامی‌یەکـــان ، لـــە‌نەنیشت مزگەوتەکان ، حوجرەی خوێندکارو فەقێ دروست کرا • دابین کردنی خەرجی ئەم قوتابیانە تائێستا بە دوو شێوەبووە : یەکەم لە رێگای ئـــەو مـــاڵو سامانەوە کـە دراوە بە بنـکە ئایینی‌یەکانو دووەم دەسگۆرۆیی‌و یارمـــەتی خێرومەندان •

ئەو شێوە بنکەو بنیاتانە لـە ئایینەکانی‌تریش‌دا هەن • بۆنموونە لە مەسیحی‌یەت‌دا ، پاپو سەرۆکە ڕۆحانی‌یەکانی‌تر ، بێجگە لە سەرپەرشتی کلیساو دانیشتوانی‌و دیاری‌کردنی سنوورو سەراوەردی ڕەفتارو ئاکاری خەڵك ، بەپێی ئایین ، دەیان بنکەی پەروەردەیی‌و بەخێوکردنی منـــاڵو بێ‌سەرپەرستانو تەنانەت بنـکەی لـەش‌ساغی‌و وەرزشی‌و هـی‌تریان ، دامەزراندو زۆر لـە ئەرکەکانی بنەماڵەکانیان خستە سەرشانی خۆیان •

هەرچەند مزگەوت نوێتروکۆمەڵی لایەنگری مزگەوت بەپێی
پەرەوپێش چوونی کۆمەڵ دەبوو پێشکەوتووتر بێ ، بەڵام تائێستا لە
سەرانسەری جیهانی ئیسلامدا ، ئەو شێوە بنکانە بەرچاو ناکەون ! دیارە
ی ئەوان پاش پەرەسەندنی زانستو بنکە کۆمەڵایەتی یەکان گەیشتە ئەو
ڕادە • ئەرکی حوجرەی فەقێیان فێرکردنی زمانی عەرەبیو یاسا
ئیسلامی یەکان (فیقە)و خوێندنی هێندێك بابەت وەك کەلامی ئیسلامی یان
فەلسەفەی بڕیارەکانو بەڵگە هێنانەوەو سەلماندنی بوونی خواو
پەیامبەریو ڕۆژی دواییو هەی‌تر، ژێر بێژی ، شێوەی باسکردنو
شی‌کردنەوە ، بناخەکانی فیقە ، ڕاڤەی قورئان کە لە کوردستاندا کەمتر
بایەخی پێ‌دەدەنو هێندێك باسی‌تر ، کە لەم مەڵبەندەدا بێ‌ئەوەی باسی
نوێ خۆی تێخزاندبێ ، سەدان ساڵە پێیاندا دەچنەوە ! لە گوندەکان
مزگەوت وەك هەمیشە پەناگای لێقەوماوانەو جێ خەوی بێباوانان •
ئێستا ڕێورەسمی سەرەخۆشیو قورئان خوێندن بەسەر مردوانەوە لە
مزگەوتدا ، بەڕێوەدەچنو جێی گاڵتەوگەپی گوندی‌یە بێکارەکانە کە
زستان پشتی پڕ لە ئێشی بەرلاسامەو سەرماو سۆڵیان ، لە کورەی
مزگەوت توند دەکەنو باسی کڕینو فرۆشتنو گیروگرفتی ژیانی پڕ لە
مەینەتیان گەرمدەکەنو کاتو سات تێپەڕ دەکەن •

لە هێندێك جێگا مەلا کوێرەی بێ‌دەرەتانی قورئانخوێن لە
حوجرەی مزگەوتەکان،جێگیر دەبنو ژیانی خۆیان تێپەڕ دەکەن•ئەمانە
بۆ قورئان خوێندن لەسەر گۆڕی مردوو ، بانگ‌گوتنو سەلاکردن ،
تەرخان دەکرێنو جاری‌وایە پف‌دەکەن بە بلندگۆدا هەتا چەند
کیلۆمیتر خەوو ئاسایش لە خەڵك حەرام دەکەنو کەس ناشوێرێ
فزەی لێوەبێ ! هەر بەحاستەمو دووبەلا گوتت ئەوە لە ئاییندا ڕەوا

نی‌یه‌و ته‌نانه‌ت ئه‌گـــه‌ر که‌سێك خه‌وتبوو نابێ به‌ ده‌نگی به‌رز قورئانیش بخوێندرێ ، ته‌پلی به‌دناوی‌و له‌ ئایین ده‌رچوونت بۆ لێده‌ده‌ن‌و ئه‌گـه‌ر تووشی ده‌زدی سه‌لمان ڕوشدیت نه‌که‌ن ، ئه‌تکه‌نه‌ کلاوی شێت !

لـــه‌ ده‌وروبه‌ری مزگه‌وته‌کان یان سه‌رڕێـگای گشتی شـــارو گونده‌کان یان لـه‌ شاره‌کان له‌سه‌ر گۆڕی پیاوچاکان ، گومبه‌زو باره‌گا دروست کراوه‌و خزمه‌تکارو به‌رپرسیاری لێ دانراوه‌ ، خه‌ڵك ڕوویـان تێکردوون‌و داموده‌زگای ســه‌یرو سه‌مه‌ره‌یان له‌ ده‌وروبه‌ری دروسـت کردووه‌ . لـــه‌ چه‌رخه‌کانی دوایی‌دا پاش سه‌رهه‌ڵدانی سۆفیـزم وه‌ك ڕێبازێـکی ڕۆژهه‌ڵاتی سه‌رنجـــده‌ری ده‌روون ، ئه‌م گومبه‌زانه‌ زیاتر بوون . ئـه‌وه‌ی لێـره‌دا ، شایانی باس بێ ئه‌وه‌یه‌ کـــه‌ لـــه‌ ڕێبازی تاقانه‌په‌رستی‌دا ، شێوه‌ی ڕێزگرتن له‌ مردووه‌کانی ژێر گومبه‌زه‌کان لای خه‌ڵـکی موسوڵمان چۆنه‌و ده‌بێ له‌ڕاستی‌دا چۆن بێ ؟

وه‌ك ده‌زانن مرۆڤی بێده‌سه‌ڵات له‌کاتی نه‌گه‌یشتن به‌ ئامانجه‌کانی‌دا، له‌به‌رئه‌وه‌ فێرنه‌کراوه‌ ، خۆی بۆ گه‌یشتن به‌وان هـــه‌وڵبدا ، په‌نا بۆ یارمـه‌تی بوونه‌وه‌ر یان شتێك ده‌با که‌ پێی‌وایه‌ ئه‌گه‌ر سه‌رنجی ڕابکێشی‌و له‌به‌ری بپاڕێته‌وه‌ ، به‌ ئاواته‌کانی ده‌گا . چوونـکه‌ ده‌سه‌ڵاتی ئه‌و زۆره‌و به‌ چاوتورووکانێك ئه‌گه‌ر پێی خۆش‌بێ ، جێبه‌جێ ده‌کا . ئه‌گه‌ر لـه‌م ڕوانـگه‌وه‌ ، بــــه‌ ئاوات نه‌گاو هۆی چاره‌ره‌شی‌یه‌که‌شی بزانێ‌و دوژمنی بناسێ ، دوعـای شه‌ڕی ده‌کاو لـه‌ دواین پله‌دا ، ئه‌یداته‌ به‌ر شـــاڵاوی جنێو ! به‌پێی ڕێبـازی تاقانه‌په‌رستی ئه‌و داخوازانه‌ی خه‌ڵك له‌ پیاوچاکی مردوو زینـدووی ده‌که‌ن، نادروسته‌و له‌و چوارچێوه‌دا، هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی به‌یمـانه‌ . ته‌نیـا داوای یارمه‌تی لـه‌ خوا ڕه‌وایه‌و به‌نده‌گی ته‌نیـــا بۆ ئه‌وه‌و توانایی ئه‌و سنووری نی‌یه‌و به‌مه‌یلی خۆی ده‌به‌خشێ‌و سزاده‌داو

به هەرکەس پێی خۆش بێ ، ماڵو سامان دەداو لە هەرکەس پێخۆش بێ وەری دەگرێتەوە ، نابێ لە بەندەگیو پەسنەکانی تایبەت بەودا ، هاوشانو هاوتواناو هاوبەشی بۆ دابندرێ • کەچی موسوڵمانی راستی نەبێکی لاسایی کەرەوەی رەفتار کوێرکوێرانەی نادروست تێگەیاندراو ، پشووی لێ هەڵدەکێشێو مرۆڤ دەکاتە خواو پەنا بۆ کاشیو بەردو دارو پەردەو دەبا !! هەر پێتەوت ئەو رەفتارو کرداروو تارە ، دوور لەو رێبازەیە ، چەپاوچەپ تێگەیشتوویو بەراوەژوو پێگەیشتووی ، کونی دوعات ونکردووەو پاشوپێشت لێگۆراوە ، رادە پەڕێو فرێتدەداو پشت تێ هەڵدەکا • « وان جاهداك على ان تشرك بي ما ليس لك به علم، فلا تطعهما وصاحبهما في الدنيا معروفا •• لوقمان ١٥ » •

ئەگەر دایكو باوكت تێكۆشان هاوشانو هاوبەش بۆ من دابنێن ئەویش شتێكی وەك بوت كە هیچ نییەو زانیارییەكت لەسەر نییە ، ملكەچیان مەبە ، بەڵام لەم جیهانەدا بەخێویان بكەو بەباشی رەفتاریان لەگەڵ بكە • ئەمە كاتێكە كە خۆشەویسترین كەسانی مرۆڤ هانی بدەن بۆ لای ئەو گومەزو بوتپەرستییە ، نابێ بە قسەیان بكا كەچی بێ ئەو دنەدانیشە ، بەپێی نەزانیو بێتوانایی، خۆی ، ملی رێگای گۆڕپەرستی دەگرێتە پێش !

هۆی ئەوە چییە ؟ كاتێك لە خۆی دەپرسی بۆ وادەكەی ؟ دەڵێ ئەوانە پاكنو گەورەنو لێیان دەپاڕێمەوە لای خوا كارێكم بۆ بكەن • پێم خۆشە ئەوە وەبیر بێنمەوە كە كاتێك لە بوتپەرستەكانی دەورەی رێكوپێككردنی قورئان ، ئەو پرسیارانەیان دەكردو دەیانگوت ئەو بوتانە خواتانن ؟ لە وەڵامدا ، دەیانگوت ئەوانە لای خودا بۆ ئێمە دەپاڕێنەوە : « ویعبدون من دون الله مالا یضرهم ولا ینفعهم ویقولون

هؤلاء شفعاؤنا عند الله • قل أتنبئون الله بما لا يعلم في السموات ولا في الارض ، سبحانه وتعالى عما يشركون »(١) • خوا به پامبه‌ر له وه‌ڵامه‌که‌یاندا ده‌ڵێ ، پێی‌یان بڵێ ئایا شتێك به خودا ده‌ڵێن که له ئاسمانو زه‌ویندا پێی‌نه‌زانیوه ؟! واتا ڕاست نی‌یه‌و خودا له په‌سندکردنی شه‌ریك‌و هاوبه‌ش‌و هاوڕێ‌و تکاکار ، دووره‌و پاکه له‌م باسه که ئه‌مانه ده‌ری‌ئه‌بڕن‌و بڕوای پێ‌ده‌که‌ن(٢) • له‌م‌بێیه‌دا ئایه‌تی زۆر بۆ دوورخستنه له داروبه‌ردو مردووبه‌رستی هاتووه وه‌ك : قل أرئيتم ان أتيكم عذاب الله أو أتيكم الساعة ، اغير الله تدعون ان كنتم صادقين ، بل اياه تدعون فيكشف ما تدعون اليه ان شاء وتنسون ما تشركون ، ٤٠و٤١ الانعام قل انما هو أله واحد وأنني بريء مما تشركون • ئه‌م سووره‌ته ١٩ قل يا أهل الكتاب تعالوا الى كلمة سواء بيننا وبينكم ، ألا نعبد الا الله ولا نشرك به شيئا ولا نتخذ بعضنا بعضا أربابا من دون الله ••• آل عمران ٦٤ • والذين تدعون من دونه ما يملكون من قطمير الملائكة ١٣

ده‌گونجێ پێم‌بڵێن کابرا ئه‌م ئایه‌تانه بۆ ڕێنوێنی بوت‌په‌رسته‌کان هاتوون‌و ئێمه‌ی موسوڵمان یه‌زدان‌په‌رستین‌و ئه‌مه‌و ئێمه کوجا مه‌رحه‌با :

به‌ڵام ده‌ڵێم : قه‌ول‌و مه‌به‌ستی ئه‌و بوت‌په‌رست‌و ئه‌م به‌ناو خواپه‌رستانه ، به‌داخه‌وه یه‌ك‌ئه‌گرێته‌وه ! به له‌به‌رچاوگرتنی ئه‌م ڕاستی‌یه ڕاستی‌یه‌کی‌تر خۆی ده‌نوێنێ • ئه‌ویش ئه‌وه‌یه وا ده‌رده‌که‌وێ • هه‌ست‌و هۆشی مرۆڤی نه‌خوێنده‌واری ساکار ، گیانیش به‌که‌ی به‌به‌ریاندا ، ناتوانن بۆ خوای نه‌دیتراو له که‌س‌نه‌چوو و به ئامرازی له‌ش ، هه‌ست پێ‌نه‌کراو ، به‌نده‌گی بکه‌ن ، مه‌گه‌ر ئه‌وه شتێك ، که‌سێك به‌یکه‌رێکی هه‌ست‌پێکراو ، له‌جیاتی ئه‌وه‌دا بنێن بۆی بنواڕن ده‌ستی لێ‌بده‌ن ، چاوی

---

(١) یونس ١٨ •

(٢) ته‌فسیری نامی ، مه‌لا که‌ریمی مدرس ، چ چوار ، لاپه‌ڕی ١٤٩ •

لێیکەن‌و ڕووی تێیکەن‌و بێکەنە تکاکاری نوسخە بنەڕەتی‌یەکەو بەوجۆرە ڕێ‌ورەسمی بەندەگی بەئەنجام بگەینن !

پرسیارێك لێرەدا دەکرێ ئەویش ئەوەیە کە چۆن زۆر لە زاناو تێگەیشتووەکانی ئیسلامیش بەوشێوە بۆ خوا بەندەگی دەکەن ؟ وەلام ئەوەیە ، ئەگەر بەراستی زانا بن‌و لە چلۆنایەتی‌و ناوەڕۆکی تاقانەپەرستی ئەویش ئەو تاقانەی باسکرا ، بگەن ، بەوشێوە بەندەگی ناکەن • ئەگەر زانایشیان بسەلمێندرێ‌و هەر بەوشێوە ڕێ‌ورەسمی خواپەرستی بەئەنجام بگەینن ، ئەوا ( بمبوورن ) لەگەڵ خەڵك‌و خوا ناڕاستن‌و دوکانیان داناوەو کردارەکەیان کلاوە • لەوپێیەدا من لە مامۆستا مەلا کەریمی مدرس سەرم سوڕماوە کە چلۆن بەو گشت زانیاری‌یەوە، بە بەژن‌و بالای چەتەو ڕێگرو تاوانباری‌وای‌دا هەڵگووتووە ، وەدووی خورافاتی وا کەوتووە کە لەو ناوەشێتەوە • چەند جار لە گەلی دانیشتووم ، بێم ڕاگەیاندووەو بەڵگەکانی عەوام‌پەسندن • خوێنەری خۆشەویست ! وەك وتم : لە زانستە ئیسلامی‌یە باوەکاندا ، زۆر شارەزایە • بڕوا بکەن هەموو ئەو کتێبانەی پەڕەیان زەردەو بە ساڵدا چوون ، واو بە واو نوختە بە نوختە لەبەری کردوون ، کەچی‌چی خوێندووەتەوە ، هەر ئەوەیەو بیرو هۆشی خۆی وەکارخستووەو نووسراوە هی هەرکەسێکی موسوڵمان بێ ،لای بەڵگەو دەقەو کەس ڕێی تێناکەوێ ، نکوولی‌لێیکا ! نامهەوێ بەگژ پیاوی‌وادا بچم ، بەلام بەڕاستی خەسار بووە • لەگەڵ ئەوەدا بۆ نووسینی کوردی هەوڵی زۆرداوەو ئێستاش خەڵك وەك شێخی ئێرشاد دەستی ماچ‌دەگەن‌و بۆ فتوا پارە لە بن دۆشەکی دەئاخنن !

## دەوری ئیسلام لە گەشەکردنی کۆمەڵی کوردەواریدا :

وەك وتمان پێش ئیسلام ئایینی کوردان زەردەشتی بوو • ئایینی عیسایش لە ساڵی ۳۳ی زایینیدا گەیشتە ئەرمەنستانو تا سەرەتای چەرخی چوارەم برەوێکیوای نەبوو ، پاش ئەوە بەهۆی حکوومەتی ڕۆمەوە لە سووری یەوە خۆی گەیاندە ئەرمەنستانو کوردستانو قراڵی ئەرمەنی «تیرداد»و قەومەکەی ، ئەم ئایینەیان پەسندکرد • بەوحاڵەش شوێنی زۆری دانەناو لەسەر ئایینی زەردەشتی مانەوە • پاش سەرهەڵدانی ئیسلام کە لە ساڵی ٦١١ی زایینیدا بانگێشتن دەستی پێکرد ، نەتەوەی کورد پێوەندی بە ڕێبەرو ئایینەکەوە گرت • جابان کابان ناوی کوردیی مەیموونی کوڕی بە ڕەزامەندی خۆیان ، ئەم ئایینە قبووڵ دەکەن(۱) •

لەم دۆخەدا ئیمپراتووری ساسانی یەکان کە دەچنەوە سەر ڕیشەی کورد لەسەر بناخەی کۆیلەداری ، ڕاوەستاوە ، گەلانی ژێر ڕکێفی ئیمپراتووری بە عەرەبو کوردو فارسو تورکەوە ، لە خوێندنو زانیاری ڕۆژ ، بێبەش بوونو چینی نەجیبزادەکانو ئەشرافو مۆغەکان بەسەر چارەنووسیاندا ، زاڵ بوونو زانست لە چوارچێوەی کۆشکە پاشایەتی یەکان ، تێنەپەڕیوە ! خەڵك لەژێر باجو پیتاکدا ، پشتیان شکاوەو دەرەتانی خۆتێهەڵقورتانیان ، لێ براوە • ژێرزەوەی یەکانی کۆشکە ڕازاوەکان ، پڕبووە لە کۆیلەو کاروباری بەرهەمهێنانو قورەکاریو ڕاگوێستنو گاریکێشان لەسەر شانی کۆیلە بوو ! کۆیلە خاوەنی هیچ مافێکی ئینسانی نەبووە • نە لە بەرهەمی خۆیدا ، بەشی دراوەو نە خوێنی هەبووە ، کاتێك کوژراوە ! شارستانی یەتو پێشکەوتن لە دەوروبەری خودا پێداواندا ، بووە ! ئەویتر بە ڕۆژڕەشیو مەینەت

(۱) کوردستانو کورد ، پیشوو ، لاپەڕی ۱۲۳ ـ ۱۲۲ •

بەشی ، کـاتی ژیانی پڕ لـە ژانی تێپەڕ کردووە • هەربۆیە تێك‌چـوونی ئـەو بەندوباوەو پسانی ئـەو کۆت‌و زنجیرە، بـە قازانجی کـەلانی ژێردەسەلاتی ئیمپراتوور بووە • بەتایبەت لەکاتێك‌دا کە شۆڕشێك دژی کۆیلەتی‌و بێ‌مافی ژن‌و یەخسیر کردنی هۆزو تایفـەو تیرەو نەتەوەی‌ترو جیاوازی‌دانان لـە باری ئینسانی‌یەوە لەنێـوان سامـاندارو بێ‌ساماندا ، بێ‌و داڕێژەرانی ئـەو بیرو بۆچـوونە ، بێنە مەیدان‌و ئەو دەسـەلاتە تەفروتوونا بـکەن‌و یاسای نوێ دابنێن •

پاش تێك‌شکانی ئیمپراتووری ساسانی لە مەیدان‌و بەهۆی لەشکری ئیسلامەوە ، ڕاپەڕینەکە کـەیشتە هەرێمەکانی کوردستان‌و لە سەرەتاوە بەزۆرو لەپاشان بەتێبینی‌و بە لەربەچاوگرتنی قازانجی خۆیان کـە لـەو ژیانەی پێشوو ، ڕزگاری‌دەکردن ، بەرەبەرە ئاینەکەیان قبوول کـرد • «سور مارك سایکس» لەسـەر ئەم بڕوایەیەو دەلێ وا پێوە چـەسپان کـە بیابانی‌یەکانی ئەفریقاو تورکستانی‌یەکان ، پەسندیان کردووە •

هەروەك مێژوونووسەکامی عەرەب ڕایانگەیاندووە ، لە شانزەهەمین سـالی کۆچی داو پاش داگیرکردنی «حەلوان»و تکریت ، کـەلی کورد لەگـەل لەشکری ئیسلام پێوەندی گرتووە • لە سالی ١٨دا لەشـکری ئیسلام گەیشتە کوردستانی تورکیەو لەم هێرشەدا ، ئورفە ، حەران،ڕەقە، رەئسول عەین ، نەسی‌یەین، سنجار ، خاپوور ، ماردین ، ئامێد ، میافارقین‌و مووسل‌و هی‌تر ، زەوت‌کران ، لـە ٢١ی کۆچی‌دا ، شارەزوور بـە خەسارێکی فراوانەوە ، داگیرکرا • لە باشووری ئێران لەبەرئەوە کورد یارمەتی ئۆردووی ئێرانی‌دا ، هەپروون هەپروون کرا • بەهـۆی باری جۆغرافیایی کوردستانەوە جارێك کورد یارمـەتی لایەنێکی عـەرەب‌و فارس یان یەك لـە لاینەکانی عـەرەبی داوەو پاش زال‌بوونی لایەنی‌تر ،

وەك هەمیشە بەتوندی سزادراوە ! بۆنموونــە لە دەورەی فەرمانڕەوایی «عبدالملك»دا ، کورد یارمــەتی ئەوڕەحمانی کوڕی ئەشعەسی‌داو حەجاجی کوڕی یوسف ڕووخا بەسەریان‌داو کوشتارێکی زۆری لێ کردن(١) •

لەوکاتەوە تائێستا سەدان جـار بەناوی ئیسلامەوە ، ئەم فەرمانڕەواو ئـەو خاوەن‌دەسەڵات ، لە ساکاری کوردان‌و بڕوای قووڵیان بـە ئیسلام بۆ گـەیشتن بـە ئامانجی خۆیان ، کەڵـکیان وەرگرتووە هێزیان پـێ کۆکردووەتەوە ، کردوویانە دەستەێ چیلەی ئاگری شەڕو ئاکامــەکەی وەك سێڵاو ، مـاڵو گیـانی ئەوانی ڕامالیوە ! قەت بۆ خۆی دەسکەوتی سیاسـی نەبووەو کردوویانەتـە پارێزەری بــەرژەوەندی خـــاوەن دەسەڵاتەکان‌و ئەگـەر لـە بەرانبەر بەناو فەرمانڕەوایانی ئیسـلامی‌دا ، لەســەر مافی خۆی هەڵوێستی گرتبێ ، مـەلای خەتییان بۆ هـانداوەو فتوای جیهادیان بۆ دەرکردوون بە کـەڵك وەرگرتن لە فەرهەنـگ‌و بڕیارات‌و مێژووی ئیسلام‌و بە لاسایی‌کردنەوەی پەیامبەر (د•خ)و یارانی گـەلی کورد وەك کافری شەڕکەر دانراوەو ماڵو ناموسی بەتالان براوەو ژن‌و کچی وەك «سبیی» واتە ژن‌و کچی کافری شەڕکەر ، ڕەفتــاری لەگـەڵ کراوەو بەناو موجاهیدی ئەوتۆ ، بێ مارەکردن پەلاماری داوە ! مێژووی هەڵس‌وکەوتەکانی فەرمانڕەوایانی بەناو ئیسلام لە ڕۆژهــەڵاتی نێوەراست‌و نزیك‌دا ، شاهێدی ئەم ڕاستی‌یەیە(٢) •

لــە بەشی دووەمی ئەم نووسراوەدا ، بەکورتی باسی بەسەرهــاتی نەتەوەکەمم کردووەو لێرەدا دەچمەوە سەر شوێنی ئابووری‌و فەرهەنگی‌و کۆمەڵایەتی ئایینی ئیسلام لەسەر کۆمەڵی کوردەواری •

---

(١) سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕی ١٢٦ ـ ١٢٣ •

(٢) سەرنجی کوردو کوردستانی ئەمین زەکی بەگ ، جلدی ١ـ٢و بدەن •

ئـەوە روونە کە هـەر راپەرینێکی قووڵو لەنەکاو دژ بە خـاوەن دەسەڵاتی چەوسێنەر ئەگـەر باش ڕاماڵین ، دروستکردنو پێکهێنـانو دامـەزراندنی لەگـەڵ بێ ، بێـگومان لـە گشت بوارەکـانی ژیاندا شوێنیباش لەسەر کۆمەڵ دادەنێ .

وەك وتمـان زانست لـە بەندیخانەی کۆشکەکانی شاهـەنشاهی ئێراندا بوو ، بەپێی ئەوە ئاینی ئیسلام دروشمی یەکسانی نێـوان چینو توێژو نەتەوەکانی ، هەڵـگرتبوو ، بە پێی توانای لەشیو سامانیو دەرەتانی ژیان ، هەرکـەسە دەیتوانی لـە زانستی ڕۆژ ، کـەڵك وەربـگرێ . لەبەرئەوە دەورەی عەبباسییەکان لـە بەغدا ، هـاندان بۆ فێربوونو وەرگێرانی بەرهـەمی مێشـکی فیلسۆفانی یونانو مەسیحییەکـانو ئەوهەری فەرهەنـگی وڵاتانی خـاوەن شارستانییەت ، برەوی هەبوو ، زۆر لـە زانایان لەوێو لـە هەرێمەکانیتری ئیسلامیدا ، کۆبوونەوە ، ئەو دەرەتانەش بۆ کورد ڕەخسا کـە بێتە مـەیدانو چەند باقـە لە باقە زانستییەکانی ئەوڕۆژە ، لـە گولزاری ئەدەبو فەلسەفەو ئەستێرەناسیو پزیشکیو هیتر ، بچنن کە وەك لە بەشی ئەدەبو پلەی خوێندەواری کورددا باسمان کرد بەداخەوە لە زانستە بەپیتەکاندا ، کەمتر زانیارییان وەدەست هێناوە ! بەوحاڵەش دیواری نەزانین تێکرووخـاو کوردیش کـەم یان زیاد ، وەك نەتەوەکانیتری ژێرڕکێفو دەسەڵاتی سـیاسیو فەرهەنگی ئاینی ئیسلام ، لـەو ڕاپەڕینە ، کەڵـکی وەرگرتو زنجیری کۆیلەتی پساندو هـەر نەبێ بە دروشمیش بێ ، هەستیکرد لەگـەڵ نەتەوەکانیتر ، یەکسانە ! هەرچەند کورد قەت وەك عەربی پێش ئیسلام لەگـەڵ ژن ، رەفتاری نەکردووە ، بەڵام لەو پێوەندییەشداو سەبارەت بە مـافی ژن ، لـە کۆمەڵی کوردەواریدا ، ئاڵوگۆڕ پێکهـاتو ژن

بێدەسکەوت نەبوو • با ئەوەش بڵێین : خـــوا هەڵناگرێ ئەو مافــەی ئیسلام بۆ ژنی دانا ، لــە کوردستان ، بەتەواوی لە بەرچاو نەگیردرا • ڕەنــگە لــە هێندێك هەڵس‌وکەوت‌دا ، ژنی کورد زیاتر لەو مافەی لـــە ئیسلام‌دا بۆی دیاری کراوە ، ئازادی هــەبێ ، بەڵام لە پێوەندی لەگــەڵ میرات‌و مافی تەلاق‌و مارەیی‌و تالوق‌و پێوەبەستنەوەو هی‌تر ، مــافی ژنی کورد قــەت نەپارێزراوە ! ــلە بواری ڕوحم‌و سۆزدا ، هەرچــەند کورد نەتەوەیەکی میواندارو بەسۆزو عاتیفەیە ، بەڵام ئەو ئایینەش لــە باری هاریــکاری‌و یارمــەتی‌دان بە هەژاران‌و دەسکورتان‌و کاری هەرەوەزی‌و خۆپاراستن لە تاوان ، شوێنی کاریگەری لەسەر کۆمەڵانی خەڵك داناوە •

بەکورتی داب‌ونەریت‌و فەرهەنــگی نەتەوایەتی ، لەگــەڵ یاســاو داب‌و بڕیارەکــانی ئایینی ئیسلام‌دا ، وا تێــکەڵ بوون ، وەك وتــمان ناسینەوەیان گــەلێك دژوارە •

لە باری خوێندن‌و نووسینەوە ، ئەوەی لــە ناوچە کوردنشینەکان‌دا ، ئیسلام هەیبوو ، بێجگە لە هێندێك پسپۆڕی کــە باسمانکردو کـــورد وەری‌گرت ، تاقــە قوتابخانەی ئیسلامی واتا حوجرەی فەقێیان لێــرەش وەگەڕ کــەوت‌و زانیاریە ئیسلامی‌یەکان بوون بە بەرنامەی دەرسی‌و لەو قوتابخانەیەدا ، هەزاران کورد ، بە هەست‌کردن بە بەرپرسایەتی‌و لەبەر گەیشتن بە پاداشتی خێر بۆ بڵاوکردنەوەی بانگێشتنی ئیسلامی ، قۆڵیان لێ هەڵماڵی • تەنیــا کاتێك ڕووی دزێوی نیشان‌دا کە مەلایەتی بەبەرات‌کراو فێرکردن‌و چارەسەرکردنی گیروگرفتی خەڵــکی موسوڵمان بــە پارەو سەرفیترەو زەکات‌و خێرات ، ئەنجام درا ! مەلا بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ژیانی ڕانەپەڕی‌و مەلایەتی بوو بــە کارو پیشە ! ئەو کات بڕیارەکــانی ئیسلام لای خەڵك نرخی کــەمتر بوو ، چوونــکە بڕیاریان بـــە پارە

دەکرێ !و ئێستاش ئـەو باوە خراوە هـەر ماوە ! دیارە ئەگەر مامۆستا ئاینییەکان بـەو شێوەنە ژیابایان نفووزی ، قسەیان زۆرتر دەبوو • لەمبارەدا بەهۆی دەسکورتیو لارەملیو سەربار بوون ، زۆرجار یاسا ڕاناگەیێنن‌و لـە ، لەقاودانی زۆردا ، خۆدەپارێزن‌و بـە مووچـەی مانـگانەیان خەڵاتێك لـە زۆردار پشتیوانی دەکـەن ! زۆر لەوان پێرەوی زۆردارن‌و تا دەسەڵاتی حکوومـەت دەبینن یاریدە دەرانی خۆیان واتا خەڵك کـە بە کوێرەوەری ژیانی خۆیان دابین دەکەن‌و بەشێکی بـە جنابی دەدەن ، لەبیردەبەنەوە ! پشت لـە قازانجیان دەکەن‌و بۆ گەیشتن بە بژیوی خۆیان ، مافی گشتی نەتەوە ئەخـەنە بن‌لچو بە بەژنی باڵای پەلامـاردەراندا ، هەڵدەڵێن ! لەم بوارەدا لای نیشتمانپەروەران‌و خاوەن هۆشـە کۆمەڵایەتیو نەتەوایەتییەکان ، نرخیان کەمتر دەبێ‌و بەمجۆرە لە ئاینیش بێزاردەبن !

بە سەرهەڵدانی قوتابخانەی نوێو بیروبۆچوونی تازەو فێرکردنی زانستی جۆراوجۆری ئەزموونی ، حوجرەو قوتابخانە کەوتنـە مەیدانی دژایەتیو مـەلا تابۆی کرا ، کوردی هەژاری بۆ نەچوون بۆ قوتابخانە ، هان‌داو زۆریان دەیانـگوت : وانەکانی قوتابخانە نوێیەکان ، ڕۆڵەکانتان فێـری داب‌ونەریتی فەرەنگ دەکـەن‌و لـە خوداپەرستی دووریان دەخەنەوە • هـەر بۆیە بەداخەوە هـەرچەند بە نیسبەتی نەتەوەکانی ناوچـە ، ئەوجۆرە قوتابخانە درەنگ گەیشتە کوردستان ، ئـەو شـێوە پیشگیرییەو گوێڕایەڵی خەڵـکی کوردستان بۆ ئاین ، بوو بەهۆی ئەوە درەنگ‌تر ، زانستە نوێیەکان لە کوردستاندا ، پەرەبستێنن !

لـە باری ئابووریەوە ئیسلام وەك لـە هەرێمەکانی‌تر ، دەورەی کۆیلەداری ڕاماڵی ، لێرەش‌دا ئەو ئەرکەی بەجێ‌گەیاندو لەم بارەش‌دا،

ئاڵوگۆڕی بەسەر کوردستان هێناو باری ژیان بەگشتی کەوت بە باری باشی‌داو دەبێ هەرواش بێ •

رەوتی بەرەوپێش‌چوونی کۆمەڵ لە سەرانسەری جیهان‌دا وەك یەك نی‌یە چوونکە ئەو هۆیانەی شوێن لەسەر گۆڕانی کۆمەڵ دادەنێن ، نە هەموو جێگایەك یەکسان نین‌و دۆخی وڵاتان لێك جیاوازە • زانست‌و هونەر ، سەرچاوەی ژێرزەوی‌و تێکنیك‌و تێگەیشتن‌و پێگەیشتن ، شوێن لەسەر گەشەکردنی کۆمەڵ دادەنێن کە بەداخەوە دواکەوتوویی بەگشتی لە هەرێمەکانی ژێر دەسەڵاتی فەرهەنگی ئیسلامی‌و ژێردەسەڵاتی داگیرکەران‌دا ، هەتا ئێستاش بەرچاو بووەو لەوپێی‌یەدا گەلی کورد بەهۆی نەبوونی سەربەخۆیی سیاسی کەلەلاترو پاشکەوتووترە ! هەر بۆیە ئورووپا سەدان ساڵ لە هەرێمەکانی ئێمە لە هەموو بارێکەوە ، لەپێشترەو لێرەدا هێشتا شوێنەواری چوارچێوەی دەرەبەگایەتی لە کوردستان ماوە ! فیقهی فێئودالی‌و ژێردەستی‌و نەبوونی سەربەخۆیی سیاسی‌و پەرەسەندنی لێکۆڵینەوە زانستی‌یەکان‌و نەبوونی دیمۆکراسی ، بڕستی لە گەلی کورد بڕیوەو ئێستا ئەگەر کەسێك لەمبارە ڕەخنەی هەبێ ، لەجیاتی پێوانی ڕێگای پێشکەوتن‌و لەبەرچاوگرتنی باری زانستی ، سنووری دژایەتی لەگەڵ داب‌و نەریتی کوردەواری‌و ئایین دەبڕێ‌و یەکشەوە ڕێگای سەد ساڵە دەپێوێ !

ئەوەش دەبێ بزانین گەلی کورد بەگشتی موسوڵمانەودا بین‌کردنی ژیانی نوێ‌و تێکەڵبوونیان لەگەڵ کاروانی بەرەوپێش چوون‌و فێرکردن‌و پەروەردەکردنی ، کارێکی وردەو لە پێوەندی لەگەڵ ئایین‌دا، پێویستە زانیاریانە ، هەنگاو هەڵگرین‌و لەجیاتی بەرەوپێش‌چوون تۆپ لە گومبەز نەدەین • ئەگەر ئایین نەتوانێ لەگەڵ دۆخی نوێ‌و

بەرەوپێش‌چوونی باری کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و ئابووری ، خۆی ڕێك‌بخا ، کێشەی نێوان بەرەی کۆن‌و نوێ لەم هەرێمەدا توندتر دەبێ •

بە بڕوای مـن هیچ نەتەوەیەك وەك کورد نەچووەتە ژێر بـاری یاساکانی ئیسلام •دەڵێن : کورد موسوڵمانی کەمتەرخەمە لەگەڵ ئەوەش‌دا لە هەموو گەلان ڕێزی زیاتری بۆ ئیسلام داناوە • دیارە بەناو پارێزەرانی ئیسلام بۆ ئەوو بڕواکەی قـەت ڕێزیان دانەناوە !

## خزمەتی گەلی کورد بە ئیسلام :

ئـەو خزمەتە لـە چەند بارەوە بۆ باس دەبێ : لەباری پەرەپێدانی زمان‌و ئەدەبەوە • کەمتر گەلێك هەیە بۆخۆی بۆ ڕێك‌وپێککردنی زمان‌و چوارچێوەی زمانەکەی هەنـگاو هەڵگرێ • بە زۆربەیی ئـەو بەشـە لەلایەن نەتەوەکانی‌تروە ، ڕێکوپێك کراوە • ئەگەر نەتەوەیەك خـاوەن دەسەڵات بێ‌و نەتەوەکانی‌تر لـە باری سیاسی‌و فەرهەنگی‌و ئابووری‌یەوە، نیازیان پێی بێ ، بۆئەوەی زمانەکـەی بزانن ناچـاردەبن ڕێك‌وپێـکی بـکەن تا بتوانن بۆ مەبەستی تایبـەتی خۆیان کەڵـکی لێ وەربگرن • نەك تەنیا کورد بەڵکوو نەتەوەکانی‌تری ئێران وەك فارس‌و تورك‌و هی‌تر لەوبوارەدا خزمەتیان بە زمـانی عـەرەبی کردووە • زمانەکەی فێربوون لە یاساکانی ئیسلام گەیشتوون ، شییان‌کردونەتەوەو لەسەریان نووسیون، پڕوپاگەندیان بۆ کردوون‌و خەڵکیان هانداوە پەیڕەوی‌یان لێبکەن زەوی‌و سامانی‌تریان بە بنـکەو بنیـاتە ئایینی‌یەکان بۆ گەشەکردنی باری ئایینی ، پێشـکەش کردووە ، فەقێیان بەخێـوکردووە ، جل‌وبەرگ‌و کتێب‌و پێـداویستی‌یەکانی تریان بۆ ئامـادە کردووە تا خەریـکی فێربوونی زانستە ئایینی‌یەکان بێ‌و لە پاشەڕۆژدا ، ڕێـگای مامۆستاکانی درێژە بداو ئایینی ئیسلام بلاوبـکاتەوە •

خوێندەوارانی لەوچەشنەی کورد لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلام لە کوردستان ، تائێستا بێجگە لەوە زمانی عـەرەبی ، فێربوون تێکۆشاون نووسراوەی سەربەخۆو پەراوێزنووسی یەکانی خۆیان بەو زمـانە بنووسن بەو زمـانە ئامۆژگاری خـەڵك بـکەن‌و خەڵك تێبگەیێنن کە هەرکارێکیان دەس پێـکرد بە ناوی خـوا بیـکەن‌و بەوشەی عەرەبی بپاڕێنەوەو بەو وشـە نوێـژو بەندەگی بکـەن • ژن بە وشــەی عەرەبی مارە بـکەن‌و تەڵاق بـەو وشە لە زاریان دەربچێ • بەکورتی بە ماڵ‌و بە گیـــان بـە هێزو تواناییانەوە ۱٤۱۲ ساڵە بەوپەڕی نیازپاکی‌یەوە ، چالاکانە لە گشت بوارەکانی ژیانی سیاسی‌و ئابووری‌و فەرهەنگی‌و کۆمەڵایەتی‌یان‌دا ، بـۆ مانــەوە پاراستنی‌و پەرەسەندنی ئەم ئایینە ، تێکۆشاون • دەکرێ بڵێین لـە سەرانسەری کوردستان‌دا ، لـە گشت گوندێك تەنانەت ئەو گوندانە کـە تەنیا ٦ تا ۷ ماڵن ، مزگەوتیان هەیە ، هەر سەرکانیاوێك تاتەبەردێکیان لێ‌داناوە تا خەڵـکی دەوروبەرو گەڕۆکەکان بەرمـاڵی سروشتیان هەبێ‌و بەهاسانی ڕێ‌وڕەسمی بەندەگی خۆیان بەئەنجام بـگەیێنن • ســەدان‌و هـــەزاران کـورد ، بە دەنـگی خۆش ، بەسنی خـــوایان کـــردووە تێیان‌چریکاندووەو گوێـگرانی خۆیان بۆ بەندەگی خوا ، هــــان‌داوە • بەشێـــوەی باش یان نابەسنـد ، لـــە ڕێ‌وڕەسمە ئایینی‌یەکــان‌دا ، بەشداری‌یان کردووە یادی پیـاوو ژنە گەورەکانیان زیندوو کردووەتەوە، قسەکانیان دووپات‌کردۆتەوە • کڕنۆشیان بۆ کردوون‌و لـــە بەرانبـەر دوژمنانی ئایین‌و پیاوەکانی‌دا ڕاوەستاون‌و هەڵوێستیان گرتووەو یاســـاو داب‌و نەریتە ئایینی‌یەکەیان پاراستووە •

لـە مەیدانی پەرهێزگاری‌و زانیاری‌و چاك هەڵکردن بۆ خزمـەت بە ئایین ، ســەدان پیـاوی وەك ئیبنوقوتەیبەی دینەوەری ، ئیبنول‌کوردی،

ئیبنول‌حاج ، ئیبنول‌حاجب ، ئیبنول‌ئەسیرو ئەبوحەفس عومەر ، مەردانە تێکۆشان‌و نووسراوەکانیان لـــە خزمەت بە ئیسلامدا ، دەوری تایبەتیـان هەبووەو هەیە • بە سەرنجدانێکی سەرەکی بە دوو جلدی نووسراوی «مشاهیر کرد»ی خــوا لێخۆش‌بوو بابامەردۆخ ڕۆحانی کە بەکوێرەوەری تەواوی تەمەنی پڕنرخی ، تێکی‌خستوون ، مەودای ئەو خزمەتەو ژمارەی ئــەو خزمەتکارانە ، ڕوون دەبێتــەوە • ژمارەی ئەو زانا کوردانە کە لەو مەیدانەدا چالاکیان نیشان‌داوەو بەهۆی جۆراوجۆر ناویان نەهــــاتووەو مامۆستای پایەبەرزمان هێمـــای بۆ نەکردوون ، زۆر لەوەی هاتوون ، زیاترەو ئەوەی کوردو ئیسلام‌ناس بێ، چوار گۆشەی پان‌وبەرینی ئــەو مــەیدانەی لەبەرچاوە •

تەنیــا ئەوە دەڵێم : کــە خراپ تێــگەیشتن‌و خراپ تێــگەیاندن‌و دەمارگیری هێندێك بەناو ئایین‌ناس‌و پەیڕەوەکان ، زیانی زۆریان بـــەو مەعناو بارە ڕۆحی‌یەی ئایین گەیاندووەو بوونەتە جێی ڕەخنەو تانــەو توانجی ئەوانەی خێڵی ئەو دەورانە نین •

### ئایینە جۆراوجۆرەکان :

شوێنەواری ئایینــە کۆنەکــان وەك زەردەشتی‌و مــەسیحی‌یەت‌و جوولەکە ، کەم یان زۆر لێرەو لەوێ لــە کوردستان‌دا ماوە ، بەڵام وەك وتمـــان زۆربەی زۆری نەتەوەی کورد ، ملیـــان بۆ ئایینی ئیســلام دانواندووەو لـــە دوو ڕێبازی گـــەورە وەك شیعەو سوننی‌دا ئێستـاش نزیـکەی ٩٠٪ی خەڵـکی کوردستان پێك‌دێنن • چەند ناوچەیەك لـە سەرانسەری کوردستان‌دا هــەن کـــە خەڵکەکەی لەسەر ئایینی کۆن مـاون‌و ڕەنـگی ئیسلامیان لێداوە • ئەهلی حەق «علی اللهی؟»و یەزیدی کە لــە ناوچەکانی داڵەهۆو کرندو قەسـری شیرین‌و شائابادی ڕۆژئاوا

ناوچەی سنجاری کوردستانی عێراق‌و بەشێك لــە کوردستانی تورکیــە دەژین ، لـــەو ئاینەو لق‌وپۆپیان کـــە ڕەنگە ئێستا دووسەدهـــەزار کـــەسێك بن •

ئایینی یەزیدی یەکان کە لە بناخەدا ئایینی زەردەشتە ، لەئەنجــامی شوێن‌دانانی ئایینی ئیسلام‌و مەسیح‌دا ، هێندێك لە بناخەکانی ئـــەو دوو ئاینە چووەتە نێوی(١) •

ڕێبــازی سوننی ٤ لقە : شافیعی ، حەنەفی ، مالیکی‌و حەنبـــەلی • تا ئەو جێــگا من ئاگادار بم ، زۆربەی زۆری سوونني‌یەکــانی کوردستــا پەیڕەوی ڕێبــازیان مەزهەبی شافیعین • ناوی هۆزی بادینان هێمــا بەوە دەکــا کــە کوردەکــان ، پێش ئیسـلام ئایینی بێهــی یان زەردەشتی‌یان هەبووە(٢) • تەخت‌سلێمان ( شیو ــ گنزك ) گەورەترین ئاوردانی ئــەم ئاینە لــە کوددستانەو هەزارساڵ دەکوژایەتەوە • بێجگە لــەوانە سێ تایفــەی‌تر هەن کە کتێبیان فارسین‌و ڕێبازیان جیاوازەو بریتین لە «صارلی» شەبەك‌و بحوارنەکان •

لــەوانە ، یەزیدی‌یەکان پتر ئایینی خۆیان پاراستووەو شوێنــەواری خۆیان بە باشی ڕاگرتووە • ئایینی وان یەزدان‌پەرستی‌یە • شوێنەواری ئایینی زەردەشتی لــە ڕەفتــاری موسوڵمانان‌دا ، دەبیندرێ • زۆربەی یەزیدی‌یەکان لــە مووسڵ‌و دەوروبەری شێخانن • بەڵام ئەوانەی سنجار بەتین‌وگوڕترن • هێندێك لــەوان لە دیاربەکر ( ئامێد )و حـــەڵەب ،

---

(١) کوردستان‌و کورد دوکتۆر قاسملۆ ، پێشوو ، لاپەڕی ٢٩ــ٢٨ •
هەروەها پەنجاوحەوتی پێشەکی شەرەفنامەی بتلیسی •

(٢) شەرەفخان دەڵێ : سەرۆکی فەرمانڕەوایانی ئامێدی کـــە لـــە تاروونەوە هاتووەتە ئەوی ، ناوی بهاالدین بووە ، هەربۆیە بـــەو سەرۆکانە وتوویانە (بەهائەدینان) لاپەڕی ١٤٦ ــ ١٤٥ •

قـارس‌و ئیره‌وان‌و ده‌وروبه‌ری تفلیس ، ده‌ژین • ده‌ڵێن ده‌چنه‌وه سـه‌ر یه‌زیدی کوڕی مه‌عاوی‌یه • خـۆیان ده‌ڵێن : ئه‌و بناخه دانه‌ری نی‌یه‌و بره‌وی پێـداوه • دانه‌ری ئه‌م ئایینه شاهیدی کوڕی جه‌ڕاحه کـه تاقـه ڕۆڵه‌ی باوا ئاده‌مه • یه‌زیدی مه‌عاوی‌یه له ئیسلام وه‌رگه‌ڕاو ئه‌م ئایینه‌ی په‌سـند کرد هـه‌ر بۆیه ئه‌و جێی سه‌رهه‌ڵدان یان نموونه‌ی یه‌کێك لـه حـه‌وت فریشته‌کانی ئه‌وانه • ئه‌و له خۆخزاندن له له‌شی شێخ عـه‌دی کوڕی موسافیر خۆی نیشان‌داوه •

شه‌هرستانی لـه کتێبی میله‌ل‌و نیحه‌لی خۆی‌دا ده‌ڵێ : یه‌زیدی‌یه‌کان یارانـی یه‌زیدی کوڕی ئه‌نیسه‌ن ئـه‌وه‌ی پێی‌وابوو خـوای گـه‌وره په‌یامبه‌رێك لـه عه‌جه‌م «ناعه‌ره‌ب» ده‌نێرێ‌و کتێبێك که له ئاسـمان‌دا نووسـراوه یه‌کجێ ده‌یـکاته خـه‌ڵاتی‌و ئایینی محه‌ممـه‌دی ( د•خ ) به‌جێ‌دێڵێ‌و له‌سه‌ر میلله‌تی‌سائبی ده‌بێ • ئه‌وه‌ی له قورئان‌دا باسی لێـوه کراوه ئه‌و سائبی‌یانه نین کـه ئێستا له ناوچه‌ی واسێت‌و حـه‌ڕانن • به‌م‌پێیه بۆچوونی پێشوو ، ڕاست نی‌یه •

سـه‌رچاوه‌ی ئه‌م ئایینه زۆر له‌پێش ئیسلامه‌وه‌یه‌و ته‌نیـا لـه لق‌وپۆپ‌دا ، له‌گـه‌ڵ شه‌ریعه‌تی ئیسلام جیاواز نی‌یه که بڵێین یه‌کێك له ڕێبازه‌کانی ئیسلامه‌و ڕێی لێ ون‌بووه • هێندێك پێی‌یان‌وایه سه‌رچـاوه‌ی ئه‌م ئایینه وا لـه بیرو بۆچوونه‌کانی سوفی‌یه‌کانی ئێران وه‌ك ڕێبـازی حه‌لاج‌و عه‌ینول‌قوزات‌دا که به‌شێوه‌ی تایبه‌تی به به‌ڵـگه هێنانه‌وه‌ی خۆیان بۆ شه‌یتـان پله‌و پێگه‌ی گرنگیان داناوه •

گوتراوه ئه‌مانه پاشماوه‌ی هۆزێـکن به‌ناوی «ئیزه‌د» که له ئه‌وێستادا «یه‌زتا»و لـه په‌هله‌وی «یه‌زد»و له فارسی‌دا « یه‌زدان »ی پێ‌ده‌ڵێـن • هه‌ربۆیه به پاشماوه‌کـانیان ده‌ڵێن : «یه‌زدانی» • ئیسپیـروو لایاری

خاوەرناس دەڵێن : دەچنەوە سەر ئایینی مانیو شوێنەواری ئاشوری ، زەردەشتی ، عیسەویو ئیسلام لەودا بەرچاوەو خـــاوەنی عونسووری ئێرانی‌یە :

وەك بوتپەرستی کۆن دوئالیستی هێندێك گرۆی ئێرانی پاراستنی ڕەواو حـــەڵاڵو حـــەرامی یەهوودی ، نەسرانی‌یەت بەتایبـــەت نەستوری‌یەکان وەك نانی پیرۆز ، زیارەتی کلیساو خواردنەوەی شەراب • شوێنەواری سۆفی‌یەکان ، پەرستنی کۆیەك لە شێخەکانو دابی شیعەکان • وەك شـاردنەوەی بەندەگی‌یەکانو بیهۆش بوون (خلسە) عونســـوری ئیسلامی وەك خەتەنەکردن ، ڕۆژوو ، قوربانی ، زیارەتو هەڵـکەندنی نووسراوە ئیسلامی‌یەکان • شوێنەواری سائیبی‌یەکـــان وەك تەناسوخ (پاش مردن ڕۆح دەچێتەوە لەشێکی‌تر )و حولولو چوونە ناو قـاپۆڕی کەسێکی‌ترەوە •

ئەوان پێی‌یان وایە خواخوڵقێنەری جیهانە ، بەڵام ڕای ناگـــرێو ناپارێزێو خـــاوەنی هێزو فیداکـــاریی نی‌یەو کـــاری بەجیهـــانو دانیشتوانی‌یە • یەکـــەم خوڵقاوی خوا «مەلەکە تاوس»ە • زاتی لەگەڵ زاتی ئەو یەکـــەو زاتی شێخ عـــەدی کوڕی موسافیر لەگـــەڵ زاتـــی مەلەکەتاوس یەکە ٦٠ فریشتەی‌تریان هەیە کە پێوەندی نێـــوان خـــواو بەندەکانی دادەمەزرێنن • بەڵام مەلەکەتاوس ، هەم فریشتەی یەکـــەو هـــەم زاتی خـــوایە •

زەردەشتی‌یەکـــان دەڵێن : یەکـــەم خـــوڵقاو « خیـــرەدی پیرۆز ئیسپنتامینو » یەو پاشان ٦ ئیمشاسپەندیان هـــەیە • خیرەدیان هـــۆشی پیرۆز ، جاری وایە لەگەڵیانەو دەبنـــە حەوتو جاری‌وایشە وەك خـــودا سەرنجی دەدەنو ئیمشاسپەندان دەبنەوە ٦ •

یەزیدی یەکان پێیانوایە خوا شەیتانی لە تاوانەکەی بەخشیوەو سزادان هەتا هەتایی و هەرمان نی یە • پێیانوایە خوا کاری چاك دەکاو خێری قاڵەو فریشتەکان کاری ئەم جیهانە دەگێرن(۱) • هۆزی «صارلی» لە باشووری مووسڵ خاوەن ئایینی خۆیەتی و بەندەگی و بیروبڕوایان نهێنی یە • دەڵێن کتێبەکەیان بە زمانی فارسی یەو شوێنی ئایینە کۆنەکانی ئێران و بیرو بۆچوونی «غلاة»ی شیعە لە ئایینەکەیاندا ، دەبیندرێ • خۆیان لە بنچەی «کاکە» دەزانن کە لە کەرکووکەوە ، بۆئەوێ کۆچیان کردووە • کاکەیی یەکانیش لەگەڵ علی‌اللهی یەکان ، بەتوندی پێوەندی یان هەیە • لای ئەمەیان چینی یەکەم سەیدەکان و چینی دووەم کاکەی یە کە سەرپەرشتی کاروباری ئایینی ئەمانن •

دەڵێن لەبەرئەوە ڕێبەرانی ئایینیان بەهەشتیان پێ دەفرۆشتن و دیانگوت : «صارت لی الجنة» واتا بەهەشت بوو بە هی من ، پێیان گوتن «صارلی» ئەمانیش مووی سمێڵ کورت ناکەنەوە •

شەبەك تایفەیەکی ترە کە بڕوای زۆر توندیان بە عەلی کوری ئەبووتالیب هەیەو پێی دەڵێن : «عەلی یە ڕەش» •

ئایینی پیرشالیارو باسی کتێبەکەی «ماریفەت»مان لە بەشی پلەی خوێندەواری دا ، خستە بەرچاو • دەڵێن پیرشالیار مەجووسی بووگە(۲) •

شارەزایان بە ئایین یان تەریقەتی هەقە پێیانوایە بناخەی لەسەر تەریقەتی نەقشبەندی کە بەهۆی مەولانا خالیدی میکائیلی یەوە لە

---

(۱) شەرەفنامە پێشوو ، لاپەڕی پەنجاوشەش تا شەستوچوار • هەروەها پێشەکی توحفەی ناسری ، پێشوو لاپەڕی چلوشەش و چل ونۆ •

(۲) هەر ئەم سەرچاوە لاپەڕی شەستوشەش و شەستوحەوت •

کوردستان ، بووژایەوە ، دانراوە • لەپێش‌دا لە ناوچ ەی سـووورداش شێخ ئەحمەد لـە مەولانا تەریقەتی وەرگرتووەو بەدوای ئەودا شێخ قادر شێخ ڕەزا شێخ محەممەد شێخ مستەفا شێخ مەلا ئەحمەد، شێخ عبدالکریمی شەدەڵە لـە دەوروبەری شەدەڵە ، چوارچێوەیەکی تایبەتی بۆ ئەو ڕێبازە داناوە • بزووتنەوەی هـــەقە وەك وەچەیەکی ڕێبـازی سۆفیـگەری دانراوە(١) •

شێخ عبدالکریم بەوە نەوەستا دوور لـە باری کۆمەڵایەتی ڕێبازی ئایین بەڕێوەبەرێ • بایەخی بەو ژیانە داو تێکۆشا مریدەکانی چاکە بکەن‌و پاك‌و خـاوێن بن‌و برایەتیان هـەبێ‌و باش ڕابوێرن‌و خۆیان لـە خراپ‌و خراپە دووربخەنەوەو توخنی زۆرداران نەکەون‌و لەگـەڵ گشت جۆرە ستەمێك بەربەرەکانی بـکەن • لـە ئایین‌دا بە کردەوە بێنـە مـەیدان‌و ئایین تەنیـا بریتی نەبێ لـە بەندەگی ڕواڵەتی • ئەمەو سۆفی‌یەتی کوجا مەرحەبایەو هەربۆیە شێخ‌و سۆفی لـە چەشنی باو ، دژی ئەو ڕاپەڕین‌و وەك ڕەوشتیانە کەسێك لەقاوی‌یان بداو فرت‌وفێڵیان بۆ خەڵـکی ساکـار، روون‌بکاتەوە ، کەوتنە پیلان گێڕان بۆ کوشتنی شێخ •

هەرچـەند ئـەم ڕێبازە بایەخێکی زۆر بە هاریـکاری خـەڵك‌و ڕێکوپێك‌کردنی ژیان دەدا ، بەڵام هێندێك مرید چوونە ناخی بێهۆشیی جیهـانی هەپەڕووتەوەو دەستیان لە بەندەگی‌و ئەنجامدانی ڕێ‌ورەسـمی ئایینی کێشا • هەر ئەڵاو حـەق‌و هەقیـان دەگوت • هەربۆیە بە «هەقە» ناودێر کران(٢) •

---

(١) بزووتنەی هەقە ، مستەفا عەسکەری بەغـــدا ، ١٩٨٣ ، لاپەڕی ١٤ ـ ١١ •

(٢) هەر ئەم سەرچاوە لاپەڕی ١٨ ـ ١٧ •

سەبارەت بە جموجوڵی هەقە دژ بە زۆردارو چەوسێنەران هەقەناسەکان ، پێیانوایە لە گەرمەی تێکۆشانی شێخ عەبدولکەریمدا ، بزووتنەوەی نیشتمانی لە کوردستانی عێراق لە پەرەسەندندا بوو • کۆنەپەرستانی دژ بە پێشکەوتنو ڕاپەڕینی ئازادیخوازانە وەك هەمیشە هاتنە مەیدان تا ئەم جموجوڵە ناوچەییو پێشکەوتوانە لە بێشکەدا بخنکێنن • هەربۆیە کاربەدەستانی بریتانیاش خۆیان تێکەیاندو ویستیان شێخ بکەنە پیاوی خۆیانو بەخۆشییەوە ، ئەو جارە سەرنەکەوتن !! لەوپێیەدا شێخیان دەسگیر کردو بردیانە کەرکووك • هەربۆیە ماوەیەك دەنگی ناوچەکە کپبووەوە(١) •

ئەمانە لە هەرەوەزیکردنو ڕێکخستنی کاروباری کۆمەڵایەتیدا ، بە بەرنامە بوونو لەگەڵ جووتیارەکانیتری کوردستان جیاوازییان بووە، زۆر بەخەمی یەکترەوە بوونو باری ژیانیان باشتر بووە • پاش شێخ مامەڕەزای برای هاتووەتە مەیدانو لەلایەن حکوومەتەوە گیراوەو بەڵێنی خزمەتو هەڵسووڕانی کاروباریان پێدراوەو بەرنامەیەکی کۆمەڵایەتی لە چەند بەندا هەبوو :

١ ـ برایەتی • ٢ ـ هەقپەرستی • ٣ ـ گیانی هاوبەش • ٤ـ ئابوونە واتا مانگانە لەلایەن مریدانەوە بۆ هەڵسووڕانی کاروباری گشتی • ٥ ـ تەگبیرو ڕا • ٦ ـ سەربەستی ئافرەت • واتا نەبوونی جیاوازی لەنێوان ژنو پیاوداو هەموو خوشكو برای یەکنو وەك یەك مافی بەڕێوەبردنی کاروباری ژیانیان هەیە • ٧ ـ ڕەوشت واتا کۆمەڵە ئامۆژگارییەك کە هەموو پەیڕەوی لێ بکەن • ٨ ـ کاروباری ڕێکخستن(٢) •

---

(١) سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕی ٢٦ ـ ٢٣ •

(١) هەر ئەم سەرچاوە ، لاپەڕی ٤٤ ـ ٣٨ •

دەڵێن : زۆرتری هەقەکان نوێژیان نەدەکردو ڕۆژوویان نەئەگرت‌و وازین لە گەڵێك ڕێ‌ورەسمی ئایینی هێنابوو • ئامۆژگاری شێخەکانیان شتی‌وای تێدانەبوو تەنیا تاقمی «برا سەریارە»کـان ئەمەیان پەیرەو دەکردو بە سەر ئەوانی‌تریش‌دا بڕابوو(۱) •مامۆستا هەمزە عەبدوڵا دەڵێ: ڕەوشتی هەقە لە مەیدانی پێوەندی کۆمەڵایەتی‌و داب‌و نەریتی کۆنی نێوجووتیاران بەتایبەت لە مەسەلەی ئافرەت‌دا ، بە ڕزگارکردنی ئافرەت لە کۆت‌و زنجیری کۆیلەتی کۆمەڵایەتی کۆن‌وڕێگادانی کە بەئارەزووی خۆی ، هاوبەشی ژیانی هەڵبژێرێ ، مەترسی‌یەکی زۆری بۆ چینی فەرمانڕەوای لادێ وەك ئاغ‌او بەگ‌و خاوەن موڵکە گەورەکان‌و سەرۆك خێڵەکان‌و بەناو مەلا کۆنەکارەکان‌و شێخەکانی تەریقەت تەنانەت شێخەکانی تەریقەت نەقشبەندیش ، پەیدا کردبوو • ئەمە هەموویان بەهۆی ڕەوشتی هەقەکانەوە لێ‌ین ڕاست بوونەوەو کەوتبوونە دوژمنایەتی کردنیان‌و داوبۆنانەوەیان لای حکوومەت ، بەڵکوو تەنانەت یەکێك وەك شێخ‌مەحموودی پێشەوای بەناوبانگیش لەڕوویانا وەستا(۲) !

بە بڕوای من چ ڕێبازی هەقە ئایینی بێ‌و چ کۆمەلایەتی‌و چ سیاسی ، لەبەرئەوە دژی داب‌ونەریتی کۆنەپەرستان بووە ، لایەتی پێشکەوتنخوازانەی جێی ڕێزە • چوونکە لە کوردستانی برینداروشەق‌وپەق کراودا ، ئەو بیرو بڕوای ئاشتی‌و برایەتی‌خوازانە سەری هەڵداوەو خامە بەدەستان نامەیان پێ‌نەخشاندووەو ڕاڤەیان نەکردووەو تەنیا باری ئایینی‌یەکەیان ، زەق‌کردووەتەوە ، بڵاو نەبووەتەوە پەرەی نەسەندووەو نەبووە داب‌و ڕەوشتی زەحمەتێکێشانی کوردستان • هەر

(۱) هەر ئەم سەرچاوە ، لاپەڕی ٥٢ •
(۲) سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕی ٦٤ ـ ٦٢ •

ئەوەندە کەوتووەتە بەرتانەو توانجی مشەخۆرانی سەرباری کۆمەڵ وەك شێخو مەلاو ئاغای دژ بە پێشکەوتن‌و ڕامالینی چەوسانەوە ، خۆی بەڵگەی پێشکەوتووی ئەو بەرنامەو بۆچوونەیە • ئەوڕۆ جیهانی مرۆڤایەتی تەنیا لەژێر سێبەری هاریکاری ، برایەتی‌و یەکسانی ، هەقپەرستی ، گیانی هاوبەش‌و بەخەمیەکترەوەبوون ، سەربەستی گشت کۆمەڵ بە تایبەت ژنی بەشخوراوو ڕەوشتی پاك‌و پێشکەوتووانەو ڕێك‌و پێك کردنی کاروبارو بەتەنگ یەکترەوە بوون لە قەتڵ‌وبڕو چەوسانەوەو ماڵوێرانی ، ڕزگار دەبێ •

دیارە ئەم بەرنامە ئەخلاقی‌یە نیازی بە ڕاپەرین دژی زۆرو کۆنەپەرستی‌و تێکۆشان بۆ لابردنی باری نەزانین هەیەو پێویستە مرۆڤ بە پەرەدان بە باری زانست‌و هونەر ، باڵی زانستی بەهێز بکاو ئامرازی ئاسایش بخولقێنێ‌و بە باڵی سۆزو عاتیفەی هونەری بۆ ڕزگارکردنی چەوساوەکان‌و خزمەتکردن بە گشت ئینسانەکان بەرهەمی باڵی زانست وەگەڕبخاو نەهێڵێ بکەونە ژێر ڕکێفی زۆردارو ملهوڕەکان‌و ئازادی پێی بکوژن‌و خەڵکی پێی تەلاچۆ بکەن‌و بەپێچەوانەی ئامانجەکانی ، کەڵکی لێ وەربگرن •

**ئەهلی هەق :**

وەك وتمان ئەمە ناوێکە کە بۆ لقێك لە «غلاة»ی شیعە کەڵکی لێ وەرگیراوە • ئەوانەن کە سەبارەت بە خەلیفە عەلی کوڕی ئەبووتالیب، پشوویان لێ هەڵکێشاوەو تا پلەی خوایی بردوویانە ! هێندێکیان وتوویانە خوا لە شێوازی خولقاوی خۆیدا خۆدەنوێنێ‌و لە شیوازێکەوە دەچێتە شێوازێکی‌ترو تەواوتریان عەلی‌یە • ئەو کات کە مرۆڤ بەمە بزانێ ئەرکی بەندەگی لەسەر نامێنێ ! هەرچەندە ئەوان خۆیان بە

شیعە دەزانن‌و ڕێز لـە پێشەواکـانی شیعـە دەگرن ، بەڵام بناخـەی ڕێبازەکـەیان ئیسلامی قاڵو پوختـە نی‌یـە • بەڵـکوو کۆیەکـە لـە بیروبڕوایەك کـە لەژێر شوێنەواری بیروڕای زەردەشتی ، مەسیحی ، مـانەوی‌دا ، لەگـەڵ بیرو بۆچوون‌و فەلسەفەی ئەو چەشنە شیعەدا ، تێـکەڵ بووەو شێوازێـکی تایبەتی بەخۆوە گرتووە • بەم‌جۆرە لـە ٧٣ ڕێبازیان مەزهـەبی ئیسلامی ، جیا بووەتەوە • مینۆرسکی دەڵێ بێجگە لـەوە لەگەڵ ڕێبازی تەناسوخ‌و سۆفیگەری‌دا ، تێکەڵ بووەو بووەتە ئەم ئایینە تایبەتی‌یە • تایبەتمەندی‌یەکانی بریتین لە : بیرکرنەوەی چـاك ، ئاخوتنی چاك ، ئاکاری چاك‌و جێبەجێ‌کردنیان لەسـەر ئەهلی هـەق پێویستە ئەم سێ بناخە لـە کتێبی سەرئەنجامدا ، کەکتێبی پیرۆزیانە ، بەم شێوە هـاتووە :

یاری واتا بڕواکردن بـە ڕێبازی ئەوان‌و بەشداری لـە یادکردنی ئاشکرا لـە کۆی ئەهلی‌حەق‌دا ، پاکی واتا دووری لە ناپاکی ، نیستی واتا خۆخەریك‌نەکردن بە مـاڵ‌و سامان‌و منداڵەوە تا بە پلەی ون‌بوون لـە خودادا بـگا • هێندێك پێیان وایە لە ڕێبازە هیندی‌یەکانەوە ، وەرگیراوە • سـەبارەت بە خوڵقاندن‌و بەڵـگەکانی ، ڕای تایبەتی خۆیان هـەیە • بەتایبەت سەبارەت بە وەدواکەوتنی بیری مرۆڤ سەبارەت بە ناسـینی جیهانی ماددی‌و مەعنەوی‌و چلۆنایەتی پەیدابوون‌و خوڵقاندنی جیهـان ، باسی جێـگای وت‌وویژریان هەیە •

لـە تایبەتمەندی‌یەکانی ئەوەیە کـە : بڕوا بە چـەند بوونەوەری پیرۆز وەك حـەوت لـەش حەوت وان‌و چل لەش‌و هی‌تر • کـەلامی سەرئەنجام‌و کەلامی خزانە کتێبی پیرۆزیانەو وەك سرودەکانی ئەوێستا هۆنراوەیەو بـە لەهجەی کوردی هەورامی یان گۆران هۆنراوەتەوە •

ئەهلی هەق یە ئەهلی سێڕ ، یارسان ، نەسیری ، ئەهلی تایفەسانو علی‌اللهی ، ناودێر کراون • سمێڵ نیشانەی تایبەتی‌یانە • پێیان وایە عەلی سمێڵی لێنەداوەو مەقەست کردنی تاوانێکی گەورەیەو سکەی موركی ئایینەو ئەگەر موویەكی لێ كەم‌بكاتەوە بەو سكەو موركە خەیانەتی كردووەو ئەهلی هەق نی‌یە • هۆی سەرهەڵدانی ئەم ڕێبازەو هی‌تر کە بەزۆربەیی لە گوندەکاندان ، زیندوو كردنەوەی ئایینی كۆنی ئێرانەو پاراستنی سوننەت‌و ڕێ‌وڕەسمی باپیرانەو وێدەچێ جۆرە ڕاپەڕینێك بێ ، دژ بە پەلاماردەرانو داگیرکەران • بڕواکانیان ڕیشەی لە مێژووی كۆمەڵایەتی‌و سیاسی ئێران‌دایە • سەردارانی نوورانی‌و سەردارانی زوڵمانی تاریك ، پاشماوەی بیروبڕوای كۆنی ئێرانی‌یەكانە بە خوای خێرو شەڕ • خۆنواندنی كێشەی عەلی‌و مەعاوی‌یەیە كە لە شێوازی هەزارویەك كۆمەڵو هەزارویەك جێی سەرهەڵدانی ڕاستی‌دا ، خۆی نواندووە •

تا چەرخی ١٤ی زایینی لە لوڕستان بوون ، پاشان گەیشتنە ناوچەی کرماشان • وەك گۆرانو قەڵخانی ، زۆر لە سنجابی‌یەکانو بەشێك لە كەڵهوڕو زەنگەنە ، ئیلاتی عوسمانەوەند جەلالەوەندو هێندێك لە خەڵكی شارەكانی قەسری شیرین ، سەرپێڵی زەهاو ، كرند ، سەحەنەو هولەیلان • لە لوڕستان لە ناوچەكانی دلغانو پشتكۆو لەنێوان ئیلات سەكوەندا ، نیشتەجێن • لە تەوریز مەراغە ، قەزوێن ، تارانو كەلاردەشتێش هەن • لە سلێمانی كەركووك ، مووسڵ ، خانەقین بەشێك لە كوردستانی توركیەش‌دا نیشتەجێن •

پەیرەوانی ئەم ڕێبازە ، پێیان‌وایە ڕێ‌وڕەسمی ئەوان لە باری دەروونی‌یەوە ، دوایین پلەی گەیشتن بەخودایە • **یەكەم پلە** شەریعەت ،

دووەم تەریقەت ، سێهەم ڕاستی «حقیقت» واتا گەیشتن بـە خـــوایە •
هەروەك باسی دەکەین ، سۆفیزم لەسـەر ئەم بناخـە دانراوە ! مەبەستو بناخـەی رێبازەکـەیان بریتی‌یە لـــە ڕاستی‌یەك کە هۆی خولقـاندنی بوونەوەرانە • ئەم ڕێبازە پڕە لە نهێنی زۆر ، ئەوە خـــواوەندگار بە پەیامەرەکانی، خۆی وتووە «سّر نبوت» کە لە ئادەمەوە دەستی پێکردووەو گەیشتووە بە محەممەد • پاش ئەوە نهێنی پێشەوایی‌یان «سّر امامت»ە تا دەگـاتە مەهدی دوازدەهەمین پێشەوای شیعەو پاش نادیاربوونی ئەو دەگاتە پیاوە پیرۆزەکان کە سەرۆکی تەریقەتو قوتبی کاتی خۆیانن(١)•

وەك وتمان بڕوایان بە تەناسوخ هـەیە • واتا پاش ئەوەی کەسێك بمرێ ڕۆحەکەی دەچێتە لەشێکی‌تر • پێوەندی نێوان لەش‌و ڕۆح ئەو پـەنـداری زاتی‌یە • بەپێی ئەم چەمکە ئەگـەر کەسێك مرۆڤی چـاك بێ پاش مردن ڕۆحەکەی دەچێتە لەشێکەوە کـــە لەگەڵ ئەو بێتـــەوەو بەپێچەوانەش ڕاسـتە • ئەمەش بەهەشتی چاکـانەو ئەویش دۆزەخی مرۆڤ خراپانە • ئەوان بەم ئاڵوگۆڕە دەڵێن : «دونادون» • پێیان‌وایە لـە زاتی مرۆڤدا ، زەڕە یان تۆزقاڵێك لـە زاتی خوا هەیە کە هەمیشە لای چاکان لـە هاتووچوودایە ( مظهر به مظهر ) • ئەگەر لەش تەواو بێ ، خـوا لـەودا خۆدەنوێنێو وێدەچێ وەك ئەو بارەی عەلی لێ بێ • حـەوت خۆنیشاندانی یەك بەدوای یەکـدا هەیەو هەرجار خـوا (حق) لەگـەڵ چـەند پەری بە شێوەی یەکگرتوو لە لەشی خاکی‌یەکاندا ، خۆ نیشاندەدەن‌و دەچنـە ناخیانەوە کـە پێی‌دەڵێن «جامـە» یان « دون » • گەڕانەوەی ڕۆح بۆ تەواوکردنی سروشتەو دەبێ ڕێـگای گەشەکردن،

(١) توحفـــەی ناسری ، پێشوو پێنج وتار سەبارەت بە هۆزەکانی کورد ، لاپەڕی چل‌ویەك‌و چل‌وسێ •

بگرێتەبەر تا بگاتە پلەی شیاوی خۆی • ئەگەر پیاوچاك لە دڵەوە لە سەرچاوەی ڕاستی داوابکا بەشێوەیەکی تەواتر ، ڕۆحی دێتەوە ئەم سەرزەوی‌یە • عەلی تیشکگەی خوایەو لە هەردەورەدا لە لەشی پاكو چاکانی ئەهلی هەقدا ، خۆدەنوێنێ •

سەبارەت بە خولقاندن تەنیا لەسەر گۆمانەکانی بناخەکانی خولقاندن ، پێ‌دادەگرن • لە عونسورەکانی جیهان بۆ خۆیان بابەتێکیان پێك‌هێناوە کە شێوازی فەلسەفی‌و ئەفسووناوی‌یان پێ‌داوە وەك ئەفسانەی خۆنیشاندانەکانی خوا • پێیان وایە خولقاندن لە دوو پلەدا ، بەئەنجام گەیشتووە ، خولقاندنی جیهانی مەعنەوی‌و خولقاندنی جیهانی ماددی • ئەم بۆچوونە بە شێوەی ئەفسانە ، بە زاراوەی گۆران ، گوتراوەتەوە • وەك ئەفسانەی بەندەگی کە نیشانەی کاتی درێژخایەن‌و خۆگێل‌کردن وەك‌خۆنیشاندانەکانی زاتی حەق کە پێش خولقاندنی جیهان لەو جیهانەدا ، فەرمانڕەوا بووە • ئاو مرواری سەدەف ، نموونەی ئەفسانەی خولقاندن‌و بناخەی بیرو بۆچوونی ئەوانە • خوا لەگەڵ ٧ پەری، لە سکی دۆردا ، خولقاندوونی ، چەند جار لە شێوازی مرۆڤدا هاتوەتە خوارو بە چەند ناوی جۆراوجۆر ، لە چەند دەورەی جۆراوجۆردا بە ڕێك‌وپێکی لە لەشی هێندێك لە گەورەو پاکەکانی ئەم تایفەدا خوی نواندووە • لە یەکەم دەور دا خواوەندگار لە دون (یا)دا خۆی نواندو پاشان لە دون (علی)داو بەدوای ئەوەدا لە جامەی (شاەخوشین)و (باباناووس)و (سلطان أسحق)خۆی نواند کە پێنج دەورەیە :

دەورەی خولقاندن دەورەی مورتەزا عەلی ، دەورەی لورستان ( کۆتایەکانی چەرخی سێهەمی کۆچی )، دەورەی سەرکەت (چەرخی چوارەم‌و پێنجەمی کۆچی )و دورەی پردیوری ( چەرخی حەوتەمی

کۆچی ) • یەکـەم تەجەلی تەواو لـە عەلیدا بووەو دووەم لـە سوڵتـان ئیسحاقداو هەربۆیە ئەم دووە لـە بەرامبەر یەکەوەن • سوڵتان یـا دانەرو نوێکەرەوەی ئایینی ڕاستی‌یە •

سـوڵتان بە بوژاندنەوەی ڕێوڕەسمی ئەم ئایینە وەك سەرسپاردن ، گوێزی سەرشکان پیرودەلیلو پێك‌هێنانی کۆیە ئایینی‌یەکان (جەمخانە)و (ڕۆژووی سێڕۆژە)و سەرئەنجام ئایینی (قوربانی خزمەت) (نەزرونیاز)، هەنگاوێکی بەکەڵـکی لەوبارەوە ، هەڵگرتو پاش ئەو سەرۆکەکانیان ، ئەم ڕچـە دەکوتن(١) •

تێبینی لەسەر ئایینی یەزیدی‌یەکان پەیڕەوانی ئەم ئایینە بەمجـۆرە شێوازێـکی کۆمەڵایەتی‌یان هەیە :

ڕێکخراوی ئایینیو کۆمەڵایەتیان خەڵك دەکاتە ١٠ چین کـــە ئەرکی هەرکامەیان دیاریکراوو جیاوازەو جموجۆڵیشیان ، تێـدا نی‌یەو ڕۆڵەکانیان ، میراتگریانن •

١ ـ ئەمیر • ٢ ـ پەسمیر یان پاش ئەو • ٣ ـ پێشمین ، ئیمـام گەورەو ڕۆحانی خاوەن نفووز • ٤ ـ مەشایخ واتا ڕۆڵەکانی شـێخ عەدی دووەم • ٥ پیر واتا شێخی تۆبەدادەر • ٦ ـ هەژار واتا ئەوەی جیهـانی بەرەڵا کردووەو خەریـکی بەندەگی‌یە • ٧ پروپاگەندەچی یان (قوال) کە کاریان خزمەتکردنە لـــە سەرگۆڕیو ڕێوڕەسمی مـردوو ناشتنو بەشی ئایینی‌یەکەی بەئەنجـام ئەگەێنن ٨ ـ کوجك واتا چینی نەخوێندەوار کـە لە دەوروبەری گۆڕی شێخ عەدی ، خزمـەت دەکەن • ٩ ـ مرید • ١٠ ـ کۆمەڵانی خـەڵك کـە لە گشت مـەزایای

---

(١) سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕی چلوچوارو چلشەش •

ئایینیو کۆمەڵایەتی ، بێبەشنو نزمترین چینی کۆمـــەڵن(١) • وەك ئاگادارن بڕوا بەسیستەمی کۆمـــەڵایەتی بەستراو ، واتا چینێك کـــە ئاڵو گۆڕی بە سەر دانەیت، بڕوایەکی کۆنەپەرستانەو دواکەوتوانەیەو کۆمەڵو چینەکـانی لـە ئاڵوگۆڕدانو پلـەی کۆمەڵایەتی ئەندامـــان دەگۆڕدرێو چینی بندەست دەتوانێ ، بەهۆی خەباتو تێکۆشانو کەڵك وەرگرتن لە هەلومەرج ، زنجیری کۆیلەتی بپسێنێو ڕێـگای ڕزگاری بپێوێ • ئەو بۆچوونە نیشاندەری ئەو باوەڕە کۆمەڵایەتییەیە کـــە ڕێبەرانی ئایینی یەزیدییەکان ، ڕچەیەکی وایان بۆ پەیڕەوانی خـــۆیان کوتاوە کـە بۆ هـەتا هەتایە ، پێیـدا بچنو ئاڵوگۆڕی بەسەردا نەیەن ، تاخۆیان وەك چینی باڵادەستو فەرمانڕەوا ، ژیان بەسەربەرن • ئـــەم بۆچوونە دروست بەپێچەوانەی بۆچوونی «هەقە»یە •

بەمجـــۆرە دەبینین گـــەلی کورد ، بێجگە لە شێلانی قـوڕی دەرەبەگایەتیو تێپەڕکردنی ژیانی بزیو نەمری ئەو دەورە کـــە بارێکی کۆمەڵایەتیو دەورەیەکی دواکەوتوویە لەباری زەینیو مەعنـەویشەوە ئاڵقـــەی زنجیری بەندەگی زیـــاد کراوەو نەیانهێشتوە سەرنجـــی ڕاستییەکان بداو تێبگاو لێکیانبداتەوەو لـە ڕووی ڕاستییەوە ئاکامیـــن لێوەربگرێ • بە دانانی ئەرکی جۆراوجـۆری ئایینیو ملپێوەکردنی بۆئەوەی لێیان لانەدا ، دەرەتانی بیرکردنەوەو تێکۆشانیان بۆ بەدیهێنی ژیانێـکی مرۆڤانەیان لێ بڕیوە ! مشمەخۆرەکان لەو دۆخەدا شایلۆغانیان کردووەو تێکۆشاون پێشبە پێگەیشتوویو تێگەیشتوویان بـگرنو نەهێڵن هێڵێك لە زەوی مێشکیان بدەنو جیهان وەك هەیە بە هۆش بکێڵن ! هەر بۆیە لـە چـەرخی بیستەمدا ، زۆربەی زۆری ڕۆڵەکـانی گەلەکەمـان

(١) ئەم سەرچاوە ، لاپەڕی پەنجاو پەنجاویەم •

نەخوێندەوارو بێبەش لە ئازادیو سەربەستین • باری ژیانیان لەبار نییەو هەر ڕۆژ زۆردارێك بە پەلامارێك هەستو نیستیان هەڕروون هەڕروون دەکاو دەیانکا بە کەژو دۆڵداو هەڵوەدای چیاو چۆڵیان دەکاو بە کەساسی دەستی نیاز بۆ خێرەومەندان درێژ دەکەنو کەسایەتییان دەڕووخێو تووشی شپرزەیی دەروون دەبن !

## بەکورتی :

لە کاتی خۆیداو لە سەرەتای دانانی یاساکانی ئایینداو مەبەستی دانەرانی ڕێكوپێك کردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانو پاراستنی مافو سنووری مرۆڤایەتیو وەگەڕخستنی گیانی هاوبەشیو هاوکاری بەپێی دۆخی کاتی سەرهەڵدانی بووە • یاسادانەرانی لەوچەشنە لە زاناو پێشکەوتوویەکانی دەورو فەرهەنگی خۆیان بوونو بۆ لابردنی هۆی چارەڕەشی نەتەوەو خەڵکەکەیان ، هەوڵیانداوە • بەپێی بڕوا هێندێکیان لای کەسانی زاناو بەهێز ، ڕێنوێنی کراونو هێندێکیان گەڵاڵەی بەرهەمی مێشکی خۆیان کردووەتە دەسمایە •

ئایینەکانو ئامۆژگاریو یاسا بنەڕەتییەکانیان ساکارو شیاوی لێتێگەیشتن بوونو پەیڕەو کردنیان هاسان بووە • بەڵام بەرەبەرە بەپێی گۆڕانی کۆمەڵو بەربڵاوبوونتری پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ، بەندو لقوپۆیان پێ زیاد کردوونو بۆ شیکردنەوەی دۆخی تازە ، ڕێگاچارەی نوێ دانراوە •

ئەم ڕەوتە بە هەر شێوەیەك لێكبدرێتەوە ، ڕەوتی مێژوویییەو بمانەوێو نەمانەوێ ، ئەوە ڕاستی هەڵسوکەوتی جیهانی مرۆڤایەتییە • بەڵام ئەوانەی ئایینیان کردە ئامرازی ژیانو وەك چینی جیاواز لە

دەوروبەری گۆڕی پیاوچاکان یان ڕاڤەکردنی کتێبی ئایینی کۆبوونەوەو بەوجۆرە ژیانیان تێپەڕ کرد ، لق‌وپۆپیان پێ زیادکردو ئەوەندەیان شڕەوپڕەو شیشوکەیان پێوە بەست ، ئامانجی تایبەتی‌یان ونکردو بوونە هۆی ئەوە زۆرداران‌و قازانجویستان بیرو بۆچوونی زانا مەزهەبی‌یەکانیان خستە ژێر ڕکێفی خۆیان‌و لەژێر ئەو تەوژمەدا ، بەندەکانی ئایینیان بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی ئەوان‌و پاراستنی سنووری چین‌و توێژی داڕێژراو خوازراویان ڕاڤە کردو فێقهی فێئودالیان داناو خۆیان بە پەراوێزو کاروباری لاوەکی‌و گریان‌و لاواندنەوەو مەولوودنامەو میعراجنامە خوێندن‌و بەهەشت‌و فتوای مەلا کڕین‌و خێروخێرات ، دابەشکردن‌و شتی لەو چەشنە ، خەریك کردو لەگەڵ دۆخی چاخ نەهاتنە پێش ، پێیان لەسەر ئەو چوارچێوە داتاشراوەی کە کاکڵەکەی لەبن خۆی‌دا بوو ، داگرت‌و لە بەرامبەر ڕەوتی بەرەوپێش‌چوونی ژیان‌و زانست‌و هونەردا ، ڕاوەستان !

بەمجۆرە زۆربەی بەڕێوەبەرانی ئایین پشتی چەوسێنەرانیان گرت‌و ڕۆحی ڕخنەو بەربەرەکانێی ئایینەکانیان کەمهێز کرد . باری هاندانی خەڵك بۆ پێداگرتن‌و لەسەر نوێژو ڕۆژوو ، خێرو خێرات‌و هێشتنەوەی تۆڵە بۆ دواڕۆژ،بەهێز کراو هەستی پەلاماردان‌و مافوەرگرتنی خەڵکیان بێ‌تین کرد . ئەمە ئەرکی زۆربەی توێژی ڕۆحانی ئایینەکان بوو . ئەم دارودەستە لە زۆر باردا بۆئەوەی کۆمەڵانی خەڵك لە نهێنی‌یەکانی سروشت نەگەن‌و ڕاستی‌یەکانی ژیان نەزانن تا پتر ملکەچی ئەوان بن، پێشمیان بە خوێندنی زانستە نوێ‌و جۆراوجۆرەکان گرت‌و بێجگە لە فێر کردنی زانستە ئایینی‌یەکان ئەویش بەو بەرنامەو بەو شێوە ، دەرەتانی هەڵوپۆ هاویشتنیان نەداو خوێندنی‌تریان بە دەرچوون لە ئایین دانا !

ئەوەی دژ بە تاقانەپەرستی ڕاوەستاو بیری پڕوپووچی لەقـــاوداو گومبەزەپەرستی بە بوتپەرستی دانا ، بە مادەپەرستو دوژمنی خـــودا دانـــرا • بە هاندانی خۆرافەپەرستان نوێهێنەرانو دەرهێنەرانی کاکڵەی ئایینیـــان ، دایە بەر زەبروزەنـــگ ! بە کردەوەو بێ بەشداری کردن لە بەرهەمهێناندا ، بوونە هاوکاری چەوسێنەرانی کۆمەڵ•تەوەزەلی بوو بە پیشەیان ! هەرچەند یاسایەکی پڕواتایان بۆ چارەسەرکردنی پێـــوەندی سـەپانو وەرزێڕو کریـکارو فەرماندەر دانەناو ئەوەی لە سەدان چەرخ لەمەوبەرەوە دانرابوو دەستیان لێنەدا ، دەیان ماڵیـــاتی جۆراوجۆری ئایینی یان ، خستە سـەر شانی چەوساوەکـانو وەك وتمـان بێجگە لـــە چەندیەکی ئاغاو ماڵیاتی حکوومەتی ، لەسەریان وەك پێویست دانران کە ئەوانەش بدەن تا لە بڵێسەی ئاگری دۆزەخو تۆڵەی خوا ڕزگار بـــنو سکی خۆشیان تێر بێ !

لـە زۆربەی جێگای کۆمەڵی ئیسلامیدا ، زۆربەی کاتی ئاخوندو مفتیو مەلاو فەقێ ، بەو شتە لاوەکیانەوە ، تێپەڕ دەبێو سەدان لاپـەڕ لەسـەر بوونی جنۆکـــەو پەریو چـــۆنییەتی لەشو دەسـەڵاتیان شیدەکەنەوەو چوار لاپەڕ لەسەر مافی باڵەو سەپانو کرێکارو جووتیـار ، نەنەخشراوە !

ئەوەی ١٣٥٠ ساڵـــە نووسراوە ، دەستی لێنەدراوەو تەنیاشی کراوەتەوە • بڕیارە ئاشکراکان خراونەتە بنلێچو باسی گۆڕو ڕێك گوشینی مردوو ، جێگای ئەوانی گرتەوە •

هـەر باسی دادگـەری ئیسلام کراو گوترا ، دەسەڵاتمـان هـەبێ باشترین کۆمەڵ پێكدێنین • نەمردینو بە چـاوی خۆمـــان ویلایەتی تەواوی فـەقێو دەسەڵاتی ئاخوندو مەلامان دیو دادگـەریو ئەوانیش

کوجا مەرحەبا ! ئەوەی کردیانو دەیکەن نەك هەر لە ئایین دوورە ، بەڵکوو جیهانی مرۆڤایەتی شەرمی لێدەکا • زۆر موسوڵمانیان لە بەندەگی پەشیمان کردەوە • بەم شێوە ئایین وەك ئیدوئۆلۆژی ناتوانی گیروگرفتی پڕگرێوگۆڵی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ، چارەسەر بکاو بە زەبری چەك نەبێ، ئەویش لە بەشێك لەم خاکەدا ، ناتوانن کۆمەڵ بەڕێوەبەرن ! ئەوەی دامەزرێنەرانی ویلایەت فەقی لە ئێران کردیان سەدان ساڵو هەزاران نووسەری دژ بە ئیسلام ، لە ڕیسواکردنی ئایین‌دا ، نەیانکرد !

هەر کۆمەڵێك لە دیاردە تازەکانی کۆمەڵو بەرهەمی بیرو بۆچوونی کۆمەڵناسانو دەسکەوتە جۆراوجۆرەکانی زانستەکان ، کەڵك وەرنەگرێ ، ناتوانێ لەگەڵ کاروانی شارستانی‌یەت بەرەوپێش بچێو پێویستە لە جێ‌دا لە زەلکاوی بیرو بڕوای بەرتەسکی خۆی‌دا ، بخنکێ • مێشکی پووچەڵو بۆگەن ناتوانێ خاوەنی بیری ڕوونو بەپیتوبەرەکەت بێو پێویستە مرۆڤ بە چەکی زانستو بەتایبەت کۆمەڵناسیو ئابووری ، تەیار بێ تا بە ناسینی ڕابوردوو ئێستا ، نەقشە بۆ دوارۆژو داهاتوو دابڕێژێو لەگەڵ بەرەوپێش‌چوونی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان، بچێتە پێش • بەهۆی دانانێ شوێنی خراپی ئایین فرۆشان لەسەر برەوی ئایین ، خەڵکیش بەش‌بەحاڵی خۆی شوێنی لەسەر ئایین داناوەو زۆر جار بۆ تەوجی‌کردنی کردەوەکانی خۆیان ، پەنایان بردووەتە بەر قیلەشەرعی‌یە داتراشاوەکان • بڕیاری بنەڕەتیان خستووەتە پشت‌گوێو زۆر لە یاسا ئایینی‌یەکان ، تێکەڵاوی دابونەریتی نەتەوەکەمان بوون • ڕێبەری ئایینیش زۆرجار لەبەر پاراستنی بەرژەوەندی خۆی ، بڕیاری کەوتن یان نەکەوتنی ئەو تەڵاقە یان ڕەوا

بوونو ناڕەوابوونی ئەو کردەوەو ئەم ئاکارەی داوە •

بەرات واتا حەقدەست لەجیاتی زەکـــات پەسند کراوە ! ئەوەش بەرهەمی نیازە کە مەلا بەوشێوە یاسـا پێشێل دەکا • خانو ئاغا خزمەت بە مـەلا دەکەنو مەلاش بەرژەوەندییان ئەپارێزێ ! دۆخی مـەلای شیعە لەو دۆخە جیاوازەو بنکەو بنیاتیوایان هەیە کە ژیانیان دابین بـــکا • لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکی لەو چەشنەی خۆیان لەبیرناکەن •

شەریعـەتو فیقە ، لێك جیـاوازن • شەرع دەقی ئاینەو فێقـــە تێکەڵاوێـکە لـە بیرو بۆچـوونی دانەرو ڕافەکەر • بەرفراوانبوونی مـەودای شیکردنەوەی باسەکانی ئاینو فتوادانو خۆ بە ڕێبەری ئاینی زانین ، بووەتە هۆی ئەوە لـە کوردستانی ئێمەدا ، بەتایبەتی ســـەدانو هەزاران فەقولەو میرزاو کەمخۆێنو نائێگەیشتوو لە شـــارو گوندەکان ، زمانیان دەخەنە کارو ئاینی خوا شیدەکەنەوەو ڕێـگا ! بە خـەڵك نیشان دەدەن !

بڕیاری موسوڵمان بوونو کوفری ئەمو ئەو دەردەکەنو بێئەوەی تەنانەت خۆشیان لـە چوارچێوەی ئاین بـگەن ، دەچنـە بەحری بێبنو وەك بێچووە سونە دەکەونە مەلەکردن ! ئەگەر کەسێك بیهەوێ ئـــەو خراپ فێرکراوانە بخـاتە سەر باری ڕاستەقینە ، ئەن کـــاتی زۆری پێویستە یان تووشی ژیانی سەلمان ڕوشدی دەبێ !

دەڵێن کابرایەك دەگـەڕا بلوێری بە خـەڵك فێردەکرد ، ئەوانەی کـــە بلوێرژەنی ناوچەی خـۆیان بوون ، بۆ فێرکردنیان ٢٠ تمـــەنی لێوەردەگرتنو لەوانەی کە هیچیان نەدەزانێ ١٠ تمەنی ئەستاند •

## سەرهەڵدانی سۆفیزم یان تەریقەت لە کوردستاندا :

بەگشتی لە سەرهەڵدانی سۆفیگەریدا بیروبڕوای جۆراوجۆر هەیە • هێندێك پێیانوایە دیاردەیەکی نائیسلامییەو میراتی مەسیحییەتە کە لە فەلسەفەی نوێ ئەفلاتووندا ، ڕیشەی داکوتاوە • هێندێك پێیانوایە لە ڕیشەی فێرکردنەکانی زەردەشتەوە هاتووە •

دەستەیەك پێیانوایە میراتی ئایینی عیرفانی هیندییە کە بەهۆی ئێرانییەکانەوە ، گەیشتووەتە کۆمەڵی ئیسلامی •

نیکلسۆنو ماسینیون دوو ڕۆژهەڵاتناس ، پێیانوایە دیاردەیەکی ئیسلامییەو بەرهەمی بەندەگی توندی هێندێك مە موسوڵمانەکانی چەرخی یەکەمی کۆچییە(١) •

ئایا سۆفیگەری سەرچاوەی ئیسلامی هەیە ؟ یان بریتییە لە دژکردەوەی موسوڵمانە ئێرانییەکان لە بەرانبەر لەدەستدانی سەربەخۆییو سەربەرزیان بەهۆی زاڵبوونی عەرەبەکان بەسەریاندا ؟ لەبەرئەوە چەند وێچوون لەنێوان مەسەلە جۆراجۆرەکانی سۆفیگەری ئیسلامیو دابونەریتی ڕێبازە هیندییەکاندا ، هەیە ، هێندێك وەك وتمان بە بەرهەمی ئەوانی دەزانن • لە بیرو بۆچوونی فەلسەفی بەتایبەت فەلسەفەی نوێی ئەفلاتوونی سەرچاوەی گرتووە ، چوونکە لەنێوان فەلسەفەی ئیشراق «تیشکدانەوە»و سۆفیگەریدا ، چەند وێچوون دەبیندرێ • دوور لە شوێن دانانی فەرهەنگی گەلان لە فێرکردنەکانی خودی ئیسلامەوە ، سەرچاوەی گرتووە • گۆشەگیریو «رهبانیت»ی عیسەوی ، سەرچاوەی سۆفیگەری ئیسلامییە •

سۆفییەکان گشت ئەمانە ڕەتدەکەنەوەو پێیانوایە سۆفیگەری

---

(١) پێشەکی توحفەی ناسری ، لاپەڕی پەنجاوسێ •

کاکڵەو ناوئاخنی قورئانو وتەکانی پەیامبەرەو ئاکامی دوو حاڵەتی دۆزینەوەو دیتنی ( کشف‌و شهود )دۆستەکانی خوایە • هێندێك دەڵێن : تەواوی قورئان ، خوڵقێنەری ئەوانە یە هاوتا یان شەریك بۆ خودا دادەنێن‌و تاقانەپەرستی ، تەنیا لە ڕستەی سۆفیگەری‌دایە(١) هەروەها پێیان‌وایە گشت پەیامبەرەکان لە ئیبراهیمەوە تا موسای عیسا ، گشت سۆفی ڕاستەقینەن‌و ئیمام محەممەدی غەزالی پێی‌وایە عیسا سۆفی‌یەکی تەواوەو نموونەو شیاوی پەیڕەوی لێکردنە • وەك وتمان لە ڕوانگەی ئەهلی حەقەوە کە پەیامەرەکان پارێزەری نهێنی‌یەکانی خواوەندگارن‌و لە ئادەمەوە تا محەممەدو لەوەوە عەلی‌و دوازدە ڕۆڵەکەی ، گشتیان زنجیرەیەکن پێکەوە لکاون‌و خاوەن پێوەندی بە زاتی خواوە • ئەم بیرو بۆچوون‌و ئەندێشە لە نووسراوەکانی حافز ، سەنائی ، عێراقی ، هاتف ئیسفەهانی‌و هی‌تردا ، دووپات کراوەتەوە • بێجگە لەوە ، گشت ڕێبازەکانی سۆفیگەری لای شیعەو سوونی بەڵگەی زنجیرەی (گەورەکانی) خۆیان ئەگەیننە عەلی‌و (ئەبووبەکر)ی پەیامبەرو ناوی هێندێك لە یارانی پەیامبەر وەك سەلمان فارسی ، ئەبووزەڕ غەفاری‌و عیمار یاسرو میقداد لەو زنجیرەدا هاتوون •

لە ڕوانگەی کۆمەلایەتیشەوە چەند بیروڕا سەبارەت بە سەرهەڵدانی سۆفیگەری ، خراونەتە بەر باس : عیرفان‌و سۆفیگەری بەرهەمی هەژاری‌و ناهومێدی‌و لاوازی‌و بێ‌توانایی ، ئەندامانی کۆمەڵ‌و ئەو چینانەیە کە لە تامچێژتن‌و باش‌ڕابواردنی ژیان ، بێبەشن‌و لە بەرانبەر ستەم‌و تەوژمی سامانداران زۆردارەکانەوە ، بێجگە لەوە پەنا بۆ ئەم جۆرە خەیالانە بەرن ، چارەیەکیان نەبووە • هەربۆیە ئەم شێوە

(١) تأثیر طریقتها یا نظامهای عرفانی بر فرهنگ مردم مناطق کرد نشین ، نووسەر ، تاران ١٣٥٦ی هەتاوی ، لاپەڕی ١٠٣ ـ ١٠٢ •

ئەندێشە ، بەزۆربەیی لەنێوان چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵ وەك جووتیارو پیشەسازاندا ، سەری هەڵداوە • هێندێك لە خاوەن نەزەران بەتایبەت کۆمەڵناسان ، لەم بۆچوونە ڕخنەیان گرتووە • ئەمانە پێیانوایە : ئەم جۆرە دژکردەوانە لە بەرانبەر ستەمو بێدادگەری ملهوڕاندا نەك هەر چارەساز نی‌یە ، بەڵکوو ئەبێتە هۆی پاشکەوتوویی‌و ڕووخانی کۆمەڵ •

ڕاستی ئەوەیە لە چەرخی یەکەمی کۆچی‌یەوە ، بە هاتنە مەیدانی حەسەنی بەسری ، سۆفیگەری سەری هەڵداو بە بەشداری ئەورەژنی سۆفی ڕابیعەی عەدەوی‌یەی خەڵکی بەسرەو چەند پیاوێکی‌تر لە وڵاتانی ئیسلامی‌دا ، بەتایبەت لە ئێران ، پەرەی سەند • بەلام سەرخەتی ڕاپەڕینی سۆفیگەری وەك ڕاستی‌یەکی کۆمەلایەتی ، فەرهەنگی چەرخەکانی سێهەمو چوارەمی کۆچی‌یە • تایبەتمەندی سۆفیگەری لەم کاتەدا لەپێش بوونی پەرهێزکاری سۆفی‌یەکان لە بەرامبەر عیرفانەوە بوو • هەرچەند هێندێك لە سۆفی‌یەکان لە پلەی یەکەمدا عارف بوون ، بەلام توند نەبوونو تێکۆشان لە شەرعی ئیسلام لانەدەن •

لە چەرخی پێنجەمیش فەرهەنگی سۆفیگەری برەوی پەیدا کرد • چەرخی شەشەم لە گرنگترین دەورەکانی سۆفیگەری لە ئێرانە • لەپێش‌دا دەمارگیری ئایینی‌و تەوژمهێنانی خاوەن ئایینەکانو ناودێرکردنیان بە کافرو وەرگەراوە لە ئیسلامو کێشەی نێوخۆیی ، بوو بە هۆی ئەوە هێندێك مرۆڤی خاوەن شوورو شەوق ڕاپەڕنو لەژێر سەردێڕی « ئاشتی گشتی »و « یەکبوونی ڕێبازەکان »و لەنێوبردنی « شەڕی ۷۲ نەتەوە » ، پتر لەجاران سۆفیگەری بکەنە ڕێبازی ئەوینو خۆشەویستی‌و بەو شێوە بیناسێنن •

هەروەها لەم دەورەدا ، بەرەبەرە بیرورِای فەلسەفیو کەلامی هاتە نێوجەرگەی بیری سۆفیگەریو عیرفانەوە • ڕووداوی دلتەزێنی هێرشی مغول کە لە چەرخی حەوتەمدا دەستی پێکردو بوو بەهۆی تێکڕمانی چوارچێوەی باری کۆمەلآیەتیو نزمبوونەوەی باری ماددیو مەعنەوی کۆمەڵ لە ئێران ، سەرهەڵدانی هێندێك زانای سۆفی ، بەدواوە بوو کە هەڵگری پارێزەری بیرورِای عیرفانیو فەلسەفی چەرخی ڕابووردوو بوونو بوون بەهۆی ئەوە ئەم ڕێبازە جارێکی تر بردو پەیدابکاو ڕەنگی تازە بە خۆوە ، بگرێ(١) •

ئامرازی ناسین لای سۆفیو عارف ، زەوقو چلەکێشانەو پێیان وایە بە پەرهێزکاری دڵی ڕووناك دەبێو کە خاوێن بووەوە دەبێتە جێی نووری خواو تیشکی زانی ئەو لە دڵدا ، هێلانە دەکا • سەرچاوەی زانین دڵەو ئەوە کە زانستە تایبەتییەکانی ئەم ڕێبازە وەردەگرێ • دوو ڕێبازی کونی فەلسەفەی زەوقی (اشراق)و فەلسەفی بەحسی ، ئەمەیان پێوایە :

هەستەکان ئامرازی ناسینو مێشك سەرچاوەی ناسینەو هۆش گرنگترین ئامرازی ئەم کارەیە • لای زانستە ئەزموونییەکان ، ئەزموونو لێکۆڵینەوەو ئاکام وەرگرتن لە پلەکانی لێکۆڵینەوە بە پاڵپشتدان بە بناخە بنەڕەتییەکانی هۆشەوە ، ئامرازی ناسینن • ئەوڕۆ هۆشو ئەزموون ، پێکەوە لە ناسینی یاساکانی سروشتدا ، پلەی مرۆڤیان ، بەرزکردۆتەوە(٢) •

---

(١) پێشەکی توحفەی ناسری ، پێشوو ، لاپەڕی پەنجاوسێ تا پەنجاو پێنج •

(٢) تأثیر طریقتها ... پێشوو ، لاپەڕی ١٠٤-١٠٣ •

وەك وتمان غەزالی عیسای مەسیحی بە نموونەی سۆفی ناودێر کردووەو بۆخۆی بناخەدانەری ڕێبازی فەلسەفەی زەوقیو ئیشراقی‌یە • شەهابەدین سوورەبەردی خەڵکی ناوچەی بیجاری کوردستانی ئێران کە لە چەرخی پێنجەمی کۆچیدا ، ژیاوە لە پەرەپێدانی ڕێبازی ئیشکدانەوە یان «مکتب اشراق»دا وەدوای غەزالی کەوتووەو لەو مەیدانەدا ، گرێوگۆڵدارترین باسە فەلسەفی‌یەکان ، نادیارترین دیاردە عیرفانیو زەوقی‌یەکان ، هەڵماڵاوترین چەمکە هۆشی‌یەکانی خستووەتە نێو ڕافەکردنی نوێیو ڕەنگو بۆنی هەستی (حس) لێداون • چەند داستانی ساکاری هەڵبژاردووەو خستوویەتە نێو قاپۆڕی هەڵماڵراوی‌یەوە • دەنگی جیبرئیل ، شارستانی گیان ، ڕۆحی ئاوەدان ، هۆشی سوور ناکوێ ئاواو شتی لەوچەشنە ، داهێنانی ئەونو بەداخەوە خزمەتی بە زمانەکەی خۆی نەکردووە[1] • یەحیا یان شەهابەدین میراتگری تێکەڵ بوونی فەرهەنگەکانو بەرەو ڕووبوونی بیروبڕواکانو دامەزراندنی سیستەمە فەلسەفیو مەزهەبیو کەلامی‌یەکان ، بوو و شتە تایبەتەکان بە دوو ڕێبازی شیعەو سوننی ، شێوازیان ، پەیدا کردبوو •

لە زەمانی ئەودا سۆفیگەری پاش تێپەڕبوون لە ڕێگای پێچەڵپێچی دژایەتی‌یەکان ، مۆرکی پەسندی لێدرابوو • گەشتی دەروونو ڕافەکردنی دەقەکان لەسەر بناخەی ناسینی دەروونی بەهۆی عارفەکانو ئیسماعیلی‌یەکانەوە ، زەینی زۆر لە زانایانی بەخۆوە خەریك کردبوو • بەهۆی ڕخنەکانی غەزالی لە فەلسەفەی ئەرەستوو ئیبنی‌سیناو پەرەدان بە ڕێوشوێنێ کەلامیو ڕافەکردنی نەترسانەی سۆفی‌یەکان لە دەقەکانی

---

(۱) مکتب اشراق ، نووسەر ، زانستکەی تەوریز ۰۳۵۷ی هەتاوی ، لاپەری ۱۷۰ ـ ۱٦۹ •

قورئانو ئاشتی‌دانی فه‌لسه‌فه‌و ئایین ، ئیتر فه‌لسه‌فه‌و ژێربێژێ یونان وه‌ك دوژمنی سه‌ره‌کی «وحی» تماشا نه‌ده‌کرا . به‌لام باری سیاسی ڕێـگای به فێربوونی فه‌لسه‌فه نه‌ده‌دا . له‌وکاته‌دا فه‌لسه‌فه جم‌وجۆلی وای نه‌مابووو ته‌نیا سۆفیگه‌ری بره‌وی هه‌بوو ، چوونـکه ئه‌م تاقمه به‌پێچه‌وانه‌ی ڕای هێندێك که‌س ، هیچکات لـه دامه‌زراندنی بناخه‌ی بیروڕای خۆیان‌دا ، مه‌به‌ستیان خه‌بات له‌گه‌ڵ زۆرداران نه‌بووه (شتی به‌ده‌گمه‌نیش یاسانی‌یه). سووره‌به‌ردی لـه ئاکامی ئـه‌م دۆخه‌دا ، به نزیك‌کردنه‌وه‌ی بیروڕای جۆراوجـــۆر ، ڕێبازێـکی سه‌ربه‌خۆی به ناوی «حیکمه‌تی ئیشراق» پێك‌هێنا . به‌م جۆره توانی فه‌لسه‌فه ، له بێ‌بره‌وه‌ی ، ڕزگار بکاو ڕه‌وتی گه‌شه کردنی بناخه‌ی ڕێبازه ڕافه هه‌ڵگره‌کانی دانا .

ئـه‌م فیلسۆفه کورده ، ئایه‌ت‌و وته‌کانی ئیسلامی به بۆچوونی عیرفانی‌و فه‌لسه‌فی‌و ڕافه‌کردنی سۆفیانه ، ته‌وجی‌کردووه . ته‌وجی‌کردنه‌کـانی ئیشراقی‌و تیشکدانه‌وه‌یه‌و پێی‌وایه ئه‌وه‌ی له هێندێك جێگا باسی کردووه «روح القدس» پێگه‌یاندووه (١) .

ئه‌و پێی‌وایه ڕاستی یه‌ك شته‌و له‌به‌رئه‌وه له گه‌مارۆی ده‌سته‌یه‌ك‌دا نی‌یه ، هه‌رکه‌س لـه تێکۆشانی خۆی‌دا ، به‌رهه‌می ده‌بێ‌و ئه‌وه‌ی زانست ده‌به‌خشێ «عقل فعال»ه‌و فه‌لسه‌فه ، عیرفـان ، سۆفیگه‌ری‌و ئایین ، بـــه ڕاسته‌قینه‌ی خوا ده‌گه‌ن‌و ته‌نیا ڕێگایان له یه‌کتر جیاوازه .

ڕافه‌کردنیان جیاوازه ، ده‌سته‌یه‌ك به‌نهێنی باس‌ده‌که‌ن‌و هه‌رچـــه‌ند ئامانجیان یه‌کـه ، ئه‌بنه هۆی ڕێ لێ ون‌بوون . خـــاوه‌ن بیروڕاکان سه‌رنجی واتا ده‌ده‌ن ، نه‌ك وشه . ئه‌و پێی‌وایه نابێ کێشه‌ی ڕسته‌کـــان یاریت پێ‌بـکه‌ن . لـه هه‌ر هه‌زارکه‌س ٩٩٩ که‌سیان کوژراوی ڕسته‌ن‌و

---

(١) مکتب اشراق ، پێشوو ، لاپه‌ڕی ١٧٦ ـ ١٧٢ .

له واتا هەواڵیان نی‌یەو پلەکانی ڕاستەقینەیان لە برەو خستووە • ڕاستەقینە یەك هەتاوەو چەندان بوونی قەڵاو کۆشکەکن ، کە ڕواڵەتی ئەون ، نابێتە چەند دانە • شار شارێکەو درگاکان زۆرن • لای ئەو نوور ، ڕاستەقینە هەڵماڵراوەکانو هۆشەکانی یونانی‌یەکانو ئیمشاسپەندانو ئیزەدانی ئێرانیو مەلایەکەتی ئیسلامی ، پێکەوە لە خۆیدا کوکردووەتەوەو هەموویان دەگرێتەوەو لە نزیك‌کردنەوەی بیروڕاکان، دەوری کاریگەری ، هەیە(۱) •

## پێوەندی فەلسەفەی ئیشراق لەگەڵ سۆفیگەریو عیرفان :

لەباری مێژوویی‌یەوە ، پێش سوورەبەردی چوارچێوەی فەلسەفەی ئیشراق ، دیاری نەکرابوو ، هەربۆ یە چەند کەسێك وەك خەییامو غەزالی کە ناوی خوازیارانی ناسینیان نووسیوە ، لە تیشکدانەوەو خاوەن بڕواکان بەم ڕێبازە ، ناوێکیان نەبردووە • لەڕاستی‌دا تەنیا باس باسی فیلسۆف ، متکلم ، عارفو سۆفی بووە • تەهانەوی پێی‌وایە خوازیارانی ناسین دولقن : ئەوانەی وەشوێن نەفس کوشتن (ریاضت) کەوتن ئەوانە لە خێڵی دینیو سەرنجدانن • بە قسەی ئەو ئەگەر ئاکارو ڕەفتار لەگەڵ شەرع یەك بگرێتەوە ، ئەوە سۆفی پەیڕەوی شەریعەتە ، دەنا دەبێتە فیلسۆفی ئیشراقی • لەڕاستی‌دا ئەمە ئەو پێوەندی‌یەیە کە لەنێوان کەلامیو فیلسۆفدایە کە پێیان‌دەڵێن خاوەن بیروڕا • کەوابوو گرنگترین پێوەندی نێوان ئەوان بریتی‌یە لە گەشتو رەفتار (سیرو سلوك )و دۆزینەوەو دیتن (کشفو شهود) لە ناسین‌داو لایەنی جیایشیان پاڵدانەو پاڵنەدانەوە بە شەرعەوەیە کە لە هەردووك لاینەوە ، بۆ

---

(۱) هەر ئەم سەرچاوە ، لاپەڕی ۱۸۲ – ۱۸۰ •

هەڵوەشانەوە دەبێ ، لەبەرئەوە ئیشراق خـــۆی بە شەرعەوەیە نزیك دەزانێو لـە ڕواڵەتدا سۆفی لە شەرع دوورە • مەگەر بڵێین سـەرنجی دەروونی شەرع دەدەن ! هاوبەشی‌یەکانیان بریتی لـەوە ، هەردووکیان قورئانو حەدیث یاو وتەکانی پەیامبەر (د•خ) تەوجی دەکەن •

باریکی‌تر جیاوازیان ئەوەیە کـە فەلسەفەی ئیشراق بە پێی‌داگرتن لەسەر زەوقو دیتن (شهود) سەبارەت بە بەڵگەهێنانەوە پێ‌داگرتن لەسەر هۆش کـــەمتەرخەم نی‌یە • لەکاتێکدا عارف پێی‌وایە لاقی بەڵـــگە هێنەرەوان لـە چێوە • هـەردووکیان بە بوونەوە ڕێك بە ناوی «قطب»و خاوەن دەسەڵات چ لـە ڕواڵەتو چ لـــە دەروونەدا ، بڕوایان هەیە • لەبەرئەوە عیرفان وەك ڕێبازێـکی تایبەتی بەهۆی ئیبنوعەرەبی‌یەوە لـــە ڕۆژئاوای جیهانی ئیسلام بە شێوەی تێکەڵاوی‌و تێکخستن دامـــەزراوە ، هەڵسەنگاندنی ئەم دوو ڕێبازە بەوردی شیاوی ئەم جێگانی‌یە(١) •

لای سوورەبەردی نوور واتا ئـــەوەی بوونی پێویستەو نووری نوورەکانە•لای غەزالی خودایەو کەمو زۆر لە نووری نوورەکانیش کەڵکی وەرگرتووە • خـاوەنی پەسنە ، زاتی سەرهەڵدانە بۆ خۆیەو لەسەرپێی خۆیە ، بۆ هێمای هەستی نابێ‌و ناچێتـە ناو لەشەوەو خاوەنی شـوێن‌و لایەن نی‌یە ، لەخۆی دەگا • زیندوو و تێکۆشەرەو لە زاتی خـۆی‌دا ، بەخشندەیە(٢) •

بێینەوە سەر شی‌کردنەوەی چـەند بیروڕا سەبارەت بە سۆفیگەری• ئەوەی کـە دەڵێن بریتی‌یە لـە دژکردەوەی موسوڵمانە ئێرانی‌یەکان لە بەرامبـەر دەسەڵاتی عەرەبەوە ، بۆ چوونێکی دروست نی‌یە • چونـکە

(١) مکتب أشراق ، پێشوو ، لاپەڕی ١٩٠ ـ ١٨٩ •
(٢) هەر ئەم سەرچاوە ، لاپەڕی ٢٠٤ ـ ٢٠٣ •

وەك وتم بەندەگی کردنی سۆفی ، هیچکات بە مەبەستی هەڵوێست گرتنی شۆڕشگێڕانە دژ بە زۆردار ، نەبووە • زۆریان بەڕواڵەت خۆیان نـــە سامانی جیهـــان پاراستووە لەکاتێکدا بە شێوەی خۆیانو بە ناوی خەرجی خانەقاوە ، سامانیان پێکەوەناوەو خێزانیان لە خۆشیدا ژیاوە •

دیارە لـــە چەرخەکانی یەکـــەم تا شەشەمی کۆچیدا ، لـــەو پەرهێزکارانە هـــەبوون ، ئەوەندە لـــە حەشیمەت دوورکەوتوونەتەوەو تێنەکۆشاون پارەو نانێك بۆ خۆیان پەیدا بکەنو بوونەتە سەرباری خەڵكو تەنانەت بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی خۆشیان هەنـــگاویان هەڵنەگرتووە! ئەگـــەر شێخو مرید ئەم ڕەوتە بگرنە پێش ، مەگەر جنۆکە بیانژێنێ •

ئاکامی ئەم لێکۆڵینەوە ئەوەیە ، ئایینی سۆفیو دەروێش تێکەڵاوێکە لـــە ڕێبازە جۆراوجـــۆرە زەینییەکانی گـــەلانو لـــە هـــەڵبژاردنی لقوپۆپەکەیدا، بۆ چوونی تاقەکەسیو هەلومەرجی مەڵبەندی ژیـــان ، شوێنی کارێکەری لەسەر داناوە(١) •

بەپێی دۆخی کاتو شوێنو پەرەسەندنی ڕێبازە عیرفانییەکان لـــە سەرانسەری ڕۆژهەڵات بەتایبەت لـــە ڕۆژهەڵاتی نزیكو نێوەڕاستدا ، ئەو ڕێبازە بە چـــەند لقوپۆپیەوە ، گەیشتە کوردستانو ئـــەو خەڵـــکە نیازپاكو ساکارە کـــە بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانی ئیسلام ، ملیان پێوە نەبوو ، بۆ زیاتر خـــەریك بوون بە باری ڕۆحییەوە ، هاتنە مەیدان • بەمجۆرە فەرهەنـــگی عیرفانیو بنکەو بنیاتی تایبەت بە ڕێبازە عیرفانییەکان لـــە کوردستاندا جێگایان خۆش کرد • پەیڕەوانی شەرعو مەلاو زانایان لەگـــەڵ خاوەنەکانی ئەم کۆچوبارە ، تێکهەڵچوون ، بەڵام زۆری نەخایانە لەبەر ئەوە مـــەلا ژیانی لەلایەن خەڵـــکەوە دابین دەکراو زۆربەی خەڵکی

---

(١) تأثير طريقتها ••• پێشوو لاپەڕی ١٠٧ ـ ١٠٦ •

ساویلکەش کەوتبوونە نێو ئـەو داوە ، ئەویش یان بە دڵ یان لەبەر نان ، هاتە مەیدان و ئاڵای پڕۆپاگەندی بۆ هەڵگرتن !

باسی توندو بەڵـگەی پەسندو ناپەسند کردن لە حوجرەو مزگەوت و کۆڵان و ماڵان و بازاردا ، دەستی پێـکردو تـەنانەت نووسین و پـەردە هەڵگرتن لەسەر ڕاستی و هەروەها پیلان گێڕان و سەروکەپۆڵ شکانیش ، هاتنـە کـایە • باس ئەوەبوو ئەگـەر ئیسلام و ڕچەکەی ڕاستە ، تەریقەت بەری چ گیایەکە ؟! پێوەندی گرتن لـە زەین دا لەگەڵ شێخ و پەنابـردنی مرید لـە کاتی ڕووداوی دڵتەزێن دا بـــە شێخ و پەسن و پێداهەڵگوتنی تایبەتی ، لەگـەڵ تاقانەپەرستی و بەندەگی خوا ، یـــەکی نەدەگرتەوەو ئەوانیش بۆ سەلماندنی ڕاو ڕێبازی خۆیان ، هێندێك بەڵگەیان د هێناوە کە لێرەدا بە بەشێکیان هێما دەکەین •

شێخ ئەمینی نەقشبەندی کـە کتێبی «تەسەوف چی یە ؟»ی نووسیوەو پێی وایە پاش ئەوە مرۆڤ بـــە کوێرەوەری سەرچـــاوەی زاوزوو پەرەسەندن و گەشەکردنی مرۆڤ و گیانلەبەران و ئاڵوگۆڕی سـروشتی دیتـەوەو زانی خـاوەنی ئەم گشت هێزەو خاوەنی ئەم گشت جیهـــانە خوایە ، هێندێك لـە مرۆڤ بۆ بەجێ هێنانی گشت فەرمانەکانی ئـــەم گەورەیە ، هاتنـە مـەیدان و ئەم بەندەگی یە بوو بە پیشەی زۆر لـــەو خاو ن هۆشانەو وای لێهات بەهۆی ئیشراق یان تێـگەیشتن لـــەوپەڕی جیهانی سروشت ، بە ئامانجی خۆیان گەیشتن • ئەمـە بوو بە بناخـەی تەسەووفی کۆن • لە درێژایی مێژوودا بەردەوام دەبێ تا دەگاتە چـەرخی سەرهەڵدانی ئیسلام •

بەشێکی تر لە ئادەمیزاد ویستیان بە کەڵك وەرگرتن لـــە هـۆش و لێکۆڵینەوە ، خوڵقێنەرو هەڵسووڕێنەری ئەم جیهانە بناسن و بەمـــانەش

دەڵێن : «فیلسوف» • بەڵام ئەمانەیان تائێستا بە ئاوات نەگەیشتوونو ئەوەی پێشوو بەدرۆدەخاتەوەو نەیشیتوانیوە تائێستا ڕێگایەکی زانیاری بۆ ناسینی خاوەنی جیهان بدۆزێتەوە • ئەم هەوڵە بۆ دۆزینەوەی هەڵسووڕێنەرو تێکۆشان بۆ خۆنزیک کردنەوە لەو پەروەردگارەو ئەنجامدانی فەرمانەکانیو لەوپێیەدا ، دەس هەڵگرتن لە هەمووشتو هەمووکەس ، تا ئەو کات بەو ئامانجە بگەن لەو هێزە تێبگەنو لە خۆیانی ڕازی بکەنو تەنیا بەو پشت ببستنو هەوڵ بۆ دڵنیابوون لە بوونو چلۆنایەتی ئەو هێزە بدەن «تەسەووف»ە ، درۆ نییە بڵێین لە سەرەتای هاتنی مرۆڤەوە ، ئەم دیاردە زەینییە هەبووە • چوونکە بریتییە لە شەیدابوونو گەیشتن بەوپەڕی سروشت واتا متمانەو یەقین(١) •

ئەوەی مامۆستا نەقشبەندی بۆی چووە ، لەڕاستیدا ڕەت کردنەوەی ڕەوتی بەرەوپێش چوونی مێژووی کوێرەوەری مرۆڤەو نکوولی کردن لە بڕینی قۆناخەکانو پلەکانی گەشەکردنی زانستیو کۆمەڵایەتییە • دروست بۆ پێچەوانەی ئەو بۆچوونە ، مرۆڤی سەرەتایی لەبەر گێژیو کاسیو بێتوانایی هۆشی خۆی ، لەپێش دا سڵی لە دیاردەکانی سروشت کردووە بە خوڵقاندنی توتم ، تاشینی دارو بەردو مس لەو شتەی کە پێیوابووە خوڵقێنەر یان خاوەن دەسەڵاتی دیاردەکانی سروشتە هێزی نهێنی هەیە ، هاتووەتە مەیدان • قەت بەوجۆرە زەینییە خوڵقینەری نەپێکاوەو تازە دەیانو سەدان خوای خوڵقاندووەو لە بەرانبەر لەشو پەیکەریاندا ، کڕنۆشی بردووە • هەر لەم بەشەدا ، ئەو ڕەوتەم خستووەتە بەر باسو بە بەڵگە وبە لەبەرچاوگرتنی دۆخی ژیانو

---

(١) تەسەووف چییە ، ئەمین نەقشبەندی ، بەغداد ١٩٨٥ ، لاپەڕی ٤١ ـ ٣٧ •

فەرهەنگ‌و گەشەکردنی کۆمەڵ ، ئەو ڕەوتەم ڕوون کردووەتەوە • ئەم شێوە چاوبەستنە کــە پیشەی ئەوکەسانەیە تەنیا بۆ نەخوێندەواری گێــل باشــەو لای زانا بێ کەڵــکە •

سەبارەت بەو پەسنەی کــە بە فیلسۆفانی داوە کەتا ئێستا لە ناسینی خوڵقێنــەردا ، سەرگەردانن‌و بــــە ئاوات نەگەیشتوون ! پێویستە بڵێم : بێجگە لــە فەرهەنــگی پڕبەری ڕۆژهەڵات وەك چین‌و هینــد کــــە ڕۆڵەکانیان لە ٨ هـــەزار ساڵ لەمەوپێشەوە هــەم سەرنجی سروشتیان داوەو هــەم بۆ خوڵقێنەر ، گــەڕاون‌و ڕایان دەربڕیوەو بناخەی زانستی مادی‌و فەرهەنــگی‌و مەعنەوی‌یان داڕێژاوە ، لــە نزیکەی ٤٠٠ی پێش زایینی‌یەوە ، فیلسۆفان‌و بناخەدانەرانی زانستی نوێ ، لـــــە ئورووپاو بەتایبەت لە یونان ، باسی خواناسی‌یان کردووە بۆ سەرچاوەی جم‌وجۆڵی بوونەوەر کــە دەبێ هەڵماڵراو (مجرد) لە مادە خاوەن‌هێزو بەدەسەلات بێ ، گــەڕاون‌و ڕای خۆیان دەربریوەو لە مەیدانی دۆزینەوەی یاساکانی سروشت‌و لێکدانەوەی دۆخی جیهان‌و تێڕوانین بـــەو جۆراوجۆرەدا ، تێکۆشاون • کــەچی مامۆستا ڕەنجەکەیانی بە فیڕۆ داوە ! سەیر ئەوەیە مامۆستا بیروڕای ئەرەستوو ، سوقرات ، ئــەفلاتوون زینون ، هیـــراك لیتوس ، پارمێندس‌و دەیانی‌تری بە گاڵتە گرتووەو بەوچەشنە ئاوڕێــکی بۆســەر کتێبەکانی الکندی ابن‌سینا ، امــام محمــد غزالی ، فــارابی ، ابن رشد ، سوورەبەردی ، فخر رازی مەلاسەدراو ئەحمەد ئەمین ، لــە فیلسۆفانی ئیسلامی ، نەداوەتەوە کــە چۆن وەفریای کەلامی‌یەکــان کەوتوون‌و لەکــاتی پەرەسەندنی هۆشی مرۆڤدا کــە بە بەڵگەی ساکــار ڕازی نەدەبوون ، خــــواشناسی‌و شی‌کردنەوەی ســـــروشتیان بەپێی هەل‌ومەرجی ئەوکات ، خستە بەر باس‌و بناخەی خواناسینیان بەپێی توانا پتـــەو کردەوە •

بێجـــگە لـەوە تائێستا ١٤٠ زانا بە زانستە ئەزموونییەکان وەك ئەنشتــەین و بیشا سەبارەت بە بوون و هێزی مەوجوودێکی نائاسایی کــە ڕێك و پێکی و نەزمی لـەم جیهانەدا ، خولقاندبێ ، حەیرانن و پاش ئـــەو گشت دۆزینەوەو بەرەوپێش چوون و خولقاندنی ئامرازی نوێ ، نکوولیـان لـەو زاتە نەکردووە • بەکورتی ئـەو گشت ئامرازەی من و مامۆستا ئەمین لـە ژیانماندا کەڵکمان لێ وەرگرتووەو هەزارانیشمان نەدیوە ، بەرهەمی هۆشی بەپیتی فیلسۆفان و میراتگرانی ئەوانن • بناخەی زانست لەســـەر زانیـاری یە تیئۆری یەکانی فەلسەفە دانراوە کەچی مامۆستا دەڵێ ئـــەو گشت هۆشە کە گەردیلەی سمیوەو ئەو گشت ئامرازە سەرسووڕهێنەرەی خولقاندووە ، بە خولقێنەر نەگەیوە ، بەڵام مرۆڤێکی بێ ئامراز وەك خۆی دەڵێ : شێت بەو دەشت و دۆڵ و چیاوچۆڵەدا ، گەڕاوەو بەو هیچ ئامرازە ئەمپەڕی سنووری سروشتی کون بەکون و قوژبن بەقوژبن ، پشکینەوەو گەیشتووەتە ئەوپەڕی سنووری سروشت و بە دۆزینەوەی تایبــەتی و دیتنی ئەوتۆ (کشف و شهود) ، خولقێنەری دیوەو بە متمانە گەیوە !!! من گلەم لــە مامۆستام نی یەو هەرکەس بۆ بازاڕ گەرمی کوتاڵی خۆی و بەرهــەم و کــاروباری تێدەکۆشێ ، گلەم لەوکەسانەیە بەونووسینەدا چوونەتەوە ، ئـــەو بەراوژوورکردنەوەیان پەسند کردووە ! ئەڵێ زانا یونانی یەکانی کۆن و فیلسوفەکان پێلاوی زۆریان لــەو ڕێــگایەدا دڕی و هێندێکیان بە زانستی پڕمتمانە ( علم الیقین ) گەیشتوون • بەڵام بەڕاستی متمــانەیان « حق الیقین » نەگەیشتوون[١] • ئەم زاراوانە لە فەلسەفەداو لە زاراوە فەلسەفی یەکاندا نین و مامۆستا لــــە فەرهەنگی ئیسلامەوە هەڵگرتوون و ئەوانی پێی سەرکوتکردوون !

---

(١) هەر ئەم سەرچاوە ، لاپەڕی ٤٢ •

ئەگـەر زانین بەمتمانەوە وەك دیتنی شوێنەوارو دیتن وەك دیتنی شتە كـە بە چـاوی سەرو هەست پێكردن‌و گەیشتن بە شت‌و باوڕهێنانی ڕاستەقینە یان «حق الیقین»ئەو پلەو قۆناخـانە بێ كە فیلسوفان بۆ گەیشتن بە ئامانجیان تێپەڕیان دەكەن‌و وەك مامۆستا دەڵێ تەنیا سۆفی دەتوانێ ئەو ڕێـگایە ببڕێ‌و ئەویش بە زەین‌و لە مەیدانی خواناسیندا ، دەبێ بڵێین ئەوەی فیلسوفان پێی گەیوون ، پووچە ! دەڵێ فیلسوف بە هۆش دەپێكی‌و هۆش توانای بەرتەسكەو لـە جێـگایەك ڕادەوەستێ ! كـــەچی كاری خواناسین لەوپەڕی خویدا بێ‌بنەو شتی ڕادەبۆدانراوی وەك هـۆش ، ناتوانێ شتی بێ‌ڕادە بناسێ • هۆش ئەگـەر گەمارۆی شتێك نەدا ، ناتوانێ بیناسێ‌و هی‌تریش فێربـكا • ـهۆش پێش‌و پاش‌و دیتراوو نەدیتراوی بوونەوەرو جیهـان ناناسێ ، هەربۆیە ، ئەو زانیارییە پان‌وبەرینـــەی ( خواناسێ ) نی‌یە • زانیاری ئەوپەڕی سروشت مەعنەوی‌یەو پێوەندی بە ڕەوان‌و دەروونەوە هەیە •

لە بازنەی مادەدانی‌یەو هەربۆیە بە ئامرازی مادی (هۆش) ناتوانێ بە زانیـاری دەروونی بـگا • هۆش بە ٥ هەستەكەیەوە ( كە ٩یە نەك٥) ناتوانێ بچێتە پشتی پەردەی سروشت • كـەوابوو دەبێ بـە ئامرازی خۆی لێ‌بگەڕێین كـە بریتی لـە ڕێـگەی «ڕەوان» یان مەعنەوی‌یەت • ڕێـگای فیلسوف هی هۆشەو ڕێـگای سۆفیگەریش «مەعنەویاتە» یـان خاوێن‌كردنەوەی نەفس ، تا نووری خواو جیهانی تێـدا دەركەوێ • واتا «أشراق» دەس‌بدا(١) •

ئەگەر مەبەستی مامۆستا لـە ڕەوان ، ڕۆحـە ، خوا بە پەیامبەری فەرموو : «بڵێ ڕۆح لە ئەمری خوادایە » • ئەگـەر مەبەستی ویژدانە ،

(١) ئەم سەرچاوە ، لاپەڕی ٥٠ ــ ٤٨ •

بۆچوونی هەرکەسە جیاوازەو بەوپێیە « حق الیقین »ی هەرکەسەش جیاوازە • ئێمە زۆر جارو توومانە ، دۆزینەوەی نهێنییەکانی سروشت بە بایەخدان بە ئەزموونو بە پاڵپشتدان بە هۆشەوە دەگونجێو هۆش تەنیا وەك لەپێش شۆڕشی زانستی ئورووپادا شتێکیوای نەکرد ، لە مەیدانی پشکنینی ئەم سروشتو کۆمەڵەشدا ، زانیارییەکانی قووڵ نییە • وتمان هۆش لە مەیدانی زەیندا ، لێنگ داران دەکاو بەڵگەی بۆ سەلماندن دەوێو داروپەردووی سروشت پێشی بینا گرێو دەچێ تا بە سەرچاوەی خوڵقاندن دەگاو لە مەیدانی ئەزموونداو بە ترازووی لێکۆڵینەوە زانستییەکان خوا بەو شێوە ناناسرێ ، کەچی جەنابی ئەو ئامرازەشی بێکەڵك کردو تەنانەت بە دەمەزەردکردنەوەش ، توانایەکەی نەسەلماندووەو بۆ خواناسین ئامرازی دەروونو ڕەوانو شتی لەوچەشنەی هێناوەو بەتەواوی لە فەرهەنگی ناسراوی زانستی ، دوورمان دەخاتەوە !

من وتم ئەو ئاوڕەی پێویستە مامۆستا نەیداوەتەوە بۆسەر فەلسەفەی پێشو پاش ئیسلام ، ئەوا ئەو قسەم بەمە ئەسەلمێنم کە خۆی لە لاپەڕی ٥٦ی ئەو کتێبەدا نووسیەتی : تێکۆشان بۆ تێگەیشتن لە ڕێگای هۆشەوە ، لەو ئامانجە بەئاکام ناگا ، هەر بۆیە خواناسی زانیارانو فیلسوفانو تێگەیشتوانی بەر لە ئیسلامو دوای ئیسلام ، تێگەیشتوانی ئیسلامو غەیری ئیسلام ، لە ئێستەو لە کۆنەوە ئەم جۆرە تێگەیشتنەیە کە باسمانکرد • بەڵام ڕێگای تەسەووف بۆئەوەیە کە بە گرتنەبەری ئەو ڕێگایە بگەینە « علم الیقین »و شایەد « حق الیقین» • بەمجۆرە مامۆستا گاڵتە بە خواناسیو لەبنەڕەتدا ناسینی زانایانی پێش سەرهەڵدانی سۆفیگەری دەکاو تەنیا خەلسەو ڕابیتەو دووری لە

جیهان ، کەقــەت کاری زۆر لــە شێخەکانی کوردەواری نەبوو و هێندێك ڕێوڕەسمی‌تر ئەویش دوور لە گۆڕەپانی هۆش ، دەکــاتە ئامرازی خــواناسین‌و تێەربوون لەسنووری یاسا سروشتی‌یەکان‌و ڕمبازێن لــە مــەیدانی ئەوپەڕی سروشتدا !!

دەڵێ چوونــکە فیلسوفەکان بە ئاوەزیان هۆش بۆ خواناسی پشتیــان بەستووە ، گەیشتوون بە «واجب الوجود»و «مثلی» ئەفلاتوونی‌و «حادث‌و محدث» یان قدیم کــە تەنیا بۆ ئامۆژگاری دەبن • هەر بۆیە لەوپێیەدا خوا فەرموویەتی « أدع الى سبيل ربك بالحكمة والموعظة الحسنة وجـادلهم بالتى هى احسن » : لە ڕێــگای زانیاری‌و ئامۆژگاری باشەوە ، خــەڵك بانگ بــکە بۆ لای خواپەرستی‌و لەگــەڵیاندا بە باشترین شێوە باس‌و لێکۆڵینەوە بــکە(١) • واتە ئەو شێوە خواناسینەش پەسند ناکاو دەیهەوێ ڕابــگەیێنێ تەنیــا ڕێــگا ڕێــگای سۆفیگەری‌یەو تا موسوڵمان نەبێتــە سۆفی خواناناسێ ! داخوا پەیامبەرو یارانی بوونە سوفی‌و خوایان ناسی‌و بە خەڵــکیان ناساند یان نا ؟

**بناخەی سۆفیگەری ئیسلامی :**

وتمــان ڕێبازە زەینی‌یەکانی سۆفیگەری ، پێیــان وایە ڕێبازەکەیان لــە یارانی پەیامبەرەوە ، پێیان گەیشتووە • هێندێك وادەزانن ڕابیعــەی عەدەوی‌یە ، عیرفانی لە ڕاهێبەکانی مەسیحی وەرگرتووە • یان هێندێکیان لــە هینــدو یونان‌و ئیشراق‌و ریازەتی ئەوانی دەزانن • شێخ ئەمین بــۆ سەلماندنی ئەوە کــە سۆفیگەری ، سەرچاوەکەی ئیسلامــە ، دەڵێ : سۆفی بە تاك‌و تەنیایی خــوداو پەیامبەر بڕوای هەیەو بڕیارەکــانی ئیسلام

---

(١) سوورەی النحل ١٦ ئایەتی ١٢٥و هــەر ئەو سەرچاوە لاپەڕی ٥٨ ـ ٥٧ •

بەرێوەدەباو لـە چوارچێوەی شەریعەتدا ڕێ‌دەپێوێ‌و لێی‌لانادا‌و بـــە ڕێ‌ئاڵەت‌و نهێنی دەروونی ئایین‌و فەرمانەکانی قورئان ، بڕوای هـــەیە • بێجگە لەوە بەنهێنی بۆ گـــەیشتن بە « عين اليقين وحـــق اليقين » تێدەکۆشێ •

بە وتەکانی پەیامبەرو چـەند ئایەتی قورئان بەڵگەی بۆ هێناوەتەوە • وەك چاکـە ئەوەیە : جۆرێك خوا بپەرستیت وەك ئەوە دەیبینی • ئەگەر تۆ نەیبینی ئەو تۆ دەبینێ •

الذين يذكرون الله قياما وقعودا وعلى جنوبهم ويتفكرون في خلق السموات والارض ربنا ما خلقت هذا باطلا سبحانه فقنا عذاب النار : آل عمران (١٩١) : ئەوانەی لـە کاتی ڕاوەستان‌و دانیشتن‌و ڕاکشـــاندا ، بیر لـە دروستبوونی ئاسمانەکان‌و زەوی دەکەنەوە یادی خودا دەکەن‌و دەڵێن خـــوایا ئەمانەت بە بێهودە نەخوڵقاندووە ، گەورەیی هەر بۆ تۆیەو لـە سزای ئاگر بمانپارێزە(١) •

سۆفیگەری بریتی‌یە لـە زەوق‌و چێژتن‌و تیشکدانەوە • ناســـین لە ڕێـگای ئـەزموونی ! ڕۆحی‌یەوە وەدەستدێ • هەروەك وحـــی‌و میعراج بەهۆش شی‌ناکرێنەوە ، ئەمیش مەیدانی هۆش نی‌یە • گۆڕەپانی جموجۆڵی وا لـە ئەم کـەون‌و تەونەو زەوق‌و بوونەوەری دەروونی‌و تیشکدانەوەی نووری خودادا • تا نەی‌چێـژێ ناتوانێ هەستی پـێ‌کاو ئەزموونی ڕەوانە ، نـەك ڕای زانستی •

تەسەووفی ئیسلامی بریتی‌یە لـە پەیڕەوی لـە ئایینی ئیسـلام • سۆفی بەووردی‌و بەدڵەلەرزەوە ، ئەرکـە پێ‌ئەسپێردراوەکانی ئیسـلام

---

(١) هەر ئەم سەرچاوە لاپەڕی ٦١ ــ ٦٠ •

بەئەنجام ئەگـــەیێ • سەرەڕای ئەوە بریتی‌یە لـە پەیڕەوی دەروونیو ویژدانی لـە ئیسلامو ئەنجامدانی ڕاستەقینەو گەوهەرو کاکڵەی ئیسلام بـە دەروونو بە دڵو بە گیـان • ئیمانی سۆفی تەواترەو بە متمـانەیەکی تەواوە ، پەیڕەوی لـە شەرع دەکـا • سۆفی تەنانەت بیر لـە دژایەتی ئاینەوە ناکـاو خەریـکی ئەنجامدانی کردەوەی چاکەو دڵو دەروونی ئەبێتـە هێلانەی چاکە • ساتێك خـوای لەبیرناچێ ، لەبەر خۆشـەویستی خوا ، فەرمانەکانی جێبەجێ دەکـــاو ئازارەکەشی پێ‌خۆشە • ڕێڕەوی ئەو کەڵەمێردانەیە کـە ڕەفتاریان موویەك لە ڕێـــگای شەرع لانادا • تەسەووف جەوهەری ئیسلامو شەریعەتە • عابد کەسێکە تەمەنی خـۆی بۆ بەندەگی تەرخـان کردبێ • عارف بە کـــەسێك دەڵێن کە بەردەوام هۆشی ها بەلای گـەورەیی خواوەو خوازیارە خوا بە لوتفی خۆی دڵو دەروونی ڕوون بـکاتەوە • دەکرێ کەسێك هەم زاهید بێو هەم عارفو بەوکەسە ئەوترێ سۆفی • تەسەووف تێکۆشانێکە بۆ گـەیشتن بە پلەی خواناسی لـە ڕێـگای هەستی دەروونەوە کـە بەزەوقو دیتن نەك بـە چـاوی سـەر بەڵـکوو بە چاوی دەروون کـــە پێی‌ئەوترێ «بصیرت» هەست‌ئەکرێ(١) •

بەپێی ڕای شێخ ئەمین نەقشبەندیو بە لەبەرچاوگرتنی شی کردنەوەی خۆیو ناوەڕۆکی کتێبەکـــەی ، لەباسی ئامرازی ناسین‌دا، هەستەکانو هۆشو ڕێـــگای ئەزموون بۆ ناسین پەسند ناکاو دەڵێ ئامرازێکی‌تر کە بریتی‌یە لـە چێژتنو زەوقو تیشکدانەوە ، هـەیەو بەوجۆرە بە دیتنـی دەروونی ، بەندە خوا دەبینێو بەندەگی بۆ دەکا • ئەگەر وتمان عەقڵو هۆش لەگـەڵ ئەزموون هێشتا نەیانتوانیوە بەمتمانەوە لافی خـواناسین

(١) هەر ئەم سەرچاوە ٦٦ ـ ٦٣ •

بدەن ، هێچ ئادەمیزادێـکی خـاوەن بڕوا بە خوڵقێنەر ، کاریگەری هۆش بۆ بەڵـگە هێنانەوە لەڕێـگای شوێنەوارەوە بۆ سەلماندنی خولقێنـەر ، ڕەت ناکاتەوە • وادیارە قسەی بەناوبانگ کـە کێشمە سۆفیو فیلسوفێك باسی دەکـا ، ڕاستە • سۆفی سکاڵا لـە فیلسوف دەکاکە خەڵکینە ! ئێمە دەڵێین سەرچـاوەی ناسین دڵەو ئەو دەڵێ مێشکە • فیلسوف وتی : ئێمە دەمێکە دەزانین مێشکتان بەتاڵە ! ئەوانەی خۆیان بەوجۆرە بە سـۆفی دەزانن ڕەخنـەم لێ نەگرن ، ئەوە باسەو مەیدانی کێشمەی بیرو پێنووسە• ناوبراو دەڵێ سەرچاوەی سۆفیگەری ئیسلامە ! نازانم لە کامە ئایەتو ڕەفتـاری پەیامبەر (د•خ)دا ، خەتمەکردن گۆشەگیریو کارنەکردن ، مـاڵو مناڵ بەجێهێشتنو بەرد بە کۆڵ کێشان بۆ ماڵو خانەقـای شێخو ئامادەکردنی ژیانی خۆش بۆ خێزانی شێخ ، فەرشو مەڕو مانگاو زێڕو زیوو پارە بردن بۆ شـێخو دەیان شتی وەك دەسو لاق مـاچ کردنو هەڵبەزینەوەو پشت بەستن بە هیمەتی شێخ ، هاتوونو پەیامبەرو یارانی ئەو ڕچـەیان کوتاوە ؟! •

سەبارەت بە ئایەتی ١٩١ی آل عمران پێویستە بڵێم زیکری خوا لە بارەکانی وەستانو دانیشتنو ڕاکشاندا ، مەبەست لەبیرنەکردنی فەرمانو بڕیارەکانی خوا لەگشت بارێکدایەو نـکوولی نەکردن لـە گەورەیی و توانایی ئەو نەك چێـژتنو هـەستی دەروونی ، ئەوەش تاقە ئەرکی بەندەگییە •

تەنیـا تێکۆشان لـە زەینداو بێ ئەوەی لە سنووری هـەستەوە تێپەڕیو چێژتنو دیتنی لەو چەشنە ئەگـەر ناسینیوا هەبێ ، نـە هۆش دەیپێکێو نە خوایش بۆ ناسینی خۆی ڕێـگایوای نیشـانداوە • زانـاو نەزان وەك یەك نینو خـوا پەسنی زانای کردووەو ئەو چەشنە زانینەش

دەسکردی سۆفی‌یە • بەوجۆرە کـــە ئەو دەڵێ سۆفی ساتێك خـــوا لەبیرناکا ، ئەی چۆنە بێجگە چـەند کـەس وەك شێخ محی‌الدین کبری کـە لە بەرامبـەر ستەمکاردا ، ڕاوەستان ، هیچ خانەقانشینێك نەیتوانیوە دژ بەوان ڕاپەڕێ‌و هەمیشە بە ناوی خواپەرستی‌یەوە ، تەنیا داو‌و دەزگای خـۆی پاراستووە •؟

عـابد تەواوی تەمەنی بۆ بەندەگی تەرخان دەکاو بەم‌پێیە دابین‌کردنی ژیانی ژن‌و منـداڵ‌و هاریکاری لەگـەڵ ئەندامانی کۆمەڵ بۆ گەیشتن بە ئامانجی هاوبەش ، چۆن دەکرێ ؟! کەسێکی وەها ناتوانێ لە جەرگـــەی کۆمـەڵدا بژی مەگەر ئەوە بارێ بەسەر خەڵکەوە ( ولا تكونوا كلا على الناس ) • بەڵـگەی بە ئایەتی « فمن كان يرجو لقاء ربه فليعمل عمـــلا صالحا ولا يشرك بعبادة ربه احدا »[١] هێناوەتەوە • ئەوەی دەیهـــەوێ بە خوای خۆی بـگا باکردەوەی باشی هەبێ‌و کەس لە بەندەگی کردنی ئەودا بەشدار نەکا • یان ئەوەی دەیەوێ پاداشتی خۆی وەربـــگرێ‌و پێی بگا،با کردەوەی باش واتا بێخەوش بۆ خوا ئەنجام بدا • نەك بۆ ریاو فریودان[٢] ئەوەی سۆفی لـە پێـوەندی لەگـەڵ شێخ‌و بەرهێزکـاری لەوچەشنەدا ، ئەنجامی دەدا ، نەك هـــەر لەگـەڵ تاتانەپەرستی‌دا ، یەك‌ناگرێتەوە ، بەڵـکوو ئەو پەسنانـــەی بە شێخی دەدا ، بەکردەوە هاوبەش‌و شەریك بۆ خوا دادەنێ !

ئەو گشت هێرشەی کردووەتە سـەر فیلسوف‌و فەلسەفە ، کـەچی لـە لاپەڕی ٧٤ی کتێبەکەی ئایەتی ٢٦٩ی بەقەرە ( ومن يؤت الحكمة فقد أوتي خيرا كثيرا ) : هـەرکەس حیکمەت یان بەڵگەناسینی دیاردەو

---

(١) الکهف ١١٠و لاپەڕی ٧٠ی تەسەووف چی‌یە •
(٢) تفسیر شبر ، پێشوو ، لاپەڕی ٢٩٩ •

ڕووداوەکان یان فەلسەفەی پێ بدرێ خێرێکی زۆری پێدراوەی کردووەتە پەسنی ســـۆفیو دەڵێ چوونـکە سۆفی خواناسەو حیکمەت  بە واتای خواناسییە ، کەوابوو ئەم ، خێرە زۆرە ، بە سۆفی دراوە ! هەروەها لەو لاپەڕەدا ئایەتی : « هو الذى بعث في الاميين رسولا منهم يتلو عليهم آياته ويزكيهم ويعلمهم الكتاب والحكمة وان كانوا من قبل لفى ضلال مبين(١)»ی کردووەتە بەڵـگە بۆ ئەوەی سۆفی خاوەن حیکمەتو زانیاری دەروونەو کـەوابوو دەبێ بە پەیرەوی کردن لـە شەریعەت : خۆی بڕازێنێتەوە، بە پاك کردنەوەی دەرونیش ئامادەبێ • پاك کردنەوەکە لـــە ناپاکی کوفرەو ڕووی قسەکـە لـە عەرەبەو  مەبەست لـــە کتێب قورئانەو حیکمـــەت شەرعەکانی پێشوویەو دەڵێ هەرچەند لەپێش‌دا لە ڕێ‌لێ‌ون‌بوون‌دا بوون‌و ڕێـگای بێهوودەیان دەپێوا(٢) •

ئایەتی‌تریش لەوچەشنە هەن‌و باسی سۆفیگەری تێدانی‌یە : ( وانزل الله عليك الكتاب والحكمة وعلمك ما لم تكن تعلم ) النساء ١١٣و ئایــەی ١١٠ی المائدة کـە کتێبو حیکمەتو تەوراتو ئینجیل بەعیسا فێر کراوەو مەبەست لـە کتێب لە ئایەتی یەکەم قورئان‌و لەحیکمەت بڕیارەکانەو لە ئایەتی دووەمیش‌دا ، بەو واتا هاتوون(٣) •

ئەدیبو زاناو کەڵەپیاوی مەیدانی ئەدەب ، مەولەوی تاوەگۆزیش پێی عەقڵو هۆش بە شکاو دەزانێو لە مەیدانی خواناسین‌دا پێی وایـــە هۆش نەخۆشە :

---

(١) الجمعه ٢ •
(٢) تفسير شبر ، لاپەڕی ٥١٦ •
(٣) ئەم سەرچاوە لاپەڕی ١٢٥ •

کەناری سەحرا نادیاری یە
بینایی عقوول ئاو مرواری یە .

( ضیق النفس ) یە هەناسەی نایە
دانش دەلیل پێی ( عرق النسا )یە .

عرفان بەوانە حاصڵ کە دەوێ
بەوپێی ئەو سەحرا چلۆن تەی دەوێ ؟

چاکواتە خەیاڵ بی‌تەقریب نەکەین
مەعلوومە تۆو تۆو ئێمەیچ خۆ **ئێمەین** .

واتا خواناسین بەو هۆش‌و زانستە نەخۆشەوەو بەو عەقڵ‌و فامە کوێرە نابینایە چلۆن جێ‌بەجێ دەبێ (٤) .

بەداخەوە ئەم زانا کە زانیاری زۆریشی لەسەر فەلسەفەی دەورانی خۆیشی نەبووە ، تووشی ئەم ڕێبازە بووەو شەرع‌و هۆش‌و بەڵگەی شەرعی ، بۆ خواناسی بە ناتەواو ناسیوە ! کەچی بۆ خۆی ڕای کەلامی‌و فیلسووفی لەسەر وجوودی خواو حادس‌و قەدیم بەپێچەوانە ڕاگەیاندووە! سەرنجی الفضیلەی بەشی حادس‌و قدیم بدەن . هەر ئەو مامۆستا کە دەبێ ئیشراق‌و تیشکدانەوەو ڕووناکی دەروون بە ئامرازی ناسینی خودا بزانێ ، دەڵێ ئیشراق لای حەکیمەکان بریتی‌یە لەوە کە نووری عەقلی‌یەکان ، دەرکەون‌و بدرەوشێنەوەو سەرڕێژ بکەن بەسەر نەفسی تەواو لەکاتی ڕووت‌بوونەوەی‌دا ، لە هەموو مادەیەکی جیسمی‌و لای خودی ئیشراقی‌یەکان بریتی‌یە لە ڕێبازی بەیرەوکراویان کە لەگەڵ

---

(٤) عقیدەی مرضیە ، ڕاڤەی مەلا عبدالکریم مدرس ، بەغدا ١٩٨٨ لاپەڕی ٢٨ ـ ٢٧ .

ڕێبازی هۆشی ئەرەستوو جیاوازە(۱) •

لـە تاقانەپەرستشی‌دا ، بەندە دەیهەوێ لاسایی خوا بکاتەوەو خۆی بەوەوە بشوبهێنێو پەسنەکانی وەربگرێ ، لەوکاتەدا سۆفی دەبێ خۆی بە شێخەوە ، بشوبهێنێ وەك چۆن موجتەهیدو ڕێبەری ئایینی لـــە لایەن موسڵمانی پەیڕەوەوە ، پێویستە ئەو یاسایانەی موجتەهید دەیڵێ پەیڕەوی لێ بـکا • لێرەدایە کە مەولەوی دەڵێ :

چی بۆ موجتەهید هەس بەر لە موقەللید
لەسەر مورید هەس نیسبەت بە مورشید(۲)

واتا سۆفی دەبێ ئەوە بکا کە مورشید دەیکاو خۆی بـــە پەسنەکانی بڕازێنێتەوە •

نامهەوێ لـە مەبەستی سەرەکی کـە بریتی‌یە لـە هێماکردن بـــە شوێنەواری دوولایـنـەی سۆفیزمو کۆمەڵی کوردەواری لەسەر یەکتر ، دووربکەومەوەو ئێستا دەچمەوە ، سەر باسی گەیشتنی تەریقـــەت بـە کوردستانو کردەوەو دژکردەوەی خەڵك لەبەرانبەری‌دا •

وەك دەزانین ڕێبازی سۆفیگەری لـە چەرخی شەشەم‌دا ، بە شێوەی ڕێك‌وپێك کراو بۆ جێبەجێکردنی نیازەکانی نامادی خەڵك ، هـــاتە مەیدانو چەند لقی لێ پەیدابوو •

۱ ــ تەریقەی تەیفووری‌یە •
۲ ــ مەلامەتی‌یە • ۳ ــ ڕەفاعی‌یە • ٤ ــ کوبرەوی‌یە • ٥ــ چەشتی‌یە
٦ ــ سوهرەوەردی‌یە • ۷ ــ شازلی‌یە • ۸ ــ مەولەوی‌یە • ۹ــ جەلالی‌یە •

---

(۱) عقیدە مەرزیە ، پێشوو ، لاپەڕی ۸٤٦ •
(۲) هەر ئەم سەرچاوە ، لاپەڕی ۸٤۲ •

١٠ ـ بەکتاشی یە • کە هەرکامەیان تەکیەو بارەگای خۆیان هەبووەو لە ناوچە یان چەند ناوچەی ولاتانی ئیسلامیدا ، نیازی مەعنەوی خەڵکیان جێبەجێ کردووە(١) •

**تەریقەتەکانی تەسەووف لە کوردستاندا :**

لە کوردستاندا چوار تەریقەت ئێستا ماون • تەریقەتی نەقشبەندیو قادری لەنێوان کوردی سوننیو «نعمت‌الهی»و «خاکساری» لەنێوان کوردی شیعەدا ، لایەنگریان هەیە • ئەوانەی کوردی شیعە بەکورتی دەناسێنینو هی کوردی سوننی زیاتر باسیان دەکەین •

**تەریقەتی نعمت الهی :**

سەرکردەکەی سەید نورالدین نعمت‌الله کرمانی یان « شاه نعمت‌الله ولی»ە کە لە بنەماڵەی پێنجەمین پێشەوای شیعەکانە • لە ماهان کرماندا ، خانەقایەکی بەناوبانگیان هەیە • چەند نمیلکەی سەبارەت بە دەروێشگەریو سۆفیگەری نووسیووەو لقوپۆپی خانەگاکەی لە شاری کوردنشینی کرماشاندا هەیە •

**تەریقەتی خاکسارییە :**

سەرکردەکەی جەلالەدین حەیدەرە ، چەند کتێبی عیرفانی وەك تحفەء درویشو گنجینة أولیا» لەم دەستە بلاوبووەتەوە • هەژارەکانی خوازیارو سواڵکەرنو خەریکی پەسن پیاگوتن بە گەورەکاندانو بەم شێوە ژیانی خۆیان تێپەڕ دەکەن ، قسە دەگێڕنەوەو وتار بلاودەکەنەوە • لە کرماشان خانەقایان هەیە • حاج میرزا تاهیری نەقیب سەرپەرشتیانە •

(١) توحفەی ناسری پێشوو ، لاپەڕی پەنجاو پێنجو پەنجاوشەش •

## تەریقەتی قادری‌یە :

ئەم تەریقــە کۆنترینی ئەمانەیەو سەرۆکەکــەی عەبدولقادری گەیلانی‌یە کــە یەکێك لەعارفەکانی چەرخی شەشەمە • کوڕی موسا زەنگی‌دۆست کــوڕی عــەبدوڵاو کوڕی یەحیای گەیلانی‌یەو نازناوی «محی‌الدین»ەو لە بنەماڵەی ئیمام حەسەنەو ٤٧٠ یان ٤٩٠ لەدایك‌بووەو لە ٥٦١دا لــە بەغدا مردووە • تەریقەتەکەی لە دوو ڕێــگاوە ، دەگاتە ئیمــام عەلی‌و لەوەوە دەگاتە پەیامبەر (د•خ) • پەیڕەوانی کەپێیان‌دەڵێن دەروێش ، بەئاشکرا یادی خوا دەکەن‌و ڕێ‌وڕەسمی تایبەتی خــۆیان دەپارێزن • ئەم تەریقەتە لــە گشت کــوردستانی ئەوکات بڵاوبووەوە ، بەڵام پێشوازی خەڵك لــەم تەریقەتە ، لــە کۆتایەکانی چەرخی ١١و سەرەتاکانی چــەرخی دوازدەی کۆچی‌دا ، بەرچاوە • لەوکاتەدا هێندێك لــە سەیدەکانی بەرزنجی ڕوویان تێکرد • یەك لــەوان ســەید ئیسماعیل قازانقایی کوڕی ســەید محەممەدی نودهی بوو • لە بەغدا وەری‌گرت‌و لــەو گوندە ، برەوی پێ‌داو لــە ناوچەکانی کوردستان ، خەڵك لەدەوری کۆبوونەوە • چوار جێگری دیارکرد : ســەید ڕەزا دێلێژی سەید عــەلی برای شێخ محەممەدی برازای‌و مــەلا عەلی سووسێ‌یی • شێخ مــەعروف نودەهی یەکێك لــە شێخە بەناوبانگەکانە • ئەو لە شێخ عــەلی وەرگرت‌و چــەند کتێبی نووسیووە • کاری دەرس‌گوتنەوە بووەو لەگــەڵ مەولانا خالید ئەوکەسەی تەریقەی نەقشبەندی هێناوەتە کوردستان ، تووشی کێشمە بوو و پەسنی «درۆزنی» بۆ دانا(١) •

## فێرکردنەکانی تەریقەتی قادری‌یە :

وەك وتمــان ئەم ڕێبازە کۆنترین ڕێبازی لەو چەشنەیە کــە لــە

(١) توحفەی ناسری پێشوو لاپەڕی پەنجاوشەش پەنجاوهەشت •

کوردستان جـــی‌پێی پەیدا کردووەو بەم‌جۆرە خەڵـکی پـــەروەردەیان فێر کردووە .

١ ــ بەخشین واتا چـــاوپۆشی کردن‌و مل‌دانواندن لە بەرانبەری ئەوەی‌دا دەکرێ‌و دەبێ .

٢ ــ لەسەرەخۆبوون‌و بێدەنگی پیشەکردن دیارە لە بەرانبەر هــەر ملهوڕی‌و ستەمێك‌دا .

٣ ــ هێما . نازانم بە چی ؟

٤ ــ ئاوارەیی‌و غەریبی بێ‌نیشتمانی‌و هەمیشە گەڕان‌و نەچـــوونە ژێر باری ئەرکی کۆمەڵایەتی !

٥ ــ پەشمینەو کۆتاڵی زبر لەبەرکردن‌و بەناو ئازاردانی لەش‌و لــە واتادا بۆ فریودانی خەڵـکی ساویلکە .

٦ ــ گــــەڕان‌و ڕانەوەستـــان . واتا نیشتەجێ نەبوون‌و ئــەرك وەئەستۆنەگرتن‌و کۆمەڵ بە هیچ گرتن‌و بەشداری نەکردن لــە کاروباری کۆمەڵایەتی‌داو جێ‌بەجێ نەکردنی ئەرکی پێ‌ئەسپێردراو .

٧ ــ هەژاری . واتا دەسکورتی‌و بێ‌سامانی‌و بە سەرباری ژیان تێپەڕ کردن‌و مل‌کەچی بۆ پاروەنان‌و نکوولی نەکردن لە زۆرو ڕازی بوون بــە چەوسانەوە ! عەبدولقادری گــــەیلانی دەڵێ : هەژارەکــــا دنە بدەن ، هەژاری‌یەکەیان قبووڵ بکەن ! هەژاران‌و بن‌دەستان لەم ڕێبازەدا ، ڕێگای ئەوەیان نی‌یە داوای مـــافی خۆیان بـکەن‌و لــە زۆردار ڕخنەبـگرن ! چوونــکە بە بڕوای ئەو سامان‌و دەسەڵات شیاوی پلەی کەسایەتی هەژار نی‌یەو هەر بۆ خاوەن‌دەسەڵات باشە(١) .

---

(١) تأثیر طریقتها ، پێشوو ، لاپەڕی ١١٠ ــ ١٠٩ .

با ئەوەش بڵێین لــە فێرکردنەکانیاندا ، جـاروبار لــە بابەتیی‌وا کەڵك وەروەگرن کـەبۆ پەروەردە کردنی ئینسـان بەکەڵکە • بێجگە لەوانەی وا باسیان ناکەن ، ئەو بابەتە بەزۆربەیی بۆ خەڵکە نەك شێخ‌و دەوروبەری • بۆنموونە دەروێش‌بوون ، تەوبە کردنە • ئەوکەسە لــە بەردەم شێخ‌دا ، بەچۆکەوە دادەنیشێ‌و دەستی لە دەستی ئەو دەنێ‌و لــە کردەوە خراپەکانی پەشیمانی دەردەبڕێ‌و بەڵێنی دەدا جارێکی‌تر تووشیان نەبێتـەوە • شێخ پاش بردنی ناوی خواو پەیامبەر (د•خ)و زنجیـــرەی شێخەکانی ئەو ڕێبـازە ، بە مرید دەڵێ ئەو شێخانە بە شایەت بـگرێ لــە ڕێـگای ڕاست‌و ڕێبازەکەی لانەداو ئەرکە پێویستەکانی بەئەنجام بـگەیەنێ لەگـەڵ خەڵك‌دا بەویژدان بێ‌و ملهوڕی نەکـاو موی سەری نەتاشێ‌و پاك‌و خاوێنی ڕابگرێ • پاش ئەوە سێ ڕۆژ بەڕۆژوو بێ‌و هەشتاهەزار جـار « لا اله الا الله »و پاش هەر نوێژە ، سەد جار « استغفر الله» بلێ •

لــە تەکیە ئاڵقەی زیـکر دەگێڕدرێ‌و بەپێی توانا بە دەروێش ڕێـگا دەدرێ کاری دوور لە باو بـکا • واتا بەرد بخوا ، سیخ لــە خۆی بدا ، خنجـەر بە سك‌و لاگوپی‌دا بـکاو شیشە بخواو سیمی کارەبا لە خۆی بداو شتی لەوچەشنە • زیکریان ئاشکرایە کە دادەنیش‌و پەپلە دەدەن‌و ۲۰۰ جـار لا اله الا اللەو ۳۰۰ جـــار الله بە دەنـگی نەرم‌و پاشـــان هەڵدەستن‌و پرچی خۆیان بەردەدەنەوەو بەئاڵقە بە دەنـگی دەف‌و تەپڵ ، هــەرا دەچێتە ئاسمان • پێیان‌وایە بـــەم هەراو هوریایە بە ڕاستەقینەو خاوێنی ڕوح دەگـەن‌و پێیان‌وایە تام‌چێژتنی لەش لەم بەزمەدا ، دەبێتـە هۆی خۆشی ڕۆح‌و هەشت ئاهەنگیان هەیە :

۱ ــ ئاهەنـگی الله حەی الله •

۲ ــ ئاهەنگ لــە پەسنی پەیامبەر •

٣ ـ ئاهەنگی یار عەلی مەولاعەلی •

٤ ـ حەسەنی و حوسینی •

٥ ـ مەدەد یا غەوسی گەیلانی •

٦ ـ ئاهەنگ بۆ شێخ و مامۆستاکانیان •

٧و٨ ـ ئاهەنگەکانی کۆتایی پێهێنانی زیکر • لەم ئاهەنگانەدا سەرو ملی خۆیان وەجم‌وجۆڵ دەخەن و بەرەبەرە گەرم‌دەبن و بەم‌جۆرە «کۆڕی زیکر» دەبەستن و سەرئاڵقە یان خەلیفە ئەیانخاتە ژێر چاوەدێری و دنەیان دەدا ، بێنە سەر شەوق • پاش ئەوە چوونە حاڵی خۆیانەوە ، ئەگەن بە زیکری دایم ، دەف توندتر دەبێ و شوور و شەوقیش بەگوڕتر • لەم‌کاتەدایە کە ئەو شتانەی باسمانکرد دەیخۆن و دەیکەن و پەنا دەبەنە ڕوحی غەوسی گەیلانی و سەید ئەحمەد ڕفاعی و پێیان‌وایە ئەوان ناهێڵن‌تووشی زیان بن(١) •

ئەو کردەوانە لە خەریك‌بوون بەوجۆرە هەڵپەڕکێ و زیکرەوە بگرە تا بەردو تیغ خواردن و خنجەر لە هورگ دان ، هیچ‌کامیان لەگەڵ ئەو بناخەو لق‌وپۆپانەی ئیسلام بۆ پەیڕەوانی خۆی دایناوە ، یەکنا گرنەوەو ئەوەیە سۆفیگەری‌یەکەی شێخ ئەمین کە دەیگوت دەقاودەق لەگەڵ فێرکردنەکانی ئیسلام یەکە ! پەنابردن بە ڕۆحی شێخ و مورشید ، ڕاست لەگەڵ « أياك نستعين : تەنیا لە تۆ داوای یارمەتی دەکەین » یەکدەگرێتەوە ! یارانی پەیامبەریش بە شووشەخواردن و تێخ‌لێدان ، خەڵکیان بۆ بەندەگی خوا ، هانداوە !

لە کوردستاندا لە شارو گوندەکان ، شێخەکان خاوەن دەروێش و تەکیەن و هەرکامەیان لەلایەك خەریك دەبن و دەچنە حاڵی

(١) توحفەی ناسری ، پەنجاوهەشت تا شەست •

خۆیانەوەو ئەو کـارانە ئەنجامدەدن ، کـە شێخ پێی وتن : مەست بەسە یان مەست خامۆش ، ئارام دەبنەوە • لە شێخەکان پرسیار کراوە ئـەم کارە جـادوو و فرتوفێڵە ؟ گوتوویانە نەء •زۆربەی ئەو دەروێشانە ئەم کـارانە ئەنجام دەدەن ، نەخوێندەوارن ، بە پاڵپشتدان بە بیرو بـڕوای خۆیانەوە ئەم کارانە دەکەن • پرسیارکراوە خنجەر لێدان ، شووشـــە خواردن ، بە لەشیان ئازار دەگەێنێ ؟ گوتراوە نەء • بەلآم لـە جیهـانی دیـکەدا ، لەســەر ئەو کارانە سزادەدرێن ! بە شێخ هـادی هاشمی یان گوتووە ، ئەگـەر وایە بۆ ڕێـگای ئەو کـارانە دەدەی ؟ گوتوویە : خۆیان دەپاڕێنەوە دەنا من ڕازی نیم ! وتوویە : تێکدانی عادەت چـــوار جـــوورە : موعجیزەی پەیامبەران ، کەرامەتی ئەولیا ، معونە کـە هی موسوڵمانەو کردەوەی دەروێش کـە لە بیرو بۆچوونیانەوە سەرچـاوە دەگرێو پێیدەڵێن : «استدراج»(١) بە واتای ڕێـــگادان • بـەمجۆرە دەبینین ڕێوڕەسمەکەیان سزای خوایشی بەدواوەیەو شێخ بە لێبارانەوە، ڕێـگای تاوانکردن دەدا ! بێجگە لـەوە دەردەکەوێ مرۆڤی تێگەیشتوو و خـاوەن شارستانی یەت ، ئەو کـارانە ناکاو پێی خراپە • کەچی گێلو نەزان ئەیکەنە دەستمایەی سەرکـەوتن و پیاوچاکی بۆ خەڵــکی گێلو هەژارتر ! لەکاتێـکدا لـەو استدراجە قەت بۆ بەربەرەکانی لەگـەڵ دوژمن ، کەڵکیان وەرنەگرتووەو تەنیا فەرهەنگناسانی جیهـانی فیلمیان لێ هەڵـگرتوونو وەك نموونەی پاشکەوتوویی و مرۆڤی لـە ئەشکەوتدا ژیاو ، پلەی زانیاری نەتەوەکەمان ، بە جیهــــانی خاوەن شارستانی یەت دەناسێنن !

کردەوەی لەوچەشنەو تەوژم بۆ خەڵـکی ساکار بردن ، تا مـل

---

(١) هەر ئەم سەرچاوە ، لاپەڕی شەست •

دانوێنن‌و بێنە ڕیزی موریدانەوە ، لەو کردەوانە کە خۆیان پێیان وایە سەرنجی بێ‌بڕوایانی پێ ڕادەکێشن !! لەودۆخەدا کە فەرهەنگی نەتەوەو چین بەپێی پێویست ، گەشەی نەکردبێ‌و ئاکاری زانستی لە جێگای هەڵس‌وکەوتی کۆن‌و پڕوپووچ ، دانەندرێ لەجێگای ناسینی زانستی ، ناسینی ڕووماییو دوور لە ڕاستی‌و بێ کەڵك ، بەسەر بیروبڕوای خەڵکدا ، زاڵ‌دەبێ‌و بازاڕی ئەم هۆش بەتاڵان بەرانە ، گەرم دەبێ • « أبن بطوطه » دەڵێ : لە هیندوستان شێخێکم چاوپێکەوت بە کراسێکی ناسکەوە ماوەیەکی زۆر لەنێو کێوێکی ئاگردا ، مایەوەو ئازاریشی پێ نەگەیشت(١) •

دیارە ئەو شێخە مورتاز بووەو بودایی نەك موسڵمان‌و لە ڕۆحی گەیلانی‌و ڕەفاعیش ، داوای یارمەتی نەکردووە • ئەوە لەکاتێکدایە کە لە کوردستان شێخەکان ئەوکارانە بە دەروێشی نەزان دەکەن‌و خۆیان پێیان سووکایەتی‌یەو توخنیان ناکەون • ئەو دەروێشە داهاتی واو داهاتی سامانیشی بۆ شێخ هەیەو لە بەرهەمی ساڵی بەشی شێخ لەبیرناکاە تەریقەتی نەقشبەندی بەهۆی مەولانا خالیدی شارەزووری کوردی میکائیلی لە ساڵی ١١٩١ یان ٩٣ی کۆچی‌دا خۆی گەیاندە کوردستان(٢) • ئەم کەسە مەلای دەرس‌وێژو زانایەکی ئیسلامناس‌و بەناوبانگ بوو • لێرەدا لەسەر دەورێ ناوبراوو باس‌ناکەین‌و پاش باس لەسەر تەریقەتی نەقشبەندی ، هێما بە تێکۆشانی دەکەین •

---

(١) **سەفەرنامە وەرگێرانی محمد علي موحد ، تاران ١٣٣٧ لاپەڕی ١٥ ـ ١٣ •**

(٢) تاريخ السليمانية وانحائها ، **ئەمین زەکی بەغدا ١٣٧٠ی کۆچی لاپەڕی ٢٢٦ ـ ٢٢٥ •**

**تەریقەتی نەقشبەندی یە :**

دانەری ئـەم ڕێبازە مـەولانا بەهـادین محەممەدی نەقشبەندی بوخارایی یە • لە ١٧ ســاڵی‌دا لەگەڵ خواجە محەممەد باباسەماسی ، پێوەندی دەگرێ • لە سەمەرقەندەوە وەدوای سۆفیگەری دەکـەوێو پاش مـردنی خواجـە محەممەد ، دەچێتە لای جێگرەکەی • نزیـکەی ٢٠ ساڵ لەم مەیدانەدا خـەریك دەبێو دوو جار دەچێتە مەکە • هێندێك پێیان‌وایە ، ئەو نازناوەی بەهائەددین ، واتای لاوەکیو هێندێك پێیان‌وایە واتای ڕاستەقینەی هەیە • بەکورتی وتووینە ئەوەندە یادی خوای کرد کە وشەی پیرۆزی «الله» لە دڵی ! دا نەقشی دانا • بە واتەی نەقش‌دانانو ڕەنـگدانەوەیە • وتوویانە ناوی هونەرێکە کـە لە چەرخی شـەشەم تادەیەم ، لەســەر کـەتانی سپی وێنەیان دەکێشا • وێ‌دەچێ ناوبـراو پیشەی ئەوە بووبێ •

**بناخەکانی تەریقەت :**

ئەو دەیگوت : ڕێبازی ئێمـە گوریسی خاوەن متمانەو چنگ‌گرتن بە داوێنی پەیامبەر (دەخ)و ڕێبازەکەیەتیو پەیڕەوی لە شوێنەوارەکانی یارانی • لـەم ڕێبازەدا کردارێکی کەم ئەبێتە هۆی کردنەوەی چـەند درگـاو پەیڕەوی لـەو زاتە ، کارێـکی گەوریەو هەرکەس پشت لەم ڕێبازەی ئێمـە بـکا ، ئاینی ئەکەوێتە مەترسی‌یەوە ! عەتتار وتوویەتی ، ڕێبـازی خواجەی ئێمـە بریتی‌یە لـە هەڵبژاردنی هەژاریو وازهێنان لە سامانی جیهانو خۆ بەخت‌کردنو نەء گوتن بە غەیری خواو هەڵماڵراوی لـە ماددەو نەفسە پیرۆزەکان • هـەمیشە خۆشەویستی هـەژاریو هەژارویستی ، دەسەلمێنن • جـامی دەڵێ : تەریقەی خواجە بڕوا بـە ڕێبازی ئەهلی سونئەتو مـل دانواندن بۆ شـەریعەتو درێژەدان بە

بەندەگیو هەمیشە ئاگا لـە زاتی حەق ، بێئەوەی شعور بە وجـوودی غەیری ئەو ، بتوانێ کەندو کۆسپ پێکبێنێ •

خواجە عەبدولا دیهلەوی وتوویەتی : بەرهەمی ئـەم تەریقـەتە بریتییە لـە ئامادەبوونو درێژەدان بـە زانیاریو تێگەیشتن لـــە زاتی خوا لەگـەل بەرعۆدە بوون بە بڕوای دروستی سونەتو جەماعـەت • بەمجۆرە وازانراوە پەیڕەوانی نەقشبەندی دەبێ مووبەموو بڕیارەکانی شەرع بەڕێوەبەرن • ئەم تەریقەتە لەسەر ١١ وشە دانراوە : بەهۆش‌بوون لە حالدا ، سەرنجدانی ڕێپێوان ، سەفەر کردن ، لـــە نیشتماندا‌و گۆشەگیری لە کۆی خەلکدا •

## زنجیرە شێخەکانی نەقشبەندی :

لێرەش‌دا وەك تەریقەتەکانی‌تر ڕێرەو لەگـەل شێخێك پێـوەندی ڕوحانی دەگرێو دەچێتە ناخـی کەسایەتی‌یەوەو تێـدەکۆشێ وەك ئـەو بێو ئەمەش ئەبێتە هـۆی پێوەندی ناسراویان • پەروەردە کردنی لەش‌و ڕۆحی کـە لە یەکەمدا شێخێك خـەریك دەبێو لە دووەمدا پێـوەندی مەعنەوی ڕوحـانی لـە درێژایی کـاتو شوێندا جێبەجێ دەکرێ • خواجە محەممەد لەگـەل غەجدەوانی پێوەندی ڕۆحانی دەگرێو لەسەر ئەم بناخـە ، تەریقەی نەقشبندی دادەنێ • بەمجۆرە واز لـە زیکری ئاشکرای خواجـەی سەماسی دێنێو ڕوودەکاتە زیکری نهێنی ئـەو • وێدەچێ ئـەم بەندەگیو پەرهێزکاری‌یە لەپێش‌دا ساکـارو دەروونی بووبێ • بەلام پاشـان بەپێکەوەنانی سامانو دامو دەزگاو پێوەندی گرتن لەگـەل دەسەلاتداران ، لاڕێیو سەرەڕۆییو هێـز پێکەوەنانو خـۆ تێکەلکردن لەگـەل شـەڕو لایەنی سیاسیو کەلك وەرگرتن لـە هێزی

سۆفی بۆ گەیشتن بە ئامانجی سیاسی ، خۆیان نواند(١) •

## بڵاوبوونەوەی ئەم تەریقەتە لە کوردستان :

پاش پەلوپۆ هاویشتنی بە وڵاتانی ئیسلامیداو گەیشتن بە هیندوستان لە چەرخی دەیەمداو پاش ئەوە تەریقەتەکانی دەرویشی شیعەو سوننی لەبەر پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان نەیاندەهێشت لە ئێراندا بڵاوبێتەوە ، لە سەرەتاکانی چەرخی سێزدەی کۆچیدا ئەم تەریقەتە بەهۆی مەولانا ئەحمەدی جاف کە زانایەکی پایەبەرزی ئایینی بوو ، گەیشتە کوردستان • ناوبراو لە سلێمانی خزمەتی بە ئایین دەکردو زانیارییەکانی بڵاودەکردەوە • دەگێڕنەوە لە خەوندا شاعەبدوڵای دیهلەوی لە جلوبەرگی دەروێشدا ، دەبینێو پێیدەڵێ : خالید هەستەو بچۆ بۆ ماڵی خوا • پاش ساڵێك دەچێو لەوێدا دەروێشێك دەبینێو بە خالید دەڵێ : بچۆ بۆ دیهلی چوونکە ڕێگای ڕزگاربوونت لەوێیە • گۆیا پاش ئەوە قەسیدەیەك لە پەسنی پەیامبەر (د•خ)دا دەڵێ ، لە گۆڕی ئەوەوە دەنگی دەبیسێو پێیدەڵێ بۆ پەیداکردنی مورشید بچۆ بۆ هندوستان ! کە دێتەوە سلێمانی لەگەڵ نامەبەرو نوێنەرێك لە هیندوستانەوە بە ناوی میرزا ڕەحیم‌الله بیك ( محمد درویش عظیم آبادی ) بەرەوڕوو دەبێ ، ئەویش دنەی دەدا بچێتە هیندوستانو پێکەوە دەچنو دەگاتە لای دیهلەوی • لە خۆراسان قەسیدەیەك بە فارسی لەسەر گۆڕی پێشەوای هەشتەمی شیعەکان دەڵێ کە ئەمە وەرگێڕاوەی دوو هۆنراوەیە :

ئەمە بارەگای کێیە کە لە عەرشی خوابەرزترو گەورەترە ،

---

(١) توحفەی ناسری ، پێشوو ، لاپەڕی شەست تا شەشت‌وچوار •

بەهۆی تیشکی گومبەزەکەیەو گشت جیهـان ڕووناکه • حاجی لەجیاتی چوون بۆ ماڵی خوا بەپەلە وەگەڕێ بۆلای ئەم گۆڕە کـــە ڕاوەستانێك لێرەدا قازانجی لە سەد حەجی گەورە ، زیاترە !

دیهلەوێ پاش ماوەیەك ڕێـگای‌دەدا مرید بگرێو ئەو ڕێبـــازە فێربــکاو لــە گەڕانەوەدا ، لە سنەوە دەس پێدەکاو شێخ حەمەوەسیمی مامۆستای خۆی لەگەڵ هێندێکی‌تر دەبنە مریدی •

لــە ساڵی **١٢٢٦** دەچێتەوە سلێمانی‌و پاش ماوەیەکی کورت دەچێتە بەغــداو لەسەر گۆڕی گەیلانی خەریکی کاری خۆی دەبێو پاشـــــان دەچێتــەوە شارەکەی‌و بەرەبەرە کوردەکان بۆ وەرگرتنی ئەو تەریقــەتە هاندەداو بەمجۆرە لەگــەڵ دژایەتی شێخ مەعروفی نودهـی بەرەوڕوو ئەبێو پێك‌دادان لەنێوان دوو تەریقەت‌دا ، دەس‌پێدەکا • وەك وتمـــان نازناوی خالیدی درۆزنی بۆ دادەنێن‌و بەوە تاوانباری دەکەن کە دەیهەوی دژی حکوومەت ڕاپەڕێ ! بە ناچـار دەگەڕێتەوە بۆ بەغداو تەکیـەی بۆ دروست‌دەکەن‌و لەوێ کاری خۆی درێژە دەدا • مەحمود پاشای جـاف داوای دەکاو دێتەوە سلێمانی‌و دژایەتی دەس‌پێدەکاتەوەو دەگەڕێتەوە بۆ بەغداو نوێنەر دەنێرێ بۆ شام‌و پاشان خۆیشی دەچێو دەگاتە فەلەستینیش‌و پاش سەفەرێکی‌تری مەکە ، لە شام‌دا لە **١٢٤٢** کۆچی دوایی دەکا •

پاش ئـەو جێگرو خەلیفەکانی لـــە کوردستان‌دا بڵاوبوونەوەو خانەقاو تەکیــەی زۆریان دانا • دەڵێن **٤٠٠** خەلیفەی هەبووە ! لــــە خەلیفە بەناوبانــگەکانی : شێخ عوسمانی تەوێڵی کە بەدوای ئەودا شێخ محەممەد بەهائەددین ، شێخ حیسامەددینی کوڕی عومەر زیائەددین شێخ عەلائەددین ، شێخ عوسمانی کوڕی‌و لەبەرەی شێخ حیسام‌الدین ، شێخ

محەممــەد ، شێخ معتەسەم ، شــێخ ئەحمــەدی شــێخ محەممــەد ئــەو ڕێــگایانە کوتاوە •

دوکتۆر حیشمەتولآ دەڵێ : لــە تایبەتمەندی یەکانی ئەم تەریقــەتە لــە کوردستان‌دا ، بەشداری شێخەکان لە کاروباری سیاسی‌و شۆڕشــە ناوچەیی یەکانە(١) !

مــەولانا ئەحمەدی کۆڵەسارە جێی ژیانی بنەماڵــەی نووسەر ، یەکێکی‌تر لــە خەلیفەکانی مەولانایە کــە ئێستاش ڕۆڵەکانی ئەو ڕچــە دەکوتن • هێما بە دوو شت لێرەدا ، بەپێویست دەزانم : یەکــەم ئەوەیە کــە پەسنەکەی مەولانا خالیــد بۆ ئیمــام ڕەزا ، لەگەڵ شەریعـــەت‌و بیروبڕوای ئیسلامی ، یەکناگرێتەوە ، هـــەربۆیە پێم‌وایە ئەوکەسانە هەست‌و هۆش وەك ئامرازی ناسین ، ناناسن ، لە ناسینی کەس‌و ڕێبــازو دیاردەکان‌دا ، تووشی شتی‌وادەبن ، بەپێوانەی هۆش‌و شەرع ناکێشرێ •

دووەم ــ چلۆنایەتی چوونی مــەولانا بۆ دیهلی‌و خــەون دیتن‌و هــاتنی میرزا ڕەحیم‌الله بێگەکە پێم‌وایەو تەنیاش نیــم ئەوە پیـــلانی ئیستعماری کۆنی بریتانیا بووە بۆ کەڵك‌وەرگرتن لــە کەسایەتی مەولاناو لادانی لــە خزمەت بە شەریعەت کەباری دژایەتی‌و ڕاپەڕینی دژ بـــە زۆردارو داگیرکەری ، تێدایە • بێجگە لــەوە پیلانی سازکردنی کێشــە بەهۆی تەریقەتێکی تر لــە کوردستان و بەرەو ڕووبوونی شێخی‌نودەیی‌و هی‌ترو دەروێشەکــان لەگــەڵ ڕێبــەرانی ئەم تەریقـــەتە ، ئامانجی سیاسی تێدایەو تا خـــەڵك بەم شێوەکارانەوە خەریك بن بەتایبەتی کــە لە پیاوانی گەلی بن دەست لە بیرکردنەوەو ڕاپەڕین بۆ وەرگرتنی ماف‌و دەرهاتن لەژێر باری جۆرەها چەوسانەوە ، دووردەکەونەوەو هێزو توانای

(١) سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕی شەستوسێ تا شەستوحەوت •

خۆیان بۆ ئەم کێشە بێهوودە ، وەگەڕدەخەن !

بەداخەوە پیلانی بریتانیا بۆ سازکردنی ئەو کێشە کە تائێستاش هەر درێژەی هەیە ، دەیگرێ‌و بەهۆی ئەم پیاوە بەناوبانگەوە ، بەوشێوە کە باسکرا تەریقەی نەقشبەندی‌و بنکەو بنیاتەکانی لە کوردستان ، دادەمەزرێ[1] ئەمجۆرە پیلانەو خەڵك لە تاریکاییدا هێشتنەوەو سەرگەرمکردنیان بە کێشەی لاوەکییەوە ، لە چەرخی ۱۳ی کۆچیدا بەوپەڕی خۆی گەیوەو دەیان شەڕو کێشەیان لەنێوان پەیڕەوانی ڕێبازە جۆراوجۆرەکانی ئیسلامیدا ، سازکردووە • بنەماڵەی شێخ عوسمان تەوێڵی پەرەگرتووترین بنەماڵەی شێخەکانن‌و سەدان خەلیفەو سەدان تەکیەیان لە کوردستان‌و سووریەدا ، دروستکردووە[2] • هەزاران مەلای عەقڵکورت‌و شاقەڵدرێژیان فریوداوەو لەجیاتی پەنابردن بۆ کارو پاڵپشتدان بە هێزی خواوە ، پشت‌ئەستوورن بە لوتفی شێخ‌و سۆفییەکانی تا پارووەنانێکی نەمرنەژی وەچنگیان بکەوێ !

**ڕێوڕەسمی تەریقەی نەقشبەندی :**

سۆفی نەقشبەندی ڕیش ناتاشن‌و موی سەرو کوڵمو ژێرچناکە ئەتاشن • لە بەرابەر مورشیددا ، دەست بەسینە ڕادەوەستن • لە کاتی ڕووداو لە گیروگرفتدا داوای یارمەتی لە ڕۆحی پیرانی نەقشبەندی دەکەن ! هەرشتێك لە شێخەکان بەوان بگا ، متفەرکە • بەڕێزەوە ناوی شێخ دەبەن • لانی کەم جارێك لە ساڵدا ، دەچنە لای شێخ‌و دەستی ماچدەکەن‌و شتی بۆ دەبەن • ژنەکان قۆڵی ماچ ئەکەن • پێشکەشکردنی پارەو زێڕو زیو بە شێخ پێویستە ، هەربۆیە شێخەکانی

---

(۱) الاکراد ، بازیل نیکیتن ، بەیروت ۱۹٦۷ لاپەڕی ۱۹۹ •
(۲) تاریخ السلیمانیة ، پێشوو ، لاپەڕی ۲۳ •

نەقشبەندی ئەبنە خاوەن سامان(١) • ( ان الانسان لیطغی أن رآه أستغنی ) •

زیکری نهێنی پەنابردن بە ڕۆحو لەشی مورشیدی مردوو وزیندوو، ڕاگۆڕینەوە لەگەڵ شێخ لەکاتی گیروگرفتدا، وەرگرتنی نوشتەو دوعاو پسولە لە شێخ بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتو نەخۆشی یەکانو سك پڕبوونی ژنان، خواردنەوەی ئاوی مەلەو دەس نوێژی شێخ، بۆ چارەسەری نەخۆشی ! لە هێندێك جێگا وەك بیارەی کۆن، لنگەکەوشێکی پەیامبەر (د•خ)و چەند تاڵی مووی ڕادەگرنو لەوانە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خەڵکی ساویلکە، کەڵك وەردەگرن(٢) شێخەکانی وڵاتانی عەرەبیش ئەو کارە دەکەن(٣) •

خەتم ـ لەنێوان نوێژی ئێوارەو عیشادا، بەچۆکەوە دادەنیشنو چاویان دەبەستنو سەبارەت بە مردنو گۆڕو دادگەری ڕۆژی دوایی و سزاو پەنابردن بە بارەگای خوا، بۆ لێخۆشبوون لە هەڵەی ژیان، ماوەیەك خۆ ماتدەکەنو دەڵێن سعاتێك بیرکردنەوە لە بەندەگی هەزار ساڵ باشترە !و لەئاکامدا لە شێخدا وندەبن ! (فنا فی الشیخ ) • بەمبارە دەڵێن : پێوەندی (رابطە) • پاشان مۆرشید کەسێك دەکاتە نیشانەو دەچێتە بەردەمیو دڵو بیر بەرەو ئەو ڕێنوێنی دەکاو لە باری ڕۆحی یەوە، پەروەردەی دەکاو بەمکردەوە دەڵێن سەرنجدان (توجه)• ئەگەر ئەم کردەوە شوێن دابنێ، مرید ئەکەوێتە هەشەکەو لەرزینو هاواری لێبەرز دەبێتەوە • بەمەش دەڵێن « حال » یان «جذبە» • پاشان

(١) هەر ئەم سەرچاوە، لاپەڕی شەستوحەوت •
(٢) تأثیر طریقتها ••• پێشوو، لاپەڕی ١٢٦ ـ ١٢٥ •
(٣) هذه هی الصوفیة، عبدالرحمن الوکیل، چاپی ١٣٧٥ کۆچی لاپەڕی ٢٠ •

سەرئاڵقە دەس دەكا بە تەلیلەو لە ڕۆحی پێشەوایانی زنجیرەی تەریقەی نەقشبەندی داوای یارمەتی دەكاو بە ویرد ، ئەم مەراسیمە كۆتایی پێدەێنێ . ئەم مەراسیمە لە شەوانی سێشەمەو هەینیدا بەڕێوەدەچێ(٣) لە كاتی خەتمەدا سێ بەردی لووس و بچووك لە دەستدا دەگێڕن و بەوانە سەڵواتەكانیان دەژمێرن . بەمجۆرە دابی سۆفی دەبێتە مرۆڤپەرستی و داوای یارمەتی لە ئینسان دەكاو موسڵمانی ڕاستەقینەش بەپێچەوانە ، تەنیا پەنا بۆ خوا دەبا . ئەو ئەركەی شێخ بۆ سۆفی دایدەنێ ئەگەر بەتەواوی ئەنجامی بدا ، نە بە ئەركی خاوخێزاندا دەگا نە دەتوانێ ئەركی ئاینی و كۆمەلایەتی خۆی ، بە ئەنجام بگەیێنێ .

خاوەن بڕواكان دەڵێن عیرفان ڕێبازێكی ڕزگاریدەرەو مرۆڤ لە چوارچێوەی بەرتەسكی بیروڕای خاوەن نەزەرە شەرعی و فیقهی یەكان ، ڕزگار دەكاو لەگەڵ فێركردنەكانی گشت نەتەوەو ڕەگەزێكدا ، سازگارە ! نیازی بە وتن نی یە هەر نەرهەنگێك مرۆڤ بۆ بەربەرەكانی و بەرەوپێش چوون پەروەردە نەكا ، پێویستە پشتی تێبكرێ . ئاگەو جێگایە من ئاگادارم و بێگومان بە ویژدانەكانی گەلەكەشمان ، پێی لەسەر دادەگرن ، لە فەرهەنگی عیرفانی لە كوردستانی ئێمەدا ، بێجگە لە بەفیڕۆدانی كارو هێزی قۆڵی دەیان هەزار ئینسان و سەرگەرم كردنیان بەو چوارچێوە كە جیا لە مەراسیمی ئاینی یەو دروست كردنی كێشەی سەرسوورو سەربۆرو نەقشبەندی و قادری و موسوڵمان و سۆفی و دەروێش و بایەخنەدان بە دەسكەوتەكانی زانست و بێدەنگی لە بەرامبەر هەر شێوە ستەمێكەوەو بانگێشتنی خەڵك بۆ كەڕو كوێر بوون لە حاست

---

(٤) توحفەی ناسری ، پێشوو ، لاپەڕی شەستوحەوت تا شەستوهەشت

چەوسانەوەو بێدادگەریی ، ئەرکێکی کۆمەڵایەتی وەئەستۆ نەگرتووە
تەنانەت زۆربەی سەرکردەکانیان دەستوچاوی چەوسێنەران بوون •
نزیـکایەتی ئەوان لەگەڵ زۆردارو ساماندارەکان، باشترین بەڵگەی ئەم
ئەم ڕاستییەیە •

مانەوەو باری گەشەکردنی باری کۆمەڵایەتیو مرۆڤایەتی لە گرەوی
هاریـکاریو تێکۆشانی ئەندامانی کۆمەڵدایە • بێگومان عیرفـان لــە
چوارچێوەی هاریـکاریدا ، ئیمـکانی هـەیە بتوانێ لــە تێکۆشانە
جۆراوجۆرەکانی مرۆڤایەتیدا ، جێگای خۆی بکاتەوەو ئەگەر وابێ نابێ
سۆفیو دەروێشو شێخ چـاوەڕوانی ڕزقی دابەشکراو بن ، بەڵــکوو
پێویستە بۆ ئاسایشی خۆیانو گشت ئەندامەکانی کۆمــەڵ ، قۆڵ هەڵماڵنو
نەبنــە ســەربار • هیچ ئایینێك بێ داڕشتنی چوارچێوەیەکی ئابووری
هۆشمەندانە ، ناتوانێ لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا ، دەوری هەبێ •

دەمێکە لــەم کوردستانەدا سۆفییەکان مــاڵو منداڵ بەجێدێڵنو
بیسەرنجدان بە ئەمری خواو ئەرکی مرۆڤایەتی ، دابین کردنی ژیانی ژنو
منــاڵو سەرپەرشتیان ، دەچنــە خانەقا دوورەکانو بە ناوی خواناسییەوە
بەکۆڵ بەرد بۆ کۆشکە ڕازاوەکانی شێخەکان دەکێشنو دەروێشەکــان
بەردو دار ئەخۆنو سیخو زەرگو خنجەر بە هورگی خۆیاندا دەکەنو
چـاوو دڵی خەڵك دەترسێننو بەناو کەرامەت دەنوێنن ، کەچی سەدان
دەردی بێدەرمانمان هــەیە ، پەلاماری بۆ نادەنو چارەسەری ناکــەنو
دەردی نەزانی خــۆشیان سەرباری دەردانە ! بێجگە لەوە ئەو ئاکــارانە
لەگەڵ هیچ زانستێکی ناسراوی بەهۆشپێکراو خاوەنبەهرەدا ، ناگونجێ •
کــەس نییە پێیان بڵێ یان هەزاران جار پێیان گوتراوە : بــراو
خوشــکەکان ! ئەو شێوە بەناو بەندەگییە بۆ چ مەبەستێکە ؟ لولابردنی

ستەمی نەتەوایەتیو چینایەتی‌یە ؟ بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتە دڵتەزێنەکانی نەتەوەکەمانە •؟ دوژمنی ئازادی پێدەبەزێنن ، ئازادی بۆ گەل دێنن ؟! چ قازانجێکی هەیە ؟ خوا چۆن بە شەڕکردن لەگەڵ ئەسپێ لە خانەقاو بەرد کێشان بۆ شێخو دەرچوون لەژێر باری بەرپرسایەتی ژنو منداڵو خواردنی بەردو دارو خنجەر لەسك‌دان ، بەندەگی بۆ دەکرێ ؟! لەکوێ فەرمانی وای داوە ؟ خواو پیاوە گەورەکانی ئایین سەدان جار بە بەژنو باڵای زانستو هۆش‌دا ، هەڵیان‌گوتووەو پەسنی زانایان کردووەو مرۆڤیان بۆ خزمەت بە گەڵو ڕاپەڕین لە بەرامبەر چەوسانەوەدا ، هانداوە ، بەڵام جارێك باسی ئەو شێوە بەندەگی‌یەیان نەکردووە و بە ڕەواشی نازانن •

## عیرفان وەك مرۆڤ‌دۆستی :

پاكو خاوێن ڕاگرتنی لەش‌و هەواو هەوەس‌و خۆپاراستن لە کردەوەی ناحەزو تاوان ، لە پێوەندی لەگەڵ خەڵك‌و هەڵس‌وکەوتی کۆمەڵایەتی‌داو خزمەت بە مرۆڤ ، هەروەها شوێن دانان لەسەر ڕەفتاری ئەندامانی کۆمەڵو بەرەوپێش‌چوونی باری کۆمەڵایەتی‌و یاریدەدان بە گەشەکردنی کۆمەڵ ، نەك هەر خراپ نی‌یە ، بەڵکوو ئەرکی هەر مرۆڤ‌و کۆمەڵو تاقمو دەستەیەکە چالاکی بنوێنێو بە زانستو جموجۆڵیان ، سەدان گرێ‌پووچەکەی کۆمەڵایەتی بکەنەوە ، گیروگرفتەکان چارەسەر بکەن‌و ببنە چرای ڕووناکبیری بەرەوپێش‌چوون‌و مەشخەڵی زانست هەڵگیرسێنن‌و هێمنایەتی‌و ئاشتی‌و ژیانی بەختەوەرانە ، بۆ مرۆڤ دابین بکەن • بەڵام سەد مخابن داموو دەزگای تەریقەت لە کوردستانی ئێمەدا بێجگە لەوە بە دنەی بێگانەو پیلانی دوژمن، خەڵك لە ڕاستی‌یەکان دووربخەنەوەو خۆبە خۆرافاتەوە

خەریك بكەن ، لە زۆر جێگادا بونەتە ماكەی تەوەزەلیو تەنبەلیو بێكاریو بنكەی پیلانگێرانی دژی بەرژەوەندی نەتەوەكەمان !

لەوپێیەدا ڕەنگە هێندێك لەو بەندو خواپەرستو بەندەكی فرۆشانە ، ئاگایان لەو كەینوبەینە نەبێ ، بەڵام پیلانگێران لەو داموودەزگا ، كەڵكی خۆیان وەردەگرنو بەو شێوە لە جلوبەرگی خواپەرستیدا ، وەدزای مەبەستی چەپەڵی خۆیان دەكەونو بەو شێوە ناهێڵن خەڵك دژی پەلاماردەرو داگیركەر ، ڕاپەڕنو تیاندەگەیێن چارەنووسیان لەپێشدا ، دیاریكراوەو تێكۆشان بۆ كەڵكەو خەلایق هەرچی لایق ! بەمجۆرە بە ڕێبازی زەینپەرستیو خەریك بوون بە جیهانیوێنە زەینی یەكانەوە ، پەرە دەدەنو نیشاندەدەن نە عەقڵ نە زانستو نە شەرع ! هیچیان ڕێگای خواناسین نادۆزنەوەو تەنیا ڕێگا ئەمەیە ! لەوپێیەدا قوتابخانەی نوێو زانستگەو فێربوونو فێركردنو تێكۆشان بۆ ناسینی یاساكانی سروشت ، بڕەوی نامێنێو ناهێڵن خەلك بەرەو هەوارگەی ژیانێكی بەختەوەرانە ، وەڕێكەون . بەمجۆرە لەم ڕێبازەو بنكەو بنیاتەكانیدا ، ئامرازی ژیانو بیری خولقاندنی ، نخولقێو بەرنامەیەك بۆ گەیشتن بە ژیانی شیاوی مرۆڤ ، لەئارادا نی یە ! .

ئەو گشت كاتو ساتەو هێزو توانایە كە لە چوارچێوەی ئەو هەڵسوكەوتانەدا ، تێپەڕدەبن ، ئەگەر بەشێكیان بۆ ڕزگاركردنی كوردستانو دابینكردنی ژیانێكی بەختەوەرانە ، تێپەڕ كردبایە ، ئێستا گەلی كورد یەكێك لە گەلانی پێشكەوتوو و ئازادی جیهان بوو . بێجگە لەوە هەر كات شۆڕشگێڕانی گەل بۆ ڕزگاری هەنگاو هەڵگرن ، ئەمڕێبازەو زۆربەی سەركردەكانی ، بەهۆی ئەو سۆفیو دەروێشە ساویلكانەو پێوەندیگرتن لەگەڵ دوژمن ، ئەبنە لەمپەری

پێشکەوتن ! ئەگەر ئەمانە بەو دەسەڵاتەوە کە پێکیان هێناوە ، پاڵپشتی جووڵانەوە بایان ، بێگومان شوێنی کاریگەرین لەسەر ئەو ڕەوتە دادەناوە بەڵام ئەوە سروشتی یە کە بەپێچەوانەی بەرژەوەندی خەڵك هەنگاو هەڵبگرن ، چوونکە ئەگەر ئازادی دەستەبەر بکرێ ، هۆشیاری نەتەوایەتی و جینایەتی پەرەدەستێنن و بەوشێوە بۆیان ناڕوات و دوکانی فریو سیاڵی ڕیایان تێکەوە دەپێچن .

لەو پێوەندی یەدا ئەگەر ڕووناکبیرانی گەل عیرفانی گیرفان ئاخنینیان لەقاودابێ و زك زلکرن و فریودانیان وەك دیاردەیەکی ناحەزی کۆمەڵایەتی ، پەسند نەکردبێ ، خۆیان لێ پاساون و لایەنگرانیان دژ بەوان هانداوەو تێکۆشاون ڕۆحیان لێ بستێنن و ژیانیان لێ بکەن بە ژان ! هۆشیارکردنەوەی خەڵك و زیندووکردنەوەی خەڵك لەباری هۆشیاری کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی یەوە بۆ هەنگاو هەڵگرتن بەرەو گۆڕەپانی باری ژیان و بەشداری لە ڕاپەڕین دژ بە چەوسێنەران ، ئەرکی ڕووناکبیرانی گەلەکەمانە . لەبەرئەوە ئەو شێوە عیرفانە کە دژی ژیانە ، زەینی زۆربەی خەڵکی بەخۆوە خەریك کردووە ، ئەگەر بەحاستەم و دووبەڵا بتوانێ زەینیان خاوێن بکەیتەوەو شروشیتاڵی تێدا نەهێڵی و بۆ چاندنی تۆوی پیاوەتی و زانیاری ، ئەو کەرتانەی بکێڵی ، خۆ بە داری بەردا دەدەن و سەد ناوو ناتورەت لێدەدەن و خەڵك هاندەدەن ، ئەرکی نەتەوایەتی خۆیان ڕاپەڕێنن ! ڕەنگە بڵێن پێویست ناکا هەڵکوتینە سەریان و باسی ئەو شتانە بکەین . بەڵام ئەگەر جەماوەرێکی بەرچاو کە بەشداری نەکردنیان ڕەوتەکە تووشی ڕاوەستان بکا ، گیرۆدەی داوی خۆرافات بوون و بەپێچەوانەی ڕاستی ، ملیان بۆ ژیانی دەسکردو داسەپێندراو ، دانواندو بە ناوی خۆڕابەرستی و لەڕاستی دا

شێخ‌پەرستی‌یەوە ، نەهاتنە مـەیدان ، چۆن دەتوانی لـەو خـەوە ڕایان‌پـەڕێنی‌و کـەی لەگەڵ هاوولاتانیـان بۆ ڕزگـاری ڕاپەڕن ؟! فێربوونەکانیان ئەو باسانەی تێـدا نی‌یەو کـە لەوبۆچونەش‌دا ، ئاوەها لەگـەڵ ژیان بەرەوڕوو دەبن ، لە ئاکـامدا ، بۆ تۆڵەئەستاندنەوەو بەزاندنی دڵسۆزەکانی گـەل ، لەگـەڵ دوژمن ، هاریـکاری دەکەن ! دیارە پێویستە شێوەی هەڵوێستمان لەو پێوەندی‌یەدا ، زانیارانەو بـەپێی هەل‌ومەرج بێ • چوونـکە بیرو بڕوایەك بە سەدان ساڵو تەنانەت لـە ڕێـگای میراتگری‌یەوە ، لە مێشك‌دا هێلانەی کردبێ‌و ئەویش عیرفانی سـەخت‌و هەڵەت‌و ئەو شێوە تێگەیشتنە ، بەو دەم‌ودەستە ناکەوێتـەوە سـەر باری خـۆی‌و عیرفان یان زانینی ڕاستەقینە ، جێگای ناگرێتەوە • بەداخەوە ئـەم ناتەبایی‌و دژکردەوانە کە بە قازانجی بەرژوەندی وانـە جاری‌وایە دەبێتە بەهانەو دژ بەم‌نیشتمانە چەك هەڵدەگرن‌و لـە بەرانبەر بەرژەوەندی خەڵك‌و نیشتماندا ، ڕادەپەڕن!و پەلاماردەرانیش دەرەتانیان بۆ دەرەقسێنن‌و بەڕواڵەت ڕێزیان لێدەگرن‌و دام‌دەزگاکانیان بـەرین‌تر دەکـەن ! ئەوانیش پاداشتی چاکـەیان دەدەنەوەو باسی دادگـەری‌یان دەکـەن‌و کردەوە دژی ئینسانی‌یەکانیان لـەقاو نادەن ! بە هەر نرخ‌و لە هـەر جێگایەك‌و بەپێی هەل‌ومەرج ، وان لـە بیری ڕاوڕووتی خۆیان‌دا ، قـەت لـە چارەنووسی نەتەوەو نیشتمان بیرناکەنەوەو بەوەکە لەگـەڵ دوژمنن ، شانازی‌دەکەن !

لـە گشت ئەمـانە ناحەزتر ئەوەیە کە هەر کارێکی خۆرافی‌و دوور لە هۆش‌و عـەقڵ کـە خۆیان بە خەڵـکیان فێرکردووە ، لە خەڵـکی لیقەوماوی کورد ببینن ، هەرچەند هۆی ڕیسوایی گەلەکەمانیش بێ ، لەبەر درێژەدان بەوشێوە ژیانەی خـۆیان ، پێشی بێناگرن‌و پێیان خۆشە لـەوە

زیاتر کەرو کوێر بن‌و لەڕاستی‌یەکانی جیهانی زانست ، دوور بـن ، چوونـکە نانیان لە قوژبنی تاریـکی هۆشی خەڵکدایەو دژی ڕووناکی‌و زانیـاری‌و پێشکەوتنن •

با ئەوەش بڵێین : بەپێی هەل‌ومەرج‌و کۆبوونەوەی شۆڕشگێرانی کورد لـە ناوەندێـکی کوردستان ، جاری‌واش بووە کـە شێخێـکی تەریقـەت ئاڵای شۆڕشی گـەل هەڵبگرێ‌و تا دواکاتی ژیانی ئەو ڕێـگا بـکوتێ • وەك شێخ مەحموودی نەمر کـە زۆربەی تەمەنی خـ ـۆی‌و بەپێی توانا بۆ ڕزگاری نەتەوەکەی تێپەڕکردو لەو ڕێـگایەدا ، هەست‌و نیسی‌و تەنانەت سەریشی تێداچوو [1] •

وەك شۆڕشی شێخ سـەعید پاش تێك‌ڕووخانی ئیمپـراتووری عوسمانی‌و هاتنـــە مەیدانی شێخ بۆ ڕزگاری گەل لە بن‌دەستی[2] شێخ ئەحمەدی بارزان[3] سـەید ڕەزای درسیم‌و شێخ عوبەیدیلای شەمزینان‌و ئەگـەر لێم نەکەنە ڕەخنە مـــەلا مستەفای بارزان‌و قازی محەممــــەد هەرکام بـە شێوەیەك لەوانەن • کەوابوو باسەکـەمان گشتی نی‌یـــەو بۆچوونەکە هـەموو کـەس‌و هەموو لایەنێك ناگرێتەوە •

ئێستا لـــەسێبەری بەرەوپێش‌چوونی پلەی زانست‌و زانیـــاری کۆمەڵایەتی‌و گۆڕانی باری ژیانی خەڵـــکی جیهان ، بەگشـــتی ، هەرچەندە دەسەڵاتداران لـە کوردستاندا لـە پەرەسەندنی خۆرافـات‌و داموودەزگـای تەریقەت فرۆشی‌و عیرفـانی گێل‌و گەوجان ، پشتیـــوانی دەکەن ، بەڵام خەڵك بەرەبەرە لـە ڕاستی دەگەن‌ ؛ لەنێوان خواپەرست‌و

(١) مێژووی کورد لە سەدەی ٢٠ ـ ١٩دا کریس کوچێرا ، وەرگێرانی محەممەدی ڕیانی ، تاران ١٣٦٩ی هەتاوی ١٣٦ ـ ١٠٧ •

(٢) ئەم سەرچاوە لاپەڕی ١٥٥ ـ ١٣٧ •

(٣) ئەم سەرچاوە لاپەڕی ١٩٩ ـ ١٩١ •

نیشتمان پەروەو ریشی پانو شاقەلی فشوفۆلی گیرفانئاخندا ، جیاوازی دادەنێنو وێدەچێ لە داهاتوویەکی نزیکدا ، ملی خۆیان لە پەتی پیاو فریو ، دەربێنن •

عیرفان چی‌یە ؟ دوکتۆر عەلی شەریعەتی دەڵێ : عیرفان دڵخورتیە بزوێنی بەرەو زانینە کە تووشی مرۆڤی ژیرو خاوەنبیر هاتووە ، دڵداریو ئەوینە، خولیای پشتی پەردەی دیتە • ئەو شێخە سەرتاپا شینەی بۆ بیر لەو عاسمانە پانەو ئەم زەمینە پڕ لەو هەموو تەرەژینە ، سەیرە خۆرپەی دڵی نەبزوێنێ لە حاندی دیمەن چاوداخاو لە دەنگو ئاوازو سازی هەزار تەرزی نزمو بەرزی ئەم خۆ کردە خۆشیکوجوانو ڕەنگینە ، گەشە نەکاو لەلای‌بابێو هەر گوێچکەی بۆ بتەپێو کرکاری شیرینکاری کە چی‌یەو کێ‌یە ؟ دانەمێنێو بۆ ناسینو بۆ زانینی ڕانەمێنێ ، هەتا ئێستاش هەر لە چوونە مەیموونەکەی پێشینە،کۆلکەی تولەکی کردوەو هەڵوەریوە • کلکی کروزی پەڕیوەو ناوی خۆی لێ ناوین عینسان !•••

سەرچاوەی دڵخورتی چی‌یە ؟ ئەو مرۆڤەی لە مەیموون ترازاوەو ناوی پیاوی لەخۆ ناوە ، نیازو ئاواتی لە ژینیدا هێندە زۆرن کە نەک پێکهێنانی هەمووان ، بەگرە نیوەشی بەخۆکرد دابین ناکرێ • ژیرکردنەوەی ئەم گیانلەبەرە دوو پایەی گرو گرە لە وزەی خۆکرد بەدەرە • بۆچی ؟ چوونکە : خۆکردەکە وەك هۆڵێك یان وەك دۆڵێکە کە پیاوو گاو جانەوەرو پەلەوەرو گەزوکو خەزۆکو ڕەوك تێکڕا لەو ڕەهۆڵە دەژینو لەو دۆڵە دەلەوەڕێن • بەڵێ خۆکرد بۆ پێکهێنانی ئاتاجی گیانلەبەران هاتووەتەدیو پڕبڕیوە، بەلام مرۆمرۆی بزۆز مرۆی جنۆکو خاپێنۆك ، بە ژیانی جانەوەرانەی دوور لە گۆڕان، قنیات ناکا،

ئەو کونە مەیموونە ڕووتەی کـە هەستاوەو لەســەر دوو پێ ڕاوەستاوە، لـــە جانەوەری ڕەمەکی خۆی زۆر بە زلتر دەزانێ • بەفیزەوە بەرەو بەرزی‌یەتی دەڕوانێ • لە هاوئاخوڕیو ئاوماڵی دڕەندەو چەڕندەی ماڵی کە ئیشێـکە هـەمیشـــە پێـوە تۆقیـگــە لە ملـی هالاوە زۆر جـاڕزە • لەوەڕی لێ بۆزۆ بووە • شتی تازەو زۆری دەوێو کەمتری وەدەست دەکەوێ • لـە وەڕەزیان کەم‌کەم دەگاتە ڕادەیەك بەتەواوی ئەم ژینەی لێ دەبزرێ • بەقیزەوە لـە خۆیو لـە ژیان دەڕوانێ ، خۆی وەك نامۆ دێتـە بەرچـاو بۆ دەرەتانێك دەگەڕێ کە بێتـەڕێ بەشـکەم بەوێـدا بـگاتە جێی ژیانی لـەم ژینـە هەموواني‌یە ، خۆشتر خۆشی بۆشتر • بە چـاو بە دڵ بە چـاوی دڵ بۆ سەرچاوەیەك دەنـۆڕێ کە تینـوایەتی دەروونی پێ بشکێنێ • ڕادەمێنێ تا هیچ گومانی نامێنێ کە ئـەوەی ئەو گەرەکی‌یەتی لەم ماڵـە دەستی ناکـەوێ ، دەبێ هەرچۆنی بوێ بلوێ لەم کۆنەچاڵە دەرکەوێو بەرەو هەوارێ سەرکەوێ ، هەوارەکـــەی سازگارتر بێ • ئەو هەوارەش نادیارە بەر پێوارە ، عارەبان پێی‌دەڵێن : « غـەیب » •

ئـەو نادیارە لەکوێ‌یە ؟ نیە ؟ هەیە ؟ ئەگـەر هەیە چۆنی بۆ بچێ؟ چۆنی دەقەچێ دەکەوێ ؟ ••• دوای ئەم نهێنی کەوتنە خـۆی هەوێنی لـە بەرچـاوە ، قنیات بـکەینو سەرکەتنە ، چوونـکە ئەگەر بەوەی دەستی بخـەین ، ڕادەوستێن ••• هەڵوەدابوون بۆ ئەو شتەی کە لـەناو خۆکردانی‌یە ، پیـاو لـە سنووری دیاریکراوی لـە بەرچـاو ، بەرەو بەرزتر ڕادەدا • لـەو هاتنە دەرە مەبەستم هەستی عیرفانی‌یە • عیرفـان چرایەکی ڕوونە لـە دەروونی خاوەن‌بیردا ، هەڵـکراوە ، خشـــتو خـاڵی ماڵی دنیـاو ماك (مادە) پەرستی بە چـاوی دووڕناسی دیـــوە ،

به بێبایەخی زانیوەو بەبازدان لێێ تێپەڕیووەو سەرەو بەرزتر فڕیوە تا ڕەسیوە بە پایەیەك پەریش دەخەوێ نەدیوە • هەموو دینێك و ئایینێك ڕۆژهەلاتی ، ڕۆژئاوایی ، ئەفریقایی ئاسیایی ، بەردو بتو گاپەرستی ، چەند خودایی یان یەکتایی بن ، تایەکەی بە عیرفانەوە بەسراوە • هەموو بیروبڕواو یاسایەك کە کۆمەڵ بەڕێوەدەبا ، با سەر بە عیرفانیش نەبێ بەرەو پتەوی و برەوی بەزانستو زیتیو ژیریو ئاکارچاکیو دەستو دڵو داوێنپاکیو هێزو بەکاریو چالاکی ، هۆگرو پەیڕەوانییەتی • ئەوان بەکاربن لە کارەوە گەشەدارە • پەیڕەو خوێریو بێکار بن ، ئەویش قرخنو بووچ دەبێو لە سوچێك دەپووچێتەوە • شاڕێ لەبەر مردووانە ! یان عیرفانە یان گیرفانە[1] • بەمجۆرە دەبینین تێکۆشانی زەین لە بواری خواناسیندا ، سەرناکیشێتە لای دامو دەزگای شاییەوەو گیرفان نابێتە ئامانجو دووکان نابێتە ئارەزوو • ئەوینە بە زانینو هەستی ئەو لە ڕاستی دینەوە ، سەرچاوە دەگرێو تا دینی تێنەچێنراوە ، کاری بە خواناسین نییە • بیرکردنە لە بوونو نەمانو لەشوێن ڕاستەقینە گەڕان ، نەك دامو دەزگا پێکەوەنانو سەرگەردان بەدوای ناونیشان •

نەك هەر عیرفان بەوشێوەی باسمانکرد بووە داردەستی زۆردارن و لاینگرانی بوونە لاینگری ملهوڕان ، بەڵکوو ئایینیش بەو دەردە چوو ! دوکتۆر شەریعەتی دەڵێ : کە دین هات عیرفانیشی تێکەڵاو بوو • دین لە چاخی ساوایەتیو لە تافیخورتایەتیدا ، ئاوێنە بوو بۆ خواناسی بنیادەم بۆ نیشماندانی ڕای هاوبەشیو ژینی بێخەم ، دژی یاسای چینایەتی دژی داگیرکەریو ستەم • بەلام وەختی بەساڵدا چوو ، بوو بە

(١) عیرفان ، بەرامبەری ، ئازادی ، دوکتۆر شەریعەتی ، وەرگێرانی هەژار ١٣٥٩ی هەتاوی لاپەڕی ١٣ – ١٠ •

داردەستی زۆرداران‌و تەوەزەلان‌و بێکاران • لەدژی کزو نەزاران ، مێژەرە بەسەری خاپێنەر بە ناوی چینی ڕۆحانی ، خۆیان لەگەڵ هەڵاوادرو بوونە چینی باڵاترو بە ژیانی تەنبەڵی دەژیان • بۆ پاریزگاری کە دەتوانێ بخواو بکوژێ‌و نەترسێ • کاکڵە خۆشەی دینەکەیان لەناوبردو پڕیان‌کرد لە پڕوپووچ‌وخورافات‌و مێشکی بێچارانیان تەزاندو دنیایان کردە هی خۆیان وبەدەم بەهەشتیان دەبەخشی • هەرکەسیش بیگوتایە : لەل بە فەرمانی مام ڕۆحانی کافر بوو ، دەچوو جەهەندەم• چینی چەوساوەو بەربێکار ، چاری ناچار بۆ ساندنەوەی مافی لێداگیرکراوی کە گەوهەری ئازادی‌یەو خواو سروشت پێیان بەخشیوە ، ڕاپەڕیوە ئەو چینە چەوسێنەرەوەی لەژێر ناوی گزیرایەتی خودادا هەموو مافی لێ دزیوە لە بەرانبەر خۆیا دیوەو پێی‌زانیوە • ئەوتۆق‌و کۆت‌و زنجیرەی بە ناوی خواو عیرفان‌و دین لە پەل‌وملی هاڵاوە لەکێوەیە ؟ ئیتر بێزی لە دین‌و عیرفان‌و خوداش هەستاوەو توڕی‌داون ! ماڵم قەورە هەقیان بووە • بۆچی ؟ کابرایەکی ئازادیخوازی ئوورووپایی کە دەبینێ کەشیشە کوێخادینەکەی هەر بەدەم بەناوی مەسیح‌و مریەم ، خوێنی دەمژێ ، ئێسکی دەکرۆسێنێتەوە ؟ یان ئەو ئیسلامە ڕەمەکی‌یەی کە هەرچەند دەکا دەکرێنێ لە بێگاری مەلاو مفتی‌و ئاخوندو ئایەتوڵلایان هیچ سات‌و دەم تۆزێکیش لیچی لێ بکاو بەلادا ورتەی لە دەم بێتەدەرێ بڵێ : بۆچی ؟ باسی سەریەو مێزەربەسەر دەیکەنە دوژمنی خوداو بە ناوی دین فتوای کوشتنی دەردەکەن‌و چەرمی لە دار دەهاڵێنن • بەستەزمانە لەسەر ئەو چەرمەسەرەشرا چۆن دەتوانێ لە ئینجیل‌و مینجیل بڕوانێ !؟ یان بچێتە سەر قورعانێ‌و ماناکەشی باش بزانێ کە زانیشی چۆن دەوێرێ کوێخا گیان وەدرۆخانەوەو درۆی بەسەردا بداتەوە ؟! ئەوا گریمان وێرایشی دەمی

بزوێ ، باخێونی کام خـاوەن دەسەڵات هەیە هیچێ بـە کڵاوی بێوێ زۆردارو دەسەڵاتداریش ، هـەر خۆیانن یان دەستوپێو سەربەوانن • ئاسمان دوورو زەوی سەخت • ئەو بەدبەختەی بێبەش لە ژین و ژیان سەختە چۆن شانی هەڵنەتەکێنێو لە هەر هەلێکا هەڵکەوێ واز لـــەو زاڵمانە نەهێنێ (١) ؟!

بەمجۆرە دەبینین بیرو بڕوای خـاوێن ، ئاکاری خاوێنی بەدواوەیە خاوێنکردنو خاوێن ڕاگرتنی دڵو دەروون یان بە وتەی ئێمـە هەستو مێشك ، دەبێ کردەوەی خاوێنو هەڵوێستی پیاوانەو نەعرەتەی مێرانەی بەداوە بێ • دژ بە زۆردارو فێڵبازو چڵکاوخۆر بێو چڵکاو بە ڕونـاو دانەنێ • پیـاوانی خواناسو خواپەرستو هەقدۆست هـەم بیرەوەرن ، هـەم کارگـەرو ڕزگاریدەرو هـەم مامۆستاو ڕێبەرو هەمیزەرزێرو هەم کارگێڕنو دژی تەنبەڵیو فرتوفێڵنو بە گاسنی هۆشو پیاوەتی ، دڵی ژیان دەکێڵنو بەدوای زانستی فرەتردا وێڵن •

وەك دوکتۆر شەریعەتی دەڵێ : ئەم چین‌چینیو دەلاوێریە ئـــەم بەزمی چاوساغیو کوێریە ، مەلا ناڕۆحانیو (شێخ) لە بالابەێکاری ، چینی بۆرەپیاك لــە چالا بە هـــەژاری ، ئەوەندەم نە زۆر نە کـەم لەنـاو موسوڵمانانیدا نەبووە • گزیکارانی پاشەوانی لێی بوونە ورچی ئاشـەوان لەبری مێش لێ دەرکردنی ، سـەریان بە گاشە هەنجنیو مۆخـــەی ئیسلامەتیان چنی وەك تۆوی گـاڵێ هەرزن بلاویان کردو تاویان کرد : هەرکەس بڵێ چینایەتی لـــە ئیسلام دانییە ، مەلاو ئاغا لە بۆرەپیاو جودانییە ، وەك ئەو بێئیمانەوایە کە بێژێ خودانییە !! جا ئەو چینە سەرشنەی بالانشنەی خـــۆی داوەتە پـاڵ دەسەلادارو بوتـە گۆپاڵی

(١) هەر ئەم سەرچاوە ، لاپەڕی ١٨ ـ ١٧ •

زۆرداران ، لەدژی ئێژو هەژاران بوونە شەڕی نەیارانو بەداخـەوە خەڵکیان لە دینەکە تاراند(١) •

ئەوەی ئێستا زۆربەی خوێندەواری تێگەیشتوو لەمچەرخەدا چاوی بە پاکو خـاوێنی دڵو دەروون ناکەنێو یەکسانی خواناسەن نابینێو ڕەخنە لە بنـچو بناوان دەگرێ ، هۆی ئەوەیە ئەو دیاردانە لەژێر عەبای تەسبیحو شاڵو شاڵەلی درێژو ڕیشی ڕیادا ، شاردراونەتەوە ! تەریقـەتو ئایین کە ئێسـتا لە یـەك بابین ، ئامرازی کۆکردنەوەی پارەو گـەیشتن بە شـایین • هەربۆیە لـە کۆمەڵی ئێمـەدا ، سەردەوای نەبوون یـان کـەمبوونی قوتابخـانەو فێرگەو ئامرازی ڕاهانو تێـگەیشتن ، بەناو تەریقەتو ئایین کۆمەڵێـکی بێئایین بە دانانی دووکانی بەهەشتفرۆشی ، ناهێڵن ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان خۆیانو جیهان وەك ناسرازە بنـاسن ، بەڕاستی دڵو دەروونیان خـاوێن بکەنەوە ، لـە مەیدانی ژیاندا بۆ هەژار خوڵقێنەرو بۆ زۆرداران تۆقێنەر بن • لـە کاکڵەی شت بگەن ، جا پەیڕەوی لێیـکەن کە زۆر کوێر نەبنو لـە ئەنجامدانی ئـەرکی بێئەسپێردراودا ، بوێر بن •

### ناوی هێندێك لە شێخەکانی تەریقەت :

لـەو پێوەندییەدا سـەدانو هەزاران شێخو خانەقاو تەکیـەو دامودەزگای لەوچـەشنە ، کـە نەوەك بنکەو بنیاتێکی کۆمـەڵایەتی خاوەنئەرك ، بەڵـکوو زۆربەیان لـەو مایەدا کـە باسمکرد ، بێترس لـە چەتەو گۆران ، لـەم کوردستانەدا دامـەزراونو لەبەرچـاون ! بۆنموونە لـە کوردستانی تورکیە شێخ جەمیل شێخ ئۆسب ، شێخ سەباك

(١) هەر ئەم سەرچاوە ، لاپەڕی ١٩ •

شێخی شەمزینان ، شێخەکانی هێـــزانو نوورشینو توخینو زیلیو جانبینگوڵ ـ سەیداگێلاەر ، بووجاك پایداش ، جـــەوهەری ، توانلی عەزیز دیاربەکریو بنەماڵەی کە پ • برنجزادەکـانو کــانی ئیلچیو مۆڵگانییەکان هــەم شێخو هــەم دەرەبەگ • لە کوردستانی ئێــران ، شێخ سەلامەسوور ، شێخی جولاخو کێلانەو سۆآەو کوماینو نەگسەجارو سیویەو تا • شێخ تەهای گەرمەسێر ، شـێخەکانی لـۆنو دوزەخدەرە نجارو پاوەو عەباسئاواو دۆلاو شێخ مەولانای سەقـز ، شێخپی پلوورەو کەلاتەرزانو کاکوزەکەریاو هەمرولەو سـیویە ، شـێخەکانی ماسانو کولەسارە ، شێخی سوورکەوڵ • شێخی غەوسئابادو بورهانو زەنبیلو سەلواتئاواو هیتر ••• لە کوردستانی عێراق بنەماڵەی فەتو فراوانی شێخ ســـراجالدین کــە تا کوردستانی ئێرانو تالشی شیمالی ئێـــرانو سووریەش ، ملی رێـگایان گرتووە • شێخی کــــەربچنە ، کەرکووك چوێسە ، لۆلان ، تاڵەبانییەکان ، سندولانییەکان ، بارزانییەکــان ، دانەدۆلییەکانو بادینییەکانو زێبارییەکان ، شێخەکانی ســــیریو هـــیتر •

هەرکـام لەمانەو ســەدانو هەزارانیتر هەرکامە چەند خەلیفـەو کورو برازاو پەراوێزیان هــەیەو لەو مەیدانەدا ، خەریکی تێکۆشـانو ئەوا ســەدان ساڵە ئەو تێگەیشتنە کرچو کاڵە بەو گشت جەزبەو حاڵە ، بۆ رزگــاری گــەلو خولقاندنی ئـامــرازی ژیـانو کردنــەوەی گرێپووچکەکانی کۆمەڵ ، هیـــچ هەنگاوێکیان هەڵنەهێناوەتەوە ! وەك وتمــان بڕیارو راڤــەو بیروڕا دەربڕینەکەمان نە بە گشتییەو نە دەتوانێ بەگشتی بێ • لــەو بوارەدا زۆر مرۆڤی خاوەنهەستو نیشتمان پەروەرو زاناو بلیمــەتی نەتەوە هەبوون کــە خواناسیو دڵپاکییەکەیان بووەتــە

ماکـەی خزمەت بە نەتەوەو کردنەوەی گرێپووچکەی ژیان ، کەوابوو داوا لە خوێنەر دەکەم ، تێڕوانێ بەجوانی لێکۆڵینەوەو بەگشتی بڕیار نەدا • بەوهیوایە پاشماوەی ئەوانە لـە داهاتوودا ، خواناسییان ببێتە هۆی دڵسۆزیو نیشتمانپەروەریو خزمەت بە چەوساوەکانی گەلەکەمان •

**دەورەی سۆفیزم لە کۆمەڵی کوردەواریدا :**

هـەر ڕێبازەو بیرو بۆچوونێك کـە لە کۆمەڵدا ، سەرهەڵدەدا چ وا بیربکەینەوە ئاکـامی هەڵس‌وکەوتی مرۆڤو بەرهـــەمی تێکۆشـانی مێشكو قوڵـەو چ وای دابنێین لـە بالاوە هاتووە ، لەسـەر جموجۆڵو فەرهەنگو داب‌ونەریتو چالاکی‌یەکانی ژیانی کۆمەڵ ، شوێن دادەنێو هەروەها لەوانەی کۆمەڵ شوێن هەڵدەگرێ •

وتمان ئایینو خواناسی بەشێوەی سەرەتاییو لە قاپۆڕی کاکڵەکەیدا چــۆن بوونو ئێستا چییان بەسەرهاتووە • ئەوە ئـەو ڕاستی‌یە ئەگەێنێ کـە ڕێبازو بیروبۆچوون لـــە ڕەوتی بەرەوپێش‌چوونی کۆمـــەڵدا بمانەوێو نەمانەوێ ڕەنگ دەگۆڕێ • جـاری وایە بەپێی هەل‌ومەرجیو گۆڕانی کۆمەڵ بۆ خۆبەبۆڕان ، ئاڵوگۆڕی شیاوو بەرەوپێش‌چووی بەسەردادێ کـە بۆ هەڵسەنـــگاندنی دۆخی تازەو چارەســـەرکردنی گیروگرفتی کۆمـەڵ ، دێتە مەیدانو هـەتا ئەم ڕەوتە هەبێ ، دەتوانـێ دەوری کاریگەرو بەکەڵکی هەبێو تەمەن درێژتر بێ •

جـاری وایە دوور لـەو هەوایە ، خەریـکی کاوبایەو شیشوکەو شڕوشیتاڵی لێ زیاد دەبێو بنجو بنـاوانی نامێنێو گەوهـــەری لـەژێر بارێـکی چڵكو کوڵكدا ون‌دەبێ ! ئەوکات ئەرکی خۆی ئەنجـامنادا ، مەبەست ناپێـکیو زیانی زیاترەو ناتوانێ لەگـەڵ دۆخی تازە خـــۆی

بگونجێنێ ! لــە هەردووك باردا ، شوێن لەسەر کۆمەڵ دادەنێ • لــە باری یەکەمدا ، خوڵقێنەرو بەرەوپێش‌بەرو دنەدەرەو لــە باری دووەمدا، پاشخــەرەو ئەبێتە هۆی تەمەڵیو تەوەزەلیو تۆی خورافــات دەچێنــێو بارەگــای زانست دەڕووخێنێ !

سۆفیزم وەك ئەو ڕێبازەی باسمانکردو خانەقاو تەکیە وەك بنــکەو بنیاتێك ، لە بەرەوپێش‌بردنی کۆمەڵو ئاستی ڕووناکبیریو بەرزکردنەوەی پلــەی ژیان چ شوێنەوارێکیان هەبووەو ئەرکی کۆمەڵایەتیان چ‌بــووە ؟ با وادابنێین سۆفیزم قوتابخانەیەو مامۆستای دەوێو بۆ شکاندنی تینــویەتی مرۆڤ لەمەڕ تێــگەیشتن لەوبەری سنووری سروشت ، پێویستە مامۆستای هــەبێ • پرسیار ئەوەیە چۆنو سەرپەرشتی لەسەر کێیەو چ کەسانێك دەتوانن مــامۆستا یان قوتابی بن ؟ بــەرنامەی دەرسو وانەکــان چینو ماوەی چەندەو ئاکامی چی‌یە ؟

وەك ئێمە تێگەیشتووین ، ئەو فێرکردنو فێربوونە ، چوارچێوەیەکی وەك قوتابخانە ئایینیو ئاسایی‌یەکان نی‌یە • هــەر شێخێك بمرێ چزاناو چ گێل : جێگرەکەی یەکسەرەوە مامۆستایە ! وەك مامۆستا قانع دەڵێ :

**وەك بێچوە سۆنە وانە لەگەڵ لە هێلکە دەرچوون**
**دەڕۆنە بەحری بێپەی گەر ئاوی لێل بێ یا ڕوون**

**بێ‌کەسبو بێ‌مەعریفەت ئوستادی عیلمی غەیبن**
**لەم مەدرەسە موهیمە بەدوو دەقیقە دەرچوون !**

ئەوجــار قوتابی کێیە ؟ سنووری بۆ دانراوە ؟ نەء • چوونــکە هــەر شێتو گێــلو نەزانو زاناو ژیرو بــەبیرێك بەپێی دابو نەریتی کۆمەڵەکەمان دەتوانن لە هەر تەمەنێکدا ، شاگردی ئەو قوتابخانە بن .
خەرجی قوتابخانە لەســەر کێیە ؟ و چۆن بەڕێوەدەچێ ؟ خەرجی

لەســەر قوتابی‌یەکانە ! خــەرجی ماموٚستــاو دەوروبەرو تەنبــەڵو تەوەزەلانی قوتابخانەش لەسەر ئەوانە ! دەرسەکــان بێجگە لە کــەلاسی تایبــەتی لــە خانەقا ، قوتابی پلەکانی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و بالاٚ تێــکەلاٚو لە خەتمەو لە بوارەکانی‌تری فێرکردندا ، دادەنیشن‌و لە وانەکان وەك یەك کەڵك وەردەگرن ! بێجگە لەوە گشت شاگردەکانی ئەو قوتابخانە خەڵکی ئــەو گوندو شــارە نین کــە قوتابخانەکەی تێدایە • لە دوورو نزیکەوە دێن ، پیرو پەککەوتەو گەنج‌و بەتوانا ، دەست لــە ئەرکی کوٚمــەلاٚیەتی هەڵدەگرن ، دەچنــە خانەقــاو بــە مەیلی خوٚیان‌و بە حــەزی شــێخ دەمێننەوە ! ماڵ‌وێران‌و مووچەو مــەزراو مەڕو ماڵات بێ‌کەس‌و ژن‌و منــاڵ بێ‌خاوەن‌و دووکــان داخراوەو حوجرەو قوتابخانە بەســـراوو خانەقا پڕ لــە حەشیمەت ! ئەو مــاوە لەوێن ، مل‌کەچی فەرمان‌و بەندەی هــەرمانن • بەلاٚم کە گەڕانەوە ، بەزوٚربەیی دەسدرێژکەرو چەوسێنەرو چڵــکاوخوٚرو مل‌کەچی زوٚردارانن ! بەرهــەمی ئەم قوتابخانە ئــەگەر ڕیشی پان‌و بەردخواردن‌و سیخ‌لێدان بێ‌و مروٚڤ بوٚ مــــەیدانی ژیــان‌و بەرورووبوون لەگــەڵ گیروگرفت ئامادە نەکاو خواناسین نەکاتە هەوێنی دڵسوٚزی‌و خزمەت‌و هەڵوێست گرتن لە بەرانبەر دوژمنانی ئازادی‌دا ، پڕ لــە زیانەو پاڵپشتی دوژمنانە ! ئاکــامەکەی هــەژاری‌و نــەبوونی نانــەو پاشکەوتوویی لــە ژیانەو بەگشتی نەمانە ! بەرهـــەمی سەرلێشێواوی هەزارانە ، ماکەی وێرانی ماڵانە • ژنی ڕووت‌و ڕەجاڵ‌و مناڵی پێخاوس‌و بێ‌جڵ‌وبەرگ کە تەنیا سەرپەرشتیان بەرەو ئەو قوتابخانە وەڕێ‌کەوتووە، چــوٚن ژیان بەسەربەرن‌و تاوانی برسیەتی‌و ڕووتی‌و نەزانی‌و هــەژاری‌و لارەملییان لەســـەر کێیە ؟ قوتابی یان ماموٚستا ؟ ڕێبازیان قوتابخــانەو بنــکەی کوٚمــەلاٚیەتی لەوچەشنە ؟ فەرهەنگی کوٚمەڵ یان حــکوومەت‌و لێ‌پرسراوانی ولاٚت ؟

گریمـان فێرکردنەکانیش دروستو پێـویست بنو بەرهـەمی مەعنەویشی هەبێ ، خۆ مرۆڤ تەنیا لایەنی ڕۆحی نییەو لایەنی مادیشی هـەیەو پێویستە وەك گیانلەبەرێك ژیان بەسەربەرێو بـۆ ڕاسوڕێس کردنی ژیانو بەرزکردنەوەی پلەی ژیان ، چالاکانە تێبکۆشێ • ئـەرکی خۆی لەو مەیدانەش بەئەنجامبگەیێنێو نیشانبدا خواپەرستو خواناسو ژیاناسیشەو لەو گۆڕەپانەشدا کەمتر لەوانیتر نییە• بەڵام داموودەزگای عیرفانی کوردستانو قوتابییەکانیان بەوشێوە نینو لـەو مەیدانەشدا ، سەرکەوتنیان بەرچاو نییە •

ژیانی پڕ لـە بێبەشیو هەژاریو بۆرەپیاكو کۆمەڵانی خەڵـکی سۆفیو دەروێشی کوردستان بەڵـگەی ئەم بۆچوونەیە • بەگشتی شێخو خەلیفـەو دەوروبـەریـان سـامانداروخۆشـگوزەرانو زۆربـەی مریدەکان ، ڕۆژڕەشو بێبەشو کۆڵەوارو هەژارن • بێجگە لـەوە ئەو فێرکردنە پڕ لە شیتاڵەی زۆر لە خاخانەقـاکان ، هێـزی کارو شـووری ژیان دەکوژێو جـگە لە سەرگەرمکردنی چـەند ڕۆژیان چەند مانگەی مریدو ڕانەگەیشتن بە کاروباری ژیان ، دنەدەری تێکۆشانو تێـگەیشتن لـە دۆخی ژیان نییە ! پڕە لـە سەردانواندنو لەبەرانبەر بێدادگـەری کۆمەڵایەتیو کاتڕابواردنو سەرنجنەدان بە باری ژیانی خەڵك ! لەباری خواناسینەوە وەك وتمان پڕە لە چەمکی دووئالیستیو بەندەپەرستیو تـکوولیکردن لـە پەنابردن بۆ غەیری خـوا • پڕە لـە کێشەی سۆفیو دەروێشو دوژمنایەتی لەگـەڵ یەکتر کە لەسـەر بژیویو هێمنایەتیو هاریکاریو هاوماڵی ، شوێنی ناحەزدادەنێ • وەك وتما فێرکردنی باشیشی تێـدایە کە بەداخەوە لەژێر دارو پەردووی خۆرافات ، شاردراوەتەوە !

عـەزیز نەسین نووسـەری بەناوبانگی تورك لە کتێبی گـێلەپیاودا

هـەرچەندە بە شێوەی داستان ، بەڵام لەڕاستیدا وەك هونەرمـەندێك ڕۆوی دزێوی ڕاستی‌یەکی کۆمەڵیکی وەك ئێمەی خستووەتە بەرچاو • ئەوکات کـە گێلە لـە ماموستایەتی‌یەکەی ، هەڵدێو تووشی چەتە دەبێو پێشنیاری پێدەکـەن هاریکاریان لەگەڵ بکاو هەڵدێو بە سەربرینداری لەبن بەردێك خـۆ ماتدەکاو پاشان کابرای گوندی دەرویش دەیبینێو کڕنۆشی بۆ دەباو پێی وادەتی شـخەو ئـەویش بـەناچاری دەچێتــە بەرگی مورشـیدەوەو دەبێتە شـێخی چەند گوند • لەو پێوەندی‌یەدا ، خەڵـکی ساویلـکە پەنایان تێبردو سامـانو دامدەزگـای پێـکەوەناو خاوەندەوڵەت هەرکامە بـە قازانجی خـۆیان کەڵکیان لێ وەرگرتو فرتوفێڵی شێخانەو ڕەفتاری بەهەشتفرۆشانەو کارەساتەکانی دوایـــی گێلە ، هـەموو نیشانەی بوونی دەرەتانی بەرفراوان بۆ کـەڵك وەرگرتن لـە سۆفیزمو داموودەزگا پێکەوەنانو زەمینە ئامادەکردنی خــاوەن دەسەڵاتەکان بۆ ئەو شێوە کارەیە(١) •

بێجگە لەمانە لـە پڕوپاگەندەکانیانو نووسینەکانیاندا ، هێـــرش دەبەنە ســەر زانستو فەلسەفەو وەك لەپێشدا باسمانکرد وا نیشاندەدەن کـە فەلسەفە لـە مەیدانی خواناسیندا ، بێتوانایە ! کــەچی شێخی فەلسەفەزانی وەك شێخ نـدیم الجسـر دەڵێ : جیاوازی نێوان زانستو فەلسەفە ئەوەیە کـە زانست تەنیـا دەیهەوێ لە ڕواڵەتەکانو ڕێكوپێکی ئەم جیهانە بـگا ، لـە هەمانکـاتدا فەلسەفە باسی بناخەی جیهـــان ، هۆیەکەیو ڕاستەقینەکەی دەکـا • فیلسۆف دەیهەوێ لـە یەككـاتدا ، ڕیشــەو ناوەڕۆکی ماکە (مادە) هۆی بوونەکەی واتای کاتو شـــوێن

(١) گێلەپیاو عەزیز نەسین ، وەرگێڕانی مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە. لاپەڕی ١٩٠ ـ ١٤٣ •

بناخـەی هۆشی ڕاستەقینەکەی‌و تواناکەی لەسەر گەیشتن بە ڕاستەقینەو هۆشی خۆی بەهۆش پێـکراو (معقول)و خۆدی هۆش بگا • گـەوهەری فەلسـەفەی کۆن بریتی‌یـە لـە باس لەسەر خواو گەیشتن بە خوایەکی هەق‌و هەڵماڵراو لە پەسنەکانی مادە(١) •

کامـە عیرفـان کامـە ئینسان ؟ ئایین‌و بەرامبـەری دەبێ ژین‌و خواناسی‌و خزمـەت بە ئاسایش‌و ئازادی تێـدابێ • ئەوەی بۆ بنچینـەی ژین‌و بوون‌و نەمـان ڕانامێنێ‌و خراوەتـە قوژبنێ ، مرۆڤ نیە • ئەوە پەل‌وپۆ داوێ بۆ ئەوپەڕی ژین ، دەبێ گرێ‌پووچکەی ئەمی کردبێتەوە، دڵی بێتـەوە • وەك دەڵێن : دڵخورتی عیرفان ئەوینـە ئەوینیش هێزێکی بەتینەو لـە خواردنی گەرم‌ونەرم‌و تێسمیریاگی ناچێتە ناخی لە شـەوە • بەم‌جۆرە مێشکی عـارفی زكزل‌و هورگن‌و کوڵکن، کوا عیرفانی تێدایەو ئەوی‌تریان کە بێزارە لە ژیان‌و خـۆی خزاندوەتە ئەشکەوتان ، کـوا ئاگـای لـە ژینـە ؟!

دوکتۆر شەریعەتی دەڵێ : ئەوین ئەو ورەو نەترەیە کە لەدرێژایی مێژوودا ، لـە دەورانی تازەو زوودا ، زۆر پیاوی ڕەنیو هێناوەو دنەداوە کـە دەستیان لـە خۆ بەرداوەو سەریان لەپێناو گـەل ناوە ، شۆڕشی وایان گێڕاوە ، باری دنیای پێ گوڕاوە •

پیـاو کاتێك پیـاوە ، دڵدار بێ دەنا هەر مەیموونە کە کلکەکەی لەدەست داوە(٢) •

ئەوەی بەئاسوودەیی دەژی‌و لـە خەمی خەڵك بێ‌خەمەو لە دوژمنی

---

(٢) قصة الایمان ، شیخ ندیم الجسر ، بیروت لاپەڕی ٣٥ ـ ٣٦ •
(٣) عیرفان •• سەرچاوەی پێشوو لاپەڕی ٣٣ ـ ٣٢ •

نەتەوەکـەی خاترجەمـە ، نـە ئینسانەو نەگیانلەبەر ! بـەردو دارە • بوونەوەرێکی هەژارە بۆ فریودان ، زۆر بەکـارە • ئەگـەر عیرفان لـە بنقوژبن خزینەو دوژمنی ژینە ، نەخۆشی‌یەکی پربرینە • ئەگەر گیرفان ئاخنینە بەلای ژینە بۆ هەژاران پڕ لە قینە • ئەگەر عەشقو ئەوینە ، بەو ژینەو راپەرینە دژ بەو چینە ، پڕ لەتینە، مرۆڤ خولقێنە ، مەرهەمی برینـە •

با پرسیار بکەین بێجگە لەو شێخو عارفانە لەو مەیدانەدا ڕاپەڕیون، کامە مورشیدو خواناسی‌وا بەردی بناخەی ژیانی داناوە ، بەگژ دوژمندا چووەتەوە،کامەیان بە نەترەی پیاوانە دەستیان لـە خۆ بەرداوەو لەپێناو گـەل ناوەو شۆڕشی وایان گێڕاوە ، باری ژیان گۆڕابێ ؟ دوور نەچین ئەوا شێخەکانی هەورامان کە کەلە کۆنەوە دەسەلاتیان لە گشت شێخی کوردستان زیاتر بووە ، چی‌یان کردووە ، مژدەی کامە سەربەستی‌یان بە گـەل داوە ؟! خەڵکینەبا تێفکرین ، شتی گەندەڵ نەکڕین ، بەهـۆش بەرپێی خۆمان بپێکین‌و خولیای ئەو دڵخورتە بین کە ڕزگاریمان بـۆ دینێ‌و نامانخڵەتێنێ !

## سروشتە تایبەتی‌یەکانی کێشەی کورد :

بارودۆخو چارەنووسی مێژوویی نەتەوەکەمان پڕە لـە تراژیدی • هەر بەم‌بۆنەوە هەرچەند لە کۆندا بناخەی شارستانی‌یەتی پتـەو بووە ، لـە سێ سـەدەی ئەم‌دوایەدا لەم ناوچەدا گەلێك لەپاش بووە • بەهۆی جۆراوجۆر بەسـەر چـوار وڵاتدا، دابەشکراوەو لـە پێشدا دوویـان‌و لـەم دوایانەدا یەکێکی تریان لە دەوڵەتە هەرە گەورەکانی ناوچە بوون• هەربۆیە چ سـەدەی حەڤدەو چ پاش ئەو بۆی نەلواوە ، دامودەزگـای تایبەتی هـەبێ •

کورد ئازادیخوازه ، جەنگاوەرەو هیچ هێزێك تائێستا نەیتوانیوە دایمرکێنێ • بەڵام زۆر جار کەوتووەتە داوی کۆنەپەرستانو بۆ گەیشتن بە ئامانجی چەپەڵیان ، لە ساکاریو نیازپاکی ئەو کەڵکیان وەرگرتووە !

لە باری خاکەوە کوردستان سەرەڕێگای هاتووچووی ئێرانو ئورووپایە • ئەو ، بە وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستو ڕەشەوە ، دەبەستێتەوەو ئەم ڕێگاو دەوروبەری بوون بەهۆی ئەوە خەڵکی کوردستان لەگەڵ گەلانی هەمەجۆر ، تێکەڵاوی پەیدا بکەن ، وەك تورك ـ ئەرمەنی ـ عەرەب ـ فارس ـ ئاسووریو ئازەری • خێڵە کوردەکان بەهۆی شەڕو ئاژاوەی بێوچان ، ناچاربوون پەنا بەرنە بەر ناوچە شاخاوییەکانو بەمجۆرە لە شارستانییەت دوورکەوتنەوە !

لە ڕووی خەڵكناسییەوە بەرگی ئایینی لەبەرکراوەو وەك وتمان لەو ناوچانەدا ، چەند ئایین هەن • بێجگە لەوانەی ناسێندراون، ڕێبازی کاتولیكو پروتستانو گریگوریش هەن • لە باری کۆمەڵایەتییەوە لە دراوسێیەکانیان لاوازترنو ناچینەوە سەر ئەوە کە قەوارەی کۆیلەتیو دەرەبەگایەتیو خێڵایەتی ، چۆن دەستیان بەسەردا گرتبوونو چەند هەزاریان چەند سەد ساڵ مانەوەو هەتا ئێستاش شوێنەواریان لە گشت بارەکانی ژیاندا ، بەرچاوە(۱) •

ئەم خاکە بە دانیشتوانیوە ، دابەشکراوە • نەتەوەکەمان بۆ دیاری کردنی چارەنووسی خەبات دەکاو خەباتەکەی دژی چەوسانەوەو چەوسێنەرانەو نەتەوایەتییە • سنووری چەند حکوومەتێك ، هێزەکانی لێك دابڕیوەو لەکاتی گرنگو ناسکیشدا ، لەگەڵ هێزی یەکگرتووی

(۱) کێشەی کورد م • د • س • لازاریف وەرگێڕانی دوکتۆر کاوس قەفتان • بەغدا ۱۹۸۹ لاپەڕی ۱۲ ــ ۱۰ •

ئەو دەوڵەتانەو تەنانەت هێندێك دەوڵەتی تریش ، بەرەوڕوو دەبێ .

سامانێکی زۆری نەوتی هەیە کە خۆی خاوەنی نی‌یەو منۆپۆلەکان دەری‌دێنن‌و پارسەنگی گۆڕانی باری سیاسی ئەو وڵاتانەیە کە بەسەر کوردستاندا زاڵن . چارەنووسی بە نەوتەوە گرێدراوە ، هەر بۆیە بۆ وڵاتانی سەنعەتی گرنگتر دەبێ . کوردستان وەك وتمان کەوتووەتە نێزیك یەکیەتی سۆڤیەت‌و ئاڵقەی پێوەندی ئەو وڵاتەو ڕۆژهەڵاتی نەرەبی‌یەوە . هەر ئاڵوگۆڕێك بەسەر ئەو وڵاتانەدا بێ ، شوێن لەسەر بارو دۆخی کوردستانیش دادەنێ . ئەو قازانج ویستی‌و ملهوڕی‌ی دابەشکردنە ، بوونەتە هۆی ڕزگارنەبوونی نەتەوەکەمان‌و بارە تایبەتی‌یەکانی نێونەتەوەییش لەو ڕزگاری‌یەدا ، دەوریان هەیە(١) .

هۆی پاشکەوتوویی خەڵکی کوردستان بێجگە لەوانە ، شاخاوی‌و کەمزەوی بوونی‌یەتی . ئەم بارە بێجگە لەوە دەبێتە هۆی سەختکێلانی زەوی ، ڕێگاوبانیشی بەسەختی تێدا دروستدەکرێ . هۆی سەرەکی دواکەوتوویی‌یەکەی ، گەشەکردنە مێژوویی‌یەکەیەتی . کورد سەدها ساڵ لەژێر چەپۆکی ئیمپراتووری‌یەکانی ئێران‌و عوسمانی‌دا بوو‌و نەیتوانی ناوەندێك بۆ خۆی دامەزرێنێ . هەر ئەو بارەش بوو بەهۆی ئەوە هاتووچۆوی بازرگانی‌وڵاتان بەسەر کوردستاندا شوێنی کاریگەری لەسەر شارستانی‌یەتی دانەنا . شەڕی نێوخۆیی خێڵەکانیش دەبوو هۆی هەژاری‌و دواکەوتوویی زیاترو خەباتی ڕزگاری‌خوازیش دەبووە هۆی وێرانی شارو گوندەکان‌و کۆچکردن‌و بەڕێوەبوونی خەڵك‌و نەکێلانی زەوی‌یەکان .

ا ە سەرەتای سەدەی شانزدەهەمەوە ، گۆڕانێکی گەورە بەسەر

---

(١) کوردستان‌و کورد ، پێشوو ، لاپەڕی ٢٩٣ _ ٢٩٠ .

مێژووی کورددا هات • لە ساڵی ١٥١٤دا سوڵتان سەلیمی یەکەم لە شەڕی چاڵدڕاندا ، بەسەر هێزی شائیسماعیلی سەفەویدا ، سەرکەوت و ڕۆژئاوای خواروو ناوەڕاستی کوردستان ، کەوتنە ژێر دەستی ئیمپراتووری عوسمانیی و تەنیا ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان ، بۆ ئێران مانەوە • ئەم دابەشکردنە لەنێوان دوو وڵاتی بەهێزی ئەوکاتدا کە لەسەر دۆخی دەرەبەگایەتی دەگەڕان ، بوو بەهۆی ئاڵۆزی پتری کێشەی کورد • لە ماوەی ٣٠٠ ساڵی دواییدا ئەو ڕووداوەی کوردستان بوو بە شانۆی مەیدانی شەڕو جەنگی لەپسان نەهاتووی ئەم دوو حکوومەتە • دەیانجار ناوچەکانی کوردستان ئەم دەست و ئەودەستیان کرد • زۆرداران بەناوی ئایینەوە ئاگری شەڕیان بڵێسەدارتر کرد ! بەڵام ئامانجیان زەوتکردنی کوردستان بوو ، بۆئەوەی ناوچە ئیستراتیژیکییەکانی وەك دەوروپشتی قەفقازو دەریای سپیی و ڕەش و دەریای قەزوێن ، کەنداوی عەرەب ، بخەنە ژێر دەسەلاتی خۆیانەوە •

کورد وەك زۆر لە نەتەوەکانی تری ناوچە ، لەم کێشەدا، تووشی برسێتیی و ماڵوێرانی بوو • ئەو داگیرکردنە لە ساڵی ١٨٥٣دا بەڕەسمی، ئیمزاکراو سنوورەکان بەڕەسمی ناسێندران ، ئەم کێشە دوورو درێژە بووبەکۆسپی پێشکەوتنی کورد لە باری ئابووری و کۆمەلایەتیی و سیاسیی و زانیاری‌یەوە • نەیهێشت گەلی کورد یەکبگرێتەوەو ئاوردانێك بۆ خۆی پێك‌بێنێ‌و ئەو بارانەی ژیان گەشە پێ‌بدا(١) • لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمیش‌دا ، وڵاتە ڕۆژئاواییەکانیش چنگیان خستە نێو کاروباری کوردستانەوە • لەبەرئەوە دەیانەویست لە ئێران‌و تورکیە سوودبەرن ، پێیان خۆش‌بوو لاواز بن • لەو پێوەندی‌یەدا لەلایەك ئەوان کەلکیان

---

(١) کێشەی کورد ، پێشوو ، لاپەڕی ٤٥ ـ ٤٣ •

لـه کێشەی چارەسەرنەکراوی کـورد وەرگرتو دەیاندا بەگژیان‌داو لەلایەکی‌تر ئەو دوو وڵاتە ، بە چەکدارکردنی هێندێك لـه کوردەکان ، دەیانەویست لـه خۆیان پارێزگاری بـکەن • بەم‌جۆرە لـه هـەردووك لایەن کورد دەبووە دەستەچیلەی ئاگری پاوانخوازی !

بێجگە لەوە لەم ئاڵۆزی‌و دەستێوەردانانەدا ، هـێندێك لە خێڵـه کوردەکـانو پیاوە ئایینی‌یەکـانی کورد ، لێرەو لەوێ نیمچـه سەربەخۆیی‌یەکیان هەبوو، بەگشتی کورد نەیتوانی ناوەندێکی حکوومەتی بۆخۆی دروست‌بکاو مۆرکی کوردستانی لێ‌بدا !

لـه سەدەی نۆزدەهەمدا گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسـەر دۆخی سیاسی ناوەوەی کوردستان‌دا هـات • لـه کۆتایی سێ‌یەکی ئەو سەدەداو لـه ئەنجامی شەڕەکەی نێوان ڕۆوسی‌یەو تورکیەدا ، سنووری ڕووسی‌یە تەواو لـه سنووری کوردستان نزیك بووەوەو بەشێك لـه کوردەکان ( یـان بەشێك لە کوردستان ؟) کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتووری ڕووسی‌یە • پاش ئـەم شەڕەو لـه سەرەتای ساڵی ١٨٣٠دا ، بەشێکی گەورەی کورد لەژێر دەسەڵاتی تورك ، ڕزگار بوو(١) •

ئـەم کێشە پڕ ئێش‌وکێشە لەبەر ئەو هۆیانەو هۆی جۆراوجۆری نێو خۆیی وەك پاشکەوتوویی‌کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی‌و ژیانی کۆچەری‌و سیستەمی دەرەبەگایەتی کۆچـەری‌و کێشەی عـەشیرەتی‌و نزم‌بوونی ئاستی ڕووناکبیری‌و سیاسی ، هەتا چـەرخی بیستەم چارەسەر نەکـرا • لـه سەرەتای سـەدەی بیستەم‌دا ، مەسەلەی کورد بوو بە مەسەلەیەکی جیهـانی • ئەوکات کـه وڵاتانی ئورووپای ڕۆژئاواو ئامریکاو ژاپـۆن ،

---

(١) هەر ئەم سەرچاوە ، لاپەڕی ٤٧ •

کەوتنە سەر ئەو بیرەی لە مەیدانی زۆرانبازیدا ، جیهان دابەش بکەن ، باری کوردستانیش کەوتە دۆخێکی نوێو بێجگە ڕووس و بریتانیا ، ئەوانیش خۆیان ، خزاندە ئەو مەیدانەوە .

مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا ، لە مەیدانی سیاسەتی چەند وڵاتێکی گەورەی تریشدا ، شتێکی کەم نەبوو . لەو نێوەدا بریتانیا لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە ئێرانی خستبووە ژێر چنگی خۆیەوەو دەیهەویست دەس بەسەر تورکیەشدا بگرێ . فەرانسەش کە خوازیاری دەس بەسەراگرتنی سووریەو مووسڵ بوو ، لەو کێشەیە دوور نەبوو . ئاڵمانیش بەگەرمی ئاوڕی لە کورد دایەوەو تێکۆشا ، نفووزی خۆی لە ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵاتو عێراقو باکووری سووریە ، بڵاوبکاتەوە . تەنانەت لە ئێرانیش هێندێك چووە پێشەوە . گەشەکردنی ئابووری وڵاتە عەرەبییەکانو کێشانی ڕێگای ئاسن لە بەغداوە بۆ تورکیە و هێندێك مەسەلەی تر ، کێشەی کوردیان زیاتر زەق کردەوە . لەو پێوەندییەدا کەڵك وەرگرتن لە هێزی چەکداری کورد بۆ پاراستنی وڵاتو ئەو ڕێگایانە لەو وڵاتانەشدا کوردیان بەسەردا دابەشکراوە ، مەسەلەی کوردی زیاتر خستە بەرچاو .

دۆخەکەی کوردستان کە لە کۆتایی سەدەی ١٩و سەرەتای سەدەی ٢٠دا ، ئاڵۆزتر بوو وای لە ڕووس کرد ، بە چاوێکی تردوە سەرنجی کێشەی کورد بدا . وەك مەسەلەیەکی گرنگی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست چاوی لێدەکرد ، بەڵام لەو پێوەندییەشدا ، قازانجی خۆی لای گرنگتر بوو(١) .

---

(١) هەر ئەم سەرچاوە . لاپەڕی ١٢٣ .

لەوچاخەدا بەگشتی کێشەی کورد ، خاوەنی چەند ناوەڕۆك بوو : پێوەندی کورد لەگەڵ نەتەوەی ئەرمەن ، کوردو تورك‌و ڕووس‌و ئەوان‌و کورد وەك پێوەندی دوولاینە ، شوێنێکی تایبەتی هەبوو • هەموو ئەو پێوەندییانەش بەدۆخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە ، بەسرابوونەوە • لەوکاتەدا ڕووس تەنیا لە بیری زیادکردنی دەسەڵاتی خۆی لەنێو کوردەکان‌دا بوو ، تا باشتر کەڵکیان لێوەربگرێ • هەوڵدان بۆ زیادکردنی دەسەڵات‌و هێشتنەوەی کورد بۆ کەڵك لێوەرگرتنی سیاسی لەلایەن ئاڵمانیشەوە ، هەر لەم چاخەدا بەهۆی ناردنی نوێنەرانی ئایینی‌یەوە بۆ ناوچە کوردنشینەکان‌و هاندانی ئەرمەنی‌یەکان ، درێژەی هەبوو • کە دیارە سیخوری جۆراوجۆریش لەکاردا بوون تا کوردو ئەرمەن بکەنە داردەست دژی ڕووس • تەنانەت لە کوردستانی ئێرانیش کەوتنە جم‌وجۆڵ • بەکوردی لە سەرەتای سەدەی بیستەم‌دا ، کوردستان کرایە مەیدانی کێشەی وڵاتە چەوسێنەرەکان(١) • لە دەیەمینی ساڵەکانی سەدەی بیستەم‌دا قۆناخێکی نوێ لە مێژووی نەتەوەی کورددا ، دەستی پێ‌کرد • شۆڕشە جۆراوجۆرەکانی ڕووسییە بوو بەهۆی هۆشیاری نەتەوەی کوردو گەلانی ناوچە • تورکە لاوەکان ڕاپەڕین‌و لە ئێرانیش‌دا گەیشتە ئەوپەڕی خۆی‌و نەتەوەکان دژ بە حکومەتە دیکتاتۆرەکانی ناوچە ڕاپەڕین • هۆی سەرنەکەوتنی زۆر لەم جم‌وجۆڵانە بێجگە لە دژایەتی ئیمپریالیسم ، بێ‌هێزی سیاسی‌و ئابووری بۆرژوازی نەتەوەیی‌و شۆڕشگێڕی ئەوکات بوو • لەگەڵ ئەوەش‌دا گرنگی ئەو شۆڕشانە کەم‌نابێتەوە • گەلانی ئێران‌و ئیمپراتووری عوسمانی لە بزووتنەوەی دیمۆکراتیکی ئەوکاتدا ، بەسەرفرازی ڕاپەڕین •

---

(١) هەر ئەم سەرچاوە ١٧٧ ــ ١٧١ •

لـه ١٩٠٥ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد ، دەستی پێکرد • پاش ئەوە شۆڕش یەك بەدوای یەکدا ، دێنو لەژێر تیشکی شۆڕشی گشتی نەتەوەکانی تردا ، بەرەبەرە ناوەڕۆکیان دەگۆڕن • هەستانو ڕاپەڕینی بێوچانی کوردەکانی هەرێمە ڕۆژهەڵاتی یەکانی ئانادۆڵو ئەو نەخشانەی پیاوە گەورەکانی کورد لە ئیستانبول دایاندەڕشت ، ئارەزووەکانی عەبدولحەمیدیان کردە بڵقی سەر ئاو کە دەیەویست ، لە کوردەکان بۆ پتەوکردنی دەسەڵاتی ، کەڵك وەربگرێ •

ئەوکات دۆخی کوردستانی ئێرانیش شێوابوو ، بەڵام شانی لە شانی کوردستانی تورکیە نەدەدا • لە گشت ئەم جموجۆڵەدا بەردی بناخەی سیاسەتی دوژمنە جۆراوجۆرەکان ، بریتی بوو لە سازکردنی کێشەی نێوخۆیی‌و ئاژاوەگێڕی لەنێو خێڵە کوردەکان • کۆنەپەرستان توانیان سەرنجی بەشێك لە کوردەکان بۆلای خۆیان ڕابکێشن‌و توانیان ، دژ بە ئازادیخوازانی نەتەوەکەمان ، چەکداریان بکەن : چاوەڕوانی شێخەکانی سەرسنووری تورکیە لە ئێران لەسەر ڕوسیە بۆ یارمەتیدان بە کورد ، وەك لەدواییشدا دیتمان ، بەئاکام نەگەیشت (١) •

ڕووداوەکانی دوایی‌و شێوە یارمەتی‌و هاریکاری یەکیەتی سۆڤیەتی شۆڕشگێڕ ! لەگەڵ کۆماری خودمۆختاری ساوای مەهاباددا ، ئەو ڕاستی‌یەی سەلماند • پاش هاتنە سەرکاری کەمالیستەکان ، دۆخی شۆڕشی کورد گۆڕاو تەوژمی زۆرتر کەوتە سەر خەباتگێڕانی گەل • لە ١٩٠٨دا شۆڕشی گەورەی کورد لە عێراقیشدا ، دەستی پێکرد •

---

(١) هەر ئەم سەرچاوە ، لاپەڕی ١٩٢ – ١٠ •

تورکەکان بۆ دامرکاندنی ئەو ڕاپەڕینەش وەگەڕکەوتن(١) .

لە بەشی دووەمی ئەم کتێبەدا هەرچەند بەکورتی بەڵام بەگشتی باسی شۆڕشەکانی نەتەوەی کوردمان کرد . لێرەدا تەنیا باسی سروشتە تایبەتی‌یەکانمان کردووەو ناکەڕێینەوە سەر ئەو باسانە . هەر ئەوەندە دەڵێین کە ڕووس پێیخۆشبوو لە کورد بۆ درێژەدان بە سیاسەتی ناوچەیی خۆی کەڵك وەرگرێ . مەسەلەی کورد لە چاخی شەڕی یەکەمی جیهانی‌دا ، کەوتە گێرەاوی تاقیکردنەوەیەکی سەخت . واتا ئەم شەڕە کێشمەی کوردی بە چارەسەر کردن ، نزیك نەکردەوەو دۆخی لەجاران خراپتر بوو و وەك وتمان کوردستان بوو بە مەیدانی شەڕی ڕووس‌و بریتانیاو تورکیەو سەرلێشێواوی خەڵکی کوردستان زیاتر پەرەی‌سەند(٢) .

باری جۆغرافیایی کوردستان‌و شەڕی جیهانی لە ساڵی ١٩١٧دا دۆخی ئابووری‌و سیاسی ناوچەکانی کوردستانی تورکیە ، زۆر خراپ بوو و جووتیارەکان بۆ ماوەی دوو ساڵ نەیانتوانی کشت‌وکاڵ بکەن. هەر لەوساڵەدا کە شۆڕشی ئۆکتۆبریش لە ڕووسی‌یە کرا ، لە کوردستانی ئێستای عێراق کوردەکان لە شاخەکانی دەوروبەری موسڵ ڕاپەڕین‌و پەنایان بردە بەر ڕووسی‌یە . شێخی نەمریش هەر ئەو کارەی کردو هاریکاری بزووتنەوەکانی‌یان کرد . هەر لەو ساڵەدا لە کوردستانی تورکیە لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵەوە ، دەستی پێ‌کرد . دەرسیم‌و دیاربەکری گرتەوەو یارمەتی عەرەبەکانیشیان داو پێوەندی‌یان لەگەل گرتن(٣) .

---

(١) هەر ئەم سەرچاوە لاپەڕی ٢٣٧ ـ ١٩٢
(٢) هەر ئەم سەرچاوە ـ ج ٢ لاپەڕی ٥٥ .
(٣) هەر ئەم سەرچاوە ج ٢ لاپەڕی ٦٤٨ ـ ٥٥٥ .

ڕووسەکـان لـە جنووبی کوردستانی ئێرانیش وەك سیاسـەتی هـــەمیشەیی ئوروپاییەکانی ئەوکـات ، کوردەکانیان بـــە دانی خودمۆختاریو دیاریکردنی چارەنووسی خــۆیان بەدەست خــۆیانو پەیمانبەستن لەگـەڵ خێڵە کوردەکان بۆ پاراستنی لەشکری خۆیان کـە ئەوکات لە کوردستانی ئێران بوو ، سەرگەرم کردو کە لەو بوارە پەرێنەوە ، کوردیش بە خەیاڵیاندا ، نەهات (١)

بەداخــەوە ئیمپریالیستەکـانی ئوروپاو ئەمریـکا هــــەرگیز نەیانویستووە کێشەی کورد چارەسەر بـکەن ،بەڵـکوو ئەگەر ئاوڕێکیان لـە کورد دابێتــەوە ، بۆ هەڕەشەکردنو ڕامکردنی ئەو وڵاتانە بووە کە کوردیان تێـدا ژیاوە • بەپێچەوانەش لەکاتی ڕووداوی وەك جەنـــگە جیهانییەکـاندا ، ئەو وڵاتانەی کوردیان تێدایــە ، کوردیان دژ بــە داگیرکەران ، هـانداوەو لـە ئایینو باری نیشتمانپەروەری کەڵـــکیان وەرگرتووەو لەونێوەدا ، خوێنی کورد بەفیڕۆ ڕژاوەو هەنـگاوی بەرەو ئامانج هەڵنەهێناوە ! ئێستا بناخـــەی هەرەگرنگی مێژووی خـــەباتی نەتەوەکەمان ، بریتییە لە تێکۆشان بۆ ڕزگـاری لە ستەمی نەتەوایەتی دژی پیلانـگێڕانو چەوسێنەرانو کۆنەپەرستانی دەروونیو دەرەوەییو چارەسەرکردنی کێشە ئابووریو کۆمـــەڵایەتییەکانی نێو کۆمـــەڵی کوردەواری •

## ئاڵوگۆڕی جیهانیو شوێنی لەسەر کێشەی کورد :

چــەرخی بیستەم چــەرخی هۆشیاری نەتەوایەتیو کۆمەڵایەتییە، چــەرخی بەرەوپێشچوونی زانستو گەشەکردنی کۆمەڵە ، چـــەرخی

(١) ئەم سەرچاوە ، لاپەڕی ٦٥٩ ــ ٦٥٨ •

بەرفراوانتربوونی پێوەندی بە جۆراوجۆرەکانی نێوکۆمەڵ و نێونەتەوەیی یە ، چەرخی خولقاندنی ئامرازی نوێ و سەرسوورهێنەری جەنگی و کارگەیی و وردی زانستی بۆدۆزینەوەی پێوەندی بە سەقامگیرەکانی تری دیاردە سروشتی و کۆمەڵایەتی یەکانە . جموجۆلی هێزی چەکدار لە هەواو دەریاو ویشکی یەوە بۆ دەس بەسەراگرتن یان یارمەتیدان بە لێقەوماوان ( ئەگەر بیکەن ) ئەوەندە توندو لەنەکاوە ، مرۆڤ سەری سوور دەمێنێ . جیهان وا بەرەوپێش دەچێ ، لەوانەیە لە داهاتوویەکی نزیکدا ، ئامرازی زانستی و مەکینەیی لە کارگەو کارخانە گەورەکاندا ، جێگای هێزی قۆڵ و مێشکی مرۆڤ بگرنەوە . بەرهەم بێنن ، رێک و پێک بکەن ، هەڵی بگرن ، ڕای گوێزن و تەنیا بۆ هێندێک جموجۆڵی وردو ڕێنوێنی ، نیازیان بە چەند پسپۆڕ ، هەبێ .

بەرەوپێشچوونی ئامرازی زانستی کۆمەڵی ئینسانی ، لێرەو لەوێ تووشی ئاڵوگۆڕ دەبێ و لەو ماوەیەدا ، ڕەوتی بەرەوپێشچوون یەکجار توند بووە . دیارە ئینسانی خاوەن زانست و ئامرازی ئەوتۆ ئەگەر باڵی هونەرو سۆزو عاتیفەی لاواز بێ و شان بەشانی باڵی زانستی لە شەقەی باڵ نەدا ، مەترسی لەنێوچوونی ئینسان و میراتە جۆراوجۆرەکانی پێشینیان ، چاوەڕوان دەکرێ . ئێستا شەڕی ئیدوئۆلۆژیکی و ڕێبازی ، خەریکە کۆتایی پێدێ و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا وازیان لە جەنگی سەردو گەرم هێناوەو وێدەچێ دابەشکردنی جیهان لەنێوانیاندا ، بە شێوەی داگیرکردن نەمێنێ و تەنیا بە نفووزی سیاسی و دەسەڵاتی ئابووری واز بێنن . وڵاتێ شوراکان کەوتوونەتە لەرزین و لێفە لەسەر هەتیو هەڵدراوەتەوەو ئەوانیش بەوشێوە لافیان لێدەدا مەسەلە چینایەتی و تەنانەت نەتەوایەتی یەکانیان ، چارەسەر نەکراوەو دەیان گرێ بووچکەی

کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابووری نەکراونەتەوە ! هەر بۆیە مەسەلەی درگای ئاوەڵای سیاسیو کۆمەڵایەتیو پلانە جۆراوجۆرەکانی گارباچۆف سەرۆك کۆماری یەکیی یەتی سۆڤیەت ، ئەو بەشەی لە جیهان شڵەقاندو لەنەکاو کۆشکی خەیاڵ رووخاو ناوەڕۆك ، وەدەوکەوت(۱)• پێویستبوونی دروستکردنەوەی کۆشکی کۆمەڵ بەرچاوکەوت(۲) • ئەو ئاڵوگۆڕە سیاسیو کۆمەڵایەتیانە بوونە هۆی ڕاپەڕینی گەلانو لە ماوەیەکی کەمدا ، چەند وڵات لەژێر چەکمەی ستەمکاراندا ، ڕزگار بوون و دوو ئاڵمان گەیشتنەوە بە ئاواتی یەکگرتنەوە • هاریکاری جیهانی زۆرتر بووە • بیرو بۆچوونە جیهانی یەکان لێك نزیك بوونەتەوەو بێجگە لەو بارانەی زۆر دێنە مەیدان تێدەکۆشن ، گیروگرفتەکان لە ڕێگای سیاسیو وتووێژەوە ، چارەسەر بکرێن • بەوپێیە چاوەڕوان دەکرێ ، ئەگەر ڕەوتەکە ئاوەها بچێتە پێشەوە ، گیروگرفتی مەسەلەی کوردو ئەم کێشە پڕ لە ئێشەش لە پێوەندی لەگەڵ کێشە لەمێژینەکانی جیهاندا ، چارەسەربکرێ •

سەدان ساڵە کوردی بێدەرەتانو بێپشتیوان لە ژیانو گیانی مایە دادەنێو بۆ گەیشتن بە ئامانجی چالاکی نیشاندەدا ، کەچی لەو دۆخە دەسکردانەی کە بۆ گەلەکەمان خوڵقاندوویانە ، دەرناچێو وەك نێچیرێکی چالاك لە گەمارۆی دوژمندایەو بەرەو هەر لایەك دەڕوا یان پەنای نادەن یان ئەگەر بیدەن ، بۆ گەیشتن بە ئامانجی

---

(۱) پروستۆریکا ، گورباچۆف ، شیکردنەوەی مەسعوود محەممەد، بەغدا ١٩٨٩ لاپەڕی ١٣٧ • تا چاپی ئەم نووسراوە ، وڵاتی سوڤیەتێکچوو و کێشە بۆ سەربەخۆیی گەلان گەیشتووەتە ئەوپەڕی خۆی •

(۲) هەر ئەم سەرچاوە ، لاپەڕی ٤٧١ •

ئینسانەکان کـە لەدرێژایی مێژوودا پێکهاتووەو لەسەر بناخەی هاوبەشی زمـان ، سەرزەوی ، ژیانی ئابووریو هۆیە دەروونییەکانو زنجیرەیەك لـە تایبەتمەندیو ئاکـاری نەتەوایەتی کـە لە فەرهەهگی گـەلیدا خۆدەنوێنێ دانراوە ، گشت ئەمانە پێـکەوەنو هەموویان بەسەریەکـەوە هاوبەشی ئەندامان لە قاپۆڕی نەتەوەدا ، نیشان دەدەن • پێش سەرهەڵدانی نەتەوەکان ، چـەند شێوازیتری هاوبەشی ئەندامانی کۆمەڵ هـەبووە وەك تایفـەو قەوم(١) • پاش پێکهاتنو دروست بوونی ئەم قـەوارە ، هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دامودەزگای سیاسی بەمەبەستی وەدەستهێنانی ئازادی نەتەوایەتیو پاراستنی میراتی فەرهەنـگی پێشینیان ، بووەتـە بەرنامەو لەوپێیەدا دوو شت لەبەرچاو گیراوە :

١ ـ سەلماندنو ناساندنی نەتەوەو تێگەیاندنی ئەندامانی کۆمـەڵ لەوپەیسنە هاوبەشانە •

٢ ـ زیندووکردنەوەی هەستی نەتەوایەتیو گەشەکردنی هۆشیاری نەتەوایەتی بەمەبەستی هاندانی ڕۆڵەکـانی نەتەوە بۆ پساندنی زنجیری کۆیلەتیو ژێردەستیو وەرگـرتنی ئازادی • بەمجـۆرە ڕاپەڕینی نەتەوایەتی ، ئاکامی گەشەکردنی هۆشیاری نەتەوایەتیو چینـایەتیو بەرزبونـەوەی ئاستی ڕووناکبیرییە • کـە تاقمێك لـە ڕۆڵـە تێگەیشتووەکانی گـەل ، گەیشتنە ئەو قۆناخە ، بە داناتی بەرنامـەو هاریکاری هاوبەشو نیشاندانی چالاکی ڕێكوپێك ، بەرەو ئامانج کـە بریتییە لـە دامەزرانی دامودەزگای سیاسیو لێدانی مۆرکی نەتەوایەتی ، ملی ڕێـگا دەگرن • لـەو پێـوەندییەدا بۆئەوەی مەیدانی خـەبات بەرفراوانتر بێو بەشداران زیاتر بن ، گرنـگی تەواو بە تایبەندییەکانی

---

(١) وشە سیاسییەکان ، ئیحسان تەبەری ، پێشوو ، لاپەڕی ١١٥ •

نەتەوە دەدرێ • مێژووی ئەدەبی زیندوو دەکرێتەوە ، زمانی ئەکەوێتە کارو بۆ نیشاندانی پاراوی‌و لێهاتوویی ، زمانێکە لە دەربڕینی مەبەستدا ، دەمەزەرد دەکرێتەوە ، چیرۆك‌و داستان‌و شیعرو دروشمی نەتەوایەتی ، پێی دەنووسرێ • دەبێتە زمانی ڕەسمی شۆڕش‌و شۆڕشگێڕان‌و بەم‌جۆرە پەرە دەستێنێ‌و لێوەشاوەیی خۆی دەنوێنێ • تێکۆشان بۆ زیندووکردنەوەی پیت‌و ڕستەو مەتەڵۆك‌و قسەی نەستەقی جۆراوجۆرو گۆرانی‌و باڵۆرەو گریان‌و پێکەنین‌و خۆوڕدوشت‌و داب‌ونەریت‌و مێژووی نەتەوە ، دەس‌پێدەکا •

شاعیری شۆڕشگێڕ دوور لە چەتەو گۆڕان‌و بێ‌مەترسی لە کۆنەپەرستان ، لە وشەی جوانی زمانی نەتەوایەتی ، هۆنراوەی پڕواتاو دنەدەرو پاراوو هەست‌بزوێن‌و تەویندارى ، ئەخاتە سەر ڕووپەڕی قاقەزو باخچەی ئەدەبیاتی گەل ئەڕازێنێتەوە • بەپێی توانا گۆڤارو ڕۆژنامەو نامیلکە دەردەچێ‌و کەسایەتی ڕاستەقینەی زمان‌و ڕابوردووی نەتەوە ، خۆی نیشان دەدا ، چیرۆکی جوان‌و بەواتا دەکەوێتە ڕووپەڕی قاقەزو دەردەکەوێ کە نەتەوە ، تا چ‌ڕادەیەك زانیاری‌و بلیمەتی هەبووەو پلەی زانیاری‌و شارستانی‌یەتی ، چەندە • ئەو دەرەتانەی شۆڕشە جۆراوجۆرەکانی نەتەوەکەمان ، بۆ چالاکی لەم مەیدانەدا خوڵقاندوویانە نیشان‌دەدەن کە تا چ‌ڕادەیەك دڵسۆزەکانی نەتەوە ، شاکاریان خوڵقاندووەو چۆن چاویان بە ڕابوردوودا خشاندووەو چۆن لەژێر هەزاران کۆگاخاکی دەسکردی مێژوویی‌دا ، گەوهەری ئەدەب‌و فۆلکلۆرو بەکورتی میراتی فەرهەنگیمان دەرهێناوە • ئەگەر قەرەچۆڵمان براوەو ئاوری خەبات هەڵنەگیرساوە ، دوژمنەکانمان نەیانهێشتووە ئەو گەوهەرانە بێنە دەرو سەدان خەرواری خاکیان بەسەردا داوەتەوە •

خۆیان ، کەڵکی لێوەردەگرن‌و تا ئەوپادە یارمەتی دەدەن کە پردەبازی گەیشتن بەئاواتیان بێ ! وەك وتمان بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئاڵوگۆڕە قووڵەی لەم ماوەیەدا لە کۆمەڵگای جیهانی‌دا پێك‌هاتووە ، چاوەڕوان دەکرێ کێشەی کورد لەم دەیەی کۆتایی چەرخی بیستەمدا ، چارەسەر بکرێ . ڕووداوەکانی ئەم دوایانەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌و کەنداوی فارس‌و بارودۆخی تازەپێشهاتوو بۆ عێراق ، هەروەها کۆچی جەماوەری خەڵکی لێقەوماوی کوردستانی عێراق بۆ ئێران‌و تورکیەو یارمەتی وڵاتانی جیهان بەتایبەت ئامریکاو ئوروپای ڕۆژئاوا ، بەو چارەڕەشانە ، وا نیشان دەدەن کە ئەمجارە کێشەی کورد لە بەشێك لە کوردستان ، هەرچەند بە ناتەواوی ، چارەسەر دەکرێ .

گومانی تێدا نی‌یە ، ئەو ماوە کاتێك وەردەگیردرێ‌و کاتێك ئەو وڵاتانەو ئەنجومەنی ئاسایشی وڵاتان‌و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد ، درێژە بە تێکۆشان دەدەن ، کە ڕێکخراوەکانی کوردستان‌و خەڵکی کوردستان ، چالاکتر لە جاران بەتەنگی مەسەلەکەیانەوە بن‌و بە کەڵك وەرگرتن لە ئەزموونی گەلانی ڕزگارو ئەزموونی جیهانی خەباتی نەتەوایەتی ، بتوانن لێوەشاوەیی خۆیان نیشان بدەن‌و هەنگاوی کۆیرانە هەڵنەگرن‌و گشت‌لایەنەکانی کێشەکە لەبەرچاو بگرن . کەڵك وەرگرتن لە دەرفەتی لەبارو هەڵوێست گرتنی دروست لە بەرانبەر ڕووداوەکان‌داو هەنگاو هەڵگرتنی بەکەڵك لەلایەن نەتەوەکەمانەوە ، هەروەها ناسینی دۆخی تازە،بەرەوپیری چوونی ڕووداوەکان‌و غافڵگیر نەبوون ، دەتوانن لە چارەسەرکردنەکەدا ، شوێنی کاریگەریان هەبێ .

هۆشیاری‌و قۆزتنەوەی هەل‌ومەرج‌و ناسینی دۆخی نێوخۆیی‌و

جیهانیو ڕاستەقینە دێتنو وەدوای ڕووداو کەوتن ، دەتوانن بەرەو ئامانجمان بەرن • هەر بۆیە هۆیە دەرەوەیی‌یەکان وەك یارمەتی وڵاتانیتر ، دەوری یەکەمیان نی‌یەو دەوری یەکەم هی بوونو چۆن‌بوونی خۆمانە • دیارە لەم دۆخەی جیهاندا ئەگەر وڵات یان چەند وڵاتی بەهێز لە داخوازە ڕەواکەمان پشتیوانی نەکەن ، ئەو وڵاتانەی کوردیا تێدایە ، حکوومەتەکانیان ئامادە نابن ، بەشێوەی برایەتی کێشەی کورد چارەسەر بکەن • ئێستا بەبۆنەی چارەسەرکردنی باری‌سیاسی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەلایەن وڵاتانی بەهێزی جیهانو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ، لەبەرئەوە کێشەی کوردیش بەو کێشەوە گرێدراوە ، کە ئەوان بۆ چارەسەر کردنی هەنگاو هەڵدەگرن ، چارەسەرکردنی ئەم کێشەش وەك وتمان چاوەڕوان دەکرێ •

## دەوری شۆڕشە گەلی‌یەکان لە گەشەکردنی فەرهەنگی نەتەوایەتی‌دا :

ڕاپەڕین یان شۆڕشی نەتەوایەتی ئاکامی سەرهەڵدانی بارو دۆخێکی کۆمەڵایەتی تایبەتی‌یە • کاتێك بەهۆی تایبەتی کۆڵەکە پێکهێنەرەکانی نەتەوە ، ناسێندراو باری عەشیرەو تیرەو خێڵ بە باری ئەوەدا ، گۆڕا ، تێکۆشان بۆ لێدانی مۆرکی نەتەوایەتی لە ڕێکخراو یان دەسەڵاتێکی گەورە وەك حکوومەت ، خۆی نواندو بەرەبەرە تایبەتمەندی‌یەکانی نەتەوەکان لەو مەیدانەدا ، زەق‌بوونەوە ، گەلان سەربەخۆیان وەدەست‌هێنا •

ئەوەش ڕاستە کە هەر نەتەوە ، داب‌ونەریتو خووڕەوشتی تایبەتی‌وای هەیە کە لە نەتەوەکانی‌تری جیا دەکاتەوەو ئێمە لە جێگای خۆی‌دا لەم کتێبەدا باسمان‌کردوون • هاوبەشیی بەردەوامی

گومـان لەوەدا نی‌یە کـە ئەم گەشەکردنە ، بەسراوەتەوە بە دۆخی ئابووری‌و کۆمەلایەتی ماوەی ڕاپەڕینەکانەوە • بۆنموونە لـە سـەدەی ۱۹دا کێشەی کورد وەك بزووتنەوەیەکی ڕزگـاریخوازی خێڵەکانی کورد ، سەری‌هەڵداوەو پاشان لـە چوارچێوەی ئیمپراتووری عوسمانی‌دا بەرفراوانتر بووە • لـە کۆتایی ئەم سەدەو سـەرەتای سەدەی ۲۰دا ، دەرەبەگەکانی کورد ، سەرۆکایەتی بزووتنەوەکەیان ئەکردو تەنیـا چاویان لـە بەرژەوەندی خۆیان بوو• کەوابوو جولانەوەی ئەوتۆ ناتوانێ ڕێك‌وپێك‌و بەرەو ئەو مەبەستانەی باسمانکرد ، هەنـگاو هەڵبـگرێ‌و ناشتوانی ناوەرۆکی نەتەوایەتیشی هـەبی ! بەوحـاڵەش جموجۆلەکە نیشانەی بێ‌توانایی تورکیە لە کوردستان بوو • هەربۆیە دەرەتانەکـە ئەخولقا •

بەلام ئەم ڕاپەڕینە لـە دەورەی هۆشیاربوونەوەی گـەلانی ئاسیادا بـەرەو پلەیەکی بەرزترو پرواتاتـر ، ملی ڕێـگای گرت • بـەرەبەرە ڕێکخراوی سیاسی‌و نەتەوەیی کورد سەریان هەڵهێناو تەنانەت چاوەڕوانیان بۆ دامەزراندنی دامودەزگایەك بۆ گشت کوردستان دەکرد • بەمجۆرە ڕاپەڕینی گـەورە گـەورە ، داگیرساو ناوچەی بەربلاویشیان گرتەبەر • تەنانەت هۆشیاری گەیشتە ئەوڕادەیە کە خەباتی گـەلی کورد بۆ ڕزگاری لەگـەڵ خـەباتی گەلەکانی تورك‌و عەرەب ، گرێدرا • بەو حـاڵەش گەلێك لەو بزووتنەوانە ، کۆنەپەرستانە بوون‌و بەرهـەمی ئەوتۆیـان نەبـوو(۱) •

خودی دابەشکردنی کوردستان ، مـەراقی ئەویندارانی نیشتمـانی زیاتر کردو پتر لە دڵـەوە سووتان‌و هەستی نیشتمانپەروەری‌یان زیاتر

(۱) کێشەی کورد ، پێشوو ، لاپەڕی ٦٦٨ ـ ٦٦٧ •

بەتین بوو ، تێدەکۆشان دەرەتانێك بۆ دەربڕینی ئەم هەستە پەیدا بکەن ، هەربۆیە دۆخی شۆڕشەکانیان دەقۆزتەوەو شوێنەواری ڕازاوەو بەواتایان دەخولقاند • بەتایبەت بەڵێن‌شکێنی ولاتە هاوپەیانەکان سەبارەت بە پەسندکردنی دانی سەربەخۆیی بە کوردستان پاش شەڕی یەکەمی جیهانی ، لە پەیمانی سێوردا ، بڵێسەی ئاگری دەروونی نووسەرو زاناو شاعیرو هونەرمەندی کوردی بزواندو دژ بەو ولاتانە بەتایبەت بریتانیا لە پێوەندی لەگەڵ کوردستانی عێراق‌داو ئەوانی‌تر ، سەبارەت بە بەشەکانی‌تری کوردستان،ئێشی دەروونیان هەڵڕێژا•نموونەی هەڵوێستەکەی بریتانیا سەبارەت بە ڕاپەڕینەکەی شێخ‌مەحمود ، بەرچاوترینیانە • وەك وتمان پاش شەڕی جیهانی دووەمیش ، ئامریکا هاتە ڕیزی ئەم مافئەستێنانەوە •

مێژووی خەباتی گەلەکەمان خوێناوی‌یەو هەربۆیە ڕووداوی دڵتەزێن‌و بەرهەمی پڕ لە ترازیدی ، دەخولقێنێ ، ئەویش بەپێی بوونی دەرەتان • بۆنموونە لەنێوان ١٩٢٥ تا ١٩٢٧ نیو ملیون کورد لە تورکیە کوژران(١) •

بێینەوە سەر باسی شوێنی شۆڕشەکان لەسەر گەشەکردنی فەرهەنگی نەتەوایەتی • بۆنموونە پاش شەڕی یەکەمی جیهانی‌و لە ساڵی ١٩٢٢دا لە سلێمانی دەرەتانی وەدەرخستنی ڕۆژنامەیەك ڕەخساو ناوی نرا «بانگی کوردستان»و کۆمەڵی کوردستانیش پێك‌هات • لە سەرەتادا بە کوردی‌و تورکی‌و فارسی ، دەردەچوو • بۆ یەکەم جار هەر لەو چاخەدا، مستەفاپاشا لە مزگەوتی سیدحسنی مفتی بە کوردی ، وتارێکی سیاسی دوورودرێژ ، دەخوێنێتەوە (٢) •

---

(١) کنشەی کورد ، پێشوو ، لاپەڕی ٦٧٢ •
(٢) یادداشتەکانی ڕەفیق حیلمی ج ٢ ، ٤٨٨ ــ ٤٨٧ •

پاش سەرکەوتنی حیزبی لاوانی تورکیە ، کوردەکانی ئەو وڵاتە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ ، ڕاپەڕینو لە ساڵی ١٨٩٨ ڕۆژنامەی کوردستان کە لە قاهیرە دەردەچوو ، وەگەڕکەوتو لە ١٩٠٨ گوێزرایەوە بۆ ژنێو . هەر لەوساڵەدا ڕۆژنامەی «هەتاوی کورد» ئۆرگانی کۆمەڵەی تەرەقیو تەعالیو بەدوای ئەودا ، ڕۆژنامەی «ڕۆژا کورد» ئۆرگانی «هێڤی کورد» دەرچوون . لەگەڵ بڕانەوەی شەڕ ، ڕێکخراوو ڕۆژنامە کوردی یەکان خەباتێکی بەربڵاویان دەسپێکردو یەکەم دروشمیان دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد بوو(١) .

لە ١٩٠٨ «کۆمەڵی بڵاوکردنەوەی زانیاری یە کوردی یەکان» دامەزراو قوتابخانەی کوردی کردەوە، مەبەستی بڵاوکردنەوەو لێکۆڵینەوە لە زمانو مێژوو جوغرافیای کوردستان بوو . کە پاش گۆڕانی دۆخەکە داخرا ناوی ڕۆژنامەی ڕۆژی کورد کۆمەڵی هێڤی بوو بە «هەتاوی کورد»و ٣ ژمارەی لێ دەرچوو (٢) . لە ١٩١٧ گۆڤای «کوردستان»و لە ١٩١٩ گۆڤاری «ژین» لە ئیستانبۆڵ بڵاوبوونەوە . لە سلێمانی «کۆمەڵەی ئەدەبی کوردی» پێکهاتو قوتابخانەی شەوانەی بۆ گوتنەوەی زمانی کوردی دانا . هەروەها لە ڕەواندز کۆمەڵی ئەدەبی بۆ بڵاوکردنەوەی زمانی کوردی ، دامەزرا . کۆمەڵی لاوان لە خوێندکارانی کورد لە بەغدا بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی پێکهات . لە کۆتایی یەکانی ساڵی ١٩٤٢ حیزبی هیوا ، گۆڤاری گەلاوێژو ڕۆژنامەی

---

(١) کوردستانو کورد ، پێشوو ، لاپەڕی ٥٢ ـ ٥١ .

(٢) الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية في نصف قرن ، ١٩٠٥ ـ ١٩٥٨ ـ ١٩٨٩ دوکتور عبدالستار طاهر شريف ، لاپەڕی ٣٨ ـ ٣٥ .

ژینــی بلاو دەکردەوە • بلاوکراوەیەکی ناوچەیی بەناوی « شــــیلان » بلاوبووەو(١) •

بەهۆی شوێنەوارەکانی شــەڕی دووهــەمی جیهانیو دۆخــی تایبــەتی ئێران ، لــە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویو ١٦ی ئوتی ١٩٤٥ حیزبی دێموکراتی کوردستان لەســەر بناخەی کۆمەڵەی ژێ کاف لە مەهاباد دامەزراو لە ماوەی ١١ مانــگی تەمەنیدا ڕۆژنامەی کوردستان ١١٣ ژمــارەی دەرچــوو ، هەروەها « هاواری نیشتمان »و «هــەلاڵە»ش دەرچوون • کــارو تێکۆشانی ئەم ١١ مانــگە لەبارەی پێشخستنی زمانی کوردیو بەرەوپێشبردنی فەرهەنــگی نەتەوایەتی ، شۆڕشێك بــوو • ئەوەندەی لــەم ماوەیەدا نووسراوو بلاو چاپکراوەتەوە ، لــە هێندێك جێــگای دیکە کە دەرەتان هەبووە بە چەندین ساڵ بلاونەکراوەتەوە • دوکتۆر قاسملوا دەنووسێ : بۆ پێشخستنی فەرهەنــگی کورد بــۆ یەکــەمجار ، تێئاتری کوردیش پێکهات • دەوری شانۆ زۆر گرینــگ بوو چوونــکە خەڵــکی نەخوێندەوار لە شانۆ حاڵیدەبوون لە حاڵێکدا نەیاندەتوانی چاپەمەنییەکان بخوێننەوە • بەتایبەتی ئەگەر سەرنج بدەین کــە ٩٠ لــە سەدی خەڵك لەوکاتەدا ، نەخوێندەوار بوون ، ئەمجــار گرینگی شانوی کوردی زیاتر بەرچاو دەکەوێ • هاتنە مەیدانی ژنان بۆ خــەباتی سیاسی لــە کوردستاندا ، یەکێك لە دەسکەوتە بەنرخەکــانی کۆماری کوردستان بوو (٢) •

لــە ١٩٤٥ حیزبی ڕزگاری کورد تێکۆشانی دەسپێکرد ، ڕۆژنامەی

---

(١) ئەم سەرچاوە ، لایەڕی ٩٦ ــ ٧٦ •

(٢) چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی ، دوکتۆر قاسملو ، چــاپی دووەم ١٩٨٨ لایەڕی ٧٤ ــ ٧٢ • هەروەها کوردستانو کــورد ، لایەڕی ٩١ •

«ڕزگاری»و گـۆڤاری «گـەلاوێژ»ی دەرکردو لەترسی پەرەسەندنی تێکۆشانی حیزب لە بڵاوبوونەوەیان پێشگیری کرا(١) .

لـە ١٩٤٧ ژمارەی ١٣ی ڕۆژنامەی ڕزگـاری بڵاوکرایەوە(٢). گشت ئەم بڵاوکراوانە ، لەکاتێکدا خوڵقاون کە دەرفەتی ڕاپەڕینو داواکردنی مـافی پێشێل‌کراو هەبووەو بارو دۆخی جیهانیو ناوچـەیی ڕێـگای ئەم چالاکیانەیان داوە . لـە دەورەی شۆڕشی بارزانیدا بێجگە لـە ڕۆژنامەی کوردستان ، دەیان سروودی نیشـتمانی هەست بزوێن ڕێك‌وپێك تۆمارکراو هونەر لەو بوارەدا ، دەوری خۆی گێڕا .

لـە هەل‌ومەرجی لەباردا ، لـە کوردستانی سووریە کۆمـەڵەی «خۆیبوون» دامەزراو لە ساڵی ١٩٥٦دا تێکۆشان بۆ پێکهاتنی حیـزبێك ، دەستی پێکردو لە ١٩٥٧دا حیزبی دیموکراتی کوردستان دامەزراو لـە ١٩٥٩ ، هێرش کرایە سـەر ئەندامەکانیو هێندێکیان لێ گیرا . لـەو هەل‌ومەرجەدا ، لـە هێنـدێك بواری مێژوویی لەباردا ، ڕووناکبیرانی کورد چەند ڕۆژنامەو گۆڤاریان دەرکرد . یەك لەوانە گۆڤاری «هاوار» بوو کـە بڵاوکرایەوەیەکی ئەدەبیو سیاسیو کۆمەڵایەتی بوو . لە ساڵی ١٩٤١ لـە شام گۆڤاری «روناهی»و لە ساڵی ١٩٤٣ گۆڤاری «ستێر» لـە دیمەشق ، بڵاوکرایەوە . ( الجمعیاتو .. لاپەڕی ٣٨٩-٢٨٣) .

دوکتۆر کـەماڵ مەزهـەر سەبارەت بە دەوری ڕووناکبیرانی نەتەوەکەمانو نرخی ڕۆژنامەنووسی دەڵێ : وەك ئاشکرایە ڕووناکبیرانی کورد لە دەوروبەری کۆتایی سەدەی نۆزدەمینەوە ، بەگەرمی تێـکەڵی خەباتی نەتەوەیی گەلەکەیان بوونو هـەر لـەو ڕۆژگارە ڕەشەوە ، لە

---

(١) الجمعیات ... پێشوو ، لاپەڕی ١٣٩ ـ ١١٨ .
(٢) هەر ئەم سەرچاوە ، لاپەڕی ١٦٢ .

بایەخ‌و نرخی ڕۆژنامەنووسی ، تێگەیشتن • بەتایبەتی ئەوانەیان کە لە ئەستەمبوڵ ژیابوون • یاخوێندبوویان‌و بە چاوی خۆیان دیبوویان ڕۆژنامەنووسی تورك‌و گەلانی‌تری ناو دەوڵەتی عوسمانی چ دەورێك لە ژیانی کۆمەڵدا دەبینن • ئەمە نزیك کۆتایی سەدەی ڕابوردوو ، پاڵی بە خوێندەوارە دووربینەکانی کوردستانەوە نا بکەونە خۆ بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەو گۆڤار بە زمانی زکماکی خۆیان • جێبەجێ کردنی ئەم ئەرکە پێویستە ، نە لەناو خاکی کوردستانی خۆی‌و نە لە ئەستەمبوڵی پایتەخت ، بەهۆی ڕژێمی خویناوی سوڵتان عەبدول حەمیدەوە ، کارێکی ئاسان نەبوو • هەر بۆیە چوونە میسرو لە ڕۆژی پێنج‌شەمەی ٣٠ ذوالقعدەی ١٣١٥ کۆچی ٩ نیسانی ١٣١٤ ڕۆمی کە دەکاتە ٢٢ نیسانی ساڵی ١٨٩٨ زایینی ، لە شاری قاهیرە ، یەکەم ژمارەی یەکەم ڕۆژنامە لە مێژووی گەلی کورددا ، لە چاپخانەی «الهلال» بە ناوی «کوردستان» لەلایەن میقداد مەدحەت بەدرخانەوە ، لە چاپدرا • ڕۆژنامەی سەربەرزو تاقانەی «کوردستان» ماوەی چەند ساڵێك بەئاوارەیی ژیاو هەر ڕۆژەی لە شارێك چاپدەکرا ، ژمارەیەکی لە ژنێو پایتەختی سویس‌و هێندێکی لە لەندەن‌و بەشێکی‌تری لە شاری فولکستون چاپکراون • دوای شەڕی یەکەمی جیهانیش بووە ناوی گۆڤارێکی نوێ کە لە ئەستەمبوڵ چاپدەکرا(١) •

ئەمانە نموونە بوون بۆئەوەی هێمام پێ کردن کە کوردی چارەڕەش تەنیا لە هەلی مێژووی لەباردا ، توانیویەتی ئاوڕێك بۆسەر ژیانی ڕابوردوو و ژیانی ئێستا بداتەوەو بیانخاتە ڕووبەڕی قاقەزو لەجێدا خزمەتێك بە فەرهەنگی گەلەکەی بکا •

---

(١) چەند لاپەرەیەك لە مێژووی گەلی کورد ، بەشی یەکەم د • کەمال مەزهەر ، بەغدا ١٩٨٥ ، لاپەڕی ١٤٠ ــ ١٣ •

پاش ڕووخانی کۆماری مەهابادو ئاوارەبوونی ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ، هەتا ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی ئەو ڕۆژنامە بەئاشکرا لە کوردستانی ئێران چاپ نەکرا • گۆڤار وڕۆژنامەکانی دەورەی شۆڕشی مەلامستەفا بارزانیش ، هەر لە شاخو دەوەنو لە پێوارەوە ، بلاو دەکرانەوە • پاش دەرچوونی بەیانی ١١ی ئازاری ١٩٧٠و پاش ئاشبەتاڵی بەزۆرپێکراوی بارزانی لە کوردستانی عێراق ، ڕێگای چاپی ڕۆژنامەو گۆڤاری جۆراوجۆر لە عێراق بە زمانی کوردی دراو لەو مەیدانەدا بەپێی هەلومەرجو دەرەتان، چالاکی فەرهەنگی نیشان دراوەو گەلێك بەرهەمی بەکەڵكو هەمەچەشنە، چاپکراوە کە ئەویش بەرهەمی شۆڕشە خوێناوی یەکانی نەتەوەکەمانەو یاداشتی یەك بە هەزاری خوێنی شەهیدانە • دیارە مەگەر بەدەگمەن ، دەنا ئەو بەرهەمانە ، بەشی مەعنەوی هونەرنو بەشی مادی یەکەی بەشێوەی پێویست کاری لەسەر نەکراوە • لەمدوایانەدا وەك لە بەشی هونەردا باسمانکرد حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران چەند فیلمی لە ژیانی پڕجەخاری گەلەکەمان ئامادەکرد •

## هەڵبژاردنی ڕێگای گەشەکردن :

گەلی کوردیش وەك هەموو نەتەوەکانی تر لەگەڵ ئەوەدا ئاوردانێکی سیاسی سەربەخۆی نەبووە ، بەپێی هەلومەرجو دۆخی مادیو مەعنەوی ژیانی کۆمەڵەکەی ، گەشەی کردووەو بەپلە سەرەتایی یەکانی گەشەکردندا ، تێپەڕ بووەو ئێستا نەك بەتەواوی بەڵکوو بەگشتی لە قۆناخێکی تایبەتی دایە • هۆی گەشەنەکردنی پێویستو نەگەیشتنی بە پلەی بەرزی شارستانی یەت یان هۆیەکانی چین ؟

نەتەوەیەك کە خاکی دابەشکرابێو وەك هاونیشتمانی دەرجە ٢

لە بەرچاو گیرابێ ، ناتوانێ لە هیچ بوارێکدا وەك نەتەوەی باڵادەست قۆناخەکانی ژیان تێپەڕ بکا .

لەباری کشتوکاڵو ئاژەڵدارییەوە ، یارمەتی نادرێ ، ڕێگاوبانی بۆ ناکێشنو باری لەشساغی ، لەبارناکەن . تێناکۆشن پلەی خوێندەواری بچێتە سەرو ئامرازی فێرکردنو پەروەردەکردنی ، بەئەندازی پێویست بۆ تەرخان ناکەن ! لە هەڵسووڕانی کاروباری وڵاتدا ، بەشداری ناکەنو بە سپاردنی ئەرکی کەمنرخو لاوەکی سەرگەرمی دەکەنو بەئەنقەست ناهێڵن لە باری مادیو مەعنەوییەوە گەشەبکا !

فەرهەنگی ئەخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە ، بە دابو نەریتو خووخەدەی گاڵتە دەکەنو وایلێدەکەن ئەگەر پێیانوت لەو نەتەوە بندەستەی ، بشکێو پێیپەست بێ ! نەتەوەیەکی ئاوەها کە ناچارە ڕاپەڕێو داوای مافی خۆی بکا ، ئەکەوێتە بەر پەلاماری بێبەزەییانەی دوژمنو ئەوەی لە شوێنەواری مادیو مەعنەوی پێکەوەناوە ، بەتاڵان دەچێو هەپرووت هەپرووتی دەکەن ! بێجگە لەوە گەلی کورد ، نەتەنیا لەو چوارچێوەدا ، بە ژیانی کۆڵەمەرگی ، درێژەی داوە ، بەڵکوو چوونکە لە باری جوغرافیاییەوە بارێکی تایبەتی هەیە ، لە کۆنەوە ئێرانو توورانو ئاشوورو ڕووسو تورکو عەرەب کە لەیەکیاندا وە ، کوردو کوردستان مەیدانی ڕمبازێنان بووەو لەو پێوەندییەشدا ، زیاتر هەستونیستی بەتاڵانچووە ! بەو هۆیانەو بەهۆی دواکەوتوویی بیروبۆچوونو زاڵبوونی کۆنەپەرستی لە درێژایی مێژوودا ، بەسەر فەرهەنگی خەڵکی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو یەك لەوان نەتەوەی کورددا ، کورد نەیتوانیوە ببێتە خاوەن بیروبۆچوونێکی زانستیو

بەگشتی خۆی لەژێر کێویکی خۆراناتو بیروبۆچوونی کۆنەپەرستانە ، ڕزگار بکا •

با بزانین کۆمەڵگای ئینسانی چۆن ڕێی پێواوەو کامە قاڵۆڕی لەگەڵ هەڵس وکەوتی کۆمەڵی کوردەواریو باری گەشەکردنی کۆمەلایەتی ئێمە ، یەکدگرێتەوە ؟

وەك وتمان دەرەتان بە بەرهەمهێنانی نرخە مادی یەکان بە کورد نەدراوە • بۆ ئەو کارە پێویستە ئامرازی کاروبارو بابەتەکانی کار کە مرۆڤ لەسەریان کاردەکا ئامادەبێ • ئەمانە بەگشتی ئەبنە ئامرازی بەرهەمهێنان و ئەگەر بەمانە هێزی کار واتا توانای مرۆڤ زیاد بکرێ ، نرخی مادی دەخولقێنێ • هێزی مرۆڤ هەم هێزی قۆڵو هەم هێزی زانستو لێوەشاوەیی و زانیاریی ، مرۆڤ دەگرێتەوە •

چەرخە جۆراوجۆرەکانی مێژووی ژیانی مرۆڤ بە لەبەرچاوگرتنی شێوەی بەرهەم هێنانو جۆری ئامرازی کەڵك لێوەرگیراو ، دیاری دەکرێ • هەر بۆیە بۆ ناسینی گەشەکردنی ئابووریو مێژوویی کۆمەڵی مرۆڤایەتی ، پێویستە لە سەرەتاوە هۆی دیاریکەر واتا گەشەکردنی باری بەرهەمهێنانی نرخە مادی یەکانو گەشەکردنی ئامرازی کاری مرۆڤ ، بخاتە بەر لێکۆڵینەوە(١) •

هەروەك مرۆڤێك بەتەنیایی ناتوانێ ڕەوتی گەریو گۆڵدارو تێکەلاوی بەرهەمهێنان ، هەڵسووڕێنێو نیازی بە هاریکاری ئینسانەکانی تر هەیە ، گەلێکی وەك گەلی کوردیش لە هەلومەرجێکی ئاوەها دەسکردنە،

---

(١) زەمینەی گەشەکردنی کومەلایەتی ، نووسینی میتروپولسکیو ... وەرگێرانی پەروێز بابایی ، تاران ١٣٨٥ی هەتاوی ، لاپەڕەی ٩ ــ ١٨

کــه بۆی خوڵقاوه ، بێهاریــکاری نه‌ته‌وه‌کانی تریان ده‌سه‌ڵات ، ناتوانێ پێداوێستی‌یه‌کانی خۆی به‌رهه‌مبێنێ‌و له به‌رانبه‌ر هێزه‌کانی سروشتدا، خــۆ ڕابـــگرێ .

وه‌ك وتمـــان ئه‌م هاریکاری‌یه‌یان نه‌بووه یان به‌ده‌گمه‌ن کراوه‌و هه‌ر بۆیه ، له‌و مه‌یدانه‌دا ، به‌پێی گه‌شه‌کردنی ئاسایی کۆمه‌ڵ ، نرخی مـــادی کــــه بناخه‌ی خوڵقاندنی نرخی مه‌عنه‌وی‌یه ، نه‌خوڵقاندووه . کــه‌وابوو له‌به‌رئه‌وه مرۆڤ ته‌نیـــا به‌یارمه‌تی هێزی هاوبه‌ش ، له تاقم‌و ده‌ســـته‌ی زاناو پسپۆڕو ئاماده به‌کـــاری کۆمه‌ڵداو به که‌ڵك‌وه‌رگرتن له ئه‌زموون‌و لێوه‌شاوه‌یی به‌ره‌کانی پێشوو ، ده‌توانێ به‌رهــه‌م بێنێ‌و له‌وپێیه‌دا کــورد به‌گشتی له‌و شێوه هه‌ڵس‌وکه‌وته ، بێبه‌شکراوه ، نه توانیویه‌و نه فێــر بووه چۆن‌و لــه کامه ڕێـگاوه کۆمه‌ڵه‌که‌ی به‌ره‌وپێش به‌رێ ! ئه‌گه‌ر جاروبار به‌پێی هه‌ل‌ومه‌رج ، ڕێــگای گه‌شه‌کردنی په‌یداکردبێ‌و هه‌وڵێکی بۆ وه‌گه‌ڕخستنی ئه‌و چالاکیانه دابێ ، دوژمن ڕیسه‌که‌ی لێکردووه‌نــه‌وه خوری‌و بنی‌بێ به بۆمبا کێلاوه‌و هیچی بۆ نه‌هێلاوه !

ئه‌وه‌ش با بڵێین بۆ ناسینی باری گه‌شه‌کردنی مێژوویی‌و ئابووری مرۆڤ ، ته‌نیا ئه‌وه به‌س نی‌یه که له گه‌شه‌کردنی هێزه به‌رهه‌مهێنه‌ره‌کان بکۆڵینه‌وه ، به‌ڵــکوو پێویسته ئه‌و پێوه‌ندی‌یه کۆمه‌ڵایه‌تیيانه‌ی که له‌نێوان ئینسانه‌کان له‌کـــاتی به‌رهه‌مهێنانی نرخــه مادی‌یه‌کان‌داو بۆ ئاڵ‌وگۆڕی دوولاینه‌ی تێکۆشانه‌کانی خۆیان دایان‌ده‌مــــه‌زرێنن ، بــــکه‌ونه به‌ر لێکۆڵینه‌وه . پێوه‌ندی‌یه‌کانی به‌رهه‌مهێنان بریتین لــــه پێـــــوه‌ندی‌یه کۆمــه‌لایه‌تی‌یه‌کانی نێــوان خــه‌ڵــك یان ئه‌نــدامه‌کــانی کۆمه‌ڵ لــه جه‌ره‌یانی به‌رهه‌مهێنان‌داو به‌شێکی جیانه‌کراوه‌ی به‌رهه‌مهێنانی مـــادین . ئه‌م پێوه‌ندیيانه شێوه‌ی دابه‌شکردنی به‌رهه‌مه‌کان ، دیاری ده‌که‌ن . ئــه‌م

دابەشکردنە ، بە بەرھەمھێنانو مەسرەف کردنو چلۆنایەتی خاوەن ملکایەتی لەسەر ئامرازی بەرھەمهێنانەوە ، پێوەندی ھەیەو بەسراوەتەوە بە ئیرادەی ئینسانەکانەوە . چوونکە مرۆڤ لە ھەلبژاردنی ھێزە بەرھەمھێنەرەکاندا ، ئازادە . ھەر بەرەیەك دێتە مەیدانی ژیانەوە ، لەپلەیەکی دیاریکراو لە گەشەکردنی ھێزە بەرھەمھێنەرەکاندا ، چاوی بە جیھان پشکوتووەو میراتگری ئەوانەیە کە بۆیان بەجێ ھێشتووە . ھەر بۆیە پێویستە لە یاساکانی گەشەکردن ، شێوەی بەرھەمھێنانی شیاوو لەبار لەگەل ئەو ھێزە بەرھەمھێنەرانەدا ، پەیڕەوی بکا ، تا ئەوکات ئەم شێوە بەرھەمھێنانەش لە ڕەوتی بەرەو پێش چوونی پلەکانی دواییدا ، ئالوگۆڕی بەسەردا بێ . ھێزە بەرھەمھێنەرەکان لەگەل پێوەندییەکانی بەرھەمھێنان کە شیاوی ئەوانەن ، شێوازی بەرھەمھێنانێکی دیاریکراو پێك دێنن کە خۆی پایەی مادی کۆمەلە . شێوەی بەرھەمھێنانی نرخە مادییەکان لە گەشەکردنی کۆمەلدا دەوری دیاریکەری ھەیە . ھەر پلەیەك لە گەشەکردنی مێژوودا ، خاوەنی شێوازێکی دیاریکراوی بەرھەم ھێنانە . لەبەرئەوە شێوەی بەرھەم ھێنانی نرخی مادی بناخەی باری مادی کۆمەل پێك دێنێ ، لە سەرەتاوەدەبێ وای دابنێین کە مێژووی کۆمەل بە ناوی مێژووی گەشەکردنو ئالوگۆڕی شێوەی بەرھەمھێنانە . کەوابوو لەکاتی لێکۆلینەوەی دەورەیەکی دیاریکراو لە گەشەکردنی کۆمەل ، لێکۆلینەوە لە یاساکانی ئالوگۆڕو شێوەی بەرھەمھێنانی ئەو دەورە ، پێویستە(١) .

ئەم شێوە گەشەکردنە لەکاتێكدایە کە کۆنەپەرستان ، پێش بەو ڕەوتە نەگرنو ڕێگا بدەن کۆمەل یان نەتەوەیەك ، ڕەوتی

---

(١) ھەر ئەم سەرچاوە ، لاپەڕی ٢٠ ـ ١٩ .

بەرەوپێش‌چوون ، درێژەبدا یان نوێ بەسەر کۆنەدا زاڵ بێ • وەك وتمان ئەو لەمپەرە بەهۆی جۆراوجۆر پێش بە بەرەو پێش‌چوونی ئاسایی کۆمەڵی کوردەواری گرتووەو نەیهێشتووە ، تەنانەت وەك خەڵکی ناوچە پاشکەوتووەکان ، کۆمەڵەکەمان گەشەبکا • زیاتر لە هەزار ساڵ لە چاخی دەرەبەگایەتی‌دا ، ژیاوەو جۆرەهاماڵیاتی داوەو پشتی لەوپێیەدا چەماوە • ئێستا ئەو پرسیارە دێتە پێش : بە بوونی ئەو بارو دۆخە هێزی بەرهەمهێنەرو ئامرازی بەرهەمهێنانو پێوەندی بەرهەمهێنان، لە کوردستان‌دا بەو شێوە باسمانکرد ، بە ڕەوتی خۆی درێژە دەدا ؟ وەڵامی ئەو پرسیارە ڕوونە ئەویش ئەوەیە نەء ! ئەی چۆنو لە چ بارێك‌دا کۆمەڵی کوردەواری ، ڕەوتی ئاسایی بەرەوپێش‌چوونی دەبێ ؟ گومانی تێدانی‌یە ، پێویستە بە لێوەشاوەیی‌یەکی زیاتر لە جاران گەلی کورد بۆ گەیشتن بە ئازادی سیاسی ، تێبکۆشێو لەم چەرخەدا کە چەرخی ئازادی گەلانە ، هەلومەرجی لەبار بقۆزێتەوە ، کێشەی نێوخۆیی کەم‌بکاتەوەو بە پاڵپشت‌دان بە سیاسەتێکی ڕاستەقینە ، دیتنو وردبینی تەواو ، پێداگرتن لەسەر چالاکی هۆشیارانەی ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی کوردستان ، ئاوردانێکی سیاسی بۆ خۆی پێك‌بێنێ •

لەو هەلومەرجەدا ، پێویستە هەم ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانو هەم ئەندامەکانی ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکان ، بە دوور لە خۆبەزلزانیو بلەپەرستیو ڕۆچوون لە ئاکاری ناشۆڕشگێڕانە ، بارو دۆخی جیهانو ناوچە هەڵسەنگێننو هەنگاوی شیاو لەگەڵ هەلومەرجی مەوجوود ، هەڵبگرن • سەد مخابن ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانو زۆر لە ئەندامەکانی ئەو ڕێکخراوانە ، بەهۆی کێشەی ناوخۆیی خۆیانەوەو پاڵ پێوەنانو بلەپەرستیو هەروەها جاروبار کارکردنیان وەك ئامرازی دوژمن ، کەمتر

توانیویانە بۆ ڕێـکخستنی خەڵـکی کوردستان ، هەنـگاوی پێویست هەڵبـگرن !

ئەوە ئاشکرایە ئەندامانی گشت نەتەوەیەك تێکڕا بەرەو ئامانجێـکی دیاریکراو ڕانەپەڕن ، بەڵام بردنەپێشی سیاسەتێـکی بنەڕەتیو هۆشیارانە لـە ڕاکێشانی ڕای زۆربەی خەڵـکی کوردستاندا ، دەتوانێ کاریـگەر بێ • ئەوەش ئاشکرایە بەهۆی کەمەکردنی کۆمـەڵی کوردەواری لـــە قاپۆڕێـکی بێسەرەوبەرەو ئازادیدا و لەبەر دەستێوەردانی دوژمن لـە جموجۆڵی کۆمەڵەکەماندا ، هەروەها لەبەر جێگیر نەبوونی چینو توێژی کۆمـەڵ بە شێوەی ئاسایی لـە کوردستانداو هەڵکێشانو داکێشانی باری مادی دەستەو تاقمی کورد بە دەستی دوژمنو لاینگریی لە توێـژێـکی کۆمەڵ بۆ گەیشتن بە ئامانجی دژی ئینسانی خـــۆی ، ئەو یەکگرتوویە ڕێژەیە پێك‌نەهاتووە ! ئەگـەر بێتو ئەو یەکگرتوویی‌یە لەئارادا بێ ، هیچ دوژمنێك ناتوانێ مافی گەل پێشێل بـکا •

تائێستا لـە دەورەی پڕ لـە ڕەنجو کوێرەوەری ڕاپەڕینەکانماندا ، چ وار چێوەی چینو توێژ بەهۆی دوژمنەوە تێك‌دراوەو دەرەتانی ژیان بۆ زۆر لـە خەڵـکەکەمان ، بەرتەسك کراوەتەوەو زۆربەیان لـە بـەر درێژە دان بە ژیانو لەبەر نان ، نیشتمانیان پشت‌گوێ خستووەو پشتیان بە دوژمن بەستووە ! کـە پلەو پێـگەی کۆمەڵایەتیو ئابووریو سـیاسی لەرزۆك بوو ، باری ئاسایی کۆمەڵ تێك‌چوو ، نەزان لە جێ گای زاناو گێل لە جێگای داناو نیشتمانفرۆش ، لە جێـگای نیشتمانپەروەر ، دانرا ، بوونی سامـــانو نەبوونی بە بەکارهێنانی هێـــزی قۆڵو لێوەشاوەییو پسپۆڕی‌یەوە ، پێوەندی نەبووە ، دیاریکردنی چینو توێژو پلـــەی

کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی چینایەتی‌و هۆشیاری نەتەوایەتی‌و چینایەتی دژواره .

هەر بۆیە خۆبۆڕای نەتەوەی کورد لەگەڵ ڕەوتی بەرەوپێش‌چوونی کۆمەڵ ، بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی جۆراوجۆری کاریگەر ، لەو گەشەکردنەدا ، تەنیا ڕزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی‌و گەیشتن بە ئازادی ، دەستەبەری دەکا . ئەرکانەیە کە نەتەوەکەمان بە پاڵپشت‌دان بە دەسکەوتەکانی زانست‌و زانستی کۆمەڵناسی‌و خەبات دژ بە کۆنەپەرستی‌و هەڵگرتنی هەنگاوی لەبارو هۆشیارانە لە بەرەوڕووبوون لەگەڵ ، لەمپەرە سروشتی‌و دەسکردەکاندا ، ڕێگای زانستی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی ، دەگرێتەبەر .

ئەگەر کۆمەڵێك بیارێ بەختەوەر بێ‌و نەبێتە دیلی مرۆڤ‌و سروشت ، دەبێ هۆشیارانە دژی کۆیلەتی ڕاپەڕێ‌و بیاوانە بۆ ناسینی نهێنییەکانی سروشت‌و دۆزینەوەی یاساکانی کۆمەڵ ، هەنگاو هەڵبگرێ ، بەرهەم‌بێنێ ، بخولقێنێ‌و پەروەردە بکاو باڵبدا بە هۆشیاری وازنیاری‌و دەست‌و پەنجەی خۆیەوەو کۆسپی ژیان لابەرێ‌و سەربەستانە بژی . بە عەقڵ‌و هۆش دژ بە خورافات‌و کۆنەپەرستی ڕاپەڕێ‌و ڕەفتاری ئینسانی‌و دوور لە چەوسانەوەو ئاکاری زانستی ، بکاتە پیشەی ڕۆڵەکانی . بەکورتی کاتێك کورد لە ئاوارەیی‌و بێبەشی ڕزگار دەبێ ، کە دەسەڵاتدارانی جیهان بیانەوێ لە چوارچێوەی نوێ قەوارەی جیهانی ئەمڕۆدا ، کورد لەو کۆڵە مەرگییە ، ڕزگار بێ‌و بێتە مەیدانی ژیانی ئینسانانەو وەك بەشێك لە بنەماڵەی مرۆڤایەتی ، ئەرکی خۆی ئەنجام بدا .

نەتەوەی کورد بەشێك لە خاکی ئەم کوردەی داگیر کردووە زیاتر لە ٢٥ میلیۆن حەشیمەتی هەیە . ئەگەر هەلومەرجی لەباری هەبێ ،

لەبەرئەوە تینووی ئازادیو زانینە ، دەتوانێ وەك بەشێك لە كۆمەڵگای ئینسانی لـە مەیدانی بەرهەمهێنانو پسپۆڕیدا ، قۆڵی هیمەت هەڵماڵێو بێجگە لەوە لەو خاكە بەپیتەدا پێداویستییەكانی ژیانی دابین بـكا ، دەتوانێ بۆ خزمەت بە خەڵكی بەشەكانیتری جیهان ، چالاكی نیشان بداو لـە باری لەشساغیو دەرمانو تێكنیكو كۆمەڵایـەتیو ئینسانییەوە ، خزمەتی شیاو بـكا • ئێستا دەركەوتووە پاش سەدان ساڵ خـەبات بـۆ ئازادی ، دەسەلاتدارانی ناوچە لەژێر سێبەری تازەنجی هاوبەشی كـەلانی ناوچەو هاوئایینیدا ، دانیان بە مافی نەتەوەكـەماندا نەناو زیاتر لـە ڕابوردوو ، ڕۆڵەكانی ئەم نەتەوەیان چەوساندووەتەوە •ماڵوێرانیـان كردوون ، ماڵیـان ڕووخـاندوون ، مووچەو مەزرایان سووتاندوونو هەستو نیستیان بەتاڵان بردوون • هـەر بۆیە لەسەر ئەو باوەڕەین بێجگە لـەو شێوە تێكۆشانەی خۆمـان باسمانكرد ، بەپشتیوانی بیروڕای گـشتی جیهانیو یارمەتی وڵاتە خاوەن دەسەلاتەكان ، نیازمان هەیـە • لەموكاتەدا ئەم دێڕانە دەنووسم ، لەبەر داواكردنی ئازادی نزیـكەی یەك مانگە نزیكەی دوو ملیـۆن لـە خەڵـكی كوردستانی عێـراق هەڵوەدای شاخو كێوان بوونو پەنایان بردووەتە بەر توركیـەو ئێرانو لەبەر سەرماو نەخۆشیو بێبژیوی ، تائێستا دەیان هەزار كەسیان گـیانی خۆیان لەدەستداوە ! زۆربەی وڵاتانی جیهـان بێجگە لـە بەناو سۆسیالیستەكان ! وەك فەرانسە ئاڵمان بریتانیاو ئامریـكا بەهاواریانەوە هاتوونو هـەتا ئێستا لە ناوچـەی زاخۆ ، خەریكن سەرپەنای نەمنیان بۆ دروستدەكەن • بـڕیاروایە ماوەیەكیتر ڕێـكخراوی نەتـەوە یەكگرتووەكان ، ئەركی بژێویو پاراستنیان بخاتە سەرشانی خۆی •

نوێنەرانی گەل لەگەڵ حكوومەتی عێراق خەریكی وتووێژن و

ئەگەر ئەو پشتیوانی‌یە کە لە ئاوارەکان کراوە، لە ئاکامی‌وت وویژەکەش بکرێ ، وێدەچێ ئەم جارە بەشێك لە خەڵکی کوردستان لە کۆڵەمەرگی ، ڕزگاریان بێ • ئەگەر ئەو ڕەوتە وەك تائیسیا چووەتە پێش درێژە بکێشێ ، هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی بەشەکانی‌تریش هەڵدەگیردرێ • ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان‌و وڵاتە خاوەن دەسەڵاتەکان ، نابێ لەوە بترسن ئەگەر کێشەی کورد چارەسەر بکەن ، ئێران‌و عێراق‌و تورکیەو سووریەیان ، لێ ناڕازی دەبن چوونکە :

١ ـ کورد خوازیاری تێکچوونی سنوورە دەسکردە جۆغرافیاییەکانی کوردستان نی‌یەو دەیهەوێ کێشەکەی بە شێوەی فدرایتو یان خۆدمۆختاری لە ناوخۆی ئەو وڵاتەدا ، تێیدا دەژی چارەسەر بکا •

٢ ـ لەباری بیروبۆچوون‌و شێوازی ئازادیخوازی‌یەوە ، دژی کۆنەپەرستی‌و شوێیسمەو بە باشی‌دەتوانێ لەگەڵ بارو دۆخی تازەی ژیانی مرۆڤایەتی خۆڕێك‌بخاو لە پێك‌هێنانی باری ئاسایش‌و هێمنایەتی بۆ هەموو گەلانی جیهان ، چالاکانە بەشداری ، کا •

هەڵس‌وکەوت‌و هەڵوێستی ئەو وڵاتانە ، لەم‌دوایانەدا ، دەری‌دەخا کە ئەوانیش هاتوونەتە سەر ئەو بڕوایەو پێیان‌وایە کاتی ئەوە هاتووە نەتەوەی کوردیش بەپێی دۆخی تازەی جیهان لە سەرگەردانی‌و بێ‌بەشی، ڕزگاری بێ‌و ڕێ گای زانستی گەشەکردنی کۆمەڵەکەی بگرێتە پێش‌و لە پێك‌هێنانی ژیانێکی بەختەوەرانە بۆ خۆی‌و بەشداری لە ئەرکە بێ‌ئەسپێردراوەکانی جیهانی‌دا ، هێزو توانای خۆی وەگەڕ بخا •

کۆتایی

# سەرچاوەکان :

## ئەلف :


ئەحمەد قاسمی : کۆمەڵناسی ٠
ئەنستیتۆ کورد : لێکۆڵینەوەکانی کورد ( جزمی ١ ) ٠
ئەنستیتۆ کورد لە پاریس : گۆڤاری هیوا ( جزمی ٣ ) ٠
ئەمین زەکی بەگ : تاریخ السلیمانیة وانحائها ١٣٧٠ی کۆچی٠ بەغداد
ئەمین نەقشبەندی : تەسەوف چییە ؟
ئیحسان نووری پاشا : ڕیشەی ڕەگەزی کورد ٠
ئیحسان تەبەری : وشە سیاسییەکان ٠
ئاریانپوڕ : زەمینەی کۆمەڵناسی ٠
ئیبنی بەتووتە : سەفەرنامەی ئیبنی بەتووتە وەرگێڕ محەممەد عەلی موەحێد تاران ١٢٢٧ ٠


## ب :


باتومور : کۆمەڵناسی ٠
بورهان قانع : بنچینە کۆمەڵایەتییەکانی لادێنشینی کوردەواری بەغدا ١٩٧٩ ٠
بازیل نیکیتین : الاکراد بەیروت ١٩٧٦


## پ :


پەرهام : بناخەکانی کۆمەڵناسی ٠
پیرامەتوشار : شانۆو دڵەخورپەی مرۆڤ (ئەفزەڵو سووقی ١٣٥٣) ٠


## ت :


توما بوا : ژیانی کوردەواری وەرگێڕ حەمەسەعید حەمەکەریم ، بەغدا ١٩٨٠ ٠
تی ٠ م ٠ یاکۆنۆف : میدیا ( کەریم کەشاوەرز ، بورهان قانع )٠

## ج :

جەلیلی جەلیل : کوردەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی ٠

## ح :

د ٠ ح ٠ خەلیقی : بناخە گشتییەکانی کۆمەڵناسی ٠
د ٠ ح ٠ خەلیقی : شوێنی تەریقەە یان نیزامە عیرفانییەکان لەسەر خەڵکی ناوچەکانی کوردنشین تاران ١٣٥٦ی هـەتاوی ٠
د ح ٠ خەلیقی : مکتب اشراق ، زانستگای تەوریز ١٣٥٧ی هەتاوی
د ٠ ح ٠ خەلیقی : خوڵقاندنو بیروڕای فیلسوفان سەبارەت بەو
د ٠ ح ٠ خەلیقی : فەلسەفەو کۆمەڵ ٠
حوزنی موکریانی : مێژووی میرانی سۆران ٠

## خ :

خوسرەو گوڵسورخی : سیاسەتی شیعر سیاسەتی هونەر ٠

## د :

داریوش عیبادولاهی : چەند نامیلکەو تووێژێك ٠
دینکن میشل : معجم علم الاجتماع ٠
د ٠ ك ٠ میتروپوسکی:
ی ٠ ا ٠ زوبرتیسکی :
و ٠ ل کروف : زەمینەی گەشەکردنی کۆمەلایەتی ٠ وەرگێر پەرویز بابایی چاپی پێنجەم ١٣٥٨ی هەتاوی ، تاران ٠

## ر :

ڕەشید یاسمی : کوردو پێوەندی ڕەگەزیو مێژوویی ئەو ٠
ڕەفیق حیلمی : یادداشت ٠

## س :

د ٠ سەعید بەدەل : کورتە مێژووی شۆڕشە گشتییەکانی کورد ٠
سـەید قوتب : في ظلال القرآن ، وەرگێرانی دوکتۆر مستەفا خوڕڕەم دل ، سنه ١٣٦٢ ٠

سەباح غالب : ئافرەت لە چیرۆکی کوردیدا ، بەغدا ١٩٧٩ ٠

شى :

شەرەفخان بتلیسی : شەرەفنامە ٠

ع :

عەلی ئەکبەر تورابی : رێبازە کۆمەلایەتییەکانی هاوچەرخ ٠
عەرەب شەمۆ : دمدم ( شوکر مستەفا ) ٠
عزیز الحاج : القضیة الکردیة ٠
عەلائەددین سەججادی : مێژووی ئەدەبی کۆردی ١
عوسمان شارباژێری : گەنجینەی گۆرانی کوردی ٠
عومەر ئیبراهیم : هەندێ داب و نەریتی باوی کوردەواری ٠
عەلی سالح کەریم : ئافرەت لە کۆمەلگای ئیسلامدا ، بەغدا ٠
د ٠ عبدالرحمن قاسملو : چل سال خەبات لە پێناوی ئازادی ٠
د ٠ عبدالرحمن قاسملو : دەرسەکان ٠
د ٠ عبدالرحمن قاسملو : کوردستان و کورد ٠
عبدالرحمن الوکیل : هذه هی الصوفیة چاپی دووەم ٣٧٥ ی کۆچی ٠
د ٠ عەلی شەریعەتی : عیرفان بەرامبەری ئازادی ، وەرگێر مامۆستا هەژار ١٣٥٩ هـ ٠ تاران ٠
عەزیز نەسین : گێلەپیاو وەرگێر عەبدولا حەسەنزادە چاپی دووهەم ٠
د ٠ عبدالستار طاهر شریف : الجمعیات والمنظمات والاحزاب الکردیة فی نصف قرن ١٩٠٥ ــ ١٩٥٨ ٠
بەغدا ١٩٨٩
عەبدورەحیم مەولەوی : عقیدەی مرضیە شەرح و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکریمی مدرس ، بەغدا ١٩٨٨ ٠
مەلا عەبدولکەریمی مودەریس : نووری ئیسلام بەغدا ١٩٨٨ ٠
مەلا عەبدولکەریمی مودەریس : سەرچاوەی ئیسلام بەغدا ١٩٨٢ ٠
مەلا عەبدولکەریمی مودەریس : تەفسیری نامی بەغدا ١٩٨٠ فی ١٩٨٢،٢

ف :

د٠ فەرهـــاد : پێشەکی لەسەر کۆمەلناسی ٠
فؤاد تاهیر سادق : رۆشنبیری ٠
فؤاد تاهیر سادق : هۆشیاری ٠

## ق : قورئان

قەباری محەممەد ئیسماعیل : علم الاجتماع والفلسفة ٠
قەباری محەممەد ئیسماعیل : قضایا علم الاجتماع ٠

## ك :

د ٠ کەماڵ مەزهەر : ئافرەت لە مێژوودا ٠ بەغدا ١٩٨١ ٠
کریس کوچێرا : مێژووی کورد لە سەدەی ٢٠ ـ ١٩دا وەرگێـــڕ محەممەد ڕەیانی ٠ تاران ١٣٦٩ای هەتاوی ٠
د ٠ کەماڵ مەزهەر : چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گـــەلی کورد بەشی یەکەم بەغدا ١٩٨٥ ٠

## گ :

گارنیت : ئافرەتی کورد لە تورکیا ، وەرگێڕ عەزیز گەردی بەغـــدا ١٩٨٣ ٠

## م :

میرزا شوکروڵای سنەیی : توحفەی ناسری ٠
مەستوورەی ئەردەڵان : مێژووی ئەردەڵان ٠ وەرگێران شوکورمستەفاو حەسەن جاف
مەردووخی ڕۆحانی (بابامردوخ) : مێژووی کوردە بەناوبانگەکان ٠
میجر نوئێل : یادداشەکان ٠
مستەفا عەسکەری : بزووتنەوەی هەققە ، بەغدا ١٩٨٣ ٠
مستەفا خەشاب : لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگا ( قاهیرە ) ٠
موسا موسەوی : الشیعه والتصحیح ١٩٨٠ لوسانجلس
محەممەد تەقی فەرامەرزی : ڕەنگدانەوەی کارو سروشت لە هونەردا ( تاران ١٣٥٧ای هـ ) ٠
مستەفا خەشاب : لێکۆڵینەوەی کۆمەڵ ( قاهیرە ١٩٧٧ ) ٠
معن خەلیل عومەر : نحو علم الاجتماع العربی ٠
محەممەد ڕوشدی دزەیی : ژیانی دێهاتی (بەغدا) ٠
مەسعوود محەممەد : مرۆڤو دەوروبەر ( بەغدا ١٩٨٤ ) ٠
د ٠ مسەفا ئیبراهیم زەڵمی : مەودای دەسەڵاتی ئیرادە لە تەڵاقدا ٠ بەغدا ١٩٨٤ ٠

د . مستەفا ئیبراهیم زەلمی : فلسفة الشریعة ، بەغدا ١٩٧٩ .
مەسعوود محەمەد : پروستوریکا گۆرباچوف ( نقـــد وتحلیل ) ج ١ و ٢ ١٩٩٠ – ١٩٨٩ .
م س . لازاریف : کێشەی کورد جزمی ١و٢ وەرگێر کـــاوس قەفتان ، بەغدا ١٩٨٩ .

ن :

شێخ ندیم الجسر : قصة الایمان ، بەیروت .

هـ :

هینی هارۆلد هەنسن : کچانی کورد ( ناجی عەبباس ئەحمەد بەغدا ١٩٨٠ ) .
هینی هارۆلد هەنسن : ژیانی ئافرەتی کـــورد ، وەرگێر عـــەزیز گەردی ، بەغدا ١٨٣ .
هەژار ( عبدالرحمن شرفکندی) : هـــەنبانە بۆرینـــە تاران ١٣٦٨ی هەتاوی .
پەراوێزێك بۆ هێندێك سەرچاوەی بەربلاوی‌تر :

Ensyclope Diede S'islam.p 1197
Turkiy Kurdistani Ekono mik Resosialyopi.

- وثائق المؤتمر السادس لحزب الاتحاد الشعبی الکردی في سووریه ١٩٨٧ .
- ڕێنوێنی پێداویستی‌یەکانی ئوستانی کوردستان (١٣٦٨ سنه ) .
- المعجم الفلسفی المختصر ( مسکۆ ) .
- وتارێك سەبارەت بە هونەر ( ١٣٦١ی هەتاوی ) .

Cuvillier A. Intvoduction als Sociologie.
Collee, A. Colin Paris 1949 .

# فەرهەنگوك

## ئەلف :

ئورگە : آتشکدە ، جێگای ئاوری زەردەشتی‌یەکان ·
ئاخاوتن : قسەکردن ·
ئاویاری : ئاودێری ·

## ب :

بوژوو : ئالــکی دەم‌لی‌دراو ·
بپوڕن : خـــۆ ڕێك بخەن
بڕساق : پشی ، بڕی ، نانەناسکە ·

## ت :

تەوەرە : محــور ·
تێسمێریاگ : کورتە بالآی قەڵەو ·
تورکتازی : ڕمبــازێن ·
توفەیلی : وەدواکەوتوو ·
توبقار : تۆپینەی داری ·

## پ :

پڕجەخار : پڕ لە دەردو چەرمەسەری ·
پێخەسوو : بەربووك ·
پەڕــکە : بەئالقە دانیشتن ·
پێش‌بینی : لەپێش‌دا دیتن ·
پێلاومز : حەقــە پێلاو ·
پێوار : لادول‌و نهینی‌و دوور لە چاوەدێری ·

ج :

جەنــگجو : جەنــگاوەر
جووتەزا : دووبراڵە .
جماندن : جووڵاندن ، وە جمەوجۆڵ خستن .

چ :

چەرخــە : دەورە .
چوار چەقانە : چوار رێــگانە .
چەمك : مفهوم .
چاخ : زەمــان ، كات .
چاوو‌ڕاو : پڕوپاگەند ، تەبلیغات .

خ :

خاكی غەوس بكاتە دەمی . تەقڵە سەما بكا .
خۆلخۆلە : چەرخو ئەوەی بەدەوری خویدا هەڵدەسووری .
خاڵو مێل ڕشتن : ئارایشتكردن وەك كەو .
خۆیوران : خوریكخستن

د :

دەستار : دەستهار ، هارەكردن .
دێــهاتی : جووتیاری ، دێنشینی .
دنەدەر : محرك .
دەخوو : كویخای دێ ، هوشیاری گوند .
درمەغ : شەنكێش .

ر :

ڕاڤە : تەفسیر ، شیكردنەوە .
ڕێوشوێن : متد .
ڕێژە : نیسبەت ، نیسبی .

ز :

زاوارە : زاوابەندی .
زەوتكردن : داگیركردن .

زانستنامه : شەهادە ، دانشنامه ٠
زەین : ذهن ٠

## ف :

فرینچك : فرچك ٠

## ق :

قاڵ : بێخەوش ٠
قەڵوپەڵ : بەشبەشکراو ، داپاچراو ٠
قوفەیلی : وەدواکەوتووی وەدواکەوتوو ، نوکەری نوکـــەر سیبەری سیبەر ٠
قەرەچۆڵ : شوێنەوار ، ئاسەوار ٠

## ك :

کشتەك : دەزووی چەند لاینە ٠
کەلکەلە : ئارەزو ، هەوەس ٠
کەلەلا : فرە بێوازو هیلاك ٠
کودەتا : راپەرینی بەشێك لـــە دەسەلاتدارن ، دژی بەشــیکی‌تر ( شورشی کوشکی ) ٠
کەرتکردن : قطع‌کردن ، دابرین ٠
کۆز : جێگای کاژیلە ٠
کارەکەر : کچ یان ژنێك کار بو ماڵێك دەکا ٠

# پێرست


دەوری زمان ٣
زانستو هونەر ٧
گۆرانیو مۆسیقا ١٨
شانۆ ٢٤
دەوری کۆمەلایەتی شانۆ ٢٥
دابو نەریت ٣٠
ڕیو ڕەسمە گەلیەکان ٣٥
دابو نەریتی باوی کوردەواری ٣٨
دابەشکردنی دابو نەریت ٤٧
خوو ڕەوشت ٥٢
پێوەندی بنەماڵەیی ٥٨
دوژمنایەتی عەشیرەتی ٦٠
خورافات ٦٦
چەند وێنە بۆچوونی خورافیو تێکەڵ لە کۆمەڵی کوردەواریدا ٧٢
بیرو بڕوای تێکەڵو پڕوپووچی دیکە ٧٥
وتەی دانسقەو هۆشیارانە ٧٩
پەندی پێشینیان ٧٩
لەشساغیو ڕێگاوبان ٨٢
دەوری وەرزشو ڕابواردن لە کۆمەڵەکەماندا ٩٠

## بەشی چوارەم ٩٣

مافی ژنان ٩٣
ئایا یەکسانی نێرو مێی دژی سروشتە؟ ١٠٦
ژن لە ڕوانگەی ئایینەوە ١٠٩
ئاکام ١١٧
ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا ١٢٠
ئافرەتی کورد لە ڕوانگەی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە ١٢٠
ژن هێنانو خێزان پێکەوەنان ١٣٣
ژیانی ئافرەتی کورد ١٣٩
ئەرکو مافی ژنان لە بەڕێوەبردنی ژیانی کۆمەڵدا ١٤٦

بەندی پێنجەم ١٥٨

ئایین و مەزهەب ١٥٨
سەرەتای ئایین ١٦٢
چوارچێوەی ئایین ١٦٥
ئایینی بەربلاوەکان ١٦٧
ئایینی کۆنی کوردان ١٦٩
کاکڵەی ئیسلام ١٧٢
کورتەباسێك لەسەر هێندێك یاسا ١٨٩
بنکەو بنیاتی ئایینی ٢٠٠
دەوری ئیسلام لە گەشەکردنی کۆمەڵی کوردەواریدا ٢٠٧
خزمەتی گەلی کورد بە ئایینی ئیسلام ٢١٤
ئایینە جۆراوجۆرەکان ٢١٦
ئەهلی هەق ٢٢٤
سەرهەڵدانی سۆفیزم یان تەریقەت لە کوردستاندا ٢٢٦
پێوەندی فەلسەفەی ئیشراق لەگەڵ سۆفیگەری و عیرفاندا ٢٤٧
بنچینەی سۆفیگەری ئیسلامی ٢٥١
تەریقەتە تەسەووفەکان لە کوردستاندا ٢٥٦
فێرکردنەکانی تەریقەتی قادری ٢٦٠
تەریقەتی نەقشبەندییە ٢٦٦
بناخەکانی ئەم تەریقەتە ٢٦٦
زنجیرەی شێخەکانی نەقشبەندی ٢٦٧
بڵاوبوونەوەی ئەم تەریقەتە لە کوردستاندا ٢٦٨
ڕێو ڕەسمی تەریقەتی نەقشبەندی ٢٧١
عیرفان وەك مرۆڤدۆستی ٢٧٥
ناوی هێندێك لە شێخەکانی تەریقەت ٢٨٥
دەوری سۆفیزم لە کۆمەڵی کوردەواریدا ٢٨٧
سروشتە تایبەتییەکانی کێشەی کورد ٢٩٢
ئاڵوگۆڕی جیهانی و شوێنی لەسەر کێشەی کورد ٣٠٢
دەوری شۆڕشە گەلییەکان لە گەشە کردنی فەرهەنگی
نەتەوایەتیدا ٣٠٦
هەڵبژاردنی ڕێگای گەشەکردن ٣١٥
سەرچاوەکان ٣٢٥
فەرهەنگۆك ٣٣٠

٣٠١
خ ٨٩٧ خەلیقی ، حوسێنی
کۆمەڵناسی کوردەواری / نووسینی حوسێنی خەلیقی
بەغدا : چاپخانەی الحوادث ١٩٩٢ ٠
ب ٢ ل ٣٣٦ ؛ ٢٤ سم
١ ــ کۆمەڵناسی کوردەواری ٢ ــ الاجتماع ، علم
أ ــ ناونیشان ٠

کتێبخانەی نیشتمانی ( پێرستکاری لە بڵاوکردنەوەدا )

رقم الایداع في دار الکتب والوثائق ببغداد ٦٨٤ لسنة ١٩٩٢